خاوەنی ئیمتیاز: حسێن عارف

سەرنووسەر: دڵشاد عەبدوڵلا

بەڕێوەبەری نووسین: کامەران سوبحان

نەخشەسازی ناوەڕۆک: خالد محەمەد

نەخشەسازی بەرگ: نەرمین مستەفا

تابلۆی بەرگ: زانا ڕەسوڵ


هێدی لاپەڕەکانی ئەم ژمارە لەلایەن هونەرمەند (خۆشی شەوقی)یەوە دروستکراوە


[illegible]

www.serdam.org

[illegible]

[illegible]

[illegible]

# پێڕست


| | | |
|---|---|---|
| ئەم ئایندە گوناحە | سەرنووسەر | 4 |
| پێشەکییەک لە بونیادی هزری فەلسەفی... | وەهبی ڕەسوڵ | 6 |
| قوتابخانەی دەروونشیکاری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا | پێشڕەو عەبدوڵڵا | 24 |
| هەژارو چوارینەکانی خیام | سەلاحەدین حسێن پەناهی | 31 |
| شیعری بڵاونەکراوەی عەبدوڵڵا بەگی میسباح | محەمەد حەمە باقی | 38 |
| خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی کازیوەی خومار | سەروەر عومەر | 59 |
| ئەفسانەی سیزیف | و: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە | 69 |
| لە شیعرەوە سیناریۆکانی سرووشت دەبینین | دەوەن | 78 |
| قادر کابان. هەڵوێست و ئاواز | عەبدوڵڵا کەریم مەحمود | 84 |
| دیدار لەگەڵ جەلیل کاکە وەیس | دانا و کامەران | 93 |
| دیدار لەگەڵ دڵشاد عەبدوڵڵا | | 102 |
| گفتوگۆ لەگەڵ یەشار کەمال | و: کارزان محەمەد | 110 |
| گفتوگۆ لەگەڵ هێرتا مۆلەر | و: ئەکبەر حەسەن | 115 |
| نەخشەی مێژوویی قەلای چەریق | و: کەمال نوری | 118 |
| چاوی هێلین و شاری ترۆی | شێرزاد هەینی | 131 |
| تکایە ڕۆڵەی ڕەخنەبن | ڕەزا کەریم مجاور | 134 |

| | | |
|---|---|---|
| له شیعر بێزارم | و: پێشڕەو محەمەد | 136 |
| ئەفسانەی کوێربوون | نەجات نوری | 138 |
| خانمی مردوو | فەرهاد مستەفا | 144 |
| کۆشکی باڵندە غەمگینەکان | سادق چووبەک | 156 |
| ویژدان | ئیتالۆ کالڤینۆ | 158 |
| شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بە زمانی رۆمانی | ئاینده | 160 |
| پەرتبوونەوە | ئیدریس عەلی | 162 |
| کچێکی لەتکراو | شەرمین وەلی | 166 |
| خەونێکی شاعیرانە | سەلام محەمەد | 167 |
| وەک باوکم پەرش و بڵاو | داستان بەرزان | 170 |
| وەی بابۆ وەی! | ڕابەر فاریق | 173 |
| ساتەیلی پاییزی | ڕوونبیر محەمەد | 174 |
| سێ شیعر | ڕێبین ئەحمەد خدر | 175 |
| شوێن کوشتن | سدیق عەلی | 178 |
| گەمە زمانییەکان لە ڕۆمانی ناوی گوڵ | باهۆز مستەفا | 182 |
| سالینجەر کۆتایی بە نیوسەدە گۆشەگیری | دانا | 185 |
| لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات | کامەران سوبحان | 189 |
| گۆستاف فلۆبێر.. | و: هەورامان وریا قانع | 193 |
| خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی (تاعون) | ئیدریس | 196 |

# ئەم ئایندە گوناحە!

تەنور تا گەرمە نان دەبرژێنێ، ئایندەش هەتا هەبوون بوو درێخیی نەکردو کردی. کاری واش بەهەبوونی دەکرێو چەوەندەر لەئەرز ناخولقێ.
ماوەیەکە دەزگای سەردەم (کە دەزگایەکی سەربەخۆیەو لەلایەن حکومەتی هەرێمو یەکێتیی نیشتمانییەوەو بەتایبەتیش لەلایەن جەنابی مام جەلالەوە کۆمەکی دەکراو دەکرێ) تووشی ئاڵۆزییەکی کارگێڕیو دارایی بۆتەوە. دەزگاکە زۆر گەورەبووەو ئەو برە کۆمەکەی دەیکرێ بەشی ئەم هەموو پڕۆژەو گەورەبوونەی ناکاو قەیرانەکە ڕۆژ بەڕۆژ زەقتر دەردەکەوێ.
ڕاستە دەزگا بینایەکی گەورەی هەیە کە بەشێکی وەکو داهات دەگەڕێتەوە بۆ سەر میزانیەکەیو چاپخانەیەکی گەورەو نوێشی هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی کاری دەزگا لەسەر شێوازی حکومەتییەو بەگوێرەی سیستمی بازاڕی ئازادو کەرتی تایبەت نەچووە بەڕێوە، لەلایەکی تریشەوە لەبەر زۆریی گۆڤارو کتێب کە لەلایەن خۆیەوە چاپو بڵاودەکرێنەوە، نەتوانراوە بەشێکی باش لە کاری دەرەوە بێنێتە ناو چاپخانەو داهاتێکی ئەوتۆ پەیدا بکرێ کەموکورتیی میزانیەی پێ دابپۆشرێ. دەزگا تا ئەوە نەکا، هەر دەبێ چاوی لە قاپیی یارمەتیو کۆمەک بێ. لە هەموو ئەوانەش ترسناکترو ناخۆشتر ئەوەیە کە ئەمڕۆو دەمێکیشە لە کوردستاندا بازاڕی کتێبو گۆڤار بەتایبەتی بابەتی ئەدەبیو ڕۆشنبیریی جیدی کزو ڕۆژ بەڕۆژیش کزتر دەبێ (بەداخەوە). بەئەندازەیەک کەم کتێب هەیە تیراژی بگاتە سەرووی هەزار دانەو گۆڤارەکانیش کە ڕەنگە باش بفرۆشرێن ئینجا ٤٠٠دانەیەکیان لێ دەفرۆشرێ!! لەکاتێکدا سێ تا چوار زانکۆو هەزاران قوتابخانەو چەندەها کتێبخانەی گەورە لە کوردستاندا هەن، خۆ ئەگەر لە سەد قوتابی تەنیا یەک خوێندکار گۆڤارێک بکڕێ، ئەوا تیراژی هەر گۆڤارێک دەبێ بگاتە سەرووی هەزار دانە، کەچی ئەوەمان نەدیووە. پێ دەچێ تەپڵی بێعاری بکوتین.

ئەنجومەنی دەزگا کە زۆربەیان [illegible]
ئەونۆ بدۆزینەوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم کێشەیە، جگە لەوەی یارمەتیو پاداشتی خۆمانو نووسەرانو هەموو کارمەندانمان کەم کردەوەو پاشان هەموو جۆرە زیادەمەسرەفییەک ئەگەر هەبووبێ بڕیمان. دواجار بەناچاری بڕیار درا کە چاپکراوەکانمان کەم بکەینەوە، تەرازوو شەرم لە کەس ناکا، ئەوەی دەدرێتە دەزگای سەردەم لەبەر هەر هۆیەک بێ (لاوازی لەبەرنامە یا بێ سەلیقەیی لە کارگێڕیو بەڕێوەبردن یا کزیی بازاڕ...تاد)، بەشی ئەو چالاکیانە ناکا بەتێری. بۆیە یەکێک لەو بڕیارانەی ملی ئەم گۆڤارەی ئێمەشی بەرکەوت خواوچاکان نەیپەڕاند، بەڵکو بریینداری کرد، ئەوە بوو کە:
ئاینده لە دوو مانگ جارێکەوە بێ بەسێ مانگ جارێک، واتا لێرە بەدوا وەرزییەو بەڕێکەوتیش ئەم ژمارەیە دەکەوێتە وەرزی بەهارەوە. ئەوجا وەرە بەو هەموو دەردو خەفەتەوە جلی بەهاری بپۆشە!
من خۆم دەزانم لە قەلانیش بوویمەو لە کۆترانیشو ڕەنگە بەهۆی هەندێک بارودۆخی دەرەوەی دەزگاو بەهۆی هەندێک ڕاوبۆچوونی سیاسییەوە جۆرە پشتتێکردنێک لە ئارادابێ، هەقم بەسەر ئەوەوە نییە خەتاکە هی کێیە، ڕەنگە زۆر ڕاستی هەبن کاتی گۆتنیان نەبێ، بەڵام ئەو ڕاستییە نابێ لای کەس ڕوون نەبێ کە ئەم دەزگایە یەکێکە لەو کارە جوانانەی شانازیی دروستبوونو بەردەوامبونی ئەگەر بەشێکی گرنگی بۆ ئەنجومەنو نووسەرانو کارمەندانی دڵسۆزی دەزگاکە بگەڕێتەوە، بەڵام بەشێکی لەوە گرنگتری بۆ ئەو پشتگیریو کۆمەکو هاوکارییەی مام جەلال دەگەڕێتەوە کە ناکرێ نادیدە بین لە ئاستیدا.
لەوەتەی ململانێ کەوتۆتە ناو ماڵی (سلێمانی) زۆر شوێنو دەزگا تووشی کێشەوگرفت بوونەتەوە، ئێمەش لە ناو ئەو ئاشەداینو شانمان ئارداوی بووەو ئەوانەی ڕێزی ئەدەبیو ئەخلاقیی خۆشیان دەگرن وەکو کابرای لەهەردوو دین بوومان لێ هاتووە.
بەهەرحاڵ ئەوەی پەیوەستە بە گۆڤاری (ئاینده)وە ئەوەیە، لەم ژمارەیەوە کە (٨٩)یە گۆڤارەکە وەرزییەو پاداشتیش هەر چەندی بنووسی فلسێک نادەین بەنووسەر، ئەوەی بۆمان دەنووسێ ماڵی سەد جاران ئاواو ئەوەی ناشنووسێ هەر مەمنوونیینە.
ترسم هەبوو لە ژمارە (٨٨)دا گۆڤارەکە بوەستێ، کورد دەبێ لەو ژمارەیە بترسێ کە ساڵی نەگبەتیو ئەنفالە، بەڵام سەد شوکر بۆ پیاوخاسان کە ئەو ژمارە ترسناکەمان بڕیو دەزانین سەبری بچوکی خودا چل ساڵەو ڕەحمەتی ئەو زوو بێ یا درەنگ هەر دەبێ بگاتە عەبدی بەسەزمانی خۆی.

ئیمزا
عەبدی بەسەزمان
سەرنووسەری (ئاینده)

## پێشەکییەک

# لە بونیادی هزریی فەلسەفیی بۆ چەمکی پۆست مۆدێرنە

وەهبی ڕەسوڵ



**بەرایی:**

بۆ تێگەیشتن لە کێشەکانی دیاردەی مۆدێرنە و توێژینەوە بۆکردنی فەلسەفیانە بۆی و لەڕێی ئەویشەوە تێگەیشتن لە هزری پۆست مۆدێرنە، بێئیرادە لەسەرمان دیاردەکە بە ژمارەیەک لە چەمکی نزیک لە پرۆسەکەی دەستنیشانبکەین، کە وەک خەسڵەتی مێژوویی لە دەرکەوتەیدا درەوشاوەتەوە. هەرچۆن ئەم بەنزیکی دیاریکردنە، یارمەتیمان دەدات بۆ تێگەیشتن لە لۆژیکی ناوخۆی مۆدێرنە، گەرلە قسەکردن تێپەڕین، بە بنیاتنانی سەمتێکی ئایدیالی (Ideal Type)بۆ مۆدێرنە، ئەوا دەکرێت ئەوە ببینین کە لەسەر سێ چەمکی سەرەکی دامەزراوە، کە ئەوانیش خودگەرایی (Subjective) و ئەقڵگەرایی (ڕاشیۆنالیزم Rationalism) و

ﮋ

[illegible] (Nihilism) [illegible]
کە پەیوەستن بە بوون و مەعریفە و پێودانگەوە، سەرەتاگەیەکی قووڵی بونیادی فەلسەفەی مۆدێرنە پێکدەهێنن. دەرکەوتنی ئەم هزرە وای لە مرۆڤی هاوچەرخی ڕۆژئاوایی کرد کە خۆی تاکڕەوانە هەستێ بە داڕشتنی پێوەرەکان، چیتر وەک هزی یۆنانی، لە سروشتی شتەکانی وەرنەگرێت، یا لە هزرێکی باڵا وەک لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەڵکو ئەو خۆی بووە دانەری ئەم پێوەرانە بە پشتبەستن بە ئەقڵ و ئیرادەی خۆی. بەمەبەستی دیاریکردنی ئەم تاکڕەوییە لە بنیاتنانی پێوەرە پەیوەندیدارەکاندا بە مرۆڤی سەردەمی مۆدێرنەوە، هەر دەبێت ئەو چەمکە فەلسەفیانە دیاریبکەین لە میانی وتەزاو بیروڕای هەریەک لە (دیکارت، لایبنتز و نیچە)وە.

ڕەگوڕیشەی پرۆسەی هزری مۆدێرنە، بۆ سەردەمی ڕێنیسانسی ئەوروپی دەگەڕێتەوە، بەو هاندەرەی زیندوکردنەوەیەکە بۆ کولتووری یۆنانی و ڕۆمانی، و دیدنیگای ئەو کولتوورە بۆ بەها مرۆییەکان، و دیاریکردنی بنەماکانی، دوابەدوای ئەویش، واتە لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا" ئەم هزرە بوونی خۆی لە ڕێی بزاوتە چاکسازییە ئاینییەکان و پەرەسەندنی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەوە سەلماند" [١]

لەنێوان هەردوو سەدەی هەژدەیەم و نۆزدەیەمدا وەک پرۆسەیەکی هزریی و فەلسەفیی دەرکەوت و نەشونمای کرد، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی بەینێک (بۆشاییەک)ی فراوان، لەنێوان هزری مۆدێرنە و هزری یۆنانی و هزری سەدەکانی ناوەڕاست، کە ئەم لێکترازانە تا دەهات زیاتر دەبوو، هەرچی چەندێ مرۆڤی ڕۆژئاوایی دوردەکەوتەوە لە هزری ئایدیالی بەگشتی و ئایدیالیەتی سەدەکانی ناوەڕاست بەتایبەت، هەرچی زیاتر بەرەو خواستێکی ئەقلانی و باوەڕ بەخۆبوون دەڕۆیشت. ئەمەش لەخۆیدا هۆکارێک بوو بۆ نەشونماکردنی چەمکی خودگەرایی، کە لەدوای خۆی"دوالیزمی

[illegible]
وچینر مرۆڤ بووە پێوەر و بڕیاردەر بۆ سەرتاپای شتەکان لەڕێی ئەقڵ و ئیرادەیەوە" [٢]

بەڵام ئەم خواستە مرۆڤایەتییە دەرکەوتووە لە بەرەبەیانی مۆدێرنەی ئەوروپییەوە، هەر بەتەنها ئەقڵ و ئیرادە نەبوو، بەڵکو ئازادیش بوو، ئەم مرۆڤە لەو ڕووەوە کە خۆی سەنتەرە، و توانای بەسەر ناسینی خۆی و ناسینی جیهاندا دەشکێت، و لەو ڕووەشەوە کە شەفافە لەبەردەم خودی خۆیدا، هەروەها خاوەنی توانایە بۆ هەڵبژاردن. واتە ئازادی و ئەقڵ، ئامرازی دەستنیشانکردن و بەدیهێنانی ئەم ئازادیەن بە یارمەتی ئیرادە.

### ١. دیکارت و خودگەرایی:

چەمکی خودگەرایی یەکەمینی چەمکەکانە کە بنەمای مۆدێرنە پێکدەهێنێت لە بواری فەلسەفەدا. لێرەدا (فیتو) دەنووسێت:"مۆدێرنە بەرایییونی خودە، سەرکەوتنی خودە، و بینگەیەکی خودگەرایە بۆ جیهان"[٣]ئەمەش بەو مانایەی مرۆڤی مۆدێرنە، کۆدی مەتەڵەکانی سروشتی کردەوە و بەسەریا زاڵبوو، بەمەش توانای شکا بەسەر دۆزینەوەی نهێنی جیهاندا، و کردنەوەی شاراوەکانی، ئیتر مرۆڤ پەیبرد بەخۆی، وەک خودێکی سەربەخۆ، خودێک کە هێندە بەس نییە بۆی، ئەوە ڕاگەیەنێت، کە لەسروشتی جیا دەکاتەوە، بەڵکو ئەم جیهانەماڵیی و داگیر دەکات، بۆ ئەوەی بە بونەوەرە جیاواز و ئاستە پەیبردنیەکانیانەوە، بیکاتە پێوەرێک بە پێوەری مرۆڤی، مۆدێرنە هەر وەک (هایدگەر) گوزارشتی لێکردووە"سەردەمی هەڵقولانی وێناکردنەکانی مرۆڤە لەسەر جیهان"[٤] و بیرۆکەی بونی خود و ئامادەیی جیهان، لە چنراوی هزری فەلسەفەی یۆنانی یاخود سەدەکانی ناوەڕاست نییە، بەڵکو بەرهەمی سەردەمی نوێیە، خۆ ئەگەر بمانەوێت هەرچی زیاتر وردەکار و دەستنیشانکراوتر بین، ئەوا دەڵێین بەرهەمی دیکارتیزمە[٥].

[illegible]
(کۆجیتۆ) (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) ئەوەی سەلماند کە مرۆڤ لە بنەڕەتدا بیریارە، بیرکردنەوەشی نیشانەیەکە بۆ بوونی، بێگومانیشە کە ئەم بیرکردنەوەیەش لەڕێی ئەقڵەوە بەڕێوە دەچێت، و بەرەنجامی بیرکردنەوەی ئەقڵیش خودگەرایی بەدیدێت، ئەو خودگەراییەش کە عەقڵانیانە بیردەکاتەوە، خودگەرایەکی ڕۆژئاوایی بوو، دەتوانین بڵێین کە هەیە. چیتر مرۆڤ بووە ئەو قسەکەرە ئامادەیەی کە سەیری بونەوەرەکانیتر دەکات و نوماینەدەییان دەکات، دڵنیاییەکانی لە خودی خۆی وەردەگرێت، نەک وەک ئەوەی لە سەدەکانی ناوەڕاستدا باوبو، لەڕێنمایی و باوەڕەوە یاخود هەر دەسەلاتێکیتر جگە لە دەسەلاتی خودی خۆی وەریدەگرت. ئەمە سەرباری بە پێوانە و پێوەر کردنی ئەقڵ و ئیرادە بۆ هەموو شتێکی هەبوو لە دەوری مرۆڤ، ئالێرەوە ڕووەکەیتر بۆ سەرکەوتنی ئەقڵی توانستی حسابیی و ئامرازیی لە هزری ڕۆژئاواییدا دەردەکەوێت، لە ڕەتکردنەوەی هەموو کرانەوەیەکی ڕۆحی بۆ مرۆڤ و دوورخستنەوەی ئەندێشەو ئەندێشەکراو، کە ببووە تەنها بیرۆکەگەلێکی تێکەڵاو و نادیار بە پێی بیروڕای (دیکارت)، ئەم ئەقڵە وەک هێزێکی حسابیی پلاندانەر و وەکو ئیرادەیەکی کۆنترۆڵکردن، دەستیکرد بە مامەڵەکردنی سروشت وەک شتێکی درێژبۆوەی لەبەردەستدا بوو، کە پەیوەندی حسابیی و هێزی میکانیکی بۆ ژمێرکاری ڕەخساو کۆنترۆڵی دەکات، بەمەش مەعریفەی نوێ مۆرکی مەعریفەیەکی ئامرازیی وەرگرت کە پیشەسازی و بەرهەم بەسەریا زاڵە، و تیایدا غەمی مەعریفی تێکهەڵکێش بە غەمی کۆنترۆڵکاری دەبێت، ئیرادەی مەعریفە بە ئیرادەی توانا، ئەمەش ئەو شتەیە کە پێشتر (فرانسیس بیکۆن)، لە بەرەبەیانی سەردەمی زانستی تەکنیکیدا، گوزارشتی لێکردووە، بەو وتەیەی"مەعریفە هێز و توانایە"[٦] هەرچۆن (دیکارت) وا دەڕوانێت کە"مەعریفەیە مرۆڤ دەکاتە

[illegible]
تاماژەمان پێدا، بەرەنجامی چەمکی خودگەرایی لای (دیکارت)بوو، دوالیزمی خودگەرایی و بابەتیی پەرەیسەند، چون بڕیاردان لەسەر بونی خود واتە بڕیاردان لەسەر بونی بابەت، هەر وردەکاریکردن و جەختکردنەوەیەکیش لەسەری، بونی فەلسەفەیەکی مرۆڤگەرای گشتی دەسەپێنێت، شۆڕشی سەرەکی لە فەلسەفەی نوێدا کە فەلسەفەی (دیکارت) دەینوێنێ، و بە دانپیانانی (هیگل و هایدگەر) خاڵێکی دەستپێک بۆ فەلسەفەی نوێ پێکدەهێنێت، چیتر وەها ناڕوانێتە مرۆڤ وەک فەیلەسوفی سەدەکانی ناوەڕاست لێیاندەڕوانی، بەڵکو لە تێڕوانینیدا بووە (خودێک) کە پێگە و ژێدەری حەقیقەت و دڵنیایی بێت، و ئەو سەنتەر وژێدەرەش بێت کە ڕاستیبونی هەر شتێک بڕیاردەدات و دەبەخشێت، جا ئیتر ئەم شۆڕشە بە خواستێکی مرۆڤگەرایی، یا خواستی خودگەرایی یاخود تاکگەرایی، ناوزەد بکەین، بەنزیکی هەر هەمان مانا دەدات بەدەستەوە، کە" بەخشینی پلەوپایەیە بە مرۆڤ وەک بونەوەرێکی سەربەخۆ، وشیارو بکەرو خاوەنی حەقیقەت". [٨]

لە ئەنجامەکانی جێگیربوونی پرەنسیپی خودگەرایی، ئەم خاڵانەی خوارەوە بوو:

أ. جیهانی کرد بە وێنە، واتە بونێکی شایەن بەوەی بنوێنرێت، هێرشی دەکەینە سەرو دەیگۆڕین بۆ بابەت، دوای ئەوەی دەستی مرۆڤی دەگاتێ بە پێوانە چەندایەتیە حیسابیەکەیەوە و ڕێساکانی بە ئالۆزکردن و ئاوەزکردنی دەستبەسەر دەکات." لە کێشانی نیگاری ئەم وێنەیەدا، هەرکام لە فەلسەفەی دیکارتیی و ئەقڵگەرایی لایبنتز و گومانگەرایی هیۆم و ئەو شۆڕشە زانستییەی کارەکانی (گالیلۆ و نیوتن) بەرپایانکرد، بەشداربون، کە گوزاشتکردنی باڵای لەخۆی، لە فەلسەفەی (کانت)یدا دۆزیەوە". [٩]

ب. جیهانی خواوەند بەناوخۆیدا هەڵکوڕمایەوە، و چیتر ئەو ئامادەگییەی جارانی نەما، دوای ئەوەی مرۆڤ ناچاریکرد، کە واز لە سەروەریی خۆی بێنێ

بۆ ئەوە بەدەستی مرۆڤ ببێتە ئەکتە چەسپاوی جیهانی و شوانە تەمینەکەی. بێگومان ئەمەش گەیاندیە تەو ئەنجامەی، مرۆڤ پلەکانی بەهایەکی نوێ دابنێت، بەپێی پێوانەیەکی سودگەرا، چیتر بونەوەران خاوەنی سیستمێکی پێودانگیی ئەمان کە لەدەستکردی خواوەند بێت، بەڵکو ئیتر ملکەچی سیستمێکی پێودانگیی خودگەرا بون. هێندەی نەبرد، دەیان ساڵێکی کەم نەبێت لە زەمەن، تا "ئەم سیستمە نوێیە، وەک (هایدگەر)دەڵێت، خەوشداربوو، بەرگۆڕانکاری و وەرچەرخان کەوت، لەبەر ونکردنی ئەو مۆرکە پیرۆزییەی سیستمی خواوەندیی کۆن هەیبوو"[١٠] سەرنجڕاکێش لە ئەوەدایە، ئەم وەرچەرخانە نەک هەر ئاوابونی سیستمی بەهای وەبەرهێنا، بەڵکو بووە مایەی ئەوەش سیستمێکی نوێ لەگەڵ خۆیدا بهێنێ، کە مۆدێرنە حەزی بە هاتنی نەدەکرد، ئەویش نەهلیزمە.

خودگەرایی وەک یەکێک لە کۆڵەکە ڕاگرەکانی پرۆسەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی، بەر هێرشی هزری پۆست مۆدێرنە کەوت، بەو ئامانجەی هەڵیوەشێنێ تا نادروستیی بونی هەر لە سەرەتاوە بەیانبکات، بە جەختکردن لەوەی پرۆسەی مۆدێرنە پێیرادە بخرێتە ژێر چەکوشی ڕەخنە و ڕەخنەلێگرتن و هەڵوەشاندنەوە و قەرەبوکردنەوە، و لەبری ئەویش، پۆست مۆدێرنە، پرۆسە نادیاریکراو و گشتگیریەکەی بخاتەڕوو، بۆ ئەو پانتاییە فیکری ومرۆڤایەتیانەی، ساڵگارێک لە هزری ڕۆژئاواییدا فەرامۆشکرابون، ئەم فەرامۆشکردن و بێدەنگییە کە بەشداریکرد لە بەخواوەندکردنی خودی پرۆسەی مۆدێرنەی ڕۆژئاواییدا، هەر ئەم بەخواوەند کردنە بوو، مافی مل پێ کەچکردنی ئەوانیدی پێبەخشی، کە لەخۆی جیاوازن (لە دەرەوەی مێژوو) وەک (هیگل) ناوزەدی دەکات. ئەو میللەت و بزاوتە کۆمەڵایەتیانەی لە دەرەوەی سیستمی بۆرژوازی ڕۆژئاوایی و لەدەرەوەی بزاوتی پەرەسەندنی سەرمایەداریی و پیشەسازیدان، کاراییان تیا بەدیناکرێت و بەڵکو بابەتێکی بۆ ئاڕاستەکردن و چەوسانەوە ی خۆی لە ڕوانگەی پۆست مۆدێرنەوە قەوارەیەکی سەربەخۆ نییە بەخۆی، بە هێندایی ئەوەی بەرهەمهێنێکی کولتوورییە، چون کولتوورو زوبانی کۆمەڵگە هزری تاکەکان و ئاراستەیان دەخوڵقێنێ، ئەمەش وادەکات حەقیقەت ڕێژەیی بێت و هەموو مرۆڤێک حەقیقەتێکی خودگەرایانەی هەبێت، و هەموو میللەتێک یا شارستانیەتێک خاوەن حەقیقەتی خۆیان بن، لەبەرئەوەی نەتەوە و گەلان خاوەن شارستانیەتی جیاواز و فرەجۆری کولتوورین، حەقیقەتەکانیشیان فرە جۆر و چەشن دەبێت، هەرچۆن چیتر بۆ هیچ کەسێک نییە بانگەێشتی بە خاوەن بوونی حەقیقەت بکات، چون ڕێژەییە و ڕەها نییە، و ئەقڵ حەقیقەت بنیاتدەنێت نەک بیدۆزێتەوە، وەک ئەوەی مۆدێرنە دەیگوت. لەلایەکی تریشەوە، شتێکە بێگومان" کە ئەو ئامراز و بەخششە فیکریی و مەعریفییانەی لەلایەن فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەوە پێشکەشکران، چیتر بەکەڵکی لێکدانەوەی جیهانی نوێ نایەن، ئەمەش وامان لێدەکات کە پێویستی زۆرمان بە چوارچێوەی مەعریفی نوێ ببێت بۆ مامەڵەکردن لەتەک ئەم واقیعە نوێیەماندا".[١١]

**٢. لایبنتز و ئەقڵگەرایی:**

گەر (دیکارت) مۆدێرنەی فەلسەفیی بە دانانی پرەنسیپی خودگەرایی (کۆجیتۆ)، دامەزراندبێت، وەک بنەمایەک بۆ حەقیقەت و یەقین، و وەک بەهایەکی ڕەها و هێڵێکی جیاکەرەوە، لەنێوان جیهانی کۆنی خواوەند و جیهانی نوێی مرۆڤدا، سەنتەری گەردون، ئەوا (لایبنتز Leibnitz) (١٦٤٦-١٧١٦)، یەکەم کەسێکە کە مۆدێرنەی فەلسەفیی لەسەر پرەنسیپی ئەقڵگەرایی، مەبەستمان پرەنسیپە بێژراوەکەی یاخود بنەواچە بەناوبانگەکەیەتی (بۆ هەموو شتێک هۆکارێکی مەعقول)، "پوختەی ئەم پرەنسیپە ئەوەیە کە مرۆڤ لە (تێرامێنەر) ێکەوە بۆ گەردون وسەرسام بە جوانی وشاکاری ئافەریدەکردنی، گۆڕرا بۆ داگیرکەر و کۆڵێنەکەر

[illegible]
و بەشوێن (هۆکارە مەعقولەکان)یدا دەگەڕا و لە (هۆکارە نامەعقولەکان)ی جیادەکردنەوە، تا دەروازەکانی (زانستی نوێ)ی لەبەردەمدا کرایەوە، و ئەوەی تیا دۆزییەوە کە زانینی نهێنی بوونەکانی دەداتێ و دەسەڵاتی پێدەبەخشێت بەسەر گەردوندا و ئەمەش دەکاتە قەرەبویەک بۆ نهێنییە کۆنەکانی میتافیزیکا"[١٢] (لایبنتز) گەڕایەوە بۆ" تیۆروانینە ئەرستۆییە کۆنەکەی دامەزراوە لەسەر ڕەتکردنەوەی لێکدژیی، ئەمەش بە سروش (ئیلهام) وەرگرتن لە مۆنادۆلۆژیەکەی (فەلسەفەی ئەتۆمە ڕۆحیەکان)، کە ئەو کاتە وێناکردنی (تصور) باوبون، دەرباری میکرۆب لەلایەک و بەخششە حیسابیە بێکۆتاییە هەرەبچووکەکان لەلایەکیتر، کە بەشدارییەکی گەورەی کرد لە جێگیرکردن و چەسپاندنی بەهای زانست بەپێی بنەما ئەزمونگەریەکەی، زانست وەک بەرهەمێک لە بەرهەمەکانی ئەقڵانیی ئەزمونگەریی، لەگەڵ (لایبنتز)دا بەدەرکەوت"[١٣]، شتێکی سروشتی بوو گەر دوای ئەوە، ئەقڵگەرایی بەرەو جۆرێک لە جێگیرکردن وچەسپاندنی خودگەرایی کۆتایی پێبێت، خودی مرۆڤێکی باڵا، بێگومان کارکردن بە پرەنسیپی ئەقڵگەرایی، ڕەنگیدایەوە لەسەر بۆچونەکان لە بواری فەلسەفەی نوێدا، گرنگترینیان:

أ. زانستی والیکرد، زانست کە نوێنەری (لە نواندنەوە) جیهانە لە ڕێگەی تێبینی و ئەزمونکردنەوە، بووە نمونە و پێشەنگێک بۆ ئاخاوتنی فەلسەفیی، ئەمە دوای ئەوەی کە فەلسەفە ڕێنماییکەری زانست بوو لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، وایلێهات کە زانست ئەو ڕێنماییکەرە بێت کە فەلسەفەی نوێ دەبات بەڕێوە. لەم بارەیەوە (هیگڵ) دەڵێت:"ناکرێت حەقیقەت هەبێت گەر بە رووی سیستمی زانستیدا نەبێت، کەخۆی تیا ڕێکبخات. بەشداریش لەم هەوڵەدا، مەبەستم نزیک کردنەوەی فەلسەفە لە زانست و والیکردنی کە بگاتە ئەم مەبەستە، کە تەنها بەمە دەتوانێ خۆشەویست بێت بۆ حیکمە و کەماڵێک

[illegible]
مەبەستی منە لەم لایەنەوە"[١٤] هەرچۆن (هایدگەر) لە ئاماژەدانیدا بە ڕۆڵی هزری نواندنگەرایی لەسەر فەلسەفەی نوێ بە دەستەواژەیەک دەڵێت: "هزری نواندنگەرایی بوو بە گەورەترین ڕێنومایکەر بۆ فەلسەفەی نوێ".[١٥]

ب. دەرکەوتنی چەمکی (هەمەکی Totality ) کە بە مانای تێڕوانینێکی سەرجەمگیری گشتی دێت، بۆ شتەکان. (هیگڵ) دەڵێت:"ڕاستیی هەمەکە"[١٦]، ئەم چەمکە بوو بە پێوەرێک بۆ بۆچونی فەلسەفیی، پێوەری ڕاستی فەلسەفەش بوو بەوەی تا چ ئەندازەیەک و ڕادەیەک گشتگیر و هەمەکییە.

هەرچۆن چەمکی خودگەرایی بەر ڕەخنە کەوت، هەروەها چەمکی ئەقڵ و ئەقڵانیی بەدوور نەبوو لە ڕەخنەگرتن، چون چەمکی ئەقڵانی توانی پێگەی خودگەرایی پتەو و بەهێز بکات لە پرۆسەی فەلسەفەی مۆدێرنەدا.

لە زۆرێک لە جارەکاندا ڕەخنە ئاراستەی هەردوو چەمکەکە پێکەوە دەکرێت، وەک دوو تەواوکەری یەکتر، بەهەرحاڵ ئەقڵ کە مۆدێرنە وەک ڕەهبەرێک لێیدەڕوانی لەدوا سروش، و سەرباری ئەو ڕۆڵە گەورەیەی گێڕای لە بنیاتنانی ژیاری ڕۆژئاواییدا، بەڵام ئەوەی بەدینەهێنا کە لێی دەخوازرا، تاقیکردنەوەی ژیان لە میانی چەند سەدەیەکدا، ئەوەی سەلماند " ئەقڵ ئەو ڕەهبەرە نییە کە باوەڕی پێبکرێ و پشتی پێببەسترێ لە پێشڕەوایەتیکردنی کاروانی شارستانیەتی ڕۆژئاواییدا، چون بێلایەن و پەتی نییە وەک ئەوەی (دیکارت) بۆی دەویست"[١٧]، لەبەرئەوەی ئەکەوێتە ژێر کاریگەری دەوروبەری کولتووریی و کۆمەڵایەتی دەوروپشتی خۆی، و بە شێوەیەک کاریگەریی لەسەر دادەنێن کە وایلێدەکات لە بێلایەنی و پەتێتیە ڕەهاکەی دەرچێت، و ببێتە هۆکارێک لە ونکردنی ماف و ئەرکەکاندا، نەک هەر هێندە بەڵکو" پەنابردن بۆ ئەقڵ بەشداربوو لە بنیاتنانی ژیاریی و چینی ئەقڵدا بەرامبەر ژیاریی

و [illegible] کولتووری سزادانی لێکەوتنەوە، کە کاری خۆی کرد لەسەر سزادان و دوورخستنەوەی ئەوانیدیی، بەناوی ئەقڵ و ئەقڵگەراییەوە."[١٨] بەشێوەیەک کە ئاستی بینینی حەقیقەتی دیاریکراو کرد، چون لەگەڵ کولتووری ئەقڵدا تاک لایەنە بوو، و خۆی لەسەر ژێدەری دوالیزمێکی بکوژ بنیاتنا، ئەو دوالیزمەی نێوان ئەقڵ و نا ئەقڵ، نێوان سیستم و ناسیستم کە وای لە کولتووری ڕۆژئاوایی کرد بتوانێ ئەوانیدیی لە ناوخۆدا پەراوێزخات و دەسەڵات و کۆنترۆڵی خۆیشی بەسەر ئەوییدیدا لە دەرەوە پیادەبکات، لەبەر ئەوەیە (دۆلۆز)" ئەم خواستە چڕبووەوەیە، لە ئەبستمۆلۆژیای کولتووردا، کە کۆنترۆڵی ئەقڵی ڕۆژئاوایی کردووە، ڕەتدەکاتەوە، و وایدەبینێت هەموو کۆمەڵگەکان، لە هەمان کاتدا ئەقڵانی و نائەقڵانین "[١٩]

ئەم وێنەیە ڕەوایەتی دا بە بزاڤی پۆست مۆدێرنە لە هەڵوێست وەرگرتن، هەڵوێست وەرگرتنێکی دژانە و ڕەخنەگرانە بۆ تێزەکانی مۆدێرنەی ڕۆشنگەریی، واتە لەبری ئەوەی شارستانیەت پەنا بۆ ڕەهبەریی ڕووناکیی ئەقڵ بەرێ، وەک ئەوەی ڕۆشنگەریی دەیویست و خوازیاری بوو، کەچی کەوتە ژێر ڕەحمەتی ئەقڵی ئامرازییەوە.

**٣. نیچە و نیهلیزم:**

گەر (دیکارت) یەکەمین کەسێک بوبێت، دارشتی بۆ پرەنسیپی خودگەرایی کردبێت، و (لایبنتز) یش یەکەمین بوبێت لە خستنەڕووی پرەنسیپی ئەقڵگەراییدا، ئەوا (نیچە) یەکەمین کەسە دەرباری پرەنسیپی نەهلستی دوواوە. مەبەست لەم پرەنسیپەش (بەهانەمانی بەهایە)، واتە ئەوەی لە سەردەمانێکی ڕابوردوودا پرەنسیپی چەسپاو و جێگیر و نمونەی باڵابوون، لەگەڵ هاتنی سەردەمی مۆدێرنەدا نەمان و بوونە عەدەم، بەها هەموو مانا یاخود حەقیقەتێکی لەدەستدا، لەڕاستیدا بزاوتی ڕۆشنگەریی پێش (نیچە) کەوتبوو بۆ [illegible] پرەنسیپی [illegible]، بەلام ئەوەی (نیچە) پێشکەشیکرد وەسفکردنی ئەو بوو بۆ نەهلستی بوونی سەردەمی نوێ بە (نەهلستیەکی ناکام). ئەمەش بە هۆکاری تێڕوانینی ئەو، بۆ چەمکی نەهلستیبوون لە ڕوانگەی بزاوتی ڕۆشنگەرییەوە، هەندێک بە (پەیامبەر)ی پۆست مۆدێرنەکان و نێرراوی ئەوانی لە قەڵەم دەدەن، بیروڕاکانی ئەو لەم میانەدا هەمیشە جێ پرۆسێسی توێژینەوە و سەرلەنوێ ڕاڤەکاریی و هێنانەوە کایەی بەردەوام بوون، ڕەخنەی نیچەوی بۆ مۆدێرنە تەوژمێکی تایبەت بە خۆی دامەزراند، تەوژمێک کە لە هەوڵی هەڵگێڕانەوەی بەڵگەنەویستە ئەقڵانییە ڕۆژئاواییەکان و هەموو بەها هاوشانەکانیدا بێت، لەڕێی ڕەتکردنەوەی لۆژیکیبوونی بوون و باوەڕ بە مەبەستگەرایی گەردون، ئەو نمونە لۆژیکیانەی فەیلەسوفە میتافیزیکییەکان جێگیریان کرد، شتێک نەبوو، تەنها کۆمەڵێ وەهم نەبێت، کە جەختیان لەسەر تیاژیانیا دەکرد لەپێناو پارێزگاریکردن لە پیالکان بە بوونیاندا، بەم پێیە دەکرێت جەخت بە ڕەوایی تەواوەوە، هەر وەک (جیانی فاتیمۆ) دەڵێت، لەسەر ئەوە بکەین: "فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە لە نووسینەکانی نیچەوە لەدایکبوو"[٢٠] و بەشێوەیەکی تایبەت لەو کۆمەڵە کارەی کە دوای کتێبی (مرۆڤ – دۆست، زۆر مرۆڤدۆست)[٢١] کە هەردوو کتێبی (سپێدە) لەساڵی (١٨٨١) و کتێبی (زانستی شاد) ساڵی (١٨٨٢) لەخۆ دەگرێت.[٢٢] لەبەرئەوە دەتوانین بڵێین هزری (نیچە) خاوەن کاریگەرییەکی دوو جەمسەرە لەسەر مۆدێرنە"دوو جەمسەرەیە لە کاریگەربوونیدا، لەلایەک قوولکردنەوەیە بۆ فەلسەفەی مۆدێرنە (ئاوەژوکردنەوەی ئەفلاتونیزمە)[٢٣]، بەلام لەلایەکی ترەوە خاڵی دەرچوونێکی پێکهێنا بۆ بزاوتی هەڵوەشاندنەوەی مۆدێرنە و قڵپکردنەوەی بەسەر خۆیدا (ڕەخنەی ئەقڵ و وشیاری و خود..)[٢٤] کەواتە ڕەخنەگرتنی لە میتافیزیکا (لەپێناو هەڵوەشاندنی ئەو بنەمایانەی مۆدێرنە لەسەری دامەزراوە) ئەو

[illegible]
بەس، بەڵکو لە ستونە ڕاگرەکانی ڕۆشنگەری و مۆدێرنەدا، وەک: ئەقڵ، و خود، و بابەتگەرایی، هزری زانستی، زانست، کولتوور، سۆشیالیزم، دیموکراتیەت...هتد"[٢٥] ئەو لەم ڕەخنەگرتنەیدا، ژەنگهەڵاتنی هەموو زامنەکان بۆ لەتوانادا بوون بۆ بە ئەقڵکردنی جیهان وماقووڵیەتی، و پەرتبوونی سەرجەمی حەقیقەتەکان، لەناوچوونی هەموو پێناسەکان، ڕادەگەیەنێت، بە پێناسی مرۆڤیشەوە، کە تەنها بووە فرەیی و پەرتوبڵاوی و جیاوازییەک، لەپشت یەکێتییەکی وەهمییەوە خۆی بشارێتەوە، بەمەش ئەقڵی مرۆڤ لای (نیچە) کەوتە بەردەمی دوڕیانێکی هەڵبژاردن، یان گەڕانەوە بۆ سەنتراڵیەتی خود، لەپێناو ڕەخنەگرتن لە ئەقڵ خۆی، یاخود پچڕان لە ئەقڵ، شتێکی ڕونو ئاشکرایە، ئەو دووەمی هەڵبژارد، کە" دەستبەردار بوونە لە سەرلەنوێ چاو پیاخشاندنەوەیەکی نوێ بۆ ئەقڵ، و لەبری ئەوە ئاراستەگرتن بەرەو هزری نیهیلیزم"[٢٦] کە لە سایەیدا"ئاماژە (دال) واتا (مدلول)ی خۆی بەجێدێڵێت، بەشێوەیەک کە گەمەی ئاماژە چیتر بێ سەنتەر و هەمەکی و مانا دەمێنێتەوە"[٢٧]، کە باوەڕی بەبوونی هیچ حەقیقەتێک یا ئەسڵ یاخود بونیادێک نامێنێت، کە بتوانرێت، لە میانیەوە، هەستان بەهەر پرۆسەیەکی بنیاتگەرایی لە ژیاندا، بکرێت.

بەم تێزانە، (نیچە) مۆدێرنەی لەبەریەک هەڵوەشاند، چون چیتر چەمکی مۆدێرنە بەرقەرار نەما، و هەموو بنەماکان لەناوچوون، و گەڕان بەشوێن بنەماکاندا ڕەتکرانەوە، و شتێ نەمایەوە تەنها ڕاڤەکاریی (تأویل) نەبێت."تا دواتر هەموو ئەو بتانە بدات بە زەویدا (بتی ئاکار، بتی سیاسەت، بتی فەلسەفە) کە کۆمەڵگەکان دەیانبینی، شارستانیەتی ڕۆژئاوایی پشتبەستە پێیان"[٢٨] (نیچە) بەمە دەمانخاتە ئەو جیهانە نەهلستییەوە، کە ڕەتی ئەو نەهلستییبونە نیوەچڵە دەکاتەوە، کە پرۆسەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی کردبوویە پاڵپشتی بۆ خۆی، نیوەچڵ دەیبینێت

[illegible]
برکێشی گومانکردن لە بنەما ئایدیالییەکەی خۆی بکات. کەواتە"دەرچوون لە مۆدێرنە، بەڕەتکردنێکی ڕەخنەیی لە ناوەوەی خۆیدا، لەتوانادا نەبوو، بەڵکو گەڕان بە دوای دەروازەیەکی چوونە دەرەوەی تردا، پێویستبوو، لێرەدا دەگەینە ئەو ساتەی کە دەکرێت دەستنیشانیبکەین، بە ساتەوەختی لەدایکبوونی پۆست مۆدێرنە"[٢٩] هاوشێوەی ڕاگەیاندنی مەرگی خواوەند لە کتێبی (زانستی شاد)دا، هەروەها لێرەدا دەکرێت لێکچوونێک بکرێت لە نێوان هاوارەکەی (نیچە) لە (مەرگی خواوەند)دا، کە وەک بانگەوازێک بوو، بۆ داڕمانی سەرجەمی زامنەکان کە ڕێیدەدا بە پیادەکرنی ئەقڵگەرایی بەسەر جیهاندا، و هەموو ڕاگرو ماهیەتێکی ڕوخان، بەخودی مرۆڤ خۆیشیەوە، کە ببوە تەنها گەمەیەک بۆ پەرتبوون و جیاوازییەکان لە بوونێکی ڕووکەشیی بێ ماهیەتدا، و لەنێوان (نیچە) لە (گەڕانەوەی هەمیشەیی) دا، گەر ئەو ڕاڤەیەمان بۆکرد"کە دەرخستنێکە بۆ ماهیەتی مۆدێرنە بەو وەسفەی سەردەمێکی نوێیە بۆ گەڕانەوەی بوون"[٣٠][٣١] دەبینین مەرگی خواوەند پێویستە بەلای (نیچە)وە"لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەرگەی ئەوە ناگرێت هەمیشە لەژیانیدا چاوێک وەک شاهێد، لەسەری بێت"[٣٢]

دواجار لای (نیچە)"ئەو مرۆڤە نوێیە ئەوروپاییە، بەهای تازەی لە منداڵدانی بەها کۆنەکان و میتافیزیکی (پلاتۆن)، دەرهێنا. واتە بەهایەکیتری نەسازاند کە لەوەوبەر نەیبووبێ. زۆر جاریش هەر ئەم هیچگەراییە بووە، کە وای لە (نیچە) کردووە باوەڕ بەوە بهێنێت، کە کێشەی ڕۆشنگەریی ڕۆژئاوا، ئەوە بووە کەنەیتوانیوە ڕۆشنگەریی گریک بپارێزێ."[٣٣]

### ٤.هیگڵ و حەتمییەت:

ڕووخساری سەرەکی بۆ فەلسەفەی مۆدێرنە (خودگەرایی، ئەقڵگەرایی، نهیلیزم)، ڕووخسارێک بوو، لە دووتوێی زنجیرەیەکی دوورودرێژ لە

[illegible]

ترۆپک لە فەلسەفەی ئایدیالی ئەڵمانیدا، بەتایبەت لەگەڵ ئایدیالیەتی ڕەهای (هیگڵ)دا، کۆتاییهات. هیگڵ ڕێکخستنی فەلسەفیانەی لەسەر ئەو سێ پرەنسیپە دامەزراند، بەمەش توانی ئەوە بەدەستبهێنێت کە مۆدێرنەکانی پێش ئەو نەیانتوانی بەدەستیبێنن، مەبەستمان کۆکردنەوەی پرەنسیپەکانی مۆدێرنەیە لە ڕێکخستنێکی فەلسەفیی هەمەکی کامڵبوودا. ئەوەی شایەتی ئەم نوێکردنەوەیەیە، گشتاندنی ئەوە بۆ پرەنسیپی خودگەرایی بە سەرتاپای بووندا، کردیە ڕۆحێک کە جیهان بەرێ بەڕێوە، لەم بارەیەوە دەڵێت"گوهەری زیندوو ئەو بووەیە، کە لە حەقیقەتدا، خودە، واتە کرۆک، ئەو بووە دەستنیشانکراوەیە بەکردار، وەک یەکە لەسەر ئەوەی بوونێکە دەبزوێ و خۆی دروستدەکات، یاخود لەوەوە کە ئەو خۆی نێوەندارێکە لەنێوان خودێتی خۆی و جگە لەخۆیدا."(٣٤) هەروەک (محمد سبیلا)خودگەرایی دادەنێت بە ماهیەتی مۆدێرنە لای (هیگڵ) کاتێ دەڵێت:"هیگڵ هەنگاوێکی گرنگ دەنێت لە هەوڵی دەستنیشانکردنی ماهیەتی فەلسەفیی بۆ مۆدێرنە، بەو دەرخستنەی کە بەشێوەیەکی سەرەکی خۆی لە خودگەرایدا نمایشدەکات، بە هەردوو ڕەهەندە سەرەکیەکەیەوە: ئازادی و هزر. ئەوەی وادەکات ئەم سەردەمەمان سەردەمێکی مەزن بێت، (هەر وەک هیگڵ دەڵێت) دانپیانانە بە ئازادیدا، و پێشڕەوایەتی هزر"(٣٥) هەروەک (هاپرماس) هەستا بە هەڵوەشاندنەوەی ڕەگەزەکانی ئەم خودگەراییە، بەم شێوەیە"خواستی تاکگەرایی، ماف لە ڕەخنەگرتن و کارەکانی ئەقڵ، سەربەخۆیی کردەی مرۆڤی، فەلسەفەی ئایدیالی"(٣٦) بەهاوشان لەگەڵ ئەمەدا (هیگڵ) پرەنسیپی ئەقڵانیەتی گەیاندە ئاستی بەخواوەندکردنی ئەقڵ. کە دەڵێت"ڕاستی بەدیهێنانێکی تەواوەتی بەدەستناهێنێ، تەنها وەک ڕێکخستن نەبێت، کرۆکیش لە ماهیەتی خوددایە، ئەمەش ئەو شتەیە، کە ئەو وێناکراوە گوزارشتی

[illegible]

تەو وێناکردنە باڵایەیە کە زەمەنی ئێستا و ئاینەکەی پێی تایبەتمەندە"(٣٧) بەم شێوەیە (هیگڵ) ئەقڵی گەیاندە پێگەیەکی باڵای هێجگار بەرز، کە توانایەکی پێبەخشی لە زانینی هەموو واقیع، بە زانینێکی گشتگیر و گونجاو، واقیعێک کە بە بەردەوامی لەچوونە پێشەوەدایە تا گەیشتن بە پلەی ڕەها و ڕۆح و خواوەند. بەڵام دەبێت دانبەوەدا بنێین "واقیعێک کە ڕۆح خۆی بێت، لە حاڵەتی کامڵبوون و پەرەسەندندا، ئەوە بێگومان بە ڕوویەکی دەستەبەرکراو، واقیعێکی ئەقڵییە، دیارە پەی پێبردنیشی بەهۆی ئەقڵی مرۆڤییەوە دەبێت، بەم پێیە گەردون دەبێتە شانۆیەک بۆ ئەقڵ، لەڕێی ئەمەشەوە هوشیاری مرۆڤ دەبێتە پیرۆزترینی پیرۆزەکانی ئەقڵ"(٣٨)، بەڵام ئەوەی پابەندە بە پرەنسیپی نەهلیزمەوە ئاماژەیەکی (هیگڵ) هاتووە لەسەری، لەمیانی بڕیاردانی بە (مەرگی خواوەند) لە سەردەمی نوێدا، ئەوەش مەرگێکە ئاژێڕ بە هاتنی نەهلیزمەوە لێدەدات، وەک سەنتەرێ بۆ ئاوابوونی جیهانی خواوەند و ڕووخانی بنەمای ڕەها، کە سەردەمانێکی زۆر، بەهاکانی لەسەر بنیاتنراوە. بیروڕای لەم بارەیەوە دەخاتەڕو و دەڵێت:" ئەو هەستەی ئاینی سەردەمی نوێ دەیدات، هەستکردنە بە مەرگی خواوەند."(٣٩)

کەواتە گەر ماف و چاکەی دۆزینەوەی ڕووخساری یەکەمین بۆ وەرچەرخانە مێژووییە هاوشانەکانی مۆدێرنە، و مافی هەوڵدان بۆ پەیت وچڕکردنەوەی بنەما فەلسەفیەکەی بۆ (هیگڵ) بگەڕێتەوە، بەوهەستکردنەی "کە مرۆڤایەتی لەگەڵ هاتنی سەردەمی نوێدا، چووەتە چەرخێکی نوێوە، کە دابڕانێکی ڕەگوڕیشەیی لەگەڵ ڕابووردودا دەستەبەرکردووە، (کازیوەیەکی نوێ)ی ڕاگەیاند بۆ ڕاگری فەلسەفیی ئازادی و خودگەرایی، هەر وەک چۆن خەملا لە خەملانی ڕووداوە مێژووییە مەزنە جیاکەرەوەکانی نێوان سەدەکانی ناوەڕاست

[illegible]
دەنگدانەوەی (کانتیزم و ڕۆشنگەریی) بە ئاشکرا پێچەوانە دەبێتەوە، لەبەر ئەوەی ئەمەی دواییان شۆڕشی نوێکردنەوە دەنوێنێ بەسەر دابونەریتدا، وشۆڕشی ڕەخنەی ئەقڵی دژ بە بڕیاری پێشوەخت، و دەرچوون لە حاڵەتی کەموکورتی بۆ حاڵەتی باوەڕبەخۆ بوون و پشتبەستن بە خود.

پەرەسەندن و لێکدانەوە لەسەر هێڵێک بۆ جوڵەی مێژوو، ئەوباوەڕەمان بە بیرۆکەی پێشکەوتنی هەمەکی، بەسەردا دەسەپێنێت، کە (هیگڵ) خەملاندی، ئەم بیرۆکەیەش لەسیفەتی حەتمییەتدا تەجەللا دەکات، پێشکەوتن هەر وەک مۆدێرنێتە دەیبینێت، قۆناغێکی حەتمییە، و هەموو شارستانیەتێکیش هەر پێیدەگات، گەر لەسەر ئەو ڕاگرانە بڕوات کە پێشکەشیدەکات، و پێشکەوتنیش کۆتاییەکەیەتی لە بەدیهێنانی بەختەوەریی دنیایدا بۆ مرۆڤ، لەبری بەختەوەریی ئەودنیا. ئەمانەش سەرجەم بەپێی کاروانێکی حەتمیی ڕوودەدەن، بۆ جوڵەی مێژوو، کە وەستان یا بازدان یاخود گەڕانەوە قبوڵناکات، پێشکەوتن ئامانجی مێژووە و بەدیهێنانیشی وەک گرەوێکی سەرەکیی، ئەرکێکە لەسەر ئەقڵی مرۆڤایەتی، و لەبەر ئەمەش بوو وتەزای (کۆتایی مێژوو) وا بەزوویی لای (هیگڵ) بەدەرکەوت، تا (فۆکۆیاما) وەبەرهەمی بێنێتەوە لە کۆبنیاد (سیاق)ێکی تری جیاوازدا، "کە وایدادەنێت مێژوو ئەمێستا، لە بەرژەوەندی فەلسەفەی لیبراڵی کۆتایی هاتووە، کە هەموو جیهانی گرتەوە و بووە جێکۆتا بۆ هەموو شارستانیەتێک."[41] ئەمەش ئەو هەنجەتەی دا بە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی، کە هەموو شتێک بکات، و جۆرەها ڕێگە و شێوازیش، جا ڕەوا بێت یا نا ڕەوا، بەکاربهێنێت، بۆ بەدیهێنانی، ئەمە لە ساتێکدا ئەم حەتمییەتە، نیشانەیەکی هەڵکەوتوو نییە لە بزاوتی پێشکەوتندا، و زۆرجار مێژووش ئەوەی بۆ دەرخستووین، کە بەهەمان هێڵ یاخود هەمان میتۆد، لەسەر گوزارشتەکەی

[illegible]
بزاوتی مرۆڤایەتی، وەک تەوەی پێشکەوتن بەخۆوە دەبینێ، دووچاری وەستانی زۆر و پرۆسێسی گەڕانەوەش دەبێت، جەنگەکان و هەموو جۆرە کێشەکانیتر، هۆکارێک نین لە پێشکەوتنی ژیاریی، و ستەم بەهەموو شێوازەکانی هۆکاری پەکخستن و لەگەڕکەوتنی ژیارین، و مێژووش باشترین شایەتە لەسەر ئەوەی جەنگەکان و جۆرەهای ستەمکاریی کردوویەتی لە لەمپەر خستنەبەر پەرەسەندنی ژیاری مرۆڤایەتی، میللەتانێکی زۆر، ناڵاندویانە و دەناڵێنن، بەدەست دەسەڵاتی ڕژێمە ستەمکار و ئایدۆلۆژییە چەوسێنەرەکانەوە، کە کاریانکردووە لەسەر سزادانی ئەوانیدی بەناوی پەرەسەندن و پێشکەوتنەوە، هەر ئەمەیە وایکردووە"پۆست مۆدێرنە ئینکاری لە ئایدۆلۆژیەکانی مۆدێرنە دەکات، لە بانگهێشتنیا بۆ زانینی بزاوتی مێژوو و ئامانجەکانی"[42] بەوەدا کە پێشکەوتنی هەمەکی، دامەزراو لەسەر بنەمای پەرەسەندنی هێڵیی، بۆ مێژوو، لای (هیگڵ)، شێوەی کاملی سەرەکیی و بونیادی پرۆسەی مۆدێرنە پێکدەهێنێت، لەبەر ئەوە هەردەبوو فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە، وردبونەوەی خۆی بە شێوەیەکی بەرایی، بخاتە سەر کەموکوڕی چەمکی پێشکەوتنی مێژوویی و دەرخستنی بە شێوەیەکی کارەساتیی.

## ٥. فەیلەسوفانی گومانگەرا

### (مارکس، نیچە، فرۆید)

دەتوانین بڵێین پرۆسەی فەلسەفەی مۆدێرنە، بە ڕوویەکی تایبەت هەڵگری چەمکی گومانە لە شتەکان، فەیلەسوفی دروستبو و قاڵ، لە خوێندنگەی (دیکارت)دا، دەزانێ شتەکان جێی گومان لێکردنن، بەو شێوەیە نین کە تیا دەردەکەون، بەڵام گومان ناکات لەوەی کە وشیاریی وەها نییە کە بۆخۆی دەردەکەوێت، لە وشیارییدا مانا لەگەڵ ئەوەی وشیاریی بەرامبەری، هاویەکن، بەلام لەگەڵ (مارکس،

نیچە و فرۆیددا وایلێهات گومان لەسەر بنچینەی بە
وتەیەکینر دوای گومانکردن لە شتەکان، چوونە نێو قۆناغی گومانکردن لە خودی وشیاریی خۆی"(٤٣) لەم ڕەوشەدا (پۆل ڕیکۆر) یەکەم کەس بوو هەرکام لە (مارکس، نیچە و فرۆید) ی بە نازناوی (ئوستادانی گومانگەرا) ناوزەدکرد، ئەم ناولێنانە ڕووندەکاتەوە و دەڵێت:"گەر گەڕاینەوە بۆ مەبەستی هاوبەش لە نێوانیاندا، لەوەدا دەیبینینەوە کە سەرلەبەری وشیاریی بە وشیارییەکی ساختە دادەنێن"(٤٤) گومان لە وشیاریی بە مانایەکیدی، گومانە لەو بنەمایانەی کە شارستانیەتی ڕۆژئاوایی لەسەر دامەزراوە، ئەمەش هەوڵێکە بۆ هەڵوەشاندنەوە و پێداچوونەوەی ئەو بنەمایانە. جا ئەم هەوڵانە نەک هەر بەرەنجامێکن بۆ هزری هاوچەرخ، بەڵکو هەوڵی پێشتریش هەن کە بەهەمان شت ئامادەبوونیانیان هەیە لەم بوارەدا، و دوای هاتنەکایە و دامەزراندنی پرۆسەی مۆدێرنە دەردەکەون. لێرەدا جێی خۆیەتی، ئاماژە بە ڕۆڵی بزاوتی ڕۆمانتیکی(٤٥) بدەین. بەرەنجامی گومان و پیاداچوونەوەو هەڵوەشاندنەوەی وشیاریی مرۆڤ، مرۆڤایەتی پێینایە قۆناغێکی نوێوە، و لەم قۆناغەدا زۆرێک لە گۆڕانکاریی گەورە ڕوویاندا کە وێنەی مرۆڤی بۆ خودی گۆڕی، لەم بارەیەوە (داریوش شایگان) دەڵێت:"مرۆڤایەتی لەگەڵ شۆڕشی ڕاگەیاندندا چووە قۆناغێکی نوێوە، کە لە کۆبنیادی شۆڕشی کۆسمۆلۆژی (گالیلۆ) و شۆڕشی بیۆلۆژی (داروین) و شۆڕشی سایکۆلۆژی (فرۆید)دا دایاندەنێت، کە گۆڕانکاری چۆنایەتین و بەشدارییان کردووە لە گۆڕانی وێنەی مرۆڤ بۆ خۆی"(٤٦) چوار هەوڵی دیار بوونە هۆکار، ڕۆڵی خۆیان گێڕا تا ببنە ئەو سەرچاوەیەی کە هەڵوەشانگەرایی سوودی لێوەرگرت، و بە هەوڵێکی پێشوەخت دادەنرێن لە بواری هەڵوەشانگەراییدا، دووان لەم هەوڵانە، دوورترن وکەمتر پەیوەستی ڕاستەوخۆیان هەیە لەگەڵ هەڵوەشانگەراییدا، وەک هەردوو کۆشینی (مارکس و فرۆید)، بەڵام دوانەکەیتر، دۆزە فەلسەفییەکانی ڕاستەوخۆ دەڕژێنە ئەم بوارەوە و کە تەمەش دۆزەکانی (نیچە و هایدگەر) دەگرێتەوە.

دەبینین دۆزەکانی (کارل مارکس و فرۆید) هەرکامێکیان کار لەسەر بەجێهێنانی هەوڵێک دەکەن بۆ هەڵوەشاندنی بنەماکانی مۆدێرنە، بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، ئەو هەوڵانەش بە کۆمەڵێ ڕووداو و گۆڕانکاریی سەرچاوە دەگرن. (فرۆید) لە وتارێکیدا ساڵی (١٩٧١) لە ژێرناونیشانی (قورسایی لەبەردەم شیکاری دەروونیدا) دەربارەی برینی نێرگسی دەدوێت، کە مرۆڤ هەر لە سەرەتای پێگەیشتنیەوە تووشی دەبێت، (کۆپەرنیکۆس) هاوکێشەی سەنتەرگەرایی زەوی قڵپکردەوە لە سیستمی گەردوونییداو بڕیاریدا کە زەوی بە دەوری خۆردا دەسوڕێتەوە، نەک بە پێچەوانەوە، هەر وەکو لە تیۆرە پەیڕەوکراو و یۆنانیە کۆنەکاندا وا بڵاو باو بوو، ئەمەش وایکرد سەنتراڵ بوونی مرۆڤ بەو ئۆرتەی سەروەری گەردوونە، بەر بزوان و شڵۆقان بکەوێت، بووە پاشکۆیەک بۆ سیستمی خۆریی، نەک سەنتەرێ بۆ گەردوون و سیستمی فەلەکی، دواتر (داروین) هات تا برینێکیتر بکاتە جەستەی مرۆڤ، ساتێ دۆزییەوە کە ئەسڵی مرۆڤ نە باڵایە و نە خواییە، بەڵکو ئەسڵی دەگەڕێتەوە بۆ نەژادێکی ئاژەڵیی، ئەو مرۆڤەی بەخۆی دەنازی و لوتبەرز بوو بەوەی کە ئەسڵ و سەروەریی مرۆڤایەتییە لەسەر ئەم زەوییە، خۆی بینی کە ڕەگەزی دەچێتەوە سەر مەیمون، هەرچی سێهەم برینە لەگەڵ (فرۆید) خۆیدا بوو، کاتێ دەریخست مرۆڤ سەروەر و خاوەن بڕیاری خۆی نییە، دەروون لەگەڵ (فرۆید)دا چیتر سەنتەری خۆی نەما، لەژێر ڕووکەشی وشیارییدا، نەست خۆی حەشار داوە، کە دروستکەری بڕیارە زۆر چارەنووسسازەکانی مرۆڤە، بەم پێیە مرۆڤ بریندار کرا بە برینی دەروونیی، دوای دوو برینی گەردوونی و بیۆلۆژی، چەندێ مرۆڤ شانازیکرد بەوەی خاوەنی بەهرە و توانستی وشیارییە، ئەوەتا

ئەو ئازارەی [illegible] جەختیکردەوە لەسەرتەوەی، وشیاریی هێندەی بە قووڵایی نەستییەوە پابەندە، هێند بە ڕووکەشی هەستیەوە پەیوەست نییە، کەواتە هەرکام لە (کۆپەرنیکۆس و داروین و فرۆید) شۆڕشێکیان گێڕا لە وشیاریی و ڕاڤەکاریی (تأویل)دا، ئەمەش لەڕێی داهێنانێکی نەزانراو و نەبیستراو و ئەندێشەنەکراوەوە بەدینەهات، هێندەی ئەوە نەبێت کە مانایەکی نوێیاندا بە شتێک دەریانخست و زەقیان کردەوە، لەتەک ئەواندا پەیوەندیەکانمان بە سروشت و خود و بنەچەوە گۆڕرا، ئەمەش بینگەیەکی جیای بەخشی، کە ڕەوایەتی خودی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بەپێزکرد لە پرۆسە مۆدێرنەکەیدا، هەرچەندە بریندارى کرد بە برینێکی نێرگسیانە و ئازاریدا، بەڵام ئاسۆیەکی نوێ و هەمەکیی، لەچاو جارانیدا، لەبەردەمدا واڵاکرد، هەردوو گومان و خواستی ڕەخنەیی وایان لە (دیکارت)کرد، بنەمایەکی پتەو بۆ خودی مرۆڤایەتی دامەزرێنێت و پرۆسە ئەقڵانیەکەشی تووی هەنگاوە سەرەتاییەکانی مۆدێرنەی لێ سەوزببێت، لەبەر ئەمە زۆر ئاساییە کە "تووی پۆست مۆدێرنە لە گومانکردنەوە سەرچاوە بگرێت، (مارکس و نیچە و فرۆید)کە "فەیلەسوفانی گومانگەرا"ن، وەک بیریارانی پۆست مۆدێرنە ناوزەدیان دەکەن، هەستان بە بنیاتنان تا تواناهەبوون بۆ ڕاڤەکارییەکی نوێ، وەک (فۆکۆ)گوزارشتی لێدەکات"(٤٧)، ئەوان مانایەکی نوێیان نەدا بەو شتانەی کەپێشتر مانایان نەبووبێت، بەڵکو لە ڕاستیدا سروشتی بەڵگەکانیان گۆڕی، ئەو چۆنێتیەیان گۆڕی کە لە توانای بەڵگەکاندا بوو ڕاڤەی پێبکرێت، لێرەدا (فۆکۆ) دەچێتە نێو پرۆسێسی ڕاڤە بۆ ڕاڤە کە هەرکام لە (مارکس، نیچە و فرۆید) پێی هەستان لە خوێندنەوەکەیدا بۆ پرۆسەی مۆدێرنە.

چەمکی ڕووکەش گرنگییەکی زۆری لەلای (مارکس) هەیە، ئەمەش بەو هۆکارەی (مارکس) ئەوەی دەرخست کە هەرچییەک لە قووڵاییدا هەیە لە چەمکی بۆرجوازیەتدا، لە نەخت و بەها و سەرمایە،

[illegible] لێرەدا (ئالتۆسیر) لەگەڵ (فۆکۆ)دا لە خوێندنەوە یا ڕاڤەکاریاندا بۆ (مارکس) یەکتر دەبڕن، "بە پێی (ئالتۆسیر)، تیۆری مێژوویی (مارکس) داننانێت نە بە بوونی خوددا و نە بە بکەری مێژووییدا، بە پێچەوانەی ئەوەی لای مارکسیەکان بڵاوە، ئەو لەبەر ئەمە زاراوەی دابڕانی مەعریفی (ئەبستمۆلۆژیا) خوازە دەکات لە (گاستون باشلار). تا سەرلەنوێ لە پەرەسەندنی مێژوویی مارکسدا بیخاتەوەسەر، هەڵدەستێ بەدابەشکردنی ژیانی فیکری (مارکس) بۆ دوو قۆناغی گەورە، کە لە نێوانیاندا بەردەوامیی نییە هێندەی پتەو و چەسپاندنی دابڕان نەبێت"(٤٨) قۆناغی یەکەم کە قۆناغی لاوێتییە کە درێژ دەبێتەوە بۆ کتێبی (ئایدۆلۆژیای ئەڵمانی) ساڵی (١٨٤٥)، کە ئەو دەمە (مارکس) کەوتبووە ژێر کاریگەری فەلسەفەی هیگڵیی، جەختی لەسەر مرۆڤ دەکردەوە بەو وەسفەی وشیاریی و ویستە (ئیرادە)، و لەسەر مێژووش بەو وەسفەی ئامانج و پێشکەوتنە، بەڵام لە قۆناغی دووەمیدا یاخود قۆناغی پێگەیشتن، (مارکس) چاوی گێڕایەوە بە پەیوەندی جەدەلی نێوان ئایدۆلۆژیا و واقیع، ئایۆلۆژیا چیتر تەنها وشیارییەکی ساختە نییە یاخود ناهاوتا لەگەڵ واقیعدا، سەرلەنوێ ڕێککردنەوەی بەس بێت، تا بتوانرێت وازی لێبهێنرێت و فەرامۆشبکرێت، وەک ئەوەی تیۆری پۆزەتیفیزم پشت بەست بە دەسەڵاتی زانست، مژدەی پێدەدات، بەڵکو" پەیوەندییەکی بەتینە بە بوونی کۆمەڵایەتییەوە بۆ تاکەکان نەک تەنها بونیادێکی سەرخانی بێت بۆی"(٤٩) بەم پێیە (مارکس) دەخرێتە ژێر پرۆسێسی (ڕاڤەکاریی چەندینە) وە وەک (ئەمبرتۆ ئیکۆ) ناوزەدی دەکات، فەیلەسوفانی نوێ(٥٠) جەخت لەسەر خوێندنەوەی (مارکس) دەکەن بەو وەسفەی ڕەخنەگرێکە لە مۆدێرنە و قڵپکەرەوەی بنەماکانیەتی، بەڵکو (دریدا)" تارمایی (مارکس) دەژێنێتەوە بەو وەسفەی ڕۆحێکی تازەگەرە، پێویستە لەسەرمان بانگهێشت بکەین بۆ

[illegible][٥١]

هەرچۆن هزری (مارکس) وایکرد کولتوور بەگشتی و هونەر بەتایبەتی، جەماوەری بێت و گێڕایەوە بۆ ئەو چین و توێژانەی لێی بەدووربوون، شاکار و نمایشە هونەریەکانیان لە شوێنە گشتییەکاندا پیشاندەدا، (بە تایبەت گرنگییەکی تایبەت لەم میانەدا بەر هونەری دیواربەندی کەوت) ئەمانە هەموو نزیکبوونەوەیە لەو داوایە کە بینگەی پۆست مۆدێرنەی لەسەر بنیات نراوە، لە گێڕانەوەی هونەر بۆ خەڵکی گشتی و دەرچوونی لە مۆزە و گالێریەکان. ئەمەش بووە هۆی کەوتنی دیواری جیاکردنەوە لە نێوان کولتووری باڵا و کولتووری نزمدا، بەدرێژایی سەردەمی مۆدێرنە، نوخبەیەکی دیاریکراو کار لەسەر هونەرێکی تایبەت دەکەن، کە بە هونەرێکی باڵای لەقەڵەم دەدەن و خۆیان بەو هونەرە لە خەڵکی گشتی و هونەرەکەیان جیادەکەنەوە.

دەکرێت لێرەوە بەگەڕانەوەمان بۆ لای (نیچە) و هزری نەهلستیی ئەو کە کاریگەرییەکی بە ئاسەواری لەهەڵوەشاندنەوەی بنەماکانی هزری مۆدێرنێتی، لەلایەک و لە بنیاتنانی ڕەگوڕیشەی جدییانە بۆ هزری پۆست مۆدێرنە لە لایەکیتر، هەیە.

دەگەینە ئەو پوختەیەی، کە نەهلستیبوونی بوونگەرایی ئەو، ڕاستگۆیی گوتارە نەهلستیەکەیەتی کە تیایدا خوێندنەوەی بانگەوازێکی نەکردووە، بۆ نەریتی یاخود بێهودەیی، هێندەی ویستویەتی سەرژمێری ئەو دیاردە نەخۆشیی و پەککەوتنانە بکات، کە بەهاکان لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکاندا تووشی هاتوون، " (نیچە) ویستی ڕۆح بکاتەوە بە بەری بۆشی و هیچێتی مرۆڤدا، و مانایەک بۆ بوونی بخوڵقێنێت و وایلێبکات خۆی بەر پرسیارێتی خۆی هەڵگرێ لە بەڕێوەبردنی چارەنووسی خۆیدا و دیاریکردنی دواڕۆژی، بەشێوەیەک کە ناسنامەی پێشوەخت یاخود پێناسەی یەکلاکەرەوە و کۆتایی تیایدا دیلی نەکەن"[٥٢] ئەمەش وای لە (نیچە)کرد "کە هاوچەرخ بێت بۆ هزری هاوچەرخی یاخود پۆست مۆدێرنەیی بێت زیاتر لەوانەی لە سەردەمەکەدا دەژین، بەڵام خاوەن ڕۆحیی نین، هەر ئەمەشە وادەکات پێداویستی بۆ گێڕانەوەی نەک تەنها هەر ڕەوایەتییەک بێت و بەس"[٥٣]، بەڵکو بەشێک بێت لە پرۆسەی گەیاندنی فەلسەفیی دامەزراو لەسەر زیندووکردنەوەی پێشڕەوان، لەپێناو بریندارکردنی نوێ و ڕووهەڵماڵین لە ڕابوردوو تا داهاتوو ببێتە میراتگرێکی ڕەوا و خاوەن پێشبینیکردنی ڕابوردوو، کە هیچ زەینێک ڕوونیی پێنابات، جگە لە پێشڕەوانی خودگەرایی نەبێت، کە (نیچە) سەردەستە و پەیامبەری نوێگەریی ئەوانە.

**٦. هایدگەر و جەختکردنەوە لەسەر بوون:**

شتێک نابێت نامۆ و سەیر کە (هایدگەر) جەخت لەسەر میتافیزیکی[٥٤] بوونی (نیچە)بکات، بەڵام بە ڕووکەشێکی نوێوە، چون میتافیزیکا لای (هایدگەر) بە مانای ئەنتۆلۆژیا دێت، (ویستی هێز)یش کە (نیچە) بانگەوازی بۆکرد، (هایدگەر) جارێکیتر دەیگێڕێتەوە لە (ویستی توانا)دا بەرجەستەی دەکات، چیتر وشیاریی وێناکردنێکی تیۆریی نەما، بەڵکو بووە حیسابێک پاشکۆبێت بۆ توانا، توانای مرۆڤ لە گۆڕانکاریی وشیاریی بۆ مەعریفە، هیچ حیسابێک ناکات بۆ خودی خۆی نەبێت، کاتێکیش تێپەڕکردنی میتافیزیکاش بەدیهات، گرفتی سەرەکی کە هزری (هایدگەر)ی کۆنترۆڵ کردووە لە زۆربەی کارەکانیدا، ئەو جەخت لەسەرئەوە دەکاتەوە کە ئاراستەی لێدانەکانمان بۆ میتافیزیکا دەبێت لە ناوەوەی خۆیەوە بێت، چونکە بەمە نەبێت، خەونی تێپەڕکردنی نایەتەدی.

کەواتە (هایدگەر) وایدەبینێت کە پرۆسێسی هەڵوەشاندنەوە لای (نیچە) تەواو نەبووە، لەبەرئەوەی (نیچە) نەیتوانیوە خۆی لە کاریگەریی ژێدەرە هزرییەکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایی بپارێزێ، ئەو" خاکی میتافیزیکای جێنەهێشت، هەوڵەکانیشی

[illegible]
بە هەستیکردن و واقیعیکردنی شتەکانەوە پێگەی لاسەرویان داگیرکرد، ئەوانە بوونە جیهانی ڕاستیی، و شتە ئایدیالیەکان، و هزرە جیاکان، بوونە جیهانی وەهمیی، لەڕێی ئەوەی جەستە جێی خودی بیرۆکە بگرێتەوە"[٥٥] ئەو لە هەوڵیدا"بۆ ڕەتکردنەوەی بوونی خواوەند، لە هەمان ساتدا کاری لەسەر بەخواوەند کردنی ئەوچەمکانەی کرد، کە لە داهێنانی خۆی بون، وەک چەمکی مرۆڤی باڵا و هێز"[٥٦] ئەمە لەکاتێکدا (هایدگەر) وایدەبینێت کە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە، بۆ ئەوەی سەربگرێت پێویستە لەسەری ئەوە تێپەڕێنێت" ئەگەر ئەو هزرە فەلسەفییەی کۆنترۆڵی مۆدێرنێتەی ڕۆژئاوایی لەسەرەتاوە کردووە، جەخت لەسەر هەبوو (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم) بکاتەوە، و خودی بوون خۆی فەرامۆشبکات (بیرچوونەوەی بوون) ئەوە هەڵگری میتافیزیکایە"[٥٧] کێ باڵایە، داننانێت بە ئەویدی لەخۆی جیاوازدا (بێدەنگیکردن لێی) و ئەو ئەقڵانیەتیی سیستەمەی کە ئەم پرۆسەیە بانگەوازی بۆ دەکات، شتێک نییە تەنها "هەژمونی ئەقڵانییەت نەبێت لەسەر هەموو دەرکەوتەکانی ژیان، ئەو خودەش کە بە بنەمای جیهان و تاکە پێوانەی دادەنێت، (میتافیزیکای خودگەرایی) وایلێدەکات ئەو تەکنیکە بنوێنێ، کە باڵی کێشاوە بەسەر هەموو دەرکەوتەکانی ژیاندا، سەرشۆڕکردنی سروشت و ملکەچ پێکردنی بۆ لوتبەرزیی مرۆڤ، و ڕوانینە بونەوەران وەک ئەوەی ژمارە بن و بەڕێوە ببرێن بەڕێوەبردنێکی بیروکراتی، بووە مایەی دەرکەوتنی تۆتالیتاریەتێکی کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕامیاری"[٥٨]

ڕوانگەی (هایدگەر) بۆ ئەو ڕەوشە توندوتیژەی مۆدێرنەی ڕۆژئاوایی هەڵگریەتی، لە بنەڕەتدا بەرەنجامی کاریگەریبوونیەتی بە دۆزی (دیکارت)، دەرباری باڵابوونی خود بەسەر واقیع (بابەت) دا، " بەم شێوەیە لەبری ئەوەی تانوپۆی چنراوی، ئەو جیهانەی کەتێیداین و دەژین، تاقیبکەینەوە، هەڵدەستین بە چاودێریکردنی، بەو وەسفەی

[illegible]
زنجیرەیەک لە دوالیزم، کە ڕووداوی دابەشبوون لەنێوان خود و بابەتدا هێناویەتە بوون، مۆدێرنەش بەم مانایە دەبێتە نکوڵیکردن بۆ مانای بوونمان لە جیهاندا، دواتریش هەموو پەیوەندییەکان مۆرکێکی ئامرازگەرایی وەردەگرن"[٥٩] بۆیە هەر دەبوو پرۆسیسی هەڵوەشاندنەوە و قڵپکردنەوە، بۆ ئەم کۆشکە فەلسەفییە مۆدێرنەییە، بەجێبهێنرێت، تا خەسڵەتی ئەو خەوشانە دەرکەوێت کە لەخۆی گرتووە، و ئەو باڵابوونە درۆینەیەش بسڕێتەوە کە خۆی پێوەسف دەکات، لە میانی"جەختکردنەوە لەسەرخودی بوون خۆیەوە، و دانانی مرۆڤ و خود و ئەقڵ بە پاشکۆیەک بۆ بوون"[٦٠] بەمەش (هایدگەر) ئەو جەدەلیەتەی سەراپا هەڵگێڕایەوە کە داوەریی هزری مۆدێرنێتی ڕۆژئاوای دەکرد، "لەبری جەختکردنەوە لەسەر مرۆڤ، وەک ژێدەری یەکەم بۆ بوون، جەخت لەسەر بوون خۆی کرایەوە "[٦١] کەواتە (هایدگەر) گەیشتە ساتی تێپەڕاندنی میتافیزیکا، دوای هەستکردنی بەوەی، میتافیزیکا گەیشتۆتە چڵەپۆپە، و مێژووی میتافیزیکا چەشن گەلێکە لە وەهم و هەڵەی سەرەکیی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، ناکرێت وێنای قۆناغێک لە قۆناغەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤایەتی بکەین، بەبێ سێبەری میتافیزیکا، لەبەرئەوەی چارەنووسی بوون و داڵدەی بووە، هیچ ڕێگەیەکیش نییە بۆ ڕزگاربوون لێی تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکا نەبێت، کە لەدواجاردا دەبێتە هۆی تێکچوونی هەموو ڕاگرەکانی بوونی مرۆڤایەتی، ئەو دەمە هیچ نامێنێتەوە، تەنها مرۆڤ نەبێت، ڕوتوقوت لە وەهمەکان لەبەردەم حەقیقەتی بووندا، بەمەش ئەو زەمینە مەعریفیی و ڕەخنەییەی، هەریەک لە (نیچە و هایدگەر) کاری لەسەر دەکەن، لێکنزیک دەبێت ئەگەر نەبێتە یەک، هاوکات دەبێتە خاکێکی بە پیت، تا هزری ئەو پۆست مۆدێرنانەی تیا سەوز ببێت، کە شێلگیرییەکەن لەسەر عەدەم بەو وەسفەی حەقیقەتی بوون و مانای ژیانە.

**پەراوێزەکان:**

(١) دارک، سیدنی: مێژووی ڕێنسانس، و: ئەبوبەکر خۆشناو، سلێمانی: ڕێکخراوە دیموکراتییەکان، ٢٠٠٢، ل٣٧.

(٢) خريسان، باسم علي: مابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٣٤٥.

(٣) الشيخ، محمد وياسر الطائري: مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٢.

(٤) جهانبەگلو، ڕامین: مۆدێرنەکان، سەرەتایەک بۆبیری فەلسەفیی هایدگەر، و: ئازاد بەرزنجی، سلێمانی: چاپخانەی حەمدی، ٢٠٠٣، ل١٠٤.

(٥) هەندێ وایدەبینن کە ڕۆڵی(دیکارت) کاریگەر بووە لەهەردوو بواری چەمکی ئەقڵانی و خودگەرایی، بە پلەیەک مێژووی سەرەتای دەرکەوتنی مۆدێرنە دەگێڕنەوە بۆ مێژووی دەرکەوتنی هزری(دیکارت).»مۆدێرنە بنەما هزریەکانی خۆی لەگەڵ ئەقڵگەرایی (دیکارت)دا داڕشت، کە بیریاری ئەمریکی پۆست مۆدێرنەیی (ڕیتشارد ڕوروتی) بە باوک و دامەزرێنەری مۆدێرنە ناوزەدی دەکات» بڕوانە: هابرماس: الحداثة مشروع ناقص، الفكر العربى المعاصر، العدد: ٣٩ أيار/ حزيران ١٩٨٦، ل٤٢.

(٦) كونتغهام، جون: العقلانية، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٧) زەیمەران، مەحەمەد: مۆدێرنە وپۆست مۆدێرنە، گفتوگۆی محمد ڕەزا ئیرشاد، و: عومەر سەرگەتی، گۆڤاری مەدەنیەت، مەکتەبی ڕێکخراوە دیموکراتیەکان، ژمارە: ٢٢ – ٢٣ ئاب و ئەیلولی ٢٠٠٧، ل١٦٥-١٦٦.

(٨) سبيلا، محمد: الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٠٧.

(٩) زيادە، رضوان جودت: صدى الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل[illegible].

(١٠) سبيلا، محمد: الوعي الفلسقي بالحداثه بين هيغل وهيدغر، الفكر العربي المعاصر، العدد: ١١٦-١١٧، خريف ٢٠٠٠ وشتاو ٢٠٠١، ل٢٥.

(١١) سى. رايت مليز. من العصر الحديث الى العصر مابعد الحديث، ترجمة: كريم الجاف، العرب، لندن، العدد: بلا، الخميس ٢٠٠١/١١/٨، ل٧.

(١٢) الشيخ، محمد وياسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٣٠.

(١٣) كونتغهام، جون: العقلانية، ت: محمود منقذ الهاشمي، حلب: مركز الإنماء الحضاري، ١٩٩٧، ل٧. هەروەها: برتران سان – سرنان. العقل فى القرن العشرين، ت د. فاطمة الجيوشي، دمشق: وزاره الثقافة، ٢٠٠٠، ل٣٩.

(١٤) هيجل. علم ظهور العقل، ترجمة: مصطفى صفوان، بيروت: دار الطليعة، ١٩٨١، ل ٨.

(١٥) هايدجر، مارتن: الفلسفة في مواجهة العلم والتقنية، ترجمة: د. فاطمة الجيوشي، دمشق: وزاره ثقافة، ١٩٩٨، ل٢٤.

(١٦) هيجل. علم ظهور العقل، سەرچاوەی پێشوو، ل٩.

(١٧) الشيخ، محمد وياسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٤٥.

(١٨) صالح، هاشم: المعركة بين العقلانية واللاعقلانية في الفكر الاوروبي، دراسات عربية، العدد: ٦/٥ السنة ٣٤، اذار نيسان ٢٠٠٣، ل٩٨.

(١٩) دولوز، جيل: المعرفة والسلطة: مدخل لقراءة فوكو، ترجمە: سالم يفوت. بيروت: المركز الثقافي العربي، ١٩٨٩، ل١٢١.

(٢٠) زيادة، رضوان جودت: صدى الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٤١.

(٢١) نيتشه، إنساني مفرط فى إنسانيتة، ت: محمد الناجي، بيروت: أفريقيا الشرق، ١٩٩٨.

(٢٢) مونتيسي. العلم العربي. ترجمة وتقديم: حسان بورقيه ومحمد الناهي، الدار البيضاء: أفريقيا الشرق، گ/١، ١٩٩٣.

(٢٣) (میتافیزیکای ئەفلاتون) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە سیستمێک هەیە فەرمانڕەوایی گـەردون دەکـات و خـۆی دەسـەپێنێ بەسەر سروشت و کۆمەڵگە و تاکەکاندا، ئەوپەڕی ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت بەدیبێنێت، ئەوەیە کە نهێنیەکانی ئەم سیستمە بدۆزێتەوە، پەی بە ڕازی حوکمە میتافیزیکیە شارراوەکان بەرێت، و ملکەچیان بکات، مۆدێرنە ئەو دەمە دروستبوو کە هزری فەلسەفیی دەسـتبـەرداری ئـەم میراتییە بـوو، مـرۆڤ چووە کەشتی ئازادی و هاوکات دڵەڕاوکێوە، و حوکمیش مۆرکە پیرۆزەکەی خۆی ونکرد، پراکتیزەکردنی هـزری ئەقڵانیی سنورە بەسەر سەپێنراوەکانی ڕابووردوی بەزاند، و مرۆڤ لەو ساتەوە پەی بەوە برد کە خۆی دروستکەری مێژووی خۆیەتی. کەواتە مۆدێرنە ئەو دەمە دەستپێکی وەرگرت کە مرۆڤ ڕزگاربوونی خۆی لە حوکمی سیستمی گەردونیی ڕاگەیاند. لەم بارەیەوە بڕوانە: سمير أمين، تجاوز الحداثة أم تطويرها، مجلة الكرمل، العدد /١٥، ربيع ١٩٩٧، ملف خاص، ل٢٥.

دەربـاری تێڕوانینی پۆست مۆدێرنە لەسەر ئەفلاتونیزم:

پۆست مۆدێرنە لەوەدا کاردەکات کە کۆتاییەک بۆ فەلسەفە لە وێنە ئەفلاتونیەکەیدا دابنێت، کە دەڵێت ئەرکی فەلسەفە وفەیلەسوف، دۆزینەوەی حەقیقەتە، بەڵام ئەوەی پۆست مۆدێرنە دەیبینێت، حەقیقەتێکی ڕەهـا، بوونی نییە تا بدۆزرێتەوە، بەڵکو حەقیقەت ڕێژەییە و مرۆڤ خۆی فۆرمەلەی دەکـات، بۆ ئەمە (ڕیتشارد روروتـی) دەچێت بۆ بانگەوازکردنی زەرورەتـی وێناکردنی فەلسەفە وەک ئەوەی شێوەیەک بێت لە شێوەکانی وازهێنان لە وتنی حەقیقەت. بڕوانە:جدیدی، محمد: الحداپە ومـابعدالـحداثە فی فلسفە ریـتشـارد روروتـی، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل[illegible].

(٢٤) سبيلا، محمد: الحداثه ومابعد الحداثه، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٠٧

(٢٥) الجاف، كريم حسين: مسألة الوجود فى فلسفة مارتن هيدجر، رسالة ماجستير مقدمة الى كلية الأداب/ قسم الفلسفة، جامعة بغداد، ٢٠٠٠، ص٤١.

(٢٦) الـداوي، عـبدالـرزاق: مـوت الإنـسـان في الخطاب الفلسفي المعاصر. بيروت: المركز الثقافي العربي، ١٩٩٧، ل٣٤.

(٢٧) المسيري، عبدالوهاب: اليهودية ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٠٧.

(٢٨) بدوي، عبدالرحمن: نيتشه. الكويت: وكالة المطبوعات، ط/٥، ١٩٧٥، ل١٦٣.

(٢٩) فاتيمو، جياني: نهاية الحداثة، الفلسفات العدمية والتفسيرية فى ثقافة مابعد الحداثة، ترجمة: فاطمة الجيوشي، دمشق: وزاره الثقافة، ١٩٩٨، ل١٨٧.

(٣٠) زيـادة، رضـوان جـودت: صـدى الحداثة ومـابعد الحداثة في زمنها القادم، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٤٢.

(٣١) بیروڕاکان لەیەکتر جیاوازن دەربارەی لێکدانەوەی تیۆری (گەڕانەوەی هەمیشەیی). ئازاد حەمە وایدەبینێت کە ئەم تیۆرە تیۆرێکی میتافیزیکی نوێیە دژی فەلسەفەی (پلاتۆن و هیگڵ). ئەم تیۆرە لەبیری فەلسەفی نیچەدا بەگشتی و لە بەرهەمی (ئـاوا دوا زەرادەشـت) دا بەتایبەتی گرنگی بێ سنوری هەیە. ئەوەی بەرچاوییە، هۆی گەڕانەوەی هەمیشەیی، سەرهەڵدانی زەرادەشتە کە ئەویش باوکی مرۆڤی باڵایە. ئەم تیۆرە، کە لە فەلسەفەی نیچەدا شاعیریەتێکی تایبەتی هەیە و سەرچاوەکەشی (هێراکلیتیسیە)، ئەوەمان بۆ سانادەکا کەچرکە ساتەکانی ژیـان شتێکی سەرپێی و بەسەرچوو نین، بەڵکو هەمیشەیی و نەمرن. ئەم دیدەش دژی میتافیزیکیە بۆ ژیان. چونکەدیدی میتافیزیکی بۆ

خۆی پێی وایە [illegible]
ئازاد حەمە. بیری پۆست مۆدێرنیزم، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٩٢-١٩٣.

هەروەها (کارل یاسپرز) گەڕانەوەی هەمیشەیی بە یەکێک لە ڕاگرەکانی هزری فەلسەفیی لای نیچە دادەنێت، لەژێر تیشکی بیروڕاکانی دەربارەی گۆڕانە بەردەوامەکان و کۆتا نەهاتنی زەمەن، گەیشتۆتە ئەم بیروڕایە. بڕوانە:

Karl Jaspers. Nietzsche: An Introduction to Understanding of His philosophical Activity, p: ٣٥٤.

هەروەها (د.محەممەد کەمال) لەم بارەیەوە دەڵێت: مەبەست لە گەڕانەوەی هەمیشەیی ئەوەیە، کە بوونێک جارێکی دیکە، وەکو خۆی پاش لەناوچوونی دەگەڕێتەوە بۆ ژیان و نێو ڕووداوەکان. گەڕانەوەکەشی هەمیشەییە. ئەوەی ڕاستی بێت، لەسەرەتای خوێندنەوەمەوە و هەوڵدانم بە گەیشتن بە بیروڕای نیتشە نەمتوانیوە لەم کێشەیە تێبگەم، ئێستاش بەڵگەکانی نیتشە نەیانگەیاندوومەتە کەناری باوەڕهێنان بەم کێشەیە، ..بە بیروڕای من، لەگەڵ دامەزراندنی میتافیزیکی هیچگەرایەتیدا (نیهیلیزم) کە هەموو مەبەستێک و پلانێکی لە پێشتر دانراو بۆ بوون هەڵدەوەشێنێتەوە، نەدەبوو نیتشە ئەم کێشەیەی زیندوو بکردایەوە. بێجگە لەمەش گەڕانەوەی هەمیشەیی بیرۆکەیەکی ئەفسانەیی(میتۆلۆجیانەیە) لەگەڵ بەردەوامی پەرەسەندندا لەنێو بووندا ناکۆکە. بڕوانە: د. محەمەد کەمال: نیتشە وپاش تازەگەری، سلێمانی: دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم، ٢٠٠٦، ل٩٧-١٠٥.

(٣٢) نیتشە، فریدریک: هکذا تکلم زرادشت، ت: فلیکس فارس، بیروت: دار القلم، ب.س، ل١٢٢.

(٣٣) حەمە، ئازاد: بیری پۆست مۆدێرنیزم، سەرچاوەی ئاماژە پێکراو، ل٨٢.

(٣٤) الشیخ، محمد ویاسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێکراو، ل٦٤-٦٥.

(٣٥) سبیلا، محمد: الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێکراو، ل٤٧-٤٨.

(٣٦) هابرماس، یورغن: القول الفلسفي للحداثة، ترجمة: د. فاطمة الجیوشي، دمشق: وزاره الثقافة، ١٩٩٥، ل٤٠١.

(٣٧) الشیخ، محمد ویاسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٥.

(٣٨) إ. نوکس. النظریات الجمالیة: کانط، هیجل، شوبنهاور، ت: د.محمد شفیق شیا، بیروت: منشورات لحسبون الیقافیه، ١٩٨٥، ص١٠٥.

(٣٩) الشیخ، محمد ویاسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

(٤٠) زیادة، رضوان جودت: صدى الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٧٨.

(٤١) فوکویاما، فرنسیس: نهایة التأریخ والانسان الأخیر، ت: فؤاد شاهین، جمیل قاسم، فؤاد الشایبي، تقدیم: مطاع صفدي، بیروت: مرکز الانماء القومي، ١٩٩٣، ل٥٦.

(٤٢) تورین، الان: نقد الحداثه والحداثه المظفره، ترجمة: صیاح الجهیم، دمشق: وزارة الثقافة، ١٩٩٨، ص٢٣٥.

(٤٣) الشیخ، محمد: مشروع التفکیک لدى جاك دریدا، دراسات عربیة، العدد: ٨/٧، أیار/ حزیران، ١٩٩١، ص٥٧.

(٤٤) ریکور، بول: الذات عینها کآخر، ترجمة وتقدیم وتعلیق: د. جورج زیناتي، بیروت: المنظمة العربیة للترجمة، ٢٠٠٥ ص٤١.

(٤٥) بزاوتی ڕۆمانتیکی: ئەم بزاوتە لەنیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەدا لە ئەڵمانیا هاتەکایە، دواتر پەلی کێشا بۆ وڵاتانیتری ئەوروپی وەک بزاوتێکی دژ بە بزاوتی ڕۆشنگەری لەهەموو ئەوەی ئەم بزاوتە هێنایەکایە و ئەفراندی، ساتی بزاوتی ڕۆشنگەری بە تاکگەرایی و خودگەراییدا هەڵدەدات

و مرۆڤ لە هەموو [illegible] و نەو ڕەوشەی بوونی تێدایە ئازاددەکات، ڕۆمانتیزم تاک فڕێدەداتە نێوەندی میللەتەوە، و ملکەچی دەکات ملکەچکردنێکی تەواو یا نیمچە تەواو بۆ دەوڵەت و کڵێسا، مرۆڤ لای ئەو بارستەیەکە لە ڕابردوو پەیوەستە بە جێگەیەکی دیاریکراوەوە، و دیاریکراوە بە زەمەنێکی زانراوەوە، گەر ڕۆشنگەریی سەدەکانی ناوەڕاست ڕەتبداتەوە، ئەوا لەلای ڕۆمانتیزم باڵاترین سەردەمەکانی مرۆڤایەتییەو لێوانترینیانە بە چاکە وجوانی، گەر (یەزدان) لەلای فەیلەسوفانی ڕۆشنگەری دەرنەکەوێت تا نەگەنە گۆڕەپانی ئاکار بە تەنها، ئەوا ڕۆمانتیزم یەزدان ئامادەبوو لە هەموو شتێکدا دەبینێت و ئاسەواری بە دیار، لەسەر هەموو ئافەریدکراوەکان دادەنێت، بەڵکو سروشت سەراپا زیندو و وادەبینن کە ڕۆحی خوای تێدابێت، هەر لەگەڵ ڕۆمانتیزمدا چیتر جیاکاری نییە لەنێوان دوو جیهانی، ئەزمون و ئەقڵی پەتی، وەک لە ڕۆشنگەریدا ڕوویدا، لە بواری ئابووریدا لایەنگیری ڕێبازی (ئادەم سمز) دەکەن، و لە ئازادی بازرگانی و پیشەسازیدا داوای خستنە دەستی دەوڵەتی ژیانی ئابووری دەکەن، بە گێڕانەوەی سیستمی نەقابەکان کە سەدەکانی ناوەڕاستی دەبرد بەڕێوە، و وازهێنان لە ڕێکخستنی زانستی بۆ کار و دابەشکردنی، ئەم بزاوتە کە لە دۆزەکانیدا هەوڵی هەڵوەشاندن و قڵێکردنەوەی بنەماکانی مۆدێرنە دەدا، نەیتوانی بەردەوام بێت لەم ڕەوشەدا، لەبەر هاتنەکایەی بزاوتێکیتر کە درێژکراوەی بزاوتی ڕۆشنگەری بوو، کە بزاوتی(پۆزەتیڤیزم وەزعیەت)ە و بریتیە لە ڕوانگەیەکی گەردونیی دەرهاویشتە لە هزرێک کە ئامرازگەرایی پێکیهێناوە، لەم بارەیەوە بڕوانە: بدوی، عبدالرحمن: نیتشە، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٣٥-١٤٣.

هەروەهابڕوانە: بیطار، زینات: غواية الصورة، بیروت دار البیضاء: المركز الثقافي العربي للنشر والتوزيع، ١٩٩٩.

(٤٦) شايغان، داريوش: أوهام الهوية، ت: محمد علی مقلد، لندن: دار الساقي، ١٩٩٣، ل٥٦.

(٤٧) فوكو، ميشيل: نيتشه، فرويد، ماركس، ت: عبدالسلام بنعبدالعال، مجلة الكرمل. هەروەها بڕوانە: مقدمة فوكو لكتاب نيتشه، الفلسفة في العصر المأساوي الإغريقي، ت: سهيل القش (بيروت: المؤسسة الجامعية، ط٢، ١٩٨٣).

(٤٨) ألتوسير، لويس: قراءة رأس المال، ترجمة: تيسير شيخ الارض، دمشق: وزارة الثقافة، ١٩٧٤، ص٦٢.

(٤٩) بوشلاكة، رفيق عبدالسلام: مأزق الحداثة والخطاب الفلسفي لما بعد الحداثة، إسلامية المعرفة. العدد: ٦، السنة الثانية، شتاء ١٩٩٦، ص١١٠.

(٥٠) وتەی فەیلەسوفانی نوێ ناگێڕێتەوە بۆ مێژوویەکی زەمەنی بەهێندەی گوزارشتە لە پراکتیزەکردنێکی نوێ بۆ فەلسەفە، و سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ چەمک و ئەرکی بە شێوەیەکی جیاواز لەتەک (دۆلۆز، دریدا، فۆکۆ... ئەوانی دیدا) بەشێوەیەک کە فەلسەفە چیتر ئەو بونیادە مەعریفییە گەورەیە نەمێنێت، کە ئەرکەکانی سەرلەنوێ لێکدانەوە کردن بێت بۆ جیهان و گەڕان بەدوای پرسیارە میتافیزیکیەکانی، بەڵکو ڕۆڵی دیاریکراو دەبێت بە بریندار کردنی چەمک و ئامرازە مەعریفیەکان بەو وەسفەی ئامرازی ناسینی خود و ئەوانی دین، بەوەی لە کۆتاییدا جەخت لەسەر خواستی جیاوازی بکاتەوە و فرەیی و هەمەجۆریی و گۆڕانکاریی پتەو بکات و بچەسپێنێت.

(٥١) دريدا، جاك: أطياف ماركس، ترجمة: د. منذر عياشي، حلب: مركز الإنماء الحضاري، ١٩٩٥، ل٤.

(٥٢) حرب، علي: الجنون من فرط العقل أو محنة الإنسان الأعلى، السفير الثقافي، الجمعة، ٢٣/ حزيران/ ٢٠٠١.

(٥٣) وهبة، موسى: نقد الحاجة الى نيتشه، السفير الثقافي، الجمعة ٢٤/ تشرين الثاني ٢٠٠٠، ل٢٦.

[illegible]

فەلسەفە) وەها وەسفی نیچە دەكات كە سانەوەختی كامڵبوونی میتافیزیكای ڕۆژئـاوایـی دەنوێنێ، لەبەرئەوەی ئەم میتافیزیكا یاخود ئەنتۆلۆژیایە، شتێک نییە تەنها كەوتنە نێو هەڵەی سەرەكییەوە نەبێت بۆ بوون.

(٥٥) الداوي، عبدالرزاق: موت الانسان في الخطاب الفلسفي المعاصر، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٣٨.

(٥٦) حرب، علي: الممنوع والممتنع، نقد الذات المفكرة، بيروت، المركز الثقافي العربي، التأريخ (بلا)، ل٥٦.

(٥٧) سبيلا، محمد: الوعي الفلسفي بالحداثة بين هيغل وهيدغر، مجلة الفكر العربي المعاصر، بيروت: مركز الإنماء القومي، العدد: ١٢٦ – ١٢٧، ٢٠٠٠–٢٠٠١، ل٢٦.

(٥٨) الشيخ، محمد وياسر الطائري، مقاربات في الحداثة ومابعد الحداثة، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل١٥.

(٥٩) صالح، فخري: الأسس النظرية لما بعد الحداثة، مجلة: أفكار – الأردن، العدد: ١٤٦ تشرين الأول، ٢٠٠٠، ل١٧.

(٦٠) الـداوي، عبدالرزاق: سـەرچـاوەی ئاماژە پێدراو، ل٤٢- ٧٥.

(٦١) الجاف، كريم حسين: مسألة الوجود في فلسفة مارتن هيدغر، سەرچاوەی ئاماژە پێدراو، ل٥٤.





# قوتابخانەی دەروونشیکاری

# لە ڕەخنەی ئەدەبیدا..

پێشڕەو عەبدوڵڵا

بۆ تێگەیشتن لە بنەما سەرەکییەکانی قوتابخانەی دەروونشیکاریو ئەو ڕوانینانەی کە هەیەتی بۆ ئەدەبو دیاردە ئەدەبییەکان، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دامەزراندنی زانستی دەروونشیکاری. ئەویش زانای ئەڵمانی سیگمۆند فرۆیدە (١٨٥٦-١٩٣٩) بەتێگەیشتن لە چەمکو داهێنانەکانی فرۆید، دەتوانین دەروازەیەکی گەورە بکەینەوە بۆ ئاشکراکردنی ئەو ڕوانینانەی ئەم قوتابخانە هەیەتی بۆ سەر چەمکی ئەدەب.

ئێمە لەم باسەدا هەوڵ دەدەین لە ڕێگەی دووبارە شیکردنەوەی چەمکەکانی تیۆرەکانی فرۆید، ئەو بنەمایانە بناسێنین کە ئەم قوتابخانەیە کاری پێدەکات لەسەر دەقو نووسەر بەگشتی، چونکە گەر بمانەوێت بەڕوونی سەیرگەکانی ئەم ڕێبازە بناسین ئەوا دەبێت چەمکە دەروونییەکانی فرۆیدمان لا تەواو ڕۆشنو ئاشکرا بێت، بۆیە وەک سەرەتای باس چەمکەکان باس دەکەین، پاشان لەوێوە وابەستەی دەکەینەوە بە دەقی ئەدەبیو ئەدیبەوە، تا بزانین فرۆید چۆن ڕوانیویەتە دەقی ئەدەبییو کاری هونەریی بەگشتی، چونکە هەر ئەم ڕوانینەی فرۆید بوو دواتر بووە بەردی بناغەی ئەم قوتابخانەیەو دواتر زانا هاوکارەکانی وەک جۆزیف برۆیەر (١٨٤١-١٩٢٥)و ئەلفرێد ئەدلەر (١٨٧٠-١٩٣٧)و کارل یونگ (١٨٧٥-١٩٦١) زیاتر فراوانیان کردو گەشەیان پێدا[١].

دەخێزا بەڵکو ویستی ناوەوە دەمانهێنێت هەر کارێک مرۆڤ تەنجامی دەدات بەتەنها یەک هۆی نییە، کە هۆی واقیعی بێت، بەڵکو هۆی دەروونیش هۆیەکە فشار دەخاتە سەر مرۆڤ، هەتا کارێک ئەنجام بدات. بۆیە دواتر هات نەستی دابەشکرد بەسەر دوو ڕەهەندی جیادا.

#### آ. نەستی شاراوە:

ئەم جۆرە لە نەست لای فرۆید، شتێکە بەشێوەیەکی سروشتی هەیە لە مرۆڤداو توانای ئەوەی هەیە بێتە ناو جیهانی هەستییەوە. (نەستی شاراوە توانای هەیە بێتە ناو هەستەوە)[٤].

ئەمەیشی بەکۆمەڵێک وزەی شاراوەی وەسف کرد کە لەناو مرۆڤدا هەیە، واتە نەستی شاراوە کۆمەڵێک وزەی شاراوەیە لە مرۆڤدا نیازی بەوە هەیە دەرکەوێت. بەمانایەکیتر، نەستی شاراوە کە بۆ خۆی پەتیە ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە شتە دەروونییەکانی ناو مرۆڤ هەروا بەبێ جووڵە دانانیشن، بەڵکو هەوڵ دەدەن لەسەر ئاستی جەستە دەرکەون و بێنە ناو واقیعەوە. (مجرد Abstract)و دەیەوێت ببێتە هەستیو عەینی بێتەوە، واتە بێتە ناو واقیعەوە.

#### ب. نەستی چەپێنراو:

ئەم جۆرە لە نەست توانای نییە بێتە ناو واقیعەوە (هەست)، بۆچی؟ چونکە ئەم جۆرە لە نەست کە دواتر خۆی لە (ئەو –Id)دا دەبینێتەوە، دەبێت بەفلتەری (من – Ego)دا بڕواتو (من)یش نوێنەری جیهانی واقیعە، ڕێگە نادات هەموو نەستەکان دەرکەون لە واقیعدا، چونکە واقیع مەرجی هەیە بۆ دەرکەوتنی شتەکان مرۆڤ لە واقیعدا ئازاد نییە، لەوەی چی بڵێتو چی بکات، ئەوەشی دەیکات دەبێت بەپێی چۆنایەتییەکو فۆرمێک بێت کە لە واقیعەکەدا ڕێگە پێدراوە.

ئالێرەوە، کۆمەڵێک خەونو حەزو خولیاو.... تاد، مرۆڤ هەیە دەچنەوە ناو مرۆڤو نایەنەدەر، کە



فرۆید

#### ا. هەستو نەست:

(دابەشکردنی ئەوەی پێی دەڵێن دەروون بۆ هەستو نەست مەبەستی سەرەکی دەروونشیکارییە)[٢] فرۆید لێرەدا لە یەکەمین هەنگاویەوە دوو جیهان جیادەکاتەوە لەناو مرۆڤدا، ئەویش جیهانی هەستو جیهانی نەستە. ئەم بنەمایە بوو دواتر وایکرد زانستی بایەلۆژیو زانستی دەروونشیکاری لە یەکتر جیاببنەوە، چونکە یەکەمین هەوڵی فرۆید ئەوەبوو ئەم دوو زانستە لەیەک جیابکاتەوەو ئەوە ساغ بکاتەوە نەخۆشی دەروونی پەیوەندی نییە بە ناتەواوییەکانی جەستەی مرۆڤەوە، واتە جیهانی هەست جەستەی مرۆڤ تیایدا چالاکەو مەیدانی زانستی بایەلۆژییە، بەڵام جیهانی نەست دەکەوێتە پشت جەستەوەو دەروون تیایدا چالاکەو زانستی دەروونشیکاری بەمەیدانی خۆی دەزانێت.

هەروەک دواتر فرۆید گوتی:

(ئەو دابەشکردنە بوار دەڕەخسێنێت کە لە حاڵەتی نەخۆشی تێبگەین لە ژیانی دەروونیدا)[٣].

فرۆید کاتێک هەستو نەستی جیاکردەوە، بۆ ئەوە نەبوو ئیتر ئەم دوو جیهانە لە یەکتر داببڕێت،

فرۆید بەلایەنی چەپاندن(٥) باسی دەکات.

واتە لێرەوە ئەوە ڕوون بۆوە مرۆڤ لە نێوان دوو شتا ڕادەوەستێت، ئەویش (هەستو نەست)ە، نەستیش بەشێکی هەیە لە بەرامبەر واقیعدا تووشی سڵەمینەوە دەبێتو دەڕواتەوە ناو مرۆڤ.

**٢.دەقی ئەدەبی وەک دەرکەوتەی نەستی چەپێنراو:**

فرۆید باوەڕی وایە نەستی چەپێنراو نامرێت، بەڵکو بەشوێن (شوێن)دا دەگەڕێت بۆ ئەوەی بێتەدەرو بکەوێتە ناو جیهانی هەستییەوە (واقیع). دیارە فرۆید ساڵی ١٩٠٠ لە کتێبە بەناوبانگەکەیدا (ڕاڤەی خەونەکان) خەونی وەک پانتاییەک دەستنیشان کرد، بۆ ئەوەی (ئەو – Id) کە نوێنەری جیهانی نەستە، لە خەوەکاندا دەرکەوێتو ئازادانەو دوور لە واقیعو لە یاساکانی (من – Ego) چالاکییەکانی خۆی ئەنجامبدات، (چەندان کەس لە خەونەکانیاندا لەگەڵ دایکیان ڕاکشاون، بەڵام دواجار واقیع وایلێکردوون کە پشت گوێی بخەن، ئەمڕۆش هەروەک ئەو کات زۆرانێک ئەو خەونە دەبینن زۆر ئاسایشە کە پەی بەوە بەرن کە ئەو خەونە کلیلی تراژیدیای کوشتنی باوک لەخۆدەگرێت)[٦].

ئەگەر خەون دەرکەوتەیەک بێت لە دەرکەوتنەکانی نەستی مرۆڤ، ئەوا دەقی ئەدەبی لای فرۆید. ئەویش ڕێگەو دەریچەیەکە بۆ ئەوەی نەست تیایدا دەرکەوێت.

هەروەک لە باسی (هاملێت)ی (شکسپیردا) دەڵێت:

(ئەگەر هەندێ بیانەوێ هاملێت بەتووشبوو بەهیستریا بانگ بکەن، هیچ شتێ نادۆزنەوە بۆیە هەردەبێ تەسلیمی ئەو دەرئەنجامە بن کە لە ڕاڤەکردنەکانی منەوە دەردەچێت)[٧].

چونکە فرۆید هاملێت ملکەچی هەمان گرێی ئۆدیب دەکاتو بەرگریش لەو ڕایەی خۆی دەکات، بەو مانایەی کاری هونەری بەگشتی لای فرۆید، یەکێکە لەو ڕێگەیانەی مرۆڤ بەکاری دەهێنێ، بۆ

دەرەی گرێ دەروونییەکانی دەستەکانی خۆی تیا بەناڵ بکاتەوە، هەر ئەمەش بوو وای لە فرۆید کرد لە نووسەرانو ئەدیبان بەنەخۆش بزانێت.

فرۆید دواتر لە پەیوەندی نێوان خەونو دەقی کۆڵیەوە، لای فرۆید ئەگەر خەون ڕوداوێ بێت مرۆڤ لە کاتی نووستندا (نائاگایی) ڕوودەدات. ئەوا دەقی ئەدەبی خەونێکە لە کاتی بێداریدا (ئاگایی)دا ڕوودەداتو دەنووسرێت، هەر بۆیە کاتێک فرۆید دەقی ئەدەبی یان لە کاری هونەری دەکۆڵێتەوە، بەو نیازە بووە تێورەکانی خۆی بدۆزێتەوەو بەڵگە بۆ ڕاستی تێورەکانی فەراهەم بکات. نەک بۆ کات بردنەسەرو چێژ دەقەکانی مشتومال کردبێت.

ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین چەمکی (نەست) وردبکەینەوە بەپێی بیروڕاکانی فرۆید، بۆ زیاتر والابوونی مەبەستەکانی ئەم قوتابخانەیە دەربارەی ئەدەبو دیاردەکانی.

**٣.لە نێوان (من – Ego)و ((ئەو –Id)دا:**

فرۆید نەستی مرۆڤی دابەشکرد بەسەر سێ تەوەردا (من)و (ئەو)و (منی باڵا) ئەوەی پەیوەندی گەورەی هەیەو بەردەوام لە پەیوەندیدان (من)و (ئەو)ە. فرۆید کە باسی (ئەو) دەکات دەڵێت:

(هەموو ئەو شتانەی لە (من) جیادەبێتەوە لە (ئەو) جیانابێتەوە، بەڵکو یەکدەگرن لەگەڵ بەشی خوارەوەو چەپێنراوەکانیش لەگەڵ (ئەو) یەکتردەگرن، بەڵام هەر خۆی بەشێکیشە لێی)[٨].

ئەو خۆی جیا لەوەی غەریزەکان دەگرێتەوە، وەک غەریزەی (ئیرۆس)و غەریزەی مەرگو هەموو ئەو شتانەی فرۆید، بەپاڵنەرە ڕەمەکییەکان ناوی دەبات هاوکات جێگەی نەستە چەپێنراوەکانیشە.

لێرەدا (ئەو) پێویستی بەدەرکەوتن هەیە وەک بەشێک لە جیهانی نەستو بێتەدەرو بێتە بەشێک لە جیهانی هەست، ئەوا لە ڕێگەدا تووشی فلتەرێک دەبێت ئەویش (من)ە. (من) لە نێوان واقیعو ئەودا هاوسەنگییەک هەیە دەیپارێزێت. واتە ڕێگە نادات



کارل یۆنگ

دەروا چەندساڵی (ئەو) بێتە ناو واقیعەوە (من) لە ناوەڕۆکیدا نوێنەری جیهانی دەرەوەیەو نوێنەری واقیعە)[٩].

فرۆید خۆی بەم شێوەیە وەسفی (من) دەکاتو دەڵێت:

((من)ی گوناه دەبێت خزمەتکاری سێ سەرداری دەسەڵاتداری توندوتیژ بێتو لە نێوان داواکارییەکانی هەرسێکیاندا هاوسەنگیو ڕێکخستن دروست بکات، ئەو سیانەش (ئەو) و (واقیع)و (منی باڵان)[١٠].

لێرەدا خاڵێک هەیە دەبێت زیاتر ڕوونبکرێتەوە، ئەویش ئەوەیە (ئەو) هێزێکی فشارکەرە بۆ سەر (من)، هەروەها (منی باڵا) لە واقیعەوە بۆ مرۆڤ دروست دەبێت، کە چۆن وێنە ئایدیاڵەکانی ناو واقیع بەرجەستە بکاتەوە لە ناو خۆیدا.

لێرەدا مرۆڤ لەبەردەم دوو شیاندایە، یەکەمیان شیانێکە کە (ئەو) هێرش دەکاتە سەر (من)و ناچاری دەکات چۆنایەتی گونجاوی بۆ بدۆزێتەوە هەتا مرۆڤ تووشی پێکدادان نەبێت لەگەڵ واقیع، کە ئەمەشی بۆ نەلوا، ئەوا شتێک هەیە لە مرۆڤدا ماوەتەوەو نەهاتۆتە دەر، جا زۆر جار لەبەر یاسا زۆرو قورسەکانی (من)ە.

شیانی دووەم ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێت (منی باڵا) بەرجەستە بکات لە ناو خۆیدا، ئەمەش وەک شیان دەمێنێتەوە لە ناو مرۆڤدا. زۆر جار ئەمەش بەهۆی لاوازی (من)ەوە ڕوودەدات، کە توانای خۆیەکسان کردنەوەی نییە بەو وێنە ئایدیاڵەی (میسالی) لە ناو واقیعەکەدا هەیە، بەڵام ئیتر دەروونی مرۆڤ ڕازی نابێتو دەریچەی تر دەدۆزێتەوە بۆ خۆی دەرکەوێتو لە یاساکانی (من) قوتاری ببێت، یەکێک لەو میکانیزمانە (خەو) بوو، ئەدەبیش یەکێکە لە دەریچەکان.

## ٤. دەقی ئەدەبی وەک نیشاندەری (ئەو):

ئێمە ئەوەمان باسکرد (من) فلتەرە هەم بۆ (ئەو) هەم بۆ (منی باڵا)، ئەدەب وەک زەمینەیەک بۆ دەرکەوتنی (ئەو) و (منی باڵا) یەکەم کارێک دەبێت بکرێت ئەوەیە (من) بکوژرێتو بڕواتە دەرەوەی هاوکێشەکە.

بۆ ئەوەی نەستە چەپێنراوەکانو پێکهاتەکانی (ئەو) وەک غەریزەی (ئیرۆس-خۆشەویستی)و (مەرگ) بێنەدەرو لە نووسیندا عەینی ببنەوە، هەروەها (منی باڵا)ش وەک وێنەیەکی میسالی لە دەقی ئەدەبیدا زۆر ئاسانترو جوانتر تەعبیری لێدەکرێت. گەر ئێمە بنۆڕینە (شانۆنامەی شائۆدیب) ی (سۆفۆکلیس) سەیردەکەین. (ئۆدیب) کاتێک دایکی خۆی مارە دەکاتو بوکی خۆی دەکوژێت، لای فرۆید ئەوە (ئەو)ی ئۆدیبە مەیلی خەوتنی هەیە لەگەڵ دایکیدا، وا دەکات (من)ی خۆی بکوژێت بۆ ئەوەی بتوانێت لەگەڵ دایکی بخەوێت.

واتە (من) لەم دەقەدا لابراوە بۆ ئەوەی (ئەو) بەئاسانی خۆی داڕێژێتەوە لە ناو واقیعی ئەو شانۆنامەیەدا، هەروەها مەیلی دەسەڵات لای مرۆڤ یەکێکە لە غەریزەکانو لەوێوە دەگات بە(منی باڵا)، کاتێک فرۆید دەقی (هاملێت) دەخوێنێتەوە، باسی ئەوە دەکات (هاملێت) هەست بە شەرمەزاری

دەکات کە بەتێکچونی چونە شوێنی باوکی بۆ کێشی پاشابووەو وێنەیەکی دیاری ناو کۆمەڵگەبووە، هەر ئەم غەریزەیەیە وا لە هاملێت دەکات مامی خۆی بکوژێتو (من)ی خۆی وەلانێت، هەتا بەیارمەتی (ئەو)ی خۆی بگاتەوە بە (منی باڵا) کە وێنەی باوکییەتی، نەک واقیعی باوکی. واتە دەقی ئەدەبی لە ڕوانگەی زانستی دەروونشیکارییەوە، خەونێکە لە خەونەکانی مرۆڤ و دەرکەوتەیەکە لە دەرکەوتەکانی نەست بەگشتی.

ئەوەی فرۆید داینا لە زانستی دەروونشیکاریدا، بووە بناغەو بنەمایەک بۆ سەیرکردنی ئەدەبو هونەر بەگشتی، فرۆید لە ناو خەوی مرۆڤ و ئەدەبو هونەردا کە چالاکییەکی مرۆڤانەیەو مرۆڤ خۆی دەنووسێتەوە دەگەڕا بە شوێن دەرکەوتەکانی سایکۆلۆیای مرۆڤداو بەکۆمەڵە هێماو ڕەمزێکی دەزانین، بۆ ئەوەی دەروونشیکارو تیۆرە داڕێژەرانی ئەم زانستە وەک کلیلێک بیگرنە دەستو لەوێوە لەناخو هەستو نەستی مرۆڤ تێبگەن.

بەڵام ئەم هەوڵە هەر بەقازانجی زانستی دەروونشیکاری نەشکایەوە، بەڵکو بەسوودی ڕەخنەی ئەدەبییش شکایەوە، هەتا ئەو ڕادەیەی قوتابخانەیەکی سەربەخۆ هاتە ئاراوە بەناوی قوتابخانەی دەروونشیکاری ڕەخنەی ئەدەبیی.

**٥. ڕەخنەی دەروونشیکاریو کاتیگۆریەکانی:**

قوتابخانەی دەروونشیکاری ئەگەرچی فرۆید باوکی ئەم ڕوانگەیەیە بۆ لێکدانەوەی ئەدەبیی، بەڵام ڕەخنەی دەروونشیکار بەدرێژایی سەدەی بیستەم لەسەر پەرەپێدانو بەرفراوانکردنی لێکۆڵینەوەکانی خۆی بەردەوام بوو.

(کارل یۆنگ – Carl Yung) قوتابی فرۆید هەندێک لە بیرۆکەکانی فرۆیدی پایەماڵ کردو هەندێکیشی پەرەپێداو بەردی بناغەی (دەروونشیکاری لێکدانەوەی – analytical psychology) دانا. (نۆر ترۆپ فرای) بەهۆی بیرەکانی یۆنگەوە ڕەخنەی هێما خوازانەی داهێنا، پاشان (ژاک لاکان) بەشێوەیەک بیروڕای فرۆیدا چۆوەو ڕەخنەی دەروونشیکاری ژیاندەوە[11].

لەڕاستیدا زەقترین بنەماو کاتیگۆریەکانی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەوەبوو دەقی ئەدەبی وەک یەکێک لە دەرکەوتەکانی سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەزانێت.

(تیۆری دەروونشیکاری بۆی هەیە سنوورەکانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوەی کەسایەتی ببەزێنیو هەندێ شێوازی کامڵتر بۆ خوێندنەوەی سەرلەبەری دەقەکانو تێگەیشتن لە پێکهاتەی فۆرمی ئەوان پێشنیار بکات، دەقی ئەدەبیی دەکرێ وەک جۆرێک مۆدێلی دەروون چاوی لێبکرێ کە هەندێ سیستەمی چاودێریکەری تایبەتی تێدایە بەکۆمەڵێک توێژی هەستی یان مانای جیاوازەوە، ئەدەبیات بۆی هەیە وەک چەشنێک (کەڵە خود – منی باڵا) یان بەشێوە دەربڕینێکی خواستو مەیلو ویستە چەپێندراوو سەرکوتکراوەکانی زاتی ناخود ئاگا (نەست)ی بزانین)[12].

واتە ئەم شێوازە لە تیۆر کە تیۆری دەروونییە، هەر کاتێک نزیک بێتەوە لە هەر دەقێک یان هەر شتێک بەشوێن ڕەگەکانی سایکۆلۆژیادا دەڕوات، تا ئەو ڕادەیەی وشەی (سایکۆ) دەلکێنێت بەهەموو شتەکانەوە وەک (سایکۆ ئەدەبی– سایکۆ سیاسی– سایکۆ فەلسەفی– سایکۆ شۆفێری.. تاد).

چونکە ئەم قوتابخانەیە سایکۆلۆژیای مرۆڤ دەکاتە سێتەری هەڵسوکەوتو ئاکارەکانی مرۆڤ، هەروەها هەموو چالاکییە مرۆییەکان بەهونەرو ئەدەبو مۆسیقاو...تاد، بەدەرکەوتەی ئەم جیهانە دەزانێتو پێی وایە ئەوەی مرۆڤ لە واقیعدا ئەزموونی دەکاتو دەرکەوت بەشتەکان دەکاتو بۆ ناو جیهانی هەستی، بەشێکی زۆری جیهانی نەستو حەزە خەفەکراوەکانە، ڕەنگ دەداتەوە لە چالاکییەکانی مرۆڤدا، لەم ناوەشدا ئەدەب بەدەرنییە لەو هێزو سەرچاوەیەی وزە دەبەخشێتە شتەکان کە ئەویش خودی سایکۆلۆژیای مرۆڤە، لێرەدا دوو کاتیگۆری گرنگ هەیە ئەم قوتابخانەیە کردایە

شارێگەی لێکۆڵینەوەکانی لەسەر هونەر بەگشتی، هەوڵ دەدەین لێرەدا بەکورتی باسیان بکەین.

**(١-٥). لە دەقەوە بۆ نووسەر:**

کاتیگۆری وەلانانی دەق لەم ڕێبازەدا ئەوە نەبوو، هەر دەقەکە نەخوێنێتەوەو بیخاتە لاوە، نەخێر..!، بەڵکو دەقەکەی دەخوێندەوەو مشتومالّی دەکرد، بەڵام پێش ئەوەی بڕواتە سەر دەقەکە کۆمەڵێک وێنای پێش وەختەی لەگەڵ خۆی دەبردە سەر دەقەکەو بەشوێن ساغکردنەوەی ئەو پێشبینییە پێشوەختانەدا هەوڵو تەقەلای دەدا.

واتە گەر نووسەری دەقەکە لەناو کێشەیەکی کۆمەڵایەتیو دەروونیدا بووبێت، ئیتر ئەم ڕایەیان هەڵدەگرتو دەیان چەسپاند بەسەر بەرهەمەکانی ئەو نووسەرەدا، ئەمەش وایکرد زۆر شوێنو دەهلیزی تاریکی ناو دەق فەرامۆش بکەنو لە دەرەوە دەچوونە ناو دەقەوە، نەک لە ناو دەقەوە بڕۆنەدەر.

هەروەک فرۆید لە باسی (هاملێت)دا دەڵێت:

(ئەوەی کە لە هاملێت پەیی پێدەبەین ژیانی دەروونی شکسپیرە، من ئەوە لە کتێبی (جۆرج برانەس ١٨٩٦) تێبینی دەکەم کە دەڵێ: شکسپیر ئەو شانۆگەرییەی لە کەفوکوڵی مردنی باوکییەوە (١٦٠١) نووسیوە. واتە ئەو کاتەی کە خەم بەتوندی بەسەریدا دادەباری ئەو کاتە کە لە ناخی خۆیدا لە نوێوەوە بەدوایدا گەڕا- بۆمان هەیە وا گریمانەی بکەین هەستکردنی منداڵانەی بەرامبەر باوک، هەروەها ئەو شتانەی کە ناسراوە ئەوەیە باوکی شکسپیر لە تەمەنێکی کورتدا مردووە. ناوی (هامنت)ی هەڵگرتووە، ئەوەش لەگەڵ هاملیت یەک دەگرێتەوە)[١٣].

ئەوەی لەم دەقەی فرۆیدەوە بۆمان ئاشکرا دەبێت. ڕووئیاو ڕوانینی پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیەیە. لەبەرامبەر دەقی ئەدەبیو هونەر بەگشتی، دەق تەواو وابەستە دەکەنەوە بەژیانی تایبەتی نووسەرەوە. واتە لە ناو دەقدا بەشوێن ژیانی منداڵیو سایکۆلۆژی نووسەردا دەگەڕێن، هەر ئەمەش وابوو وایکرد لە ناو ڕەخنەی ئەدەبیدا ئەم قوتابخانەیە لەگەڵ قوتابخانە کۆنەکان ڕیزبەند بکرێت.

چونکە وازی لە نووسەر نەهێناو، دەقی کوشت لە پێناوی نووسەردا، واتە گەر ڕۆلان بارت (مەرگی نووسەر)ی ڕاگەیاندبێت ئەوا ئەم قوتابخانەیەو تیۆرە داڕێژەرانی (مەرگی دەق) یان لە هەناوی خۆیاندا هەڵگرتبوو، بەمانایەکیتر دەقیان کوشت لە پێناوی ژیانی نووسەردا، ئەمە یەکێک بوو لە کاتیگۆریەکانی ئەم قوتابخانەیە، کە دەقی فەرامۆش کرد بۆ نووسەر، بەڵام ئاڕاستەیەکی تریشی هەبوو، ئەویش:

**(٢-٥). لە نووسەرەوە بۆ دەق:**

گەر (دەق) هێماو ڕەمزێک بێت ڕێنوومایمان بکات بۆ تێگەیشتن لە دەروونو شتە شاراوەکانی نووسەر، ئەوا ژیانی تایبەتی نووسەریش ئاماژەو هێمای تایبەتن بۆ تێگەیشتن لە دەق.

بە مانایەکیتر، بۆ تێگەیشتن لە نەستو شتە پەنهانەکانی مرۆڤ بەتەنها ژیانی تاکەکەسی بەس نییەو بەتەنهاش خەونو نووسینو چالاکییەکانیشی قایل کەر نین، بەڵکو بەهەموو ئەو شتانە دەتوانین بگەینە نهێنیو ماهیەتی مرۆڤ.

ئەوەی گرنگە لەم ڕێبازەدا ئەوەیە خودی (مرۆڤ) سێنتەرە لە شتەکاندا، واتە کاتێک گرنگی بەدەق دەدات لەبەر ئەوە نییە کە دەق شتێکی ڕەهایە بەتەنها نەخێر! لەبەر ئەوە گرنگە، چونکە چالاکییەکی دەروونی مرۆڤە، کاتێکیش گرنگی بەژیانی تاکەکەسی نووسەر دەدات هەر لە خزمەت ئەوەدایە، بەڵگە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی دەق ڕەها نییە، بەڵکو ئەوەتا لەبەر ئەو کێشەیە یان ئەو نەخۆشییە دەروونییە، ئەو دەقە وا نووسراوە.

واتە ئەم قوتابخانەیە کاتێک دێن باسی کارەکتەری ناو شانۆیەک دەکەن وەک (شائۆدیب) دەیانەوێت بڵێن ئەوە نووسەر خۆیەتی لە کەسایەتی ئۆدیبدا، شتە خەفەکراوەکانو نەستە چەپێنراوەکانی ئەزموون دەکات.

وەک کەسایەتی [illegible] بینیی

بەرواینیەکانی تەم قونابخانەیە بڕواینە تەدەبەکەمان، ئەوا بەشێکی زۆری دەقی ئەدەبیمان بەڕۆمانو شیعرو شانۆو...تاد، بەر ئەم کاتیگۆریانە دەکەون.

کە چۆن سایکۆلۆژیای نووسەرو خەمە تاکەکەسیو نەتەوایەتیو ناوچەییەکان بوونەتە هەوێنی شیعرو ڕۆمانو کارە ئەدەبییەکان، لە ئەدەبو هونەری کوردیدا.[١٤]

**ئەنجام:**

لە دووماهی ئەم باسەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١.نەستی چەپێنراو، هەروا بەچەپاندنی خۆی دانانیشیو عەینی دەبێتەوە لە ناو خەونو دەقە ئەدەبییەکانی مرۆڤدا.

٢.(ئەو) وەک نوێنەری جیهانی نەست، لە دەقی ئەدەبیدا ئازادانە مەرامەکانی خۆی واقیعی دەکاتەوە.

٣.(من) وەک پارێزەری یاسا کۆمەڵایەتیو بەها ئەخلاقییەکان لە دەقی ئەدەبیدا، دەکوژرێت بۆ ئەوەی (ئەو) بژیت.

٤.قوتابخانەی ڕەخنەی دەروونشیکاری ئەدەبیی، دەقی ئەدەبیی بەچالاکییەکی نەستی مرۆڤ دەزانێتو لە ناو دەقدا بەشوێن نووسەردا دەگەڕێت.

٥.ئەم ڕێبازە، بەنەخۆشیو کێشە تاکەکەسییەکانی نووسەرەوە نزیک دەبێتەوە لە دەق، بۆ ئەوەی بگاتە سەر ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ژیانی نووسەر.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


١.بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبارو سزا، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٦٢.

٢.سیگمۆند فرۆید، و: یوسف [illegible] حەمەد، ئیگۆو ئید (منو ئەو)، لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکریو ئەدەبی نما، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٥، چاپی یەکەم، لاپەڕە ٧.

٣.س. پ، لاپەڕە ٧.

٤.س. پ، لاپەڕە ١٠.

٥.بڕوانە: سیگمۆند فرۆید، ئیگۆو ئید، لاپەڕە ١٠.

٦.قاسم حسین ساڵح، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٢، لاپەڕە ٣٠.

٧.س.پ، لاپەڕە ٣٢.

٨.سیگمۆند فرۆید، ئیگۆو ئید، لاپەڕە ٢٨.

٩.س.پ، لاپەڕە ٤٦.

١٠.بڕوانە: سابیر بەکر بۆکانی، تاوانبارو سزا، لاپەڕە ٦٤-٦٥.

١١.بڕوانە: چارلز برێسلێر، و: عەبدولخالق یەعقووبی، دەزگای چاپو بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، چاپی دووەم، لاپەڕە ١٧١.

١٢.ڕاجێر وێبستێر، و: عەبدولخالق یەعقووبی، تۆژینەوەی تیۆری ئەدەبی، دەزگای تۆژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٦، چاپی یەکەم، لاپەڕە، ١٨١.

١٣.قاسم حسین ساڵح، و: عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا، مرۆڤ لە ڕوانگەی فرۆیدەوە، لاپەڕە ٣٣.

١٤.بڕوانە: پ. ی. د همیدادی حوسێن، دەروازەیەک بۆ ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی، دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر ٢٠٠٧، چاپی یەکەم، لاپەڕە، ٣٤٩-٣٥٣.

# هەژارو وەرگێڕانی هێرمێنۆتیکی چوارینەکانی خەییام

سەلاحەدین حسێن پەناهی



خەییام

چوارینە، ڕوباعی یان quartrain، یەکێکە لە قاڵبەکانی شیعری سوننەتی فارسی، کە لە چوار نیوەدێڕ پێکهاتووە، لە چوارینەدا نیوەدێڕەکانی یەکو دوو و چوار هاوسەنگن، بەڵام جاری واش هەیە کە لە نیوەدێڕی سێهەمدا ئەم مەرجە ناپارێزرێ، نیوەدێڕەکانی چوارینە لە باری ماناوە لێک گرێدراونو ماکەی سەرەکی پەیام لە دێڕەکانی ترەوە بەدەستئەدات.

چوارینە لە مێژووی ئەدەبی ئێراندا، زۆر بایەخی پێدراوە، بۆیە زۆربەی شاعیرە فارسەکان لەم کێشو فۆڕمەدا شیعریان گوتووەو زۆریش لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ئەنجامدراوە. بەناوبانگترینی ئەم چوارینە فارسییانە لەلایەن عەتتاری نەیشابووری، مەنووچێهری دامغانی، ئەبولحەسەنی باخزریو نووسراونو زۆریش بەناوبانگن، بۆیە بەزۆربەی زمانە زیندووەکانیتری دنیاش وەرگێڕدراوەتەوە، خەییامی نەیشابووریو هاتێفی ئیسفەهانی جیاوازترینو جوانترینی ئەم چوارینە فارسییانەیان هۆنیوەتەوەو کێشی چوارینەکانی ئەم دوو کەسەش لەگەڵ هەموو کەسانیتردا جیاوازەو تایبەتمەندی خۆیانیان هەیە.

**هونەری وەرگێڕان:**

وەرگێڕان، کارێکی هەرە گرنگو دژوارەو هیچ کاتێک ئاسان بەدەستەوە نایێ، مەگەر ئەوەی کە وەرگێڕەکەی زۆر بلیمەتو لێهاتووبێت.

بۆیە زۆر کەس دەڵێن وەرگێڕان وەک ژن، جوانییەکەی هەڕەشەیە لەسەر پاکییەکەی،و جوانییو پاکیی زۆر پێکەوە سازگارنین، بەڵام لە وەرگێڕاندا ئەگەر شارەزاییمان لە نەریتو زمانەکەدا هەبێت، ڕەشتی بەرهەمەکان، هەم پاک دەبێت هەم جوان، ژنەکەش ڕەنگی پاکو جوانو ڕازاوە لە خۆدەگرێت!

کە باس لە ئاگاداری وەرگێڕ کرا، دەمەوێت ئیدیالێک بێنمەوە، بۆ وێنە مەتەڵێکی سویدی هەیە کە مانای وشە بە وشەی دەبێتە (هەموو منداڵان، منداڵی منن)، مەبەست لە قسەکە ئەمەیە کە هەراشی ئەو وڵاتە، بەرپرسیارە لە هەموو منداڵانیتر، ئێمە لە کۆمەڵگەی خۆماندا وێنەی ئەم وتەمان هەیە کە دەڵێین (کوڕی خۆت مەکە بەقوربانی کچی خەڵکی)، ئەم وتەیە ئەگەر وەک خۆی بەسویدی وەربگێڕدرێتەوە، ڕەنگە بێتامو ناحەز بێت. کەچی لە نێو کۆمەڵگەی زمانی مەبەست خودی ئەم وشەو دێڕە زۆر جوانترە لە سەرەکییەکەی، ئەگەریش وەک دەقە سەرەکییەکە وەربگێڕدرێتەوە، دەبێتە هۆی ئەوەش کە خوێنەر وابزانێت کە دەقە سەرەکییەکە ناحەزو وێژەرەکەی نەزانە.

**وەرگێڕان:**

وەرگێڕ بۆ سەرکەوتنی هەر وەرگێڕاوەیەک، دەبێت سێ کەرەسە لەبەرچاوبگرێت:

١. تێگەیشتن لە کەلەپوورو زمان.

٢. ئامانجو مەبەست:

ب. پەرەدان بەزانستی وشەکان (ازدیاد دایرەی واژگان).

پ. نزیککردنەوەی دوو کەلەپوور لەیەکتر.

ت. بەکارهێنانی زمانی نزیک لە زمانی مەبەستو زمانی جەماوەری خەڵکی.

٣. باشبوونی وەرگێڕاوەکە.

**شێوەکانی وەرگێڕان:**

ئەو بەشەی کە لەزنجیرە دەقی سەرەکیدا لەلایەن وەرگێڕەوە وەک یەکەیەک بۆ هاوسەنگی دۆزینەوە هەڵدەبژێرێ، پێی دەڵێن (یەکەی وەرگێڕان). یەکەی وەرگێڕان لەلای هەر وەرگێڕێکەوە بەچەشنێک سەرەنج دەدرێتو هەر کەسێک شێوازێکی هەڵدەبژێرێ. کستفورد، کە یەکێکە لە گەورەترین وەرگێڕەکانو تێزەکانی لەلای هەموو وەرگێڕەکان بەبایەخە، لە یەکێک لە تێزەکانی وەرگێڕان لە زمانی سەرەکییەوە بۆ سەر زمانی مەبەست بەم شێوەیە دادەڕێژێت:

**وەرگێڕانی وشە بەوشە:**

یەکەمین وەرگێڕان لەم قۆناغەدا وشەیە، واتە لەبەری هەر وشەیەک لە دەقی زمانی سەرەکیدا، وشەیەک لە زمانی مەبەست بەکاربهێنرێ، ئەم چەشنە وەرگێڕانە بۆ وەرگێڕانی وشەهایەک لێکدراو بەکاردەبرێت کە هاوسەنگییەکی وردی لە زمانی مەبەستدا بۆ بەدیناکرێ. هنری خولدێس لە کتێبی (ئەنجامی وەرگێڕان) دا زۆر لەم جۆرە وەرگێڕانە ڕەخنە دەگرێت، چون بەڕای ئەو ئەم چەشنە وەرگێڕانە زمانی مەبەست تێکئەداتو ئاڵوگۆڕێکی نالەباری بەسەردا دەسەپێنێتو دەبێتە هۆی زاڵبوونی زمانی سەرەکی بەسەر زمانی مەبەستدا. لەڕاستیدا ئەم زاڵبوونە دەتوانێ لە شوێنی خۆیو بەبەشی خۆی ئاڵوگۆڕیش بەسەر کۆمەڵگەدا بێنێت.

**وەرگێڕانی ڕستە:**

ئەم قۆناغەدا بەپێی یاسای ڕێزمانیی، شێوەی داڕشتنی وشەکان لە زمانی مەبەستدا دەپارێزرێت‌و هیچ گۆڕانکارییەک وەبەرچاو ناکەوێت، چون لێرەدا مانای ڕستەی هاوسەنگ بەپێی مانای ڕستەی زمانی سەرەکی ڕەچاودەکرێت. فیتز جێراڵد کە چوارینەکانی خەییامی بەزمانی ئینگلیزی وەرگێڕاوەتەوە دەڵێت (بۆ وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام زۆر هەوڵمدا تا هەموو لایەنەکانی وەرگێڕانی شیعری لەبەرچاوبگرم، بۆیە وەرگێڕانی وشە بەوشەم هەڵنەبژارد، لەبەر ئەوەی زمانی مەبەستی ناحەز پیشانئەدات، وەرگێڕانی ڕستەشم پێچاک نەبوو لەبەر ئەوەی فۆرم‌و کێشی چوارینەکانی دەگۆڕا، بۆیە زۆر لە شێوازەکانم تێکەڵی یەکتر کرد تا بەڵکو بتوانم سەرکەوتووبم‌و وەرگێرانەکەم باش بێت).

جگە لە جێراڵد، پرانۆی فەڕەنساوی، گوتەی ئاڵمانی‌و دەیهیمی ئێرانیش دەڵێن: کە ئەم قۆناغە بەتەنیایی ناتوانێ وشەهاییکی جوان‌و شیاو بداتە دەستەوە، بۆیە جاری واش دەتوانێ ناوەرۆکیش تێکبدات.

**وەرگێڕانی ئازاد:**

لەم پرۆسەیەدا جگە لەوەی وەرگێڕ لەگەڵ دوو زمانی سەرەکی‌و مەبەستدا بەرامبەر دەبێت، دەبێ ناوەرۆک، کێش‌و پەیامی بەرهەمەکەش لەبەرچاوبگرێت‌و ئاڵوگۆڕی فراوانی بەسەردا نەهێنێ، چون ئەو کاتەی کە وەرگێڕ ئاڵوگۆڕ بەسەر دەقەکەدا دەهێنێ، نووسراوەکە لەمەبەستی سەرەکی خۆی دووردەکەوێتەوە، لێرەدا وەرگێڕ دەبێت وەرگێڕانی (مانابیش) لەبەرچاوبگرێت، چون لە وەرگێڕانی (مانایی)دا وەرگێڕ پتر لە هەموو لایەنەکانیتری وەرگێڕان، بایەخ بەپەیامی دەقەکە دەدات‌و نووسەری زۆر پێ گرنگترە (source orinted) تا خوێنەر (target orinted).

**خەییامی هەژار:**

پاش ئەم تێبینییە، ئەم پرسیارە دەکەوێتە بەرچاو کە هەژار چلۆن چوارینەکانی خەییامی وەرگێڕاوەتەوە، لە کام لایەنەکانی هونەری وەرگێران سوودی وەرگرتووە؟

دشمن به غلط گفت که من فلسفیم
ایزد داند که آنچه او گفت نیم
لیکن چو در این غم اشیان آمده ام
آخر کم از آنم که بدانم که کیم؟

زۆر کۆلکە مەلاو شێخ هەیە ڕێ دەگرن لێم
لایان هەڵەیە کە ژینی خۆشم بدوێم
خزمینە نەزانین چ بەڵایێکی زلە
هاتوومە جیهان دەبێ نەزانم من کێم

ئەوەی کە لەبەرچاودایەو تەنها بەپێی خوێندنەوەی یەکێک لە وەرگێڕاوەی ئەم چوارینانەی خەییام دەردەکەوێت ئەمەیە کە وەرگێڕانەکە وشە بەوشە نییە. وەرگێڕانی ڕستەش نییە، چون لەم وەرگێڕانەشدا فۆرم و (جار جاریش) مانای شیعریش دەگۆڕدرێت، بەڵام مامۆستا هەژار بەشێوازێکی تایبەتمەند ئەم چوارینانەی وەرگێڕاوەتەوە.

مامۆستا هەژار لە وەرگێڕانی چوارینەکانی خەییام هەم لە وەرگێڕانی ئازادو هەم لە لایەنەکانیتری وەرگێڕانیش کەڵکی وەرگرتووە، بەم جیاوازییە کە هەژار ئەم لایەنانەی خستۆتە بەرچاو:

١. جیاکردنەوەی شیعری بۆ بەکارهێنانی وشەی دوور لە مانای ئاسایی سەرەکی.

٢. جیاکردنەوەی سەبک فۆرمەکان بۆ ئەوەی کێش‌و فۆرم نەگۆڕدرێت.

٣. تێکەڵکردنی هەموو قۆناغەکانی وەرگێڕان لە شوێنە دژوارەکان.

لەم چوارینەی خوارەوەدا مامۆستا هەژار بایەخی زۆرتری بەخوێنەر داوە، واتە لە وەرگێڕانی پێوەندی چێژی وەرگرتووە، بەڵام هەروا کە باسمکرد کێش‌و فۆڕم‌و تەنانەت ناخی شیعرە سەرەکییەکە نەگۆڕدراوە:

در دست همارە آب انگورم باد
او سر هوس بتان چون حورم باد
گویند مرا خدا تو را تتوبە دهاد
لو خود بدهد من نکنم دورم باد
مەیگێڕ! بەسەرت پڕی سیڕاتیش کەڵەکە
سەیرانی بەهەشت، سەیری دووچاوی بەڵەکە
زۆرم لە خودا ویست‌و کەمیشی نەگەیی
هەر تۆبەیە ئەمداتێ، ئەویش نەم گەرەکە

نە تەنها هەر لەم چوارینە، بەڵکو لە وەرگێڕانەکانی چوارینەکانی تریشی خەییامدا هەژار تا ڕادەیێکی زۆر وەکو شاملوو (چلۆن حافیزێکی جیاوازی بۆ خۆی خوڵقاندووە)، یان گوتەو جێراڵد (کە بیری خۆیانیان تێکەڵی وەرگێڕانەکانیان کردووە) سەرنجی چوارینەکانی خەییامی داوە بەم جیاوازییەوە کە وەرگێڕانەکەی هەژار لەسەر بنەمای هێرمۆنێتیکی دانراوەو بەتەئویلەوە سەرنجی دەقەکەی داوە. ئەم جۆرە سەرنجدانە بووەتە هۆی ئەوەی کە هەژار زۆرتر سەنعەتە ئەدەبییەکان بەکاربێنێت. بۆ وێنە لەم چوارینەی خوارەوەدا سەنعەتی جیناس‌و تەزاد زۆرتر لە چوارینە فارسییەکە دیارە:

آن روز کە توسن فلک زین کردند
و آرایش مشتری‌و پروین کردند
این بود نصیب ما ز دیوان قضا
دردی‌و غمی، قسمت ما این کردند

تیریژ کە بە ڕۆژو پێڵ بەدەریا دریا
لەو ڕۆژەوە گوڵ پێکەنی، بولبول گریا
خوا نووسی لەچارەی ڕەشی ئێمە بەشمان
ژینێکی هەژاری پڕ لە خۆزیاو بریا

سەنگینی وشەی هەژار لێرەدا زۆرترەو ناخی فەلسەفیی‌و ئەوەی کە شارەزایی دەروونی ئاسمانە (نجوم) پتر وە بەرچاوکەوتووە، لێرەدا سەنعەتە ئەدەبییەکان‌و هەروەها مانای شیعرەکە ئاسان بەدەستەوە هاتوون‌و بەجیاوازی ڕواڵەتی شیعرە فارسییەکە، بە یەکجار خوێندنەوەی شیعرە کوردییەکە خوێنەر بەسەپانی شەو بەمل ڕۆژدا ئاگاداری پەیدا دەکات، هەژار بەجۆرێکی شیاوو بەپێشینەییکی فیکری‌و هەروەها تەئویل، کە لە ئارشیوی مێشکیدا کەندۆخ کراوە، باس لە چارەڕەشیی ئێمە لە ڕۆژی حەشر دەکات‌و ئامۆژگاریمان ئەداتێ ئەو شتە کە لە ناخی چوارینە فارسییەکەدا دەس دەکەوێت نەک لە ڕواڵەتدا.

**بەشی دووهەم**

**هێرمێنۆتیک**

هێرمێنۆتیک، بەعیلمی تەئویل مانا کراوەتەوەو لە وشەی hermeneuin، هێرمێنۆن یان هێرمۆس وەرگیراوە، کە بە مانای گۆڕانی زانستییە. گادمێر کە بناغەی عیلمی هێرمێنۆتیکی نوێی داڕشتووە دەڵێت (هێرمێنۆتیک بەرلەوەی خودایەک بێت، وشەیێکی یۆنانییە کە مانای هەمەگیری دەبێتە ڕای تێکەڵ بەفەلسەفەو تەئویل لەلایەکی جیاوازەوە). مانای کورتو ئاسانی هێرمێنۆتیک لەلای جەماوەری خەڵکو بەشێوەی گشتی (فەنو هونەری تەئویلی دەقە).

هێرمێنۆتیک فەلسەفەی میتۆدێکی نوێ لە تێگەیشتنی دەقێک بەدەستەوە نادا، تەنها بارودۆخی هاوڕێ لەگەڵ هەر چەشنە تێگەیشتنێک ڕووندەکاتەوە. گرنگترینی ئەم بارودۆخانە مەودای زەمانییە، واتە هاوڕێ لەگەڵ خوێندنەوەی هەر دەقێک کە لە ڕابردوودا نووسراوە ئاسۆی ڕۆژگاری ئەو سەردەمەی تێدا پەیدایە، خۆمان لەگەڵ فەرهەنگی ئەو دەمەدا دانانێین، بەڵکو هەڵسەنگاندنێکی ترمان سەبارەت بەدەقەکە بێت. ئێمە دەقەکە دەگێڕینەوە سەر زمانی خۆمان.

بۆ وێنە لە وەرگێڕانی ئەم چوارینەدا، مامۆستا هەژار زۆرتر ئاسۆی ڕۆژگاری خۆی لەبەرچاوگرتووەو بەجوانی بۆ ئەو سەردەمەی گوێزاویەتەوە:

از گردش روزگار بهری برگیر
بر تخت طرب نشین به کف ساغر گیر
از طاعت ومعصیت خدا مستغنی است
باری تو مراد خود ز عالم برگیر
درویش وەرە ئەم چاو حووەت بێ خێرە
دەم بەستەو تۆزاوی وەکو کاگێرە
خوا چاوی لە دەستت نییە ڕۆژووی بدەیەی
ژیانێکی کە پێی داوی بەمەی بسپێرە

لەم وەرگێڕانەدا مامۆستا هەژار لێکدانەوەیەکی تەئویلی ئەنجامداوەو ئەم چوارینەی لە ئاسۆی ڕۆژگاری خۆیدا دیووە، بۆیە وشە بەوشەی لە زەمانی خۆیدا داناوە. هەژار لەبارودۆخێکدا ژیاوە کە شێخە دروێنەکان ملۆزمی کۆمەڵگە بوونو دژ بەشەریعەت ڕاوەستابوونو نەفی هەموو شتێکیان دەکردەوەو لەمپەرێک بۆ زانیاری بوون، بۆیە ئەوانی لە بەرامبەر وشەی فارسی (دشمن)دا داناوەو ژیانیشیانی بە بەتاڵو بێبایەخ زانیوە.

لێرەدا مامۆستا هەژار بەجوانی (یەکانگیر بوونەوەی ئاسۆ)کانی خستۆتە بەرچاوو هەردوو زەمانەکەی لێکگرێداوە، گرێدانێک کە هەموو کاتێ لە وتووێژدانو لەگەڵ زەمانی یەکتر دەدوێن. هۆی ئەم توانایەش بیرکردنەوەیەکی باش لە مێژووی ڕابردوو و هەڵسەنگاندنی گرفتو مەسەلەکانی ئەو سەردەمەو سەردەمی ئێستان.

**هەژارو وەرگێڕاوەکانی تری خەییام بەزمانی کوردی:**

هەروا کە باسمان کرد مامۆستا هەژار تێڕوانینێکی تری سەبارەت بە خەییامو چوارینەکانی هەبووە، ئەگینا هیچ کاتێک نەیدەتوانی بەم جوانییەوە دەقەکە وەربگێڕێتەوە. پێش هەژار کەسانێکیتر وەکو شێخ

سەلامو گۆران چوارینەکانی خەییامیان وەرگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی بەڵام چوون وەرگێڕانەکەیان تەنها دەقاودەق بووە بایەخێکی زۆریان پێنەداوە.

وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار، چەشنە تەئویلێکی کراوەیە، واتە خۆی لە قەیدو بەندی هاوسەنگی وشەدا دانەناوەو بەپێچەوانەی وەچەی پێش خۆی زۆر بەبیرێکی وردو تیژ سەرنجی چوارینەکانی داوە. هەژار لە بیری خۆیدا ئاوا خەییامی دیوە: ئێشلک لەبەرێکی هەژار لەسەر زەوینی خودا کە سەرنجی ئاسمانی داوەو بیر لە ئەجرام کردۆتەوە، چونکە دەزانێ کە ئەم کردارە ڕەنگینو سەنگینە، بێ وەستا نابێت ناکرێتو جووڵانی پێنابێت، ئینجا لە سازکەری ئەم ئاسمانو زەوینە تێدەفکرێت کە ئاخۆ چلۆن بێتو چلۆن ئەم دەزگایەی دروستکردبێت؟ حەتمی (یک جرعه شراب نوشیده و از آن، سرمست شد و جهان هستی را ساخت). باشە لە عالەمی مەستیدا دونیا خولقاندبێت یا نە زۆر مووهیم نییە، ئەمە گرنگە کە بۆچی خۆی دیار نییەو شاراوەیە؟ ئەم مانگو ئەستێرە بۆچی دێنو دەچنو لە کوێوە هاتوون؟ ئەم خەڵکە ئاکامیان بەچی دەبێت؟ ئینسان بۆچی هێندە لاوازو هیچ بەدەستە؟ لە ئاکامیشدا دەزانێ کە ئەم تێفکرینە تەنها سەر لێشێواوی بەدواوەیەو هیچیتر، چۆن ئەوانیش لەم سوورڕخواردنەوەیان شتێک نازانن.

اجرام که ساکنان این ایوانند
اسباب تردد خردمندانند
هان! تا سر رشتەی خرد گم نکنی
کانان که مدبرند سر گردانند
ئەستێرەو مانگ ڕۆژ لە عاسمانن
هۆی گێچەڵو مشتومڕی زانایانن
چینو چ دەکەن؟ کێوەدەچن؟ چۆن هاتن؟
خۆشیان وەکوو من نەزانو سەرگەردانن

ئێستا سەرنجی ئەم وەرگێڕانە بدەین تا بزانین جیاوازی نێوان شێخ سەلامو گۆرانو هەژار لەچیدایە.

این کهنه رباط را که عالم نام است
وآرامگه ابلق صبح و شام است
بزمی است که وامانده ی صد جمشید است
گوری است که خوابگاه صد بهرام است

ئەم کەلاوەیە کە دنیای ناوە
ئارامگاهی بەیانی و شامە
بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە
قەسرێکە تەکیەی سێ سەد بە هرامە (شێخ سەلام)

ئەم سەرا کۆنەی ناوی جیهانە
لەسەر ڕێی گەشتی شەوو ڕۆژ مانە
بەزمێکە لە سەد جەمشید جێ ماوە
سەد بەهرام هاتو چوو لەم وێرانە (گۆران)

[illegible]
شایی لە بەرێک، شینە لە پێنسەد لاوە
ئەم خوانچەیە بەر ماوی هەزار جەمشیدە
گۆڕی گەلێ بارامی تیا نێژراوە (هەژار)

لێرەدا هەردوو وەرگێر، (شێخ سەلامو گۆران) لە وەرگێڕانی ڕستەو وشە بەوشە بەهرە گیراوە بۆیە وەرگێڕانەکەیان چەندان باش نییەو لە باری فۆڕمیشەوە چوارینەکەی خەییامیان گۆڕیوە. وەرگێڕانی ئەم دوو مامۆستایە لە باری وشەوە زۆر لاوازە، چون لە هەندێ شوێندا نەیانتوانیوە لەبەرامبەر وشەیەکی فارسییەوە وشەی کوردی دابنێنو هەر فارسییەکەیان داناوە.

جگە لە مانەی کە باسکرا، گۆرانو سەلام نەیانتوانیوە بەباشی هەستی خۆیان دەرببڕن، بەڕای نزار قەببانی وەرگێڕانی باش، وەکو شیعری باش دەبێت، هەستو دەروونی خوێنەر بجوولێنێت، ئەگینا ناتوانێ سەرکەوتوو بێت، بەڵام بەعەکسی وتەکانی نزار لە وەرگێڕانی ئەم دوو مامۆستایەدا زۆر جوڵانەوەو سەمای وشەو خوێنەر نابینرێت.

**کۆتایی:**

لەم وتارە، مەبەست تاوتوێکردنو سەرنجدان بۆ ئەندێشەکانی خەییام نەبووە، تا سەبارەت بەئەندێشەکانی فەلسەفییو دڕدۆنگیی، یان چۆن بەسەربردنی ژیانو ڕۆژگاری ئەو سەردەمە باسبکەین، بەڵکو ئامانجی سەرەکی لێرەدا تێڕوانینێکی نوێ بۆ سەر وەرگێڕانەکەی مامۆستای پایەبەرز هەژار بووەو ویستوومانە بزانین کە چلۆن ئەم مامۆستا بلیمەتو لێهاتووە توانیویە تا ئەم ڕادەیە جوانو شیرین ئەو دەقە وەرگێڕێتەوە بۆ سەر زمانی کوردی.

هەژار بەجیاوازی هەموو وەرگێڕاوەکانیتری چوارینەکانی خەییام بۆ سەر زمانەکانی عەرەبو فەڕەنسی، توانیویە زۆر سەرکەتووتر بێتو پتر شارەزایی خۆی نیشانبدات، تەنانەت هەڵەکانی ئەم مامۆستایە سەبارەت بەهەڵبژاردنی چوارینەکانی خەییام، زۆر کەمتر لەو کەسانە دیارە کە تا ئێستا ئەم چوارینانەیان وەرگێڕاوەتەوە.

هەرچەندە هەژار نوسخەی خەتتی (بودلێن)ی ئاکسفۆردی لەبەردەستەوە نەبووەو دەستنووسی (مونس الاحرار)یشی نەدیوە، بەڵام لەڕوانگەی هێرمێنۆتیکییەوە، توانیویە ئەو چوارینانە کە لە بیری خەییامەوە نزیکترن گوڵبژێر بکاتو وەریبگێڕێتەوە، بۆیە هەر بەو بیرەشەوە توانیویە ئەو چوارینانە لەچەرخی هاو زەمانی کوردی نزیکبکاتەوە.

**سەرچاوەو پەراوێزەکان:**


١. (چوارینەکانی خەییام)، وەرگێڕانی هەژار، چاپی یەکەم، دەزگای چاپی سرووش ١٣٦٩.
٢. معین فر، سعیدو حسین پناهی، صلاح الدین (ترجمە های ادبی)، مجلەی ترسیم، چاپ ١٣٨٤، شمارە ١٥.
٣. اروند، اروین (در تعریف هرمنوتیک) نشر نیستان، چاپ ١٣٨٠.
٤. احمدی، بابک (ساختار و تاویل متن) جلد ٢، نشر مرکز، چاپ دوم، ١٣٧٢.


***ئەم وتارە لە میهرەجانی یادی دوو ڕۆژەی مامۆستا هەژار (١٣٨٧)، لە شاری سنەدا پێشکەشکرا.**

# شێعری بڵاونەکراوەی
# عەبدوڵڵا بەگی میسباح دیوان-ئەدەب

«؟-١٩١٦/٥/٢٢ز»



(١)

محەمەد حەمەباقی

**سەرنج:**

ئەم پێنج خشتەکییەی (ئەدەب)مان لە دوادواییەکانی چاپکردنی دیوانی (ئەدەب-میسباح دیوان)دا چنگ کەوت، کە بریتیی بوو لە (١٢) دوازدە دانە کۆپلە، کە لە (٤) چوار لاپەڕەدا نووسرابوون‌و لە هەر لاپەڕەیەکیشدا (٥) پێنج دانە کۆپلەی پێنج خشتەکی تێدا نووسرابوون. شێوازی نووسین‌و جۆری ئەو خەتەی ئەم پێنج خشتەکییەی پێ نووسرابوو، لەگەڵ شێوەی نووسینی سەرلەبەری شیعرەکانی (ئەدەب) دا جیاوازبوون (کە پێشتر چنگمان کەوتبوون)و خەتەکەیشی کەمێک ناخۆش بوو، لە دامێنی پێ شنج خشتەکییەشدا ئەم چەند ڕستەیەش بەزمانی نووسرابوو: (حسب الفرمایش جناب مستطاب: ملا طه نهری ترقیم ویادداشت گردید.. زیاده. تاریخ یوم دو شنبه در قریه أرمنی بلاغی). واتە: (لەسەر فەرمانی جەنابی مەلا تاهای نەهری نووسراوە. مێژووی ڕۆژی دوو شەممە، لە گوندی ئەرمەنی بلاغی).

ئەم پێنج خشتەکییە [illegible] (١٤٢-١٤٥)دا بەچاپگەیاندو ڕاڤەی زۆرینەی ئەو وشەو زاراوە عەرەبیو فارسییانەشمان لە بەشی لێکۆڵینەوەی دیوانەکەدا کرد، کە دیوانی ناوبراو ساڵی (٢٠٠٥ز) چاپکرا.. ئەوەبوو نزیکەی ساڵێک دوای چاپی دیوانەکە، هەمان ئەم پێنج خشتەکییەمان بەتەواوتر دەستکەوت، کە ئەمیان بریتی بوو لە (١٧) هەڤدە کۆپلە. واتە (٥) پێنج کۆپلە لەوەی دیوانەکە زیاترەو هاوکات لە سەرومڕی دەقی هەردوو پێنج خشتەکییەکەشدا هەندێ وردە جیاوازیی لەوشەو ڕستەو زۆرینەی کۆپلەکانیشدا هەن، کە پێویست دەکات ئەوانیش لێرەدا بەو شێوە ڕاستتره بنووسینەوە، کە دواتر چنگمان کەوتووە، چونکە ئێمە پێمان وایە ئەم دەقەی دوایی، لەچاو ئەوەی پێشوو (چاپکراوەکە)دا ڕاستتربێ، بەڵام ئێستاو لێرەدا هەر تەنیا ڕاڤەی ئەو (٥) کۆپلە پێنج خشتەکییە دەکەین، کە لە دەقەکەی پێشوودا نەبوونو ئەوانیش بریتیین لە کۆپلەکانی: (٣، ٤، ٦، ٩، ١١)

***

**ناسنامە:**

کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم: (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن)، وەک نموونەی:

١. ب ناری فورقەتێ سوهتم، ژ فەرقێ سەر حەتا پێ دا
خەدەنگا غەفلەتێ نوهتم، ژ بەرقا لامعا تێدا

(مەلای جزیری، ١٠٧)

٢. ڕەفیقی کونجی میحنەت، عاجزن هەر شەو لەناڵینم
بزانن گەر لەبەر لێشاوی بەحری مەوجی ئەسرینم

(کوردی)

٣. من و بادی سەحەر یاران! عەجایب بێ قەرارێکین
بەسەرگەردانیا هەردوو، دەڵێی مەشغووڵی کارێکین

(سالم، ٩٩)

٤. وەکو ڕۆژێ، لە مەغریب ئێخە دابدرێت و سەر دەرخا
قیامەت هەڵدەسێ وەک سوبحی مەحشەر، سینە دەرخا

(حەمدی، ١٨٩)

***

١. شکاری چەشمی ئاهووتە، دڵی دایم بریندارم
لەسەیری حەلقەیی مووتە، تەنی ڕەنجووری بیمارم
کوژراوی نوکی پەیکانی سەفی موژگانی خوێنخوارم
لە ئێشی زەخمی خۆم دایم، فغان و ناڵەیە کارم
شەوێ تا ڕۆژ لە هیجرانت، بەزاری و گریەبێدارم

٢. دەروون وەک نەی دەناڵێنێ، بەزاری خۆش، لەدەستی تۆ
ئەگەر بێتن لە هاواری، دەمێک دوو چاوی مەستی تۆ
دڵی سادە پەرستی من، بەچاوی مەی پەرەستی تۆ
بەسەد جێگە بریندارە، بەزەربی تیرو شەستی تۆ
لە زەخمی تیری دڵدۆزت، هەتاکو حەشرە هاوارم

٣. دڵم سەودازەدەی تاری خەمی گیسوویی هیندووتە

[illegible]
عیلاجی ئەو تەبە جانا، موفەڕڕیح لەعلی یاقووتە
لەبی یاقووتی ڕەنگی تۆ، لە بۆ زەعفی دڵم قووتە
مەگەر گولقەندی لێوی تۆ، بکا چارەی تەنی زارم
٤. لەوێ ڕۆژێ، کە تاکی غەم، چەقا لەو سینەیی چاکم
بەئاوی دیدە شینم کرد: نیهالی نەوڕەسی تاکم
بەپەنجەی سەبر ئاقام کرد، لە قانەی جیسمی غەمناکم
لە شەختەی گەرمی میهری تۆ، لە سایەی تۆوە، بێباکم
لە ئاخردا بەجورعەی مەی، کە خوێنی دڵ، نەدابارم
٥. لە تاوی ڕەنگی گوڵگوونت، بەتاوی ئەشکی کوڵگوونم
لەئاوی دیدەیی تارم، بەدامەن ڕوودی جەیحوونم
ئەگەر گەبرم، ئەگەر تەرسا، ئەگەر گومڕاهو مەلعوونم
شەمەن ئاسا، بوتی زیبا، بەخاکی پات مەفتوونم
دوو ئەبرۆت: تاقی میحرابم، خەمی مووت: بەندی زۆننارم
٦. ئەمن بیستم کە فەرمووتە بەعوششاق، ئەی مەهی خووبان
کەسێ لەتمێک لە چەوگانت نەبا، ناباتە سەر مەیدان
سەرم دانا لەسەر فەرمان‌و داتە بەر خەمی چەوگان
لەسەر مەیدانی جانبازیی، بەغەڵتان بردییە مەیدان
فیداتم، بۆیە ئەوڕۆکە، لە ئەم مەیدانە سەردارم
٧. سەراپا غەرق‌و پامالم، لەسەر گێسوویی پاماڵت
خەراب‌و مەسصت‌و بێحاڵم، لە غەمزەی چاوەکەی کاڵت
قەسەم بەو خاڵی موشکین لەسەر ئەو کولمەیی ئاڵت
وەکو پەرگارە، سەرگەردان، بەدەوری نوقتەکەی خاڵت
دڵی حەیرانی سەرگەشتەی جەفا بەرداری غەمبارم
٨. بنەفشەی پەرچەمی نیلیی، کە بەر ڕووی نەستەرەن پەخشە
سەوادی زەڕگەری ڕۆمە، لەسەر صەفحەی تەلا نەقشە
بەگەردەن: نوقرەیی خام‌و دوو گۆنەت: زێڕی بێ خەوشە
وەکو (سیماب)ە، سینەی تۆ، بەلا سیمابی بێ ڕەعشە
لە ئەم سیمابەدا، عاشق بەجووتێ ئاتەشی نارم
٩. لەسەیری چەنگڵی زوڵفت، عوقابی تیز پەروازم
جگەر: ئامادەیی توعمەی دووچاوی بازی پڕ نازم
وەکو: جوڕڕە، گرفتاری تەوارە، چەشمی شەهبازم
بەتەڕلانی دڵی بردم، نیگاری شۆخی مومتازم
عیلاجی من چییە! بیکەن، ئەرێ یارانی غەمخوارم
١٠. دڵم گریانە بۆ غونچەی دەمانی نیمە خەندانی
هەزاران ئەشکی خوێنینم، بەخواری کەوتە دامانی

بەدایم [illegible]
لە خاری هیجری گولبەرگی تەڕی تازەی سوخەندانی
وەکو بلبل، هەزار ئاول، دەگۆڕێ ناڵەیی زارم
١١. شەوێ تا ڕۆژ، دەناڵێنم، لەبەر زاری لەبەر زاری
بەپێچو جینگڵو تاوی سییەه مارم، وەکو ماری
خەیاڵی ماهی دیداری لەغەم یاریم دەدا یاری
لەمەدحی پستەیی لێوی شەکەربارو شەکەرداری
وەکو تووتیی شەککەرخا، شەکەر بارم بەگوفتارم
١٢. خەمو خاشاکی ڕێگاکەم، بەئاوی دیدە ڕاماڵی
غوبارو گەردی دەرگاکەم، بەموژگانی وەفا ماڵی
گەداسان چیهرەیی صیدقم، بەهەزرەت پادشا ماڵی
لە خاکی ڕێگەکەی کەوتم، کە بەڵکە ببمە پاماڵی
نەبوو ئەو تالعە سەعدە، لە شوومیی بەختی خۆم یارم
١٣. بەدەوری بەدری بێ نەقصی، ئیماطەی، کە دوو گێسوو
هیلالی ناخونی لای دا، لەسەر ڕووی مەه، سەحابی موو
وە دەرکەوتن صەفی خاڵان، لەسەر ماهی تەمامی ڕوو
لەشەودا ڕۆژ تلووعی کرد، سیاهیی شەو، لەناو لاچوو
بەیضای بەپیای نواند دیسان، دەڵێ: فیرعەونی سەحارم
١٤. پەڕەنگی دەم عەرەقچینی، بەچەندین لوتفو شیرینی
کە ئاڵۆزن دەگەڵ چینی سەری گیسوویی موشکینی
یەکێ: تاقە لەسەر ئەبرۆ، یەکێکیان: جووتی پڕ چینی
یەکێ: دەخزێتە بن جیدی، یەکێ: دەڕژێتە پەرچینی
لە دەست یەکیان: بەئازارو لەدەستی یەک: دڵ ئەفگارم
١٥. لەگەردن: عیقدی مرواری، پەڕەنگی لەعلی مومتازی
کە جارجارە دەگەڵ غەبغەب، بەطەنّازی، دەکەن بازی
مەلەک: کەڕ بوو لەبەر خرمەی، فەلەک: لەرزی، لە ئاوازی
گرفتارە دڵی عالەم، بەنازی چاوی غەممازی
ئەمیش لەو جەمعەدا بۆیە بەچاوانی گرفتارم
١٦. لەوەقتێ بەستەیی دامی غەزالی چەشمی صەییام
لەقەیدو بەندی دوو عالەم (بحمد الله)ی ئازادم
لە سیلکی عارفو عامیی بڕاوە ڕەبتو ئیسنادم
نەجوزوی ئەهلی تەدبیرم، نەشاگردم، نەئوستادم
نەمەستم من، نەمەخموورم، نەمەدهۆشو نەهۆشیارم
١٧. نەپیری مەیکەدەی دەیرم، نەزومرەی مەیگوسارانم
نەشێخی صەومیعەی وەعزم، نەڕیشتەی زوهد دارانم
نە مەجنوونم، نەفەرهادم، نەوێڵی کۆهسارانم

[illegible]

قبووڵ کا، گەر شەهی خووبان، (ئەدەب) هەر بەندەکەی پارم

**لێکدانەوە:**

کۆپەلی ٣- دلم: سەودازەدەی تاری خەمی گیسوویی هیندووتە

تەنم: سووزان‌و ئەفرووزان (....) ئاتەشی ڕووتە

عیلاجی ئەو تەبە جانا! موفەڕیح لەعلی یاقووتە

لەبی یاقووتیی ڕەنگی تۆ، لەبۆ زەعفی دڵم، قووتە

مەگەر گوڵقەندی لێوی تۆ، بکا چارەی تەنی زارم

سەودازەدە (سەودا+زەدە): سەدوا: مەبەست لە ئەوین‌و خۆشەویستییە. جگە لەمە گەلێ مانای تریشی هەیە، وەک: ڕەش، مالیخولیا، وەسواس، ئەندێشەی بەد، دڵتەنگیی‌و سەرزەنشت، ئارەزووی زۆر، بەڵام لێرەدا هەر مەبەست دڵبەستەبوونی ڕۆح‌و عاشق بوونێتی بەدڵدارەوە.

(نالی) دەڵێ:

عومرێکی درێژە بەخەیاڵی سەری زوڵفت

شەوداو و پەرێشانم‌و سەودایەکی خاوە

(ل٥٢٣)

سەری زوڵفت، کە ڕشتەی عومری خزرە، نیوە هەودایە

چ هەودایە! کە هەر حەلقەی دووسەد زنجیری تێدایە

(ل٥٥٦)

زەدە: بەرکەوتەی شتێک، بەر زەبر کەوتنێک.

سەودازەدە: گیرۆدە بوونە بەئەوین‌و خۆشەویستیی دڵدارەوە.

(نالی) دەڵێ:

سەودازەدەکەی زوڵفت، ئەزهاری لەکن پەشمە

دوور لەو گوڵە بێ خارە، گوڵزاری لەکن پەشمە

(ل٤٧٤)

تار: ڕەش، تاریک. (نالی)و (سالم) وتوویانە:

سیلاحی پەرچەمی پڕ خەم، ئەگەر تارە، ئەگەر مارە

برۆو غەمزەی کەوان‌و تیر، ئەگەر هەودا، ئەگەر مەودا

(نالی، ٨٨)

بەفیکری مووشکاف ئەمشەو قیامم لەڕووی زوڵف

بەتاریشی، بەتوویشی، بەقەد تاری نەبوو یەڵدا

(سالم، ٣٧)

خەمی گیسوو (خەم+گیسوو): زولفی لوول، قژو پەلکی لوول.

(نالی) دەڵێ:

ڕۆژ: سەری کوڵمتە، ڕووناکیی نووری بە سەرم

شەو: خەمی زوڵفتە، تاریکیی توولی ئەمەلم

(ل - ٦٩)

هیندوو: بۆ زۆر مەبەست بەکاردێت: خاڵی ڕەش، زوڵفی ڕەش، مووی نارە ڕواوی سەر رووی لاو، پاسەوان، نۆکەر، بەڵام ئەگەر لەگەڵ (خاڵ)و (زولف)و (گیسوو)دا هاتبێ، بەمانای (ڕەش) دێت.

(سالم)و (نالی)و (کوردی) وتوویانە:

لە حەلقەی چینی زوڵفا، دیدە بانی عاریزە خاڵت
لەگەڵ دڵدارەکەت، تا سیحرو ئەفسوون خووتە، هیندووتە

(سالم، ١٢٢)

خوسووسەن هیندوویی خەتتی بەیازی ڕووی مەحموودم
لە موڵکی ڕۆمەدا ئێستەش، خەلیفەی شاری بەغدایە

(نالی، ٥٦٧)

لەسەر ئەم مەزهەبەم (سالم)، بەمەخفی ڕووبەڕووی مەتڵەب
وەکو هیندوویی گیسوویی، هەر سەحەر، تەعزیمی ئازەرکەم

(سالم، ٨٤)

هات جەیشی خەت، لە سەفحەی ڕووت، ماڵی کاولم
هیندووش تەماعی کردووە، تەسفیری موڵکی ڕەی

(کوردی، ٦٣)

سووزان: سووتێن، سووتێنەر، لە حاڵی سووتاندا، زۆر کاریگەرو وروژێنەر، ئێشدارو بەژان، لێوڕێژ لە خەمو تامەزرۆیی.

ئەفرووزان: درەوشاوە، بڵێسەدار، بەدرەوش، بەدرەوشین.

ئاتەش: ئاگر. (نالی)و (کوردی)و (سالم) وتوویانە:

لەدڵدا ئاتەشی عیشقت، بڵێسەی میسلی تەندوورە
شەتی ئەشکم نەبێ مانیع، دەسووتێم دەبمە کۆی نوورە

(نالی، ٤٠٦)

سۆزشی (کوردی)یە، یاخۆ: جۆششی ئەییامی فیراق!
ئاتەشی عیشقە مەگەر، یا: شەرەری ناری سەقەر!

(کوردی، ١٧)

زەمزەمەی عیشقە لەتاو میسری وجوودم هەمەجا
ئاتەش ئەفشانە هەناسەم، وەکو سوعبانی کەلیم

(سالم، ٨٨)

تەب: لەرزوتا، نەخۆشییو دەردەداریی، (تا): بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای لەش.

(سالم) دەڵێ:

لەبێ تۆ بۆ: (تەب)ی من چارەسازە
بەڵێ عونابە داروی دەردی مەحروور

(ل٦٣)

موفەڕیح (مفرح.ع): دڵخۆشکەر، هەرشتێ کە ببێتە هۆی خۆشییو شادیی.

(سالم) دەڵێ:

[illegible]
وەرە ئەی بادی شەبگیری، سەرم قوربانی تەئسیرت
(ل٤٧)

لەعلی یاقووت (لەعل+یاقووت): لەعل: مەبەست لێو، لێوی دڵبەر، شەرابی سوور، بەڵام فەرهەنگی (سخن) دەڵێ: لەعل، وشەی (لال)ی فارسییەو عەرەب کردوویەتی بە (لەعل)و لەبنەڕەتدا جۆرە بەردێکی بەنرخە، لە مینیزمو ئالەمینیوم دروست بووەو ڕەنگی سوورەو هەندێ جاریش سەوزو زەردەو ڕەشە، جۆرێکە لە جانەوەران. لەشی درێژکۆلەو دەستوپێی درێژە.

(نالی)و (سالم) وتوویانە:

مرواریی ئەشکم، وەکو یاقووتی ڕەوانە
ساقی! بدە لەو لەعلە، شەرابێکی عەقیقی
(نالی، ٦٥٦)

بەیادی لەعلی دڵبەر، ئەشکی خوێنین-
مەڕێژە، لەعلی خۆی نادا بەیاقووت
(سالم، ٥٠)

یاقووت: مەبەست فرمێسکی خوێناوییە.

زەعف (ضعف.ع): بێ هێزیی، لاوازیی، دڵ بوورانەوە، بێ توانایی، سستیی، لەسەرخۆچوون.

(سالم) دەڵێ:

زەعفی تالیع جازییە بۆ کارەبا، بۆ خوێن و دەم
سەیری چیهرەی بەختی من کەن، بوو بەڕەنگی زەعفەران
(ل٩٧)

گوڵقەند (گوڵ+قەند): گوڵشەکەر، گوڵی شیرین. مەبەست دەمو لێوی جوانو وەک گوڵو تام وەک شەکر شیرین، پەڕەی گوڵی سووری تێکەڵاوو بەشەکر پەروەردەکراو.

(سالم) دەڵێ:

دەنێمە زەقی خاتر، یادی بۆسەت
ئەگەر تەبعم تەمەننای گوڵشەکەر کا
(ل٣٠)

تەن: جەستە، لەش.

(نالی) دەڵێ:

گوتی: تاجی عەرەب و ئالی عەبا، فەرمووبان
عەیبە تەن پەروەری یو نەرمیی بۆ نازک بەدەنیی
(ل٦٧١)

زار: لاواز، زەبوون، بێ هێز، ناتەوان، بێدەسەڵات.

(کوردی) دەڵێ:

دڵ بریندارم بەپەیکانی موژەی خوێنڕێژی تۆ
ناڵەیی منی زاریی، لەگیان بێزارییە
(ل٥١)

[illegible]
ئاگری ڕووناکیی ڕوخسارنە. لەبەر ئەوە چارەی دامرکاندنەوەو هێوربوونەوەو ئۆخژنو هەموو خۆشییەکی ئەو گڕتێبەربوونو گەرماو بڵێسەیەی گیانم، هەر ماچی لێوە ئاڵ و سوورەکانی تۆیە، کە بۆ ئەم لاوازیی و بێ هێزییەی جەستەم، وەک خۆراکە بۆ دڵو جەستەم.

کۆپلەی ١٢– لەوێ ڕۆژێ، کە تاکی غەم، چەقا لەو سینەیی چاکم
بەئاوی دیدە شینم کرد: نیهالی نەورەسی تاکم
بەپەنجەی سەبر ئاقام کرد، لە قانەی جیسمی غەمناکم
لە شەختەی گەرمی میهری تۆ، لە سایەی تۆوە بێباکم
لە ئاخردا بەجورعەی مەی، کە خوێنی دڵ نەدا بارم

تاک: مێو، درەختی مێو، ڕەز. درەختی تری.
(سالم) دەڵێ:
تەرزە کووبی ئافەتی دەستی ڕەزانن، باغو تاک!
واقیعەن ئەم قەزیە ناوەختە، خەزان بوو بۆ ڕەزان

چاک: پارچە، لەت، قڵیش، درز، تڵیش.
(سالم) دەڵێ:
نەوبەهاری من: خەزانە، وەقتەکەی سوبحم: تەمووز
پڕتەوی ماهە، غەمو چاکی دەروونم وەک کەتان
(ل٩٧)
سینەی چاک: مەبەست سنگی لەت لەتە.
(نالی) دەڵێ:
تەڵەبی سینەی چاکم مەکە، بەو چاوانە
سینەکەم چاکە، بەئینسانی خەرابی نادەم
(ل٣٠٧)
نیهال: نەمام، درەختی ساوای تازە ڕواو. (سالم) دەڵێ:
چ تەکانێکە خودایا! هەرەسی هیجری حەبیب
بۆ نیهالی ئەمەلم، شاخو بەرو ڕیشە نییە!
(ل١٣٦)
نەورەس (نەو+ڕەس): نەو: نوێ، تازە. ڕەس: ڕەگی چاوگی ڕەسیدەن (=رسیدن)ی فارسییە، واتە: گەیشتن، گەیین. (سالم) دەڵێ:
یادگاری چاکیمانو جارنشینی سیلسیلە
نامرادو نەورەسی مەقسەد نەدییوو نەوجەوان
(ل٩٩)

شەختە: زوقم، بەستەڵەک.

میهر: (سەنسکریت: Mitra)، ئەڤێستایی، فارسی کۆن: میترا، پەهلەوی: میهر، میتر: خودای خۆر، خودای ئەوینی،
خۆشەویستی، سۆز، پەروەردگارو خودای جۆر (رب النوع)، خودای ئەوانەی کە باوەڕیان بەخودای
جۆراوجۆر هەبووە، وەکو: خودای ئاگر، خودای ئاو، خودای درەخت.. بۆ هەر جۆرێ لە جۆرەکانی
بوونەوەری ماددیی جیهانی بوون، کە پێوەندی بەهۆشەوە هەیەو نوورانیو ڕۆحانییەو پارێزەری جۆری
خۆیەتیو ئەوانەی کە ماددین لە ژێر دەسەڵاتو توانای تیشکی ئەواندایە (معین).

(نالی)و (سالم)و (کوردی) وتوویانە:

میهری بێ میهری ڕوخت گیراوە
لەمنی سایە سیفەت، چوو بەعەبەس

(نالی، ١١٥)

گرەی بەست: دڵ لە سینەمدا، لەحەسرەت سەردیی میهری تۆ
کە حەتتا ئاگری پڕ گڕ، دەسووتێنێ لە مەجمەردا

(سالم، ٢١)

لە سۆزی عیشقی سەردی میهری تۆیە
دەروون: گەرمو هەناسەم، سەردە، بۆ تۆ

(کوردی، ٤١)

جورعە: قوم، خواردنەوەی بەقوم. (سالم) دەڵێ:

جورعەنۆشی تۆ بکەم، ئیتر لەبەزمی مەیکەدە
چاوی مەخموورت بەعاشق، کاری بادەی مەی دەکا

(ل٢٩)

واتە: لەو ڕۆژەوەی کە نەومامی (مێو)ی غەم، لە سنگە شەقار شەقارو لەت لەت بووەکەمدا نێژراوە،
ئەم نەونەمامە تاقانەیەم بەئاوی چاوم ئاو داوەو بەپەنجەی ئارامو پشووی درێژ، لە جەستە خەمبارەکەمدا،
لاواندۆتەوە. هەر لەو ڕۆژەوە لەوە دڵنیابووم کە هیچ هەستو سۆزو میهرەبانییەکت بۆ من نابێو لەم
ڕووەوە دڵنیاو بێباکم. بۆیە لە ئەنجامدا، لە باتی ئاوی چاو، بەخوێنی دڵ پەروەردەم کرد، چونکە ئیتر
خوێنی دڵی خۆم، مننەتی کەسی لەسەر نییە.

کوپلەی ٦- ئەمن بیستم کە فەرمووتە بەعوششاق، ئەی مەهی خووبان
کەسێ لەتمێک لە چەوگانت نەبا، ناباتە سەر مەیدان
سەرم دانا لەسەر فەرمانو داتە بەر خەمی چەوگان
لەسەر مەیدانی جانبازیی، بەغەڵتان بردییە مەیدان
فیداتم، بۆیە ئەوڕۆکە، لە ئەم مەیدانە سەردارم

مەە: کورتکراوەی (ماە)ە، واتە: مانگی ئاسمان. (نالی)و (سالم)و (کوردی) وتوویانە:

مەه: بەشەو هەڵدێ، پەنا دەگرێو دەنوێنێ بەڕۆژ
دڵ بگاتە سیرِی پەچچەی پەرچەمو وەسفی برۆی

(نالی، ٦٩٤)

ساقی لەپەردە دەرهات، جامی شەرابی هێنا
دڵا خیرەما لە حیرەت، مەە: ئافتابی هێنا

(سالم، ٣٥)

[illegible]

شەوە، یا زولفە، یاخۆ موویی دڵجۆت!

(کوردی، ١٥)

خووبان: کۆی (خووب)ەو بەمانای شۆخو شەنگەکان، دڵبەرانی چاکو پەسەند. (نالی) دەڵێ:

مومکین نییە جەلبی دڵی خووبان، بەمنو تۆ

نەمبیستووە تەسخیری مەلایک، بەمەلایێ!

(ل ٧٠٥)

لەتمە (لطمە.ع): زەبر، ئازار، ئێش، زیان، شەپلاغە.

چەوگان: گۆچان. دارێ کە دەسکەکەی ڕاستو باریکو سەرەکەی کەمێک چەماوەیە، لە یاری (چەوگان بازی)دا بەتۆپدا دەکێشرێت، هەروەها ئەو دارە چەماوەیەی کە دەهۆڵی پێ دەژەندرێت.

(کوردی)و (سالم) وتوویانە:

گۆی سەرم: چەوگانی میحنەت، دایە بەرخۆی، ڕایفڕاند

وای عەجەب! بۆ شاسواری خانەیی زەینم نەهات

(کوردی، ١٢)

لەسەرمای قەوسی سەردی میهری تۆدا، وا بەیەک هاتم

لە ڕێی چەوگانی میحنەتدا، وەکو (گۆ)، دائیما گردم

(سالم، ٨٢)

خەمی چەوگان (خەم+چەوگان): بەشی سەرەوەی داری چەوگان، کە کەمێک چەماوەیە.

جانبازیی (جان+بازیی): گیانفیدایی، گیانبەخشین.

غەڵتان: خوێناویی بوون، لە خوێندا گەوزان.

واتە: ئەی دڵبەرە وەک مانگی ئاسمان جوانو چاکەکەم، بیستبووم کە بەدڵدارانت فەرموو بوو: دەبێ سەری دڵدارانت، وەکو (گۆ)ی چەوگان بازی، لە کاتی یاری کردنی چەوگان بازیتدا، لە مەیداندابنو خەمی سەریان نەبێ، چونکە ئەگەر خەمی سەریان هەبێو بەتەنگ ئەوەوەبن، سەریان تێدا نەچێن سەرنابەنە ناو مەیدانی یاری (دڵداریو ئەوین). بۆیە منیش لەسەر فەرمانی خۆت، بەر لەهەموو کەس، سەرم لەبەر چەوگانی ئەوینی تۆدا دانا‌و تۆش داتە بەر چەوگانو تا ئەوسەری مەیدان راتفڕاندو لە خوێندا گەوزانتو بووم بە قوربانت. لەبەرئەوە ئێستا لە ناو کۆڕی دڵداراندا سەرم بەرزەو وەک شەهیدێکی عەشق ئەژمار دەکرێم.

کۆپلەی ٩-لەسەیری چەنگڵی زوڵفت، عوقابی تیز پەروازم

جگەر: ئامادەیی تۆعمەی دووچاوی بازی پڕ نازم

وەکو: جوڕە، گرفتاری تەوارە، چەشمی شەهبازم

بەتەرڵانی دڵی بردم، نیگاری سۆخی مومتازم

عیلاجی من چییە! بیکەن، ئەرێ یارانی غەمخوارم

چەنگڵ: چەنگ، چەنگاڵ، دەست. (کوردی) دەڵێ:

تیغی ئەبروت، تیری موژگانت بەقەتڵو عامی دڵ

نووکی نێزەی تاج بەخشە، تیغی چەنگی چەنگزە

(ل ٤٨)

[illegible]
ڕۆریش نازاو جەربەرەیە. (سالم) دەڵێ:

وەکو ئەشکم، پەیاپەی خوێنی ئاڵم، ئەی عوقابی غەم
بەسەر جەرگا لەدڵ دەڕژێ، لە جێگەی مینحلەتب ئەمشەو

(ل١١٨)

تیزپەرواز (تیز+پەرواز): تیز: تیژ. پەرواز: فڕین، هەڵفڕین. تیژپەرواز: تیژفڕین، خێرافڕین.

(سالم) وتوویەتی:

دڵی تووتی لەپەروازا، لەسەر گوڵ لەنگەری ڕاگرت
کە یاری شۆخ‌و شیرینم، سەحەر، وەسمەی لەئەبرۆدا

(ل٢١)

ڕەهی کۆی دڵبەرم دوورە، بە(سالم) ناگەمە مەقسەد
لەپەروازی تەڵەبدا، گەر بەتیژیی وەک کەبووتەربم

(ل٨٠)

توعمە (طعمە.ع): پاروو، چەشە، خواردەمەنی، ڕسق.

جورە: باڵندەیەکی لەچۆلەکە بچووکترە.

تەوار: هەڵۆ (ی مێ)، مێینەی بازو هەڵۆ

چەشم: چاو.

شەهباز: باڵندەیەکی ڕاوە، لەڕەگەزی بازو هەڵۆ.

تەڕلان: مەلێکی ڕاوکارە لە تیرەی بازو شەهێن. جوان چاکی‌و دڵفڕین.

نیگار: یار، دڵبەر، خۆشەویست، دڵدار، ئافرەتی شۆخ‌و شەنگو جوان. دیسان بەمانای: نەخش، وێنە، نەخشی خەنە لەسەر دەست‌وپێ، بت، زێوەر، نەخشی نگین، ڕەنگین، نەخشکراو.

(نالی)و (سالم)و (کوردی) وتوویانە:

گەر بازی نەزەربازی، لەم دەست‌و نیگارەت چی!
بۆ یاری یو دەستبازیی، ئەم ڕاوو دیارەت چی!

(نالی، ٦٤٢)

گوشادی عودەیی خاتر، نیگاری بوو، ئەویش ڕابوورد
دڵی پڕ میحنەتم، شادی بەیاری بوو، ئەویش ڕابوورد

(سالم، ٥٥)

ئەو جەفاو جەورەی کە (کوردی)، لەو نیگارەی چەژتووە
سەد کە بێعار بێ، دەبێ بۆچی لە ڕۆح بێزار نەبێ!

(کوردی، ٥٣)

مومتاز: هەڵبژاردە، نایاب.

واتە: لە سەیرکردنی سەری زوڵفە وەک چنگاڵ هەڵگەڕاوەکانی یارم، کە دەڵێی چنگی هەڵۆی تیژفڕە، جگەرم بۆی بۆتە چەش‌و خۆراکی دوو چاوە پڕ لە نازە وەک بازەکەی‌و بوومەتە ئەو باڵندە جورەیەی، چاوم بەدەستی چاوە شاباز ئاساکەیەوە گیرۆدەیەو یارە تاقانەو هەڵبژاردەکەم، بەنازو عیشوەو جوانیی خۆی، دڵی بردووم‌و ئێستا نازانم چارەی من چییە!؟. بۆیە داوا لە دۆستانی وەک خۆم عاشق دەکەم، بەڵکو

چاپنەکراوم بۆ خوێندنەوە.

کۆپلەی ١١- شەوێ نا ڕۆژ دەناڵێنم، لەبەر زاری نەبەر زاری
بە پێچو جینگڵو تاوی سییەە مارم، وەکو ماری
خەیاڵی ماهی دیداری، لە غەم یاریم دەدا یاری
لەمەدحی پستەیی لێوی شەکەربارو شەکەرداری
وەکو تووتی شەکەرخا، شەکەربارم بەگوفتارم

زار (ی یەکەم): لاواز، بێهێز، زەبوون، بێدەسەلات، کە دەڵێن: ناڵەی زار: مەبەست لە ناڵەی بەسۆزە.

(کوردی) دەڵێ:

دڵ بریندارم بەپەیکانی موژەی خوێنڕێژی تۆ
ناڵەیی زاری منی زاریی، لەگیان بێزارییە

(ل٥١)

زار (ی دووەم): دەمو لێوی دڵبەر ویارە.

جینگڵ: گینگڵ، خەوی نائارامو پڕ پەژارەو دڵەڕاوکە، پەپکەبوون لەسەر جێی خەو، بەتایبەتیش بۆ خۆ پەپکەو لوول کردنی مار بەکاردێت.

سییەە (سیاه): ڕەش، مەبەست پەلکو ئەگریجەو پەرچەمی یارە.

سییەە مار: مەبەست زوڵفو پەلکی ڕەشو درێژو بریسکەداری یارە.

ماه: مانگ، مانگی ئاسمان.

یاریی: یاریدە، یارمەتی، هاوکاریی.

پستە: بستە، مەبەست لێوی بەئاستەم تروکاوی وەک بستەیە.

تووتی: مەبەست شاعیری شیرین گۆیە، ئەو شاعیرەی کە شیعرەکانی خۆشو دڵگیرن.

(سالم) دەڵێ:

(سالم) ئەر تووتییە، بێ لەبی قەندت
ماتو مەبهووتە، وەکو بوتیمار

(ل٥٨)

شەکەرخا: شەکرخۆر، شیرین، سازگار، قسەی شیرینن خۆشو ڕاوێژخۆش.

واتە: شەو تا بەیاتی، لەبەر لاوازییو بێدەسەڵاتیی خۆم، هەر خەریکی گریانمو لەتاو پەلکو قژە وەک مار ڕەشەکەی، هەر وەک مار، لە ناو جێگەکەمدا پەپکەو گینگڵ دەدەم، بەڵام کە خەیاڵی ڕوخسارە ڕووناکو وەک مانگەکەی دێتە یادم، کەمێک ئۆخژنم دەگاتیو دەبێتە یاریدەدەرو پشتیوانم.. بۆیە کە دێمە سەر وەسفی لێوە وەک شەکر شیرینو وەک بستە بەئاستەم تروکاوەکەی، ئیتر هەستی شاعیرانەم دەوروژێو وەک ئەو باڵندەی تووتییەی، کە هەر شەکری دەرخوارد دەدەن، دەکەومە نووسینی شیعرو هەموو ڕستەی شیعرەکانیشم، وەک شەکر شیرین دەبنو لای خوێنەرانی، نرخو بەهایان دەبێ.

***

«٢»

نیوە بەیتی یەکەمی ئەم غەزەلە، لە لەلاپەرە (٢٣٠)ی دیوانی چاپکراوی (ئەدەب-میسباح دیوان)دا، (کە ئێمە ساڵی ٢٠٠٥ز، بەچاپمان گەیاند، بەهەمان کێشو سەروا-وە هەیە، بەڵام لەدوای نیوە بەیتی یەکەم بەدواوە، ئیتر جگە لە (کێشو سەروا)، کە لەهەردوو غەزەلەکەدا وەک یەکن، سەرلەبەری هەردوو

[illegible] جیاوازییان لەگەڵ [illegible] وێنەی شیعریی‌و ڕسنە سارییەوە هەیە بۆیە ئەگەر هەندێ کەش‌و هەوای هاوبەشیشیان لە نێواندا هەبێ، بەڵام هەر یەکەیان بەجیا، غەزەلێکی جیاواز سەربەخۆیەوز هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەم غەزەلە، وەک شیعرێکی تری بڵاونەکراوەی (ئەدەب) دەژمێردرێ.

١. دڵاراما! هیلالی نەو، بەدیدارت موبارەک بێ
بەکەف، ئەو ساغەری ڕەنگینی سەرشارت موبارەک بێ
٢. سەلامی عامە ئەورۆکە، هەموو هاتوونە دەربارت
سەلامی عامی عوششاقان، بەدەربارت موبارەک بێ
٣. سەف ئارایی دەکا: موژگان، کەمانداریی دەکا: ئەبرۆ
سەف ئارایی موژەو ئەبرۆی کەماندارت موبارەک بێ
٤. شەکەر ئەفشانە ئەورۆکە، لەبی لەعلی گوهەر بارت
شەکەر ئەفشانیی لەعلی گوهەربارت موبارەک بێ
٥. شەمیمی زولفت ئەورۆکە، نیشات ئەفزایە، وەک نافە
لە سونبول تەعبیە بۆی موشکی تاتارت موبارەک بێ
٦. قەتارەی دوگمەیی سینەت، ترازا بۆ تەماشای مە
دوو ناری نەو ڕەسیدەی سەحنی گوڵزارت موبارەک بێ
٧. چ مینایێکە بەربینی! بەغەیرەز گەردنی مینات!
بەری مینایی گەردن سێوی خونسارت موبارەک بێ
٨. چ خۆش ڕێککەوتوون: سیحری سەری زولف‌و فرووغی ڕووت
یەدی بەیزا، بەدەستی زولفی سەححارت موبارەک بێ
٩. هەتا نوتقت نەفەرمووبوو، حەقیقەت ڕووی نەدابوو
لە غونچەتدا، دوو ڕشتە دوڕی شەهسوارت موبارەک بێ
١٠. ڕوخت گەر قیبلەیی ئیسلامە، زولفت ئاییِنی کوفرن
لە ماڵی کەعبەدا، ئیحداسی زوننارت موبارەک بێ
١١. ئەگەر دوو نەرگسی مەستی، لە تەعنەی غەمزە هوشیارن
قەدەحداری دوو مەستی نیمە هوشیارت موبارەک بێ
١٢. بەڕەسمی تەهنیەت جانا! (ئەدەب) جانی نیسارت کرد
غوڵامت، ساحێبی ئیسارو ئیسارت موبارەت بێ

***

ناسنامە: کێش: بەحری هەزەج موسەممەن سالم (مفاعیلن مفاعیلن مفاعیلن) وەک نموونەی:

١. بەداما موحبەتێ بەندم، خەدەنگا فورقەتێ دل نوهت
بەشوبهی مورغی نیم بسمل دهەڤ وەرتێم دخوونی دا
(مەلای جزیری، ل٣٧)

٢. بەمیعراجی سولووکی سالیکاندا تانەچی ڕۆژێ
لەناو جەهلی مورەککەبدا، دەمێنی هەروەکو ماوی
(نالی، ل ٦٨٥)

[illegible]

لەبەر نەعریمی مەیخانە، بلێن پیری موغان بابێ

(کوردی)

لێکدانەوە:

١. دلارااما! هیلالی نەو، بەدیدارت موبارەک بێ

بەکەف، ئەو ساغەری ڕەنگینی سەرشارت موبارەک بێ

دلارام: (دل+ئارام): واتە ئارامی دڵ، کە مەبەست: یار، خۆشەویست، دڵدار، دڵبەرو ئەوەی مایەی ئارامییو ئاسوودەییو خۆشیی بەدڵ دەداتو هۆی ئۆخژنو هێوربوونی دڵە.. پاشگری پیتی (أ)یش: (دلاراما)، ئامرازی بانگردنو بانگهێشتنە.

(نالی)و (سالم) واژەی (دڵارام) یان ئاوا بەکاربردووە:

عاشق دڵی نایە لەدڵارامی جودابێ

ئەڵبەت کە دڵارامیی لەوێ بێ، دڵی نایێ

(نالی، ٧٠٤)

زیوەری حوسنی دڵارامە، سەودای خەمی زوڵفت

نانوێنێ کە نەبێ زوڵمەتی شەو، شەوقی چرا

(سالم، ٢٧)

بەسکی هەر جا، کوشتەیی تیغی مەحەببەت کەوتوون

کۆی دڵارامم لە خوێنا، بوو بەدەشتی کەربەلا

(سالم، ٣٤)

هیلالی نەو: مانگی تازە، مانگی نوێ، بەڵام لێرەدا مەبەست برۆی وەک مانگ ئاساو شێوەکەوانییو جوانی یارە.

(نالی) دەڵێ:

بنوێنە برۆ، یەعنی: هیلالی سەری ماهت

چون وەعدەیی ماچی سەری کوڵمت، سەری مانگە

(ل٤٦٥)

کەف: بەر، لەپ، بەرە. لێرەدا مەبەست لە لەپو بەری دەستە.

ساغەر: عەرەب کردوویەتی بە(صاغر)، واتە: پیاڵەو دەفری شەرابو جامی مەی.

(سالم)و (کوردی) لەم بارەیەوە وتوویانە:

چاوی مەخمووری لەخاوی سەرحەریی هەڵساوە

بادەیی ساغەریی، عیشرەت دەڕژێنێ بەعەلی

(کوردی، ٥٨)

لێوی تۆ: ئەو وەختە سەر ساغەر دەچوو

لێوی ساغەر، خۆزگە لێوی من دەبوو

(سالم، ١١١)

ساغەری تۆ، لە بادە دایم پڕ

خاتری من: هەمیشە پڕ لە ئەلەمە

[illegible]

سەرشار: لێوانلێو، لێورێژ، سەررێژ، نژی، پڕپڕ.

واتە: ئەی مایەو هۆی ئۆخژنو هێوریىو حەسانەوەی دڵم! برۆی تازە ئارایشکراوی وەک مانگ کەوانەییت، لێ موبارەکو ئەو پێکو پیاڵە ڕەنگینو پڕاوپڕ لەمەیو شەرابەی دەستیشت لێ پیرۆزبێت.

٢. سەلامی عاممە ئەوڕۆکە، هەموو هاتوونە دیدارت

سەلامی عامی عوششاقان، بەدەربارت موبارەک بێ

سەلامی عاممە: سڵاوی سەرلەبەری خەڵک بۆ پیرۆزبایی لە بۆنەیەکدا

دەربار: دیوەخانی سوڵتانو میرو پاشا، کۆشکی پاشایی

واتە: سەرلەبەری خەڵک، بەسڵاوەوە بۆ دیوەخانی گەورەییت هاتوونو منیش بەنوێنەرایەتی لەدڵدارانت، بۆ پیرۆزبایی لێکردنت بۆ دەربارت هاتووم.

٤. سەف ئارایی دەکا: موژگان، کەمانداریی دەکا: ئەبرۆ

سەف ئارایی موژەو ئەبرۆی کەماندارت موبارەک بێ

کەماندار: (کەمان+دار): خاوەنی ئامێری کەمان، کە لە پێش دۆزینەوەی چەکی گڕداردا، چەکێکی بەکارهێنراوە.

واتە: برژانگەکانت جوانو ئارایشکراو، وەک ڕیزو پۆلی لەشکرو سوپای جەنگیی، کە شێوەیان لە(تیر) دەچێ، ڕیزو ئامادەبوونو (برۆ)کانیشت کە وەک (کەوان)ن، وانەکانیان ئامادەکردووە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزباییت لێدەکەم.

٤. شەکەر ئەفشانە ئەوڕۆکە، لەبی لەعلی گوهەربارت

شەکەر ئەفشانیی لەعلی گوهەربارت موبارەک بێ

شەکر: شەکر.

ئەفشان: بڵاو، پەخشان. کراوە.

(کوردی)و (سالم) واژەی (ئەفشان)یان بەمجۆرە بەکاربردووە:

پادشابم، تاکو چینی زوڵفت ئەفشان کا شەماڵ
قافڵەی تاڵان ئەکەم، هەر تاجرێ بڕواتە چین

(کوردی، ٣٨)

زوڵفو کاکۆڵو غوڵامانەی هەموو ئەفشان ئەکا
بێ بەزانوودا، بدا جامێ، بەعیشوەو شەرمو ناز

(کوردی، ١٧)

ئەگەر ئەفشان بێ نەفحەی چینی زوڵفت
خەجاڵەت دەیگرێ: ئاهوویی تاتار

(سالم، ٥٨)

بەحەسرەت ئەشکی ئاڵم، دێتە سەر ڕوو
بەسەر ڕووتا، کە ئەفشان بێ سەحەر موو

(سالم، ١١٥)

شەکەر ئەفشان: مەبەست قسەی خۆشو شیرینیی زمانە.

(سالم) دەڵێ:

[illegible]
دەهانی شیرین دەکا هەر حەرف، نیکتەی وەک شەکەر، کاغەز
(ل ٧١)

لەبی لەعل: لێوی سوورو ئاڵو جوان. (نالی)و (سالم) وتوویانە:
لەبەر خەندەی لەبی لەعلی ئەتۆ بوو
کەوا شەککەر دەباری، گوڵ دەپشکووت
(نالی، ١٥٠)
دەشکێ بەمیسلی حورمەتی من، قیمەتی نەبات
پۆشیدە گەر نەبێ، لەبی لەعلت لەموشتەری
(سالم، ١٤٥)

گوهەر: گەوهەر.

واتە:ئەمڕۆ، لێوە ئاڵاو سوورو پڕ گەوهەرەکانت، وەک ئەوەی شەکرو شیرینی، پەخشان بکەنو ببەخشنەوە، قسەی وەک شەکر، شیرینیان لێ دەبارێ. منیش بەبۆنەی ئەم شیرینی بەخشینەوەیەت پیرۆزباییت لێدەکەم.

٥. شەمیمی زوڵفت ئەوڕۆکە، نیشات ئەفزایە، وەک نافە
لەسونبول تەعبیە، بۆی مشکی تاتارت موبارەک بێ

شەمیم (شمیم.ع): بۆنی خۆش.

نیشات (نشاط.ع)» شادی، خۆشیی، خۆشحاڵیی، شەوق، مەیل، خۆش ڕابواردن.

ئەفزا: زیادکردن، بردنەسەر، بەرزبوونەوە، چوونە سەر.

نافە: موشک، میشکو لە هەرەبیدا بۆتە میسکو بریتییە لە بۆنێکی خۆشو لە بنجیشدا (نافە)، کیسەیەکە بەئەندازەی نارنجێک، کە لەژێر سکی ئاسکی نێری وڵاتی (خوتەن)ە، لەژێر پێستیو لە نزیک ئەندامی نێرینەیەتی. شتێکی ڕەنگ قاوەیی، وەک ڕۆنی لێ دەردەچێ، کە یەکجار بۆنخۆشەو پێی دەوترێ: موشک (معین).

(نالی)و (سالم) لەم بارەیەوە وتوویانە:
تاتایی سەری تورەیی پڕ پێچشی بادا
هەر تاییێکی، باریکی گوڵ و نافە بەبادا
(نالی، ٨٣)
لەسیدقم، شانەو بادی سەحەرگەه، شاهیدن هەردوو
غوباری تورەیی موشکینی تۆ، نافەی بەئاهوودا
(سالم، ٢١)

سونبول: مەبەست زوڵفی بۆنخۆشو جوانی یارو دڵدارە، بەڵام لەبنەڕەتدا (سونبول) ڕووەکێک لەڕەگەزی سەوسەن، گەڵاکانی درێژو گوڵەکانی هێشوویی‌و ڕەنگ وەنەوشەین. پیازەکەی لە گوڵداندا دەچێنرێو گوڵی زۆر دەگرێت. گوڵەکانیش جوانو خۆش ڕەنگن.

(سالم)و (نالی) لەم بارەیەوە وتوویانە:
سونبولی تورە (طرە)، کە پەرژینە بەپەهلوویی گوڵا
موو بەموو، هەریێکە داوێکە لە ڕێی مورغی دڵا

شەوبۆیی سەری سونبونی زوڵفت ئەسەری دام
ئێستەش سەرەکەم مەستە، لەبەر نەشئەیی شەوبۆ

(نالی، ٣٨٦)

تەعبیە: سازکردن، ڕازاندنەوە، ئامادەکردن.

تاتار: مەبەست لە موشک (میشک)، یان میسکی وڵاتی (تاتار)ە، کە زۆر بۆنخۆش‌و بەناوبانگە، (کوردی) دەڵێ:

تاری کاکۆڵت، لەسەر سەفحەی ڕوخت تاتارییە
خەتی دەوری لێوی ئاڵت، جەدوەلی ژەنگارییە

(ل٥١)

واتە: ئەمڕۆ، بۆنی خۆشی پەلکەکانت، وەک بۆنی خۆشی نافە، شادی‌و خۆشیی دەپژێنن‌و گوڵی سونبولیش خۆی ڕازاندۆتەوەو چاوەڕێ دەکات بۆنی خۆشی پەلکەکانتی پێدا بپژێ. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئەم بۆنی میسکە خۆشەی وڵاتی تاتارت لێدەکەم.

٦. قەتارەی دوگمەیی سینەت، ترازا بۆ تەماشای مە
دوو ناری نەوڕەسیدەی سەحنی گوڵزارت موبارەک بێ

قەتارە: کاروان، ڕیز.

نار: کورتکراوەی واژەی (هەنار)ە‌و مەبەست لە (مەمک)ە. (نالی) دەڵێ:

قامەتی سەروی، ئەگەر بێ بەرە، بۆ چ نارەوەنە
تۆ بڵێ زولفی، ئەگەر دووکەڵە، بۆچ ناری بەرە!

(٤١٢)

نەو ڕەسیدە (نەو+ڕەس(: نەو: تازە، نوێ. ڕەس: ڕەگی چاوگی ڕەسیدەن (ی ڕسیدن)ی فارسییە.

واتە: گەیشتن‌و (نەوڕەسیدە)ش بەمانای تازەپێگەیشتوو، تازەبەر، فەریک. (سالم) دەڵێ:

یادگاری حاکیمان‌و جانشینی سیلسیلە
نامرادو نەوڕەسی مەقسەد نەدیوو نەوجەوان

(ل٩٩)

سەحن (صحن.ع): ناوەڕاستی حەوشە، ناوەندی کۆشک‌و سەرا.

(سالم) دەڵێ:

چ بڵێم! حاڵەتی دڵ چۆنە لە هیجرا (سالم)
سەحنی گوڵزاری سەنەندوج، وەکو زیندانی منە

(ل١٣١)

واتە: دوگمەو قۆپچەکانی بەرۆکی یار، یەک بەدوای یەکدا ترازان‌و بۆ ئەوەی ئێمە بتوانین سەیریان بکەین، کرانەوەو دوو مەمکی بچووکو وەک هەناری فەریک‌و تازەپێگەیشتوو، لەناو گوڵزاری سنگیدا دەرکەوتن. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی پێگەیشتنی ئەم جووتە مەمکە وەک تازە هەنارە فەریکەت لێدەکەم.

شاعیرانی کورد، وێنەی تری لەم بابەتەیان هەیە:

لە دووگمەی سینە، دوێنێ نوێژی شێوان
بەیانی دا: سپێدەی باخی سێوان

(نالی، ٣٦٠)

ترازا: بەندی سوعمەی ئالی گوشاری، بەئامی سن
کەچی دەستی لەسەردانا، لەسەیری باخی بەی کردین
(تاهیر بەگی جاف، ١٣)

٧. چ مینایێکە بەر بینی! بەغەیرەز گەردنی مینات
بەری مینایی گەردن سێوی خونسارت موبارەک بێ

مینا: (پەهلەڤی. Minak). شووشە، یان شتێکیتر، کە بەلاجیوەردو زێڕو زیوو مجەوهەرات نەخش کرابێ. جۆرێ لەڕەنگ، لیێکێکی شینە، بۆ نەخشکاریی‌و جوانکردنی دەفرو قاپ‌و قاچاغی زێڕو زیو. (فرهنگ معین)، بەڵام لێرەدا مەبەست لەگەردنی وەک شووشەی یارە.

(نالی)و (سالم) واژەی (مینا)یان ئاوا بەکاربردووە:
ڕۆژی تەرزە، چەندە مینای دڵ شکێنەو سەرشکێن
ڕۆژی باران: چەند شڕو بێ عیسمەتەو ئابڕوو تکاو
(نالی، ٣٦١)

مینا دڵیی‌و بازی وەسڵت لەمیانا
ئەم شیشەیە دەشکێنێ بەیەقین (سالم)ی بەدخوو
(سالم، ١١٥)

بەربین: بەرگەردن، ژێر چەناگە.

غەیرەز: بێجگە لە.(غیر+از)ع.ف. غەیر: بێجگە. ە ز: کورتکراوەی ئەز (=از)، واتە: لە.(سالم) دەڵێ:
نایی سەدا لەپەنجەرەکەی، جوز فوغانی جوغد
غەیرەز شەقامی موور، نییە شوێنی پێ گوزەر
(سالم، دیوانی نالی، ل٢٠١)

خونسار: شارۆچکەیەکی سەر بەشاری (گوڵپایەگان)ە لە نزیک شاری (ئەسفەهان)ی ئێران. چیای بەرز دەوری داوەو چۆم‌و ڕووبارو کانیاوی زۆری لە دەورووبەرە، کە سەرچاوەکەیان ڕووباری (لەعل)ەو چۆمی (قبیلە)ش بەناوەڕاستیدا تێپەڕدەبێ. لە میوەی جوان‌و بەتام‌و بەتایبەتیش لە(سێو)دا بەناوبانگە (فرهنگ دهخدا، جلد ٧، ص١٠١٥٤).

واتە: بەرگەردن‌و ژێرچەناگەی، چۆن شووشە مینایەکە! جگە لەمینای گەردنیشی، بەرگەردنی وەک سێوی شاری خونسارە. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئەم هەموو جوانییەت لێدەکەم.

٨. چ خۆش ڕێکەوتوون: سیحری سەری زوڵف‌و فڕووغی ڕووت
یەدی بەیزا، بەدەستی زوڵفی سەححارت موبارەک بێ

فرووغ: تیشک، ڕۆشنایی، پرشنگ، بلێسە، درەوشاوەیی.

یەدی بەیزا (یەد+بەیزا)ی لێکدراوی هەردوو واژەی (ید بیضاء)ی عەرەبییەو بەمانای دەستی سپی دێت، بەڵام لێرەدا ئاماژەیە بەیەکێک لە موعجیزەکانی حەزرەتی (موسا)، کە دەڵێ: کاتێ دەستی لە گیرفانی ڕۆدەکردو دەری دەهێنایەوە، ڕووناکییەکی سپی لێ بەرزدەبۆوەو پەنجەکانی ڕۆشناییان لێ هەڵدەستا، ئەم موعحیزەیەش بە (یەدی بەیزا) ناسراو لە سورەی (تاها، ئایەتی ٢٤)دا دەفەرموێ: (واظم یدک الی جناحک تخرج بیضاء من غیر سوء). واتە: (دەستت بۆ باخەڵت، یان بۆ گیرفانت ببە، کە بەسپێتیی‌و ڕووناکیی دێتە دەرەوە، دوور لە بەدیی. کاتێ کە مووسا بۆ بارەگای فیرعەون ڕۆیشت، دەستی بۆ ناو گیرفانی بردو

[illegible]
سورماو هەموویان هەڵان. (قصص الأنبیاء نیسابوری ١٧٢)و (تلمیحات).

(سالم) لەم بارەیەوە دەڵێ:

له قوببەی نووری پستانت، یەدی بەیزا نمووداره
ئەبەد ناگاتە دوگمەی جێی جامەی تۆ، کەفی مووسا
(ل٢٧)

بەمەعزی ئیمتیحان، دەستم بنێره باخەڵت، یەک دەم
لەبندا بیبڕن ڕازیم، ئەگەر نەیبوو: یەدی بەیزا
(ل٣٦)

- سەحجار: جادووگەر، ئەفسوونگەر.

واتە: سیحری سەری زوڵفو درەوشانەوەی ڕووت، کە زوڵفت ڕەشەو لەسەر ڕووخساری ڕووناکت پەخشن، چەند جوان، هاوئاهەنگو ڕێککەوتوون، دەڵێی زوڵفەکانت بوون بەیەدی بەیزاو کوڵمەکانتیان ڕووناک کردۆتەوە.

٩. هەتا نوتقت نەفەرموو بوو، حەقیقەت ڕووی نەدا بۆ: مە
له خونچەتدا، دوو ڕشتە دوڕی شەهسوارت موبارەک بێ

نوتق: پەیڤین، ئاخاوتن، قسەکردن، دووان، بەڵام لێرەدا مەبەست لە موعجیزەی ئاخاوتنی حەزرەتی (عیسا)یە، کە خاوەنی چەند موعجیزەیەک، یەکێک لەوانە، بریتیی بوو لەوەی: کاتێ دەدوا، بەهەناسەکانی مردووی زیندوو دەکردەوە.

ڕشتە: ڕیشتە، دەزوو، پەت، گوریس، ڕیس، ڕێس، دەزووی بادراو.

(سالم)و (نالی)و (کوردی) واژەی (ڕشتە)یان بەمجۆرە داڕشتووە:

بۆ ئەوەندە چەرخی داوم، چەرخەیی چەرخ!
سەراپا لاغرم، وەک ڕشتەیی ڕیس
(سالم، ٧٤)

غەیری زوڵفی تۆ، کە ڕشتەی عومرمە
دەست لە (مافیها)ی زەمان بڕیاوم ئەز
(نالی، ٢٢٢)

ناڵی کاکۆڵی، کە ئەفشانە لەسەر مەیتەنی ئاڵ
ڕشتەیی گیانو دڵ و دین، دەپسێنێ بەعەلی
(کوردی، ٥٨)

دوڕ (در.ع): مرواری کوارتزی شووشەیی، وەکو ئەو بەردانەی بۆ ڕازاندنەوەی زێڕو زێوەر بەکاردەبردرێن (معین) (نالی) دەڵێ:

ئەم سیڕە چییە! میسلی سوهابێ، نەسوابێ
دوڕێ، کە وەکو دوڕی سەمابێ، نەسمابێ
(نالی، ٦٠٧)

شەهسوار: سواری چاک، سوارچاک، سواری بێ وێنە، کەسی زۆر بەرچاو، کە مەبەست ئەم مانایەی دوایییە.

واتە: [illegible]
نواندو خونچەی لێوەکانت هەڵهێنانەوە، ئیمەی لەناو تۆ مردووی، پێ زیندووبوویەوە، چونکە لەلایەکەوە هەناسەکانت ئێمەی مردوو، بەموعجیزەی هەناسە (عیسایی)یەکانی تۆ زیندووبووینەوەو لە لایەکی تریشەوەو هەر بەهۆی ئاخاوتنتەوە، بۆ یەکەمجار، هەردوو ڕیزە ددانە وەک دوڕو گەوهەرینەکانت دەرکەوتن‌و پێیان شادمان بووین. بەم بۆنەیەوە پیرۆزبایی ئەو دوو ڕیزە ددانەت لێدەکەم، کە لەخونچەکانی لێوانتدا دیمانن. دیسانیش پیرۆزبایی ئەو دوو قەیتان‌و داوە باریکەی خونچەی لێوەکانت لێدەکەم، کە بریتین لە دوو دوڕی زۆر ئاشکراو بەرچاو.

١٠. ڕوخت، گەر قیبلەیی ئیسلامە، زوڵفت ئایینی کوفرن
لە ماڵی کەعبەدا، ئیحداسی زوننارت موبارەک بێ

روح: ڕووخسار، دەموچاو، ڕوومەت، گونا.

(نالی)و (سالم)و (کوردی) وشەی (ڕوخ) یان بەمجۆرە بەکارهێناوە:

ڕوخی تۆ، گوڵێکە، سەد وەک هوزاری عاشق، ئەمما
لە هەموو چەمەن دیارە، بەئوسوڵی ناڵە ناڵی

(نالی، ٦٦١)

لە ڕوخت دەرفە چرا، بەڵکو ببینم بەری پێم
خاڵی گۆشەی لەبی تۆ، مەردومەکی چاوی منە

(سالم، ١٢٩)

تۆ، بەو دوو ڕوخی خۆتەوە، وەک شاهی‌و فەرزە
دائیم کە لە پێش ئەسپەکەتا، وەک نەفەرت بم

(کوردی، ٢٢)

کەعبە: قیبلەی پیرۆزی موسڵمان، بەڵام لێرەدا مەبەست یارو دڵبەرە.

(سالم) دەڵێ:

خۆشە ئەییامی گریانم، لە خاکی کەعبەیی مەقسەد
هەموو قەترەی سریشکم بۆ شەرەف، وەک ئاوی زەمزەم بوو

(ل١٣)

ئیحداس: (إحداث.ع): داهێنانی نوێ، دروستکردنی نوێ، ڕۆنانی نوێ.

زوننار: لە یۆنانی نوێدا (زوناری)ی‌و لە یۆنانی کۆندا (زوناریون)ە، واتە، پشتوێن، یان (کوشتی) پێدەڵێن. ئەو پشتوێنەی کە (ذەمی نەسرانی)یەکانیان لە خۆرهەڵاتدا ناچار دەکرد کە بیبەستن، تا بەم هۆیەوە لە موسڵمان جیابکرێنەوە (معین).

(سالم) دەڵێ:

بەعدەزین کارم بەزوننارە
دینی بردم نیگاهی تەرسا خوو

(ل١١٥)

واتە: ڕووخسارت کە ڕووناکو درەوشاوەو شیرین‌و پیرۆزو جوان‌و وەک قیبلەی موسڵمانان وایەو هەموو ڕووت تێدەکەین، بەڵام کەزی‌و پەلکەکانت، کە ڕەنگیان ڕەشە، وەک ئەوە وایە لە ماڵی کەعبەدا، (کە ڕووخسارتە)، ئایینێکی تازەو نوێت داهێنابێ، کە ئایینی دیان‌و هەڵگرتنی زوننارە. بەم بۆنەیەوە، کە ئەم

ئاییە بۆنەیەت خاکیەوە پیرۆزبایت لێدەکەم.

١١. ئەگەر دوو نەرگسی مەستی، لەتەعنەی غەمزە هوشیارن
قەدەحداری دوو مەستی نیمە هوشیارت موبارەک بێ

نەرگس: مەبەست لەچاوە، چاوی مەست، چاوی جوان
(نالی) دەڵێ:
ئەو چاوە غەزالە، فەتەراتی سەرو ماڵە
ئەو نەرگسە کاڵە، نە منی هێشتو نە کاڵا
(ل١١٧)

تەعنە (طعنە.ع): تەشەر، توانج، تانە،تانووت، تیز، تەوس، لۆمە، سەرکۆنە، شوێنەواری زام لە جەستەدا.

غەمزە: چاو داگرتنی بەنازە، هێماکردن بەناز، یان بەئەبرۆ، بزواندنی چاوو برۆ، یان لێو بۆ وروژاندنی بەرامبەر، بەتایبەتی لای ئافرەتەوە.

(تاهیر بەگی جاف) دەڵێ:
بەغەمزەی چاوی مەخمووری سیاهی، مەستی مەی کردین
بەماچی لێوی موستەغنی، لە ئەنواعی مەزەی کردین
(ل١٢)

قەدەحدار (قەدەح+دار): ئەوەی پیاڵەو پێکی شەرابو مەی بەدەستەوەیە.

واتە: هەرچەندە هەردوو چاوە وەک نەرگسەکانت، سەرەڕای ئەوەی سەرخۆشو مەستیشن، بەڵام هێشتا لەوەدا هوشیارنو بەئاگانو ئەوەیان هەر لە یادە، کە پەیتا پەیتاو بێ هەدادان، بەنازو عیشوەوە، خەریکی چاو داگرتنو پرشنگی نیگا هاویشتنن.

١٢. بەڕسمی تەهنیەت جانا! (ئەدەب) جانی نیسارت کرد
غوڵامت، ساحێبی ئیسارو ئیسارت موبارەک بێ

ڕەسم (رسم.ع): ڕێو ڕەسم، کلتوور، عادەتو خوو، دابو نەریت.
تەهنیەت (تهنئە.ع): پیرۆزبایی، موبارەک بایی.
جان: گیان، ڕۆح.

نیسار (شار.ع): مەبەست بەقوربان بوونو گیان بەختکردنو بەخشینە، لە پێناوی شتێکدا. دیسان مانای وەشاندنو پەخشکردنەوەو بڵاوبوونەوەو شاباش ا‌و خەڵاتکردنی پوولو پارەو نوقڵ و شیرینیش دێت.

(نالی) دەڵێ:
فیدای تەشریفی ڕێگەت بێ، خەراجاتو خەزێنەی دڵ
نیساری تۆزی پێت بێ، گەر لەچاودا قەترەیێ مابێ
(ل٥٩٩)

غوڵام: نۆکەر، خزمەتکار، گزیر.
ئیسار (إیثار.ع): لەخۆبووردوویی، خۆبەخشینو خۆنەویستن.

واتە: بەپێی دابونەریتو کلتوورو عادەت، (ئەدەب) گیانی خۆیت بەقوربانو فیدا دەکات. بۆیە بەم بۆنەیەوە، کە نۆکەرەکەت خۆیت بەقوربان دەکاتو گیانی خەڵاتت دەکات، پیرۆزبایی ئەم خۆبەقوربانو قوربانیکردنەت لێدەکەم.

# بادەی شەوان،

# بایەخی مەستیی بەرەبەیانی نییە

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی « کازیوەی خومار»و چەند سەرنجێک لەسەر وەرگێڕانەکەی




سەروەر عومەر

لەچیرۆکەکانی «هەزارو یەک شەوە«دا،کاتێک شەهرزاد حیکایەتخوانی ئەفسوونگەر هەرشەوەو چیرۆکێک بۆ پادشای ستەمکارو ژنکوژ دەگێڕێتەوە، بە زمانێکی ئەفسووناویو سەرنجڕاکێش دەدوێتو هەرجار کە هەڵاتنی خۆری سپێدە دەبینێ، چیرۆکەکەی خۆی لە جێگەیەکی هەستیارو وروژێنەردا کۆتایی پێدەهێنێتو پادشا ماتو حەیران دەمێنێتەوەو تامەزرۆی ئەوە دەبێت کە بزانێت «پاشان چی ڕوودەدات». شەهرزاد بەم شێوەیە هەموو جارێک خۆی لە چنگی مەرگ ڕزگار دەکات... لەم ئەفسانەیەی شەهرزادەوە دەمەوێت

باسی لە راستیی حەقیقەتێک بکەم، ئەویش ئەوەی کە هەر نووسەرێک کاتێک چیرۆکێک دەنووسێت ئەگەر چیرۆکەکەی سەرنجڕاکێش و ئەفسوونگەر نەبێتو خوێنەر یان وەرگر تامەزرۆی ئەوە نەکات کە بیەوێت بزانێت «دواتر چی ڕوودەدات»، ئەوا بە دڵنیاییەوە چارەنووسی نووسەرەکەش و چیرۆکەکەشی لەبەردەم مردنێکی حەتمیدایە.

ڕۆمانی «کازیوەی خومار»ی ژنە چیرۆکنووسی ئێرانی (فەتانە حاج سەید جەوادی)، یەکێکە لەو ڕۆمانە سەرکەوتووانەی توانیویەتی بە زمانێکی ڕەوانو سازگارو سەرنجڕاکێشو ئەفسووناوی، شەهرزادئاسا خوێنەرانێکی زۆر بەرەو لای خۆی کەمەندکێش بکات. واتە خوێنەر هەر لاپەڕەیەک دەخوێنێتەوە تامەزرۆی لاپەڕەی دوای ئەوەو هەمیشە عەودالی ئەوەیە بزانێت «دواتر چی ڕوودەدات». چونکە وەک نووسەری ناوداری ئینگلیزی ئیدوارد مۆرگان فۆرستەر دەڵێت: «هەر داوەرییەک سەبارەت بە ڕۆمان، بەپێوەرێک جگە لە «حاڵەتی هەڵپەساردن»یان چاوەڕوانی ئەنجامبدرێت !پێکەنیناوییە!.»مەبەست لەحاڵەتی هەڵپەساردن تامەزرۆکردنی خوێنەرە بۆئەوەی دوای ڕووداوەکانی چیرۆکەکە بکەوێت. هەروەها ڕەخنەگری ئێرانی موحەمەد بەهارلو لە وتاری «چاوەڕوانی ئێمەو کازیوەی خومار»دا، دەڵێت: «ئەگەر حاڵەتی هەڵپەساردن لە ڕۆمانێکدا بوونی نەبێت، هەر ئەو ڕەگەزەی کە دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەر لەگەڵ چیرۆکەکەدا پەیوەندی ببەستێت، لە ڕاستیدا ئیدی ڕۆمان بوونی نابێتو هیچ شتێک، نە«هونەرنواندن»ی نووسەرو نە ئەرزشی شیمانەیی ناوەکەی نابێتە هۆی ئەوەی خوێنەر ئەو ڕۆمانە لە ڕاستیدا بە ڕۆمان بزانێت».

یەکێک لە نووسەرە ناودارەکان قسەیەکی هەیە دەڵێت: «کتێبی باش ئەو کتێبەیە کە هەر لە لاپەڕەی دووەمەوە خوێنەر بگرێت». «کازیوەی خومار»لەم ڕووەوە یەکێکە لەو کتێبە باشانەی هەر لە سەرەتاوە ئەتگرێتو نووسەر بەهۆی دەسەڵاتی فۆرمی بەسەر داڕشتنی زمانی رووداو و باسی ڕۆمانەکەیدا توانیویەتی بەڕاستی ڕۆمانێکی ناوازە پێشکەش بە خوێنەرەکانی بکات.

ڕۆمانی «کازیوەی خومار»باس لە شکستی عەشقێک دەکات. بەڵام وەک زۆربەی هەرەزۆری ئەو چیرۆکو ڕۆمانانەی ئەمڕۆکە لە ژێر ناوی جۆراوجۆری عەشقو خۆشەویستیدا چاپو بڵاودەبنەوە؛ چیرۆکو ڕووداوەکانی دەستکرد نینو زمانی نووسینەکەی هیچ زۆرلەخۆکردنو سۆزهەڵڕشتنێکی نابەجێی تێدا نییە. ڕووداوەکانی «کازیوەی خومار»بەشێوەیەکی ڕێکوپێک بەدوای یەکدا دێنو لە پارچەیەکی دانەبڕاو لەیەک دەچن، نەوەک کۆمەڵێک ڕووداوی سەربەخۆی کۆلاژکراو. کەسایەتییەکان ژیانی ئاسایی خۆیان دەژینو لەجێگەی خۆیاندان. گفتوگۆکان ڕەوانو بێگرێوگۆڵنو تەواو لە ئاستی ژیرییو کۆمەڵایەتی تاکەکاندایەو بەدەگمەن نەبێت هەست بە ئامادەیی دەنگی نووسەر ناکرێت. بەکورتی دەتوانین بڵێین «کازیوەی خومار»ڕۆمانێکی ڕیالیستییە کە بە زمانێکی زۆر سادەو سازگار لە (جیهانی عەشق) دەدوێت. هەروەک موحەمەد بەهارلو دەڵێت: «کازیوەی خومار سەرەتاو کۆتاییەکی هەیەو نووسەر تەنها بە یارمەتی گوزارشتو وشەکان دەری نابڕێت، بەڵکو پیشانی دەدات. واتە ئەوەی لە ڕۆمانەکەدا واقیعیو زیندووە وشەو زمان نییە، بەڵکو ئەو زەمینەیەیە کە چیرۆکەکە بەسەریدا بڵاودەبێتەوە»بەهارلو، دواتر دەڵێت: «تێکشکاندنی کلێشەی تایبەتی ڕۆمانە میلۆدرامو پەراوێزییو هەرزان بەهاکانی ئەو نووسەرانەی کە وێنایەکی خەیاڵپڵاوانەو ساویلکانە لە «جیهانی عەشق»پێشکەش دەکەن. هەروەها لابردنی خەیاڵاتی ڕۆمانتیکی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان کچێکی خانەدانو کوڕێکی هەژار (یاخود بەپێچەوانەوە)، «کازیوەی خومار»ی لە قەڵەمڕەوی ئەدەبیاتی «میلۆدراماتیکدا»کردۆتە بەرهەمێکی هەڵبژاردە».

## ناساندن

«كازیوەی خومار»ڕۆمانێكی ژنە چیرۆكنووسی ئێرانی فەتانە حاج سەید جەوادییە (پەروین)،ئەم ڕۆمانە ساڵی ١٣٧٤ لە لایەن بڵاوكەرەوەی «ئەلبورز»ەوە لە دوو توێی ٤٤٠ لاپەڕەدا بڵاو كراوەتەوەو لەماوەی ١٠ ساڵدا ٣٨جار چاپكراوەتەوەو زیاتر لە ٣٠٠ هەزار نووسخەی لە ناو خۆی ئێراندا لێفرۆشراوە. هەروەها ئەم ڕۆمانە لەلایەن د. سوزانی باغستانییەوە بۆ زمانی ئەڵمانی وەرگێڕدراوەو لەلایەن خوێنەرانی ئەڵمانیشەوە پێشوازییەكی باشی لێكراوەو تا هەنووكە سێ جار چاپكراوەتەوە. ڕۆمانی «كازیوەی خومار»بە یەكێك لە پرفرۆشترین ڕۆمانەكانی دەیەی حەفتای ئێران دێتە ئەژمارو لە ماوەی چواردە ساڵی دواییدا پلەی یەكەمی ڕۆمانە پرفرۆشەكانی ئێرانی بەخۆی تایبەت كردووە. ئەم ڕۆمانە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن سەیرانی ڕەحیمییەوە وەرگێڕدراوە بۆ زمانی كوردیو خانەی چاپو پەخشی ڕێنما چاپو بڵاوی كردۆتەوە.

## پوختەی چیرۆكی ڕۆمانەكە

سودابە كچێكی جوانو خوێندەوارو لە بنەماڵەیەكی سامانداراەو دەیەوێ لەگەڵ كوڕێك زەماوەند بكات كە زۆر لە كولتوورو دابو نەریتی ئەوانەوە دوورە. دایكی سودابە بۆ ئاگاداركردنەوەی كچەكەی لە مەترسی ئەم زەماوەندە، داوا لە كچەكەی دەكات ڕاوێژ بە پووری بكات، ئەگەر ئەو ڕازی بێت ئەوانیش قسەیەكیان نییە. پووری سودابەش لە جیاتی ئامۆژگاریو دەربرینی ڕای خۆی، دێتو چیرۆكی ژیانی خۆی بۆ برازاكەی دەگێڕێتەوە. بەمشێوەیە چیرۆكی سەرەكی ڕۆمانی «كازیوەی خومار»دەستپێدەكات؛ كە چیرۆكی بەدبەختیو شكستی عەشقی پووری سودابەیە (مەحبوبە). ئەو كە كچی بنەماڵەیەكی خانەدانو ساماندارەبووە، لە تەمەنی پانزەساڵیدا – هەمان تەمەنی سودابە – عاشقی كوڕێك دەبێت بەناوی (ڕەحیم)، كە شاگرد دارتاشی سەر كۆڵانەكەیانە. بەڵام ڕووبەڕووی مێژایی خێزانەكەی دەبێتەوە خوازیاری بەدوی سووربوونو پێداگری خۆیەوە خێزانەكەی ڕازی دەبن زەماوەندی لەگەڵ بكات، بەڵام حاشای لێدەكەنو دەری دەكەن. باوكی مەحبوبە خانوویەكی بچووكیان لە خوارووی شار بۆ دەكڕێت لەگەڵ دوكانێك بۆ دارتاشیی ڕەحیم. بەمشێوەیە لەماڵ دەردەكرێتو ژیانی ژنو مێردایەتی لەگەڵ ئەویندارەكەی دەستپێدەكاتو لەماوەی حەوت ساڵ ژیانی لەگەڵ ڕەحیمدا هیچكام لە ئەندامانی خێزانەكەی سەردانی ناكەن، تەنها دایەنەكەی مەحبوبە نەبێت كە مانگی جارێك سەری لێدەداتو هەندێك پارەی خەرجی بۆ دەهێنێت. لەماوەی ئەم حەوت ساڵەی ژیانی هاوسەرێتییاندا ڕەحیم ڕێز لەم كچە تەنهاو بێكەسە ناگرێتو لەگەڵ دایكی ژیانی لێدەكەن بە دۆزەخ. ڕەحیم تەواوی ئەو پارانەی بۆ مەحبوبە دێن بۆ خۆشگوزەرانیو ڕابواردنی خۆی خەرجی دەكاتو دایكیشی لەلاوە بە تانەو تەشەرو قسەی ناشیرین ژیان لە مەحبوبە تاڵ دەكات. مەحبوبە لەم ماوەیەدا كوڕێكی دەبێت كە بەهۆی ئیهمالی خەسوویەوە دەكەوێتە نێو حەوزێكەوەو دەخنكێت. منداڵی دووەمیشی لە داخی مێردەكەی لەبار دەباتو بۆ هەمیشە نەزۆك دەبێت. مەحبوبە دوای حەوت ساڵ بێدەنگیو دانبەخۆداگرتن، پەتی ئارامی دەپسێتو پەنا بۆماڵی باوكی دەباتەوە. تەواوی ئەو هەموو عەشقەی بۆ ڕەحیم هەیبوو دەگۆڕێت بۆ ڕقو كینەو تەڵاقی لێوەردەگرێتو شوو بە كوڕەمامەكەی دەكات كە خوازبێنیكاری پێشووی بووەو ئێستا خاوەنی ژنو منداڵە. دوای زەماوەند لەگەڵ كوڕە مامەكەی هێواش هێواش عاشقی دەبێت. بەڵام مەحبوبە چیدی منداڵی نابێتو منداڵی ژنی یەكەمی كوڕەمامەكەی گەورەدەكات. ئەو هەرچەندە زۆر لەم هەلومەرجە نیگەرانە بەڵام دەبێت دان بەخۆیدا بگرێت، چونكە خۆی ئەم بەڵایەی بەسەر خۆیدا هێنا. سودابە دوای بیستنی چیرۆكەكەی پووری، دەكەوێتە دەریای گومانەوەو جۆش دادەمێنێت كە چی بڕیارێك بدات؟!

### گێڕەرەوە

ڕۆمانی «کازیوەی خومار»سەرەتا لەسەر زمانی کەسی سێهەمەوە دەستپێدەکات «سودابە»، دواتر دەگوازرێتەوە بۆ کەسی یەکەم واتە «مەحبوبە»پووری سودابە، کە بەشێوەی فلاش باک چیرۆکی ژیانی خۆی دەگێڕێتەوە.

### کەسایەتییەکان

کەسایەتییەکان لەم ڕۆمانەدا هەریەکەو خاوەنی بوونو زمانو کولتووری تایبەت بە خۆیەتی ، بە وتەی موحەمەد بەهارلو: «هەر قسەیەک لەدەمی کەسەکانەوە دەردەچێت ڕەنگدانەوە یان نوێنەری سروشتو کەسایەتی کەسەکانەو هەستو سۆزی ناخی ئەوان پیشاندەدات... بۆ نموونە لە زۆرێک لە گفتوگۆکاندا کە لەنێوان ژنانی ڕۆمانەکەدا ڕوودەدات، نووسەر لە ڕێگەی گوتەو قسەی ژنانەو دەربڕینی ئەو ناسکیو گرییانەی لە شێوازی قسەکردنی ژناندا دەبینرێت، ڕەنگو ڕەسانەیەتییەکی تایبەتی بە ڕۆمانەکەی بەخشیوە».

هەرچەندە پێموایە نووسەر لە وەسفی کەسایەتییەکانی ڕۆمانەکەیدا هەندێک زیادەڕۆیی کردووە، بەتایبەت لەمەڕ کەسایەتییەکانی چینی باڵا ؛ کە سەرجەمیان خوێندەوارو ڕۆشنبیرو ڕەوشت بەرزنو حەزیان لە مۆسیقاو ئەدەبەو قسەو ڕەفتارو جلو بەرگیان ڕێکو پێکەو بێ عەیبو کەموکورتین. بەڵام ئەم زیادەڕۆییە هیچ زیانێکی لە ناوەرۆکی ڕۆمانەکە نەداوە.

### زمانی «کازیوەی خومار»

«کازیوەی خومار»هەرچەندە بە زمانی سەردەمێکی دووری وڵاتی ئێران نووسراوە، واتە ئێرانی ساڵی ١٩٤٠، ناوی کەسایەتییەکان، شوێنەکان، جلو بەرگەکان، خواردنەکانو گفتوگۆکان سەرجەم باس لە کەشو هەوای ئەوکاتی ئێران دەکەن؛ بەڵام زمانی داڕشتنەکەی زمانێکی ڕەوانو سازگارەو زۆر زۆر خوێنەر لەگەڵ خۆی دەباو لەخوێنی خۆیدا هەستی دەوروژێنێت. لە هیچ شوێنێکی ڕۆمانەکەدا هەست بە زۆر لەخۆکردنو ساختەکاری ناکرێت. گوزارشتەکان زۆر جوانو هەستبزوێنن. وەک موحەمەدی بەهارلو دەڵێت: «بەرفراوانی زاراوەکانی نووسەر و ئاشنایی ئەو لەگەڵ زمانی زیندووی سەر زاری خەڵک، بە زاراوەی گشتیو پەندە باوەکانەوە لە زمانی قسەکردنداو زانیاری نووسەر سەبارەت بە بابەتی ڕۆمانەکەی جێگەی سەرنجە».

نووسەر بەهۆی مێیینە بوونی خۆیەوە زۆر بە باشی توانیویەتی هەستو نەستو سۆزی کچێکی عاشقی شەیداو ژنێکی بەدبەختی بێکەسو تەنیا کە لەلایەن هاوسەرو خەسوویەوە دەچەوسێنرێتەوە دەرببڕێت. زۆرن ئەو ڕۆمانانەی باس لە کێشەو بەدبەختیو نەهامەتییەکانی ڕەگەزی مێیینە دەکەن، بەڵام بەڕای من کەمێکیان توانیویانە بە ئەندازەی «کازیوەی خومار»سەرکەوتووبنو کۆژانو ئەندێشەو هەستەکانی ژنێک بەو ڕادەیە جوانو هەستبزوێنو واقیعی پیشانبدەن. زمانی ڕۆمانی «کازیوەی خومار»دەمخاتەوە یادی ڕۆمانی«پەیامێک بۆ ئەو کۆرپەیەی هەر لەدایک نەبوو»ی ئۆریانۆ ڤالاچی، کە ئەویش یەکێکە لەو ژنە نووسەرانەی سەرکەوتنێکی بێوێنەی لە دەربڕینی هەستی ژنانەی خۆیدا بەدەستهێناوە.

### پەیامی «کازیوەی خومار»

پەیامی ڕۆمانی «کازیوەی خومار»پەیامی تێکەڵبوونی دوو کولتووری تا سەر ئێسک دژ بە یەکو جیاوازە، کولتووری باڵای مەحبوبەو خێزانە خانەدانەکەی، لەگەڵ کولتووری نزمو زەبوونی ڕەحیمو دایکی. ڕەحیمێکی دڕندەو توندو تیژو بەرژەوەندی پەرست، لەگەڵ دایکێکی دەم بە تانەو تەشەر و ئاژاوەگێر. ئەم دوو کولتوورە کە ئاسمان تا ڕێسمان جیاوازو دوورن لەیەکەوە، لە ڕێگەی عەشقێکی کوێرانەو خاوەوە تێکەڵ بەیەک دەبن. بەوتەی مەحبوبەی پاڵەوانی ڕۆمانەکە: «عەشق

[illegible]
بوو، ڕۆحم کوژرا..»مەحبوبە دوای ئەوەی زەماوەند لەگەڵ ڕەحیم دەکاتو چاوی بەڕووی حەقیقەتەکاندا دەکرێتەوە ئەوسا تێدەگات کە چی بە خۆی کردووەو چ هەڵەیەکی گەورەی کردووە، بە وتەی خۆی»لە لیتاوێکدا گیرم خواردبوو کە ناوی ژیانی ژنو مێردایەتی بوو»، «مەحبوبەیەک کە لە بەخۆنازیندا سەری لە ئاسمان دەسوو، دەبێتە جێگەی بەزەیی ئەمو ئەو». سەرئەنجامی ئەم تێکەڵ بوونەش هیچ شتێکی لێ سەوز نابێت جگە لە کۆتایی هێنان بە ژیانی هاوسەرێتی مەحبوبەو ڕەحیم نەبێت. ئەمەش بە وتەی مەحبوبە «تۆڵەسەندنەوەیەکی قورس بوو بۆ ئەو چاوانەی بینیانو ئەو دڵەی کە داوایکرد». بەمجۆرە مەحبوبە چاوی دەکرێتەوەو تێدەگات کە «ڕەحیم ئەو بتە نەبوو کە لە خەیاڵی خۆیدا دروستی کردبوو». هەروەک نووسەر لەسەر زمانی کوڕە مامەکەی مەحبوبەوە دەڵێت: «خۆشبەختی وەک چۆن جنۆکە لە بسمیللا ڕادەکات، ئاوا لە عەشقی کوێرانە هەڵدێت.»نووسەر لە ڕێگەی «کازیوەی خومار»ەوە دەیەوێت ئەوەمان پێبڵێت کە «عیشق وەک بادە وایە، دەبێ لێیگەڕێی چەندین ساڵ بمێنێتەوە تا هێواش هێواش پێبگاتو تامی خۆی بدۆزێتەوە، تا مەستت بکات...»یاخود «عەشق دوای زەماوەند دێتو وەک بادەی کۆن، ژیانی ژنومێردایەتی دروستدەکات..»دواجار ئەم چیرۆکە غەمهێنەرەی مەحبوبە، سودابەی برازای پاڵەوانی ڕۆمانەکە دەخاتە بەر دەم دۆش دامانو بیرکردنەوەوە، چونکە ئەویش لەبەردەم چارەنووسێکی هاوشێوەدا قەراری گرتووە. ئەویش وەک پووری تاسەی بادەی شەوانە دەکاتو هاوکات لە مەستیی بەرەبەیانیش دەترسێت.

### «کازیوەی خومار»و ئەدەبیاتی بازاڕیی

ڕۆمانی «کازیوەی خومار»ئەمرۆکە بەهۆی زۆری فرۆشییەوە لە وڵاتی ئێراندا بە ئەدەبیاتی بازاڕیی یاخود «هەمە پەسەند»ناودەبرێت. هەرچەندە [illegible]

زۆری فرۆشی، ئەم ڕۆمانە بە بەرهەمێکی بازاڕیی دابنرێتو لە تەرازووی ئەو کارانەدا دابنرێت کە تەنها بە مەبەستی پارە پەیداکردن دەنووسرێنو بڵاودەبنەوە. هەروەک موحەمەدی بەهارلو دەڵێت: «لە ڕۆمانو پەراوێزە میلۆدرامەکاندا، وەک بەرهەمەکانی عەباسی خەلیلیو حوسەین قولی موستەعانو ڕەبیعی ئەنساریو ئەرەونەقی کرمانیو کارە زۆر خراپەکانی فەهیمە ڕەحیمیدا، پارچە ئەدەبییە سەربەخۆکانو دارشتنە سۆزدارو نزمەکان ـ هەڵرشتنی هەستە بەتاڵو رووکەشەکان بۆ نێو دەفری وشەو گوزارشتە دەستکردو بێرەنگەکانـ خوێنەر دووچاری بێزارییو دەستەهەڵگرتن دەکەن. لەبەر ئەوەی لەم بەرهەمانەدا بە ڕاستی لەو دیو وشەکانەوە وێنە یا چەمکێک بوونی نییەو ئەمەش هیچ نییە جگە لە دارمانو لێکەوتن».

هەروەها نووسەرو ڕەخنەگری ئێرانی دانیشتووی ئەڵمانیا، خەسرەوی ناقد دەڵێت : «کتێبی «کازیوەی خومار»لە ئێران مۆری ئەدەبیاتی هەمە پەسەند»ی لێدراوە؛ لەکاتێکدا وەرگێرانە ئەڵمانییەکەی ئەم ڕۆمانە لەلایەن توێژێکی بەرفراوانی خوێنەرانی زیرەکی ئەڵمانییەوە ڕووبەڕوو بوویەوەو بوویە جێگەی سەرنجی ڕەخنەگرانی ئەدەبی لە ئەڵمانیادا. بڵاوکەرەوەی ئەڵمانی ئەم کتێبە، لە بڵاوکەرەوە بەناوبانگەکانی ئەڵمانیایەو لە ماوەی سەد ساڵ چالاکی خۆیدا کتێبی نووسەرانی وەک هێرمان هیسە، پاول سلان، پیتەر هاندکە، ماریۆ وارگاس یوسا، ئەمین مەئلوف و ئیزابێل ئەلەندی لە پێرستی کارەکانیدایە. ناقد درێژەی پێدەداتو دەڵێت: «ئێستا لە بەرامبەر ئەم ڕەوەندەدا؛ بڵاوکەرەوەیەکی گەورەترو ناسراوتر لە ئەڵمانیا کۆمەڵە چیرۆکێکی هوشەنگی گوڵشیری بە ناونیشانی «پیاوێک بە بۆینباخێکی سوورەوە»و هەروەها ڕۆمانی «شازادەی ئیحتیجاب»ی چەند ساڵ لەمەوبەر بڵاو کردەوە، بەڵام تا ئێستاکەش چاپی یەکەمی ئەم دوو کتێبە لەسەر دەستی بڵاوکەرەوەکەی ماوەتەوە!».

بەشێوەیەک خەڵکی ڕۆمانی «کازیوەی خومار»نەوەک تەنها لە ئێران بەڵکو لەوڵاتێکی پڕ لە خوێنەری جدی وەک ئەڵمانیاش، فرۆشی باشی هەیەو توانیویەتی پێش بەرهەمی نووسەرە ناودارەکانی وەک هوشەنگی گوڵشیریو مەحمودی دەوڵەتئابادی بکەوێت، کە لەلایەن بڵاوکەرەوە گەورەکانەوە کتێبەکانیان بۆ بڵاودەکرێتەوەو ڕیکلامی باشیشی بۆدەکرێت. لێرەوە هەندێک لە نووسەرو ڕەخنەگران ئەو پرسیارەیان لادروستبووە کە بۆچی ڕۆمانێکی وەک «کازیوەی خومار»کە بە شێوازێکی دێرینی ڕیالیزم نووسراوە، هێندە خوێنەری لە ناوەوەو دەرەوەش پەیدا کردووەو کارەکانی گوڵشیریو دەوڵەتئابادی کە بە شێوازێکی نوێ نووسراون، لە چاپی یەکەمیاندا دەمێننەوەو نافرۆشرێن!

عینایەتی سەمیعی، ڕەخنەگری ئەدەبیی پێی وایە ڕۆمانی «کازیوەی خومار»ڕۆمانێکی هەمەپەسەند نییە، بەمانا باوەکەی.

فەتحوڵا بی نیاز چیرۆکنووسو ڕەخنەگری ئەدەبیی دەڵێت: «ئەدەبیاتی جیهان بەسەر دوو دەستەی «گەمەی زمانی»و «چەند تەکنیکی» لەگەڵ چیرۆکی «هەمەپەسەند»دا، دابەش نابێت». ئەو پێی وایە، «٩٩٪ی بەرهەمە ئەدەبییە جدییەکانی جیهان لە نێوان ئەم دوو دەستەیەدان». بی نیاز، هەروەها لەو باوەڕەدایە کە، «نووسەرانو شاعیرانی مەیدانی ئەدەبیاتی جدی نەیانتوانیوە بچنە نێو خەڵکانی ئاساییەوە... ئێمە لەنووسیندا لە ناتالی ساروت، میلان کوندێرا، ڕیمۆند کارورو ڕۆب گریێ، بت دروست دەکەینو ئەوان بە نموونەی تیۆری خۆمان دەزانینو لە نووسیندا، شێوازی ناجوانیناسانەو بەسەرچووی پێش مۆدێرن دەگرینەبەرو بەرهەمەکەمان ناو دەنێین جیاوازو شتێک بۆ ئایندە. بەڵام بەوتەی ئینگلیزەکان تۆ ڕەنگە حەزبکەیت ماهوتسرەکەت* ناو بنێیت مانگا، بەڵام نابێت چاوەڕێی ئەوەبکەیت کە ماهوتسرەکەت شیریش بدات. ئێمە بەهۆی بێ بوونیادییەوە لە جیاتی (بونیادشکێنی) و لاوازیی لە گەمەی زماندا، لەو کەسانەی کە خاوەنی توانایی پێویستی بۆ [illegible] لەگەڵ ئەدەبیاتی جدیدا بێئاگا دەمێنینەوە، ئەوکات بەشێک لەم توێژە لەلایەن نووسەرانی «هەمە پەسەند»ەوە کەمەندکێش دەکرێن. ئەوسا ئێمە دەمێنینەوەو تیراژی ٢٢٠٠ دانەی کتێبەکانمان».

دواجار بەلقیسی سلێمانی، چیرۆکنووسو ڕەخنەگری ئەدەبیش پێیوایە: «دونیا بەرەو بەرهەمهێنانی زەرد دەڕوات، لەبەرئەوەی مرۆڤەکانی ئەمرۆ ئاسانخوازنو دەیانەوێ دونیاو ئەوەی تێیدایە فەرامۆشی بکەن». بەلقیسی سلێمانی هەروەها دەڵێت : «پێشوازی لە بەرهەمە هەمەپەسەندەکان زۆرێک لە نووسەرانی لەو بابەتە ئاگادار کردەوە کە ئەوان لەگەڵ قەیرانی خوێنەردا ڕووبەڕوون. ئەم بابەتە ڕووداوێکی لە ئەدەبیاتی ئێمەدا بەدیهێنا و بەرهەمەکان ڕوویان لە سادەتر بوون کرد».

## وەرگێڕانی «کازیوەی خومار»

«کازیوەی خومار»ڕۆمانێکە پڕ لە نیشانە و نەریتو ڕێوڕەسمو پەندو گوزارشتی بەهێزو قسەی ڕۆژانەو زاراوەی سەردەمێکی تایبەتی وڵاتی ئێران. بە وتەی (بەهمەنی فەرزانە) نووسەرو وەرگێڕ، تەواوی زاراوە فارسییەکان لەم ڕۆمانەدا بەکاربراون. ئەمە وایکردووە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانە تارادەیەک قورس بێتو پێویستی بە وەرگێڕی بە تواناو شارەزا لە کولتوورو کەلەپووری فارسیدا هەبێت. ئەوەتا د. سوزانی باغستانی، وەرگێڕی «کازیوەی خومار»بۆ زمانی ئەڵمانی، دەڵێت: «ئەم ڕۆمانە پڕە لەو دابو نەریتو ڕێورەسمانەی کە لە کولتووری ئەڵمانیدا مانای نییە، لەبەر ئەوە ناچار بووم نزیکەی ٩٠ پەراوێز، واتە پێنج پەڕە بۆ وەرگێڕانی ڕۆمانەکە زیاد بکەم».

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا، ئەم ڕۆمانە ساڵی ٢٠٠٧ لەلایەن «سەیرانی ڕەحیمی»یەوە کراوەتە کوردی، کە تائێستا ئەوەندەی من ئاگاداربم شتێک لەسەر ئەم وەرگێڕانە نەنووسراوە، کە بەڕای من وەرگێڕانێکی خراپەو لەوباوەڕەدام وەرگێڕ

ئەرێکی گەورەی لە گوزارشتەو دەربڕینو دارشتنو زمانی ڕۆمانەکە کردووە. من لێرەدا چەند سەرنجێکم تۆمار کردووە، بەڵام قسەکردن لەسەر هەڵەو کەموکورتییەکانی وەرگێرانی «کازیوەی خومار»پێویستی بە بابەتو دەرفەتێکی باشتر هەیە.

### ١- گوزارشتە فارسییەکان

«کازیوەی خومار»ی کوردی پڕە لەو گوزارشتانەی تایبەتن بە زمانی فارسیو وەرگێرانی ئەم گوزارشتانە، تەنها بە وەرگێرانی وشە بە وشە ناکرێنو پێویستیان بە سەلیقەو خۆماندووکردنو بەدوادا گەڕان هەیە، واتە ئەو کارەی کە وەرگێڕی کوردی نەیکردووەو لە جیاتی ئەوە پەنای بۆ وەرگێرانی وشە بە وشە بردووەو سەرئەنجام کۆمەڵێک ڕستەی شێواو و بێمانایان لە زمانی کوردیدا لێدەرچووە. گوزارشتە فارسییەکان لە «کازیوەی خومار»ی کوردیدا، گەلێ زۆرن من تەنها هەندێکیان بە نموونە دەهێنمەوە:

لا ٢٤- «گوناهی خوشکەکەم بە من ببەخشن». لا ٣٤- «پووریَ گیان کیشوەر». لا ٤٤- «ئێستا ئێوە زەوقتان کردووە کە کوڕی کوێرو کەچەڵی شازادە خانم هاتۆتە داخوازیم؟ ئەویش بە دەستاونگێک...»لا ٧٧- «شلۆقییەکانم گوڵی کردو...»لا ٢٦١- «ئەمانە ئەو پینانە بوون کە دایکم دەیگوت لەگەڵ بنەماڵەی ئێمە یەکناگرنەوە.»لا ٢٧٦- «ئەو کوڕە ئەمدیواو دیو بوو...». لا ٢٠٣- «نازانم بۆچی حەزەکەم تێکچوو، پێم خۆش نەبوو». لا ٢٠٦- «ژن دەبێ بخوا هەتا گیانی بێ.»لا ٢٠٨- «ئەو زەرەری هەواو هەوەسی منی کرد». لا ٢١٢- «لەوانەیە من مانام لە قسەکانی کردبێتەوە». لا ٢١٥- «گەڵای سەوزەیە دیاری دەستی دەروێش». لا ٢١٧- «قوتووی شتە ئارایشتەکانم.» لا ٢٢٦- «لەنێوان تەپوتۆزی ژان دەنگی نازکێشانەکانیو وشەکانیم دەناسییەوە». لا ٢٢٦- دەتگوت ڕامکردووەو هەناسە هەناسەم دەدا». لا ٢٣٠- «ئەوەی کە خواردبووی ورەی گۆڕابوو ی خەندو سەرخۆشی بوو». لا ٣٤٠- «لەبەیانییەوە ئەگەر لەم ماڵە دوو پێی چووە دەرەوە منو تۆیان وتووە». لا ٣٤١- «عەشق باوکی هێنایە پێش چاوم». لا ٣٤١- «زانیم کە دەستی ڕۆژگار دەستی بەسۆزی دایک نییە کە بە سەرمدا دەکێشێ». لا ٣٤٢- «زمانی کەر باش حاڵی دەبێ». لا ٣٤٣- «دەبێ پارەیەکیش بدەی سەیری بکەی». لا ٣٤٦- «ئەرواحی باوکت دەهێڵم ئەمانەت بۆ بمێنێتەوە؟». لا ٣٤٩- «داوام لە خواکرد کە بێدەنگ بێتو کار نەدا لە دەستم». لا ٣٧٥- ئیتر چۆن قەدری بزانمو بیخەمە سەرسەرمو حەڵوا حەڵوای بۆ بکەم؟». لا ٣٧٩- «خۆ بەری دەست مووی لێنییە هەڵی کەنن». لا ٣٨١- تەواوی هەوڵی خۆی بەکار هێنا هەتا نیگایەکی عاشق کوژ بخاتە چاوانمەوە». لا ٨٣- «تۆیش کە سەرت لێدەدەن لە ماڵی نێزهەتی، کلکت لێدەدەن لە ماڵی نێزهەتی». لا ٣٩٩- «دەبێ باوکت بێنمە بەر چاوت». لا ٣٦٥- بۆچی لەم گەڕەکە هەموو شەوێک هاتو هاوار نییەو کەس مردووی کەس دەرناهێنێ». لا ٣٦٦- «کە عیسمەت خانم زەردەی بۆ کوڕەکەی دەگرت پێموابوو گاڵتە بە من دەکەن». لا ٣٧٣- «لە دیتنی ئارامی باوکمو دانەشۆرینی جۆری پرسیارەکەی بوو بەشێر».

### ٢- هەڵەکان

«کازیوەی خومار»سیخناخە لە پەڕەگرافو ڕستەو وشەی بە هەڵە وەرگێڕدراو کە هێندە زۆرن، ئەگەر هەموویان بنووسین چەندین لاپەڕەی دەوێت لێرەدا تەنها چەند نموونەیەک دەهێنینەوە. بەشی یەکەم وەرگێڕانەکەی سەیرانی ڕەحیمییە، بەشی دووەم دەقە فارسییەکەو بەشی سێهەم ڕاستکردنەوەکانی خۆمە:

لا ٤٥- «دەتگوت لە خێری گوزەرابووم- انگار از صرافتش افتاده بودم- وەک شتێ لەبیرمدا نەمابوو» لا ٥٢- «ئەوەندە بەخت هەڵگەڕاو بووم باسی مەکە –اینقدر شوریده بودم که نگو - هێندە پەرێشان بووم هەر باسی مەکە» لا ٥٣- «خوایە

گیان کارێک بکە کە زوبانم – خدا جون کاری کن
که لکنت زبان داشته باشه – خوایه گیان کارێک بکه زمانی بیگرێ» لا ٥٣- «نیزهەت خۆی ڕنی و وتی - نزهت اهسته پنجه به صورت کشیدو گفت - نێزهەت بە هێواشی کێشای بە ڕوومەتی خۆیداو وتی». لا ٥٥- «لەوانەیە پشیلەیەکی شلوغیش بێت. - میل اینکه گربه بازیگوشی هم هست - ڕەنگە پشیلەیەکی هاروهاجیش بێت.»لا ٧٣- «سەربەخۆ بوو. - سر به راه بود - ڕێکوپێک بوو» لا ٧٥- «ڕووبارم کێشا - روبان کشیدم - قردێلەم لێدا»لا ٧٨- «ئێستاش هەر کاتێک بێکار بم تەمەنناى خەت ئەکەم. - هنوز هم هروقت فراغت پیدا میکنم مشق خگ می کنم. - ئێستاش هەر کات دەرفەتم هەبێت ڕاهێنانی خۆشنووسی دەکەم.» لا ٨٥- «سەری خستبووە ژێرەوە - سر به زیر انداخته بود - سەری داخستبوو». لا ٩٠- «ژێر سەرم بەرز بوبووەوە - زیر سرم بلند بود - شتێک لە ژێر سەرما بوو». لا ٤٠٢- «تەنها ڕێگەی ڕزگاری من لەم ژیانە بە یەکجاری. - تنها راه نجات من از این زندگی یکنواخت. - تەنها ڕێگای ڕزگاربوونم لەم ژیانە یەکرەنگە». لا ٤٠٤- «دەڵێی سەرخۆشو خوماری، بوویتە سۆفی من. - انگار مستو مخمور شدەای صوفی منش شدەای. - دەڵێی مەستو سەرخۆشی، بوویتە سۆفی سروشت.» لا ٤٠٨- «لە باوەشی مندا نامۆی دەکرد. - در بغل من غریبی نکرد. - لە باوەشی مندا هەستی بە نامۆیی نەکرد.» لا ٤٠٩- «چونکە من زۆر جوان نیم بۆ ئەو. - چون من سوگلی او نیستم. - چونکە من نازداری ئەو نیم». لا ٨٥- «بزە کەوتە سەر لێوی. - لبخند از لبش محو شد. - بزە لەسەر لێوی ونبوو.» لا ٣٧٣- «ئارامی دوای باهۆزم دەدی. - ارامش قبل از گوفان را بەچشم می دیدیم. - ئارامی پێش باهۆزم بە چاو دەبینی.» لا ٣٥- خەریکم دوعا دەکەم خوازبێنییەکەم بمرێ! - دارم دعا می کنم الهی خواستگارم بمیرد! - خەریکم دوعا دەکەم خوایە خوازبێنیکارەکەم بمرێت.»لا ٣٦- «هەوڵبووم، بەدەنگێکی بەرزەوە کە

[illegible]
بە گومانەبێت وتم : «ئێوە قاپی دارینیش دروست دەکەن؟»- دسته پاچه بودم، با لکنت زبان بلند بلند به گوری که رهگڑران احیانا شکاک هم بتوانند بشنوند گفتم : «شما قاب هم درست می کنید؟ «. - دەستە پاچە بووم، دەمم تەتەڵەی دەکردو بەدەنگێکی بەرز بەشێوەیەک کە ئەو ڕێبوارانەی گومانیشیان دەکرد بتوانن بیبیستن وتم : «ئێوە چوارچێوەی دارینیش دروستدەکەن؟»لا ٣١٠- «چڵمەکەی هەڵدەقوڕاند. - دماغش را مرتب بالا می کشید. - بەردەوام چڵمەکەی هەڵدەلووشی.» لا ٣٣٦- «ئێستا چ جیاوازییەکی هەیە ڕەحیم گیان، منو تۆمان نییە، یا پێکەوە دەچین یا تەختەو دارەکە بێنە ماڵەوە. - حالا چه فرقی می کند رحیم جان؟ منو تو که نداریم! یک نوک پا باهم به محچر می رویم یا می گوییم دفتردار بیاید خانه امچا می کنیم. - ئێستا جیاوازی چییە ڕەحیم گیان؟ منو تۆی ناوێ! تاوێک پێکەوە ئەڕۆین بۆ نووسینگە یا خاوەن نوسینگەکە بێتە ماڵەوە لێرە ئیمزای دەکەین». لا ٤٨- «کاتێک چاوەڕێی بم نا ، چی؟! چاوەڕێی بوون - وقتی منتقر باشم نه ، مگر منتقر بودید - کاتێک چاوەڕێ بم نا ، مەگەر چاوەڕێ بووی؟». لا ٥٣- «نەک تەنیا من هیچم بۆ نەماوە بیڵێم... - نه تنها اه از نهاد من که لرزان پشت در اتاق قوز کرده بودمو به دقت درون ان را زیر نقر داشتم برامد - نەوەک من کە لە پشتی دەرگاکەوە بە لەرزەلەرز نووشتابوومەوەو بە وردی ژوورەوەم خستبووە ژێر چاودێرییەوە، ئاهم هەڵکێشا...». لا ٥٦- «ئەمجارە خەریکی برینەوەی شتێک بوو. - این بار الواری را از میان اره می کرد. - ئەمجار تەختەیەکی لە نێوەڕاستەوە دەبرییەوە». ڕەنگە وەرگێڕ مانای (الوار)ی نەزانیبێت بۆیە بە (شتێک) لەکۆڵ خۆی کردۆتەوە. لا ٣٩٢- «دواتر دەتگوت دەماری دڵمیان داختسووە. یان لەوانەیە گەورەتر بوو بێتەوە، عاقڵ تر بوو بووم. - سپس انگار دریچەای در دلم بودو بسته شد. یا شاید بزرگتر شده بودم. عاقل تر شده بودم. - پاشان

[illegible] ڕەنگە گەورەتر بووبێتم، عاقڵ تر بووبێتم.» لا ٣٩٣- «هەروەک ئەویندارییەکەی ترم. – باهمان حرارت، با همان اشتیاق، با همان کشش. – بەهەمان گەرمو گوڕی، هەمان تامەزرۆیی، هەمان هەستو سۆز»وەرگێڕ ئەم سێ برگەیەی تەنها بە «هەروەک ئەویندارییەکەی ترم»وەرگێڕاوە. «لا ٣٩٧- ئەگینا پیاوی توند زوو عارەق دەکاتەوە. – وگرنە تب تند زود عرق می کند. – ئەگینا تای بەهێز زوو عارەقە بە مرۆڤ دەکاتەوە.» لا ٣٩٧- «بەڵام پاشان کە ئامۆژگاری خۆمم کرد. – ولی بعد کە بە صرافت افتادم. – بەڵام پاشان کە بیرم لێکردەوە». لا ٣٩٩- «دایکم وتی خوا بەلەعنەتت بکا مەحبوبە، وتم خانم گیان دوعای لێ مەکە، وتی: دوعای لێنەکەم هەتا ئاهی تۆ زۆرتر داوێنی من بگرێ، خوا بەلەعنەتی بکا کە منی قوڕبەسەر کرد، ئێستا دیسانەوە دوعای لێبکە!... – مادرم گفت خدا لعنت کند محبوبە را، گفتم خانم جان نفرینش کن، نفرینش کن تا اهت دامن مرا بیشتر بگیرد. خدا اورا لعنت کرد کە من بیچارە شدم. حالا بازهم نفرینش کن!.. – دایکم وتی خودا مەحبوبە بە نەفرەت کا، وتم دایە گیان بە نەفرەتی کە، بە نەفرەتی کە تا ئاهت داوێنی من زیاتر بگرێت. خودا ئەوی بە نەفرەت کرد من بێچارە بووم. ئێستا دیسان بە نەفرەتی کە!...» لا ٤٠٠- «داوام لە خوا کرد کە مێردێکی ناسیاو بەڕێزم تووش بکات. – از خدا خواستم کە شوهر سرشناس محترمی بە من عگا کند. – داوام لە خوا کرد کە هاوسەرێکی ناسراو و بەڕێزم پێ ببەخشێ.» لا ٤٠٠- «تەنیا ئەگەر بکرێ هەر ناوی مێردی من بێ. – حتی اگر شدە اسما شوهر من باشد. – تەنانەت ئەگەر هەر تەنها بە ناویش هاوسەری من بێ.» لا ٤٠٩- «لەقوڵایی دڵەوە دەمگوت، بە خەیاڵ نەبوو. – از صمیم قلب می گفتم، ریاو تقاهر نبود. – لە ناخی دڵەوە دەموت، ڕووپاماییو خۆدەرخستن نەبوو». لا ٤١٨- «دەترسام بچمە لای دکتۆری خوێندەوار. می ترسیدم بە سراغ پزشکهای تحصیلکردە بروم. – دەترسام بچم بۆ لای پزیشکە شارەزاکان. لێرەدا وشەی (تحصیلکردە) بەمانای شارەزا دێت نەوەک (خوێندەوار) چونکە هەموو پزیشکەکان خوێندەوارن. لا ٤٢٠- «هەموو ڕۆژێک کاری من بۆ حەرەم چوون بوو، بە چەندین کاتژمێر دادەنیشتمو سەیری زیارەتەکەیم دەکرد. دەتگوت منو زیارەتەکە پەیوەندیمان لەگەڵ یەک هەیە. – هر روز کارمن رفتن بە حرم بود. ساعتها می نشستمو بە چریح خیرە می شدم. انگار ارتباگی قلبی بین منو این چریح برقرار شدەبود. – هەموو ڕۆژێک کاری من بووبوو بە ڕۆیشتن بۆ زیارەتگا، چەندین سەعات دادەنیشتمو لەو گلکۆیە ڕادەمام. دەتگوت پەیوەندییەکی دەروونی لەنێوان منو گلکۆکەدا دروستبووە.»لا ٤٢٦- «تووڕە بوو دەنگی دەلەرزی، بەڵام نەیدەبۆڕان.. – خشمگین بود، صدایش می لرزید، ولی نعرە نمی زد. – تووڕە بوو، دەنگی دەلەرزی، بەڵام نەڕەنەڕی نە دەکرد». بۆڕاندن بۆ مرۆڤ بەکار نایەت. لا ٤٢٨- «هەروا دڕندەو هەوسار پچڕاو. – انگور وحشیو افسار گسیختە. – بەوجۆرە یاخیو هەوسار پچڕاو». لا ٤٢٨- «دەڵێی ئیجازەی مارت پێیە. – انگار کە مهرە مار داری. – «مهرە مار»بریتییە لە بەردێک کە لەسەری هەندێک لەمارەکاندا دروستدەبێتو سیفەتی دژە ژەهری هەیە، نەوەک (ئیجازەی مار)! هاوکات ئەم دەربڕینە لە زمانی فارسیدا بۆ کەسێک بەکار دێت کە لای هەمووان خۆشەویستو نازدار بێت.

### ٣- وشە فارسییەکان

وەرگێڕی «کازیوەی خومار»چەندین وشەی فارسی نێو ڕۆمانەکەی وەرنەگێڕاوەو وەک خۆی دایناونەتەوە، جا ئەمە لەبەر نەزانینی ماناکانیان بووبێت یاخود بەدەستی ئەنقەست، زیانێکی گەورەی لە وەرگێڕانەکە داوەو شێواندوویەتی. زۆربەی زۆری وشەکان لەکوردیدا مانای بەرامبەر بە خۆیان هەیەو ئەوانەشی کە مانایەکی پڕاو پڕیان نییە، وەرگێڕ دەیتوانی دوای دانانەوەیان، لە

[illegible]

بۆ نموونه هەندێک لەو وشانەو مانا کوردییەکانیان دەنووسمەوە:

(خان/کاک، جلیسقه/هێلەک، جیازیی/مارەیی، نازنازی/ناسکونازدار، نیزام/سەربازی، شیمال/باکوور، جوبران/قەرەبوو، ئیختیار/دەسەڵات، تەعاروف/ شەرم کردن، ئەشرەفی/ دراوێکی ئاڵتوونی کۆنی ئێرانییە. کولفەت/؟ دایە/دایەن، ددە/کەنیزەکی ڕەشپێست، بسات/کەلوپەل، سابوونپەز/سابوون دروستکەر، شام/ شێو، نانی ئێوارە، سەفا/دڵخۆشی، خۆشنوودی، دەخالەت/خۆتێهەڵقورتاندن، لەلە/ئەو پیاوەی سەرپەرشتی منداڵان دەکات، تەشریفات/ ڕێوڕەسم، نەجاڕ/دارتاش، غورفە/ژوور، بەستە/پێچراوە، بەرگی بەرەندە/کارتی بردنەوە، قەزاوەت/داوەری، قەرار/بەڵێن، موزاحیم/بێزارکەر، عەکس/وێنە، سەقاخانە/ تاقێکی بچووکی نێو دیوار ڕووبەڕووی هەندێک لە ڕێڕەوەکان کە تیایدا ئاوی خواردنەوە دادەنرێت‌و جۆرێک پیرۆزی ئایینی هەیە. ئیرادە/ویست، توانست، موختار/سەرپشک، زەربە/لێدان، کافە/قاوەخانە، فایدە/سوود، ئینساف/دادپەروەری، قەسەم/سوێند، تەحسین/پیاهەڵدان، چیرە دەست/زاڵ، بە دەسەڵات، ئیمکان/توانایی، ئاغایی/پیاوەتی، لەجن/لیتە، قوڕاو، شاگرد/قوتابی، غەوغا/هەراو زەنا، لوس/خۆتەسک کردنەوە، مەلافە/ پەردە، پەزیرایی/پێشوازی، تەقسیر/ سووچ، گوناه و... تاد.

**٤- دابونەریتە تایبەتەکان**

وەک پێشتریش وتمان ڕۆمانی «کازیوەی خومار»پڕە لە نیشانەو دابو نەریت‌و ڕێوڕەسمی تایبەت بە ئێرانییەکان، وەرگێڕ دەبووایە هەر هیچ نەبێت پەراوێزێکی کورتی لەسەر ئەم دابو نەریت‌و ڕێوڕەسمانە بنووسیایە، بۆ ئەوەی خوێنەری کوردزمان بەرچاو ڕوونتر ڕۆمانەکەی بخوێندایەتەوە. لەو دابو نەریت‌و ڕێوڕەسمانە دەکرێت ئاماژە بکەین بە: «چوارشەممە سووری، سفرەی حەوت سین، خانە تەکانی، پاتەختی بووک،

[illegible]

ماوەتەوە بڵێم وەرگێڕانی ڕۆمانی «کازیوەی خومار»گەلێ گەلێ هەڵەو کەموکورتی دیکەی تێدابوو، بەڵام من لەسەر ئەژماری ئەوەی کە دەکرێت بەهۆی هەڵەی چاپەوە ڕوویاندابێت، لێرەدا چاوم لێپۆشیون. کە لەڕاستیدا ئەوانیش هێندە زۆرن لەکاتی خوێندنەوەدا خوێنەر بێزار دەکەن. دواجار لەگەڵ ڕێزو حورمەتم بۆ خاتوو سەیرانی ڕەحیمی، هیوادارم لە سەرنجەکانم زویر نەبێت‌و لەمەودوا زیاتر خۆی لەگەڵ وەرگێڕانەکانیدا ماندوو بکات‌و کاری شایستەو جوان پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات.

* ماهوتسڕ: فڵچەیەکە بۆ سڕین‌و لابردنی تەپو تۆزی سەر جلو بەرگ بەکار دێت.

**سەرچاوەکان:**

١- محمد بهارلو، انتظار ما و بامداد خمار، سایتی دیباچە، ٣٠ تیر ١٣٨٥.

٢- گزارشی از رمانهای پر فروش ایران در ١٤سال گڑشته، سایتی پندار. ٨٥/٦/٤

٣- حسن فرامرزی، دشواریهای چارچوب سازی برای داستان های عامه پسند. سایت روزنامه همشهری، ٦ اسفند ١٣٨٧.

٤- ویکی پدیا، دانشنامه ازاد، بامداد خمار.

٥- علی جوادی، زنان رمان نویس، ستارگان ادبیات ایران، سایتی انجمن زبان‌و ادبیات انگلیسی، دانشگاه قم.

٦- با سوزان باغستانی مترجم بامداد خمار، به زبان المانی، گفت‌وگو از: سپیده زرین پناه، سایت شورای گسترش زبان‌و ادبیات فارسی، ٨٤/١/١٥

٧- خسرو ناقد، چرا با تحقیر به ادبیات عامه پسند می نگرند؟ سایت پندار، ٨٥/٦/١٣

٨- بامداد خمار، فتانه حاج سید جوادی(پروین)، نشر البرز. تهران ١٣٧٦.

٩- کازیوەی خومار، وەرگێڕانی سەیرانی ڕەحیمی، لە بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو پەخشی ڕێنما، سلێمانی ٢٠٠٧.

# ئەفسانەی سیزیف

## (٢)

### به بەڵگەکردنێکی بێناوەرۆک: خۆکوژیی فەلسەفیی دەیڤید ئیگێن

لە فارسییەوە: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە



کامۆ

بێناوەرۆکیی دەرەنجامی بەراوردکردن یان پێکەوەبوونی دوو ئەندێشەی ناکۆکە، بۆ نموونە ئەگەر کەسێک بڵێ کە پیاوێکی زۆر بەرێز و خواپەرستە و بە دزییەوە حەزی لە خوشکەکەی خۆیەتی، ئێمە دەڵێین «بێ مانایە». لێرەدا دوو ئیدەی ناکۆک لە پەنای یەکن، یەکیان پیاوێکی خواپەرست و ئەویتریان پیاوێک کە مەیلی بە دەست تێکەڵاوکردنە لەگەڵ مەحرەمەکانی خۆی. واتای بێناوەرۆکیی هەر بەوجۆرەی کە کامۆ لێی دەدوێ لە پەنای یەکبوونی ئەوتۆش وەخۆ دەگرێ. ئێمە لە سەرێکەوە لەگەڵ پیاوێک ڕووبەڕوو دەبینەوە کە دەیەوێ لە بوونەوەراندا هۆکار و پێکەوەبوون بدۆزێتەوە. لە سەرێکی دیکەوە ئەو بوونەوەرانە شتێک بێجگە لە دیاردە بێ مانا و بێدەنگەکان ئاراستەی ئەو ناکەن. ئێمە تەنیا کاتێ تووشی بێناوەرۆکیی دەبین کە پێویستیی بە بەدەستهێنانی وەڵام و بێدەنگیی جیهان لە پەنای یەک دانێین.

بۆ [illegible] کە [illegible]
بێناوەرۆکیی ئێمە لەگەڵ بوونەوەران چ دەرەنجامێکی دەبێ، نابێ بێناوەرۆکیی رەتبکەینەوە. ئەگەر هەوڵبدەین دژایەتیی نێوان نیاز بە دۆزینەوەی وەلام و بێدەنگیی جیهان بە یەکەوە ئاشتبکەینەوە، لەگەڵ بێناوەرۆکیی ڕووبەڕوو نەبووینەتەوە، بەڵکو لەبەری هەڵاتووین. کامۆ، نەبوونی هیوا و بەردەوامبوونیی دەرکران و هەست بە نادڵخۆشبوون لە تایبەتمەندییەکانی ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ بێناوەرۆکیی دەزانێ. ژیانکردن لەگەڵ ئەم دژوازییە نە خۆشەو نە ئاسان، بەلام هەوڵدان بۆ زاڵبوون بە سەر ئەم دژوازییە بەقەت ڕەتکردنەوەی هەستی بێناوەرۆکیی وەلام ناداتەوە، کامۆ هۆگری ئەوەیە: «ئایا دەتوانین لەگەڵ هەستکردن بە بێناوەرۆکیدا بژین» و ئەمەشی ناوێ، واتە «ئایا دەتوانین بەسەریدا زاڵ بین؟»

کامۆ، ئاماژە دەکات کە هەموو فەیلەسوفانی ئێگزیستەنسیال هەوڵدەدەن لەگەڵ بێناوەرۆکیی ڕووبەڕوو نەبنەوە. جاسپێر بانگەشەی ئەوە دەکات کە بەهۆی بازدانێکی تەواو نالۆژیکیی، ڕاست لەو خاڵەدا ئەوپەڕی مەعریفەی مرۆڤیی دۆزیوەتەوە، کە بەڵگەهێنانەوە دەدۆڕێ. چێستۆف پێیوایە کە ئێمە تەنیا بۆ تێگەیشتن لە مەحاڵ و دەرک نەبوو پێویستیمان بە خودا هەیە، بۆیە پێداگریی لە سەر ئەوە دەکات کە بێناوەرۆکیی خودایە، کێرکێگارد بە «بازدانی لە ناکاوی ئیمان» بۆ ناخی خودا بەنێوبانگە، ئەو نائاقڵانەبوون لەگەڵ خودا و ئیمان بە یەکسان دەزانێ، بابەتەکەی هۆسرێل ئالۆزترە، لەبەر ئەوەی دیاردە ناسیی ئەو کە تەنیا پەیوەندیی بە ئەزموونی ڕاستەوخۆوە هەیە وێدەچێ کە پێشوازیی لە بێناوەرۆکیی بکات، بەلام دواتر دەیەوێ چەشنێ چییەتیی ئەوپەڕی مەعریفەی مرۆڤی بەو دیاردە سادانەوە گرێبداتەوە کە لێیان دەدوێ.

کامۆ ئەوە دەدرکێنێ کە بەتەما نییە ئەندێشەی ئەم فەیلەسوفانە بە تەواویی شیبکاتەوە، بەڵکو تەنیا لەبارەی [illegible] نێوان [illegible]
بێناوەرۆکیی دەدوێ، هەرکام لەم فەیلەسوفانە هەوڵدەدەن کە بە چەشنێ دژوازیی نێوان ئەقڵی مرۆڤیی و نائەقڵانیبوونی بوونەوەران چارەسەر بکەن، جاسپێر و چێستۆف و کێرکێگارد بە شێوەیەک ئەقڵی مرۆڤ ڕەتدەکەنەوەو بابەتەکانیان بەتەواویی هەڵگری بوونەوەرانی نائەقڵانییە کە پێیانوایە پەیوەندییان بە خوداوە هەیە، هەر بەوجۆرەی کە کامۆ پێشتر ئاماژەی پێکردووە، بێناوەرۆکیی تەنیا لە دژایەتیی نێوان ئەقڵی مرۆڤ و بوونەوەرە نائەقڵانییەکانە کە دەتوانێ بوونی هەبێ، ئەم چوار بیرمەندە هەوڵدەدەن بە ڕەتکردنەوەی یەکێک لەم دژوازییانە زیاتر لەسەر ئەم دژوازییە برۆن.

فەیلەسوفانی ئێگزیستەنسیال هەوڵدەدەن کە لە نێو بێناوەرۆکییدا چەشنێ بالادەستیی بدۆزنەوە، کامۆ هەوڵدەدات لۆژیکی بێناوەرۆکیی پێویستی بەوە بێ کە هیچ چەشنە سازان یان بالادەستییەک نەبێ، ئەم فەیلەسوفانە هەوڵدەدەن خۆ لەو لۆژیکە بدزنەوە کە بێناوەرۆکیی بەسەریدا سەپاندوون و بە مانایەکی وردتر دەست بۆ «خۆکوژیی فەلسەفیی» دەبەن.

## لێکدانەوە

کامۆ فەیلەسوف نییە و حەز ناکات لەگەڵ ئەو بیرمەندانە باسوخواسی بیرمەندانە بکات کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکردن. لە بەشی پێشوودا لەو شوێنەی کە کامۆ ڕاسیونالیزمی ڕەتکردەوە، دیتمان کە بەتەما نییە ئەم بیرمەندانە ڕەتبکاتەوە، هۆکاری بەلارێداچوونی بیری ئەوان بۆ ئێمە ڕوونبابێتەوە، بەڵکو تەنیا باسی ئەو هۆکارانە دەکات کە قووڵکردنی بڕوای ئەم بیرمەندانە مەحاڵە.

کامۆ ئەو پرسە سادە دەکاتەوە کە هۆگرییەتی و دەیکات بە دوو بابەتی سەرەکیی: یەکەم مرۆڤ چاوەڕوانیی هەیە و هیوادارە کە چەشنێ مانا لە دنیادا بدۆزێتەوە و دووەم: هەر واتایەکی کە جیهان



مەبەیی لە بەر چاوی مرۆڤ شاراوەیە. شایانی باسە کە کامۆ بوونی خودایەکی چەشنیَ واتا و مەبەستی زاتیی لە پشت هەموو شتەکانەوە ڕەتدەکاتەوە. ئەو تەنیا بانگەشەی ئەوە دەکات کە بوونی خودێکی نییە بزانیَ ئایا خودا یان مانا یان مەبەست بوونی هەیە یان نا، لە ئەفسانەی سیزیفدا مەبەستەکەی ئەوەیە کە دەیەویَ بزانیَ ئایا بواری ئەوە هەیە کە لەگەڵ ئەو شتەی دەیزانیَ بژیت. واتە ئایا دەتوانیَ لەگەڵ ئەو دوو بابەتە بنەڕەتییە بژیت یان پێویستیی بەوە هەیە کە: بە هیوای شتێکی باڵادەست بێت (خودا یان مانا یان مەبەست) یان خۆکوژیی بکات؟

بێناوەرۆکیی پردێکی پەیوەندییە لە نێوان ئەم دوو بابەتە سەرەکییەدا، چاوەڕوانیی ماناداربوون لەو بوونەوەرانەی کە بە تەواویی بێدەنگن، بێ مانایە، لەو سەرەوە کە بێناوەرۆکیی پردی پەیوەندیی تەنیا دوو بابەتیی سەرەکییە کە بە دڵنیایی دەیانناسین، کامۆ بە پێداگرییەوە خاڵی کە بێناوەرۆکیی پەیوەندیی بنچینەیی ئێمەیە لەگەڵ جیهان. بێناوەرۆکیی هەقیقەتێکی بنەڕەتییە کە کامۆ بە ئەرکی سەر شانی خۆی دەزانیَ کە تا سەر بەدوای لۆژیکەکەیدا بچیَ.

هەروەها بێناوەرۆکیی لە بنەڕەتدا دژوازییە، ئێمە خوازیاری واتاین بەڵام بوونەوەران هیچ شتێکمان پێنادەن. ئەو ناڕەزایەتییەی کە لەبەرامبەر چارەنووسماندا هەمانە، بەرایییەکە بۆ بێناوەرۆکیی و هەر هەوڵێک بۆ چارەسەرکردنی ئەم ناڕەزایەتییە هەوڵدانە بۆ ڕاکردن لە بێناوەرۆکیی.

لای کامۆ لەو چوار بیرمەندەی لەم بەشەدا ئاماژەمان پێکردن ئەوەیە کە هەر کەس بە شێوازی خۆی هەوڵدەدات لە بێناوەرۆکیی ڕابکات، بۆ ئەم کارەش هەر کام لەم بیرمەندانە دەبیَ یەکێک لەو دوو بابەتە سەرەکییە ڕەتبکەنەوە کە کامۆ وەک خاڵی دەستپێک هەڵیبژاردووە. جاسپێر و چێستۆف و کیێرکیگارد پێویستیی بە لۆژیک و مەبەست لە دنیادا، ڕەتدەکەنەوە، ئەوە قبووڵ دەکەن کە دنیا نالۆژیکییە و لەم ئیدەیەدا خودا دەدۆزنەوە،

[illegible] ئەم بڕوایە کە مانایەک لە دنیادا [illegible]
بدۆزینەوە ڕەتدەکاتەوەو بانگەشەی ئەوە دەکات کە لە پشتەوەی دیاردە بێدەنگ و متەکانی دنیادا گەوهەری دۆزیوەتەوە.

کامۆ فەیلەسوف نییە و ئەم چوار بیرمەندە تاوانبار ناکات کە بە هەڵە بەڵگە دێننەوە، ئەو تەنیا بەوە تاوانباریان دەکات کە تێگەیشتنەکەیان ڕازییان ناکات. هەر چوار کەس هەنگاو دەنێنە ئەولای بابەتە بنەڕەتی و حاشاهەڵنەگرەکانی ئەزموونەوە هەتا بە دڵنیاییەوە بڵێن کە شتێکی زیاتر هەیە، واتە شتێکی ئەولای ئەزموون و شتێکی کە بێزاریی بە هۆی بێناوەرۆکیی چارەسەر دەکات. ئەم چوار فەیلەسوفە لە هەوڵدانیان بۆ ئەم هەڵوێستە تووشی هەڵە نایەن، بەڵکو لەو پرسیارە خۆیان دەبوێرن کە بە بۆچوونی کامۆ سەرەکییە: ئایا پێویستە پێداگریی لەسەر ئەوە بکەین کە بۆ ژیانکردن شتێکی زیاتر هەیە؟ پرسەکەی کامۆ گریمانەیە: ئەگەر لە بوونەوەرە نالۆژیکەکاندا شتێک زیاتر لە مرۆڤە لۆژیکیەکان نەبێ ئایا دەتوانین لە بێناوەرۆکیی ئەو بارودۆخەدا بژین؟

لەم ڕووەوە کامۆ ڕێگەیەک هەڵدەبژێرێ هەتا بە فەلسەفەوە نەبەسترێتەوە، واینیشاندەدات کە تەنیا دەیەوێ بزانێ کە ئایا بابەتێکی وایە کە لێی بێتاقەت نەبین یان نا، وازی لەوە هێناوە کە ئەو بابەتە هەقیقەتی هەیە یان نا. ئەگەر هەوڵیدەدا کە لەسەر شوێن و پێگەی میتافیزیکیی خۆی پێداگریی بکات، ئەگەر هەوڵیدەدا بانگەشەی ئەوە بکات کە بابەتەکە وا وایە، بەرپرسایەتیی سەلماندنی باڵادەستیی پێگە میتافیزیکییەکەی لەچاو باقی فەیلەسوفان لەسەرشانی قورسایی دەکرد.

تەواوی ئەو بابەتانەی ئاماژەی پێکرا دەکرێ وابن، چونکە کاتێ کامۆ بە دڵنیاییەوە دەڵێ بێناوەرۆکیی پەیوەندیی بنەڕەتیی ئێمەیە لەگەڵ جیهان و پێویستیی ئێمە بۆ دۆزینەوەی هۆکار و بێدەنگیی بوونەوەران، دوو بابەتی سەرەکیی هەبوونی مرۆڤە. بە چەشنێکی

[illegible] کامۆ ڕێگە
لە خۆی بەرگریی بکات کە ئەم پێداگرییانە لەبارەی ناسینی پۆزەتیڤ لە بەرامبەر چییەتی جیهان نییە، بەڵام کاتێ هەموو ناسینێکی پۆزەتیڤ ڕەتدەکاتەوە هەر ئەمەیان دەمێنێتەوە، بێناوەرۆکیی پەیوەندیی بنەڕەتیی ئێمەیە لەگەڵ جیهان، لەبەر ئەوەی بانگەشەی ئەوە ناکات کە سەبارەت بە جیهان زیاتر لەوە دەزانێ کە دنیا بە ئێمەی داوە.

## بەبەڵگەکردنێکی بێناوەرۆک: ڕزگاریی بێناوەرۆک

### کورتە

مرۆڤی بێناوەرۆک، زیاتر لە هەموو شتێک تامەزرۆی دڵنیابوونە و لەوە تێگەیشتووە کە تەنیا لە شتێک دەتوانێ دڵنیا بێ ئەویش بێناوەرۆکییە، تەنیا هەقیقەتێکی کە سەبارەت بە خۆی هەر وەک خۆی دەمێنێتەوە، مەیلیەتی بە تاکانەبوون و هۆکار و ڕوونبوونەوە و تەنیا هەقیقەتی حەتمیی سەبارەت بە دنیا، وێدەچێ ئەوە بێ کە لەگەڵ هیچ فۆرم و نموونەیەکی دەستنیشانکراودا ناگونجێ، ڕەنگە ژیان واتای هەبێ بەڵام، ڕێیەکی جێمتمانە نییە کە بزانین ئەم واتایە چییە. مرۆڤی بێناوەرۆک دەیەوێ تەنیا لەگەڵ ئەو شتە بژیت کە لێی دڵنیایە.

لەم دژوازییەدا بێناوەرۆکیی لە نێوان شعوری مرۆڤ و خوڵقێنراوانی بێ لۆژیک بەدیدێت و تا ئەو کاتەش هەیە کە کەسێک بە شێوەی وشیارانە لێی ئاگادارە، بەمجۆرە بە مەبەستی پشت بەستن بە بێناوەرۆکیی مرۆڤی بێناوەرۆک، دەبێ بە بێ ئەوەی هەوڵبدات بەسەر ئەم دژوازییەدا زاڵبێ، ئاگاداربوونی وشیارانەی لە بێناوەرۆکیی، لە ناخی خۆیدا هەڵگرێ، کامۆ لە هەوڵدان بۆ ژیان لەگەڵ بێناوەرۆکییدا، بە سێ دەرەنجام دەگات:

**سەربزێوی و ئیختیار و تامەزرۆیی.**

کامۆ ئەم ئیدەیە کە «تەواو قبووڵکردنی

بێناوەرۆکییەکەی خۆکوژیی بە [illegible] بە تەواوی ڕەتدەکاتەوەو بە پێچەوانەکەی دەڵێ کە ژیانکردن بە شێوەی تەواو و کامڵ بە قبوولکردنی بێناوەرۆکیی دەگات: بە تێگەیشتوویی مانەوە سەبارەت بەوە کە ئێمە مرۆڤگەلێکین ژیر و شەرمەزار بە ژیانکردن، لە ماوەیەکی کورت و لە دنیایەکی بێ لۆژیکدا و پاشان دەبێ بمرین، ئێمە لە بەرامبەر دژوازییەکانی نێوان مەیلمان و ڕاستەقینەدا بە ئاگادارییی دەمێنینەوە و بەم پێیە بە بێناوەرۆک ژیان، ژیانکردنە لە بارودۆخی دژوازی هەمیشەییدا، ئەم سەربزێوییە کە دژ بە بێناوەرۆکیی ژیان و لەئاکامدا ئەو مەرگە سەرهەڵدەدات کە لەسەر ڕێمانە، خۆکوژیی وەکو هیوادارابوون، هەر ڕێچارەیەکی دیکەیە بۆ ڕاکردن لەم دژوازییەو هیچیدیکە. بێناوەرۆکیی ژیان لە نەهاتییەک دەچێ کە لەبەردەم مرۆڤی شەرمەزار بە مردنە، شەرمەزار بە مردنێک کە بە هەر هەناسەیەکی، دژ بەوە کە دەبێ بمرێ سەربزێوی دەکات.

ئێمە بە گشتی بە ئیدەی ئیختیارەوە دەژین. واتە ئازادین کە بڕیار بدەین و بارودۆخی خۆمان بە پێی کردەوەکانی خۆمان ڕوونبکەینەوە، لە ئیدەی ئیختیاردا بە باوەڕێکی دیکە: ئێمە دەتوانین ئاڕاستەی ژیانی خۆمان دەستنیشانبکەین و بەرەو مەبەستە دیاریکراوەکاندا هەنگاو بنێین، بەمجۆرە لەم ئیختیارەدا خۆمان بە ژیان لە ئاڕاستەی مەبەستە دیاریکراوەکاندا سنووردار دەکەین و ڕۆڵێکی تایبەت وەئەستۆ دەگرین، ڕەنگە بمانەوێ ببین بە دایکێکی باش، کلاوچییەکی سەرنجڕاکێش یان شارومەندێکی چالاک و کردەوەکانی ئێمە بەو وێنەیە دەستنیشان دەکرێ کە لەخۆمانمان ساز کردووە، ئیدەی ئیختیار ئیدەیەکی میتافیزیکییە: بانگەشەی ئەوە دەکات کە خوڵقێنراوان و زاتی مرۆڤ بەجۆرێکە کە دەتوانێ ئاڕاستەی خۆی هەڵبژێرێ، مرۆڤی بێناوەرۆک ئامادەیە کە هەموو ئەو شتانە ڕەتبکاتەوە کە دڵنیا نییە لێیان تێبگات و ئیختیاری میتافیزیکیی بۆ ئەو حەتمییەتی نییە لە واتای ژیان، تەنیا ئیختیارێکی کە مرۆڤی بێناوەرۆک دەتوانێ لێی تێبگات ئیختیارێکە کە بۆخۆی ئەزموونی بکات: ئیختیاری بیرکردنەوە و کردە بە پێی هەڵبژاردن، مرۆڤی بێناوەرۆک ئەم باوەڕە وەلادەنێ کە ڕۆڵێکی بۆ نواندن هەیە و بەم کارە ئیختیاری ژیانکردنی هەر ساتێ لە ژیان کە ڕوودەدات، بە بێ پێش گریمانە و پێشبینیکردن بەدەست دێنێ.

کاتێ ئیدەی واتاداربوونی ژیان وەلابنرێت مرۆڤی بێناوەرۆک تیۆرەکانی پەیوەندیدار بە بایەخیش وەلادەنێ، ئەگەر بۆ ئەو شتەی ئەنجامیدەدەین نە واتایەک هەبێ و نە مەبەستێ، ئیتر هۆیەک نابێ کە بە جێی ئەم کارە ئەو کارەی دیکە بکەین، بە سەرنجدان بەم بابەتە، ئیتر ناتوانین ستانداردێکی چۆنایەتیی بۆ ئەزموونەکانمان دیارییبکەین و تەنیا دەتوانین ستانداردێکی چەندایەتیی وەبەرچاو بگرین: هەرچی ئەزموون زیاتر بێ باشتر. مەبەستی کامۆ لە هێنانەبەرباسی لە چەندایەتیی ئەزموونەکان، ژیانی درێژخایەن نییە بەڵکو، زیاتر لەسەر تامەزرۆیی بە ژیانی قەرەباڵغ و پەیماندا پێداگریی دەکات. کەسێکی کە ئاگادارە لە هەر چرکە ساتێکی کە تێپەڕ دەبێ، ئەزموونەکەی زیاترە لەو کەسەی فکری سەرقاڵە.

### لێکدانەوە

کامۆ چەشنێ لە بە «گومان بیرکردنەوە» بەکاردەبا کە لە سەردەمی دیکارتەوە لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا ڕەگییداکوتاوە، بەڵام بە شێوازێکی زۆر تایبەت، ئەو لە هەر بابەتێک کە دڵنیا نەبێ گومانکردنی دیکارت ڕەچاو دەکات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەو، بە هەوڵدان بۆ جێگیرکردنەوەی زانستی میتافیزیکی لە بوارە حەتمیەکانی تردا بە دوای «بەگومان بیرکردنەوە»ی خۆیدا ناچێ، بەڵکو دەبینێ کە فەیلەسوفان ناتوانن لەسەر گومانە میتافیزیکییەکان ڕێکبکەون و پێیوایە کە ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی بە

گشتیی کردنی لە میتافیزیک بکەین، کامۆ بۆ ئەوەی ڕێی دیکارت بگرێتەبەر، پێویستی بە حەتمی بوون هەیە، بەڵام خۆشی ئامادە کردووە کە لە میتافیزیکدا حەتمی بوونێک دەستنەکەوێ.

بارودۆخەکە تەواو نافەلسەفییە، کامۆ پێی خۆش نییە کە حاڵەتی ڕاستی ڕووناکبیریی بەخۆیەوە بگرێ، ئەو مەیلی بە چۆن ژیانکردن هەیە، ئەو پێی گرینگ نییە کە وەڵامی کورت و پوخت بەم پرسیارانە بداتەوە، بەڵکو دەیەوێ بزانێ ئایا دەکرێ بە دڵنیاییەوە ژیان بکرێ؟

ڕەنگە گلەیی ئەوە بکەین کە کامۆ هەوڵنادات بە وەڵامێکی کورت و پوخت بگات، لەبەر ئەوە ناشیدۆزێتەوە، لەوەدەچێ کامۆ بۆ پاساودانەوەی خۆبواردنی خۆی لە میتافیزیک هەوڵێکی تایبەت نادات. بانگەشەکانی بەو پێیە کە ناتوانین لە هەر نەزمێکی لۆژیکی یان واتا لە خوڵقێندراوان دڵنیا بین، لە ڕووی لێکۆڵینەوە وردەکان نییە هەتا نیشانیبدات کە حەتمی بوونی مەبەستی ئەو مەحاڵە، بەڵکو بانگەشەکانی بە هۆی ئەم وشیارییەوەیە کە کەڵە بیرمەندەکانی دوو هەزارساڵی ڕابوردوو نەیانتوانیوە لە سەر وەڵامێکی ڕاستو دروست ڕێکبکەون، لەبەر ئەمە لەوە ناچێ کە ئێمە بتوانین حەتمی بوونێک بدۆزینەوە، بەپێی ئەم بانگەشەیە ئەو لە دۆخی فەلسەفیی دا نییە بەڵکو، زیاتر سەرنجی پراکتیکیی داوە، کامۆ لەم بەشەدا تەنیا دەتوانێ تا ئەم ڕادەیە ددان دابگرێ کە: «من نازانم ئەم دنیایە واتایەکی هەیە کە ڕزگاری بکات؟ بەڵام دەزانم کە بەو مانایە نازانم و لە ئێستادا بۆم نالوێ کە پێی بزانم.» ئەم «لەئێستادا»یە ڕەنگە بەم واتایە بێ کە دەکرێ بەو مانایە بزانرێ بەڵام، نەک بەبێ تەمەنێک هەوڵی فکریی گران، کە دەبێتە کۆسپ لەسەر ڕێی ژیانی ڕاستەقینەی. ئەو تەنیا دەیەوێ بزانێ کە ئایا «لەئێستادا» دەتوانێ بە دڵنیاییەوە بژیت، هەر ئەوندە نەک شتێکی زیاتر.

تاکە حەتمی بوونێکی کە هەبێ ئەوەیە کە حەتمی بوونێک نییە. کامۆ بۆ ڕیالکردنی ئەگەری حەتمی بوونێکی لەم چەشنە بە سێ دەرەنجام دەگات: سەربزێویی من، ئیختیاری من، تامەزرۆیی من. «سەربزێوی»ی ئەو، ژیانە لە بارودۆخی هەمیشەیی دژوازییدا. واتە تایبەتمەندیی بێناوەرۆک. دەبێ لە ئاواتی تاکانەبوون و نەزم دەستهەڵبگرێ بەڵام، دەبێ لە مەحاڵ بوونی تاکانەبوون و نەزمیش ئاگادار بێ. سەربزێویی ئەو بە بێ هیواداربوونە بە چارەسەرکردنی گرفت و کێشە، ڕەنگە ئەم ئیدەیە بە ڕواڵەت کەمێک سەیر بێتە بەرچاو، چونکە چۆن دەکرێ کەسێک لە بارودۆخی سەربزێویی دابێ- چۆن دەتوانێ بەربەرەکانی بکات - و هیوایەکی بە سەرکەوتن نەبێ؟ بابەتی سەربزێویی بە بێهیواداربوون، زیاتر پێناسەی مرۆڤی بێناوەرۆک و وەسفی ئەفسانەی سیزیفە کە کامۆ بۆ سەردێڕی بەرهەمەکەی هەڵیبژاردووە. (هەوڵی کامۆ بۆ وەسفکردنی سیزیف وەکو پاڵەوانی ئیدەی ئەو بێناوەرۆکییە، لە کۆتایی وتارەکەدا دێ).

بابەتی «ئیختیار»ێکی کە کامۆ بەکاری دێنێ بەڕوونی نافەلسەفییە. کامۆ بە بێ وەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە خودا یان فیزیک ڕەنگە کردەی هەبێ یان نا و بەجێی ئەوەی جەخت بخاتە سەر توانستەکانی مرۆڤ بە مەبەستی ڕزگاربوون لە سنوورە زەمینی و ئاسمانییەکان (وەکو خودا یان یاسا فیزیکییەکان)، دێت سەرنجی خۆی بۆ سەر ئیختیار لە پلەی زەمینیدا چڕ دەکاتەوە. کامۆ دەپرسێ، تا چەندە دەتوانین دڵخوازەکانمان لە سەر زەوی ئەنجامبدەین یان بیری لێبکەینەوە؟ بەمجۆرە دژی کەسی «خاوەن ئیختیار» کەسێ نییە کە یاسا فیزیکییەکان بەستوویەتەوە، بەڵکو کەسێکە کە دەوڵەتێکی سەرکوتکەر یان ترسنۆک - زەمینی و ئەو کاریگەریانەی دەکرێ بگۆڕدرێن، سنورداریان کردووە، بەم واتایە مرۆڤی بێناوەرۆک ئازادە لەبەر ئەوەی ئەم ئیدەیەی وەلاناوە کە ژیان بایەخ یان واتای هەبێ و هەست ناکات کە لە هەمبەر

خۆیدا بڕیاری داوە کە بەپێی مەبەستێکی تایبەت بڕوا. بەم پێیە ئەو ئازادانە و بە بێ هیچ چەشنە سنوورێکی فکری و پراکتیکی، کە بۆ سازان لەگەڵ کۆمەڵگە پەیوەندیمان پێیانەوە هەیە، لەگەڵ هەموو چرکەساتێکی ڕووبەڕوو دەبێتەوە.

باسوخواسە فەلسەفییەکان سەبارەت بە چییەتی ئیختیار، لەوە ئاڵۆزترن کە کامۆ باسیان لێوە دەکات. زۆربەی فەیلەسوفان تیۆری ئیختیاریان وەلاناوە کە لەبەرامبەر حەتمی بوونی میتافیزیکیدا پێناسە دەکرێ و بەجێی ئەوە بە گشتی دەپەرژێنە سەر ئیختیار وەکو شتێکی پەیوەندیدار بە ژێربوونی مرۆڤ: «من لە کردەوەدا ئیختیارم هەیە، بەو مەرجەی کە کردەی من بە پێی هۆ بێ، نەک ئەوەی کردەوەیەکی هەڕەمەکیانە یان مەیلێک بێ بەرەو کردە. من ئیختیارم هەیە بەو مەرجەی کە بۆ ئەنجامدانی کردە هەڵببژێرم. کامۆ لە باسکردن لەسەر ڕزگاربوونی بێناوەڕۆک، بەشێکی مەزن لە باسە فەلسەفییەکانی ئیختیار وەبەرچاو ناگرێ.

«تامەزرۆیی» کە کامۆ وەکو دوایین دەرەنجامی ژیانی بێناوەڕۆک ئاماژەی پێدەکات، بابەتی ژیانی ئەمێستایە. لەو سەرەوە کە مرۆڤی بێناوەڕۆک سەرنجێک بە داهاتوو نادا و زەینی بە ڕابوردووەوە خەریک نییە، چرکە ساتی ئەمێستای بۆگەرموگوڕتر و زیندووترە.

## ** مرۆڤی بێناوەرۆك: دون ژوانخوازیی

### كورته

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، کامۆ دەیەوێ بەشێوەیەکی زانستی تر درێژە بە باسەکەی خۆیبدات. بەشی یەکەم کورتەیەکە سەبارەت بە بێناوەڕۆکیی و دەرەنجامەکانی ژیانە لەگەڵی و ئەم بەشە هێندێک نمونە لەو ژیانانە ئاڕاستە دەکات کە پشتگیریی بنەماکانی کامۆ دەکەن سەبارەت بە سەربزێوی و ئیختیار و تامەزرۆیی (بڕوانە بەبەڵگەکردنێکی بێناوەڕۆک: ڕزگاریی بێناوەڕۆک). کامۆ لە بەشی [illegible] سەرکەوتوو دەکات بە نموونە و پاشان دەستبەجێ لە نووسەر دەدوێ، کامۆ بە وردیی ئاگای لەوە هەیە کە ئەگەرچی ئەمانە نمونەن بەڵام وانین کە حەتمەن هەڵگری واتای ڕکەبەریی لەگەڵ یەکتر بن، کامۆ نایەوێ ئەمانە وەکو نمونەی نایاب بناسێنێ بەڵکو تەنیا دەیەوێ ئەم نمونانە بۆ ڕوونترکردنەوەی زیاتری لێدوانەکەی خۆی بەکار بێنێ.

کامۆ لە بەرایی لێکدانەوەی ئەم سێ نموونەیەدا ئاماژە دەکات بە هاوبەشییەکانی ئەم سێ نمونەیە، پشت بەستنی مرۆڤی بێناوەڕۆک تەنیا بە بوێریی خۆی واتە هیوادارنەبوون بە شتێک کە زیاترە لەم ژیانە و بەڵگەدارکردنێکە کە پێی دەڵێ هەموو کردەوەکانی ئەو دەبەسترێتەوە بە دەرەنجامەکانی ئەم جیهانە نەک دنیای میتافیزیا.

مرۆڤی بێناوەڕۆک بێ ئەخلاقە (نەک دژە ئەخلاق)، ئەخلاقییەکان یان لە لایەن خوداوە هاتوون یان ئەوەی کە مرۆڤ بە مەبەستی پاساودانەوەی هەڵسوکەوتێکی تایبەتیی، لە خۆی سازی کردووە، مرۆڤی بێناوەڕۆک ناتوانێ بڕوای بە خودا هەبێ و پێویستیی بە پاساودانەوە نییە، تەنیا کامڵبوونەکەی ڕێنوێنیی دەکات و پێویست نییە بنەما ئەخلاقییەکان ڕێنیشاندەری کامڵبوون بن، لەو سەرەوە کە ئەو بە ئەخلاقییەکان و لە ئەنجامدا بە باسوخواسێکی وەکو تاوان نەبەستراوەتەوە، کامۆ مرۆڤی بێناوەڕۆکی بە «بێ تاوان» وەسفکردووە.

یەکەم نمونەی ئەو بۆ مرۆڤی بێناوەڕۆک فریودەری بەناوبانگ دون ژوانە، لەلای ئەم ژنەوە بۆ لای ئەو ژن دەڕوات. یەک لەدوای یەک بە هەمان تاکتیک فریو دەدات. هیچ کات بۆ ماوەیەکی درێژخایەن لەگەڵ ژنێکدا نامێنێتەوە و خێرا دەچێ بۆ لای دڵڕفێنێکی دیکە.

کامۆ بەدوای هیچ کام لەم تاوانانەی خراونەتە پاڵ دون ژوانەوە ناچێ: کە بە توندی بەدوای ئەڤینی ڕاستەقینەوەیە، یان بۆخۆی کەسێکی شەیدایە، یان

ئەوەی کەسەکانی لەوپەڕی بێ ئومێدیی دووچاری دایە. یان لەوپەڕی دڵڕەقیی خۆویستە یان ئەوەی لەئاکامدا دەبێتە پیرەمێردێکی چارەڕەش، وێدەچێ کە تەواوی ئەم تاوانانە بەم گریمانەیەیە کە دون ژوان لەئاکامدا بەهیوا بە مەزنایەتیی بگات. هیوا بە دۆزینەوەی شتێک کە ئەو بانتر بکات لە فریودانی ڕۆژانەی و ئەمەی کە دون ژوان بە هیچ شێوەیەک ناتوانێ مەزنایەتیی بدۆزێتەوە.

لەجێی ئەو تاوانانە کامۆ دون ژوان وەک پیاوێک وێنا دەکات کە بە مەیلی هەر ئەم کاتەوە دەژی، دون ژوان بە بێ هیوا بە دۆزینەوەی مەزنایەتیی لە ژیاندا، دەژی و بێناوەرۆکیی فریودانەکەی قبوڵ دەکات. بەدوای ئەڤینی ڕاستەقینەوە نییە، تەنیا دووپاتبوونەوەی بەردەوامی دڵڕفێنەکانی دەوێ، ئەو شەیدا نییە کە پێمان وابێ بە هیوای شتێکی زیاترە یان ئەو شتە نازانێ کە دەبێ بیزانێ، ئەو لە فریودانیدا بێ زەوقیی دووپاتەی نییە، ئەو بیر لە چەندایەتی دەکاتەوە نەک چۆنایەتیی، بەم پێیە ئەگەر تێکنیکێکی یەکسان هەبێت و هەمیشە بە هەمان دەرەنجامی دڵخوازی بگەیەنێ هیچ هۆیەک نابینێ کە بیگۆڕێ، ئەو لەوپەڕی دڵڕەقیدا خۆویست نییە، ڕەنگە بەشێوەی خۆی خۆویست بێ، بەڵام بەدوای دەستبەسەرداگرتن یان کۆنترۆڵکردنی ئەو کەسانەوە نییە کە فریویان دەدات، لە دەرەنجامی کردەوەکانی ئازار نابینێ ئەو بە ئاگاداربوونی تەواو لە «کێ و بۆ کوێ دەچێ» دەژی، بەم پێیە لاوازیی و پیریی زەحمەتە بتوانێ چەکی بکات.

## لێکدانەوە

لەسەرلەبەری بەشی یەکەمدا دیتمان کە تەنیا بە ئاسانکردنەوەی زۆرەوە دەتوانین بە لێدوانەکانی کامۆ بڵێین «فەلسەفە»: وێدەچێ زۆری پێخۆش نییە کە مشتومڕ لەسەر بیروڕاکانی بکات. سەرنج بەوە نادات کە پێداگرییەکەی ڕاستە یان نا، هۆگری هونەری ژیان کردنە و لەسەرلەبەری بەشی یەکەمدا لێکۆڵینەوەکانی بەردەوام بەدوای شێوازێکەوەن بۆ ژیانکردن کە پشت نەبەستێ بە بیروڕای میتافیزیکییەوە و بە دوای هەقیقەتیشەوە نییە، مەیلی سەرەکیی ئەو بۆ چۆن ژیانکردنە و سروشتییە لەم بەشەی ئێستادا بەرەو شیکردنەوە بەکردەوەییەکانی ژیانی بێناوەرۆک دەڕوات.

جیاوازیی نێوان مرۆڤی بێناوەرۆک و باقی بوونەوەرانی مرۆڤی پەیوەندییەکی وایان بە کردەی دەرەکیی ئەو نییە بەڵکو پەیوەندیی هەیە بە شێوازی تێگەیشتنیی ناخیی ئەو کە بۆ کردەی دەرەکیی هەڵیدەبژێرێ، وێدەچێ جیاوازیی نێوان دون ژوان و فریودەرێکی ئاسایی، جیاوازیی لە هەڵسوکەوتیاندا نییە بەڵکو زیاتر جیاوازییە لە شێوازی تێگەیشتن لە هەڵسوکەوتەکانیان، کەسێک ڕەنگە فریودەرێکی ئاسایی بە هەموو ئەو تاوانانە کە لە دون ژوان بەرگریی دەکات شەرمەزار بکات، جیاوازیی گرینگ وێدەچێ ئەمە بێ کە بۆ دون ژوان شتێک مەزنتر لە فریودان نییە، دون ژوان ژنان بە هیوای دۆزینەوەی ئەڤین یان ڕزگاربوونی خۆی لە شەیدابوون فریو نادات، ئەو بۆ چێژی خودی فریودان فریو دەدات. دون ژوان لەم ڕووەوە کە بە بێناوەرۆکیی ژیان دەزانێ و دەزانێ کە کردەکانی ئەو گرینگتر لە دەرەنجامەکانی نییە، مرۆڤێکە بێناوەرۆک.

کامۆ لە بنەڕەتدا مرۆڤی بێناوەرۆک بە بێ تاوان وەسف دەکات، زاراوەیەکی کە ڕەنگە لە هەمبەر بابەتی هەڵە و تاوان لە ئایینی مەسیحیدا بەکار دەهێنرێ، بەپێی پەروەردەی کاتۆلیکی، ئێمە هەمووومان بە تاوانبارییی لەدایک دەبین، مۆری تاوانی سەرەتای ئادەم و حەوا بە تەوێڵمانەوەیە، مەسیحییەک بەردەوام لە وشیاریی هەڵە و تاواندا دەژی و گەلێ کار ئەنجامدەدات هەتا ببەخشرێ و بچێتە بەهەشتەوە، بەم پێیە ژیانی مەسیحیی ڕووەو بەربەرەکانیی جیهانییە لە نێوان خراپەی زاتیی ئێمە و توانستەکانماندا بۆ چاکە بوون. بەم حاڵە بێتاوانیی مرۆڤی بێناوەرۆک هەر چەشنە وشیارییەک

[illegible]
حوکمی خودا یان هەست بە خەباتی جیهانیی نێوان چاکە و خراپە، کردە و بڕیارەکانی ئەو ناخاتە ژێر کاریگەرییەوە، پێشگری دەروونیی بۆ بەرگرتن لە ئەنجامدانی هەرچی دەیەوێ بیکات لەئارادا نییە، لەم ڕووەوە بێتاوانی مرۆڤی بێناوەرۆک پێویستی بە چەشنێ کامڵ بوونە، ئەو دەتوانێ بە جۆرێ بژیت کە لەگەڵ مەیل و هۆگرییەکانیدا بگونجێ، بانتر لە «هەرچیم پێ خۆشە ئەوە چاکە و هەرچیم پێخۆش نەبێ خراپ» بنەمایەکیی ئەخلاقیی دیکە بەدیناکرێ.

کاتێ بنەما ئەخلاقییەکان نەبن هیچ شتێ نییە کە ببێتە لەمپەر لەسەر ڕێی ئەو کەسانەی کارەسات دەخولقێنن یان هەڵسوکەوتی زیانباریان هەیە، کامۆ وێدەچێ ئەم شتانە بە هێند دانانێ بەڵام ڕەنگە وا باشتر بوو گرینگییان پێبدات. چەقبەستنی کامۆ لەسەر هەڵسوکەوت و شێوازی تێگەیشتنی دەروونیی مرۆڤی بێناوەرۆکە کە بە کردە دەگات نەک ئەوەی کە ئەو دوایین کردەیە لەئاکامدا چی دەبێ. کامۆ مرۆڤە بێناوەرۆکەکەی لە ڕێی نموونە نیشاندەدات و بەم کارە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسیاری چۆن ژیانێکی بێناوەرۆک، درک بە خۆی دەکات، خۆی دەبوێرێ. ئایا بکوژێکی بەردەوام ژیانێکی بێناوەرۆکی هەیە؟ ئایا دەکرێ

[illegible]
ئەوەی کەڵکەڵەی ئەخلاقیی و هەست بە تاوانکردن لەئارادا بێ مرۆڤ بکوژرێ. ئەگەر ئەرێیە سەبارەت بە فەلسەفەی بێناوەرۆکیی کامۆ دەبێ چ مەرجێک دابنرێ؟ لەوەدەچێ کامۆ پێیوایە کە مرۆڤی بێناوەرۆک زیانبارتر لە مرۆڤێکی ئاسایی نییە، بەڵام هیچ کات ئاماژە بە هۆیەکی گونجاو بۆ بانگەشەکەی ناکات.

ئامانجی ژیانێکی کە بنەما ئەخلاقییەکانی لە خۆی دامالیبێ، تاڕادەیەکی زۆر دەگەڕێتەوە بۆ نیچە. کەسێ کە ئیدەی ژیانی «بانتر لە چاکە و خراپە»، ژیانی بەدەر لە هەر چەشنە بنەمایەکی ئەخلاقیی هێناراوە. ئەگەرچی کامۆ لە ڕووی شێوازەوە زۆر لە نیچە جیاوازە، کەڵکەڵە زەینییەکان و دوا دەرەنجام وەرگرتنەکان و ئاڕاستەی بیرکردنەوەی، نیشاندەری جیاوازبوونی لەگەڵ نیچەن، بابەتی بێناوەرۆکیی کامۆ بەتەواویی لە تایبەتمەندییەکانی نیهیلیزمی نیچە دەچێ و مرۆڤی بێناوەرۆکی ئەو بە شێوەی جۆراوجۆر هاوشێوەی واتای تاکی ناسوننەتیی نیچەیە.



# له شیعرەوە سیناریۆکانی سرووشت و مرۆڤ دەبینین

**خوێندنەوەیەکە بۆ (قوبادی جەلیزادە و عەبدولقادر سەعید)**



دەوەن

*(ئەی جوانی، تۆ مەترسییەکی گەورەت لەپێشە)[1]*
**پۆڵ ئیلوار**

شیعر هەمیشە هونەری زمان و ئاخافتنی گێڕانەوەی ڕووداوەکان و پرسیار بووە لە دونیای ئێستاتیکا و هێرمۆنتیکا و زمان و فەنتازیا، کە لە یەکەمین دەقی شیعریی دونیاوە ئەم پرسانە دروستبوون، و لە هەموو حاڵەتەکاندا ئەم پرسانە دیدی نوێ و گێڕانەوەی تازە لەگەڵ خۆیاندا پەلکێش دەکەن بۆ ناو منەکردنی وەڵامەکان، و لێرەشەوە دەمانخانە بەردەمی هەموو میتۆدە زەنگینەکانی دونیای ئەدەب، وەکیدی کاتێک دێینە سەر باسی شیعر، بە مانای قسەکردن و خستنەڕووی ئەو چیرۆکانەیە کە لە هونەری گێڕانەوەی شیعردا هەیە،(سید فیلد) وتەنی: (کۆکردنەوەی ئەو بیرۆکانەیە کە بە مێشکماندا دێن، یان دیمەنێکی ئەو خەیاڵانەی خۆمانە[2]). واتە قسەکردن لەسەر ڕەهەندەکانی شیعر هەڵگری بەکارهێنانی زمان و میتۆدی

جیاوازە لە ڕووی دەربڕینی (هێرمۆنیۆتیکا جوانکاری زمانی ڕەخنە) کە هەموو ئەم دیدگایانە هەریەکەیان تەفسیر و پێناسەی تایبەت بە خۆیان هەیە، لێرەوە ئەر حەسکرد ڕووی ئەو سنراکنووره ئاشکرا بکەم کە دەبێتەهۆی تووڕدانی زمانی ڕق و قەڵەمی ڕق لە ئاست دەقە زیندووەکانی دونیای ئەدەب و ڕەخنەی قەڵەم ڕەخنەسازانی هەنووکەی زمانە زیندووەکەی زمانی کوردی، پێمچاکە چیدی نەگەڕێین لە دووی ئەو فەزا ناجۆرانەی کە دەبێتەهۆی ڕەخسانی زمانی تووندو لەکەدارکردنی دەقە زیندووەکان، پێویستە لێرە بەدوا کۆی هەموو ڕقەکانی دونیای ئەدەبی کوردی دوور خەینەوە و لەجێی ئەودا جەنگە هزری و مەعریفییەکان بخولقێنین، بۆپێشخستنی داهێنەرانی ڕاستەقینە و قەڵەمەکانی ئێستا و ئایندەی کتێبخانەی کوردی، بۆ زەنگینکردنی زمانی ڕەخنە بە دید و دیاتی سەردەمیانەی نوێخواز لە بەرامبەر جوانکردن و ئارایشکردنی دەقە زیندووەکانی وەک (ڕۆمان، چیرۆک، شیعر) و گشت ژانرە گرنگەکانی ئەدەب و هەموو ڕەهەندەکانی تری دونیای داهێنان.

هەموو شیعرێکی جوان، خاوەنی سیناریۆیەکە لەناوەوەو دەرەوەی خۆیدا، کە دەتوانین لە ڕێگەی جوانی زمان و پێکهاتە زەنگینەکانی ناوەوە و دەرەوەی دەقدا بیاندۆزینەوە، ژبەر هەندێ پێویست دەکات شیعر بە وردی بخوێنرێتەوە و دیاتی جیدی لەسەر بکرێ، خاڵی گونجاوی سەرنج ئەوەیە، کە لەناو هەموو دەقێکی شیعردا، دەتوانین دەقێکی نوێی شیعر بدۆزینەوە، هەر لە ڕێگەی جوانی زمان و واتای دروستەوە شیعر و سیناریۆی دونیای شتەکان بەدی دەکەین و تۆن و جووڵە مێژوویی و هەنوکەییەکان بدۆزینەوە، ئەو جولانەی کە زەمەنێک بەر لە ئێستا ڕوویانداوە و سروشت لەگەڵ خۆیدا خولقاندوونی بە جۆرێک کە شاعیرە هۆشیارەکان لە ڕاستەڕێی شیعرەوە نیشانمان دەدەن، بەپێی ئەو بازنە مێژووییە کە مرۆڤایەتی دروستی کردووە، دەبینین کە یۆنانییەکان گەلێ ئاشکراتر خودایان جوانکردووە، وەک دروستکردنی خواکان لەپەیکەر و پاشان پارستنیان لەلایەن خەڵکانی عەوام و دەسەڵاتدارانەوە، نموونەی وەک خودای (جوانی، باران، موزیک، شەراب، هەور) کە هەموو مرۆڤایەتی لەم پەرستن و جوانییەدا بەشدارن، وەلێ کاتێک دەقی شیعری (خودا دەیەوێت پشوو بدات) کە بە قەڵەمی شاعیر (قوبادی جەلیزادە) نووسراوە، ئەو پێماندەڵێت، خودا وەک مرۆڤێکی ئاسایی ماندوو بووە و ئیدی ناتوانێ دەستی بگاتە ئەو شوێنانەی کە تاوانی تێدا دەکرێت.

(خودا هیلاک بووە ..
خودا لەسەر کەپرێک پاڵکەوتووە، لە ڕەشە ڕێحانە.
خودا شمشێرەکەی بە تەنیشت خۆیەوە درێژ کردووە،
خودا پێغەمبەرەکانمی ئێزندا ..
بە فریشتەکانی گووت: بڕۆن شوو بکەن،
خودا حەز دەکات بخەوێت
خودا باوێشک دەدات.)

تەسلیم بوون و ماندووبوونی خودا، پرسێکی ئێجگار گرنگ و پڕ مانا دێنێتە نێو هزرمانەوە، کە بۆچی خودا هیلاک و ماندوو بووە، بۆچی فریشتەکانی دەنگدا بۆ ئەوەی خودایەکی دی بۆ خۆیان بدۆزنەوە، پێغەمبەرەکانی تووڕدایە دەرەوەی بوون و بەستنەوەیان بە خوداوە. لێرەرا دەگەینە ئەو بڕوایەی کە خودا لە لای شاعیر مرۆڤێک و خواجەیەکی تەنبەڵە و جگە لە ڕۆحێکی ئێرۆتیکی هیچی تێدا بەدی ناکرێت، هەر

ئەو ڕۆحە نێرینەکییە کە خودای تووشی تەسلیم بوون کردووە، خودا کە پێغەمبەرەکان و فریشتەکانی نێردا، چی دەمێنێت پێیبوونری مەرنیی و جوانیی، بە دیویکیتردا شاعیر دەخوازێت خودا وەک راکیرەی منداڵی خۆشەویست و دلۆڤان بێت بۆ مرۆڤەکانی، فریادڕەسی ژن و منداڵ و کتێبەکان و حەکایەتەکانی داپیرە و ئازادی ماچ و گوڵەگەنم بێت، ئەو دەیەوێت خودا ڕەعناترین گوڵ بێت بۆ حەیاتی مرۆڤەکان، جوانترین دەقی شیعر ئەو دەقەیە کە بتوانێ شەڕی دەق لەگەڵ دەقدا چێبکات، واتە فەزایەک بخولقێنێ کە خوێنەر لەگەڵ خۆیدا پەلکێش بکات بۆناو پرسە مەعریفییەکانی دەرەوەی دەق، وەک پرسە گرنگەکانی ئێمە ناتوانین دەق بەرەو خوێندنەوەیەک بەرین کە لە خودی دەق خۆی نەچێت، کەوابێ لێرەوە دەکەوینە نێوان شەڕی دەق لەگەڵ خودی دەق خۆیدا، لە بەرایی ئەم باسەماندا بینیمان شاعیر خودا لە بێزاریدا دەبینێت، کورد وتەنی گیری خواردووە بەدەست چاوپۆشی و نێوانخوازی فریشتەکان و پێغەمبەرەکانییەوە، ئەوان خودایان تووشی شۆک کردووە کە لە بەرچاوی خودادا تاوان دەکرێ و چاوپۆشی لێدەکرێت، خودا ماندوو بووە لە دەستی مرۆڤە درۆزنەکان و لە برینی مەمکی کچەکان و مردنی منداڵەکان، جەلیزادە بە نهێنی و لە ژێر ئەم دێڕانەدا، لە خودایەک دەدوێ کە لە هەست و دەروونیدا بوونی هەیە و ڕێگە نادات قەت پیس ببێت (پاولۆ کۆئیلۆ) وتەنی: (لە هەر شوێنێکدا کە بە دوای خودادا دەگەڕێیت، هەر لەوێدا دەیدۆزیتەوە[٣]) ژبەر هەندێ قەهر دەیگرێ و دەنووسێت:

(خودا فریایی پەڕاندنی، ئەو دارستانی دەستە ناکەوێت..
دەستێک بە بینەقاقای ژنەوە..
دەستێک منداڵ فڕێ دەداتە هەتیو خانەوە.
دەستێک بەقژ پەپوولە ڕادەکێشێت بۆ اغتصاب.
دەستێک گیرفانی گوڵ دەبڕێت..
دەستێک گەلە گورگ بەرەداتە، مێگەلی مەمک
دەستێک حەرف حەرف، سەری کتێب دەنێ لە قوڕ
دەستێک چاوی نەخۆشخانە بە مین دەڕێژێت.
دەستێک بە ژەهر پرچی ژەتاو شانە دەکات
دەستێک ماچ دەداتە بەر قرمەژنی فیشەک
دەستێک زللە دەدات لە گوڵەگەنم
دەستێک شاباتی هەنگوین دەشکێنێ
دەستێک زەردەخەنە سوور دەکات لە گریان.)

قوبادی جەلیزادە دەزانێ خودا تەنیا و بێ یاوەرە، هەموو تەنیاییەکیش سەرلێشێوانێکی ڕۆحی و هەست و دەروونی تووشی گومان دەکات، لە بەرامبەر ئەو حەمکە تراژیدیایەی کە بە دەستی مرۆڤەکانی دروستبووە، ئەو لە خودایەک قسە دەکات، کە چیدی ناتوانێ سزاو ئازاری مرۆڤەکانی بدات (جوبران) وتەنی: (چۆن سزای کەسانێک دەدەن کە هەنووکە پەشیمانییەکانیان لە گوناهەکانیان زیترە[٤]) هەرچەندە تاوانەکان و گوناهەکان زۆر بن، خودا هەر دەخوازێت بخەوێت، گوێبیستی هیچ نزا و پاڕانەوەیەک نەبێ لە عەبدەکانی، خواد ناخوازێت لەوە زێتر فریو بدرێ، بەڵکو دەیەوێت پشوو بدات، چونکە خودا پیر بووە و حەوسەڵەی حوکمکردنی نەماوە.

[illegible]
خودا دەستەکانی دەلەرزن
خودا پیر بووە
خودا لەسەر تاتەبەردێک ڕاکشاوە
خودا شمشێرەکەی وردو خاش کردووە
خودا خەوی لێ کەوتووە
خودا خەو بە دەستێکی سپی و نەرم و نۆڵەوە دەبینێ
پخ پخ ..
خودا پرخەی دێ)

قوبادی جەلیزادە وەک سیناریۆنووس و دەرهێنەرێکی شانۆیی لەم دەقەدا دیار و ئاشکرا خۆی دەنوێنێ و ئەم قەسیدەیەی لە سێ پەردەدا نمایشکرد، بە جۆرێک کە توانی زمانی شیعر، لەو ئاڵۆزیی و لوول پێچییە دوورخاتەوە و لە جێی ئەودا ڕووداوەکان وەک وێنەی شانۆیەک نیشانبدات، و هەر بە جووڵەی وێنەکانی ناو قەسیدەکە زانیمان شاعیر دەگەڕێ لە دووی ئەو ڕووداوانەی کە هەمیشە و بەردەوام لەناو زاکیرە و عاتیفەکانی هەموومان‌دا بوونی هەیە، و ناکرێ چاومانی لە ئاستدا بنوقێنین. شاعیر لە گۆشەنیگای وێنەکانییەوە، دەمانخاتە بەردەمی هەموو ئەو گوناهە ڕەشانەی کە دەرهەق بە ڕۆحە پاکژەکان کراوە. هەموو دەقێکی شیعر لە ناوەوەی خۆیدا هەوڵدەدات خۆی نمایشبکات و هەر لە ڕێگەی زمان و گێڕانەوەی دەقدا ڕازیمان بکات کە بڕوا بە خەیاڵاتی شاعیر بکەین، هەموو شاعیرێکیش دەخوازێت ئیمان بە خوێنەرەکانی بهێنێت کە ئەوە زمان و هونەری گێڕانەوەی شیعرە کە دەتوانێ هۆشیاری زێترمان پێببەخشێت و لەزەت بنێتە نێو بیر و هزرمانەوە.

(خەونی شاعیرانە) دەقێکی نوێی شاعیر عەبدولقادر سەعیدە، کە گێڕانەوەی خەونێکە شاعیرەکان خۆیان خاوەنی نین، بەڵکو ئەوە کەسانێکی ترن کە لە جیاتی شاعیرەکان خەون بە ئازادی و جوانی نیشتمانەوە دەبینن، دەقی هەموو شاعیرەکان لێوانلێوە لە خەونی ڕاستەقینە، لە پرسیاری دروست و پڕ مانا، لە وێنەی جوان و ڕەنگی ئینساندۆستی، شاعیرەکان بەردەوام لەناو خەون و ژیانی ڕاستەقینەیاندا دەخوازن (ئینسان، نیشتیمان، گوڵ، عەشق و ئازادی) بۆ هەمیشە لەگەڵیاندا بژین، زۆرن ئەوانەی کە دەخوازن وەکو شاعیران خەون ببینن، وەلێ بە چی دەچێت کە ناتوانن دەروونیان لە کین و ڕق پاکژ بکەنەوە، ناشتوانن بە تەنیا لەگەڵ ڕستە شیعرێکی نوێدا پێکەوە پیاسەیەک بکەن و لەبەر خۆیانەوە قسە لە تەک باڵندەکان و وشە دلگیرەکانی عەشقدا بکەن، بەڵام قەڵەمی شاعیر هەمیشە گەڕۆک و بێ شوێنە، هەموو لەحزەیەکی شاعیر سەفەرکردنێکی سیحراویە بەناو جوانی سروشت و بەژنوباڵای مرۆڤە ئازادیخوازەکاندا، گەر کەسێک ویستی وەک شاعیران، خەونەکانی تەژی بێت لە دەنگی پاسارییەکان، لە بەژنی ڕووت و قوتی فریشتەکان، ئەوا بێشک ئەو کەسە گەمژەیە، (کارڵ گوستاڤ یۆنگ) وتەنی:(ئەگەر بتەوێت لە خەونی یەکێکی تر تێبگەیت، دەبێت قوربانیی بە ئارەزووەکانت و مەیل و هەوا و هەوەسەکانت بدەیت و سەرکوتیان بکەیت.[٥]) کارێکی ئێجگار مەحاڵ و قورسە گەر کەسێک لەودیو پەردەی فێڵ و زۆرزانییەوە، بخوازێت وەک شاعیران خەون ببینێت و لە زمانی سروشت و مرۆڤەکانی بگات. (عەبدولقادر سەعید) لەم دەقە نوێیەیدا خەونی کەسێکی دی دەگێڕێتەوە دوور لە خەونی شاعیران.

**(خەونی شاعیرانە)**

(شاعیرەکان خەو ئەبینن
لە خەونیاندا
ئازادی ڕووت دەکەنەوە
نیشتمان لە ڕەنگی تۆخی ئازادی هەڵدەکێشن
بە گوڵی وشە باخچەیەک لە ڕەنگی ئازادی،
ڕەنگ دەکەن)

چەند دڵگیرە شاعیرەکان خەون بە جوانی سرووشت و ئازادی نیشتمانەوە دەبینن، لە مێژووی شیعری دونیادا بەردەوام شاعیرەکان خەونیان لە تەک خەونی باخچە ڕەنگینەکانی ئازادیدا بووە، کە دەتوانین بە دەیان نمونەی گیانبازانی ئازادی لە ناوەخنی ئەم باسەماندا بهێنینەوە، وەک (ئاراگون، ژاک پریڤێر، بۆدلێر، پۆڵ ئێلوار) کە دەکرێ قەسیدەی (ئازادی[٦]) پۆڵ ئێلوار وەک نمونەیەکی زیندوو ئارایشتی باسەکەمانی پێبکەین:

**(ئازادی)**

(لەسەر دەفتەرەکانی قوتابخانەم
لەسەر مێزەکەم، درەختەکان
لەسەر خۆڵ لەسەر بەفر
ناوت دەنووسم
لەسەر هەموو ئەو لاپەڕانەی خوێندوومنەتەوە
لەسەر هەموو لاپەڕە سپییەکاندا
بەرد خوێن، کاغەز، خۆڵەمێش
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
ئازادی)

جوانی ئازادی لەوەدایە کە گشت شاعیرەکان شیعریان بۆ نووسیوە و تەنانەت هەندێکیان بە خوێن قوربانیشیان بۆ داوە، ئازادی تاکە پێویستی ژیانی مرۆڤەکان و سروشت بووە لە دێرین و لە ئێستادا، ئازادی ئەو وشە دەگمەنەیە کە هەموو مرۆڤەکانی سەر ئەم تۆپە زەوییە دەیناسن، ئازادی بە هەر زمانێک بێت، ئەو هەست و ڕۆحە زیندووەیە کە شاعیرەکان هەموویان خەونی ڕاستەقینەی پێوە دەبینن، شاعیران نەک هەر بۆ ئازادی، بەڵکو هەمیشە دەنووسن بۆ ئەوەی شانۆی سروشت و مرۆڤەکان بە جوانترین وشە وێنەی بکێشن.

(سیاسییەکان بە دزییەوە
دەچنە نێو خەونی شاعیرەکانەوە
دەست دەبەن بۆ سنگ و مەمکی ڕووتی ئازادی
نیشتیمان لەو ڕەنگە (ئاو) بیانە پاک دەکەنەوە
گوڵی باخچەکانیان ژەهراوی دەکەن بە گوناه
تا بە دیاری بینێرن بۆ نەیارەکان

بێکەس دەڵێ:
ئازادی نیشتمان، بەو گولە ژەهراویانەوە
شتێ نییە
جگە لە خەونی شاعیران)

دیوانەیی و دلۆڤانیی شاعیر لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە هەرگیز ڕێگە نادات بە نەیارانی ئازادی، ڕۆحی ئازادی زیندانی بکەن، ڕەنگە نەیاران بتوانن، وشەی ئازادی بە جۆرێکیدی ڕەنگبکەن جودا لە ڕەنگی شاعیرەکان، وەلێ هەرگیز ناتوانن، رۆحی ئازادی داگیر بکەن. ئیشی شاعیرەکانە کە نەک هەر ژیانیان، بەڵکو خەونی درۆزنانەی سیاسییەکان، مشەخۆرەکان، جەللادەکان، بە هەست بە قەڵەم بە شیعر ڕسوا بکەن. سیناریۆی شیعری دروست لەوەدا دەردەکەوێت، کە دەتوانێ بە وێنە و جووڵەی ناو گێڕانەوەی دێڕەکان شانۆی ژیان و سروشتمان نیشانبدات، هەردوو شاعیر لە دوو ڕێی جوداوە سیناریۆی سروشت و مرۆڤەکانیان نیشانداین لە دوو دەقی شیعریدا، وەلێ ئەوەی گرنگە پاراستنی ئەو دەنگە موزیک و ڕیتمانەیە، کە لەناو خودی دەقەکاندا نمایشکراون، واتە دەنگی ڕەسەنایەتی موزیک بە هەردوو دەقەکەوە دیارە، کە دەتوانین لە ناو مەقامی سەفەر و حەیراندا گوێبیستیان بین، کاتێک دەقی خودا دەیەوێت پشوو بدات، هەست دەکەین لە باکگراونی دێڕەکانەوە گوێمان لە دەنگی ڕەسەنی حەیران دەبێت، حەیرانیش جۆرە سولەمێکە تەنیا و تەنیا کورد دەتوانێ بیچڕێت، دەقی شیعری ئازادی ئەو دەنگە بەسۆزەیە کە دەتوانین لە ناو سولەمی مەقامی سەفەردا گوێبیستی بین، کەوابێ هەم شیعر و هەمیش سیناریۆ گیانێکن لەناو سروشت و هەستی مرۆڤەکانەوە دروستبوون (دێنیس دیدرۆ) وتەنی: (موزیک لاسایی کردنەوەی سروشتە[٧]) شیعر هەم زمان و خەیاڵ و ئێستاتیکایە، هەمیش سیناریۆی سروشت و مرۆڤەکانن، شاعیرەکان دەینووسنەوە!

**پەراوێزەکان:**

١. پۆڵ ئێلوار، زەمین وەک پرتەقاڵێک شینە
٢. سید فیلد، سیناریۆ
٣. پاولۆ کۆیلۆ، عاریفانە
٤. جوبران خەلیل جوبران، پایەمبەر و دێوانە
٥. کارڵ گوستاڤ یۆنگ، مرۆڤ و هێماکانی
٦. پۆڵ ئێلوار، زەمین وەک پرتەقاڵێک شینە
٧. بەرزان یاسین، سەردەمی کلاسیک لە مێژوودا



دیمەنێک لە بەرگی سێیەمی ڕەشەبای ژەهرو ئەتاڵ

# قادر کابان-ی دەنگ‌و ئاواز بێ سەروشوێن کرا

عەبدوڵڵا کەریم مەحمود

دڵی ئەم هونەرمەندە لە بەفری چیاکان سپیترو ناخی لە پەڕەی گوڵ ناسکتر بوو، دەنگی ئەو هاژە هاژی تاقیگەیەکی خۆشەویستی مرۆڤ‌و سروشت بوو، سیحری دەنگ‌و ئاوازەکانی شەپۆلی ڕووبارێک مۆسیقای ئەوین بوو، لێوەکانی پڕبوون لە پەپوولەی زەردەخەنەی عەشق‌و پاکێتی، ئەو بەجۆرێک تێکەڵ بەشیعرو دەنگ‌و ئاوازو ڕۆمانسیەت بوو، هەموو چرکەکانی تەمەنی دەنگ‌و ئاوازی گۆرانی‌و خۆشەویستی‌و وەفاو هەڵوێست بوو بۆ ژیان‌و نیشتمانەکەی.

لە ساڵی ١٩٧٨، هونەرمەند قادر کابانم ناسی، ئێوارەیەکی هاوینی ١٩٧٨ بوو، لە شەقامی مەولەوییەوە ڕوومکردە سەرتاشخانەی دەرسیم، سێبەری ئەو ئێوارەیە باڵی کێشابوو بەسەر شەقامەکانی شاردا، بەجۆرێک شەقامەکە نوقمی سێبەرێکی تۆخ بوو، جمەی دەهات، هەر کە گەیشتمە دەرسیم‌و چوومە ژوورەوە هونەرمەندان قادر کابان، ئیبراهیم محەمەد، عوسمان عەلی پێکەوە دانیشتبون، سەرقاڵی گفتوگۆی

دەنگو ئاوازی بەرلەوەی مۆسیقاژەنان بوون، دواتر ئەوان ماڵئاواییان کرد، لەگەڵ هونەرمەند قادر کاباندا بەپیاسە بەشەقامی کاک ئەحمەدی شێخدا ڕووەو زانکۆی سلێمانی کەوتینەڕێ، هەموو خەمەکانی ئەو چەند هۆنراوەیە بوو خۆی ئاوازی بۆ دانابوون، بەڵام لەڕووی هونەرییەوە، پێیان وتبوو کەموکوڕی تیایە، بۆیان تۆمار نەدەکرد، زۆری پێناخۆش بوو، هەموو ئاواتێکی ئەو تۆمارکردنیان بوو، دواتر بەدەم ئازارێکی توندی پشتییەوە ڕووی تێکردمو وتی: ئەوە چەند ساڵە سەرتاشی دەکەم، توشی فەقەرات هاتووم، ناتوانم لەسەر ئەم کارەم تاسەر بەردەوامبم، لەم ڕۆژانەدا بەنووسراوێک داوای مۆڵەتی دانانی کتێبخانەیەکم کردووە، بۆ ئەوەی لەمەودوا کتێب بفرۆشم، بەڵام بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی سلێمانی پێیان وتوم: ئەگەر دەتەوێ ڕەزامەندی لەسەر داواکەت بکەین، دەبێت ببی بە بەعسی، منیش بەخێرایی پێموتون: لە داوای مۆڵەتەکەم پەشیمانم، کتێبخانە دانانێم.

### ئاوازێکی نوێ

هونەرمەند عەبدولقادر جەلال مەحمود عەزیز محەمەد کابان، ناسراو بەقادر کابان لەساڵی ١٩٣٧ لەگەڕەکی - مەڵکەندی شێخان لە شاری سلێمانی لەدایکبووە[1]، جەلال مەحمودی باوکی قادر کابان یەکێک بووە لە دەف ژەنە بەناوبانگەکانی شاری سلێمانیو بەشداری مەولودەکانی ناو شاری کردووە، ئەو تیپەی کە مەولودنامەیان دەخوێند پێکهاتبوون لە چەند کەسێکی دەنگ خۆش، لە شەوانی زستاندا هەر شەوەی لەماڵێکدا کۆدەبوونەوە، شیعری ئاینیو شیعری گۆرانیان بەدەنگە خۆشو ناسکەکەیان دەوتەوە.

قادر کابان هەر لە منداڵییەوە لە کەشو هەوایەکی هونەریدا ژیاوەو باڵای کردووەو عاشقی شیعرو ئاوازو دەنگو گۆرانیو جوانیو ڕۆمانسیەتی سروشت بووە، خانەوادەکەیان بریتی بوو لە چوار براو سێ خوشک، کەریم کابان-ی بۆیە هونەرمەندێکی خاوەن ئاوازی بەتوانایە، لە بواری دەنگو ئاوازی کوردی تایبەتمەندی خۆی هەیە، یەکێکە لە هونەرمەندە دیارو داهێنەرەکانی کورد، تایبەتمەندی دەنگو ئاوازی کەریم کابان جۆرێکە لە نوێکردنەوەی گۆرانی کوردیو مایەی تێرامانی کوردو تەنانەت بێگانەشە.

جەمال کابان-یش ریتمژەنێکی لێهاتووی تیپی مۆسیقای سلێمانی بوو، ئەوەی مایەی تێرامانە بەهرەی هونەریو دەنگی خۆشو ئاوازی نوێی سەرنج ڕاکێش لە خانەوادەکەیانەوە بۆ هەموویان ماوەتەوەو گەیشتووەتە نەوەی ئێستاشیان.

قادر کابان بەهۆی هەلومەرجی قورسی ژیانو دابینکردنی بژێوی ژیانەوە هەر لە منداڵییەوە بووە بەشاگردی دەلاک لای وەستا عەلی دەلاک، دواتر لای وەستا سەلامی دەلاک کاری دەلاکی کردووە. هەر لەو تەمەنە ناسکەی ژیانیدا بەڕۆژ کاریکردووەو شەوانیش لەقوتابخانەی شەوی ئەو سەردەمە توانیویەتی تا پۆلی شەشەمی سەرەتایی بخوێنێ، دواتر دوکانێکی دەلاکی لە نزیک سینەما سیروان دانا، بەناوی سەرتاشخانەی دەرسیم، لە ساڵی ١٩٦٧دا نەسرین حاجی کەریم-ی کردووە بەهاوسەری ژیانی خۆی، دوو کوڕو کچێکیان هەیە، بەناوی (کاروان[2]، کاوان[3]، کوێستان[4]، قادر کابان لە منداڵییەوە خولیای دەنگو ئاواز بووەو بەبەردەوامی گۆرانی بۆ خۆیو هاوڕێکانی وتووە، لەپەنجاکاندا بەتەواوی تێکەڵ بەهونەری دەنگو ئاوازبووە، بووە بە بەشێک لە خولیا گەورەکانی ژیانی، دوای شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ ئەم هونەرمەندە گۆرانی وتوەو چەند بەرهەمێکی گۆرانیو چەند سرودێکی تۆمارکردووە، لەوانە (دەربەدەری، شەم، ماڵی وێرانم، جادە چۆڵاو سێبەربوو، فریشتە، چاوەڕوانی بێ هۆدە، کچێکی شۆخ، گوڵی سوور)، یەکەم کاری هونەری دەنگو ئاوازی قادر کابان لەگەڵ تیپی مۆسیقای (مەولەوی) بووە، کە یەکێک بووە لە تیپە دیارو لێهاتووەکانی ئەو سەردەمە، ئەو تیپە لەو هەلومەرجە دژوارەی

ئەو سەردەمە توانییەتی دەنگاوێکی میژوویی بۆ لە داهێنانی نوێ لەبەردەم دەنگو ئاوازو مۆسیقای نوێی کوردی دابنێ لە شێوەی تیپێکی مۆسیقادا رێچکەیەکی نوێ بوو، ئەوانەی رۆڵی گرنگیان بینی ئەم چەند هونەرمەندە خاوەن ئەزمونە دیارە بوون (قادر دیلان، ولیەم یوحەنا، نەجات عەبدە، بەهجەت سەعاتچی، هادی عەبە، حاتم.

چەندان هونەرمەندی مۆسیقی لەبەردەست ئەم هونەرمەندە داهێنەرە مۆسیقیانەدا پێگەیشتون.

لە ساڵی ١٩٦٧ لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا کاری کردووە، ئەم هونەرمەندە زۆر شارەزای هۆنراوەی رۆمانسی جوان بووە، بۆ ئەوەی لەگەڵ ئاوازەکانیو ئیقاعی دەنگیدا بگونجێ، گۆرانییەکانی لەسەر مەقامی (بەیات، حیجاز، نەهاوەند، بەتایبەتی عەجەم) وتووە.

لە ساڵی ١٩٦٩-ەوە قادر کابان لە هۆڵی شانۆی سلێمانیو لە هۆڵی خولدی بەغدا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا، بە بۆنەی جەژنی نەورۆزەوە گۆرانی وتووە.

*هونەرمەند قادر کابان سروودی (دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە دوژمن) ئەوەندە بەسۆزو جوان وتووە بووەتە مایەی تێرامانی جەماوەر، ئەم سرووده هۆنراوەی (مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد)ە.

یەکێک لە گۆرانییەکانی بەناوی (بە دەربەدەری) شیعری هەژار موکریانییەو ئاوازی خۆیەتی لە ئاهەنگی ١٤ی تەموزدا لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی دێریندا وتویەتیو بەم گۆرانیە ناسرا.

هونەرمەند کەریم کابانی کاکی هونەرمەند قادر کابان وتی: ئەوکاتە ئاوازم بۆ هۆنراوەی لە درزی پەچەی گۆران دانابوو، رۆژێکیان ئەو گۆرانیەم بۆ قادری برام وت: بەجۆرێک تێکەڵ بەئاوازو گۆرانیەکە بوو، من سەرم سورما وتی: کاکەگیان پێمخۆشە ئەم ئاوازە نوێیەی خۆت ببەخشیت بەمن، منیش ئەوەندە قادری برام خۆش دەویست هەرچەندە ئاوازەکەم بێ سنوور خۆش دەویست، وتم: ئەوا من ئەم ئاوازە ناڵێم، پێشکەش بێت بەتۆ، دوای چەند رۆژێک قادری برام هات بۆ لام گۆرانی درزی پەچەی بەجۆرێک وت: ئەمجا زیاتر ئاوازو گۆرانیەکەم لا شیرینتر بوو، پێموت: ئەوەندە جوان ئاوازی ئەم گۆرانیەت وت: نەک جارێک سەد جار پێشکەشت بێت.

قادر کابان بەم گۆرانیە زیاتر ناوبانگی پەیدا کرد، ئەوەندە بەجوانی تێکەڵ بە شیعرو ئاوازو دەنگ بووە، گوێگر بەژنو پیاوو منداڵاو پیرەوە دەهەژێنێت، چەندان کەس کاتی خۆیو تا ئێستاش ئەو گۆرانییە دەڵێنەوە، قادر کابان گۆرانی لە درزی پەچەوە لەسەر شانۆی سلێمانیو لە ساڵی ١٩٦٩دا لە هۆڵی خولدی بەغداد بەبۆنەی جەژنی نەورۆزەوە وتووە، درزی پەچە یەکەم گۆرانی هونەرمەند بوو لە ساڵی ١٩٧٠ لە تەلەفزیۆنی رەشو سپی کەرکوک تۆمارو پەخش کراو هونەرمەند ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەی ئامادەکردووە.

*گۆرانی عومری شیرینم، یەکێکە لە گۆرانییەکانی لە ساڵی ١٩٧١دا لە بەغداد لە ڤێستیڤاڵی یەکەمی گۆرانی مۆسیقای کوردیدا لە هۆڵی خولد لە بەغدا پێشکەش کردووە، لە شیعری ئەخۆڵو ئاوازی خالید سەرکار، کاری کۆراڵەکەشی خالید سەرکار کردبووی، زیاتر لە ١٠٠کەس بەشداری تیا کردبوو، ئەم بەرهەمە یەکێک بوو لە بابەتە جوانو دیارەکەی ڤێستیڤاڵەکە.

*گۆرانی شەمی شەوان-ی لە ساڵی ١٩٦٨دا وتووە، بەڵام تۆمار نەکرابوو هۆنراوەی وەلی دێوانەیە، ئاوازی قادر کابانە، ئەم بەرهەمە پێشتر لەلایەن لیژنەیەک رەفزکراوە، لە ساڵی ١٩٨٣ هەمان گۆرانی لەلایەن لیژنەوە پەسەند کراو ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقاکەی ئامادەکردووەو لەساڵی ١٩٧٣دا لە بەغداد تۆمارکراوە.

*گۆرانی گوڵی سوور لە هۆنراوەی شێخ ئەحمەدی شێخ غەنییە بەنازناوی فەوزییە لە ئاوازی مامۆستا ولیەم یوحەنایە، لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆمارکراوە، ئەم گۆرانییە لەسەر ئاوی زەڵم تۆمار کراوە، غلام سەعدی وێنەی ئەم

[illegible]

*گۆرانی لەڕێی دڵداریدا، لە هۆنراوەی شێخ ئەحمەد غەنییەو ئاوازی کەریم کابانە، ساڵی ١٩٥٤ کەریم کابان لە ئێستگەی بەغداد تۆماریکردووە، دواتر قادر کابان لە ئاهەنگێکدا وتوویەتییەوەو لە پاشان لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆماری کردووە.

*گۆرانی بۆ کچێکی بێگانە، (بۆ کچێکی شۆخ)، لە هۆنراوەی گۆران-ەو ئاوازی کەریم کابانە لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێردا تۆماری کردووە.

*گۆرانی چاوەڕوانی بێ هودە، لە هۆنراوەی ئەحمەد هەردی-یەو ئاوازی قادر کابانە، لەگەڵ تیپی مۆسیقای هەولێر تۆماری کردووە.

*گۆرانی فریشتە، یەکەم جار لەلایەن هونەرمەند قادر دیلانەوە لەسەر ئاوازی گوڵی سووری ولیەم یوحەنا وتراوە، بەڵام قادر کابان خۆی ئاوازی بۆ ئەم هۆنراوەی کامەران موکری داناوەو ئەنوەر قەرەداغی مۆسیقای بۆ ئامادەکردووەو لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا تۆماری کردووە.

قادر کابان مرۆڤێکی سادەو ساکارو هوشیارو خاوەن کەسێتییەکی بەهێز بوو، خۆشەویستی جەماوەرێکی بەربڵاوی خەڵک بوو، نیشتیمانپەروەرێکی خاوەن هەڵوێست بوو، عاشقی هۆنراوەکانی (گۆرانو وەلی دێوانەو ئەخۆڵو کامەران موکریو ئەحمەد هەردی) بوو، هونەرمەند لەگەڵ تیپی مۆسیقای مەولەوی دێرینو تیپی مۆسیقای سلێمانی-تیپی مۆسیقای هەولێر کاری کردووە، هونەرمەندێکی بەسەلیقەو وردوبەتوانا بوو، لاسایی هیچ هونەرمەندێکی تری نەکردووتەوەو خۆی خۆی پەروەردە کردووە، وەک چۆن مامۆستا ئەحمەد هەردی شاعیر بەچەند شیعرێک بووە، بەهەردی داهێنەرو تایبەتمەندی تایبەتی خاوەن دەنگی شیعری خۆی، قادر کابانی هونەرمەندیش بەچەند گۆرانییەکی دیاری کراو سەراپا کوردستانو دەرەوەی هەژان، گۆرانییەکانی ئەوەندە سەرنج ڕاکێشەرو هونەرییو نوێیە.. ئەوەندە تایبەتمەندو

[illegible]

ئەمەش نیشانەی داهێنانی نوێیە بۆ گۆرانیەکانی قادر کابان، سەلیقەیەکی وردی هەبووە بۆ هەڵبژاردنی هۆنراوەو ئاواز، تەکنیکی دەنگی زۆر زاڵ و بەتوانا بووە، تۆنی دەنگی زۆر پاک بووەو دەنگی بڵند بووە، بەسەر ئەو ئاوازانەدا زۆر زاڵ بووە کە وتویەتی، زۆر زاڵ بووە بەسەر تۆنەکانی خۆیدا، ماوەی دەنگی زیاتر بووە لە مەودای چینێک، لەسەر تەبەقەی (لاوسی)یەوە گۆرانی وتووە، پلەی دەنگی زۆر بەرزبووە لە سنووری (٢،٥) ئۆکتاف، زیاتر یاری بەدەنگی خۆی کردووە، ئاوازی گۆرانییەکانی هی (کەریم کابان، خالید سەرکار ولیەم یوحەنا)و خۆی بوون، زۆربەی ئاوازەکانی هی خۆیو کەریم کابان بووە، کەمێک شارەزایی ئامێری عود بووە، لەڕووی ئەداوە زۆر بەتوانا بووە، بڕوای زۆری بەئاوازەکانی خۆی هەبووە.

قادر کابان لە بارەی گۆرانیبێژەوە وتویەتی: گۆرانی تەواو ئەو گۆرانیەیە کە هۆنراوەو ئاوازەکەی بەهێزبێت، وتنەکەشی بەتوانا بێت، جا ئەو گۆرانییە موتەکامیلە، دیاری گۆرانیەکانی هونەرمەند ئەو سێ مەرجە بنەڕەتیەی تیایە، خاوەنی جەڕەسی دەنگی خۆی بوو، لاسایی هیچ کەسێکی نەکردووەتەوە، خاوەن کەسێتییەکی خۆی بووەو ئەدای ئاوازی قورسی کردووە، زاکیرەی بەهێز بووە لە ئاواز داناندا.[٥]

**لە پێناوی نیشتیمان شەهید کرا**

هونەرمەند ئیبراهیم محەمەد یەکێکە لە هونەرمەندە دیارو بەتواناکانو هاوڕێی نزیکی قادر کابان، لە بارەی هونەرمەند قادر کابان-ەوە دەڵێت: (هونەرمەند قادر کابان برایەکی خۆشەویستی من بوو، لە ڕێی پاکیی خۆیدا گیانی خۆی بەخشی، لە پێناو گەلەکەیداو لە پێناو نیشتمانەکەیدا شەهید کرا، قادر کابان لەسەردەمێکدا ژیاوە کە میللەتی کورد نەیدەتوانی بەسەربەستی هەموو گۆرانییەکو هەموو هۆنراوەو ئاوازێکی هەر کوردایەتی بۆ

خزمەتی میللەتو هونەرەکەی بێت، هەر کاتێ کە دەیویست ئاوازێک دابنێتو ڕێی لێ نەگیرێت، کاتێک دەچوو بۆ تەلەفزیۆن یان ڕادیۆ ئەو شیعرانەی هەڵدەبژارد کە عاتفی بێتو بەسەر سروشتو جوانیو ئافرەت هەڵبدات، بەڵام خۆی تەنیا مەبەستی خزمەتی میللەتەکەی بوو، میللەتەکەشمان پێکهاتووە لە ئافرەتو سروشتو جوانیو خاکو خۆڵ، ئەگەر وەسفی هەمووشیان بکەین حەقی خۆمانە، هەموو ئاواتی قادر کابان ئەوە بوو کوردستان ئازادبێتو خزمەتی میللەتو هونەری نەتەوەکەی بکات، هەتا من گۆرانیەکم هەیە (ئێمە گیانێکین لە دوو جەستەدا) وا دەزانم ئەو گۆرانییەی من لەو گۆرانییەی ئەوەوە وەرگیراوە کە ئەو دەیوت: (کاتێک لەو دنیاش زیندوو بوومەوە سەرلەنوێ بۆ کورد تێ هەڵدەچمەوە).

هونەرمەند کابان موعجیب بووە بەدەنگی هەموو ئەو هونەرمەندانەی کە گۆرانیەکەی تەواوبێتو ڕێکوپێک بووبێت، دەنگێکی بەسۆزو مۆسیقی هەبووبێت، هەموو کات حەزی لە گۆرانی عاتفی دەکرد کە تۆزێک خەمناکو حەزین بێت، لەبەر ئەوەی میللەتەکەی ژێردەستە بووە، قادر کابان هەتا هەتایە لە دڵی کورددا دەمێنێت).[٦]

ئیبراهیم عەلی مەحمود چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هونەرمەند قادر کابان‌دا کردووە، لەو دیدارەدا ئەم هونەرمەندە دەڵێت:

(گۆرانیو ئاوازی کوردی هونەرێکی ڕەسەنەو مۆرکی تایبەتی خۆی هەیەو جیاوازە لە گۆرانیو ئاوازی میللەتانی ترو تاموچێژی خۆی هەیە، ئاشکرایە کە ئاوازو گۆرانی هەریەک تەواوکەری یەکن، چونکە گۆرانی ئاوازەو ئاوازیش گۆرانییە، ئەگەر هونەرمەندێک یان تیپێکی هونەریی نەبێت ئاوازم بۆ دابنێتو ئاوازەکانم لەبەر هەر هۆیەک بێت پەسەند نەکرێت، بێگومان گۆرانیم لە ئاواز لا پەسەندترەو هەروەها ئەو ئاوازو گۆرانییانەی پێشکەشم کردوونو ئەوانەی نیازمە پێشکەشیان بکەم، لە هەڵبەستی شاعیرە کۆنە نەمرەکانن، کە بەشێوەی کلاسیکیو ڕۆمانسی هەڵبەستیان داناوە، مۆرکێکی تایبەتیە کە لە کێشو ئاهەنگیدا لەگەڵ ئاوازەکانمدا دەگونجێن، جگە لەوەش تاموچێژیان زیاترەو کاریان تێکردوم، لە نێو ڕیزی هونەرمەندانی کورددا خۆم لە تای تەرازووی ئەو هونەرمەندانەدا دادەنێم کە لە بواری ئاوازو گۆرانیدا دەتوانن خزمەتی نیشتیمانو نەتەوەکەیان بکەن).[٧]

قادر کابان لە بارەی هۆی دەسبەردانو دوورکەوتنەوەی لە تیپی مۆسیقای سلێمانی-یەوە دەڵێت:

(لەگەڵ هەڵهاتنی ئەستێرە گەشەکەی کوردستان، تیپی مۆسیقای سلێمانی، لە ڕیزی ئەو تیپەدا ئەندامێکی چالاک بوومو لە هەموو چالاکییەکاندا بەشداریم کردووە، بەپێویستی سەرشانم زانیووە خزمەتی هونەرەکەم بکەم، لەسەرەتای دروستبوونییەوە تا وازهێنانم، بەواتایەکیتر لە ١٩٦٧ تەنیا چوار گۆرانی تۆمارکراوم هەبوو، جگە لەوەی کە مانگی بەدەیان نامەم لەلایەن هونەردۆستانەوە لە هەموو لایەکی کوردستانەوە بۆ دەهاتو داوای بەرهەمیان لێدەکردم، منیش وەک شتێکی پێویست چەند ئاوازێکم پێشکەشی لیژنەی پشکنین کرد، کەچی پەسەند نەکران، گوایە مۆرکی کوردییان پێوە نییە، زۆر جاریش داوام لە هونەرمەندەکانی تیپ دەکرد کە ئاوازم بۆ دابنێن، یان کەموکوڕی ئاوازەکانم چاکبکەنو دایبڕێژنەوە بەقاڵبێکی کوردی، بەڵام لێرەشدا تەگەرە دەهێنرایە ڕێگەمو ڕەخنەی ئەوەیان لێدەگرتم کە دەنگمو ئاوازم کوردی نییە! ناچار گۆشەگیربوومو وازم لە هونەری گۆرانی هێنا لەگەڵ تیپی مۆسیقای سلێمانیدا، لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەم لە پێناوی خزمەتی هونەری نەتەوەکەمدا گۆرانیو ئاواز تۆمار بکەمو لەگەڵ هەر کۆڕو کۆمەڵێکی هونەری کوردیدا هاوکاری بکەم، بەمەرجێک لە پایەی هونەریم نەهێنێتەخوارەوە).[٨]

**هونەرو هەڵوێست**

هونەرمەندی خاوەن ئەزموون مامۆستا خالید

سەرکانی لەولاتی بەرهەمە هونەرییەکانی هونەرمەند قادر کابان دەڵێت:

(بەڕای من پێش ئەوەی هونەرمەند قادر کابان بێتە ناو تیپی ئێمەوە، تیپی مۆسیقای سلێمانی، وا هەستدەکەم تابعی گۆرانیەکانی بەلای عەرەبیدا چووە، بۆ نموونە بەدەربەدەری یەکێکە لەو گۆرانیانە. کەوا بزانم لەسەر مەقامی سێ گاشە، زۆر هەست دەکەم تابعی عەرەبی تێدایە، بەڵام پاش ئەوەی هاتە تیپی ئێمەوە.. ئەی شەمی شەوانو دوا بەدوای ئەوانە کە وردە وردە هات بەلای شتە کوردیەکانداو لەو تابعانە دوورکەوتەوە.

کاتێک قادر کابان ئاوازێکی دەهێنا. ئێمە دەستکاری شتی جەوهەریمان نەدەکرد خۆی ئەساسەکەی دەهێنا، بەڵام ئێمە تەنیا ڕێکمان ئەخست بۆی).[٩]

ئەم هونەرمەندە بەو چەند گۆرانییە دیاریکراوە سەرکەوتوانەیو هەڵوێستە نموونەییە جوامێرییەکەیو کەسایەتی بەهێزیو عیزەتی نەفسی، ببووە خۆشەویستییەکی بێ سنووری سەراپا جەماوەرەکەیو خەڵکی کوردستان، تا دوا هەناسەی ملی بۆ هیچ شتێک دانەنواند، چەند هونەرمەندێکی داهێنەرو هەست ناسکو دەستو داوێن پاک بوو، ئەوەندەش قسە خۆش بوو، حەزی بە قسەی خۆشو نوکتەو پێکەنین بوو، لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیشدا پەیوەندی بەهێزی بەخزمو کەسوکارییو هاوڕێکانییەوە هەبوو، مرۆڤێکی زۆر بەوەفابوو بۆ هاوڕێکانی.. بۆ هونەرەکەی.. بۆ نیشتمانو نەتەوەکەی.. ئەوەتا ئەو پەیوەندی بەڕێکخستنە نهێنییەکانەوە هەبووە، ئەوەندەش نهێنییەکانی پاراستووە تەنانەت نەسرین خانی هاوسەری بەوەفای هونەرمەند قادر کابانو ئەندامانی خانەوادەکەیان نەیان دەزانی چی دەکاتو لە بارەی قادر کابانەوە دەڵێت:

(لەبیرمە ئەو ساڵانە زۆربەی شەوان لە ماڵی ئێمە کۆبوونەوە بوو، لە پاش نیوەڕۆوە قادر ئەهاتەوە بۆ ماڵەوەو هەتا نزیکی ئێوارە دوو.. دوو.. سێ.. سێو [illegible] لەگەڵ قادر ئەچوونە ژوورەوەو تا درەنگی شەو خەریکی کۆبوونەوە بوون، باسی سیاسیان ئەکرد، پاشان کە لێم ئەپرسی ئەوەچی بوو چی ئەکەن؟ ئەیوت کۆبوونەوەمان هەیە، لە بیرمە زۆر جار تا ئێوارە دادەنیشتن پاشان درەنگانێک هەموویان ئەڕۆیشتن، ٨، ٩، ١٠ کەس زیاتر ئەبوون.. زۆر ئەترسام، هەموو جارێک پێمئەوت: (تووشی موشکیلەیەک ئەبیت، ئاگات لە خۆت بێ)).[١٠]

بەیانیەکیان زوو هەڵساو وتی: (تەرمی شێخ شەهاب ئەهێننەوە، وەسیەتی کردووە کە من یەکەم کەس بم سەری تەرمەکەی هەڵبمەوە، ئەمە یەکەم جارمە بیگێڕمەوە، ئەو بەیانیە زوو هەڵسا لەگەڵ کاک کەریم-ی برایدا بۆ ڕۆیشتن).

هونەرمەند کەریم کابان-یش بەهەمان شێوە دەیگێڕێتەوە: (لەگەڵ قادری برام چاوەڕوانی گەیشتنی تەرمەکەی شەهید شەهاب-مان کردووە).

کاک فوئاد عوسمان خوشکەزای قادر کابان، لە دوکانی سەرتاشخانەکەی خاڵیدا شاگرد بووە دەڵێت: (خاڵە قادرم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ شێخ شەهابدا هەبوو، زۆر جار شێخ شەهاب ئەهاتە دوکانو دوو بەدوو لەگەڵ خاڵم لەلای سەرەوە دائەنیشتنو بەدەنگێکی نزم باسی سیاسەتیان دەکرد، زۆر جار خاڵە قادرم لە دوای نیوەڕۆوە ئەچووەوە بۆ ماڵەوە ئەیوت ئاگات لە دوکان بێت، ئەمڕۆ نایەمەوە).

نەسرین خان-ی هاوسەری دەڵێت:(چەند ڕۆژێک بەر لەوەی قادر دەسگیربکەن هەستم ئەکرد کە زۆر بێ تاقەت بوو، وەک ڕۆژان نەبوو، کە لێم پرسی چییە؟ وتی: جەماعەت گیراون، وتم: ئەگەر ئەزانی شتێک هەیەو ئەترسیت بۆ خۆت ناشاریتەوە، ئەو بێدەنگ بوو، هیچی نەوت.

کاروان قادر کابان چەند ساڵێک پێش ڕاپەڕین، بەڕێکەوت کاک عوسمان مۆریاسی لە دوکانەکەی خۆی لە قەیسەری نەقیب ناسیووە، دوای ئەوە پێی وتوە من کوڕی شەهید قادر کابان-ی هونەرمەندم،

[illegible]

قادر کابانی هاورێی بۆ گێڕاوەتەوە:

-من یەکێک بووم لەوانەی ئابوونەمان ئەدا بەباوکت، کاتێک کە ئەو لە لایەن ئەمنی سلێمانییەوە گیرا، ئێمە بۆ ماوەیەک هەموو خۆمان شاردەوە، لەبەرئەوەی ترساین لەوەی کە ناومان بێنێو ئیعترافمان لەسەر بکات، بەڵام دیارە ئەو خۆڕاگربووەو ئەوەبوو ئیعترافی لەسەر هیچ نەکردووە، ئەگینا من یەکێک بووم لەوانەی ئابوونەمان ئەدایێ، هیچمان لە پاش ئەو نەگیراین.(١١)

کاک ئەنوەری دەلال دەڵێت من یەکێک بووم لەوانەی کە بەردەوام قادر کابان کۆبوونەوەی پێ دەکردین لە ناوەڕاستی ساڵی شەستەکان تا کۆتایی هەفتاکانو دواتریش، زۆر جدیو دڵسۆزانە قسەی بۆ ئەکردینو هەڵسوکەوتەکانی زۆر بەرزبوو.(١٢)

**دەسگیرو بێ سەروشوێنکردنی**

عەلی لەگەڵ هونەرمەند قادر کابان لەسەرتاشخانەی دەرسیمدا پێکەوە کاریان دەکرد. لەبارەی چۆنیەتی دەسگیرکردنی قادر کابانەوە دەڵێت:

پاش نیوەڕۆ ١٩٨١/٢/٢٨ بوو، قادر کابان لە ماڵەوە گەڕایەوە بۆ دوکان، لەو کاتەدا کە هاتن قادر کابان دەستی بەتاڵ بوو، پیکابێکی موسەلەحە لەوبەری دوکانەکەوە ئەوەستێتو چەند ئەمنێکی تیابوو، یەکێک لەوانە کوردێک(١٣) بوو بەرەو دوکانەکەمان هاتو وتی: کاک قادر هاتووم پێت بڵێم لە ئەمنەوە بانگت ئەکەن، ئیشیان پێتە، چەند پرسیارێکت لێ دەکەنو دەگەڕێیتەوە.

-قادر کابان دەڵێت: ئیشتان بە من چییە؟

-کوردەکە دەڵێ: من نازانم، تەنیا ئەوەم لەسەرە تەبلیغت بکەم.

ئەوەتا ئەمنەکان لەوبەرەوە وەستاون چاوەڕوانی تۆن.

قادر کابان دەڵێت: باشە کەمێک چاوەڕوانم بن.

[illegible]

هەر بەدەم قسەکردنەوە دەڵێت: با ئەم مەکینەیە پاک بکەمەوەو خۆم بگۆڕم.. دێم لەگەڵتان، کوردەکە ڕووی کردەوە لا موسەلەحەی ئەمنەکانو دیارە ئەو قسانەی قادر کابانیان پێ دەڵێت، دواتر کوردەکە جارێکیتر لەلای مسەلەحەکەوە گەڕایەوە بۆ دوکانەکەو لە ناو دەرگای سەرتاشخانەکەدا دەڵێت:

(کاک قادر ئێمە ئێستا دەڕۆین، تۆزێکی تر دێینەوە، خۆت ئامادەکە).

کوردەکە گەڕایەوە بۆ لای ئەمنەکانو پێکەوە سواری موسەلەحەکە دەبنو دەڕۆن.

بەڵام دوو ئەمنیان وەک چاودێر لەوبەری دوکانی سەرتاشخانەکە دانابوو، هەردووکیان بەوردی چاودێری کاک قادر کابانو دوکانەکەیان دەکرد.

قادر کابان چاکەتەکەی لەبەر دەکات، ئەو هەمیشە چاکەتو پانتۆڵی لەبەر دەکردو بۆینباخی دەبەست، ئەو ڕۆژە قاتێک چاکەتو پانتۆڵی شینی کاڵی لەبەردابوو.

لەو کاتەدا عەلی شاگردی ڕوودەکاتە کاک قادرو پێی دەڵێت ها کاک قادر چییە، هیچ لە خۆتا شک ئەبەیت؟ ئەگەر شتێک هەیە، تا زووە ڕاکە، پێش ئەوەی ئەوان بێنەوە.

بەڵام ئەو وتی: نا هیچ نییە، ئێستا لەگەڵیاندا دەڕۆمو دەگەڕێمەوە. دوو ئەمنەکە لەو بەرەوە بەبەردەوامی چاودێرییان ئەکرد، دوای ماوەیەکی زۆر کورت، پیکابەکە گەڕایەوە، کوردەکە لەلای موسەلەحەکەوە خۆی گەیاندە ناو سەرتاشخانەکەو وتی: کاک قادر ئێستا حازری؟.

کاک قادر وەڵامی نەدایەوە، سەیرێکی کردو لەگەڵ کوردەکەدا چووە ئەوبەر بۆ لای موسەلەحەکەو لەگەڵیاندا ڕۆیشت.

کاروان قادر کابان دەڵێت: ئێوارەکەی باوکم نەگەڕایەوە، ماڵمان زۆر قەرەباڵغ بوو زۆر لە خزمانو ئەندامانی بنەماڵەکەمان لەماڵی ئێمە کۆبوونەوە، دایکم زۆر نەخۆش بوو، ئێمە سەرمان

[illegible]
دەسگیرکردووە، بیستمان تەنیا دوو ڕۆژ لە ئەمنی سلێمانی بووە، دواتر گواستویانەتەوە بۆ کەرکوک، لەبەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوکەوە بڕیاری دەسگیرکردنی دەرچووبوو.

دایکم دەڵێت: شوێن نەما، زیندان نەما سەری پیانەکەم بۆ هەواڵێکی، واستە نەما نەیکەین، بەڵام هیچ سۆراخێکمان دەست نەکەوت، هەر کەسێک لە زیندان ئازاد دەکرا، لەهەر کوێیەک ببوایە بەپەلە ئەگەیشتینە لای، بەڵام هیچ زانیارییەکیان لا نەبوو، ئەوە نەبێت هەندێکیان ئەیان وت: ناوی هونەرمەند قادر کابان-مان بەتۆمارکراوی لەسەر زیندانەکان دیووە، یەکێکیتر ئەیوت: لە ژوورەکەی ئەودیومەوە گوێم لە دەنگی هونەرمەند قادر کابان بووە بەدەنگێکی حەزین لەزیندان گۆرانی وتووە.

یەکێکیتر دەڵێت: کاتێک هونەرمەند قادر کابانیان هێنایە ژوورەکەی ئێمەوە لە ئەشکەنجەدان هێنایانەوە، ئەوەندە ئەشکەنجەیان دابوو لە هۆشی خۆی چووبوو، لە بەتانیەکیان پێچابوو.

یەکێکیتر دەڵێت: بەقادر کابانیان وتوە ببە بەعسیو لەگەڵماندا کار بکە، بەڕەڵات دەکەین، بەڵام ئەو ئەو داواکاریەی قبووڵ نەکردووە.

کاروان قادر کابان دەڵێت: کە منداڵ بووین باوکم زۆر هانی ئەداین بۆ خوێندنو هونەر، دەیزانی من حەزم لە وێنەکردن بوو، هەمیشە هانی دەدامو پاڵشتی لێ دەکردم، دەفتەری وێنەو بۆیەی ڕەنگاڕەنگی بۆ دەکڕیم، لەماڵدا زۆر لەسەرخۆو ئارام بوو، هیچ کاتێک توڕەبوونی نەدەزانی، ئەوکاتەی باوکم گیرا، تەمەنی دایکم ٢٧ساڵان بوو، من تەمەنم ١٣ ساڵ بوو، کوێستانی خوشکم ١١ساڵا بوو، کاوانی برام تەمەنی ٩ ساڵا بوو، لە ١٩٨١/٢/٢٨ هونەرمەند قادر کابان لە ناو دوکانی سەرتاشخانەی دەرسیم[١٤] لەلایەن چەند ئەمنێکەوە دەسگیرکراو لە سەعات ٦ی بەیانی ١٩٨١/٧/١ دوای پێنج مانگ حوکمی لەسێدارەدانی لە زیندانی ئەبوغرێب بەسەردا دراو تەرمەکەی شوێن بزرکراوە، دوای گۆڕانکاری ٢٠٠٣/٤/٩ تەنیا وەفاتنامەکەی دۆزرایەوە.

**بەرهەمەکانی قادر کابان**

| ناوی بەرهەم | هۆنراوەی | ئاوازی |
|---|---|---|
| ١.بەدەربەدەری | هەژار موکریانی | قادر کابان |
| ٢.دوا تیری کەوانی خۆت بهاوێژە دوژمن | ئیبراهیم ئەحمەد | قادر کابان |
| ٣.لەدرزی پەچەوە | گۆران | کەریم کابان |
| ٤.ئەی شەمی شەوان | وەلی دێوانە | قادر کابان |
| ٥.لەڕێی دڵداریدا | شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی | کەریم کابان |
| ٦.بۆ کچێکی شۆخ.. بۆ کچێکی بێگانە | گۆران | کەریم کابان |
| ٧.چاوەڕوانی بێ هودە | ئەحمەد هەردی | قادر کابان |
| ٨.عومری شیرنیم | ئەخۆل | خالید سەرکار |
| ٩.گوڵی سوور | شێخ ئەحمەدی شێخ غەنی | ولیەم یوحەنا |
| ١٠.فریشتە | کامەران موکری | قادر کابان |

**پەراوێزەکان:**

١.کابان: لە کۆمەڵگەی کوردیدا بەگشتیو لەشاری سلێمانی بەتایبەتی زۆرجار کوڕەکان بەناوی دایکیانەوە بانگ دەکرێن، ئەمەش لە کۆنەوە تا ئێستاش هەر باوە، نازناوی بنەماڵەی کابان، لە نەنکی باوکی هونەرمەندی شەهید قادر جەلال-ەوە بڵاوبوەتەوە، ژنێکی زۆر بەناوبانگو لێهاتوو بووە، دوای ئەوەی کە مێردەکەی دەمرێت لە جیاتی مێردەکەو لە دیوەخاندا بەجلوبەرگی کوردییەوە، هەموو کاتێک تفەنگو خەنجەری پێوەبووە، خەڵکیش زۆر ڕێزیان لێگرتووە، نازناوی کابان لەو سەردەمەوە تا ئێستا بۆ ئەم بنەماڵەیە ماوەتەوە.

٢.کاروان قادر کابان: لە ساڵی ١٩٦٨ لەگەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، ئامادەیی پیشەسازی تەواوکردووە، هونەرمەندی شێوەکارو بەشداری چەندین پێشانگەی کردووە.

٣.کوێستان قادر کابان لە ١٩٧٠ لەگەڕەکی شێخانی شاری سلێمانی لەدایکبووە.

٤.کاوان قادر کابان لە ساڵی ١٩٧٢ لەگەڕەکی شێخان لە شاری سلێمانی لەدایکبووە. دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانە بەشی شانۆ.

٥.ئەم زانیارییانەم لە کاروان قادر کابان وەرگرتووە.

٦.هەمان سەرچاوە.

٧.ئیبراهیم عەلی مەحمود، چاوپێکەوتنێک لەگەڵ هونەرمەند قادر کابان، ژمارە ٣٣ی پاشکۆی عێراق، کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٠.

٨.هەمان سەرچاوە.

٩.ئەو زانیاریانەم لە کاروان قادر کابان وەرگرتووە.

١٠.هەمان سەرچاوە.

١١.هەمان سەرچاوە:

١٢.ئەو کوردەی کە لەگەڵ ئەمنەکاندا بوو تەبلیغی هونەرمەند قادر کابان-ی کرد ناوی (م.ج.ی.د)ە پۆلیس بوو لە سەرای سلێمانی، دوایی کوژراوە.

١٤.ئەم زانیاریانەم لە کاروان قادر کابان وەرگرتووە.

# جەلیل کاکەوەیس:

## نووسەر کوڕی ژینگەکەیەتی پێش ئەوەی کوڕی شوناسەکەی بێت!



سازدانی: دانا و کامەران

لەم چاوپێکەوتنەدا جەلیل کاکەوەیس بەدەر لە قسەکردن  لە ئەزموونی چیرۆکنووسی خۆی باس لە گرفتە دیارەکانی ئەدەب و زمانی کوردی دەکات، لە هەریەک لەو باسانەشدا بە ڕاشکاوی دیدو بۆچوونی خۆی دەخاتەڕوو، لە بارەی ئەو هەوڵەی ئێستا لە ئارادایە بۆ بە لاتینیکردنی زمانی کوردی دەڵێت «ئەم شێوازە زمانەی ئێمە دەریایەک کتێبی پێ چاپکراوە،  کتێبخانەیەکی گەورەمان هەیە بەم شێوە زارە، بێین واز لەو زمانە بێنین‌و لە سفرەوە دەستپێبکەین، حاڵەتێکی زۆر ترسناکە، لە بارەی گروپ و گروپکاری لە ئەدەبی کوردیدا دەڵێت ئەدەب شتێکی (خودی)یەو هیچ پەیوەندیی بە کۆمەڵ‌و گروپەوە نییە!

ئەمەی دەیخوێننەوە پوختەی ئەو چاوپێکەوتنەیە  کە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵیدا سازکراوە.

**٭زۆر جار لەم گوێبیستی زاراوەی (شوناسی دەق) دەبین، لێکدانەوەی تۆ چۆنە بۆ ئەم زاراوەیە، کاتێک باس لەوە دەکرێت کە پێویستە کوردبوون لە ناو دەقدا ڕەنگبداتەوە، بۆچوونی تۆ لەسەر ئەم تێڕوانینە چۆنە؟**

–ئەگەر مەبەست لەم تێڕوانینە شوناسی نووسین بێت، ئەوا نووسەری ڕاستەقینەو بەئەزموون بەپێی قۆناغی نووسین وردە وردە دەبێتە خاوەن شوناسی ڕاستەقینەی خۆی، پێموایە شێواز بەشێکە لە شوناسی دەقو خاوەن دەق، دەمێنێتەوە سەر ئەوەی چۆن دەقێکی کوردی وەربگێڕێت بۆ سەر زمانێکیترو چۆن ئەو دەقە بناسرێتەوە کە کوردییە، بۆ نموونە چیرۆکێک، بێگومان زۆر لایەن هەیە دەقی پێدەناسرێتەوە، ڕەنگە لە ڕێگەی ڕووداوەکانی ئەو دەقەوە یان لە ڕێگەی کارەکتەرەوە یان لە ڕێگەی فەزاو پانتاییەوە خوێنەر بتوانێت شوناسی ئەو دەقە دەستنیشان بکات، زۆر جار نموونە لەسەر چیرۆکی خۆم دێنمەوە کە چاوم بڕیووەتە سەر شوێن، دیارە شوێنیش بەمانا مەجازییەکەی نەک بەمانا تەقلیدییەکەی، بێگومان ئەو شوێنە لای من لە ڕێگەی ڕووداو یان لە ڕێگەی ئاماژەوە بێت زۆر هەوڵم داوە بناسرێتەوە لە چیرۆکەکانمدا.

نموونەیەکیتر وەک شوناس بۆ دەقی کوردی کە لە چیرۆکدا باسی ڕووداوێکی وەکو ئەنفال دەکەین، لە ڕێگەی ڕووداو و کارەکتەرەکانی ئەو ڕووداوەوە وردە وردە حاڵەتەکان دەناسرێنەوە. جگە لە هەموو ئەم حاڵەتانە پێموابێت گەر دەقیش ئەمانەی تێدا نەبێت لە ڕێگەی شێوازی نووسەرو تەکنیکەکانی لە دەقدا چ لە زمانو چ لە ڕستەکانی دەقەکەیدا خوێنەر بەئاسانی دەتوانێت ئەو نووسەرە بناسێتەوە، بێگومان ئەمەش شوناسێکی تایبەتی ئەو نووسەرەیە، یان بەدیوێکی تردا ئەو شێوازە زارەی کە پێی دەنووسرێت هەندێ نووسەری پێ دەناسرێتەوە، لەمەش زیاتر بەبڕوای من گەورەترین شوناس کە گرنگە دەقی پێ بناسرێتەوە ئەو دەقەیە کە هەڵگری خەمێکی ئینسانیانە بێت لە بری ئەوەی هەڵگری خەمێکی ئایدۆلۆژیانە بێت.

**٭نەناسینەوەی شوناسی لەو نەتەوەیەدا کار دەکاتە سەر لاوازی ئەو دەقە، چونکە زۆر جار دەقی نەوەی نوێ بەوە تاوانبار دەکرێت کە شوناسەکەی ناناسرێتەوە، ئەم ڕەگەزە بەلایەنێکی لاوازی دەقی نوێ لەلایەن هەندێ کەسەوە ئەژمار دەکرێت، تۆ پێت وایە دەبێت شونلس بناسرێتەوە؟**

–ئێمە بمانەوێت یان نا کوڕی نەتەوەیەکین، لە جوگرافیایەکی دیاریکراو دەژین، لە ناو کولتوورێکدا دەژین زۆربەمان تێیدا هاوبەشین، گەر لە ناو ئەو کولتوورو ژینگەیەدا شێوازو شوناسی نووسەرێک نەناسرێتەوە پێم وابێت کەموکورتی هەیە لە ئەساسو بنەمای دەقدا، بۆیە من پێموایە ئەوە نەنگی نییە چیرۆکێکی من خوێنەرێکی عەرەب یان فەڕەنسی یان ئینگلیز بیخوێنێتەوەو بزانێت لەبەردەم دەقێکی کوردیدا وەستاوەو دەیخوێنێتەوە، ئەوە بنەمایەکی سەرەکییەو هیچ نەنگی نییە، گرنگ ئەوەیە نووسەر توانیبێتی چیرۆکو دەقێکی نوێی نووسیبێت بەپێی بنەما زانستییەکانی چیرۆک، ئیدی ئەوە گرفت نییە شوناسی دەناسرێتەوە یان نا، چونکە مەرجی



[illegible]

زمانەکەیەتی، ئەوسا ڕەگەزەکانی تر. پێموابێت ئەو تۆمەتانەی کە ئێوەش باسی دەکەن، تۆمەتێکی لاوازن ڕووبەڕووی ئەو نەوەیە دەکرێتەوە کە گوایە شوناسی دەقەکانیان ناناسرێتەوە.

***ئەی ئەگەر نووسەر باسی خەمێکی گشتیی مرۆڤانەی کردبێت، بەدەر لە خەمێکی نەتەوەیی و ڕەگەزی؟**

-خەمی کوردیش بەشێکە لە خەمی مرۆڤایەتی، ئێمەش وەک کورد بێگومان بەدەر نین لەو جیهانە بەرفراوانە.

***بیورە مەبەستی ئێمە ئەوەیە کە بۆ دەبێت باسی شوناس بکەیت یەکسەر دەبێت باسی کورد بکەیت، ئایا نابێت باسی کوردیش نەکەیت لە دەقێکداو لە هەمانکاتدا شوناسێکی کوردیشی هەبێت؟**

-ئێمە لێرەدا هاوکێشەیەکمان لەبەردەستدایە، ئەویش ئەوەیە کە کوردین و بەکوردی دەنووسین، بەشێکین لە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەم سەردەمەدا،

[illegible]

بەڵام هەرگیز پێم شورەیی نییە باس لەنەهامەتییەکانی مرۆڤی کوردو خەمی کوردانە بکەم لە دەقەکانمدا، با ئێمە بۆ ئەم باسە خۆمان هەڵنەخەڵەتێنین، ئێمە لە کۆمەڵگەیەکدا دەژین لە کوردستان کۆمەڵگەکەی نەورەسی نییە، دەریاچەو کەنار ڕووباری نییە، شەمەندەفەرو میترۆو ئەو کەرەستانەی نییە، کە ئەمانە لە ژیانی ڕۆژانەی ئێمەدا نەبێت، ئاساییە ئەو کەرەستانە لە ناو چیرۆکەکانیشماندا تەوزیف نەکرێنەوەو پێگەیان نەبێت، ئەمەوێت ئەوە بڵێم کە دەورووبەرو کەرەستەکانی ڕۆژانە ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کاریگەری لە ناو دەقەکانماندا جێدێڵن، بێگومان ئەو کاریگەرییەش ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە(شوناس)ەوە هەیە نەک بەوەی باسی کورد بکەین یان باسی نەکەیت.

من دەمەوێت لە دەرەوەی شوناسەوە ئەوە بڵێم کە نووسەر کوڕی ژینگەکەیەتی پێش ئەوەی کوڕی شوناسەکەی بێت، ئەی ئەوە نییە (مارکیز) دەیان ئەفسانەو چیرۆکی کۆنی ئەمریکای لاتینی لە ناو چیرۆکو ڕۆمانەکانیدا تەوزیفکردووە بەشێوەیەکی هونەری، هەموو ئەو چیرۆکو ئەفسانانەی لە کۆمەڵگەکەی خۆیەوە هێناوە، خۆ نەچووە لەهەسارەیەکی ترەوە بیانهێنێ، نابێت ئێمە بەهۆی شوناسو هەندێ زاراوەی ترەوە خۆمان دووربخەینەوە لە لایەنە گرنگەکەی تری نووسین کە لایەنی هونەریو تەکنیکییەتی.

***ئەی لەم حاڵەتەدا پێگەی ئەندێشە (خەیاڵ) چەندە، ئایا لەسەرووی ئەم بیرکردنەوانەشەوە نووسەر پێویستی بەخەیاڵێکی ئەفسوونی گەورە دەبێت بۆ نووسینەوەی ئەو حیکایەتانە؟**

-بێگومان هیچ شتێک هێندەی خەیاڵی نووسەر گرنگ نییە، بیرت نەچێت زۆرجار خەیاڵی خوێنەرو نووسەر سەفەر دەکەن بۆ ئەو شوێنە دوورانەش، هەندێ جار ئێمە بەهۆی خوێندنەوەی ڕۆمانو چیرۆکەوە سەفەر بۆ شوێنو جوگرافیای ئەو دەقانە دەکەین، هەندێ شوێنی نێو ڕۆمانەکان لە ئەمریکای لاتینو ئەفەریقا ئێمە لە دەقەکانەوە



خوێنەرو سامانەوە، بەڵام هەست دەکەی بیرەوەیانە ئەمە بەشداریکردنی خەیاڵی نووسەرو خەیاڵی خوێنەرە لە ناساندنی شوێنی دەقدا، بۆیە من پێموابێت خەیاڵ پانتاییەکی زۆر گەورەی لەو حاڵەتە داگیرکردووە، بەڵام بیریشمان نەچێت هەموو خەیاڵێک زادەی بەرهەمهێنانی چرکەیەک لە چرکەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، زۆرجاریش خەیاڵ واقیع جێدێڵێتو وێنەیەکی جیاوازترو گەورەتر لە ژیانی ڕۆژانە بەرهەم دێنێت، کە پێی دەڵێن وێنەی دەق.

***بەڵام پێت وانییە خەیاڵیش سنووردارە تا ئەو کاتەی نووسەر کاری لەسەر دەکاتو لە دەقێکدا دەیجوڵێنێت، چونکە بەتەنها خەیاڵ بەس نییە بۆ نووسەر ئەگەر نووسەر توانای خەلاقی نەبێت لە ئیشکردن بەو خەیاڵەدا؟**

-ئەوە زۆر ڕاستە، من نموونەیەکت بۆ دێنمەوە، من چیرۆکێکم هەیە بەناوی (منو چوارپێکان) لەو چیرۆکەدا واقیعێکم دروستکردووە کە لەو واقیعەی مندا پێموایە هەموو گیانلەبەرێک بەچوار پێو مرۆڤەوە خەسێنراون، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو خەساندنە خەساندنێکی ماسولکەیی نییە، بەڵکو خەساندنێکە لە ناخی مرۆڤدایە، کەواتە چیرۆکنووس لە ڕێگەی خەیاڵەوە زۆر شت دروست دەکات، کە بەتەنها لە ڕێگەی زیهنی ئەوەوە هەیە، بۆیە دەتوانم بڵێم خەیاڵ وەک خۆتان ئاماژەتان پێداو هەموو کەرەستەکانی تری نووسین پێویستە لە خزمەتی خەیاڵدا بن.

***ئەی لەبارەی زمانەوە، تا چەند پەیوەندی لە نێوان زمانو شوێندا هەیە، ئایا زمان دەتوانێت شوناسی شوێن دیاری بکاتو وەزیفەیەکی نوێتر بەو زمانە لەدەقدا دەستنیشان بکات؟**

-من نایشارمەوە وشەو موفرەدەی ئەو شوێنانەم بەکارهێناوە کە تێیدا ژیاوم بەتایبەتی دەوروبەری کەرکوکو ناوچەی شوانو خانەقین، بەم بەکارهێنانە بەبڕوای خۆم هەرگیز لە ڕەوتی نوێکردنەوەی زمانی دەق دوانەکەوتووم، هەرچەند من بۆ خۆم سەرنجم هەیە لەسەر ئەو زمانە نوێیەی

نووسەرای دەقی دەهێنن، چونکە ئێمەش لەو زمانە خۆمان کۆمەڵێک وشەو زاراوەی تێهاتووە جۆرێک لە لەنگیو قورسیی پێوە دیارە، بەڵام زاراوەو وشەی تری وا هەن لە کوردیدا هاوتاکەیان هەیەو جوانتریشە، بەڵام زۆرجار لە زمانی نووسیندا وشە عەرەبییەکە بەکاردەهێنرێت وەک (موحبەت، سەراب-جەنەت...هتد).

زۆرجار پاساو بۆ ئەم وشانە دەهێنرێتەوەو باس لەوە دەکرێت کە ڕیتمی ڕستەکە وا دەخوازێت ئەم وشانە بەکاربهێنرێت، بەڵام من بۆ خۆم باوەڕم بەو ڕیتمە نییەو پێموایە ئەو وشانە زمانی دەقەکە دەکوژێت، پێموابێت ئەم جۆرە وشانەش جۆرێک لە لاساییکردنەوەیە، زۆرجار باس لەتەوژمی جیهانگەرایی دەکرێت، کە بێگومان جیهانگەری کاریگەریی زۆری لەسەر تازەکردنەوەی زمان هەیە، لە جیهانگەراییشدا ئەو پەیوەندییە ئاڵۆزتر دەبێت لە نێوان (زمانو شوێندا) هەروەک ئێوە لە پرسیارەکەتان ئاماژەتان پێدا، چونکە زمان بەدەر لەوەزیفەی گوزارشت، وەزیفەی پەیوەندیکردنیشی دەبێت، بێگومان لەم حاڵەتەشدا دەق زیاتر دەتوانێت شوناسی ئەو زمانە دەستنیشان بکات نەک جیهانگەرایی. لە بارەی پەیوەندیی زمانو شوێنیش، بەبڕوای من بەهۆی ئەوەی زمانی ئێمە کە خاوەن تایبەتمەندیی دەیان جۆر لە شێوەزارە، بۆیە ئەو زمانە زیاتر دەتوانێت خۆی نوێبکاتەوەو زیاتر لە دەقدا دەوڵەمەندبێت. گەر سەیری دیالێکتی گۆران بکەین ئەوا دیالێکتێکی زۆر دەوڵەمەندە چ لە ڕووی وشەوە چ لەڕووی زاراوەوە، بەڵام نووسەرانی کورد بەکەمی بەسەریان کردووەتەوە. ئەمەش نەنگییە بۆ ئەدەبەکەمان.

***زۆر جار باس لەوە دەکرێت زمانی کوردی زمانێکی هەژارەو کەمتر دەتوانێت لەدەقدا داهێنانی پێبکرێت، تۆ پێت وایە داهێنان نەکردنی نووسەری ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ خودی زمانەکە یان بۆ کەم توانایی نووسەرەکە؟**

-هەرگیز، هەرگیز زمانی کوردی ئەوەندە هەژارو بێدەسەڵات نییە کە توانای داهێنانی نەبێتو

ئەتوانێت ئەقڵی ئافەرێنەرانەی پێ بنووسێت، ئەوە کەم توانایی زمانەکە نییە، ئەوە بێدەسەڵاتیی نووسەرە کە نەیتوانیوە شاکار بەو زمانە بنووسێت، ئەوە نووسەری کوردە کە خەیاڵی هەژارە، فکری هەژارە، خوێندنەوەی هەژارە بۆیە زمانی دەقەکەشی هەژار دەبێت و ناتوانێت داهێنانی پێبکات. زمانەکەمان هێندە لاواز نییە، گەر وابوایە چۆن دەیان شاعیری وەک (مەولەوی و سالم و مەحوی و گۆران) لە ئەدەبی کوردیدا دەردەکەوتن، دواتریش ئەو زمانەی ئێمە لە هەموو بوارەکاندا توانای نووسینی هەیە، ئێمە بەو زمانە کیمیای پێدەنووسین، فیزیای پێ دەنووسین، مێژووی پێدەنووسین، بیرکاریی پێدەنووسین، کەواتە زمانەکەمان لەڕووی تواناوە گرفتی نییە، بەڵکو گرفتەکە لە نووسەردایە.

***بەڵام ڕەنگە زمانی کوردی ئیشکالیەت و گرفتی زۆری هەبێ، باشترین بەڵگەش بۆ ئەم گرفتە ماوەیەکی زۆرە گفتوگۆ هەیە لە نێوەندی ڕۆشنبیریی ئێمەدا لەسەر ئەوەی کە ئایا ئێمە بە چ شێوە زمانێك بنووسین (کرمانجی سەروو یان کرمانجی خواروو) گرفتمان هەیە لەسەر جۆرو شێوازی ئاخافتن، لەسەر شێوە زاری نووسین و یەککرتنی ئەو زمانە، ئایا ئەمانە گرفتن یان نا؟**

-من پێموایە ئەمە تاڕادەیەک ڕەهەندی سیاسیی هەیە، مادام ڕەهەندی سیاسیشی لە پشت بێت ئەوا دەسەڵات دەتوانێت پشتگیریی ئەم حاڵەتە بکات، ئەم دیالێکتەی ئێستامان ئەو دیالێکتەیە کە شتی پێ دەنووسرێت، لە زانکۆو قوتابخانە پێی دەخوێندرێت، خەڵکیتر لە ناوچەی خۆیدا بەزمانی خۆی قسەدەکات ئەمە گرفت نییە، لە ماڵەوە بەچ شێوە زارێک قسە دەکەیت ئەمە گرفت نییە، بەڵام کە دێیت شیعرێک یان چیرۆکێک دەنووسیت بەم شێوە ستانداردە دەینووسیت، زۆر جار باس لە زمانی ئینگلیزی دەکرێت، زمانێکی جیهانییەو لە هیچ شوێنێک پەکت ناکەوێت ئەو زمانە بزانی، وەک دەڵێت سەرەتاکەی زمانی گەڕەکێکی شاری لەندەن بووە بەپێی قۆناغ وردە وردە گەشەی کردووە تا گەیشتووەتە ئەم زمانە گەورەو بەهێزەی ئێستا، بەڵام زمانی ئێمە ئەچێتەوە کتێبی پێ چاپ ئەکاتەوە، ئێستا خەریکە دەکەوێتە سەر سکەی خۆی، کتێبخانەیەکمان هەیە بەم شێوە زارەیە، بێین واز لەو زمانە بێنین و لە سفرەوە دەستپێبکەین، حاڵەتێکی زۆر ترسناکەو زیانە بەو زمانەی خۆمان، من لەدوای ڕاپەڕین نامیلکەیەکم بڵاوکردەوە بەناوی ئەلفو بێی لاتینی، ئەوکات وا بیرم دەکردەوە، بەڵام ئێستا پەشیمانم و پێموایە ئەو بۆچوونەم هەڵەبووە، لەبەر ئەوەی دەبێت وەک میللەتانیتر بکەین، لە تورکیا وەختێک کەمال ئەتاتورک پیتی عەرەبی کردە لاتینی نزیکەی ٧٠ ساڵی خایاند، ئەوسا بەو زمانە ڕاهاتن، ئایا ئێمەش ئێستا ئەوە بکەین ئەوەندەساڵمان ناوێت؟ ئەمە لە کاتێکدا ئەوان دەوڵەت و یاسای خۆیان هەبووەو ئێمە بێ دەوڵەت و بێ پشتگیرین، لانیکەم ئەم هەوڵەی ئێمە سێ نەوەی پێویستە.

***بەڵام زۆرجار بەتایبەت وەرگێڕەکان گلەیی ئەوە لە زمانی کوردی دەکەن کە لە کاتی وەرگێڕاندا تووشی گرفت دەبن و زۆر وشەو ناو هەیە ئێمە نیمانە لە زمانەکەماندا بەتایبەت لە بوارەکانی فەلسەفەو فیکرو زیندەوەرزانی و ئەستێرەناسی و.... ئەمەش بۆخۆی کێشەی گەورەیە، لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟**

-باوەڕبکە هەمووی کەوتووەتە سەر توانای نووسەرەکە خۆی، زۆرجاریش لەکاتی وەرگێڕان و گەڕان بەدوای زاراوەیەکدا ئەم کێشەیەمان ڕووبەڕوودەبێتەوە، من بۆ خۆم چەندین جار ئەم گرفتەم ڕووبەڕووبووەتەوە، گرفتەکەم نەخستووەتە سەر زمانەکە، ڕاستە زمانەکەش کەمێک گرفتی هەیە، بەڵام کەوتووەتە سەر چۆنیەتیی مامەڵەی ئێمە لەگەڵ دەقەکە، من بۆ خۆم جاری وا هەبووە وشەم داتاشیووە وەک (مرۆسە) کە لێکدراوی (مرۆڤ، سەگ). تۆ داهێنەربیت لەو بوارەدا پەکت ناکەوێت، با زمانەکە تازەو کەمێک لاوازیش بێت، باسی فەلسەفەو فیکر دەکرێت، باوەڕ ناکەم هیچ نووسەرێک پەکی کەوتبێت لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی کارکردنی خۆی، زۆر جار خۆمان بیانوو دەدۆزینەوە بۆ زمانەکەمان و دەڵێین هەژارەو توانای

ئەوانەی بە قۆناغەکانی قوتابخانەدا تێپەڕبوونو زیندەوەرزانیو کیمیاو جەبریان خوێندووە هیچ کات بۆ هیچ زاراوەیەک پەکیان کەوتووە؟ بێگومان نەخێر، چونکە زاراوەی نوێو زانستیی بۆ داتاشراوە، بیریشمان نەچێت هەموو زمانەکانی دنیا ئەو کێشەیەیان هەیەو هیچ زمانێک نییە بێ کێشە بێت با زمانێکی دەوڵەمەندو بەهێزیش بێت، هەندێ زاراوەش هەیە پەیوەندنییە بەزمانێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو ڕەهەندێکی جیهانیی وەرگرتووە، وەک (تەلەفزیۆن، تەلەفۆن، ڕادیۆ) عەرەب زۆر هەوڵیان دا زاراوەی بۆ بتاشن، بەڵام هەروەک خۆی مایەوە، چونکە زاراوەکە ڕەهەندێکی جیهانیی هەیە.

***گەر لەسەر زمان پرسیارێکی تایبەتمەندترمان هەبێت کە پەیوەندیی بەدنیای نووسەری کوردەوە هەیە، زۆر جار گرفتو گفتوگۆ دروست دەبێت لەسەر زمانی نووسەرێکو ئاماژە بەوە دەکرێت نووسەر فڵان نووسەرێکی زمانێکی گوندنشینی هەیە لای عەرەب پێی دەڵێن (زمانی ڕیفی) تۆ خۆت تا چەند باوەڕت بەزمانێک هەیە لە دەقدا زمانێکی ڕیفی بێتو زمانێک زمانی شارنشین بێت؟**

-دەق لە ڕووی زمانەوە دوو جۆرمان هەیە، دەقی میللیو دەقی ئەدەبیی سرڕفمان هەیە، وا باوە شیعرەکانی قانع شیعرێکی میللییە، بەڵام شێرکۆ بێکەس شاعیرێکی ئەدەبییە، من بۆ خۆم پێموانییە وابێت، من چیرۆکم نووسیوە لە هەشتاکانداو کۆمەڵە چیرۆکی (میراو)م بڵاوکردەوە، د.فاروق عومەر مامۆستای زمان ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی خوێندەوە زۆر سەرنجی جوانی هەبوو لەسەری، ئەم پرسیارەی ئێوە ئەو سەرنجانەم بیردەخاتەوە، جارێکیتریش دەڵێم ئەو زمانەو پاراستنی ئەو زمانە دەکەوێتە سەر خودی نووسەرەکە نەک ئەو پۆلێنکارییەی کە بۆی دەکرێت.

لای من وەک چیرۆکنووسێک گرنگترین ڕەگەز لەگەڵ زمانی نووسەردا گێڕانەوەیە، چونکە قورسترین ڕەگەزی چیرۆکو ڕۆمانەو (دۆیستۆیڤسکیو تۆلستۆی) شتەکانیان هەمووی لە دنیای ئەدەبدا، بۆیە ئەو پۆلێنکردنە جۆرێکە لە پێچو پەناو قوژبن بۆ ئەوەی خۆمان لە جەوهەری داهێنانو نووسین بدزینەوە، کە بەبڕوای من کارێکی زۆر خراپە.

***لایەنێکیتر لە ئەدەبیاتی زۆر میللەتدا جیاکردنەوەو پۆلێنکردنی (نەوە)کانە، دەڵێن ئەمە نەوەی پەنجاکانی ئەدەبی کوردییە، ئەمانە نەوەی حەفتاکان یان نەوەی دوای ڕاپەڕین، تۆ وەک چیرۆکنووسێک تا چەند باوەڕت بەم پۆلێنکردنە هەیە؟**

-زۆر کەم باوەڕم بەو جیاکردنەوە هەیە، ئێمە گەر باس لە قۆناغەکانی شیعری کوردی بکەین، قۆناغی کلاسیکیو قۆناغەکەی گۆرانو شێخ نوری شێخ ساڵح...هتد، کە ناتوانین ئینکاریی لێبکەین، چونکە قاڵبێکی تایبەتی وەرگرت، فۆڕمی وەرگرت، ناوەرۆک گۆڕا، شێوازو ستایلی جیای هەبوو، ئەمانە ڕاستن، بەڵام بەبڕوای خۆم دیارترینو بەهێزترین قۆناغ لە ئەدەبی کوردیدا قۆناغی (ڕوانگە)یە، لە هەموو سەردەمێکدا چەند نووسەرێک دەردەکەون، داهێنان دەکەنو ئەوانی تر دەبنە سێبەر، ڕوانگە ئەم ڕاستییەی لە ئەدەبی کوردیدا بەتەواوەتی دەرخست، من لە دیدارێکی ترمدا زۆر بە بەرفراوانی لەسەر ئەوە قسەم کردووە نامەوێت قسەکان دووبارەکەمەوە.

زۆرجار لەبارەی پۆلێنکارییەوە بارودۆخی سیاسیو کۆمەڵایەتیو سایکۆلۆژی بڕیاری تەواوەتی دەدەن، من بۆ خۆم بەهیچ شێوەیەک باوەڕم بەو پۆلێنە نییە کە دەگوترێ دەیەی هەشتاکان یان حەفتاکان...هتد، کە دەڵێم بارودۆخی سیاسی کوردستان لە شەستەکاندا بارودۆخێکی خراپی سیاسیی هەبوو، کەم نووسەرو دەقی باشمان هەبوو، بەڵام لە حەفتاکاندا کەمێک ئازادی هەبوو، چەند ناوێک چەندین دەقی ئەدەبیی جوانیان لەو قۆناغەدا نووسی، ئەمە مەبەستەکەی منە کە باسم کردو دەڵێم بارودۆخی سیاسی کاریگەریی لەسەر ئەدەبیاتی ئێمە هەیە، دەبینیت لە قۆناغێکی تری ئازادیدا کە دوای ڕاپەڕینە دەنگو ناوی ترو

دەستی جۆرێک لە ئەدەبی کوردیدا دەرکەوت. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی (ڕوانگە) لەو قۆناغەی حەفتاکاندا ئیشی خۆی کردو گۆمەکەی شڵەقاندو ڕۆیشت.

***پێت وایە ئەدیبی کورد هەر ئەو چەند کەسە بوون کە لە ڕوانگەداو لە حەفتاکاندا بەیاننامەیان دەرکرد یان لە دەرەوەی ئەوانیشەوە دەنگەو نووسەرو قەڵەمی تری جدی هەبوون؟**

–نەخێر، با گفتوگۆکەمان فۆرمێکی ناوچەگەریتی وەرنەگرێت، ئەگینا لەوکاتەدا لە کەرکوکیش کەسی باش‌و نووسەری جدی هەبوون (سەدرەدین عارف) لە کەرکوک بوو ساڵی ١٩٦٧ چیرۆکێکی لەگۆڤاری (برایی) بڵاوکردەوە کە خوێندمەوە زۆر سەرسام بووم پێی، هەر لە کەرکوک (لەتیف حامید، ئەحمەد شاکەلی، لەتیف هەڵمەت) ئەمانەش کاریگەریی خۆیان هەبوو، تۆ هەر سەیری ناونیشانی دیوانەکەی هەڵمەت بکە لە ١٩٦٩دا (خواو شارە بچکۆلەکەمان) سەیری ئەم ناونیشانە نامۆو سەرنجراکێشە، پێشتریش لە کەرکوک گروپ هەبوون لە پشت ڕوانگەو گروپی کفری، بەهەرحاڵ ئەوە مێژووە با بچینە سەر باسێکی تر.

***تا چەند لەگەڵ ئەو بۆچوونە ڕەخنەییەدایت کە دەڵێت زۆرێک لەو گروپانە لە ئەدەبی کوردیدا هێندە پەرچەکرداربوون هێندە پێداویستییەکی داهێنەرانە نەبوون؟**

–سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین، هەموو شتێکی تازە پەرچەکرداری دەبێت، چونکە من شتێک دەکەم مەرج نییە بەدڵی هەموو کەس بێت، ڕوانگەو زۆر گروپی تریش وابوون، چونکە زۆر ئەدیبی تەقلیدیو باوی ئەو کاتە کە دەقیان بەشێوازێکەوە گرتبوو زۆریان بەلاوە قورس بوو ئەو شێوازە تێکبشکێنرێتو شێوازێکیتر بێتە جێگەی، بۆیە لەم کاتەدا دژایەتیو پەرچەکردار شتێکی ئاسایی بووە. بۆ نموونە ڕوانگە لەو کاتەدا چەندین نەیارو دژی بۆ دروست بوو، دەیانووت دەستی لەپشتەو ئەوە سیاسەتەو ئەدەب نییەو...هتد، بەڵام پێچەوانەی ئەمانە ڕوانگە کاریگەریی خۆی هەبوو، کاریگەریی ڕوانگە گەیشتە دوای ڕاپەڕینیش.

***باشە تۆ باسی ئەوە دەکەیت بەدەر لە ڕوانگە گروپی تر هەبوون، باشە بۆ ئەم گروپانە نەیانتوانی ئەو کاریگەرییەی ڕوانگە لە ئەدەبی کوردیدا بەجێبێڵن؟**

–لە ڕاستیدا ئەو بابەتە قسەی زۆر هەڵدەگرێ، بۆ نموونە لەتیف هەڵمەت خۆی لە چەند شوێنێکدا دەڵێت (ڕوانگە هێلکەیەکی پیس بوو، هیچی هەڵنەهێنا!)، بەڵام خۆشی بەو شێوازەی ڕوانگە دەینووسی، لەبارەی ناوەڕۆکی پرسیارەکەشەوە بەبۆچوونی من لەبەر ئەوەی ئەدەب شتێکی (خودی)یە هیچ پەیوەندیی بە کۆمەڵو گروپەوە نییە، پێشتر باسی (گۆران)مان کرد، گەر گۆران ئەو گۆرانکارییەی لە شیعری کوردیدا نەکردایە، بێگومان شیعری کوردی ئەو تازەکردنەوەیەی بەخۆیەوە نەدەبینی، گەر گۆران (شێخ نوریو ڕەشید نەجیب)یشی لەگەڵ بووبێت، بەڵام ئەوان چەند کەسێکی کەم بوونو گروپیش نەبوون کارەکەیان لەسەر خودی خۆیان بوو، هەر کارێکیتر بەکۆمەڵ و گروپ بکرێت من



پێموابێت ئەمن بەو شێوازە مەکینەی من ئێستا خەریکی چیرۆکێکمو دەینووسم نیوەیم نووسیوە، کە مردم هیچ مرۆڤێکی ئەم سەر زەوییە ناتوانێت بۆم تەواو بکات، لەڕاستیدا ئەمە وەزیفەی سەرەکیو خودی ئەدەبە، بۆیە من بڕوام بەگروپو گروپکاری نییە، ڕوانگە هەر وەزیفەکەی (گوران) بوو، بەڵام شەپۆلێکی بەهێزتر بوو، هەلومەرجەکە وا ڕەخسا کە بەو شێوەیە کاربکەن لێرەشدا نابێت بارودۆخی سیاسیو زەمەنی لەدایکبوونی (ڕوانگە) لە یاد بکەین، بەیاننامەی ١١ی ئازار فۆرمێک لەئازادیی هێنایە کایەوەو نووسەران کەم تا زۆر سودیان لێ بینی، هەر لەو کاتەدا چەندین قەڵەمو ستایلی جیاواز دەرکەوتن، چەندین بڵاوکراوەو کۆڕو سیمینار لەشارەکانی کوردستانو بەغدا بەستران، ئەوکات من قوتابیی زانکۆ بووم لەبەغدا، بیرمە ئەوکاتە چەندین کۆڕو سیمینار بەستران لەلایەن (ئەنوەر شاکەلی، ڕەفیق سابیر، ئەنوەر جاف)ەوە، ئەوان جوڵەیەکی زۆریان هەبوو لە بواری ئەدەبیاتداو کاریگەریشیان هەبوو، چونکە بارودۆخەکە لەباربوو، بەڵام ئێستا برۆ سەد بەیاننامە دەربکە، سەد گروپ دروستبکە، هەرگیز ئەو کاریگەرییەی نابێت کە لەو قۆناغەدا هەیبووە، چونکە کەشەکە لەو قۆناغەدا لەباربووەو لە ئێستادا لەبار نییە، بەڵام ڕوانگە لە قۆناغێکی چەقبەستووی مەنگو بێدەنگدا سەری هەڵدا، کە هاوتای نەبوو، بۆیە ئەو سەدایەی دایەوە.

***کەواتە بەپێی ئەم بۆچوونەی ئێوە یێت بارودۆخی سیاسی کاریکەریی زۆرە لەسەر بارودۆخی ئەدەبی؟**

-گومانی تێدا نییەو وایە، بەڵام ناتوانم بڵێم ڕوانگە کام سیاسەتو بیری سیاسیی لە پشتبووە.

***باسی کاریکەریی سیاسەتمان کرد لەسەر ئەو بارودوخە ئەدەبییەی ئەو قۆناغە، بەبڕوای تۆ ئایا ئەدەب ئەو وەزیفەیەی ماوە لە ژیانی ئێستاماندا، پرسیاری ترو گفتوگۆی جیاوازتر لەوەی کە هەیە دروست بکات، بۆ نموونە (ئازادی) ئایا بەبڕوای ئێوە بەمانا کەردوونییەکەی، ئەدیبی کورد ئازادە لە ئێستاداو دەتوانێت بەدەنگی بەرز کوزارشت لە خۆی و لە قۆناغەکەی و لە کۆمەڵگەکەی بکات؟**

-ئێمە لە زۆر شتدا ئازادینو لە هەندێ شوێندا بەجوانی بەکارمان نەهێناوە، ئێمە کێشەی زۆر گەورەمان هەیە، کێشەی ئاسایشی نەتەوایەتیمان هەیەو بازدەدەین بۆ کێشە بچووکەکان، بۆ نموونە کێشەی (ژن، گەنج..هتد) لێتانی ناشارمەوە من ئەوانە بەدەست دەزانم، هەموو ئازادییەک لای من لە ئازادیی نەتەوەییەوەیە، بەمەرجێک ئەوانەی سەرکردایەتیی نەتەوەکەم دەکەن دیکتاتۆر نەبن، چونکە بەبڕوای من دیکتاتۆریو چەوسانەوە کورد بیکات و عەرەب بیکات وەک یەک وایە، هیچ جیاوازیی نییە، لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ئیسماعیل بێشکچی نیم کە دەڵێت (خراپترین دەسەڵاتی کوردی بۆ خۆیان باشترە، لە باشترین دەسەڵاتی عەرەب و تورک و فارس) من لە ئەزەلەوە باوەڕم بەچەوسانەوەی مرۆڤ نییەو پێموایە تا دوا پلە مرۆڤ ئازادەو دەبێت مومارەسەی ئەو ئازادییەی خۆی بکات، مرۆڤ خۆی بڕیاردەدات چەند ئازادبێت، چونکە ئازادی لە ناو عەقڵی مرۆڤدایە، لەناو بیرکردنەوەو تێڕامانیدایە، جورئەتی تۆ تا کوێ بڕ دەکاتو ئەو ئازادییەی خۆت بەکاردەهێنی، من هەموو وڵاتم بۆ بکرێت بەشامی شەریف، گەر جورئەتم نەبێت قسە بکەم، ئەوکات هیچ مانایەک ناسێنێتەوە بۆ خودی مرۆڤبوونم، بەبڕوای من ئازادی کەوتووەتە سەر تاک خۆی، تۆ چەند بڕیارت داوە ئازادبیت ئەوەندە ئازاد دەبیت، چونکە ئازادیی نووسەر لای خودی نووسەرە، تۆ بڕیارت دابێت ئازادبیت، دەبێت باجەکەشی بدەیت، باجدانی ئازادیش نرخی خۆی هەیە، لەم پۆلێنکردنەی من بۆ ئازادیی نووسەر پێم وایە نووسەری کورد ئازادەو ئازادانە بیردەکاتەوە، بەڵام هەموویان نا، هەندێ نووسەری کورد دیلی نانپەیداکردنە، هەندێکیتری دیلی حزبو دەسەڵاتە.... بەڵام جوانترین نووسەر ئەو نووسەرەیە کە تا دوا پلە ڕەهابێتو کۆیلەی هیچ کەس نەبێت هینی خۆی نەبێت، چونکە ئازادی کاڵایەک نییە بکڕدرێتو بفرۆشرێت، ئازادی دەسەنرێتو بەدەست دێت.

***ئەدەب چەند ڕۆڵی هەیە بۆ ئازادبوونی**

**کۆمەڵگە. بەدەر لە ئازادیی خودی نووسەر، پێت وایە ئەمە وەزیفەی ئەدەب بێت؟**

–ئەدەب پەیامێکی ئینسانیی گەورەیە، دەقی گەورەو شاکاری مەزن دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە هەبێت و کاریگەرییەکەشی دەرکەوێت بەپێی ئاستی خوێندەواری و ڕۆشنبیریی ئەو کۆمەڵگەیە.

جاری وا هەیە دەنکە مرواری لە ناو زەلکاودا بزردەبێت، بەڵام مرواری بخەیتە ناو ئاوی ڕوونەوە دەبینرێت، بەبڕوای من کۆمەڵگەی کوردی زۆری ماوە لە نووسەر تێبگات و ماوەیەتی پەیامی نووسەر کومەڵگە بگۆڕێت، هێشتا نووسەری کورد بەباشی پەیامی خۆی نەپێکاوە، بەبۆچوونی من ئەدەب دەتوانێت کاریگەر بێت، بەڵام کەی و چۆن و لەکوێ؟ ئەوە شتێکی ترەو گفتوگۆی زیاتری دەوێت.

***لە ئەدەبی کوردیدا ئەو نموونە بەرچاوەدەکەوێت کە نووسەرێک یان دەقێک ئەو کاریگەرییەی بووبێت؟**

–هەبووە، بۆ نا؟ (لە خەوما)کەی جەمیل صائب بۆ وانەبووە؟ (بیست و حەوت ساڵ ڕەنجبەری تۆم)ی بێکەس بۆ وانەبووە؟ ڕۆمانەکانی (بەختیار عەلی)یش لەم قۆناغەدا بەتایبەتی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) شانبەشانی ئەو نموونانەی تر لەو قۆناغەدا پێموابێت ئەو نووسەرانەن کە کاریگەریی قووڵ لە کۆمەڵگەدا بەجێدێڵن. بەداخەوە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا ئەو ڕاستییانە ون دەبن، هەندێ کەس و نووسەر زۆر بەلایانەوە قورسە بڵێن فلان دەق. من هەمیشە وا بووم، دەقێکی جوان بخوێنمەوە هەر کەس نووسیبێتی وا هەست دەکەم خۆم نووسیومە، هێندە دڵم پێی خۆشە، بەبڕوای من ئەم ڕاستییەش [illegible] لە یادی نەکات.

***ئەو ئازادییەی کە باسی دەکرێت لای نووسەرانی حەفتاکان تا چەند کاریگەریی هەبوو بۆ ئەو ئازادییەی کە ئێمە باسی دەکەین و لە دوای ڕاپەڕینەوە دروست بوو؟**

–ئەدەبی حەفتاکان بەشی هەرە زۆری ئەدەبێکی بەرەنگاری بوو، شۆڕش بوو لە ناو شارەکان، زۆرێک لەو چیرۆکانەی من لە هەشتاکاندا نووسیومن گەر وەک خۆی بگەیشتنایەتە کاربەدەستانی بەعس، تووشی ئازارێکی زۆر دەبووم، بۆیە من باوەڕم وایە ئەدەب کاریگەریی خۆی هەبووە لە هەموو سەردەمەکانی کۆمەڵگەی ئێمە، پێموابێت ئەدەب لە سیاسەت جوانتر بووە لە کۆمەڵگەدا، بەڵام ئێستا قۆناغەکە گۆڕاوە، خەڵک کەم دەخوێننەوە، کەم موتابەعە دەکەن، بیرمە لە هەشتاکاندا کتێبێک کە دەردەچوو دەچووین سەرەمان بۆی دەگرت، ئێستا فریای هیچ ناکەوین، نزیکەی (١٠٠٠) گۆڤارو ڕۆژنامە لە کوردستان دەردەچێت، ئەمە کاریگەریی خۆی دەبێت، بێگومان هەندێ جاریش ئەو کاریگەرییە سلبی دەبێت، لە بەرامبەریشدا لە کرۆکی پرسیارەکەت کاریگەریی ئازادیی حەفتاکان بۆ ئێستا لە ناو نووسەراندا بێگومان هێڵێکی درێژکراوەیە، بەڵام بە تایبەتمەندیی جیاوازەوە.

بۆیە شێوازو تایبەتمەندیی ئەو دەقانەی کە نووسەران لەو دوو قۆناغەدا نووسیویانە ناسنامەی دەق دیاری دەکات، دەق لە هەر قۆناغێکدا نووسرابێت، گەر دەقێکی دروشمکاری بێت، بەدڵنیاییەوە تەمەنی کورتەو زوو دەمرێت.



# له دیداریَکدا
# لهگهڵ دڵشاد عهبدوڵلا:

*فیکری موجهڕهدو له کلتووری کوردییدا کزه.
*مردن گهورهترین موغامهرهی تیێپهڕاندنه، ڕهنگهکانیشی دهبێ جیاوازبن.



**ڕوونکردنهوهیهکی پێویست:**

خالید جوتیاری شارهزاو فۆلکلۆرناسی بهتوانا، مانگێک بهر لهوهی بهیهکجاری جیٚمان بهیڵێو بچیٚته دنیای ههتاههتایه، ئهم دیدارهی لهگهڵدا کردم. ئهو بهنیازبوو گۆڤارێکی تایبهت به پسپۆڕیی له بواری میتۆلۆجیا دهربکات، خهونێکی ڕۆژانی سهردهمی کامڵبوون‌و خۆ تهرخانکردنی تهواوی بوو بۆ ئهم لایهنه گرنگهی مێژوو و کولتوور، بهداخهوه مهرگ ئهوهشی پێڕهوانهدیو بهناچاری لهگهڵ خۆیدا بردییه ژێر گڵهوه.

***ئەشیعر دەنووسی ئایا هەست دەکەی میوزیك دەتباتەوە ڕابـــردوو، یان خۆت ڕابردوو بۆ ئایندە ئامادە دەکەیتەوە؟**

–ئەم پرسیارە وێستگەیەکی زۆر زیندووە لە ژیانی ئەدەبی مندا، لە یەک دوو شوێنی تر وتوومە ڕابردوو هی من نییە، هی ئەوانەن کە دروستیان کردووە، من لە ئێستادا هی خۆمم، دیارە ئەو جۆرە لێکدانەوەیە بریتییە لەو حاڵەتە وجودییەی قەناعەتم پێی هەیە، بەڵام ئەو هەموو گەنجینە کەڵەکەبووە چییە؟ چی لێ بکەم؟ ئایا دەکرێ پشتی تێبکەم‌و وا بەئاسانی ڕزگارم دەبێ لێیان؟

ڕابردوو هەر تەنیا بریتیی نییە لە زەمەنێکی تێپەڕیو، هەر تەنیا ئەوە نییە کە وەکو سێبەرێ بەدوامدا دەکشێ، هەر تەنیا بۆ من نەماوەتەوە، ئەو زەمەنە بەشێوەیەکی پێچاو پێچو ئاڵۆز شۆڕبۆتەوە تا باپیرە گەورەمان، تا ئادەم یا قابیل یا نوح «بەپێی حیکایەتی ئایینەکان». بەپێی نەسەبی ئەدەبییش بۆ هۆمیرۆس‌و ڤرجیل‌و دانتی تا دەگاتە نالی‌و جزیری، ئەوانە هەموویان ڕابردووی هاوبەشی هەموومانن، هەریەکەمان لە لقێکی ئەو درەختەوە دەگەڕێینەوە بۆ ڕەگەکان. لەبەرئەوەی ئەفراندن خۆ ڕاپسکان‌و دەربازبوونە لەو ڕابردووە، لەڕێی خوڵقاندنی دەقێکی تازەو شێوە دەربڕینی تازەوە، بۆیە چارەنووس ئەوەیە کە لەو ڕابردووە دەربچین، لێرەوە جەنگی ئەزەلی داهێنان دەستپێدەکات. جەنگی درێژەدان بەئێستاو تەکان بەرەو داهاتوو.

***لـــە کولتووری کـــوردەواری چ مەودایەکی میتۆلۆژی هەیە لەگەڵ بونیادی شـــیعری سەردەم کاری گونجاندن یان کێشەو تەبایی لێدروست بێ؟**

–زۆر جار دەمەوێ بچمە ناو میتۆلۆژیاو تا بن دوورترین پنچکە گیای بچم. مردن زۆر مەودای هاوبەشی نێوان زەمەنی هەرە کۆن‌و ئێستای پێکەوە گرێداوە. شاعیریش بوونەوەرێک نییە لە فەزایەکی بۆشدا بژی، کەسێکە هەست بە بەختەوەری دەکاو عاجز دەبێ‌و دەگەڕێ‌و بەدوای نەمریدا وێڵە، لەو گەڕان‌و سووڕانەیدا بەر زۆر شت‌و پەیوەندی دەکەوێ، تێکەڵیان دەبێ‌و لێیان جیا دەبێتەوە، کارەکەشی لەبیری وشەی خاوازەوە ئەنجامدەدات. هەندێکجار وشەی وا دەدۆزێتەوە تووشی سەرسوڕمانی دەکات، چۆن مارێک لەدارێک دەئاڵێ‌و بەسەر دارەکە وشک دەبێتەوە، یا بەردێک دەچێتە ناو قەدی درەختێک، یا پارچە ئاسنێک دەچێتە ناو گۆشتی دەست یا قاچەوە، وردە وردە دەبێتە بەشێک لێی، بەو شێوەیە وشە هەیە بارگاوییە بەو شوێنەی تێیدا دروستبووە، ئەو جۆرە پەیوەندییە مەودای تازە دەدۆزنەوەو جۆرە موستەحیلێک نیشاندەدەن، کە پێشتر خەیاڵ فریای نەکەوتووە، کە دەڵێی مارێک لەدار، ئەو ماوە بۆ دار یا دارەماری گرتووەو کردوویەتی بە بەشێک لە خۆی، هەمیشە شتە مردووەکان هێزێکی ئەفسوونن بۆ خەیاڵ. مرۆ ئەو هەموو کۆششە دەکات بۆ ئەوەی بەردو زەوی‌و...تاد، بکاتە بەشێک لە خەون‌و خولیای‌و خۆی، ئەوە شتە مردووەکانیش هەوڵدەدەن زیندووەکان هەڵلووشن، ئاو جەستەی مەلەوان هەڵدەلووشێ لە شوێنە گێژەنەکانیدا، هەروەها خەرەندو نشێو جەستەی گەڕیدەو مارو مێروو... ئەو گەردوونە شوێنی ململانێیە لە نێوان مردووەکان‌و زیندووەکاندا.

پێموایە داهاتووش وەهمێکە لە شێوەی جۆراوجۆردا، ڕەنگە جوانترینی ئەو وەهمە لە خەونی گەیشتن بە بەهەشت بەرجەستەبێ، من ئەگەر چی زۆر پابەند نیم بەو وەهمەوە، وەلی مرۆڤ ناتوانێ بێ ئەو وەهمە بژی، هەر هێندەش نا، دەمەوێ مرۆڤ لەو وەهمە ڕزگار بکەم. لێرەدا کاری شاعیرو کاری خواوەند لە یەکتری جیادەبێتەوەو شاعیر لە شەیتان نزیک دەبێتەوە، ڕەنگە هەندێکجار بۆ دوورکەوتنەوە لەوەهمی ئایندە گەڕابمەوە ناو ئەشکەوتەکانی ڕابردوو بۆ پشکنینی شیعریی‌و دۆزینەوەی جوانییەکی شاراوە، بۆ ئەوەی لە بینای ئێستادا بیکەمە کۆتەڵی بیرۆکەیەکی تازەو وێنەو دیمەنێکی شیعریی لێ دروستبکەم. هەر ئەو جۆرە گەڕان‌و پشکنین‌و خولیاو سەراسیمەیە کە شاعیری ئەمڕۆ بکاتە ئەفسانە، لەلایەک جەنگی لەگەڵ ڕابردووەو لەلایەکی دیکە درێژە پێدەریەتی. ئەو دۆن کێخۆتەیە

له بەرامبەر پەروانەی داهێنەر شتێکی [illegible] وشەی لێ هەڵکێشاوە، ئەو هەموو درامایەو شوێنی نمایشیش سەر کاغەزی سپییە. سیحری ئەو کاغەزە تەواو نابێ.

***لە کـوردەواری ئەنترۆپۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بەبارێکـی خـاوو تەمبەڵدا دەڕوا، ئایا شـاعیران هاوسەنگی دەکەن یان پێش دیدو بۆچوونەکانن؟**

-کاری شاعیر نە ئەمیانەو نە ئەویان، ئەو ئەگەر پێشەنگ بێ لە دەقەکانیدا، لە نووسیندا پێشەنگە نەک لە کاریتر، پێموایە هاوسەنگییەکە زیاتر دەگونجێ لەگەڵ ژیانی شاعیر چۆن؟ شاعیر جوانیی بەرهەمدەهێنێ، جوانییەک کە پێشتر لە نێوان مرۆڤەکاندا، لە نێوان شتەکاندا لە هاوکێشەکاندا نەبینراوە. ئەو دێ ئەو جوانییە دەدۆزێتەوە. ئەو پرۆسەیە پێویستی بە بینین‌و بینینی دژوار هەیە، ئەو بینینەی کە لە قووڵایی ڕامانێکی وجودیانەوە دەردەکەوێ. ئەوکە دێ چەشنی چەخماخەیەو دەرکەوتنی زەحمەتە، بۆیە وتم دژوار، شیعر هەرگیز پرۆسەیەکی ئاسایی بەرهەمهێنان نییە، ئەوەی لەو جۆرە پرۆسانە گرنگە لایەنە غەیبانییەکەیەتی، ئەوەی نادیارەو نازانم ئەوە خودایە کە کاتی قافیە دەگیرێ یا بیرۆکەیەک لە شوێنێکدا گیردەخوات ئەو دێ‌و فریای شاعیر دەکەوێ‌و ڕزگاری دەکات، یا هێزێکی زەبەلاحی مت بووی ناخە... پرسیارەکەش ئەوەیە ئەو هێزە ئەگەر هێندە زەبەلاحە، هێندە خارقە چۆن مت بووە، چۆن کپ دەبێ؟ واتە شاعیر بۆ سەلماندنی ئەو هەموو شتانە پێویستی بە لایەنەکەی تری هاوکێشەی داهێنان هەیە، ئەویش خوێنەرە «تاک و کۆ». ئەگەر پێشەنگ بێ ئەرکی تری دەکەوێتە ئەستۆ، وەکو بەردەوامبوون لەو پێشەنگییەو بەرپرسیاریەتیشی دەکەوێتە سەرشان، بەڵام شاعیر بەو چەشنە بەرپرسیار نییە، ئەو دەکرێ بەزمانی هێما، خوێنەر بەرەو کێڵگە زیندووەکان ڕابکێشێ نەک بەشێوەی ڕێکخستن‌و تێگەیاندن، کە ڕەنگە فەلسەفەو فیکر ئەو کارە بکەن.

ئەوەیان دیوێکی بابەتەکەیە، لایەکەی تریان ئەوەیە شاعیر وەکو وشیارێکی ئەمرۆیی پێش دەوروبەرەکەی دەکەوێ، ئەو هەڵگری پەیامی [illegible] جۆرە ناهاوسەنگییەک دەبێ لەگەڵ کۆمەڵدا، لێرەدا کاری ڕەخنەو شیکردنەوە دێتە ئاراوە، هەمیشە لەناو میللەتاندا وابووە، زۆر جاران شاعیر یا ئەدیبێک ئەو هۆشیارییە کۆمەڵایەتییەی بۆتە مایەی دروستکردنی نامۆیی، ماوەیەکی ویستووە ئەو شلەژانەی نێوان ڕەویوەتەوەو لێک حاڵی بوون جێگەی گرتوتەوە.

***سێکس لە کوردەواریدا لەڕێشاڵە بنەڕەتییەکانی بەرهەمی زارەکییە، ئەوە چ باکگراوندێکی مێژوویی هەیە؟**

-مرۆڤی سەرەتایی پەیوەندییەکانی لە ڕێی هەستەوەیە، لە کولتووری کوردیدا ئەو هەستە تا ئەمڕۆش درێژبۆتەوە، ئەگەر بتەوێ تەعبیر لە حاڵەتی دەروونی بکەی دەیبەستیتەوە بە دیاردەیەکی ناو سروشت یا شتێک کە هەستی پێ بکرێ، واتە فیکری موجەرەد کزە لە کولتووری ئێمەدا. لای یۆنان‌و ڕۆمانەکان ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە بە شێوەیەکیتر بووە، بۆیە ئەوان فیکریان بەرهەمهێناوە. لای میسرییەکانیش فیکر زاڵە، بۆیە دەبینین زۆربەی بەرهەمی فیکریان گەڕان‌و پشکنینی جیهانی نادیاری ئەوسەر بووە، دنیای پاش مردن. ئەو جۆرە بیرکردنەوە ڕۆژی حیسابی هێناوەتە کایەوە، کە لە کولتووری کوردیدا ئەوەی بۆمان ماوەتەوە شتێکی ئەوتۆی لەم بارەیەوە تێدا نییە، هەرچەند حیکایەتی میللیمان زۆر جار سنووری ئەم ژیانەی تێپەڕاندووەو پەڕیوەتەوە ئەو دنیا. یا دنیای پەری‌و لەمە چێترو ئەجندان‌و چی‌و چی... بەڵام زیاتر زمانی هەست بووەو نەبۆتە فیکر، سێکس لە گۆرانی‌و جوێن‌و ڕستەی کوردیدا ئامادەیی هەیە، لە هەندێک ناوچەدا باسکردنی ئەندامەکانی نێرومێ ئاساییەو هیچ جۆرە گرێیەک ناخاتە ناو قسەوە، ئەو جۆرە ناوهێنانە لە کۆمەڵگەی لادێ‌و عەشایەردا ئاسانترە لە هی شارەکان، ئەوە مانای ئەوەیە لە ناو کوردەواریدا ئاسایی بووە، بەڵام شارەکان، چونکە لەسەر بناغەی خۆڕسک دروست نەبووە، بەڵکو کاریگەری ئایین‌و نەتەوەی ترو گەشەسەندنی میللەتانی تری بەسەرەوە بووە، بۆیە دەبینین ئەو

جۆرە باسکردنە چیرۆکییەکانی کراوە. شارەکانی ئێمە لەسەر بنەمای ئاسایی‌و ڕەسەنایەتی دروست نەبوون، بەڵکو تێکەڵن‌و هەیمەنەی داگیرکەرانیان بەسەرەوە بووە، بۆیە کولتوورێکی تایبەتیان نەبووە، جۆرە نامۆییەک هەیە لە شارەکانماندا کە خەسڵەتی کۆنی کۆمەڵگەی کوردییان بەتەواوی تێدا بەرجەستە نییە، جگە لەوەش تەماشا بکە لە شارەکانی ئێمەدا هەتا ئێستا بەشەرمەوە باسی هەندێک لایەنی سێکس دەکرێ لەکاتێکدا ئەو شارانە پڕن لە کێشەو گرفتی کۆمەڵایەتی، کە بنچینەیان سێکسە. تەماشای پێغەمبەرەکانیشمان زادەی پەیوەندی ئاسایی‌و لەدایکبوونی ئاساین، کەچی ئایینی مەسیحی لە سەرەتاوە کێشەیەکی ڕیسوابوونی سێکس ڕووبەڕووی بۆتەوە، ئێمە زەردەشتو مانی‌و محەمەد ڕۆڵەی ئاسایی لەدایکبووی بابو دایکی خۆیانن، کەچی مریەم سکی بەخۆڕسک یا هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە پەیامی خودایە لە جەستەی پاکیزەی مریەمدا بەرجەستە بووە.

مەم‌و زین کە دەقێکی کۆنی کوردییە بریتییە لە خۆشەویستییەکی عوزری، لە کاتێکدا ئەو جۆرە تێکەڵاوییە دەکرا ڕەهەندی تری جەستەشی تێکەڵاو ببا. شیرین‌و فەرهاد... خەج‌و سیامەند... تاد. دەگمەنن ئەو دەقانەی خۆیان لەو جۆرە دنیایە نزیک دەکەنەوە.

کەچی دەبینین لەلای سۆمەرییەکاندا یا لە تەوراتدا دەقێکی ئیرۆتیکی بەرزی وەکو سروودەکانی سلێمان هەیە. کولتووری ئیسلامی عەرەبی زۆر شتی ئێمەی بزرکردووەو زۆریشی شێواندووە.

***شێرو میتۆلۆژیا لە فانتازیای خەیاڵ لێک نزیکن، چ نهێنییەک لەو بارەوە دەبینن؟**

-سەردەمی ئەفسانەو سەردەمی تازە زۆر لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە، زەمەن لەوێ یەک پارچە بووە، ڕاستی یەک پارچە بووە، هەر پاڵەوانێک توانیویەتی لەڕێی بەدەستهێنانی بەشێک لەڕاستی ببێتە خاوەنی هەموو ڕاستییەکە. هەرسێ زەمەن لە سێگۆشەی خواوەندو مرۆڤ‌و ئازایەتیدا کۆبوونەتەوە. ئێستا خواوەند هێندە دوورکەوتۆتەوە کە خەریکە لە یادەوەریدا بسڕێتەوە ئەویش پارچە بووەو هەریەکەو وێنەیەکی لە خەیاڵزادی خۆی هەڵگرتووە، مرۆڤ هێندە بچووک بۆتەوە کە شکست پێهێنانی ئاسان بووە، پارچە ئاسنێک کە کێشی چەند گرامێکەو لە قوڕقوشم دروست دەکرێ‌و سەری کەمێک تیژەو ناوی گوللەیە دەتوانێ لە چرکەیەکدا مەزنترین مرۆڤ لە جووڵە بخات، جاران جەنگەکان بەو چەشنە نەبوون‌و مرۆڤیش وا بەئاسانی لە جووڵە نەدەکەوت، ئازایەتیش! کە ئەو دوانەی سەرەوە نەمان ئازایەتی لە کوێ دەمێنێ. زەمەن پارچە پارچە بووەو مرۆڤی هاوچەرخ لەتێکی بچووکی هەستپێدەکات، هەروەها ڕاستی‌و هەقیقەتیش...

ئەگەر بە پێوانەی شتراوس ئەفسانە بپێوین، کە وەکو بونیاد تەماشای بکەین کە بەردەوامەو پەیوەندی بەهەرسێ زەمەنەوە هەیە، ئەوە تەنیا ئەو کاتەیە کە ئەفسانە دەبێتە بوونەوەرێکی زمان. هەموو ئەو بیروباوەڕانەی دەربارەی سەرەتایی بوون‌و دروستبوونی دامودەزگای کۆمەڵ و مێژووی میللەتان کە لەسەر بنەمای میتافیزیکی دروست بوون بناغەی ئەفسانەن، دنیای هاوچەرخ کە دەخرێتە ناو بونیادی ئەفسانەوە بۆ ئەوەیە کە نەهێڵین بەرەو پووچیی غلۆربێتەوە، ئەوانەی ئەو ڕەهەندە دەدەنە ئەم سەردەمە داهێنەرە مەزنە پەیامبەرەکانن، ئەو وەسفە دەدرێتە پاڵ جیمس جۆیس کاتێک دەیەوێ سەردەمێکی ڕۆیشتوو بهێنێتەوە ناو چرکەکانی ژیانی بلۆم‌و دنیا چڕ دەکاتەوە لە دبلن‌و ئەو هەموو ئاڵۆزییەی دەروونی مرۆڤێکی گەردوونی کۆدەکاتەوە لە کەسێک.. ئەوە لە ڕێی زمانەوە ئەنجامدەدات، لەڕێی دەقێکی ئەدەبییەوە، ئەگینا وەکیتر ئەو دوو زەمەنە زۆر لە یەکتر دوورکەوتوونەتەوە. لەئەدەبی کوردیدا خانی ویستوویەتی لە مەم‌و زیندا شتێکی لەو شێوەیە بکات، بەڵام بە دیمەنی سادەترو بەشێوازێکیتر، واتا زەمەنی ئێستای دەرخستووە لەڕێی دیمەنێکی کۆنترەوە، لەڕێی گێڕانەوە کێشەکانی سەردەمی خۆی بەرجەستە کردووە، بۆیە دەقی مەم‌و زین

ئەو هەموو نهێنییانەیشی هەڵگرتووە.

**زانایەک دەڵێ: ئەفسانە نەزمو فراوانترین بەشی زانینە لە میتۆلۆژیای کوردی، ئەو مەعریفەیە لە چ ئاستێکدایە؟***

-لە وەڵامەکانی پێشوودا شتێکی ئەو لایەنەم ڕوونکردۆتەوە، من خۆم گومان دەکەم لەوەی تا ئێستا چاپکراوەو کۆکراوەتەوە لە میتۆلۆژیای کوردی. ئەو هەستە نەتەوەییە لای ئێمە تازەیەو پێشتر هۆزو تیرەی جیاواز هەبوونو هەریەکەیان جۆرەها گەنجینەی لەم بارەیەوە هەبووە. ئەوەی پێمانگەیشتووە بەشی هەرە کەمی ساڵانی ڕۆژگاری درەنگە. کوا هی سەردەمی شارستانیەتی کاردۆخییەکان؟ کوا هی شێوەزازە جیاوازەکان هەر لە کرمانجەوە بگرە تا کەلهوور؟ هی سەردەمی پێش زایین؟ ئەوانەی پاشای ئاشوورو گەزەنفون دواتر باسیان دەکات؟ لە ئانابازدا باسی ئەو خەڵکە شاخاوییە دەکات، کە کوپەکانیان لە گوندەکاندا پڕبوون لە شەراب.. کەچی دواتر دەبینن شەراب لە ناو ئەو خەڵکەدا ماوەیەکی دوورودرێژ تا ئەمڕۆ نامێنێ.. ئەمە چۆن؟ ئەگەر شەراب بزربێ چۆن ئەو هەموو دەقەی کە هەبووە «هەرچەندە ئەگەر گومانیش بێ» چۆن بزربوون؟ ئەگەر ئەو نەوەیە شارو قەڵای زۆر تۆکمەیان هەبووە... چییان لێهات؟ زۆر ڕووداوی وەکو هاتنی جوولەکەو ئاشووریو هی تریش هەن لە حوکمڕانی ئەم ناوچەیە گەواهی جۆرە شارستانیەتێک دەدەن، کەچی هیچی لێ نەماوە.. چۆن؟ فیرعەونییەکان ئەو هەموو ساڵە، کەچی گەنمەکانیان، لاشەی مردووەکانیان.. کورسی حوکمو زێڕو زیویان ماوە...هی ئێمە کوان؟ باوەڕیش ناکەم هیچمان نەبووبێ. ئەگەر کەشتییەکەی نوح لە جودی گیرسابێتەوە باوەڕناکەم لەو ناوچەیەدا شارستانی دروست نەبووبێ. گوتییەکان نەوەی ئەوانەن کە لە جودێ دابەزیون؟ لە خۆرانییە کە تەورات باسی کوردی کردووە. لە خۆرانییە کە فیردەوسی لە شانامەیدا باسیان دەکات. کەچی دەبینین لە هەزارویەک شەوەدا تەنیا یەک دوو حیکایەت باسی کورد دەکات ئەویش یا ڕێگرە یا

نەشتەرگەری تر. هەندێک دەقی ئەهلی هەقو یارسان هەن کە باس لە ئاماژەی ئایینی دەکەن، لەوانە دۆناودۆن، «سەرەنجام» یەکێکە لەو کتێبانەی کە لە شێوەی سروودی ئایینیدا لە سنگی خەڵکی ناوچەکەدا پارێزراون... هەروەها تەشقە میترایییەکان کە ئێزیدییەکان بەشێکیان پاراستووە. لەلای ئەهلی هەقو کاکەییەکان هەندێک ئەفسانە هەن بەتایبەتی ئەفسانەی سکوت «بێدەنگی» کە هێمان بۆ لێکدانەوەی دروستبوونو لەلای ئێزدییەکانیش دروستبووونی لالش هەس کە ئەویش جۆرێکە لە ئەفسانەی دروستبوون. جوانترین دیاردە لای ئێزدییەکان ئەو پەیوەندییەیە کە لەگەڵ شەیتاندا یا مەلەکە تاوس هەیە، ئەوە جیاوازییەکی گرنگەو پێویستە لەسەری بوەستینو لێکدانەوەی بۆ بکرێ. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە تایبەتمەندییەک دێنێتە ئاراوە کە پێشتر نەبووەو دواتریش لە ناوچەکە نابینرێ، ئەو دیاردەی دۆناودۆنە کە نزیکە لە باوەڕی هیندییەکان لایەنی ئەو پەیوەندییانەمان بۆ دەردەخات کە کورد لەگەڵ ئەو میللەتانەی ناوچەکەدا هەیبووە، هەروەها دروستکردنی پەیکەری بەرد لە شێوەی کێڵ لەسەر گۆڕەکان، هەروەکو لە گۆڕستانی ئەدیابین دەبینرێ بەهۆی نزیکیانەوە لە یۆنان.

ئەوە پەیوەندی بەلایەکی کێشەکەوە هەیە، لای تر ئەوەیە کە زانراوە لە میتۆلۆژیای کوردیدا. هەندێک لەو میتۆلۆژیایە لەڕێی گێڕانەوەی حیکایەتی میللیدا ماوەتەوە. هەبوو نەبوو... باسی دنیایەک دەکات کە هەبووە، بەڵام سێ بەشی لە خەیاڵ و ناخی مرۆڤداو لە تاریکیدایەو هەوڵی دۆزینەوەی دەدرێ، لێکدانەوەی میتافیزیکی بۆی دەکرێ. هەبوو نەبوو... زەمەنی ڕابردوو بەرەو ئێستا هەڵدەکشێ، یا بەپێچەوانەوە بایەخ بەزەمەنێکی شاقووڵی دەدرێ، دنیای ئاژەڵان یا لێکدانەوەی دیاردەو کێشەکانی بوون لە ڕێی ئاژەڵانەوە لێرەدا گورگو ڕێوی ئامادەییەکی زۆریان هەیە. هەمووشیان یەک ڕەهەندیان هەیە.. هەروەها مرۆڤەکانیش بۆ نموونە ژن یا سۆزدارو نازەنینە یا فێڵبازو جادووکەر... پیاو یا حەکیمو زانایە یا کەم ئەزموونو هەڵخەڵەتاو.

[illegible] لە یەکێکدا بەرجەستەبێ. واتا عەقڵی کۆنی کورد یەک ڕەهەندیی بووە، با بێمەوە سەر بەشەکەی تری پرسیارەکەتان، ئەوەی پەیوەندی بەدنیای شیعرەوە هەیە، دەبینین ئەو یەک ڕەهەندییە هەر زاڵە. شیعری کوردی هەوڵی گەڕانەوەی بۆ زەمەنی ئەفسانەکان کەمتر پێوە دیارە. من ئەو نزیکییە نابینم، بە پێچەوانەوە شیعری کوردی نزیکترە لە گۆرانیو حەیران نەک حیکایەتو ئەفسانە، ئەوەش پەیوەندی بە سروشتی شیعرەوە هەیە، حیکایەتو ئەفسانە نزیکترن لە زمانی پەخشانو چیرۆک، من ئەوە بەجۆرە کەلێنێک دەبینم لە شیعری کوردیدا کە نەیتوانیوە ئەفسانە دروستبکات، چونکە لەوانیشدا گێڕانەوە هەیە، بەڵام زەمەن لە ئەفسانەو شیعردا چڕبۆتەوە لە ساتێک کە دەکرێ ببێتە زادەو دایکی هەموو زەمەنەکان ئەمەیان دروستە.

***کاری ئەفسانە بەنازەمەنکردنی زەمەنەکانە، ئەی شیعر چ زەمەنێک دەخولقێنێ؟**

–وەکو لە وەڵامی پرسیاری پێشوودا ئاماژەم بۆ کرد، زەمەنی شیعر زەمەنی کاکڵەیە، پوختەی زەمەنەکانە، ئەوکاتە مرۆڤ ڕووبەڕووی تەنیایی خۆی دەبێتەوە، ئیتر هیچ شتێک نامێنێ نە ڕابردوو نە ئێستا نەداهاتوو، تەنیا زەمەنێک کە دەمێنێ دەتوانم ناوی بنێم سەرووی زەمەن، ئەو حاڵەتەم وادێتە بەرچاو، وەکی ئەوەی کە تەماشای شتێکی دوور دەکەی دەبێتە خاڵێک، ئەو خاڵە زەمەنی شیعرە. وتم زەمەنی پوختە یا ئەوەی پاش پاڵاوتنی زەمەن بەهەرسێ ڕەهەندەکەیەوە، لە هەرسێکیان دادەچۆڕێ ئەوەیە زەمەنی شیعر.

بۆیە لەم ڕووەوە نزیکییەک هەیە لە نێوان ئەفسانەو شیعردا، بەڵام دەبینین ئەفسانە پەیوەندی بە لێکدانەوەی دیاردەکانی سروشتو کاری خواوەندەکان و دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە هەیە، کەچی شیعر پەیوەندی بەخودەوە هەیە، ئەگەر پرسیارێکی ئەفسانە پرسیاری دروستبوونی شتەکانو دەرکەوتنی دیاردەکان بن پرسیاری شیعر پرسیارێکی وجودییە.

***میتۆلۆژیای ڕەنگ چ پەیوەندییەکی بە شیعرو جوانی هەیە؟**

–ڕەنگ بەتەنیا بەشێک نییە لە هۆی جوانیو ئارایشتکردن، بەڵکو خۆیشی جوانییە، واتا جوانییە لە خۆیدا. ڕەنگ پەیوەندی بەخۆرەوە هەیە، خۆر سەرچاوەی خێرو مایەی دڵنیاییە لە گەردووندا، بۆیە ڕەنگ لەم ڕووشەوە واتا لەڕووە ڕەمزییەکەیەوە زۆر قسە هەڵدەگرێ. ڕەنگی کوردی جیاوازە لەگەڵ ڕەنگی هەر میللەتێکیتر، ئەگەرچی زۆرجاران گوێمان لەوە بووە کە لەو وڵاتانەی کە خاکو ئاووهەوای هی وڵاتی کشتوکاڵە جۆرە ڕەنگێک زیاتر دەربکەوێ، ئەوە لەناو کوردیشدا هەیە، بەڵام ڕەنگی جاجمو بەڕەو مافووری کوردی. ڕەنگی کورتانو هەموو ئەو کەرەستانەی کە بۆ سوارو ئاژەڵداری بەکاردەهێنرێن هەندێک ڕەنگی تێدایە من لە تابلۆی هونەرمەندە مۆدێرنەکاندا دیومە. بەتایبەتیش ڕەنگی تۆخو گەرم زاڵە لە ناو ئەو جۆرە کارانەدا. ئەو ڕەنگە گەرمە پەیوەندی بەسروشتی شاخاوییو بەخەیاڵی کوردەوە هەیە. کەوابوو ڕەنگ ڕەهەندێکی دەروونییو کۆمەڵایەتی هەیە لەتەک ڕەهەندە ڕەمزییەکەوە. سورێکی مەیلەو ڕەش کە دەمارێکی مۆری تێدایە یا دەمارێکی زەرد هەریەکەیان لە کەلوپەلی کوردیدا زۆر دەبینرێن، ئەگەر ئەو ڕەنگانە بمانبەنەوە بۆ سەردەمی ژیانی ناو ئەشکەوتو خانووی نیمچە تاریکی گوندی کوردی کە کەلوپەلەکانیش بەشێک بوون لەو سروشتەو درێژکراوەی ئەو بوون، لەهەمان کاتیشدا تەعبیر بوون لە ناخی ڕەنگ خواردووی مرۆڤەکانیش کە زەمەن لەوێدا کەڵەکەی سەریەک بوونو ڕووداوەکانیش ڕووناکییەکی کەمیان تێدا بەرجەستە بووە. کەچی لەپاڵ ئەم ڕەنگانەش ڕەنگی شین هەر لەکاڵی ئاسمانیو خوارتریشەوە تا دەگاتە شینی تۆخو خمی ئەو جۆرە ڕەنگەش دەبینرێ، ئەوانە جۆرێک لە ڕەنگدانەوەی سروشتو ناخی مرۆڤەکان بووەو لەپاڵ ئەوانەشدا دەربڕی ویستی ئەوانیش بووە واتا ئیزافەی هەست بووە بۆ سەر بوونە مادییەکە. شیعر لە مامەڵەکردنیدا لەگەڵ ڕەنگ زیاتر

[illegible]
دەکات لە نێوان خۆشیو ناخۆشیداو کەمجار بووە ڕەش بۆ جوانی بەکارببردرێ لە شیعری کوردیدا تەنیا ڕەشێک ئەگەر جوان بێ یا ڕەشی چاو یا هی پرچ یا هی شەو بووە، گوڵی ڕەش نەبووە، کراسی ڕەش دڵگیر نەبووە. لە کاتێکدا ڕەش بەشێک بووە لە ڕەمزی دەرخستنی جوانی وەکو لە کوتانی لەشدا دیارە. ئەو ڕەنگە گرنگانەی لە شیعری کوردیدا بەکارهاتووە هی بەردی گرانبایی‌و هی میتاڵو هی پەڕی باڵندەو داری دانسقەو گەڵای گوڵو گیا بووە، هەر لە ئەبەنووسو نیلۆفەرو پەڕی تاوسو زێڕو ئاقیقو زمرودو بگرە تا مسو ئەرخەوانو چیو چی... ڕەنگی ئاگرو هەنارو ماشو برنج بەرسیلەییو نارنجی تا دەگاتە حەلواو بەفرو ئەوەی جێگەی سەرنجە ڕەنگی موجەڕەو لە شیعردا کەمبووە. بۆ نموونە ڕەنگی خەیاڵ، یا ڕەنگی بیرەوەرییەک کە بمباتەوە لای منداڵی، یا ڕەنگی جیابوونەوە... کە ئەوانە هەریەکەیان ڕەنگن لە حاڵەتی گۆڕانو دڵەڕاوکێدان.

ڕەنگ دەتوانێ پێشانگەی حاڵەتەکانی بوون بێ وەکی چۆن وشەو ئاواز دەتوانن.. ئەوەی جێگەی سەرنجە لەم ڕووەوە زیاتر ئیش لە ناو مانا کراوە نەک جوانی، بۆیە دەبینین قەقنەس کە ڕەنگی ئاگرییە ئەگەرچی مەرج نییە ڕەنگی ئاگریی بێ، ڕەنگە شەرابی بێو مەیلەو زەرد کاتی دوناو دونی ئینجا ڕەنگەکەی بگۆڕێ، یا قاوەییەکی مەیلەو کایی بێ، یا سپییەکی بەفری ئەو کاتەی دەسووتێ ڕەنگی بگۆڕێ، خەیاڵی تیژ دەتوانێ ڕەنگی تری بۆ بدۆزێتەوە، چونکە باڵندەکە خۆی ئەفسانەییە بۆیە دەکرێ ڕەنگەکانیشی ئەفسانەیی بن.

هونەرمەندێک درەختێک سوور دەکا یا مۆر یا شین ئەوە ئەو بەو ڕەنگە دەیبینێ لەکاتی دەرکەوتنیدا لە ناو دەقدا، بەڵام ئەو تەنیا لە ناو دەقدا نامێنێتەوە، دەتوانی لە واقیعدا بەو ڕەنگە ببینێ، چونکە سنووری بینین ناکرێ ببەسترێتەوە بەسنووری چاو، دڵیش دەتوانێ ببینێ.

باشە ئەوە ڕەنگی ئەم دنیایە وایە ئەدی دنیای

[illegible]
کە لێرەدا چاوی ئێمە دەیانبینێ، مادامەکی مردن گەورەترین موغامەرەی تێپەڕاندنە لە بووندا دەبێ هەموو کەرەستەو بوونەوەرەکانی تریش لەگەڵ ئەو گۆڕانەدا گۆڕانیان بەسەردا بێ.

لە ئەفسانەیەکی سۆمەریدا چەند دێڕە شیعرێک هەیە کە لەسەر زاری دۆمۆزی «تەموز» کە باسی ژیانی مردن دەکات:

لەوێ خواردنێک دەخوا «مەبەستی مێردەکەیەتی» خواردن نییە شەرابێک دەخواتەوە شەراب نییە.

***قەڵای جوڵندێو ئەمیتا-هەست دەکەم جۆرێك لە مامەڵەی تازە دەکەی لەگەڵ ڕابردوو، ئەو تازەکارییە چییە؟**

-قەڵای جوڵندێ، ئامیتاو مامەڵەکردنی تازە لەگەڵ ڕەمزو ئەفسانەییەکان.. ئەو جۆرە هەڵبژاردنە پەیوەندی بەزۆر ڕووەوە هەیە. یەکیان ئەو قەناعەتە ئەدەبییەیە کە من دەمێکە هەوڵم داوە پیادەی بکەم لە نووسیندا، ئەویش دۆزینەوەی ماسک یا دەمامکێک کە ئێلیۆت ناوی نا « هاوکێشەی بابەتی» بۆ دەربڕینی حاڵەتەکانی ناخ. لایەکەیتر پەیوەندی بەو شوێنە گرنگانە هەیە کە جێگەی سەرسوڕمانو لەسەر وەستانی لە ئەفسانەی کوردیدا هی ڕۆژهەلات. ئەوەی لە جوڵندێ سەرنجی منی زۆر ڕاکێشا حزوری شەیتان بوو لە ئەفسانەکەدا. پاشان پرۆسەی دروستکردنو بینای هەیکەلی ئەفسانەکە، کە من پێموایە زۆر هونەرییە، دوو قەڵاو لەرێی ژەهرو تووتنو جگەرەوە پیلانێک دەگێڕدرێ. ئەوجا دیمەنی قەڵاکە خۆیشی کە من زۆر جاران بەمرۆڤی کوردم دەهاتە بەرچاو وەکی ئەو بەرزوبڵندو تەنیا، لەوێ لەو شوێنە عاسێیانەدا هەموو ئەو شتانە دەشێ ڕووبدەن کە لە شارێکدا ڕوودەدەن.

بەگرێی ئۆدیبو هەموو شکستە دەروونییەکانی تریشەوە، چونکە ئەوانەی لەوێشدا دەژین ئینسانن، ئینسانیش چ لە دوورگەیەکدا بژی یا لە گەورەترین شاری دنیا هەندێک شتی تایبەتی خۆی هەیە ناتوانێ لە یادیان بکات.

ئەو ساڵەی ئەو قەسیدەیەم نووسی، کورد

[illegible]
بوو، بەپیلانو شەڕێکی ناوخۆ هەبوو لە ئارادا لەو شاخانە ڕوویان دەدا.

شەڕ تەواو نەبووە..

ئەو ئاوە وەرزێکی سەرمەستە

وەرزێکە یاخیبووەکان دەیپارێزن

شەپۆلەکان کاتیان نییە شوێنیان بلند.. تا دەگاتە:

دوکەڵ لەسەری جولندێ دەڵێی زەنگە

دەڵێی مەرگە دەگاتە من..

تا: «من سۆردیلۆم سۆردیللۆ..» ئەو ڕەمزی ئەو شاعیرە نیشتمانپەروەرەیە کە لەگەڵ دانتیدا بوو لە بەشێکی گەشتی پاکژگەدا..

«وەرزێکە دەڵێی ئەستێرکە پڕ بووە

ژەهرخاو

ئەو گەمیانەش شکاون..

ئەوانەی سەوڵیان دەجووڵێ... دژوارو بێ چارەن

مردنیان بێ سوودە، ژیانیان...

بەو حاڵە جوولندێ دەژی...»

هەست دەکەی ئەوە عەبەسەو کەچی گیانی بەرگریش بەو عەبەسە درێژەی هەیە.

ئەو سەردەمە وابوو، دەبوو لە پەنا ڕەمزی لەو چەشنەوە تەعبیر لە هەستەکانمان بکەین. ئەو قەسیدەیە خوێندنەوەیەکی نوێی ئەفسانەیەکی کوردییەو کراوەتە بەر واقیعێکی تاڵی ئەو سەردەمەو تێکەڵی یەکتری بوون. لە ئەفسانەکەدا بەمردن ژیان دەبڕێتەوە، کەچی لە شیعری ژەهرو قەڵادا جولندێ بەردەوامەو درێژبۆتەوە بۆ هەتا هەتایە.

ئامیتا یا «میدیا» کە لای هەندێک هەمان «سەمیرامیس»ەو ژنی نەبوخزنەسر بوو، ئیلهامبەخشی باخچە هەڵواسراوەکانی بابل بوو، وەکو لە پێشەکی قەسیدەکەدا نووسیومە کە مێژوو جەستەی ژنم تێکەڵی یەکتر کردووە، جەستەی ئامیتا جگە لەوەی وەکی لەشی ژنێک بەهاو جوانی خۆی

[illegible]
واتای جۆراوجۆرمان پێ ببەخشێ، ڕووت بینەوە لە بەرانبەریدا وەکو ئەوەی بمانەوێ لەگەڵیدا جووت بین، خۆمان بەتاڵ بکەین لە ناو مێژوویەکدا کەئێمە تێیدا مێینە بووین.. بەهەردوو باردا چ وەکو جەستە چ وەکو مێژوو بووینەتە ئیلهامبەخشی کەسانیتر، ئەوان پاڵەوانی خۆیان لەسەر بنیاتناوە.

نەبوخزنەسر پاڵەوانی دروستکەری باخچە هەڵواسراوەکان بووە، کەچی من ئەو نهێنییەم لە ئەو دزیوەو داومەتە ئامیتا. دەڵێن: پاشایەک داوای لە شاعیر کردووە وەسفی کۆشکو تەلارەکەی بکات ئەویش بەشێوەیەک وەسفی کردووە کە هەموو وردەکارییەکی تێدا بەزیادەوە دەرخستووە کە بۆ پاشای خوێندووەتەوە، وتوویەتی ملی پەل دەن..

چونکە ئەو کۆشکەکەی لەمن دزیوە، ئەگەرچی کۆشکەکەو شیعرەکە پێکەوە نەمان بەپاشاو شاعیرەوە، چونکە شاعیرەکەش خولامێک بووە لەو خولامانەی ئەم زەمانەش هەن بۆ پێداهەڵدان، نهێنی ئەو جۆرە گەڕانەوە بۆ ڕەمزە ئەفسانەییەکان بریتییە لە دڵەڕاوکێو نائارامی خۆم لە بەرانبەر ئەوەی هەیەو ئەوەی ڕوودەدات، دڵنیام هیچیان یەک ڕوویان نییەو تەژینە بە ماناو مەغزای جودا، تەعبیرکردن زەحمەتە لەو سەردەمەدا کە ئاو بەتەنیا ئاو نییەو هەواش هەر هەواو هەناسە نییە، هەوا ژەهریشە، ئاو ژەهریشە، دۆستو دوژمن لەناو هەزاران پێستو لە پشت دەیان ماسکدا لێمان بزرن. دەگەڕێم لەناو ئەو پێستو بەو دەمامکانە نیشانیان بدەم کە زۆرتر ئینسانین، ئەگەر دەقێک ئینسانی نەبێ لەوپەڕی ناسکیدا من قایلی نیم. سەردەمەکەش وایە ڕاستی بۆتە هەزاران هەزار لەتی بچووکو هەر لەتەو لە شوێنێکو لە بەشێک، دەبێ بگەڕێین ئەوەیان بدۆزینەوە کە لەگەڵ ئێستادا گونجاوترە، بەمەرجێک زمانێکی هاوشێوەی ئەو سەردەمەو ئەو تازەییە بینووسێتەوە.



# دنیا باخێکی کولتوورییە هەزارو یەک گوڵی تێدایە

## گفتوگۆیەکی هەمەلایەنە لەگەڵ (یەشار کەمال)دا

و: کاروان محەمەد

یەشار کەمال، لەساڵی (١٩٢٣)دا لەدایکبووە، یەکەمین شیعری لە ساڵی (١٩٣٩)دا چاپکرا، لە ساڵی (١٩٤٣) یەکەمین کۆمەڵە شیعری بەناوی (لاواندنەوەکان) چاپکرا. یەکەمین چیرۆکی بەناوی (چیرۆکی چەپەڵ) لە ساڵی (١٩٤٧)دا نووسی، ناوبراو لە ساڵی (١٩٥١)دا چووە ئەستەنبوڵ و لە رۆژنامەی (جمهوریەت) کارێکی پەیدا کردو بووە ریپۆرتوانی ئەم رۆژنامەیە.

ئەو تائێستا سێ خەڵاتی ریپۆرتاژ، رۆمان و نمایشنامەی بەدەستهێناوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٧٣)دا کاندیدی خەڵاتی ئەدەبی نۆبڵ بوو.

هەندێ لە بەرهەمەکانی یەشار کەمال بریتین لە: (٥٠ رۆژ لە جەنگەڵە ئاگراوییەکاندا-١٩٥٥)، (چقوراوا لەساتی سوتاندا-١٩٥٥)، (لانەی پەریان- ١٩٥٧)، رۆمانەکانی (حەمەدۆک)، (زەوی ئاسن و ئاسمان مس)، (ئاغایانی ئەقچەساز)، (ئەگەر دایک بکوژن)، (ئەفسانەی ئەنادۆڵ) و (ئەفسانەی چیای ئاگری) و چەندین بەرهەمیتر.

[illegible]
نووسەری ناسراوی چەپ و سۆشیال، بەلای خوێنەرانەوە ئاشنان.

ئەوەی کە لەخوارەوە دەیخوێنیتەوە، ئەو گفتوگۆیەیە کە ڕۆژنامەی تورکی (ئۆزگور پۆلۆتیکا) لەگەڵ (یەشار کەمال)دا بەبۆنەی بڵاوبوونەوەی ڕۆمانە نوێیەکەیەوە لەگەڵیدا ئەنجامیداوە..

*** *** ***

***لە کتێبە نوێیەکەتاندا لەژێرناوی (ئاوی فورات)، کۆمەڵێک مەسەلەی هەستەوەر دەخەیتەڕوو. لەکاتێکدا ئەم کتێبە، مەسەلە ڕاستەقینەکانی قۆناغێکی مێژوویی دەگێڕێتەوە، بەڵام ڕووبەڕووی بێدەنگی ماس میدیاکان دەبێتەوە، بەچەشنێک ڕەفتاری لەتەکدا دەکرێت کە گوایە کتێبێکی لەو چەشنە هەر بوونی نییە. تۆ چۆن ئەم بێدەنگییە لێکدەدەیتەوە؟**

-منیش لەم بێدەنگییە تێناگەم. لەبارەی ئەم کتێبەوە، دوو نووسین بڵاوکراوەتەوە، یەکێکیان لەنووسینی (زلفی ئەیوانعەلی)یەو ئەویتریان لەنووسینی (محەمەد فوئاد)ە، بەڵام هەمووان بێدەنگییان هەڵبژارد، بەڵام بێدەنگییەکە چی بۆ کردن؟ تائێستا (٦٥) هەزار دانە لەم کتێبە فرۆشراوە و ئێستاش فرۆشی هەر هەیە. بۆ کتێبی یەکەمم، هەموو ماس میدیاکان بێدەنگییان هەڵبژارد، بەڵام بۆ کتێبی دووەمم کەس بێدەنگ نەبوو. هەربۆیەشە ناتوانم بیانوویەکی بۆ بدۆزمەوە. بەهەر چەشنێک بێ، ڕەنگە هەڵەکە لەمنەوە بێت بەڵکو لە کتێبی سێیەم و چوارەممدا، پێشوازییەکی باشی لێ بکەن.

***مرۆڤەکانی ئەنادۆڵ سەربە هەر نەتەوەو بیروباوەڕێک بن، مێژوویەکی درێژخایەنیان لەپشت خۆیانەوە هەیە، ئایا ئەم مێژووە لە چوار کتێبدا جێگەیان دەبێتەوە؟**

-من لە ساڵی (١٩٧٣)وە دەستم بەم ڕۆمانەم کرد، لەساڵی (١٩٧٧)دا ناوەرۆکەکەیم لە سەرەتاوە تا کۆتایی بۆ زولفی ئەیوانعەلی لە سوید، عایدین
[illegible]
یەکێتی سۆڤییەت باس کردووە. من دابونەریتم وایە کە ئەو ڕۆمانانەی دەمەوێ بیانووسم، بۆ دۆستە خۆشەویستەکانم باس دەکەم. قۆناغی باسکردنی چیرۆکەکانیشم بەشێک بوون لە چالاکییەکانم، کتێبەکە لەبارەی شەڕ و لەناچوونی سروشتەوەیە. کاتێک کە مرۆڤەکان سروشت لەناودەبەن، بەناچارییەوە خودی خۆیشیان لەناودەبەن، لەبنەڕەتدا ڕۆمانی (چیرۆکی دورگەیەک)یش بەرەو تەواوبوون دەچێت. ئەو ڕۆمانە نزیکەی (١٥) لاپەڕەی ماوە، ناوی کتێبی سێیەمم (کەڵەشێرەکانی خوداوەند)ە، کتێبی چوارەمیشم ناوی (دەریای عوریان و دوورگەی عوریان)ە.

***کاتێک کە ڕووداوی یەزیدییەکانت لە دووتوێی کتێبی (مێروولە ئاو دەخواتەوە) جێ کردەوە، وادێتەبەرچاو کە لە ئەدەبیاتی تورکدا، بۆیەکەمینجار ئەو چەشنە بابەتە دەخرێتەڕوو. ئایا دەتوانرێ بوترێ کە کۆمەڵێک هەستی تایبەتیت بۆ ئەوان تەرخان کردووە؟ لە کتێبەکەتاندا وابەستەییەکی سەرسوڕهێنەر لەنێوان ڕۆمانی (دوورگە) لەگەڵ (جیزرە) و بەرلەوەش لەگەڵ ئەو خەڵکەدا هەیە کە لەم ژینگە جیۆگرافییەدا ژیان دەبەنەسەر، لەڕیزیاندا کۆمەڵێک کەسایەتی وەک (دەنگبێژ وسو). هەرچەندە دەستەواژەکان لەگەڵ یەکتردا جیاوازییان هەیە، بەڵام تۆ هەوڵ دەدەیت زمانێکی هاوبەشی کوێرەوەریی و ڕەنجیان بدەیتێ، ئایا وایە؟**

-یەزیدییەکان (ئاوی فورات)یان تێپەڕاند، لە کتێبی چوارەمیشمدا زۆرینەی ڕووداوەکان لەگەڵ یەزیدییەکاندا دەبێت. لە کتێبی (مێروولە ئاو دەخواتەوە) زۆرینەیان کوردەکانن، لەو کتێبەدا (فەقێ تەیران)ی مەزنترین شاعیری کوردم نووسیوەتەوە، ئەو شیعرانەی ئەو لەبارەی باڵندەکانەوە وتویەتی، زۆر گرنگن. (فەقێ تەیران) یەکێکە لە کەسێتییەکانی ئەم ڕۆمانە و کەسێتییەکەیتریش (دەنگبێژ وسو)یە.

بەلای منەوە باخێکی کولتوورییە کە هەزاران یەک گوڵی تێدایە، ئەگەر گوڵێک لەم باخە بچنرێت، دنیا ڕەنگ و بۆنێکی بەنرخ دەبەخشێت، کاتێک کە کولتوورێک کەمدەبێتەوە، مرۆڤەکان شتگەلێکی زۆر لەبارەی مرۆبوونەکەیانەوە لەدەست دەدەن.

کولتوورەکان یەکتر بەهێز دەکەن، لە پرۆسەیەکی لەو چەشنەدا دونیا دەبێتە گوڵستانێکی کولتووریی، بەلام لەم نێوانەدا کولتووری خەڵکی وڵاتانی هەژارو تازە گەشەکردوو، لەژێر دەسەڵاتی وڵاتە ئیمپریالیستییەکاندایە، ئەو وڵاتانەش لەکاتێکدا کە کولتووری خەڵکانیتر لەناو دەبەن، ئاگاداری ئەوە نین کە کولتوورەکەی خۆشیان هەر لەناو دەچێت.

لە تورکیا، بەهۆی ئەو قەدەغەکاریانەی بەسەر کولتوورو زمانەکاندا سەپاندوویانە، شتگەلێکی زۆر لەدەستچوون، ئایا دەکرێ زمان و کولتووری (فەقێ تەیران)ی شاعیری باڵندان قەدەغە بکرێ؟ ئایا کەسێک پەیدا دەبێ کە ئەو باروودۆخەی کولتووری خەڵکی ئەنادۆڵی تێدایە، نەیبەستێتەوە بەم قەدەغەکاریانەوە؟ لەکاتێکدا ئەنادۆڵ خاوەنی کۆمەڵێک کولتووری جۆراوجۆری سەرجەم گۆشەو کەنارەکانی گۆی زەوییە. لەم ڕۆمانەی مندا، کۆمەڵێک مرۆڤی سەرجەم کولتوورەکان ڕۆڵیان تیایدا هەیە، هەنوکە بەشێک لەم کولتوورانەش تائێستا هەر هەن.

ئەو چەشنە هەوڵدانە لەلایەن نووسەرێکی ئەنادۆڵییەوە، کارێکی هێندە سەخت نییە، من لە بنچینەدا ڕۆمانەکانی خۆم لە ماوەیەکی دوورو درێژدا دەنووسم، مەگەر ڕۆمانی (حەمەدۆک) پتر لە سی ساڵ درێژەی نەکێشا؟!.

***** لە چەند بەشێکی ئەو کتێبەدا، ئاماژەت بۆ ئەرمەنییەکان کردووە. لەکاتێکدا کە ئەوان پەنایان بۆ کێوەکان برد، پەیوەندییەکی دۆستانە و هاوپەیمانانەی مرۆیی لەنێوان ئەوان و عەشیرەتەکانی کورد دروست دەبێت. ئەو کولتوورانەی هەزاران ساڵە لە ئەنادۆڵدا هەن، چۆن دەکرێ ئەنالیزەیان بکەین؟**

–ئەوەی لەو هەزارە کورد و ئەرمەنییانە لە ئەنادۆڵدا نەماونەتەوە، ئەگەر کەسانێک نەبوونایە کە پەیوەندی میللەتە جۆراوجۆرەکان تێکدەدەن، ئەوا دنیا دەبووە بەهەشتێکی پڕ لەئاشتەوایی. کوردەکان لە شەڕی جیهانی یەکەمدا، لەهەمووان زیاتر پشتیوانییان لە ئەرمەنییەکان کرد، نووسینەکەی منیش ئەم ڕاستییە دەردەخات، میللەتە جۆراوجۆرەکان سوود لەهەموو چانسێک وەردەگرن تا هاریکاریی یەکتر بکەن. پاشانیش ئەگەر چانسێک پەیدا بکەن بەدڵنیاییەوە یارمەتی یەکتر دەدەن.

*****لەنێو ئەو شوێنانەی کە وێرانەی کڵێساکانی تێدایە، کاتێک کە لە شەڕی (چاناک قەڵا) دا تورکەکان و کوردەکان بەرکرییان دەکرد، لەتەک ئەوانیشدا ڕۆمی و ئەرمەنی و جولەکە و عەرەبەکانیش دەستیان بەبەرکریی کرد، بەڵام ناویان ناهێنرێت. بەتێڕوانینی تۆ بۆچی ناویان ناهێنرێت؟**

–من ئەو کڵێسایانەم بینیوە کە ڕەمزییەکان وێرانیان کرد و تالانیشیان کردبوون، لە زۆرینەی ئەو دێهاتانەی کە ڕۆمییەکان تیایدا دەژیان، لە یۆنانەوە هاتبوون و (٢٠) هەزار پارچە زەوییان هەبوو، لەنێویاندا کەسانێکیش هەبوون کە لەبرساندا گیانیان دەدا و هیچیان نەبوو، من کاتێک کە چوومە (گولی بیبولو)، مۆنۆمێنتی یادەوەریی ئەو گیانبەختکردووانەم بینی کە لەنێویاندا کوردێکیشی تێدابوو بەناوی (حوسێن). نازانم ئەرمەنی و ڕۆمییەکان مۆنۆمێنتیان هەیە یاخود نا، بەڵام کوردەکانم بەچاوی خۆم بینی. من لەبارەی ئەو کەسانەی کە گیانیان بەزیندوێتی لە شەڕ دەرباز کردبوو، بابەتگەلێکی زۆرم نووسیوە. لەو ڕۆژگارانەدا ئەم هاوڵاتیانە شانبەشانی شەڕەکە شەڕیان دەکرد، ئەمانەش تەنها من لە ڕۆمانەکانمدا باسم نەکردوون، بەڵکو مێژوونووسانیش دەینووسنەوە، ناتوانرێ ڕاستییەکان پەردەپۆش بکرێت، هەرچەندە بیانەوێ ڕاستییەکان وەلابنێن یاخود بەلێزانانە چاوەکانیان دابخەن، سەرەنجام

[illegible]
زیاتر مێژووەکە بەلاڕێدا ببەن، پاشان ڕاستییەکە ڕوون دەبێتەوە. بەمشێوەیە، خستنەڕووی ڕاستی بەقازانجی میللەتە. وێڕای ئەمەش هەر میللەتێک بیەوێ بمێنێتەوە لەم شەڕانەدا، بەرگریی لەخۆی دەکات. وێڕای ئەمەش نابێ پەردەی بەسەردا بدرێت.

*** پۆیراز، یەکێکە لە کەسێتییەکانی ڕۆمانەکەی تۆ و مرۆیەکی ئەنادۆڵییە، ئەم شوێنە جیۆگرافییە لەگەڵ سروشتە ڕازاوەکەیدا، تایبەتمەندییەک لە چەشنی پێکەوەبوونیشی تێدایە. تورکیا ئەنانەت خۆی لە داوای لێبوردن کردن و هەستی هاودەردیش لەگەڵ هاوڵاتیانی ئەم ناوچەیەدا دەدزێتەوە. چ هۆکارێک هەیە کە نایەوێ لەم مەسەلەیە ڕزگاری بێت؟ ئایا کتێبەکەی تۆ، هەوڵ دەدات ئەم کۆتوبەندە کولتوورییە پچڕپچڕکراو و زیانلێکەوتووە بنیات بنێتەوە؟**

-پۆیراز، مرۆڤێکی گەنجە کە باوەڕ بەشەڕ و شکستەکان ناکات، ئەو چەشنە مرۆڤانە کەم نین. ئەوان چوونەتە شەڕەکانەوەو لێی دەرباز بوون، بەڵام نائومێد نەبوون یان خۆیان وا نیشاندەدەن کە نائومێد نابن، لە گوندەکەی ئێمەدا، کەسێک بەناوی (ئیسماعیل چاوەش) هەبوو کە بەشێوەیەکی بەردەوام یادەوەرییەکانی شەڕی خۆی بەتایبەتی شەڕی (چاناک قەڵا)ی بۆ هەمووان باسدەکرد. ئەو هێندە ئەو یادەوەریانەی دووبارە کردبۆوە کە خەڵکی گوندەکە، لێی ماندوو ببوون. بەڵام من و چەند هاوڕێیەکم هەر گوێمان لە یادەوەرییەکانی ئەو دەگرت، ئەویش لەوە خۆشحاڵ بوو کە یادەوەرییەکانی بۆ منداڵان دەگێڕایەوە، ئێمە سەرتاپامان دەبووە گوێگرتن لە چیرۆکەکە، ئەویش هێندە یادەوەرییەکانی خۆی لە دڵ و سەرجەم هەستەکانییەوە دەگێڕایەوە، ئێمە دەمانووت هەتا مام ئیسماعیل باسی بکات، ئێمەش پێمانخۆشەو ماندوو نابین، سەرەنجام ئێمەش لەگەڵ ئیسماعیل چاوەشدا،

[illegible]
ئەمەبوو کە ئێمە لە جەنگەکەدا بەشدار نەبووین، بەڵام لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگارێک لەسەر قسەکانی ئیسماعیل چاوەشدا، گەیشتینە ئەم ئەنجامەی کە شەڕ چ بەڵایەکی ترسناکە.

پاشان شەڕەکانمان لەزمانی (عەلی)یەوە دەبیست کە خەڵکی کادیرکێو بوو، قسەکانی ئیسماعیل چاوەش لەناخمەوە مەزن و مەزنتر دەبوو، هەمیشە بیری منی بەوەوە سەرقاڵ کردبوو کە مرۆڤ چۆن دەست بۆ ئەم مەسەلانە ببات. لەگەڵ تێپەڕبوونی ڕۆژگاردا، شەڕەکان لەزەینی مندا بوونە دێوەزمەیەکی ترسناک. زۆرم بیرکردنەوەو زۆریشم لەو بارەیەوە خوێندەوە کە شەڕ چییە؟، بەڵام ئەم هەموو شەڕەی کە (پۆیراز موسا) بەشداریی تێدا کردبوو، بەلای ئەوەوە ترسناک نەبوو. لەکاتێکدا ئەم هەموو ڕووداوە ترسناکەی بەسەردا هاتبوو و برینداریش ببوو، ئەو کۆمەڵێک برینی قووڵی لە جەستەیدا بوو، ئەگەر بەسەختیش بووبێ ئەوا ڕێگە چارەیەی بۆ تیماری برینەکانی پەیدا کردبوو.

*** ئەنادۆڵ لەماوەی ئەم سەدەیەی دواییدا، تەنها زیانی کولتووریانەی بەخۆوە نەبینیوە، بەڵکو سروشتە بەنرخەکەشی زیانی بەرکەوتووە. ئایا درێژەکێشانی ئەم بارودۆخە، ئایندەی ئەو مرۆڤانە ناخاتە بەردەم مەترسییەکی جدییەوە کە لەم ناوچەیەدا دەژین؟**

-سروشتیش هەروەک شەڕ، لە هەلومەرجێکی ترسناکدایە، لە ساڵی (١٩٥٣)دا، کاتێک کە (٥٠ ڕۆژ دارستانەکان سوتان)، من کۆمەڵێک ڕیپۆرتاژی جۆراوجۆرم ئامادە کرد. لەکاتی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژانەدا، لەگەڵ مرۆڤگەلێکدا دەدوام. بەئەوانم دەوت ئەگەر سوتانی جەنگەڵەکان بەهەمان شێوە بەردەوام بێت، ئەوا بەتەواوەتی لەناو دەچن و هەندێکیشیان باوەڕیان بەم قسانەی من نەدەکرد. لەو سەردەمەدا کەس باوەڕی بەلەنێوچوونی جەنگەڵەکان نەبوو.

لەم سەڵامەی دوایی لە کاتێکدا کە دەچوومە (تۆرۆس) سەرێکیشم لە زۆزانەکان دەدا، خەڵکی ئەوێ بەمنیان دەوت: «تۆ دەتوت و دەتنووسی، بەڵام ئێمە باوەڕمان نەدەکرد». دوای ئەم قسانە ئاهێکی قووڵیان هەڵدەکێشا، لەدونیادا، وەچەیەکی زۆری باڵندەو گیانلەبەران لەنێوچوون، لەبەرئەوەی ئێمەی مرۆڤ سروشت لەنێودەبەین، وەچەکانیشیان لەنێودەچێت و پاشان نۆرەی لەناوچوونی مرۆڤەکان دێت. ڕەنگە وەچەی مرۆڤیش لەنێوبچێت و ئەم دونیایە بەخاڵی بمێنێتەوە، زۆرکەس نەک تەنها باوەڕیان بەم قسانە نییە، بەڵکو لەپشت سەری منەوە زەردەخەنەیان دێتێ، دەڵێن مرۆڤەکان بسوتێنن و بیاننێرنە جەهەننەم. ئەو جۆرە کەسانە لە چارەسەرکردنی بچووکترین مەسەلەدا دوورەپەرێزن، ئەگەر من نەشتوانم لەم ڕۆمانەدا شتێ فێری مرۆڤەکان بکەم، هەر دەنووسم. من لەم کارەدا بەتەنها نیم، ئومێدەوارم زیاتریش ببین. مرۆڤگەلێکی زۆر ئاگاداری ئەم مەسەلەیەن [illegible] جۆرە مرۆڤانە وردە وردە لە زیادبووندایە، ئەم ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان، چ کەسانێک دایانمەزراند؟ ئەوان لەپێناو چ ئامانجێکدا دروستیان کرد؟ دەبێ مەزنترین ئەرکی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگریی بێ لە سروشت، ئەگەر ئەم بارودۆخە درێژە بکێشێت ئەوا هەموو ڕۆژێک کە تێدەپەڕێ بەشێک لە سروشت لەناودەچێت، لەو چەشنە هەلومەرجەدا، هیچیتر هێزێک بۆ بوژاندنەوەی بەس نابێت، (٦٥) ملیۆن دانیشتووی تورکیا، لە ئایندەیەکی نزیکدا ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر دەبنەوە، پێشتر دەیانووت دەریاکانی تورکیا ساڵ بەساڵ بەئەندازەی قوبرس وشک دەبن، هەنوکە هێندەو نیوی ئەو ئەندازەیەش زیاتر وشکبووە. دوای (٢٥) ساڵ، تۆ دەرەنجامی ئەم هاوارانە دەبینیت.

**سەرچاوە:**

سایت مجله ادبیات، شماره (١)، مرداد ١٣٨٦.





# مەحاڵە ئایدیۆلۆجیستەکان ڕازی بکرێن!

## دیالۆگێک لەگەڵ هێرتا مۆلەر

و: ئەکبەر حەسەن

ڕۆژنامەی (دی تسایت)ی ئەڵمانی دوو ڕۆژ پێش ئەوەی هێرتا مۆلەر خەڵاتی نۆبڵ وەربگرێت، ئەم چاوپێکەوتنەی لەگەڵ ئەنجامداوە. ئەمەی خوارەوە دەقی تەواوی چاوپێکەوتنەکەیە.

***ڕۆمانی (هەناسەبڕکێ) سەرنجی دەخاتەسەر یادەوەرییەکانی (ئوسکار باستیۆن، خاوەنی خەڵاتی بۆشنەر) لەیەکێک لەسەربازگە سۆڤێتییەکانی تایبەت بەکاری زۆرەملێ لەنێوان ساڵانی ١٩٤٥–١٩٥٠. لەکۆتایی ڕۆمانەکەدا نووسیوتە پاش مردنی باستیۆن لەساڵی ٢٠٠٦، ناچاربووم بە نووسینی ئەم ڕۆمانە. هۆکاری ئەمە چییە؟**

–ئوسکار باستیۆن لەم کارەدا کاتێکی زۆری سەرفکرد، بەهەموو هەستو سۆزی خۆیەوە ئامادەبوو، دەبوو بەشتێکی جوان وەڵامم بدایەتەوە، بەڕاستی هەڵویستێکی سەخت بوو، چونکە لەزۆر پارچە کاغەزی بچووکدا جووڵەی دەستەکانیو ڕووخساریم دەبینی، بەجۆرێک کە نەمدەتوانی لێی دەربازبم، لەلایەکی دیکەوە لەنائاگاییمدا هەمیشە هەستم بە پێویستیی تەواوکردنی ئەم کارە دەکرد.

***چۆن گەشتنە ئەوەی هاوکاری یەکدی بکەن؟**

–ماوەیەک ئارەزووم دەکرد کتێبێک لەبارەی سەربازگە سۆڤێتییەکانی تایبەت بەکاری زۆرەملێ بنووسم،

کە ژیانێکی لەڕاستیدا بەرەچەڵەک ئەڵمانییەکانی تیادا بوو، تەنیا لەبەرئەوەی بەڕەچەڵەک ئەڵمانی بوون. تەنانەت دایکیشم لەیەکێک لەو سەربازگەیانە کاری زۆرەملێی دەکرد. پرسیارم لەژمارەیەکی زۆری خەڵک کرد، کە یادەوەری تایبەتیان لەسەر ئەو سەربازگایانە هەبوو، زۆربەیان خەڵکی ئاسایی بوون و وتەکانیان هێزێکی ئەوتۆی نەبوو، تەنیا ئەوەندەیان دەوت، کە لەبارودۆخێکی زۆر خراپدا ژیاون، بەڵام نەیاندەتوانی وردەکاری زیاتر باس بکەن، کە دەکرا بۆ تێکستێکی ئەدەبی بەسوود بێت. ئەوان هەرگیز بیریان لەوە نەکردەوە کە برسێتی یانی چی، برسێتی بەردەوام و بەم جۆرە..

***ئایا ئەم بارودۆخە لای نوسکار باستێل جیاواز بوو؟**

–ئەو کاتەی کە لەو سەربازگایانەدا بەسەری برد، بابەتی هەرە پەسەندی بوو، بەڵام بەوردەکارییەکی کەمترەوە. لەسەفەرێکماندا بۆ سویسرا ئەم باسەمان کردەوە، چونکە من باسی ئەوەمکرد کە چۆن داری سنەوبەر، بەراورد بە داری گەڵادار، سوودێکی ئەوتۆی نییە، من بەشێوەیەکی ئیستیفزازکەرانە ئەمەم وت. لەو کاتەدا ئەو باسی ئەوەی کرد، کە چۆن لەسەربازگەدا لەوایەرو لۆکە دارسنەوبەرێکی دروست کردووەو چەند گرنگ بووە بۆیەو پاشماوەکانی شارستانێتی تیادا دەبینی. گفتوگۆکە بەم شێوەیە دەستی پێکردو ئاواتی لەپێشینەی بوو، پێمانوابوو کاتی تەواومان هەیە بۆ بیرکردنەوە لەم بابەتەو دەشێت فۆرمی کتێبەکە چۆن بێت.

***قەبارەی خەیاڵکردن لەکتێبەکەدا چەندە؟**

–کتێبەکە هەموو ئەو شتانەی لەخۆنەگرت، وەک ئەوەی گوزارشتمان لێکرد. لەکتێبەکەدا زۆر شت باسکراوە، کە زۆرینەیان لەخەڵکو کەمێکیشیانم لەدایکم بیستووە. لەو سەربازگایەی کە باستیوری تیابوو، خەڵکی زۆر نەمردن، تا جەستەکانیان وەک خەڵوزی گەرمکردن بەکاربهێنرێت، بەپێچەوانەی سەربازگاکەی دایکم، کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک لەسەرمادا ڕەق بوونەوەو زیاتر لە(٤٠٠) کەس گیانیان لەدەستدا، بەڵام لەسەربازگاکەی باستیور تەنیا (٣٠)گیانیان لەدەستدا. لەگەڵ ئەوەشدا سوور بووم لەسەر خستنەڕووی ڕستەییەکانی بەو شێوەیەی کە لەسەربازگاکاندا هەیە.

***پێشتر وتووتە بەشوێن زمانێکی جواندا دەگەڕێیت بۆ کتێبەکە، ئایا بابەتی کتێبەکە پەسەندە؟**

–جوان، هەرگیز نا، وشەی جوان ئەو وشەیەیە، کە کاتێک کێشەیەک دەمانوروژێنێت، بەکاری دەهێنین. مەبەستم لەگەڕانە بەدوای زمانی گونجاودا. دەبێت زمانەکە بتوانێت چۆنێتی گوزەرانکردنی باستیور وەسفبکات، زمانێکی چڕبێت، ئەگەر نا، ئەوا هیچ پێویستم بەوە نییە سەرقاڵی نووسینی ئەدەبی بم.

***هەمیشە لەنووسین و دەستنووسەکانتدا قسە لەسەر جیاوازی لەنێوان زمان و نەوتندا دەکەیت، ئایا ئەمە دژیەکییەک دروست ناکات لەهەوڵەکانت بۆ گەڕان بەدوای زمانی نەوتندا؟**

–ئەمە تەحەدایە، ئەگەر هەموو شتێک زمانی هەبێت، ئەوا پێویستم بەنووسین نییە، بەنیسبەت منەوە، پێداویستی ناوەکی نووسین ڕێک گەڕانە بەشوێن زمانی نەوتندا، ئەم گەڕانە بزوێنەری ناوەکی نووسینە، ئەم هەستە گشتیە بەمتمانەنەکردن لەبەردەم زماندا....

***چۆن دەشێت بەزووبی لە تێکستێکی چڕ دەربچیت، بۆ نمونە (هەناسەبڕکێ)؟**

–ئۆف، (بەپێکەنینەوە) کاتێک تێکستەکە کۆتایی دێت، بەخێرایی دێمە دەرەوە. هەمیشە کە تێکستێک تەواو دەکەم، هەست بە بەختەوەری دەکەم.

***کەسانێک هەن، ڕەخنە لەزمانی تۆ دەگرن.**

–ناشێت هیچ شتێک بکرێت، ئەمە مەسەلەی ئیمانە، ئایدیۆلۆجیایە، مەحاڵە ئایدیۆلۆجیستەکان ڕازی بکرێن. بەباوەڕی من، دەبێت خودی شتەکان لەهەستەکان بپارێزرێن. لەگەڵ ئەوەشدا بەبێ هەستەکان، دڵتەنگی لەئارادا نییە، بەبێ دڵتەنگیش هیچ شتێک بەهای نییە. بۆچی نابێت مرۆڤ لەهەندێک حاڵەتی ناوازەدا سوود لەزمان یاخود میتافۆر وەربگرێت؟ پێدەچێت ئەڵمانیا ژمارەیەکی زۆر کتێبی دەربارەی سەربازگەکان هەبێت، بەڵام ئەگەر من وێنەیەکی نمایشکارانەم دەربارەی ئەو کەسانە پێشکەشکرد، ئەو کاتە مۆرکە تاکەکەسییەکانیان لادەبەم.. پێموایە ئەم کارەش

[illegible]

*[illegible] هەرگیز لەبارەی ئەڵمانیای هاوچەرخەوە نەتنووسیووە؟

–ئەمە ئەوپەڕی بێ مانایە، کاتێک کەسێکی ئەڵمانی لەبارەی ماوەی دوای جەنگ یان ساڵی ١٩٦٨ەوە دەنووسێت، بەکێشە دانانرێت، بەڵام من، کە ماوەی ٢٠ساڵە لەئەڵمانیا دەژیم، داوام لێدەکرێت لەبارەی ئەڵمانیای هاوچەرخ یاخود ئەڵمانیای یەکگرتووەوە بنووسم. کەس ڕەخنە لە (ئەلیکساندەر تیسما، جۆرج سیمبرۆم، گیورگ ئارتۆر گولد شمیدت) ناگرێت، کە لەنووسینەکانیاندا تەنیا یەک بابەت هەیەو هیچی تر.

*لەلایەکی دیکەوە ڕۆمانی جۆلانەی دەروون بە ڕۆمانێکی جیهانی دانراوە؟

–دڵنیاتان دەکەمەوە ئەم بارودۆخە پەیوەندی بە نووسینی منەوە نییە. من زۆر ڕووداو ژیاوەو دەتوانم ڕێکیان بخەم. ئەدەبی جیهانی.. ئەمە [illegible] بڵاوبووەتەوە.

*ئەم کتێبە پاڵێوراوە بۆ خەڵاتی ئەڵمانیا بۆ کتێب. ئایا چاوەڕێی خەڵات دەکەیت؟

–نەخێر، ڕاستە ئەمە ڕێزلێنانە، بەڵام ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەمنەوە نییە، من ئالوودەی وەرگرتنی خەڵات نیم. بەلای منەوە، هیچ شتێک لەو نووسینە باشتر نییە، کە یارمەتی مرۆڤ دەدات بەرگەی ژیانی ڕۆژانەی بگرێت. خەڵاتەکان کۆمەڵێک شتن لەدەرەوەی ئەدەب، لەژیانمدا چاوەڕێی خەڵاتم نەکردووە.

http://www.alittihad.press.ma/ id_&٢٩ def.asp?codelangue ٢٠٪٢٦-١٠-٢٠٠٩ date_ar&٩٨٠٤٨ info ٥:٣٤:٠٠



# پێشینەو نەخشەی مێژوویی قەڵای چهریق (چاریە)

د. نادری کەریمیان
و: کەمال نوری مەعروف

قەڵای مێژوویی (چهریق) (چاریە) لە ژیانی مێژووییدا ئەگەر بەراوردی بکەین بە قەڵا مێژووییەکانی تری ئێران پڕیەتی لە ڕووداوی مێژوویی، جا ئەو ڕووداوانە گەورەبن یان نشوستی بۆ قەڵاکە. لە مەوە دەتوانین بڵێین (چهریق) قەڵایەکی ڕووداوە بە تایبەتی لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا.

ڕووداوە سیاسییەکانی مێژووی ورمێ و سەڵماس لە ڕۆژگاری قاجارو پەهلەویدا بەشێکی زۆری پەیوەستە بەو قەڵایەوە، چونکە چالاکییەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەزگاکانی شۆڕشی دژایەتی عێڵەکان و گرنگیدان بە سیستمی قەڵا لەو ڕۆژگارەدا پێویستبووە، لە مێژووی سەردەمە لاوازەکانیشدا قەڵای چهریق لە ناو ڕووداوەکاندا شوێنی تایبەتی دیاری خۆی هەبووە.



لەم [illegible] تەنیا بڕێ کەسانی ناسراوی گوندەکانی چەریق وەردەگرین کە بە کەسانی گرنگ و دیاری عێلی شکاک دادەنرێن، بۆ ئەوەی بگەینە ئەنجامێک کە قەڵای چەریق دابنێین بە ناونیشانی ناوەندی حکومەتی عێلەکان لە ڕووی سیاسی و سەربازییەوە کە خۆیان هەڵیانبژاردووە. جگە لەوەش قەڵای چەریق لە ڕووداوە نشوستییەکانیشدا بەشی پێبڕاوە بە تایبەتی کە لە قسەکانی (موعتەمیدولوەزارە) (ڕەحمە تولڵاخان)دا دەرئەکەوێ کە خۆی چاودێری بارودۆخی سیاسی ناوچەکەی کردووە لە ساڵەکانی ١٢٩٨تا١٣٠٠ ی هەتاوی کە پەیوەستن بە قەڵای ناوبراوەوە، بۆ ئەوەش لە کۆتایی پێشینەی نەخشەی مێژوویی ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی قەمەری لە بارەی قەڵاکەوە ڕوونکردنەوەیەک دەدەم کە کاریگەری تیادا دەبینم.

**گوندەکانی چەریق:** چەریق ناوی دوو گوندی کوردنشینی دراوسێی یەکترن کە بە دوو گوندی (چەریق)ی خواروو (چەریق)ی سەروو دابەشبوون، شتە دیارەکانی ئەو دوو گوندە بەم شێوەیەن:

**چەریقی خواروو:** سەر ناوەندی شارۆچکەی سەلماسە لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا کە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی جوگرافی (٣٧-٤٤) و هێڵی پانی جوگرافی (٥-٣٨) و بەرزی لەسەر ڕووی دەریا(١٥٨٠) مەترەو ئاوو هەوای ساردو وشکە. گوندەکە دەکەوێتە دووری ٢٢ کم لە باشووری خۆرئاوای سەلماس. ڕووباری (زولا) بە باکووری گوندی (ئاباد)دا دەڕواو دەربەندی (سوسەن) لە خۆرئاوای گوندی (ئاباد)ەوە دەبڕێ، کۆمەڵگەی گوندەکەش ٣٣ خێزانەو زمانی مرۆڤی کوردی ناوچەکەش کرمانجییەو مەزەبیان سونییە و کۆمەڵگەکەش لە پەیڕەوانی ئیمامی شافیعین.

کاری دانیشتوانەکەی بە زۆری کشتوکاڵ و باخداری و ئاژەڵ بەخێوکردنە.

کشتوکاڵیشیان بە ڕێگەی ئاوی و دێمی [illegible] و ئاوی خواردنەوەشیان بە ڕێگەی گونج لە سەرچاوەی ڕووبارەکەوە هەڵگرتووە.

بەروبومی گوندەکە گەنم و جۆ و نیسک و نۆک و یۆنجە و سێو و گوڵە بەڕۆژەو کولەکەیە. ڕووەکی بۆنخۆش و گیای زمانەگاشی دەهێنرێنە بەرهەم بۆ دروستکردنی دەرمان، ناوچەکەش دەوڵەمەندە بە ئاژەڵی کێوی کە لەسەر گەلاو پوشی ناوچەکە دەژین. هەروەها تەیروتواڵەش هەن وەکو پۆڕو کەوو هتد....

**چەریقی سەروو:** ئەم گوندە دەکەوێتە سەر هێڵی درێژی جوگرافی (٣٦-٤٤) پلە و هێڵی پانی جوگرافی (٥-٣٨) پلەو بەرزییەکەشی لەڕووی دەریاوە ١٦٢٠مەترەو ئاوو هەواکەی وشک و ساردە. گوندەکە دەکەوێتە دووری ٢٣ کم لە باشووری خۆرئاوای سەلماس.

ڕووباری (زولا) لە کەناری(ئابادییەوە) دەڕواو دەربەندی (سوسەن) دەبڕێ کە دەکەوێتە خۆرهەڵاتی (ئابادی) لە دووری کیلۆمەترێک، کۆمەڵگەی گوندەکە کە پێکهاتووە لە ٨٣ خێزان، زمانەکەیان کوردی کرمانجییە و مەزەبیشیان شافیعین. مرۆڤی گوندەکە کاری کشتوکاڵ و باخداری و بەخێوکردنی ئاژەڵ و پەروەردەکردنی مێش هەنگوین و کرێکارییە. کاری کشتوکاڵی لە گوندەکەدا بە هەمان شێوەی چەریقی خواروو دەڕوات. جگە لەوەش کاری باخداری و پێگەیاندنی ڕووەکی بۆنخۆش و گیای داوو دەرمان وەکو زمانە گا دانیشتوانەکەی پێوەیان سەرقاڵن. گوندەکەش لە ڕووی ئاژەڵی کێویی و تەیر و تواڵەوە هاوشێوەی چەریقی خواروە. لە ناو گوندەکەشدا مەزاری پیاو چاکێک هەیە بە ناوی (خەلیفە کەوسەر).

(ڕەزمئارا) لە فەرهەنگی جوگرافی ئێراندا کە لە سنووری ١٣٢٠ی هەتاوی دایناوە دەربارەی چەریق دەنووسێ: گوندێکە لە گوندەکانی چەریقی بەشی سەلماسی شارۆچکەی (خۆی) دەکەوێتە دووری

[illegible] لە باشووری [illegible] سەڵماسی ڕێگەی هاتوچۆی دانیشتوانەکەی (سەڵماس) بە گالێسکە بووە. ئەوەش بەهۆی ئەوەبووە ناوچەی قەڵاکە لەو ڕۆژگارەدا ڕێگەکانی قیرتاو نەبووە. دووری ڕێگەکەش لە (سەڵماس) ەوە بۆ قەڵاکە هۆکاری گواستنەوەی دیاریکردووە، کە درێژییەکەی کاتژمێرێکە و ڕێگەکەش بە ڕێگەی چهریق ناسراوە. کاری دانیشتوانەکەی کشتوکاڵ و گۆزەو گڵێنە بووەو سودیان لە ڕووباری (زولا) دیوە ڕۆژانە بۆ کاری ئاودان و شتی تر.

### قەڵای چهریق سەنتەری حکومەتی عێلی شکاک:

قەڵای چهریق بە درێژایی مێژوو هەمووکات عێلی شکاک بەکاریان هێناوە و شوێنی ژیانیان و ناوەندی عێلەکە بووە. ئەم عێلەی شکاک لە سنووری ئازەربایجان و تورکیا ژیان بەسەر دەبەن واتە دەشتەکانی (چهریق) و (سۆمای) و (برادۆست)و (سەرنجیداغ)دا ژیاون دەژین و بەشێکی تریشیان لە ناوچەی ورمێ دانیشتوون. کەسانی ئەو عێلە لە ئازایەتی و بە توانااییدا ئەگەر بەراووردیان بکەین بە عێلەکانی تری کوردی ناوچەکە بە ناوبانگترن:.

ئەم عێلە دوو بەشن: (عەبدویی) و (کاردار) کە پێشتر سەرۆکی تایەفەکە لە (عەبدویی) هەڵبژێردراوە. کەسانی ناودار بە درێژایی تەمەنی حکومەتی قاجار لە ناو ئەم عێلەدا دەرکەوتووە. کە نەخشەی سەرەکییان لەو گۆڕانکارییە ڕامیارییە کۆمەڵایەتییانەدا هەبووە. لەوەش رازیبون کە قەڵای ناوبراو ناوەندی فەرماندە و هاوکاری بێت بۆ ئەو کەسانەی کاریگەری تایبەتییان هەبووە.

لەم باسەدا ئاماژە بە چەند کەسێک لەوانە ئەدەین بۆ ئەوەی بە ئێوەیان بناسێنین:

١. ئیسماعیل خانی یەکەم: لە تایەفەی عەبدۆیییەو سەرۆکی عەشیرەتی شکاکە. لە سەرەتای فەرمانڕەوایەتی قاجاریەکاندا ژیاوە و پیاوێکی بە توانا و خاوەنی دەسەڵات بووە.

٢. ئەمیر سادق خانی شکاک: لە سەرۆک عەشیرەتەکانی شکاکە و لە کۆندا لە لایەنگرانی قاجاریەکان بووە، بەڵام کاتێک (فەتحەلیشا) گەیشت بە دەسەلات سۆزێکی لێنەدی بۆیە دەستی دایە یاخیبوون و توانی نیوەی ئازەربایجان بخاتە ژێر دەسەڵاتییەوە، بەڵام لە ساڵی ١٢١١ی کۆچی قەمەری بە کەوتنی کۆتایی هات.

٣. عەلی خانی شکاک: عەلی خان کوڕی ئیسماعیل خانی یەکەمەو یەکێکە لە سەرۆکەکانی ئەم عێلە و ماوەیەک دەسەڵاتی بەسەر (ورمێ) و (سەڵماس) و بەشێک لە ئازەربایجاندا ڕۆیشتووەو داوای سەربەخۆیی کردووە، بەڵام دەوامی نەبووەو کۆتایی هاتووە.

٤. یەحیا خانی چهریقی: یەحیا خان کوڕی مستەفا خانی حەکارییە و لە سەرۆکەکانی کوردی شکاک بووە و لە ڕۆژگاری (عەباس میرزا) دا فەرمانڕەوایەتی ئازەربایجانی کردووە.

سەرەتا یەحیا خان خوشکی خۆی ڕەحیمە خانی مارە بڕیوە لە (میرزا محەمەد پادشای قاجار) ڕەحیمە خانم چەند لای ماوەتەوە منداڵی لێی نەبووە و بە جوانی سەری ناوەتەوە. (یەحیا خان) دووبارە خوشکی خۆی بە ناوی (خەدیجە خانم) مارە بڕیوە لە (محەمەد میرزا) کە عەباس میرزا بۆی داوا کردووە بەوەی ئافرەتێکە بۆی باشە. بەو شێوەیە دوو خوشکی (یەحیا خان) بوونە خێزانی (محەمەد پاشای قاجار).

(یەحیا خان) چ لە ڕۆژگاری عەباسی میرزای نایبولسەڵتەنەو چ لە ڕۆژگاری پادشایەتی _محەمەد شادا (نایبولسەڵتەنە) بووەو زیاتر لێیان نزیک بۆتەوە و ماوەیەک کە (محەمەد میرزا) بووەتە پادشا (یەحیا خان) دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتی ورمێ و شاپوورو سەڵماس و ئێلخانی کوردەکانی ئازەربایجانی خۆرئاوای لە ژێر دەستدا بووە و کەسێکی بە توانا

و سیاسەتمەداران و خۆی تیری جوان بووە. لە فەرمانڕەوایییەکەیدا بۆ ئاوەدانی کۆششی کردووە بۆ ئەوەی زیاتر خزمەت بکات. ئەوەبوو ئەو ئاوەی بۆ خواردنەوە لە ڕووباری (ئاجو) هەڵگیرابوو بە تەواوی بەشی گەڕەکەکانی شاری ورمێی نەدەکرد بۆیە هەستا بە ڕاکێشانی کەناڵێکی تر کە بە دراوی زۆر دروستیکردو ئەو چاکەیەی بە یادگار بۆ مایەوە. ناوی (یەحیاخان) دوای مەرگی (محەمەد پاشا) لە ساڵی ١٢٦٤ی کۆچی قەمەری لە ناو فەرمانڕەوایانی ئازەربایجانی خۆرئاوادا کوژایەوە و لە جێگەی ئەو (نەجەفقولیخانی ئەفشار قاسملو) بوو بە فەرمانڕەوای ورمێ. نەخشەی قەڵای چهریق کە لە لایەن عەبدولعەلی بەگی سەرهەنگ لە ساڵی ١٢٩٧ی کۆچی قەمەری ئامادە کراوە تیایدا باخو کوشکەکانی (یەحیاخان)یش نیشانە کراون. ئامادەکردنی نەخشەی قەڵاکە کە بۆ ساڵی ١٢٩٧ ی قەمەری دەگەڕێتەوە هاوکاتە بە ڕۆژگاری ژیانی یەحیا خانی چهریق.

٥. جەعفەر ئاغای شکاک: جەعفەر ئاغا کوڕی محەمەد ئاغای شکاکی کوڕی عەلی خانی شکاکە. یەکێکە لە سەرۆکە بە تواناکانی ئەم عەشیرەتە ماوەیەک لەگەڵ دەوڵەتی ئێراندا لە ململانێدا بوو. کاتێک (نیزامولسەڵتەنە) بووە حاکمی تەورێز ئامانی بە (جەعفەر ئاغا) و (محەمەد ئاغا) ی باوکیدا ئەوە بووە هۆی ئەوەی تاوەکو ئەندازەیەک ڕێز لە دەوڵەت بگرن. جەعفەر ئاغاش بووە بارمتە و لە (تەورێز) وەکو میوان دەژیا.

لە سەرەتای ساڵی ١٣٢٣ ی کۆچی، قەمەری (نیزامولسەڵتەنە) لە تاران لەسەر داوای (محەمەد عەلی میرزا)ی (نایبولسەڵتەنە) دەستوریدا کە جەعفەر ئاغا دەبێت بکوژرێت ئەو لە شەودا لە کاتێکدا کە میوانی (نیزامولسەڵتەنە) بوو، داوای لە پیاوەکانی کرد بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێت بیکوژن، بەو شێوەیە جەعفەر ئاغای بە نامەردانە کوشت. (کوشتنی جەعفەر ئاغا لە ڕۆژگاری موزەفەرەدین پاشایان ئەم هەواڵە بۆ لای خەڵکی بە خۆشی گەیشت، چونکە لەگەڵ ئەوەشدا ئامانی دابو، بەڵام ئەو نامەردانە پەیمانی شکاند. ئەوەش ئەنجامێکی شوومی هێنایە پێشی و باوکی دەستی دایە سەرپێچی کردن و شۆڕشی هەڵگیرساند.

(موخبیرولسەڵتەنە) لە گواستنەوەی هەواڵی ئەم داستانەدا دەنووسێ:

پاسەوانەکانی جەعفەر ئاغا کە لە ژوورێکی دراوسێی ژوورەکەی جەعفەر ئاغا بوون توانییان بە هۆی هەڵکەندنی چاڵێک لە دیواری ژوورەکە خۆیان ڕزگار بکەن و (١٧) کەسیش بکوژن لە لایەنگرانی حکومەت و لەو شەوەدا هەڵبێن.

٦-ئیسماعیل ئاغای سمکۆ: ئیسماعیل ئاغا کوڕی محەمەد ئاغای نەوەی عەلی خانی شکاکە و نازناوی سەرداری سەرکەوتووەو سەرۆک عەشیرەتێکی مەردو ئازابوو، زوو هەڵدەچوو، کوشتنی نا جوان مەردانەی جەعفەر ئاغای برای ڕێگەی یاخیبون و شۆڕشی بۆ خۆشکرد دژی حکومەتی ناوەندی لە کۆتایی ڕۆژگاری قاجاریەکاندا و سەرەتای ڕۆژگاری پەهلەوی. ناوەندی حکومەت و فەرماندەی ئیسماعیل ئاغا لە تەواوی ماوەی هەستانی بە شۆڕش لە قەڵای (چهریق) بوو. کە لە ڕۆژگاری ئەودا هەموو ئەو ڕەونەقو فراوانیو ئاوەدانییەی بەخۆوە دی، هەستانی سمکۆ بە شۆڕش لە ساڵی ١٣٢٤ی کۆچی قەمەری درێژەی کێشا تاوەکو ساڵی ١٣٤٩ی کۆچی قەمەری کە بە فێڵ و درۆ لە حکومەتی ڕەزا شادا وەکو براکەی کوژرا، ئەو ڕاپۆرتانەی دوایی لەسەر مێژووی قەڵای چهریق لە بناغەدا بونەتە پاڵپشت. بۆ زانینی مێژووەکەی بە تایبەتی لە ڕۆژگاری (ئیسماعیل ئاغا)دا کە دەتوانین قسەی لەسەر بکەین بۆ ئەوەی زیاتر پێی ئاشنا بین هەر بە وەش لەو قەڵایە تێدەگەین کە لە ڕۆژگاری قاجارو پەهلەوی یەکەمدا ئامادەیی تەواوی بووە بۆ لە خۆ گرتنی ڕوداوەکانی مێژوو.

**قەڵای چهریق لە زنجیرەی بەسەرهاتە مێژووییەکاندا:**

چهریق شوێنێکی دیار و دەرکەوتووی هەبووە لە ڕۆژگاری ئەفشارییەکان و زەندییەکاندا، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو قەڵایەی کە لەو سەردەمانەدا دروستکراوەو بووەتە هۆی سەرچاوەی هاتنی دادوەرەکان و گەورەپیاوانی کاربەدەستان. نموونەی ئەو گرنگیدانەش (ئیعتیمادولسەڵتەنە) لە (مرأة البلدان) دا نووسیویە: چهریق یەکێکە لە قەڵاکانی (خۆی)و ماوەیەک (سەید عەلی محەمەد) باوکی موقتەدای تایفەی بابیەکان لەو قەڵایەدا بەند کراوە. (روضه الصفا)ی ناصریدا لەسەر هەمان بابەت دەدوێ: (بڕیار وابوو سەید عەلی لە قەڵای چهریقەوە ببەن بۆ شاری تەورێز بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکەن و بەسەر هاتی دەربکەوێت).

سەید عەلی محەمەد شیرازی کە نازناوی (باب) بو، ماوەیەک لەم قەڵایەدا بەند کراوە، پوختەی دەعواکەی سەید عەلی محەمەد شیرازی کە جێگرەکانی لە فارس بوون لەسەر ئەوە بوو کە (نیزامولدەولە) (حسێن خان) دایناسو بیکەنە پادشاو هێنانیشی لە لایەن (موعتەمیدولدەولە) (مەنوچەهرخان) بۆ ئەسفەهان. دوای تەواوبوونی لێکۆڵینەوەکە بوو کە بردیانەوە بۆ قەڵای چهریقو لەوێشەوە بۆ (سەڵماس)و (خۆی)و (مەوقومئەفتاد). هەروەها شوێنێکیتر لە کتێبەکەیدا (صاحبی روضه الصفاء) دەڵێ: (لای باوەڕپێکراوانی دەوڵەت بە گشتی ئەوە ڕوونبوو کە خەڵکی بە دەنگی بەرز قسەیان لەسەر بەندکردنی سەید عەلی لە قەڵای چهریق دەکرد). بە قسەی (عەلائولدین تەکش جهانگیری) کە لە نامەیەکیدا هاتووە بە ناونیشانی: (لە گۆشەیەکی مێژووی ئێراندا) دەڵێ: لە ڕۆژگاری حکومەتی (یەحیاخان) کە سەید عەلی محەمەد (باب) تیایا لە قەڵای (ماکۆ) بەند کراوە.

ئەسمەر داوای خۆی براوەتەوە بۆ ورمێ دوای ٣ ڕۆژ لە مانەوەی لەوێ لەگەڵ کۆمەڵێک سواری ئەفشارو نێردراوێکدا گەیانراوەتە قەڵای چهریق. سەید عەلی محەمەد (باب) ماوەیەک لەوێ بەندکراوەو ماوەتەوە هەتاکو سەرەتای فەرمانڕەوایەتی (ناسرەدین شا) لە تەورێز کوژراوە.

لە گەرمەی جەنگی ڕووس لەگەڵ موجاهیدەکانو مەشروتەکانداسالی ١٢٩٠ی هەتاوی (ئەمیر حیشمەت نیساری) بۆ بەردەوامبوونی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ڕووسەکاندا، (میرزا ئاقابلوری)و (حاجی ئیسماعیل ئەمیر خەیزی) ڕەوانەی چهریق دەکات تاوەکو لەوێوە بڕۆن بۆ ورمێ.

لە ڕووداوەکانی جەنگی ڕووسو عوسمانیدا ١٢٩٦ی هەتاوی مارشەمعون سەرۆکی مەزهەبی ئاسوریەکانو فەلەکانی ورمێو بەپشتیوانی سوپای ڕووس نەخشەی دانا بۆ سەرکەوتن، ئەوەبوو سوپایەکی لە ئازەربایجان دروستکرد بۆ ئەوەی نەهێڵێ عوسمانییەکان پێشڕەوی بکەنو بەرهەڵستییان بکات. بەرانبەر بەوە عوسمانییەکان (ڕاستییەکەی ئیتیحادییەکان) بەبیری تۆڵەسەندنەوە، لەگەڵ کوردەکاندا بەنهێنی یەکیانگرت. بۆ ئەوەی (مارشەمعون) مەبەستەکەی جێبەجێبکات بەمەئموریەت ڕۆشت بۆ (چهریق) بۆ ئەوەی بەئیسماعیل ئاغای شکاک بگات بۆ بەستنی پەیمانی سەربەخۆیی نێوانیان تاوەکو بەو هۆیەوە پارێزگاری لە ناوچەکە بکات و هاوکاری لەوێش وەربگرێت. شوێنی بەیەکگەشتنی (مارشەمعون) بە سمکۆ (کۆنەشار) بوو کە ڕێکەوتی ڕۆژی شەشەمی ٢٥ی ئاسفەند (٣) جومادی دووەم واتە ساڵی ١٢٩٦ی هەتاوی لەوێ یەکتریان دی. دوای دانیشتنەکە بە دەستی سمکۆ کوژرا، ئەوەش بووە هۆکاری دروستبوونی ڕوداوو شەڕو هێرشو کوشتن بۆ سەر عیساییەکان لە لایەن موسڵمانەکانەوە. ئەرمەنییەکان ڕۆژی دوایی ( کۆنە

[illegible]
ڕابکات کوشتیان. (ئاغا پەتروس) کە یەکێک بوو لە سەرکردەکانی عیسایی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لەسەرباز و تۆپ و تۆپچی روس گەیشتنە ورمێ و لەگەڵ بە کرێگیراوانی عیساییدا کۆبونەوە، بە تفاقی جەنگی زۆرەوە هێرشیان بردە سەر قەڵای چهریق، کوردەکانیش بەرهەڵستیان بۆ نەکرا لەبەر ئەوەی ژمارەیان کەمبو، هەروەها کەرەستەی جەنگیشیان تەواو کەمبو، بۆیە نەیانتوانی هێرشە عیساییەکان بووەستێنن. یان بە شێوەیەکی تر بلێین بەرگری لە خۆیان بکەن، بۆیە ئیسماعیل ئاغا دوای شەوو ڕۆژێک شەڕو بەرگری لە (چهریق) ڕایکرد. ئاسوری و ئەرمەنییەکانیش هەر کەسێکیان لە ڕاکردووەکان بگرتایە دەیانکوشت و ژنیشیان بە دیل دەگرت و دەیانبرد. لەوانەی کەوتە دەستیان دایکی سمکۆو کچی جەعفەر ئاغای برای دەستگیرکران. لەبەر قورسی هێرشەکە بۆ سەر قەڵای (چهریق)و قەڵای (ئاش) توانییان بەسەر کوردەکاندا سەربکەونو لەوێشەوە عیساییەکان بۆ ورمێ ڕۆیشتن، بە قسەی (موعتەمیدولوەزارە) جارێکیتر بۆ قەڵای چهریق گەڕاونەتەوەو دەستیان کردۆتەوە بە کوشتاری خەڵکی، بۆ ئەو کوشتارە کیسرەوی دەنووسێ: ڕۆژی ٢٠ی (جەمادیلئاخیرە)ی ڕێکەوتی ١٢ی فەروەردین بێئەوەی شتێک هەبێت دەنگی تفەنگ لە شار بەرزبۆوە، بەو تەقانە ترس کەوتەوە و کەسیش نەبوو پرسیار بکات لە بارەی ئەو شتەوە، لەم شەڕەدا (فەیرۆزی ئاغا پەترۆس) دەسەڵاتی بەسەر شارۆچکەی چهریق دا بڵاوبۆوە و ئاسوریەکانیش بە ناوی جەژن و خۆشییەوە کەوتنە ناو خەڵکەکە و بە فیشەک لەسەر خۆ (٤٠) کەسیان لە مرۆڤی بێتاوان کوشت.

موکەرە مولمولک دەیەوێت سمکۆ بە فێڵ لە چهریق بکوژێت: هەتاکو ساڵی ١٣٣٧ی کۆچی سەرکردەی سوپا، یان والی تازە بۆ ئازەربایجان [illegible] بو، بۆ (موکەرەمولمولک) کە جێگری والی بوو لە ئازەربایجان و تێدەکۆشا سمکۆ لە ناو بەرێت، بەڵام لەبەر ئەوەی هێزی تەواوی نەبو نەیتوانی بە ئاشکرا بەرەنگاری بوەستێتەوە. بۆ ئەنجامدانی ئەوەش ڕێگەیەکی تری گرتەبەر، لەو ڕووەوە کیسرەوی داستانی ئەو حیلەیەی موکەرەمولمولک بەم شێوەیە باس دەکات: (موکەرەمولمولکی نایبی ویلایەتەکە) لەبەر ئەوەی سوپایەکی نەبوو بتوانێت لەگەڵ کوردەکاندا شەڕ بکات یان پاڵەوانەتییەک بنوێنێ بۆیە چارەی تری نەبو جگە لەوەی بیخاتە سەر خەیاڵی ناردنی نارنجۆکێک بۆ (ئیسماعیل ئاغا) تا بیکوژێت. هەروەکو ئەوەی ساڵی ١٢٨٧ لە کاتی جەنگی تەورێز (حەیدەر عەموئاغلی) کە لە ئازادیخوای ئەو شارە بوو لە خەیاڵیا بوو (شجاع نظام) لەناو بەرێت ئەوەبوو لە کیسەیەکدا بە ناوی سپاردە پۆستەیەکی بۆ دەرهێنا کە حەواڵەیەک بوو بە ناوی ئەوەی بۆی هاتووە. دایە دەستی و کوشتی. (موکەرەمولمولک) بە هەمان شێوە دەیویست سمکۆ تاقیبکاتەوەو شتێکی لەو بابەتەی لە شوێنێکدا بۆ دابنێت. بۆ ئەو کارە ئەرمەنییەکان هاوکاری بوون و هاتن نارنجۆکێکیان بۆ هێنا. (موکەرەمولمولک) بە ناوی قوتویەک شیرینی بە نێردراوێکدا ناردی بۆ ئیسماعیل ئاغا لە چهریق، ناردنەکەش بە ناوی دایکی خێزانەکەی بوو کە لەو کاتەدا نزیک شوێنی دانیشتنی ئاغا بوو، بەڵام سمکۆ هۆشیارتر بوو لە (شجاع نظام) کە توانی بە هەموو لایەکی قوتووەکەدا بڕوانێت. لە زمانی سمکۆوە دەیگێڕنەوە کە وتویە: ڕۆشتن قوتووە شیرینەکەیان هێنا، کوڕەکەم وتی ئەوە شیرینی دایە گەورەیە بۆی ناردووین. من لەمە بە گومانبووم لەو کاتەدا لە چیمەنێکدا دانیشتبووم گوتم ئێوە خۆتان بشارنەوە، کاتێک سەیرم کرد ڕۆشناییەکم لە ناویا بەدیکرد بۆیە فڕێمداو لە خۆم دوورخستەوە. لەو کاتەدا کوڕەکەشم خۆیدا، بە

[illegible]
هەنگاوێک لە ئێمە دوورکەوتەوە و تەقییەوە بە ئیرادەی خوا ڕزگارم بوو. بەو جۆرە سمکۆ لە مەرگ ڕزگاری بوو، بەڵام برای ئەو بە ناوی عەلی ئاغاو چەند کەسێکی تری لە کوردەکان کوشت. ئەوەش بووە بە هانەیەک بە دەست سمکووە، ئەم ڕووداوە لە (ئۆردیبەهەشتی) مانگی ١٢٩٨ی هەتاوی مانگی شەعبان ١٣٣٧ی قەمەری ڕوویداوە، بەو پێیە ڕووداوەکە وایکرد بەشێک لە مەلاکان و خەڵکی (خۆی) ڕووداوی دروستکردنی بۆمبەکەو ناردنی بۆ (چهریق) بدەنە پاڵ شازادە (جیهانگیر میرزا) و (میر هیدایەتی کوڕی میر ئەسەدوڵلا).

قسەکانیش ئەوە دەگەیەنێت سمکۆ هەروەکو، (جهانگیر میرزا) ڕزگاری بوو هەر بەو شێوەیەش لەگەڵ (میر هیدایەت) کوڕی (میر ئەسەدوڵلا) و سوارەکانی لە هەمان ڕۆژدا کەوتە شەڕەوە و کەسانێکی جەنگاوەر و ئازای لێکوژرا ئەوەش وایکرد لە دڵیا شت هەڵبگری و پڕ قین بێت لەبەر ئەوەی لە نزیکییەوە زیانی لێکەوت. بە پێیە بە ناوی ئەو دوو کەسە ئاشنا بوو. هەر وەکو لەسەر زمانی دەیگێڕنەوە بە گلەیی و خراپەکاری ناوی هێناون، هەروەها وتوویە: دڵتەنگم لە کەسی سەرکردەی سوپاکە بۆ (گەیلان) ڕۆشتووە و ناخۆشی بۆ من لە نێوانمانا هێنایە ڕوو. سمکۆ داوای لە (موکەرەمولدەولە)ی حاکمی (خۆی) کرد ڕێگە بدات لە پیرامون کەسانێک بنێرێت بۆ خانە کە شازادە بۆی ڕۆشتبوو بۆ ئەوەی لەوێ ئەو نارنجۆکانە ببینن کە شازادە لە شەڕەفخانە هێنابوی بەوەش سمکۆ بەڵگەی خۆی دەسکەوت بۆیە داوایکرد میر هیدایەت دەستگیر بکرێت. (محەمەد عەلیخانی سەرکردە) کە لە سەرکردەکانی (قۆزاقخانە) بوو و خۆی دوورگرتبو لە شەڕ، لەو کاتەدا میوانی شازادە بوو بۆیە گیرۆدە بوو. (موکەرەمولدەولە) هەرسێکیانی بەند کرد و گفتوگۆی لەگەڵ لێپرسراواندا کرد کە

[illegible]
بکەن، سمکۆ فشاری خستە سەریان تا بیانبەن بۆ نزیکی ئەو لە (چهریق) تاوەکو خۆی لێکۆڵینەوە لەگەڵیانا بکات. سەرکردەی سوپا (موکەرەمولدەولە) لە داوای ئەوا ئەوانەی سپارد بە (١٣) سواری قەرەباغی بۆ ئەوەی بە شەو بیانگەیەننە تەورێز، میر هیدایەت بەو شێوەیە دەڵێ: من بۆ ئەو ڕۆشتنە بە شازادەم گوت ڕۆشتن بە ڕێگەی (چهریق) و گەیاندنیان ڕووبەڕووبوونەوە دروست دەبێ و سەربازی دەوێ. (سادەدلانە) گوتی: دادوەر وتویە: کە بۆ تەورێز دەڕۆن دەبێت بە ڕێگەی باشووری شارەکەدا بڕۆن لەوێشەوە ڕێگەی (سەڵماس) و (ئارونەق) بگرن، گوتم بۆچی لەو ڕێگەیەوە؟ گوتی ئەو ڕێگەیە گەورەیی خۆی هەیەو ئەوەی دەتەوێت تیایدا هەیە، من جارێکیتر بە شازادەم گوت: ڕۆشتن بە ڕێگەی چهریق دا جێگە بۆ ڕاکردن خۆشدەکات، باوەڕیش ناکەم و ڕازیش نیم من ئەوە بە فێڵ تێدەگەم کە بۆ ڕاکردنە قازانجی تیادایە. میر هیدایەت کە لە شەڕدا تەجروبە و ئازایەتی هەبوو لە هۆش و زیرەکیشدا بەهرەمەند بو لەوە دەگەیشتوو دەیزانی لە نیوەی ڕێگە نزیکی گوندی بەناو (ئیمامکەندی) سوارەکان فریو دەداو لە دەستیان رزگای دەبێت ئەوەبو ڕویداو ڕزگاری بو لە ئەشکەنجە و مردن، هەڵهات، بەڵام شازادە لەگەڵ (محەمەد عەلیخان) گەیشتنە چهریق و دایانن بە دەستی ئیسماعیل ئاغا کە تا ٢ ڕۆژ لای بەند بن لە ئەنجامی ئازار دانیاندا مردن، ئەمە لە کۆتایی مانگی (خورداد) بوو، ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی سەرکردەی سوپا، والی ئازەربایجان لەگەڵ دەستەیەک لە تەورێز ڕۆشتن بۆ قەڵای چهریق بۆ ئەوەی نازناوی سەرداری سەرکەوتو بدەن بە سمکۆ. لەمەدا (سەرداری سەرکەوتوی مومتاز) لەگەڵ کونسوڵی ئینگلیز و سوارە هیندیەکاندا گەیشتنە چهریق. سەرداری سەرکەوتوو لە لایەن والی و دەوڵەتەوە فەرمانی

[illegible] سەرۆکی سەرکەوتووی بۆ ئیسماعیل ئاغا لەگەڵ دراو و شمشێرێکی گەوهەرداری بە نرخ بۆ هێنا، ئیسماعیل ئاغا وتی: بە مەرجێک ئەو نازناوو دیاریانەی دەوڵەت وەردەگرم کە (چیائولدەولە) دەستبەرداری کارەکەی بێ و حکومەتی ورمێ و سەڵماس بە خودی سەرداری سەرکەوتو بسپێرن، سەرکردەش رازی بوو بە داواکەی ئیسماعیل ئاغا. لەم کۆبونەوەیەدا سەرداری سەرکەوتووی مومتاز و دادوەری ورمێ و سەڵماس ئامادەبوون.

ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی، سمکۆ ناوچەی دەسەڵاتی فروانتر کردو ورمێی داگیر کردو ناوچەی ئازەربایجانیش کەوتەژێر دەسەڵاتی تەواوی. لە جەنگی (لەکستان)یشدا ئەو ناوچانە لە دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی مەرکەزیدا بوون. لە کۆتایی هەمان ساڵدا (سەرداری ئینتیصار) لە تەورێز کە دوو پایەی هەبوو دادوەری و سەرۆکایەتی سوپای دەوڵەت کە پێی درابوو لە (تەورێز) نەیتوانی ئەو ڕۆڵە بگێڕێ بۆ سەرکوتکردنی سمکۆ و هێزەکانی. هەر ئەوەش وایکرد ئەفسەرێکی روسی لە تاران بە ناوی (فیلیپۆف) بگاتە تەورێز. ئەو فەرمانی تەواوی لە (سەردار ئینتیصار) وەرگرت، لەوێوە گەیشتە بەندەری شەرەفخانە و لە ماوەیەکی کەمدا لە (شەرەفخانە) توانی سوپایەکی پڕ چەک لە هێزەکانی دەوڵەت لە سەربازو شۆڕاقو سوارەی ناوچەکە گرد بکاتەوەو ئامادەیان بکات بۆ هێرش بردنەسەر هێزەکانی سمکۆ، لە سەرەتای (ئەسفەند) ی ساڵی ١٢٩٨ی هەتاوی هێرشی سەر هێزەکانی دەوڵەت بۆ سەر کوردەکان دەستی پێکرد، کەسی (سەرداری ئینتیصار) لەو هێرشەدا هاوبەشیکرد. بەو پێیە شەڕی سەخت و دژوار لە چواردەوری شاپوور بەردەوامی هەبوو، ڕۆژی چوارشەممەی پێنجەمی (ئاسفەند) هێزەکانی دەوڵەت سەرکەوتن بەسەر کوردەکاندا و شاری (سەڵماس) سەر لە نوێ بە دەست هێزەکانی دەوڵەت کەوت، هەڵبەتە لەم شەڕەدا زۆر لە خاوەن پلەکانی تورک و سەرباز کوژران و زیانی زۆریش بە کورد گەیشت. ئیسماعیل ئاغا لەم شکستیەیدا هێزەکانی خۆی بۆ سنووری قەڵای چهریق شوێنی هەمیشەیی خۆی گێڕایەوە. بەو سەرکەوتنە چاوەڕوان نەکراوەی هێزەکانی دەوڵەت و ئەو پیرۆزییەی (سەردار ئینتیصار) دەستی کەوت بەرەو (تەورێز) گەڕایەوەو (فیلیپۆف)یش چواردەوری قەڵای چهریقی گرت. کاری ئیسماعیل ئاغا گەیشتە ئاڵۆزبوون و هەموو ڕۆژێکیش هێزەکانی دەوڵەت هێرشیان دەبردە سەر (چهریق) و قەڵاکەی کوردەکانیش بەربەرەکانییان دەکردن، لێرەدا (سەردار ئینتیصار) بەو پەیمانە (٩) خاڵییە رازیبوو کە ڕێکەوتبوو لەگەڵ ئەفسەرەکانی عوسمانی کە لە ژێرەوە نووسراوی بۆ ناردبون کە ژمارەیەک لەو ئەفسەرانە گەیشتبوونە تەورێز بۆ وتووێژکردن، لەم نا ئارامییەدا (عەینولدەولە)ی نێردراوی (وسوقولدەولە) والی ئازەربایجانی بینی و فەرمانیدا بروسکە بدات بە (فیلیپۆف) بۆ ئەوەی لەگەڵ سمکۆدا ڕێک بکەوێت و هەردوولایان دەست لەو شەڕە هەڵبگرن و پەیماننامەی ئاشتی بنووسن، بەڵام وەکو دەبینرێت هیچکام لەو بەندانەی بەجێ نەگەیەنرا، سمکۆ لە قەڵای چهریق دانیشت و بۆ ماوەیەک دەستی لە شەڕ هەڵگرت، ئەو بارودۆخەش ڕێگەیدا سوپاکەی بەهێز بکات. ساڵی ١٢٩٩ی کۆچی سمکۆ لە قەڵای چهریق حکومەتەکەی هەڵدەسوڕان حاجی (موخبرولسەڵتەنە)ی والی ئازەربایجان بۆ سەرکوتکردنی ئەو، ماژۆر مەلیکزادەی بە مەئموریەت دژی سمکۆ نارد. سمکۆ لە ڕێگەی چهریق – ساوجبلاغ (مەهاباد) بینراو شکستی بەهێزی دەوڵەت دا، لەو شەڕەدا لە سنووری ٨٠٠ سەرباز کوژران.

لەو شەڕەی دوایی کە لە ڕۆژگاری سەرۆک وەزیران (قەوامو لسەڵتەنە) قەوما ساڵی ١٢٩٩ ی هەتاوی (لە ڕۆژگاری کودەتاکە) لە سەر ئەوە

پێکەوتن، فەرمانیاندا بە ئەسعەدخان (ئەمیر ئەرشەد) کە هێزی سمکۆ بشکێنێت، بەڵام سەرئەنجام ئەو شکستی خوارد و کەسی (ئەمیر ئەرشەد) یش لەم جەنگەدا کوژرا و زیانی زۆریش لەسەربازەکانی کەوت. هەواڵی شکستی سوپای دەوڵەتیش لە هەموو ئێراندا کاریگەری خراپی لێکەوتەوە. ئەم شەڕە کە تاکو نزیکی قەڵای چهریق بەردەوامی هەبو لە کۆتایی مانگی ئازەری ١٢٩٩ی هەتاوی شەڕەکە وەستا و ڕێکەوتن. دوای ئەو ڕووداوە ڕەزاخانی سەرکردە بەهێزی زیاترەوە بەرەنگاری ئیسماعیل ئاغا بۆوە. پیلانی هێرش بردنی بۆ داگیر کردنی قەڵای چهریق بەم شێوەیە رێکخست: ناردنی حەبیبوڵلاخانی شیبانی، ناردنی سەرتیپ ئامانوڵلا میرزا جیهانیانی (سەرکردەی سوپای ئێران لە ئازەربایجان)، ناردنی سەر لەشکر ئیسماعیل ئەمیر فەزلی فەرماندەی لەشکری ئازەربایجان، ناردنی خالۆ قوربان بە چواردە نەفەری عەشایەر لە گەیلانەوە، ناردنی فەوجی ١٤ی (کارگێڕی ئەمنی) لە ژێر فەرماندەی سەرهەنگی دوو (پۆلادین) ناردنی هێزەکانی دەوڵەت لە ساوجبلاغ (مەهاباد)، بەڵام ئەو هێزانە بەرەو پێش نەچوون، ئەوانە پارچە پارچە بوون یان گرفتاری ڕووداوی ڕامیاری بوون هەتاکو (خالۆ قوربان)یش لە شەڕەکەدا کوردەکان کوشتیان. جارێکیتر سەرکردەی سوپا هێزی تازەی ئامادە کرد بە فەرماندەی سەرتیپ (ئەمانوڵلا میرزاجیهانبانی)و خستنیە ژێر دەسەڵاتی هێزەکانی ئازەربایجان هەروەها هێزی گەورەی تریشی پێکهێنا کە پێکهاتبوون لە: لەشکری پاسەوانەکانی ناوەند، هێزی پیادەی پەهلەوی، هێزی ڕەزا پور، سوارەی نیزامی تۆپخانە لەگەڵ لەشکرێکی باکووری خۆرئاوای ئازەربایجان گیانفیدا و شەڕکەرانی غەیری نیزامی کە هەموویان لە سنووری (١٥) هەزار نەفەر بوون لەگەڵ دوو تۆپی سەحراو دوو تۆپی کوێستانی.

## قەڵای چهریق لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی سمکۆدا:

سەرکەوتنەکانی سمکۆ هێزەکانی دەوڵەتی خستە سەر ئەو ڕایەی دان بە دادوەری سمکۆ لە کوردستانو ئازەربایجاندا بنێن. کوشتنی (سەردار ئەرشەد)و (خالۆ قوربان) و لەناوچونی سەربازانی دەوڵەت لە دەشتەکانی ساوجبلاغ ڕێگەی بۆ دەسەڵاتی نفوسی ئەو لە ئازەربایجانو ناوچەکانی کوردنشیندا بڵاوکردەوە. لە ناو خەڵکیشدا ئەوە دەگوترایەوە کە هێزی سمکۆ نابەزێت و قەڵای (چهریق)یش بە هیچ هێزێک ناگیرێت. سمکۆ لەو ماوەیەدا دادوەریەتی خۆی بەهێز کرد و کۆتایشی هێنا بە دەسەڵاتی دادوەرەکانی دەوڵەت و شوێنی خۆی گرت. هەروەها چۆن شوێنی دانیشتنی قەڵای بەهێزی چهریق بو لە خۆرئاواشدا شاری شاپور (سەڵماس)یشی هەبوو کە، کەوتبووە سنووری تورکیاو چەند کیلۆمەترێک لێوەی دوور بوو، چوار دەوریشی ئاوەدان کردبۆوە. ئەم قەڵایە لەسەر بەرزاییەکانی ئەو ناوچەیە دروستکراوە کە، دەستگەیشتن پێی هەروا ئاسان نییە. لەسەر ئەو قەڵایە وا نووسراوەکە لە چوار دەوریدا شارێک هەبووە لە ڕۆژگاری ساسانیدا بە ناوی (شەهرک). کە دواتر بووە بە(چهرک)و (چهریق)، لە دراوسێی ئەم قەڵایەدا کە شاخەکان بەسەریا دەڕوانن ڕووباری (زولاچائی) دەڕوات. سمکۆ لە نزیکی ئەو قەڵایەدا قەڵای تر و کۆشکی بەهێز و جوانی بۆ خۆی دروستکرد کە یەکێک لەوانەی بە بەردی سماق و مەرمەڕی ڕەش و سپی دروستکردووە و لە ناوەڕاستیشیا باخێکی دڵفرێن بە ناوی دڵکەش و کۆشکی پاشکۆی تیادابوو. ئەو چەکدارانەی لە ژێر فەرمانی سمکۆدا بوون ئامارێکی تەواومان بە دەستەوە نییە، بەڵام دەسەڵات و فەرمانەکانی سمکۆ لە تەواوی ئازەربایجانی خۆرئاوا و کوردستاندا جێبەجێبووەو زۆرینەی سەرۆک عێلەکانو عەشایەرەکان سەر بەوبوون. لەسەروو

ئەوانەشەوە ژمارەیەکی زیاد لە خاوەن پلەو پایەو سەربازەکانی عوسمانی دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیو شکستی عوسمانییەکان بەمیوانی دەچوونە لایو لە ژێر فەرمانی سمکۆدا بوونو بڕیاری ئەویان جێبەجێ دەکرد، ئەوانە بە خۆیان و چەند تۆپێک و ژمارەیەک لە کەل و پەلی جەنگی لە ناو داخوازیەکانی سمکۆدا دەسەلاتی خۆیان بەهێزتر کرد. لە هەمان کاتیشدا ئەفسەرەکانی عوسمانیش بونەتە هۆکارێک بۆ بەهێز کردنی هێزەکانی سمکۆ، بەرەو سەرکەوتن ڕێنمایی دەبرد.

### سەرەتای هێرشی دەوڵەت بۆ داگیر کردنی قەڵای چهریق:

بە پێی فەرمانی سەرتیپ جیهانیانی سەرکردەی هێزی ئازەربایجان هێرشی سەربازی لە ڕۆژی چوارەمی مانگی (مورداد)ی ١٣٠١ی هەتاوی بەرانبەر بەدەیەمی مەحەڕڕەمی عاشورای ساڵی ١٣٤١ی کۆچی قەمەری دەستپێکرد. لە گەرمەی شەڕدا هەواڵ بە سەرتیپ جیهانیانی گەیشت کە شەڕی قورس لە بەرەی هێلی پاسەوانەکانە کە پاسەوانی بەرزاییەکانی (قزل داغ) لەگەڵ کوردەکانا لە شەڕی گەرمدان و دەلاقەیەکی گەورەشیان کردۆتە بەرەی دوژمن و بەرەو پێش دەڕۆن.

هەروەها دەنگوباسیش وایە وا دەگەیەنێت کە ئاگری بەهێزی زنجیرە تۆپەکانی کوردەکان هەردوو باڵی هێلی پاسەوانەکانو باکووری خۆرئاوای بەر هێرشی توودن کەوتوون. هەواڵیش وا گەیشت کە پەیوەندی نێوانیان پچڕاوەو ئەوانەی بەرزاییەکانی (قزل داغ) چواردەوریان گیراوەو بەرەو نەمان دەڕۆن. سەرتیپ جیهانیانی ئەوەی بە دەستییەوە بوو لەسەر ئەو ڕاپۆرتە بەهێزی سوارەی سپارد کە لە ژێر سەرکردایەتییەکەیدا بوون و فەرمانیدا بین بە دوو بەش و بە خێرایی بەرەو پێش بڕۆن بۆ کۆتایی هێنان بە هێرش بردنی کوردەکان بۆ سەر هێزەکانی دەوڵەت کە سەربازەکانیان بەرەو دوا برد بوو. بارانی گوللە تۆپەکانی کورد و ئاگری تفەنگەکانیان بە وردی ڕووەو هێڵەکانی دوژمن دەبوونەوە. شەڕکەرانی کوردیش بە گیانی لە خۆ بوردن و ئازایەتی تێدەکۆشان شوێنەکانیان بپارێزن لە کاتێکدا شکاکییەکان لە ناو هێڵەکانی هێزەکانی دەوڵەتدا بوون، بەڵام سەرئەنجام توانای ئاگری تۆپخانە و هێرشی هێزی سوارەی نیزامی هێزی کوردی ناچار کرد بۆ لای سەڵماس و قەڵای چهریق هەڵبێن. بەو جۆرە بەرەی پاسەوانەکان لە تەنگژە ڕزگاریان بوو، ئەوانیش بەردەوامییان بە پێشڕەوییان داو لە بەرزاییەکانی (مێشوداغ)ەوە ڕووەو سەڵماس ڕۆیشتن. بەرەکانی تری نیزامیش ڕەوانەی سەڵماس کران هەتاکو دوو ڕۆژیش هێزی کورد لە (سەڵماس) بەرەنگارییانکرد، بەڵام دوایی چۆڵیانکرد و بەرەو قەڵای چهریق هەڵهاتن و (سەڵماس)یش بە دەستی هێزەکانی دەوڵەت کەوت.

### داگیرکردنی قەڵای چهریق:

دوای داگیر کردنی شاری (سەڵماس) لە لایەن سەرکردایەتی سوپا سەرتیپ ئامانوڵڵا میرزا جیهانیانی فەرمانیدا بە سەربازەکانی بێئەوەی کات بە فیڕۆبچێ و سمکۆش کۆکردنەوەی هێزەکانی نەبێت بە خێرایی بەرەو پێش بڕۆن و چوار دەوری قەڵای چهریق بگرن. هێزی دەوڵەت دوای هەشت کاتژمێر ڕێگە بڕینی شاخاوی گەیشتنە نزیکی قەڵای چهریق، ئەوسا چوار دەوریان گرت. لە شەڕێکی گەورە و تونددا هێزەکانی دەوڵەت کە لە ژمارەی تۆپ و سوارەی نیزامی و پیادەوە زۆر زیاتر بوون لە هێزی سمکۆ، قەڵاکەیان داگیر کردو هێزەکانی سمکۆش تاوەکو سنووری تورکیا پاشەکشەیانکرد، مێژووی داگیرکردنی قەڵای چهریق و شکست هێنانی هێزەکانی کورد لە هەموو ئێراندا بووە هۆی گێرانی جەژن و شایی، ڕەزا خان کە گەورەی سوپا

بوو. سەربازەکانی شاهەنشاهی وەکو داگیرکەری [illegible]
وڵاتێکی بێگانە مامەڵەیان دەکرد و بۆ چەند ڕۆژێک هەڵپەڕکێی و شادمانی لە ناویانا درێژەی کێشا دوای ڕۆیشتنی چەند ساڵێک کە قەڵای چهریق بە دەست هێزەکانی دەوڵەتەوە بوو، سمکۆ لە ساڵی ١٣٠٩ی هەتاوی بە فێڵ و فریودان وەکو جەعفەر ئاغای برای لە شنۆ نامەردانە بە کوشت چوو، یەکێک لە شۆڕشەکانی کورد کە بەرانبەر زۆر و تاوان و ستەمی فەرمان ڕەواکانی قاجار و پەهلەوی درێژەی کێشا خامۆشکرا.

**پێشینەی مێژوویی قەڵای چهریق:**

دوای ئەو کنە و پشکنینانەی لە قەڵای چهریق کراوە نیشانیدەدات قەڵاکە لە ڕووی شوێنەوارییەوە لە ڕۆژگاری قاجاریدا دروستکراوە جگە لەو پاشماوانەی تری نزیکی قەڵاکە کە بۆ سەردەمی ئۆرارتورییەکان دەگەڕێتەوە و بە نرخن.

قەڵای چهریق دەکەوێتە کەناری گوندی چهریقی خواروو کە هەتاکو ئێستاش بەشێک لە پاشماوە ڕووخاوەکەی ماوە، یان کەمێک لە خانووە بە بەرد دروستکراوەکانی ماون، ئەم پاشماوەیە لەسەر تەپەیەکی سروشتی بە هەمان ناو دروستکراوە کە دراوسێی گۆڕستانێکی کۆنە. ئەو تەپەیە و قەڵا مێژوویەکەی بە پێی کنە و پشکنینی کۆن بۆ هەزارەی یەکەمی بەر لەزایین دەگەڕێتەوە. تەپەکەش لەو شوێنانەیە کە گەلانی ئۆرارتۆ بۆ پێداویستییەکانیان بەکاریان هێناوە، ئاسەوار و بەڵگەی دەستکەوتوش لێرەدا گۆڕەکانە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئێسقان لە ناویان دۆزرانەوە ئەوەش بەڵگەی ژیان لە ڕابوردووی ئەو تەپەیەدا دەرئەخات کە دێرینییەکەی بۆ ڕۆژگاری مادەکان دەڕواتەوە.

دەزگاکانی کنە و پشکنینی ئاڵمانی دەربارەی پێشینەی مێژوویی قەڵاو کۆنی تەپەکەی نیشانداوە. ئارامگای کوڕی ئیسماعیل ئاغای سمکۆش لێرەدایە.

[illegible] لەسەر ئەو [illegible] کۆنەی [illegible]
دەڵێ: (ساڵی ١٨٨٨ی زاینی لە گوندی (گۆگتەیە) لە ناو گۆڕێکدا گۆزەیەکی شێوە لوولەیی دەرکەوت کە خواکانی بابلیان لەسەر نەخشێنرابو. بۆ هەزارەی دووەمی بەر لە زاین دەگەڕایەوە. ئەگەر ورمێ هەمان شاری کۆنی ئورمیات بێت بە مانا ئەو شارە کەوتوتە ناو وڵاتی مانایییەوەو بەر هێرشی ئاشوورییەکان کەوتووە و دەسەڵاتی وان ئۆرارتوی تیادا بووە. لای خوێنەریش ئەوە ئاشکرایە کە تەپەکەی ئیسماعیل ئاغا و گۆڕە بەردینەکەی هەمان خاسیەتی دۆزراوەکانی ( وانە).

(موخبیرولسەڵتەنە) جارێکیتر لەو بارەیەوە دەنووسێ: ئەم قەڵایە پەیوەستە بە عێلی شکاک کە دەکەوێتە نێوان ورمێ و سەڵماس لەسەر هێڵی سنووری ئێران تورکیایەو بە پێی ئاماری نا ڕەسمی حەفتا ساڵ بەر لەوەی سەر ژمێری ئەو عێلە بکرێ (٤٤٠٠) خێزان بووە.

محەمەد ئاغای سەرۆکی عێلی شکاک بوو کە باوکی سمکۆیەو لەم قەڵا تووندوتۆڵەی چهریق کە دەکەوێتە سنووری تورکیا و ئێران تیایدا دانیشتووە، هەر کاتێکیش دەوڵەتی ئێران لاواز بووبێت شۆڕشی بەرپاکردووە. جەعفەر ئاغای سەرۆکی عێلی شکاک کە برای سمکۆیە بە فێڵی (نیزامولسەڵتەنەی) والی ئازەربایجان لە ڕۆژگاری دەسەڵاتی (موزەفەرەدین) شا لە ساڵی ١٢٨٤ کە بە قورئان سوێندیان بۆ خوارد دوای ئەوەی دڵنیایی پێدرا لە تەورێز بە فێڵ کوشتیان، بە قسەی (حاجی موخبرولسەڵتەنە) کە لە کتێبی (خاطرات و خطرات)دا هاتووە، ئەو تاوانە خراپە عێلی شکاکی خستە سەر ئەوەی کە هاوڕێیەتی گەورە پیاوانی حکومەت بە گومانەوە بکەن و هیچ کاتێکیش لە دڵەوە خۆشیان ناوێن.

کیسرەوی جارێکیتر دەڵێ: دوای کوشتنی جەعفەر ئاغا ئیسماعیل ئاغای برای ناوەندی حکومەتەکەی گواستەوە بۆ قەڵای چهریق و هەستا

بە هێنانی پەنا لە خانوو دیوارسێ کەند و بیناى زۆرى تیادا دروستکرد ئەوەش وای کرد ناوچەی قەڵاکە ڕۆژ بەڕۆژ ئاوەدانتر بێت. دواییش سمکۆ کۆشک و باخی زۆری لەگەڵ بینا بۆ خۆی دروستکرد. لە بەردەوامی جەنگی روس و عوسمانیدا کە چەند سەد کەسێک بوون، بۆ وڵاتی خۆیان نەگەڕانەوەو تفەنگو تۆپەکانیان بردە چهریق و لەوێ هێشتیاننەوە. هەر چۆنێک بێت باسکردنی قەڵای چهریق لەبەر تیشکی گواستنەوەی قسەی مێژووییدا ئەوە دەخاتە ڕوو کە قەڵاکە پەیوەستبێت بە ڕۆژگاری قاجاری و پەهلەوی.

## نەخشەی مێژوویی قەڵای چهریق:

نەخشەی مێژوویی قەڵای چهریق لە ساڵی ١٢٧٩ی کۆچی قەمەری دانراوە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵدان و گرنگیدانی پایە بەرز عەبدولعەلی بەگی سەرهەنگ کە ئامادەیکردووە. نەخشەکەی عەبدولعەلی بەگ لە کەسایەتییە دیارەکانی نیزامی سەردەمی ناسرییە، مەبەست (ناسرەدین شایە)، زانیاری تەواومان لە بارەی ژیان و پاشماوەکانیەوە لەبەردەستدا نییە، لەبەر ئەوەی دوو کەس بە ناوی (عەبدولعەلی خانی سەرهەنگ)و (عەبدولعەلی خانی کوڕی ئەمین نیزام)ە وە هەن. من بزانم ئیعتیمادولسەڵتەنە لە (المآثر و الآثار)دا ناوی ئەوانە دەبات، ئەو نەخشەیەش بەر لە ڕوودانی شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای شەمزینی ساڵی ١٢٩٧ ی کۆچی قەمەری تەواو بووە و نیشانیدەدات کە بینا و عەمارەتەکانی قەڵاکە لە ڕۆژگاری (یەحیا خانی چهریقی) (سەردەمی ئامادەکردنی نەخشەکە تەواو بووەو لە ڕۆژگارەکانی دواتریشدا تێکچوونی بەخۆوە نەدیوەو ئاوەدان بووەو پارێزراوە، لە ڕۆژی تەلار سازییشەوە شێوەکەی ناوازەیە. لە بنەچەدا ناوەڕۆکی نەخشەکە و ئەوەی ئامادەی کردووە بەم شێوەیە هاتووە: نەخشەی قەڵای چهریق کە بە عەوڵ و تێکۆشانی و یارمەتی عەبدولعەلی بەگی سەرهەنگ ئەنجام گیر بووە. بەرزییەکەی لە زەوییەوە هەشتا گەزەو ڕووبەرەکەشی (١٢٠٠) گەزە، بە پێی ڕاپۆرتێک کە لە ساڵی ١٢٧٩ ی قەمەری پێشکەشکراوە، بەرزی قەڵاکە زیارتر لە (٨٠)مەترەو ڕووبەرەکەشی زیاتر لە (١٢) هەزار مەتری چوارگۆشەیە. ئەم قەڵایە خاوەنی دوانزە قوللەی ئەسڵی و چوار قوللەی ترە کە دەکەونە ناو عەمارەکەی یەحیا خانی چهریقی کە بە هەمووی (١٦) قولله دەکات.

ئەم قوللانە بە پێی شوێنیان و شوێنی قەڵاکە لە ڕووی تەپە بەردینەکەی چهریق دا بەرزاییەکانیان جودان و لەگەڵ نەخشەی مێژوویی ساڵی ١٢٧٩ی قەمەری یەکدەگرنەوە.

کۆمەڵە خانووەکانی ناو قەڵاکە و دەرەوەی بوون بە دوو بەشەوە:

ئەلف: خانووەکانی ناو قەڵاکە زۆرترن و سەرچاوەی ئاوەکانیشی لە خوارەوەیە:

١. عەمارەی یەحیاخانی چهریقی: ئەم عەمارەیە دەکەوێتە بەرزترین شوێنی قەڵاکە، بە پێی ڕاپۆرتێک کە نەخشەکەی تایبەتە بە (یەحیاخان) لە ڕێی پەیژەیەکی دارەوە بۆی سەرکەوتون.

٢. شوێنی مانەوەی قەرەوڵەکان (پاسەوانەکان): کە بۆ پاسەوانەکان دروستکراون و پارێزگاری لە قوللەکان و شورای قەڵاکە دەکەن لە نەخشەکەشدا ئەو شوێنانە دیاریکراون.

٣.شوێنی سەرکردەی قەرەوڵەکان(پاسەوانەکان): بە مانا شوێنی مانەوەی سەرۆکی پاسەوانەکان و سەربازەکان کە پارێزگاری لە قەڵاکە دەکەن.

٤. کارخانەی چەک: شوێنی گرنگیدان بە پێداویستیەکانی شەڕ، بەشێوەیەکی تر بڵێین جبەخانەی قەڵا بووە.

٥. مزگەوت: مزگەوت لە کۆمەڵەی بیناکانی ناو قەڵاکەیە و شوێنی پارێزراوە، یان هێمایەکە لە

[illegible]

مرۆڤ پێوەی پەیوەستە بۆ پرسەکانی شەڕعی و ئایینی و پەرستنی خودا.

٦. تەویلە.

٧. گەنجینەی ئازووخە.

٨. خانوویەک بۆ هەر یەکێک لە سەرۆکەکانی قەلاکە.

٩. خانووی کوردەکان: ئەمانە دەکەونە بەرزاییەکانی باشووری قەڵاکە نزیک گوندی چهریق.

١٠. بیرەکانی ناو قەڵا: بۆ ئامادەکردنی ئاو بۆ خواردن و خواردنەوە. دوو بیری تریش لێدراون کە دەکەونە باڵی باشوور و باکووری قەڵاکە.

١١. لە نەخشەی ساڵی ١٢٧٩ی قەمەری بینای تریش دروستکراون، بەڵام کاریان نادیارن و لە ڕۆژگاری پێشوودا ئەمانە کەوتوونەتە باڵی خۆرئاوای قەڵاکە.

بێ: عەمارەو بیناکانی دەرەوەی قەڵاکە لەگەڵ سەرچاوەی ئاوەکانیان کە لەخوارەوەن:

١. گوندی چهریق: کۆمەڵێک خانووی کەسانی گوندی (چهریق)ن کە نیشاندراون.

٢. باخی یەحیاخان: ئەم باخە دەکەوێتە خواروری پردی ڕووباری (سۆلە) کە پەیوەستە بە (یەحیاخانی چهریقی). باخەکەش دەکەوێتە باڵی باکووری خۆرهەڵاتی قەڵاوە کە باخی گەورەشی پێدەڵێن.

٣. باخەکانی چهریق: ئەم باخانە لە پێشودا لە باڵی خۆرهەڵات و خۆرئاواو باشووری گوندی چهریق بوون کە پەیوەستن بە خەڵکی چهریقەوە.

٤. خانووی کوردەکان: جگە لەو خانووانەی گوندەکە کۆمەڵێکی گەورەی تریش خانوو دروستکراون، کە لەنەخشەی مێژوویی بەناونیشانی خانووی کوردەکان ئاماژەیان بۆ کراوەو دەکەونە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی چهریق.

٥. پردی ڕووباری سولە.

٦. (قوللەی نایبولسەڵتەنە): ئەم قوللەیە لە زنجیرەی تەپەی کێوی عەبدی بێگدایە، دەکەوێتە باشووری قەڵاکە. وا دەرئەکەوێت قوللەکە بەناو یادگاری عەباس میرزای (نایبولسەڵتەنە) وە دروستکرابێت کە دایکی لە نەوەی یەحیاخانی چهریقی بوو. ئەم قوللەیە شێوەکەی لاکێشییە کە لە پێشوودا شوێنی پاسەوان بووەو بۆ پارێزگاریکردن لە قەڵاکە دروستکراوە.

بەهەموو لایەکی قەڵاکەدا کۆمەڵە بیناو عەمارە بڵاوبوونەتەوە کە شایەتی سەربەرزی ڕۆژگاری (ئیسماعیل ئاغای شکاک) نیشاندەدەن کە ناوچەکە لەوپەڕی خۆشیدا خەڵکەکەی ژیانیان بەسەربردووە، بەڵام دواتر ئەو شەڕانەی ناوچەی قەڵاکە بەخۆیەوە دیوە لە فەرمانڕەوایەتی قاجاریو پەهلەویدا جارێکیتر قەڵاکە ڕووی لە وێرانی کردووەو بەجێهێڵراوە. نەخشەی مێژوویی قەڵای چهریق لە (ئارشیفی دامەزراوەی مێژوویی سەردەمی ئێراندا هەیە کە ژمارەکەی (١١٠٦٦٦-ق-١١٠٦٦١-ق)و پێکهاتووە لە شەش پارچەو پارێزراوە. ناونیشانو ناوە دیارەکان بەمەرەکەبی ڕەش نووسراونو درێژی نەخشەکەش ٥٤. ٥ مەترەو پانییەکەی ٥٢ سانتیمەترەو تیایدا چوار لای قەڵاکە نیشاندراوە، واتە (باشوورو باکوورو خۆرهەڵاتو خۆرئاوا). لە نەخشەکەدا بیناکانو عەمارەکان بەڕەنگی نارنجی نیشاندراون. لە کۆتاییدا توانیمان مێژووی ئامادەکردنی نەخشەکە بزانین کە دامەزراوی (دار الفنون) لە سەردەمی میری گەورەدا بڵاویکردۆتەوە، ئەم نەخشەیە جوانترینو بەرجەستەترین نەخشەی مێژوویی ئێرانە کە پارێزراوە.

**سەرچاوە:**

آثر/ فصلنامه علمی، فنی، هنری/ شماره (٣٥) تابستان ١٣٨٢ لا ٢٨٠-٢٩٥.

# چاوی هیڵین و شاری ترۆی



شێرزاد هەینی

فیلمی سینەمایی ترۆی یان ترواده، باس لە جوانی هیڵین و شانازی دەست و شیری پاڵەوانەکان و پتەویی شورای ئەو شارە دەکات، ئەو فیلمە یەکێکە لە فیلمە گەورە ئەمریکییەکان، کە لە ساڵۆنەکانی هەموو جیهان دەستکەوتی زۆری هەبووە.

شاری ترواده لەلایەن، (بریام) پاشاوە حوکمگێڕی دەکرا، وەک چۆن (هۆمیرۆس) لە داستانە بەناوبانگەکەی ئەلیازە، باسی دەکات، کەوا پاریس کوڕی ئەو پاشایە نەیدەزانی لە نێوان سێ کیژی نازدار کامیان بکاتە هاوسەری خۆی، جوانی (هیرا) و (ئەڤرودیت) و (ئەسینا)، نەیدەزانی کام جوان بکاتە هاوجووتی خۆی، لە کۆتاییدا ئەڤرودیت دەستنیشان دەکات، وەک جوانترین ژن و بەڵێن بەو دەدات بیکاتە

داوسەری خۆی، بەڵام لەبری ئەو هەڵبژاردنی و پێشبڕکێیە پاریس سەردانی منیلۆس دەکات، دەچێتە لای پاشای ئەسپرتییەکان، لەوێ دڵ و چاوەکانی شەیدای ژنێکی نازدارتر دەبێت لە شۆخەکەی کە خۆی هەڵیبژاردووە جوانترە، ژنە شۆخەکەش ناوی هێلین بوو، ئەو ژنە بەمێردە ڕازی دەکات بیفڕێنێت، دەستی دەگرێت و دەیباتە تروادە، دیارە ئەو کارەش زۆر شا منیلۆس و میللەتەکەیان تووڕە دەکات، بۆیە پاشا ژن ڕەدووکەوتووەکە سوێند بۆ میللەتی گریک دەخوات کە هومیرۆس ناویان بە (ئەخایینییەکان) دەبات کەوا تۆڵە لەو کوڕە پاشایە بکاتەوە و پاریس و میللەتی ترۆادەش سزا بدرێت، بۆیە هەڵمەت و شەڕەکە دەستپێدەکات، لەبەر چاوی هێلین ئەو شەڕە هەڵدەگیرسێت.

لە فیلمەکەدا دیارە کەوا سوپاکە چەند مەزنە، هەزارەها کەشتی لە ئەسیناوە دەریای ئیجە دەبڕن، بە هەموو چەک و تفاقەوە بەرەو ترۆادە دەریا شێتەکە دەبڕن، سوپاکە هەزارەها کەسە کە بە سەرکردایەتی ئاجاممنون کە دەکاتە برای پاشای ئەسبرتییەکان منیلۆس بووە، هەروەها هاوشانی ئەو سەرکردەیە هەردوو سوپاسالار (ئەخیل) و (ئودیسیوس) بەشدار دەبن.

بۆ تۆڵەکردنەوە لە ڕفاندنی هێلین ئەو شارە بەرزەی سەر دەریا و لەناو قەڵاتە توندەکە دە ساڵی تەواو گەمارۆ دەدەن، کە قەڵا و پەرستگاکان بە بەردی زەلام شوورەی بەرزی ڕاگیراوە، لە گەورەیی بەرهەمهێنانی فیلمەکەوە دیارە کەوا قەڵاتەکە شوورەکەی چەند مەزن بووە و پەیکەرەکان چەند پیرۆزن، خوداکانی خۆیان چەند خۆشدەوێت.

پاش گەمارۆدانێکی درێژخایەن و شەڕێکی دژواری خوێناوی ئودیسیوس بیر لە فێڵێک دەکاتەوە، ئەویش ئەوە بوو کە سوپاکەی دەکێشێتەوە و کەشتییەکان دووردەخاتەوە و سەربازەکان لەبەر چاوان گووم دەکات، لە گۆڕەپانەکەی بەرامبەر شوورەکە و قەڵاتەکە ئەسپێکی دارین، هەیکەلێکی مەزنی ئەسپەکە جێدەهێڵێن.

کە هاوڵاتیانی ترۆادە بەیانی لە خەو هەڵدەستن، دەبینن سوپاکە نەماوە و دەریاکە مەندە و مەیدانەکە چۆڵە و ئەسپێکی دارین بەشکۆوە وەستاوە و چونکەوای دیاری ئەو سوڵتانە دەکات، بەڵام لە ناو هەیکەلی ئەسپە دارینەکە ژمارەیەک جەنگاوەری بەزەبر و بەتوانا و شمشێری بەجەرگ خۆیان لەناو حەشار داوە، هەموو بۆ تۆڵەی چاوی هێلین ساز و ئامادەن، هەموو دەیانەوێ شۆخە نازدارە ڕفێندراوەکەیان لەو کۆشک و قەڵاتە عاسییە دەربهێننەوە، ئەگەرچی کاهینە وریاکەیان (لاوکۆن) هەست دەکات ئەو ئەسپە پلان و فێڵە، ئەگەرچی هاوار دەکات ئەو ئەسپە ڕانەکێشنە ناو قەڵاتەکەیان، بەڵام پاشا و سەرکردەکانی ترۆادە بڕیار دەدەن بە جۆرەها تەکنیک و ماندووبونێکی زۆرەوە ئەسپەکە ڕاکێشنە ناو قەڵاتە پتەوەکەیان، بەیادی کشانەوەی سوپاکە و سەرکەوتنیان لەو شەڕە و مانەوەی هێلینی نازدار وەک هاوسەر بۆ کوڕی پاشاکەیان، بادە هەڵدەدەن و شەراب دەخۆنەوە و سەما دەکەن، تا مەست و خەیاڵ دەبن ئاهەنگ دەگێڕن، بۆیەش هەموو مەست دەبن و بەئارامی دەخەون و چەکەکانیان پاش شەڕێکی دژواری دە ساڵە فڕێ دەدەن، دەرگاکان چۆڵ دەکەن، سەنگەرەکان بەردەدەن، جەنگاوەرەکانیش کە هەستدەکەن ناوچەکە هێمنە و پاسەوانەکان خەوتوون و جووڵە و چالاکییەکان لە شارەکەدا نەماوە، لە ئەسپەکە دادەبەزن، بە گوریس خۆیان شۆڕدەکەنەوە و بەلەز دەگەنە خاڵە گرینگەکانی ناو قەڵاتەکە، دەگەنە سەر پاسەوانە مەستەکان، بەوریایی و تووڕە دەگەنە دەرگا سەرەکییەکەی قەڵاتەکە و هێمای ئاگری سەرکەوتن و موژدەی گرتنی قەڵاتەکە لە دوورەوە بە سوپاکەیان ڕادەگەێنن. سوپاکەش بە هەموو چەکەوە و بەهەوای گرتنی شار و قەڵاتەکە دەگەنە ناو قەڵاتەکە و کۆمەڵکوژییەک دەکەن وێنەی نەبێت لە مێژوودا.

لەگەڵ ئەو ئەفسانەیە و گێڕانەوەی ئەو مێژووە سەبارەت بەو شارە سەربردەی کۆن زۆر نووسراوەتەوە، زانایانی شوێنەوارناس وکەڤناسەکان دەبێژن کەوا ئەو شارە لە سەدەی برونزییەکانەوە و لەنێوان ساڵانی ٣٠٠٠ پێش زانین لە ناوچەی ئاسیای بچووکەوە بنیاتنراوە، شارەکە دەکەوێتە سەر دەشتاییەکی بەرزی بەپیت و هەڵکەوتەکەشی لە باکووری خۆرئاوای تورکیای ئێستایە و نزیک

[illegible]
بووە، کەڤناسەکان کەلاوە و پاشماوەی نۆ شاریان لەسەر یەک دۆزیوەتەوە، هەر شارێک ڕووخاوەو لەسەر کەلاوەی ئەو یەکێکی تر بەرز کراوەتەوە، ئەوەی باش دەناسرێتەوە شاری ترۆادەی دووەم و شەشەمە. لەو شارەدا خەڵکەکە کاری چاندنیان کردووە، مەڕدارییان کردووە، بەرهەمی خورییان زۆر بووە، هەروەها لەگەڵ میللەتانی گریک بازرگانییان کردووە، لەگەڵ میللەتانی تری کەناری دەریای ئیجە نێوانیان گەرم بووە.

زاناکان کەم لەسەر ئەو شەڕە زانیاری دروستیان هەبووە، بەڵام لەناو کەلاوەکاندا شوێنەواری ئەو شارەیان دۆزیوەتەوە کەوا لە کتێبی ئەلیازەدا باسی کراوە، زۆریش ڕوون نییە ئەو شەڕە لەسەرچی قەوماوە، بەڵام زانایان ئەوەیان سەلماندووە کەوا گریکەکان هێرشیان کردووەتە سەر ترۆادە، لە ئەلیازەش ئاماژە بەوە دراوە، زانا کریگەکان دەڵێن کەوا ئەو قەڵاتە لە ساڵی ١١٨٤ ی پێش زاین بە هێرشی گریکەکان کاول بووە، شاری حەوتەمینیش لەسەر ئەو کەلاوەیە دروستکراوەتەوە، بۆیەش لە ئەدەبی کۆنی گریکەکان ئاماژەی پێدراوە، زاناکان وادەزانن کەوا شارەکە لە ساڵی ١٢٥٠ ی پێش زاین خاپوور بووە.

یەکەمین کەڤناسی جیهانی کاری لەو کەلاوانە کردبێت زانای شوێنەوارناسی ئەڵمانی (هنریش شلیمان) بووە، ئەویش لەسەر ڕاسپاردەی چەند کەسێک بووە کە هەستیان کردووە ئەو گومبەتە بەرزانەی لە دووری حەوت کیلۆمەتر لە دردەنیلەوە دیارە بایەخێکی مێژوویی هەبێت، وەک چۆن لە ئەلیازە ئاماژەی پێدراوە شوێنەکە دۆزراوەتەوە، ئەو کارەش لە ساڵی ١٨٧٠ بووە، لەو ساڵەدا هەڵکۆڵین کراوە، پاش کارێکی زۆر کەلاوەی شارێکی گەورەیان دۆزیوەتەوە، خانووی پتەویان دۆزیوەتەوە، چەند گەنجینەی زێڕ و زیویان هەڵداوەتەوە، سەرەتا ئەو زانا ئەڵمانە بە هەڵە وایزانیوە ئەو شوێنەی ترۆادەی پێنجەمە کە هومێرۆس لە ئەلیازە باسی کردووە.

لە ساڵەکانی نۆهەدەکانی سەدەی نۆزدەهەم زانای ئەڵمانی کەڤناس (ڤالهلم دووریڤلد) کە یاریدەری شلیمان بووە لەو ناوچەیە کاریکردووە،
[illegible]
نۆ شار لەو ناوچەیەدا هەبووە و لەسەر کەلاوەی یەکتری بنیاتنراون، بەڵام دووریڤلد وایزانیوە کەوا ئەو شارەی لە ئەلیازە ناوی هاتووە ترۆادەی شەشەم بووە، ئەو لە شارەکانی تر گەورەتر بووە، ئەو شارە شوورەی مەزنی بەرزی هەبووە، خانووەکانی فراوان و لاکێشە بوون، کە چواردەورەی بە کۆشکی جوان ڕیزکراوە.

لە ساڵی ١٩٣٢ زانای ئەمریکی (کارل بلچین) لە زانکۆی سنسناتی لە ولایەتی ئوهایوی ئەمریکی دووبارە گەڕاوەتەوە سەر پشکنینی شوێنەواری ترۆادە، کار و لێکۆڵینەوەکانی شەش ساڵی خایاندووە، ئەویش دەگاتە هەمان ئەو زانیارییەی کە زووتر دووریڤلد ئاشکرای کردبوو، بەڵام ئەو وتبووی کەوا شوێنەواری شاری حەوتەم ئەفسوناوییە، ڕاستییەکەش شارەکە شاری شەشەمە، ئەوەش بناغەی شارەکە بووە، ئەگەرچی لە ئەفسانەی گریکەکاندا باس لەو ترۆادەیە نەکراوە.

فیلمەکە ئەمریکییە و لەساڵی ٢٠٠٤ بەرهەم هاتووە و لە داستانە بەناوبانگەکەی ئەلیازەی هومیرۆسەوە وەرگیراوە، کە باس لەو ئەسپە دارینە دەکات، کە کۆتایی بە شەڕەکە و چیرۆکی ئەڤین و گەڕان بە دوای نەمریی و ناوداریی هێناوە. فیلمەکە لە پاڵەوانیەتی ئەستێرە بەناوبانگەکانی وەک (براد بیت) و (ئیریک بانا) و (ئورولاندو بلوم) و (شون بین) و (پیتر ئوتول) بووە. نووسینی (دیڤید بنیوف) و دەرهێنانی (ولڤجانج پیتیرسن) بووە کە بە ڕەچەڵەک ئەڵمانییەو ماوەکەی ١٦٢ دەقە بوو، ١٧٥ ملیۆن دۆلاریشی تێچووە. منیش لە سینەماکانی شیستای ستۆکهۆلم جاری یەکەم بە تیکستی سویدی فیلمەکەم دیوە و لە تەلەفزیۆنەکانی خۆمان بە تێکستی کوردی دووبارە فیلمەکەم تەماشاکردووە و جاری سێیەمیش لە بازاری هەولێر فیلمەکەم بە تیکستی عەرەبی کڕیوەتەوە و سەیرم کردووە، هەمووش جێگەی سەرسووڕمانی دەرهێنەرەکە و گەورەیی و لێهاتوویی ئەکتەرەکان دەردەخات، پێشنیاریش دەکەم هەموو کەس ئەو فیلمە مەزنە ببینێت.

# تکایە ڕۆڵەی ڕەخنە بن!

## بۆ بەڕێز: مەریوان هەڵەبجەیی




ڕەزا کەریم مجاور

وەرگێڕی خۆشەویست و ماندوونەناسی کورد، کاک مەریوان هەڵەبجەیی، لە ژمارەی ٨٣ی ئایندەدا، لە وەڵامی ڕەخنەکەی من لەسەر کتێبی «سلیمانیە و سپیدەدم جهان» (وەرگێڕاوی شیعری شێرکۆ بێکەس) وتارێکی نووسیبوو کە بە خوێندنەوەی دڵم داخورپا. نازانم بۆ من هەر ڕەخنەیەکی ئەدەبی دەنووسم، ئەم بەڕێزە لە من زیز دەبێ. من کاتێک ڕەخنەم لەسەر وەرگێڕاوی «حەسار و سەگەکانی باوکم» نووسی، تەنانەت یەکجاریش ناوی «مەریوان»م نەهێنابوو. هەر ڕاستەوڕاست و بێئەوەی بڵێم کێ ئەرکی وەرگێڕانەکەی کێشاوە و خۆی پێوە ماندوو کردووە، لەسەر دەقەکە کارم کردووە. وتارەکەش لە گۆواری فارسی «گلستانە»ی تاراندا بڵاو بۆتەوە و هەرکەس پێی خۆش بێ دەتوانێ بیبینێ. پێم سەیرە کاک مەریوان دەڵێ: «چەندساڵێکیش لەمەو پێش... هەڵیکوتاوەتە سەرم، لە هەردوو جارەکەدا ناحەقی و کینەیەکی زۆرم لە لایەن ئەم برادەرەوە هەستپێکردووەو لە ئەنجامدا تێگەیشتم جگە لە سڕینەوەی ئەویدی و خۆنمایشکردن هیچی تر نیە.» کاک «ئەمان جەلیلیان» کە دۆستێکی نزیکی کاک مەریوانە، بە دیتنی ڕەخنەی «ئێوارەی سلێمانی و کازیوەی جیهان» لە نامەیەکی ئینتێرنێتی‌دا (بە فارسی) بۆی نووسیبووم: «هەر بژی... ماوەیەک لەمەوبەر داوایان لێکردم کە وەڵامی ڕەخنەکەی تۆ لەسەر «حەسار...» بدەمەوە، بەڵام کاتێ ڕەخنەکەم خوێندەوە، بینیم حەق بە تۆیە...»

لە وتاری «ئێوارەی سلێمانی...»دا من هەر لە سەرەتادا ئاماژەم بەوە کردبوو کە کورتە شیعرەکان

بەجوانی وەرگێڕاوی. ئەگەر کاک مەریوان کورتە شیعرەکانی وەرگێڕانەکەی بۆچی هەڵەیەکی و هەموو ڕەخنەکە دەباتەوە سەر خۆی و وەئەستۆی دەگرێ. ئەگەر من قسەم هەڵەیە، بۆچی «حەمەڕەئووف» و «سەیدعەلی» وەڵام نادەنەوە؟ دڵنیام ئەوانیش ڕەخنە فارسییەکەیان بینیوە.

هەڵبەت وەک جارێکی تریش وتبووم، هەڵەکردن لە وەرگێڕاندا شتێکی ئاساییە و هەڵچوون و تووڕەبوونیشی ناوێ. من ئەگەر ڕەخنەیەک لەسەر وەرگێڕاوەکان دەنووسم، هەر لەبەر ئەوەیە کە وەرگێڕە بەڕێزەکان بە وردبینییەکی زیاترەوە هەوڵ بدەن و لە پەلەپەل خۆ بپارێزن. بەداخەوە مەریوانی بەڕێز لە کارەکانیدا زۆر پەلە دەکا و بەرلەوەی پیشانی خاوەن ڕایانی بدات، چاپیان دەکات. خۆزگە «حەسار...» و «سلێمانی...» بەرلەوەی چاپ کرابان، پیشانی کەسێکی وەک «عەبدولخالق یەعقووبی» درابان کە مەلەوانی هەردوو زمانی کوردی و فارسییە، ئەوکات دەتانزانی من هاواری چیمە.

مەریوانی بەڕێز کە پێیوایە من - خودانەکردە - قینم لێیەتی، ویستوویەتی بەجۆرێک تۆڵەی خۆی بکاتەوە، بۆیە دەڵێ: «بە هۆی وەرگێڕانەکانی مجاورەوە ئیدی ئەو پێشوازییە زۆرەی لەناو فارسەکاندا لە شیعری شێرکۆ دەکرا، نابیندرێ.»!!

ئەمە لە کاتێکدایە کە «کیوومەرس سوڵتانی ڕاد» لە ژمارەی ٣٢٥ی «سیروان»دا (پووشپەڕی ١٣٨٤) ڕەخنەیەکی دوور و درێژی لەسەر وەرگێڕاوی «گۆڕستانی چراکان» نووسیبوو و یەکەم ڕستەکەی ئەمە بوو: «گۆڕستانی چراکان بە چەشنێکی زۆرباش (عالی) بە قەڵەمی ڕەزا... وەرگێردراوەتە سەر زمانی فارسی...» بینینی ئەم وەرگێڕانە ببووە هۆی ئەوە کە ئەم برادەرە باسێکی دووروودرێژ لەسەر ئەو مەبەستە دامەزرێنێ کە ئاخۆ شیعر وەردەگێڕدرێ، یان نا؟ لە ئاکامدا بەو شتە گەیشتبوو کە شیعری بەرگری دەتوانێ وەرگێردرێتە سەر زمانێکی دیکە و نووسیبووی: «نموونەکەشی هەر ئەم کتێبەی شێرکۆیە کە وەرگێرانەکەی وەکوو خۆی شیعرەکوردییەکە بەهێزە.»

ڕەنگە بڵێن بە خۆیدا هەڵدەڵێ، بەڵام ببوورن با ئەوەش بڵێم: خوالێخۆشبوو «ناسیح شەریفیان» کە خۆی دوو کتێبی شێرکۆ (دەربەندی پەپوولە و ئافات»ی کردۆتە فارسی و من «ئافات»م دیوە کە جوان وەریگێڕاوە، دەیگوت: «بەڕاستی وەرگێڕاوی گۆڕستانی چراکان لە کوردییەکەشی جوانترە.»

قەت وا هەڵناکەوێ! با ئەوەش بڵێم: مامۆستا ئیبراهیم یونسی کە زیاتر لە پەنجا ساڵە بە فارسی دەنووسێ و وەردەگێڕێ، پاش خوێندنەوەی وەرگێڕاوی «گۆڕستانی چراکان» وتبووی: «هەتا ئێستا هیچ کوردێکم نەدیوە ئاوا جوان بە فارسی بنووسێ.»

مەریوان گیان! تۆش خۆت و خودای خۆت! دڵنیابە ویژدانی خەڵک و مێژوو لەسەر ئێمە دادوەریی دەکەن. بڕوات بێ من تۆم خۆش دەوێ و ڕێزێکی زۆر بۆ ئەرک و ماندوویەتیت دادەنێم و چاک دەزانم چەندە بە وەرگێڕانەوە ماندوو دەبی. بەڵام کاتێ وەرگێڕاوێکی ناحەز دەبینم، هەموو خۆشەویستییەک لەبیر دەکەم. هەمووجارێ تۆبە دەکەم کە ئیدی ڕەخنە نەنووسم، کەچی کاتێ کە دەبینم شاکاری نووسەرێکی کورد بە زمانێکی لاواز و پڕهەڵە وەردەگێڕدرێ، ناتوانم دەست بنێمە سەر دەستم و بێدەنگ دانیشم و تۆبەکەم نەشکێنم! ئێستاش هەر لێرەدا لەسەر دەستی مامۆستا «دڵشاد عەبدوڵڵا»و ئەم «ئاینده» ئامادەیە، بۆ جاری دەهەم تۆبە دەکەم، بەڵام بەو شەرتەی کە ئیدی چاوم بە وەرگێڕاوی ناحەز نەکەوێ!

لە دواییدا بە پێویستی دەزانم ئەوەش بڵێم کە بۆ ئەوەی ڕێز و خۆشەویستی خۆم بە «مەریوان»ی خۆشەویست بسەلمێنم، وەرگێڕاوی «تەمی سەر خەرەند»ی -شێرزاد حەسەن-م پێشکەش بەو خۆشەویستە کردووە، کە هیوادارم بۆ پێشانگەی گوڵانی ساڵی ١٣٨٩ی تاران چاومان بە چاپی ئەو ڕۆمانە ڕوون بێتەوە.

# لە شیعر بێزارم

## مەولانا جەلالەدین محەمەد بەلخی رۆمی (مەولەوی)

و: پێشڕەو محەمەد

من نەریتێکم هەیە، کە نەمگەرەکە هیچ دڵێک ئازار لە من ببینێت. ئەمەی، کە کۆمەڵێک لە هەلەکا(سماع)(١)دا خۆ لەمن دەدەن و کۆمەڵێک لە یاران دەبنە ڕێگر لەبەردەمیان، ئەمن خۆشیم لەوە نایەت و سەد جار گۆتوومە لەبەر من هیچ بەکەس مەڵێن- من بەوە ڕەزامەندم. ئاخر ئەمن تا ئەو ئاستە دڵدارم، کە ئەو یارانەی بۆ لای من دێن، لە ترسی ئەوەی بێزار نەبن، شیعرێک دەبێژم بۆ ئەوەی پێیەوە سەرقاڵبن. ئەگەرنا، ئەز لەکوێ، شیعر لە کوێ؟ خودێ، کە من لە شیعر بێزارم و لای من شتێک لەمە خراپتر نییە. هەر وەکو ئەو کەسەی کە دەستی خستۆتە ورگی گیانەوەرێکەوە و دەیشوات، بۆ ئارەزووی میوان. لەبەر ئەوەی میوان ئارەزووی لە ورگە، لەسەرم پێویستبوو. ئاخر مرۆڤ سەرنج دەدات، کە خەڵکی لە فڵان شاردا چ کاڵایەکیان گەرەکە و کڕیاری چ کاڵایەکن، ئەوە دەکڕن و دەیفرۆشن ، ئەگەرچی لە پلەخوارترین شمەکەکانیش بێت.

ئەز زۆرم لە زانستەکان خوێندووە و فرە ڕەنجم کێشاوە، کە زانایان و لێکۆڵەران و زیرەکان و هزرڤانان بێنە کن من تا فێری شتگەلێکی بەهادار و نامۆ و وردیان بکەم. خودا لەسەرهەقە، خۆی ئەوەی گەرەک بووە، ئەو هەموو زانستانەی لێرە کۆکردەوە و ئەو ڕەنجەی هاوردووە، کە من بەم کارەوە سەرقاڵبم. چیم لەدەستدێ؟ لە وڵاتی ئێمە و نەتەوەی ئێمەدا، کارێک لە شاعیری نەنگتر نەبووە. ئێمە ئەگەر لەو وڵاتە بمابااینەوە، بەپێی سروشتی ئەوان دەژیاین و ئەوەمان ئەنجامدەدا، کە ئەوان خوازیاریبوون- بۆنموونە، وانەگۆتنەوە و نووسینی کتێب و یادهێنانەوە و ئامۆژگاری گۆتن و گۆشەگیریی و کاری ڕواڵەتیانە ئەنجامدان.

ئەمیر پەروانە بەمنی گۆت، کە بنەڕەت کردارە.

گۆتم کوا هۆگری کردار و خوازیاری کردار، تا کردارێک نیشانی ئەوانبدەم؟ هەنووکە، تۆ خوازیاری گۆتنی- گوێقوڵاخی تا شتێک بشنەوی و ئەگەر نەبێژم، بێزار دەبی. داواکاری کردار بە، تا پیشانت بدەم!

ئێمە لە جیهاندا، کەسێکمان گەرەکە تا کاری نیشانبدەین. لەبەر ئەوەی خوازیاری کارمان نییە، خوازیاری قسە دەدۆزینەوە، بە قسەکردن سەرقاڵین. تۆ چ لە کار دەزانی، لەبەر ئەوەی کارانین؟ بە کردار کردار دەناسرێتەوە و بە زانست زانست دەرکپێدەکرێت و بە شێوە شێوە، بە واتا واتا. لەبەر ئەوەی لەم ڕێگەیەدا ڕێبوار نییە و خاڵییە، ئەگەر ئێمە بەڕێگاوەین و لە کاردایین، بە چ جۆرێک توانستی بینینمان دەبێت؟ ئاخر، ئەمە کاری نوێژ و بە ڕۆژوو بوون نییە و ئەمانە شێوەی کردارن، کردار واتایە لە ناخدا. ئاخر، لە ڕۆژگاری ((ئادەم))ەوە تا ڕۆژگاری ((مستەفا))، نوێژ و بە ڕۆژوو بوون بەم فۆرمە نەبووە و کردار هەبووە. کەواتە ئەمە شێوەی کردارە. کردار واتایە لە مرۆڤدا. هەر بەو جۆرەی، کە دەبێژی ((دەرمان کاری کرد)). لەوێدا شێوەی کردار نییە، تەنها واتایە لەودا. بەم چەشنەی کە دەبێژن، ئەو کەسە لە فڵان شارە ((کارا(٢)))یە. شتێک بە شێوە نابینین: کارگەلێک، کە پەیوەستە

[illegible]

کەواتە ئەمکارە ئەوە نییە، کە خەڵک تێیکەیشتوون. ئەوان وایادەنێن، کە کردار ئەم ڕواڵەتەیە. ئەگەر دووڕوو(منافق) شێوەی کردار جێبەجێ بکات، هیچ سوودێکی بۆ هەیە؟ لەبەر ئەوەی کە لەودا واتای ڕاستێتی و باوەڕ نییە.

بنەڕەتی شتەکان هەمووی گۆتن و قسەکردنە، تۆ ئاگاییەکت لە گۆتن و قسەکردن نییە- ئەوە بە سووک دەبینی. گۆتن میوەی درەختی کردارە، کە قسە لە کردار بەرهەم دێت، خودای هەق، جیهانی بە قسە چێکرد، کە گۆتی ((کون فیکون)). باوەڕ لە دڵدایە: ئەگەر بە قسە دەرینەبڕی سوودی نییە. نوێژ کە کردارە، ئەگەر ((قورئان)) نەخوێنییەوە ڕاست نییە. لەم ڕۆژگارە کێ دەبێژێت ((قسەکردن جێ بڕوا نییە))، ئەو قسەیە ڕەتدەکەیەوە ئەویش هەر بە قسە. ئەی چۆن قسە جێ بڕوا نییە؟ بە چ جۆرێک ببیستین لە تۆ، کە قسە جێ بڕوا نییە؟ ئاخر ئەمە بە قسە دەبێژی.

یەکێک پرسیاری کرد، کە چۆن ئێمە خێر و کاری چاکە بکەین، ئەگەر بە خوا ئومێدەوار بین و چاوەڕوانی خێر و چاکە بکەین، ئەوە بۆ ئێمە زیانی هەیە یان نا؟

فەرمووی ئەی وەڵڵا؟ گەرەکە ئومێدت هەبێت، باوەڕ هەر ئەم ترس و هیوایەیە.

یەکێک لە منی پرسی، کە ئەم هیوایە بۆ خۆی باشە، ئەی ئەم ترسە چییە؟

گۆتم، تۆ ترسێکم نیشانبدە بێهیوا، یان هیوایەکم نیشانبدە بێ ترس! لەبەر ئەوە لە یەکدی جیا نین و بێیەکدی نین. چۆن دەپرسی، بۆ نموونە یەکێک گەنمی چاندووە، هیوای ئەوەی هەیە، هەڵبەتە گەنمەکە دێتە بەرهەم و سەرەڕای ئەوەش، ترسی لەوە هەیە کە نەبادا ڕێگرێک و بەڵایەک بێتە پێشی، کەواتە ڕوون بۆوە کە هیوا بێ ترس نییەو هەرگیز وێنای ئەوە ناکرێت، کە ترس بێهیواو هیوا بێترس بێت. هەنوکە، ئەگەر ئومێدەوار بێت و چاوەڕوانی پاداشت و بەخشین بێت، بە دڵنیاییەوە لەو کارەدا گەرمتر و توندتر دەبێت. ئەو چاوەڕوانییە پەڕوباڵی ئەوە، هەرچەندی پەڕوباڵی بەهێزتر، فڕینی زێتر. ئەگەر نائومێد بێت، سست دەبێت و ئیدی لەودا چاکە و بەندەیی نابیندرێت، هەر بەو جۆرەی کە

[illegible]
فەراموش دەکات، ئەگەر ئەو ئومێدی بە لەشساعی نەبێت، کەی دەتوانێت بەرگەی ئەمە بگرێت؟

مرۆڤ پێکهاتەیەکی گیانەوەری و ئاخێوەر(ناگق) (٣)ە. هەر بەو جۆرەی کە گیانەوەری بەردەوام لەودا هەیە و دابڕاو نییە لێی، ئاخێوەریش هەر بەو جۆرەیە و بەردەوام لەودا هەیە، ئەگەر بە ڕواڵەت قسە نەکات ئەوا لە ناخیدا قسە دەکات. بەردەوام ئاخێوەرە. بە نموونەی لاڤاوە کە گڵی لەگەڵ ئاوێتەکراوە، ئەو ئاوە ڕوونە ئاخێوی ئەوە و گڵەکەش گیانەوەرییوونیەتی، بەڵام گڵ لەودا سەپێندراوە. نابینی،کە ئەو گڵ و فۆرمانە ڕۆیشتن و ڕزان و هاوکات ئاخێو و داستانی ئەوان و زانستەکانیان ماونەتەوە، لە خراپ و چاک؟

خاوەنی دڵ، گشت(کل)ە. لەبەر ئەوەی ئەوت بینی، هەموویانت بینیوە. چێکەرانی جیهان هەموو ئەندامەکانی ئەون و ئەو گشتە. هەنوکە لەبەر ئەوەی ئەوت بینی، کە گشتە، بە دڵنیاییەوە هەموو جیهانت بینیوە و هەر کە دوای ئەو ببینی، دووبارە بوونەوەیە. قسەی ئەوان لە قساندا گشتە: لەبەر ئەوەی قسەی ئەوانت بیست، هەر قسەیەک دواتر ببیستی، ئەوا دووبارە بوونەوەیە.

**سەرچاوە:**

مولانا جلال الدین محمد بلخی (رومی): مقالات مولانا، ویرایش متن: جعفر مدرس صادقی، چاپ ششم، نشر مرکز، تهران، ١٣٨٤، ص٨-١١.

**پەراوێز:**

١. سماع (عەرەبی کۆن)، سەمای دەروێشان. (خانی).

٢. عامل.

٣. مرۆڤ گیانەوەرێکی ئاخێوەرە، ئەمە تێڕوانینێکی ئەرپستۆتێلیسی(٣٨٤-٣٢٢ BC) فەیلەسوفی گریکییە بۆ دەروونی مرۆیی، کە دەروون دابەشدەکات بەسەر سێ جۆردا: ١. دەروونی ڕووەکیی، کە تەنها توانستی خۆراکگری هەیە. ٢. دەروونی ئاژەڵیی، کە توانستی خۆراکگری و هەستیاریشە. ٣. هاوکات دەروونی مرۆیی هەم توانستی خۆراکگری و پێرسەپتکردنی سێنسی و ئاخێوەریشە.



# ئەفسانەی کوێربوون

نەجات نوری

کەس ماڵێکی وەکو ئێمەی نەبوو لەم شارەدا، ماڵەکانی ئەم شارە پڕبوون لە وێنەی گۆرانیبێژو، وێنەی مرۆڤە چاوساغەکانو وێنەی کەسانی ئازیزیانو وێنەی پیاوە گەورەکان، ئەوماڵانە پڕبوون لە تابلۆی ڕەنگاو ڕەنگو سەرنجڕاکێش، بەڵام ماڵی ئێمە مۆزەخانەی وێنەی پیاوە کوێرەکان بوو، ماڵەکەی ئێمە بە درێژایی چەندین ساڵ پڕبوو لە وێنەی ئەو پیاوە کوێرانە، ئەو وێنانە بۆمن بەشێکبوون لە غەمگینیی وئازار، کەچی لە هەموو وێنەکانیتر لام جوانتربوون، وێنەی ئەو پیاوە کوێرانەی باپیرەم ناویی نابوون (زیندەوەرە گەورەکان)، دیوارێک نەبوو لەماڵەکەی ئێمەدا دەیان وێنەی پیاوی کوێری پێدا هەڵنەواسرابێت، بۆیە من بە درێژایی ئەو ڕۆژانە جگە لە وێنەی کوێرەکان و حیکایەتی تەمەنی ئەو زیندەوەرە گەورانە لەگەڵ هیچ شتێکی تردا نەدەژیام، بۆیە گران نییە من و خێزانەکەمان، تەنانەت کەسانی تریش لە غەزەلەکان و ڕەفتاری کوێرێکەوە لەم کۆڵانەدا، یان لەم شارەدا، شتەکانی دەرووبەرمان بناسین، ئەو پیاوە کوێرەی من لێوەی شار وخەڵکیی و عاشقانم ناسی، پیاوێکبوو لە بیربردنەوەی بۆ من گرانە، ئەودەیوت: کوێربوون لە هەموو سەردەمە جیاجیاکاندا بوونی هەبووە لەناو ئێمەدا، ئێوە تەنیا دووچاوی کوێر دەبینن لەلای کوێرەکان، هەست بە دونیا فراوانەکەی ئەو دیوی ئەو چاوە کوێرانە ناکەن کە پڕە لە عەشق و غەزەلی نەمریی، وێنەی کوێرەکان بە شێکە لە تەماشاکردنی ڕۆحی کەسانێک کە هەمیشە بە تاریکی دەگەنە سەر زەوییە ڕووناکەکان، ئێوە نازانن عاشق بوونی کوێرەکان دەمان گەڕێننەوە بۆ تەماشاکردن و دۆزینەوەی ئەو کوێرانەی وەکو چاوساغەکان عاشق دەبوون، وەکو ئەوان دڵیان پڕدەبوو لە جوانیی، ئەو غەزەلانەی ئەوان لە بنمیچەکانی تاریکییەوە بۆ عەشق دەیان گەیاندە گوێی ئێوە، ئەوشیعرانەی ئەوان شیعرێکبوون بە سەد پیاوی چاوساخ نە دەنووسرانەوە، کەم کەس لە ئێوە دەتوانێت ئەو وێنانە وەکو خۆیان تەماشابکات، کەم کەس دەتوانێت نهێنی کوێربوون فێرببێت، زۆربەتان کە تەماشای وێنەی کوێرێک دەکەین یان کوێرێک دەبینن، ئیتر هەست بە بێتاقەتی و غەمگینی دەکەن بۆیان، درک بەڕاستی ئەو شتانە ناکەین کە لە پشت

پۆخی ئەوکوێربوونەوە خۆیان [illegible]
بڕۆی کە کوێربوون بەشی هەموو تەمەنیان بووە، کەچی هێشتا ئەوان وەکو ئێمە حەز بە ژیان دەکەن و لە ئێوە عاشق ترن، ئەمە ئەو نهێنییانەیە کە حیکایەتی کوێربوون بۆ ئێوە دەگێڕێتەوە.

من تا ئەو کاتانەی لە کوێربوونی باپیرەمەوە فێری ئەو نهێنییانە نەبووم، نەمتوانی درک بەدونیای کوێرەکان بکەم، باپیرەم لە چاوساغێک زۆر چاکتر دەیتوانی نامەی عەشق و غەزەلە جوانەکانی بۆ عاشقان بنووسێت، گەڕان بە ژیان و کوێربوونی باپیرەمدا گەڕانێکبوو مرۆڤی ماندوودەکرد، تا کوێرکردنی باپیرەم کەس لەماڵی ئێمەدا هیچی دەربارەی کوێربوون نەدەزانی، باپیرەم لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بەردەوام بۆنی نەعناو چای بۆندارو بۆنی بەهارات و بۆنی دار بوغوردی لێوەدەهات، ئەوکە بە کۆڵانەکاندا دەگەڕایەوە ماڵەوە، کەم کەس هەبوو بۆنی ئەو شتانە لە باڵای نەکەن، بۆنێک کە تاکو ئێستاش کۆڵانەکانی شار هەر ئەو بۆنانەیان لێدێت و «با» بۆ هەمووناوماڵەکانی دەبات.

باپیرەم لەوجارەوە کە چای بۆنداری بردبوو بۆ بازرگانێکی عەرەب لە (بەغداد) لە سەردەمی حوکمی(عەبدولکەریم قاسم) دا، شەوێک دەیگرن وبە ناوی ئەوەی کە پیاوێکی جاسووسە دوای چواردە ڕۆژ لەگرتنی و دادگایی کردنی، دەیبەنە بەردەمی جەللادێکی پیر پیر کە بە درێژایی ژیانی کاری ئەوە بووە چاوی ئەو کەسانە هەڵبکۆڵێت کە لە (بەغداد)ی پایتەختدا دەگیران و دەهێنرانە لای ئەم تا چاویان هەڵبکۆڵێت، لە ژوورەکەی ئەم پیاوە پیرە جەللادەدا کە ساڵانێک دواتر باپیرەم بۆیگێڕامەوە، بەر لە کوێربوونی تەماشای هەموو وێنەی ناو ژووری ئەم جەللادەی کردبوو، لە سەر پارچە پێستەیەکی ئاسک ئەم فەرموودەیە بە دیواری ژوورە درێژەکەوە هەڵواسرابوو (لاتغلوا ولا تمثلوا) (زێدە ڕۆمەبن و کەسیش ئەتک مەکەن)، ئەو کەسانەی لەلایەن ئەم جەللادە پیرەوە کە ئیتر بۆ هەمیشە کوێردەکران، وێنەی ئەو فەرموودەیەیان لەناو چاوە هەڵکۆڵراوەکانیاندا بەجێدەهێشت، باپیرەم دەیووت ئەو جەللادە پیرە بەر لە کوێربوون سوێندی دەدایت بە قورئانێکی گەورە کە نابێت وێنەی ڕووخساری ئەو بۆ کەس بگێڕیتەوە، ئەمەش بۆخۆی وێنەیەکی تربوو لەو نهێنیانەی کە جەللادەکان بەر لە کوێربوون فێری سزادراوەکانیان دەکرد، باپیرەم دەیووت ئەو جەللادە پیرە بۆ هەر چاوهەڵکۆڵینێک حیکایەتێکی هەبوو، بە باپیرەمی وتبوو ئەم جۆرە کوێربوونە دەرهەق بە گیراوەکان لە سەردەمی بەغدادی هارونە ڕەشیدەوە بۆ ئێستا درێژەی هەیە، باپیرەم دەیووت ئەو جەللادە ئەوەندە پیرببوو بەزەحمەت دەیتوانی سەری ئەوکەسانە بخاتە کۆشیەوە کە کوێری دەکردن، ئەو ئاوا فێرببوو تائەنجامی کوێربوونەکان ئەنجامبدات، خاولییەکی لۆکەی لە کۆشیدا دادەخست کە بۆنی گوڵاوی لێوەدەهات، وەکو منداڵێکی ساوا سەری دەخستیتە سەر کۆشی خۆی، ئەوسا دەستی دەکرد بە گێڕانەوەی ئەو حیکایەتەی بۆی ئامادە کردبووی، ئەو جەللادە سەیر ڕەفتاری دەکرد، غەمگین دەبووبۆت، بەزەییەکی سەیری بۆت هەبوو، ئاوا دەستی پێدەکردو پێیدەوتیت: تەماشای ئەو بەری بیابانەکان بکە، یان ئەو بەری ڕووبارەکان بکە، تەماشای کرکەوتنی باڵندەکان بکە لەسەر هێلکەکانیان لە هێلانەکانیاندا، وایلێدەکردیت هەر بەڕاستی وێنەی ئەو شتانەی کە پێیدەوتیت دەهاتە بەرچاوت، هەستتدەکرد تۆ بەناو دەریاو یان بیابانەکاندا دەگەڕێیت نەک ئامادەکرابیت بۆ کوێربوون، حیکایەتەکان بۆئەو جەللادە هیچ ماندووبوونی نەدەویست، ئەو بەدرێژایی ئەو تەمەنە زۆرە سەدان کتێبی لەحیکایەتە کۆنەکان وکتێبی هەزارویەک شەوە و، کتێبی فەرموودە پیرۆزەکان و سەدان کتێبی تری خوێندبۆوە، تا پەکی لە هیچ حەرفێک نەکەوێت بۆ گێڕانەوەکانی لە ژوورە ترسناکەکەیدا، سەیر ئەوەبوو هەموئەو حیکایەتانەی کەبەر لە کوێربوونی سزادراوەکان دەیگێڕایەوە لە ناوکتێبێکی گەورەدا هەموویانی دەنووسییەوە، دەڵێن بەغداد بەوکتێبەوە جوان بوو، دەڵێن تاکو ئێستا دەیان گەڕیدە بۆ دۆزینەوەی کتێبی حیکایەتەکانی ئەو پیرە جەللادە سەردانی بەغدادیان کردووە، بەڵام لەگەڵ کوشتنی (عەبدولکەریم قاسم) دا ئەو جەللادەو کتێبەکەی وندەبێ،

ئەو پیاوە پیرە جەللادە حیکایەتی چاوە دەرهێنراوەکانی [illegible] (عەبدولڕەحمانی کوڕی موڵجەم/ بکوژی
(عەلی کوڕی ئەبی تالیب)ی بۆ باپیرەم گێڕابۆوە، ئەو پیرە وتبووی (عەبدەلڕەحمان) لەگەڵ لێکردنەوەی هەر بەشێکی جەستەیدا خێرا خێرا غەزەلی بۆ عەشق و نەمریی وتبوو، ئەو ویستبووی بە خوێنەکەی خۆی ئەو غەزەلانە لەسەر دیواری زیندانەکەی بنووسێتەوە، ئەوانەی ڕۆژانە خەریکی ئازاردانی بوون سەیریان لەم پیاوە هاتبوو، بۆ هەر ئازاردانێک ئەوجوانترین غەزەلی خۆی دەوت، سەیریان لێهاتبوو کاتێک ویستبوویان ئازاری نەدەن ئەویش هیچ غەزەلێکی بۆ نەوترابوو، ئازار دەرەکانی بەدیاریەوە سەرسام مابوون، بۆ هەر غەزەلێکی (عەبدولڕەحمان) ئەوان شەرمیان لە خۆیانکردبوو، بەر لەوەی شادەمارەکانی بیرکردنەوەی ببڕن (عەبدولڕەحمان) داوای کاتێکی کەمی لێکردبوون بۆ فڕین، فڕینێک تا لە پرسەکەی (ئیمامی عەلی)دا پۆزش بهێنێتەوە، (عەبدولڕەحمان)بە بکوژەکانی وتبوو من پیاوێکم کوشت هەموو تەمەنی بۆ عەدالەتیی وخزمەتی هەژاران بوو، من بۆیە ئەوم کوشت تا بۆ هەمیشە ئەو نەمرێت، بۆیە ئەوم کوشت تا بۆ هەمیشە لەناو پیاوەکانی سەر زەمیندا ئەو بە نەمریی ناوی بێت، دەمزانی ئەگەر ئێستا نەکوژرێت داهاتوودەبێت بە شەریکی دەیان کەسی خراپەکار، من (عەلی)م کوشت تا بۆ هەمیشە لەناوماندا بژی، بکوژەکانی (عەبدولڕەحمان) کە زنجیرو کۆتەکانیان لە گیانی کردبۆوە، بینیبوویان جەستەیەک لە پەنجەرە بچووکەکەی زیندانەوە باریک باریک دەچێتە دەرەوە، ئەوانساڵانێک دواتر ئەمەیان بۆ خەڵکی گێڕابۆوە. یەکێک لە بکوژەکانی ئەوپیاوە هەموو غەزەلەکانی لە بەرکردبوو، بکوژەکانی نەیان ویستبوو زمانی ببڕن تاچێژ لەو غەزەلە جوانانە وەربگرن کە دەیووتن، بەدەم لێکردنەوەی قاچ و دەستیەوە ژوورەکە پڕدەبوو لە حەرفی ئەو غەزەلانەی کە (عەبدولڕەحمان) بۆ عەشق و بۆ عەلی و بۆ مەرگ و بۆ بیابان دەیووتن، دەبوایە بکوژەکان تاماوەیەک ئارامیان بگرتایە بۆ ئەوەی بتوانن لە مانای ئەو غەزەلانە تێبگەن کە بکوژەکەی عەلی لەژێر ئازارداندا دەیووتن، ئەوان زۆرکەسیان بەم دەردە ئەشکەنجە دابوو، کەسیان نەبینی بوو بە وێنەی ئەم پیاوە لە کاتی ئازارو ئەشکەنجەدا ئاوا غەزەل و قسەی نەستەق بڵێ، ساتەکان بۆ ئەوان دابەش ببوو بەسەر دوو ساتی سەیردا، ساتێک بۆ ئەشکەنجەدان و تۆڵەکردنەوە لەپای کردارێکی قێزەون، کە مەرگی عەلییان تێدا تۆڵە دەکردەوە، ساتەکەی تریش گوێگرتن بوو لە دەیان غەزەل کە مرۆڤی دەبردەوە بۆ ئەو پەڕی پاکێتی ڕۆح و ژیان، ئەو کەسەی هەموو غەزەلەکانی عەبدولڕەحمانی لە زیندانەکەدا لە بەرکردبوو، ڕۆژانێک دواتر لە گۆڕەپانەکاندا لەناو خەڵکیدا ئەوغەزەلانەی بەناوی خۆیەوە خوێندبۆوە، تامردیش کەس نەیتوانی بزانێت ئەو غەزەلانە هی پیاوکوژێکە، ڕۆژانێک دواتر خەڵکی سەیریان لێهاتبوو کەسێک لە پیشەی ئەشکەنجەدان وملی پەڕینەوە ئاوا بووبێتە شاعیرێکی گەورەو ئەو هەموو غەزەلە جوانانە بڵێت، دونیا بەم جۆرەیە زۆرکات غەزەلی کەسانێکی تردەدزرێن و ئیتر بۆ هەمیشە بەغەزەل خوێنێکی باش لە شارەکاندا ناویان دەڕوا، نەک بەجەللادێکی خوێنڕێژ، کە کاتی ئەوە هاتبوو چاوی عەبدولڕەحمان هەڵبکۆڵن، جەللادەکان سەیرە چاوی ئەویان لەسەر زەویەکە فڕێدابوو، عەبدولڕەحمان بەچاوی ڕۆح ئەو دووچاوەی سەر زەویەکەی دەبینی، دوا غەزەلی خۆیشی بۆ ئەو دوو چاوە فڕێدراوە وتبوو.

ئەو جەللادە پیرە تادڕەنگە شەوێک حیکایەتی مەرگی ئەوپیاوەی ئاوا بۆ باپیرەم گێڕابۆوە، پێیووتبوو چاوە دەرهێنراوەکانی ئێوە بۆ من سەروەتێکی گەورەیە، تابمێنم کەس ناتوانێت لەمنیان وەربگرێتەوە، لە ماڵی مندا هەزاران چاوهەیە، من بەو چاوانەی ئێوە دەبینم نەک بەچاوی خۆم، ناچمە هیچ سەفەرێک، لەو چاوانەوە سنوری نیشتمان و شار ودرەختەکانی ئێوە دەبینم، ئەو پیاوە پیرە جەللادە سەیر باسی شەقام و کۆشک و جلوبەرگی خەڵکی ئەسفەهان و سەمەرقەند وئازەربایجان ومەغریب و سلێمانی و میسری کردبوو، وتبووی من لەو چاوە دەرهێنراوانەدا هەمووشتێکی نیشتمانی ئەوکەسانە دەدۆزمەوە، بەوچاوانەی دوای دەرهێنانیان کە لای خۆم دەیانهێڵمەوە ناو شەقام وکوڵان وناو ماڵەکانی ئێوە دەبینم.

[illegible]
شەقامەکانی بەغداد، نە دەنگی ئەو پیاوە پیرە جەللادەی بیستبۆوە، نە دەنگی کەسێک لە شەقامەکانی دەوروبەریدا، بەبێ ئەوەی لە کاتی چاو دەرهێنانیدا بەدەستی ئەو جەللادە پیرە هیچ ئازارێکی چەشتبێت، تەنیا ئەوەندە هەستیکردبوو کە ئەو ڕۆژانێک لەمەوبەر لە بەغدادا چاوی دەیبینی و هێشتا بۆنی چای بۆندار لەبەرگەکانی دەهات، کەچی ئێستا لە هەمان شاردا جودا لەو ڕۆژانە ئەم لە جیهانێکی تردا دەژی، لەناخەوە بەغداد دەبینێ نەک بە چاوی ڕۆژانێک لەمەوبەر.

ئاوا باپیرەم منی بە دونیای کوێرەکان ئاشناکرد، ئەومنی لەناو پیشانگەیەکی گەورەی وێنەی کوێرەکانی ئەم وڵاتەو وێنەی کوێرەکانی شاردا پەروەردەکرد، وێنەی ئەوکوێرانەی بە ڕێگە جۆربەجۆرەکاندا گەیشتبوونە ناومالەکەی ئێمە، ئەو ژوورەی کە سەدان وێنەی پیاوی کوێر بە دیوارەکانییەوە هەڵواسرابوو، ئەوە ژوورێکبوو کەس لەم شارەدا ژوورێکی ئاوای نەبوو کە پڕبێت لەوێنەی کەسانی کوێر، ئەو ژوورەو وێنەکان بۆ من هەر لە منداڵییەوە خستمیانە سەر ئەو ڕێگەیەی تا فێری گەڕانبم بەناو ئەفسانەی کوێربووندا، لەو وێنانەوە من ئاشنای دونیایەک بووم کە پڕە لە نهێنی بینین و گەڕان بە شوێن غەزەل و ژیانی کوێرەکاندا نەک شتی تر، ئەو دونیایەی دواتر بۆمن بەختێکی خراپی هێنا، من ئێستا لە کوێربوونێک نادوێم کە خودا بە بەندەکانی خۆی دەبەخشێ لە تەمەنە جیاجیاکاندا، من لەوساتە شوومانە نادوێم کە لە سەردەمی خەلیفەکان و سەردەمی عوسمانییەکان و دەرەبەگە ئەوروپییەکان و سەردەمی ئیماراتی ئەردەڵان دا کوێر بوون بەرامبەر خەڵکی ناڕازی پەیڕەودەکران، کوێربوون بەشێکە لە کولتووری هەموو میللەتێک، هیچ شارستانییەتێک نادۆزیتەوە حیکایەتی کوێربوونی تێدا باسنەکرابێت، بینین بەچاوی دڵ لەلای کوێرەکان بۆ شتەکانی دەورو بەریان هەمیشە باسوخواسی ناوخەڵکی و شوێنی گەورەپیاوان بووە، ئەو جەللادانەی ڕۆژگارێک لەمەوبەر کاری چاو هەڵکۆڵینیان لەزیندانەکاندا کردبوو بەپیشە، دەبێ چۆن چۆنی خۆیان لەبەردەم دوا ڕووناکی و بینینی ئەو کەسانەدا ڕاگرتبێت کە چاویان هەڵکۆڵیوون، یان بە شتێکی تیژ بۆ هەمیشە کوێریان کردوون، دواندنی ئەو جەللادانە بۆخۆی بە شێکە لەنووسینەوەی مێژوویەکی ونبوو کە کەس تاکو ئێستا نەی توانیوە بیاننووسێتەوە، یان بەشوێنیاندا بگەڕێت، زۆر شت لە ژیانی زیندانییەکان و جەللادەکانیان لە سەردەمە جیاجیاکاندا نووسراونەتەوە، کە چی یادەوەری ئەو جەللادانە بۆکوێرکردن و چاوهەڵکۆڵینی بەندییەکان کەمترین لاپەڕە دەبن لەناو کتێبخانە گەورەکانی دونیادا، من بەتەنیا لە باپیرەمەوە لە زمانی پیرە جەللادەکەی سەردەمی حوکمی (عەبدولکەریم قاسم)ەوە بیستم کە ئەو پیرە جەللادە خەریکی نووسینەوەی یادەوەرییەکانییەتی بەناوی هەموو ئەو کەسانەیشەوە کە بۆ خۆی چاوی دەرهێنابوون. حیکایەتەکانی ئەو سەردەمەی شاری بەغداد هەموویان ئاوا دەگێڕنەوە ئەوکەسانەی کراون بە میر وحاکم و دەسەڵاتدار، یەکەم کاریان ئەوە بووە ناردوویانە بەشوێن پیاو کوژەکاندا، لە ناویاندا ئەوکەسانەی کاری چاوهەڵکۆڵینیان وەکو پیشە کردووە بە کاری ڕۆژانەی خۆیان. هیچ ناپاکییەک بەقەدەر چاوهەڵکۆڵینی گیراوەکان لە شارستانییەتیەکاندا ناشیرین نەبووە و نییە، (کاتێک کەسێکی گیراو بە دووچاوی هەڵکۆڵدراوەوە دەکوژرێت، ئیتر دووچاو بۆ هەمیشە لەسەر زەوی بە شوێن جەستەی خاوەنەکەیدا دەگەڕێت، خودا هەمیشە بەهرەیەک بە کۆیلەکانی خۆی دەبەخشێ، ئەوانەی ئەم دونیایەیان لەبەرچاو تاریکدەکەن، بەڵام ناتوانن ڕووناکی ڕۆحیان بکوژن، نازانن کە خودا دونیایەکی لە ئێرە ڕووناکتریان پێدەبەخشێت) ئەمە ئەو قسانە بوو کە باوکم لەناو وێنەی کوێرەکاندا پێیدەوتم، ئەو وێنانە بۆ من لە ناویشیاندا وێنە گەورەکەی باپیرەم فێری ئەوەیانکردم کە دەبێ منیش خۆم فێری ناسینی ئەو شتانە بکەم کە کوێرەکان فێری دەبن، ساڵێک بۆ ماوەی هەشتا ڕۆژ بە بەردەوامی من لەناو وێنەی کوێرەکاندا مامەوە، پەیوەندی خۆمم بە دونیای ڕووناکییەوە بڕی، جلوبەرگێکی کۆنی باپیرەم

[illegible]
دوا ڕۆژەکانی ئەو هەشتا ڕۆژەدا کاتێک خەریکی خوێندنەوەی ئەو نووسینانەبووم کە باپیرەم کاتی خۆی لە بەغدادا نووسیبوونی، سەیر تووشی گەشتێکبووم کە لەبیرکردنی بۆ من گرانە تاکو ئێستا، گەشتێکبوو، گەیشتبوومە شارێک کە پڕبوو لە کەسانی کوێربوو یان کوێرکرابوون، سەرۆک و دادوەرو بازرگان و فەرمانبەر و غەزەل خوێنەکانیشی هەموویان کوێربوون. گەیشتمە شارێک دەبوایە لەدەرگایەکی گەورەوە بگەیشتمایەتە لای (شا)ی کوێرەکانی ئەوشارە، بۆچی دەمویست بگەمە لای شای کوێرەکان لەو شارەدا؟ ئا لەو کاتانەدا دەنگێک کە دەنگی باپیرەم بوو پێیوتم بگەڕێرەوە. دواتر ئەمەم بۆ باپیرەم گێڕایەوە، باسی دەنگی ئەومکرد کە ڕێگربووە لەچوونم بۆلای شای کوێرەکان، ئیتر ئەو تازەمەنێکی زۆر کەوتە فێرکردنم بۆ زیاتر ئاشنابوون بەدونیای کوێرەکان، پێیدەوتم: ئەو کوێرانەی کە وەکو من بەدەستی جەللادەکان کوێردەکرێن وەکو ئەو کوێرانە نین کە خودا هەر چاوی پێنەبەخشیون. ئەو فێری کردم کە زۆرکات بینین لای چاوساغەکان ناکاتە ئەو هۆکارەی کە ئێمە ناوی دەنێین بینینی ڕاستەقینە، زۆرکەس لێرە دووچاوی گەش و جوانیان هەیە، هەزاران ڕووی جوانی شارستانییەتیان پێ بینیوەو هەزاران پەڕەیان بۆ عەدالەت وکاری قێزەون پێخوێندۆتەوە، کەچی ئەوانە لە هەمووکوێرەکانی سەر زەوی کوێرترن. ئەوە لای ئەوانە بەهرەیەکە ماڵوێرانکەرە، بەڵام کوێربوون لای کوێرێک بەهرەیەکە بۆ غەزەل وتن و عاشق بوون بۆ ڕووە جوانەکان. کوێربوون ناکرێت تەنیا وەکو ناو بیبەخشینە کوێرەکان، مۆسیقارو شاعیر وپەیکەرتاش هەیە کوێرن، بەڵام ئەوان بە پەنجەکانیان دەبینن، ئەوان بەپەنجەکانیان شتەکانی دەوروبەریان دەناسنەوە، ئەوان بە پەنجەکانیان حەرفەکان دەبینن. ئاوا بەو جۆرە دونیایەکی جوان بەخەڵکی دەناسێنن، نەک وەک ئەو چاو ساغانەی زۆریان مۆسیقا بۆ جەنگ لێدەدەن. پەیکەر بۆ خائین ودز دروستدەکەن، شیعر بۆ بکوژەکان دەڵێن. ئەم شتانە لە دونیای کوێرەکاندا بوونی نییە، من زۆرکات ئێستا نا بەڵام درەنگتر دەبێ سەرەڕای هەموو ئەو ناعەدالەتیەی بەرامبەر بە کوێربوونم لە بەغدادا کردیان دەبێ سوپاسی ئەو جەللادە پیرەبکەم کە زۆر میهرەبانانە کوێری کردم و لە دونیای ئێوە ڕزگاری کردم.

ئاوا باپیرەم ڕۆژانە بۆم دەدوا، دونیایەکی پێدە ناساندم کە ئەگەر ڕۆژگارێک سەرەی کوێربوونی منیش هات هیچ لەو دونیایە نەترسم و بەکوێربوونم غەمگین نەبم، ئەو ڕۆژانە زۆرکات لەناو ئەو ژوورەی سەدان وێنەی کوێری تێدا هەڵواسرابوو، لە لای ڕاستەوە ناوی کوێرەکان و شارو ڕۆژی کوێربوونیانی پێدەوتم، لەناوئەو وێنانەدا وێنەی ژنێکی کوێری تێدابوو بەناوی (سەلمە) لە ساڵی ١٨٧٢ لە سەردەمی دەسەڵاتی (مەدحەت پاشا)دا بەدەستی پیاوەکانی ئەو پاشایە کوێرکرابوو، باپیرەم تەنیا ئەوەندەی لەسەر ئەو ژنە پێوتم کە عاشقی مەدحەت پاشا بووە، باپیرەم یەک دوو غەزەلی ئەو ژنەی بۆ خوێندمەوە کە بۆ عەشقی ئەو پیاوەی وتبو (چەند بەختەوەرم لە دوای ئەم هەموو شەرمەزارییە.. هەڵۆیەک گەیشتە ناوکەلاوەکانی ئەم شارەو لەبرساندا جەرگ ودڵی منی خوارد، لەناو ئەم هەموو ڕاوڕوتکەرانەدا کەسێک گەیشت و لەمزگەوتی سنگی مندا بانگی بۆ عەشقمدا) باپیرەم قەت حیکایەتی ئەو ژنە کوێرەی بۆ تەواونەکردم ، زۆرن ئەو ئەفسانانەی بۆ کوێرەکان دروستکراون و بەناتەواوی بەجێماون.

دەبێ ئێستا ئێوە ئیتر لەدوای ساڵانێک لەوانەکانی باپیرەم کە پێیدەوتمەوە بە حیکایەتی کوێربوونی منیش بزانن، ساڵانێک دواتر منیش کوێربووم، کوێربوونێک کە جیا لە هەموو کوێربوونەکانی تری ئەم شارە، ئەوکاتانەی باوکم لەشار دووری خستمەوە وبردمی بۆ قوتابخانەیەکی گوندێکی نزیک لە شار تا بمخاتە بەردەم خوێندن، ئەو ڕۆژە باپیرەم پێیوتم کە کاتی کوێربوونی تۆیش هاتووە، من وەکو لقەدارێکی وشک لەبەردەم مێزە تەختەکەی بەڕێوەبەردا وەستابووم، هەموو شتێکیان بۆ تەواوکردم تا وەرمبگرن، بەڕێوەبەرەکە پیاوێکی سەر سپی بوو، پێیوتم ئایا وێنەکەی پشتی سەری دەبینم، تا باشتر لە بینینی چاوم

[illegible]
هەڵبڕی هیچ وێنەیەکم نەبینی هەڵواسرابێت، بۆیە وتم هیچ وێنەیەک نابینم، ئیتر ژوورەکە سەیر شڵەژا، باوکم بەدەنگی بەرز قیڕاندی: سەگ کوڕی سەگ چۆن چۆنی وێنەی پیرۆزی گەورەی وڵات نابینیت، دواتر کتێبێکی پۆلی یەکی سەرەتاییان هێنا تا وێنەکانی ناوی ببینم، من بەدەست هەموو وێنەکانم پێنیشاندان، لەترساندا بە بەڕێوەبەرەکەم وت: ئەو وێنە بچووکەی ژێر شووشەی سەر مێزەکەت کە هی خۆتە دەبینم. ئاوا من لەو ڕۆژەوە لە ئاست زۆرشتدا کوێردەبووم، هەموو ئەوشتانە باپیرەم فێریکردبووم، ئەو فێری کردم کە زۆرکات کوێربوون باشترین شتە بۆمرۆڤ، ساڵانێک دواتر باوکم ئەو ڕۆژەی بیرکەوتبۆوە پێیوتم: سەیرە تۆ لەوتەمەنە بچووکەتدا زۆر ئازابوویت کە بۆ یەکەمجار لەناو ئەم هەموو پیاوانەدا بتوانیت بە بەڕێوەبەرەکە بڵێیت من وێنەی گەورەی وڵات نابینم، لێمببورە کە ئەو ڕۆژانە دڵگرانم کردیت.

کوێربوونی من بەشێکە لەو سەدان نهێنیانەی کە لای باپیرەم ماوەتەوە، ئەو فێری کردم لەئاست زۆرشتدا کوێرببم، من چاوم درەخت و باڵندەو زۆرشتی تری دەبینی، بچووکترین حەرفم دەخوێندەوە، زۆرکات کە لەناو وێنەی کوێرەکاندا دادەنیشتم وەکو ئەوان کوێردەبووم، سەفەری شارە دوورەکانم دەکرد بۆ دەیان ڕۆژ لەشارەکەی خۆم دادەبڕام، بەڵام من لەبەردەم وێنەی بازرگانە دزەکان و لەبەردەم وێنەی شاعیرە زۆر بلێکاندا کوێردەبووم، من لەکاتی ئاهەنگ و بۆنەکانی وڵاتدا کوێردەبووم، زۆرکات چاوم هیچ وێنەی ئەوکەسانەی نەدەبینی کە خۆیان بۆ هەڵبژاردنەکانی وڵات دەپاڵاوت، لە شاشەی تەلەفیزۆنەکانەوە چاوم هیچ گەورەپیاوێکی جیهانیی نەدەبینی، سەیر لەئاست پێناسەو پەساپۆرتەکەمدا کوێردەبووم، من لە ئاست زۆر شتی ئەم شارەدا کوێرببووم، بۆ زەمەنێکی زۆرچاوم دونیایەکی تری دەبینی نەک ئەم شارەو شتەکانی ناوی، ئەوساتانەی  کوێربوون بۆ من بەهرەیەکە باپیرەم پێیبەخشیم نەک خوداو کەسانیتر، من هەر لەو ڕۆژەی بردمیان بۆ قوتابخانە تاکو ئێستا نەمتوانیوە هیچ وێنەیەکی کەسە خراپەکانی دونیا تادەگات بە وێنەی مۆسیقار وگۆرانیبێژە درۆزنەکانیش ببینم، بەشێک لە شتەکانی دەوروبەری خۆمم بۆ هەمیشە کوێربوون لێی دەشاردمەوە، باپیرەم پێیدەوتم تۆ بۆ هەمیشە زیندوویت، چونکە هیچ شتێکی ناشیرینی دەوروبەرت نابینیت، بینینی شتە ناشیرین و دزێوەکان لەم شارەدا مرۆڤ پیردەکات، ئەو ڕاستیدەکرد ئەوکاتانەی خەڵکی بەدەست وێنەو شتەکانی دەوروبەریانەوە دەگریان وغەمبار دەبوون، من سەیر لەناخەوە ئاسوودە دەبووم، چونکە ئەو شتانەی خەڵکی دەیانبینین وئازاریان پێدەچەشت من نەمدەبینین، بە چەند هەنگاوێک من بەر لەوەی بگەمە لای ئەو شتانەی کە ئارەزووی بینینم نە دەکردن کوێردەبووم، کوێربوونێک کە هەمووئەو شتانە لە بەرچاوم ونده‌بوون و دەچوومە دونیایەکەوە کەپڕبوو لە بەختەوەری، بۆئەوەی ماڵەکەمان پڕتربێت لە وێنەی پیاوە کوێرەکان، سەدان و هەزاران وێنەی ترم لە وێنەی پیاوە کوێرەکان کۆکردەوەو بەدیوارو بە لقی درەخت و بە دەرگای حەوشەی ماڵەکەماندا هەڵمدەواسین، ئیتر ئێمە لە ماڵەکەماندا دوای ساڵانێک هەموومان کوێربووین، کوێربوونێک کە باپیرەم خستینییە سەرێگەی ناساندنی، ئیتر هیچ شتێکی ئەم شارە خراپەمان نەدەبینی، لەگەڵا غەزەلەکانی باپیرەمدا سەفەری ئەوشارانەمان دەکرد کە پڕبوون لە بۆنی خۆش ودەنگی گۆرانیبێژان وغەزەلە دڵگیرەکان، ئێمە بەردەوام لەسەفەردا بووین وشارەکەی خۆمان بۆ هەمیشە لە بیر چووبووەوە.

باپیرەم لە ڕێگەکانی سەفەردا پێیدەوتین: ئەو شارانەی کە پڕبوون لە وێنەی پیاوانی درۆزن ژیان تێیدا بۆگەندەکات، پێیدەوتین: سوپاس بۆ ئەو جەللادە پیرەی کە منی کوێرکردو ڕزگاری کردم لە بینینی وێنەکانی ئەم شارە، پێیدەوتین: ئێمە ئێستا بنەماڵەیەکین ئیتر دەچینە سەر زەمینی ئەو کوێرانەی کە جوانترین ئەفسانەیان خوڵقاندووە بۆ خۆیان، دەچینە سەر ڕێگەی ئەو کەسانەی کە ئیتر نامرن..

# خانمی مردوو

فەرهاد مستەفا

پاییزی ساڵی ١٨٨٨، لەکاتی تەدارەکی بەخاکسپاردنی کەیخوسرەوی کوڕی قۆیتاس شا، موزەفەرخان زۆر بەگوستاخی و نهێنی، خۆی گەیاندە ژێر تابووتەکەی.

ئەو کەسەی لە دەستەڕاستی پێشەوە، قۆڵی تابووتەکەی لەسەرشان نابوو، کوڕە ناوەنجییەکەی قۆیتاس شابوو. لەوکاتەدا نەک سەرنجی ئەوەی نەدا کە ئەو کەسە کێ بوو وابەپرتاو جێگەکەی پێگۆڕی، بەڵکو ئەگەر بەتەواوی شارەزا بە ناخ و بیرکردنەوەکانی بویتایە، کتومت قۆیتاس شای باوکی، بیری لەو مردنە کتوپڕەی کەیخوسرەو دەکردەوە، کەهیچ نیشانەیەکی پێشوەخت نەبوو، بۆ مردنی. هەموو ئەوانەی کە ڕووخساری کەیخوسرەویان لەکاتی شۆردندا بینیبوو، ڕەنگییان بە زارگۆنێکی پیرۆزەیی چواندبوو.

گەیشتنی موزەفەرخان پاش ١٥ ساڵ ونبوون، ئا لەوکاتەدا، بەقەدەر مردنی کەیخوسرەو، پرس و سەرنجی لەگەڵ خۆی هێنا. ڕاستر سەرانسەری خەڵکەکە کەلەوێ ئامادەبوون، تەنانەت بە کوڕەکانی قۆیتاس شا شەوە، نەیانناسییەوە، بەتایبەت ئەو گەنجانەش کە بەشێکی تەواوی قەرەباڵغی تەدارەکەکەیان پێکهێنابوو، نەیاندەزانی، موزەفەرخانی ناو چیرۆکەکان ئەوەتانێ، بەزرپ و زیندوویی، بەشدارە لەو ناشتنە و وەک هەر خاوەن پرسەیەک غەمگینیی و ماتییەک بەڕووخسارییەوە هەیە.

دوابەدوای بەخاکسپاردن و تەڵقین دادانی، یەکەمین کەس داوای لێخۆشبوون و بەهەشت مەئوای بۆ کەیخوسرەو خوێند لەپاش مامۆستای خانەقاوە، موزەفەرخان بوو، کەئەوەندە دانەوییەوە، تاکوتەرایەک لەوانەی موزەفەریان دەناسییەوە، پێیان وابوو، دامێن و کاڵەی قۆیتاس شا ماچدەکات.

[illegible]
ڕووخساره ماتەکەیدا کۆبوبۆوە، بتدیبا دەتووت.. ئەم کابرایە حیلم و داناییەکەی باڵاترە، لە تووڕەبوون و پێزانین بە مەودای دەسەڵاتی.

هیچی نەوت، تەنانەت دەستی نەهێنا بەسەریدا، بەخێرهێنانیشی لێنەکرد، تەنیا شتێک کە وتی و زۆرترین بیرکردنەوەی بە دوای خۆیدا هێنا و پاشتر بۆ ماوەی دە ساڵ زێتر لە ناخ و خەیاڵی موزەفەرخاندا دەنگی دەدایەوە, بەتەنێ وتی:

ـــ خودا جەزات بداتەوە.

هاتنەوەی موزەفەر شا، ئا لەو کاتەدا چەندان مەغزای ئاڵۆزاوی لەگەڵ خۆی هێنا، ئێمە تەنیا هەڵوێستە لەسەر بیرخستنەوەیەک دەکەین.

یەکێک لەو نەریتانەی کە لەگەڵ باڵادەستی مەولا شای باپیرەی قۆیتاس شا داهاتبوو، وەک دابێکی گشتیش سەرجەمی خەڵکەکە پێوەی پابەند بوون، ئەو کەسەی کەسێکی بکوشتبا، ئەگەر ئەو کەسە بیتوانیبا لەکاتی تەدارەکی کەسی کوژراودا بەفریای چوونە ژێر تابووتی کەسە کوژراوەکە بکەوتایە، یاخود لەکاتی مردنی کەسی هەمان خانەوادەدا بەواتە برای یان باوکی کوژراوەکە، هەمان نەزمی بەئەنجام بگەیاندبایە، ئەوا بێهیچ لێپرسینەوەیەکی ئەوتۆ، دەکەوتە بەر یاسای لێخۆشبوون و گەردن ئازادییەوە و هەموو مافەکانی وەک بەر لەڕوودانی کوشتنەکە دەگەڕایەوە و شتەکە ئاسایی دەبووەوە. بەڵام ئاخۆ هەموو بکوژێک ئەوەی لەدەستدەهات؟.پێنج لەسەدی بکوژەکان، نەیاندەتوانی بەو خەونە بگەن و بەخت یاوەریان نەدەبوو، چونکە پەیڕەوکەرانی ئەو یاسایە، بۆ خۆیان بەرنامەڕێژییەکی زیرەکانەیان دەکرد بۆ بەتاڵ کردنەوەی ئەو گرێبەستە، بەواتە ئۆینێک بوو بۆ خێرا تۆڵە سەندنەوەی مافی کوژراو لە بکوژ، بەوەی بەر لەگەیشتن بۆ ژێر قۆڵی تابووتەکان، ئەو بکوژەیان لەهەنگاو نان دەخست و کوشتنەوەشی لەو کاتەدا، کارێکی سەروو ئاسایی بوو. کە گەلێک چیرۆکی ئازاراوی لەو چەشنە سەرئەنجامە تاڵانە لەمێژووی ناوچەکەدا بوونی هەبوو. بەڵام هاتنەوەی موزەفەر شا لەو کاتەدا, پرسیارێک بوو بەتەنێ لە هەناوی قۆیتاس شاوە سەرچاوەی نەگرت، بەڵکو دواتر ڕژایە ناو بیرکردنەوەی هەموو ئەوانەی ناوی موزەفەرخان و بایەزید یان بیستبوو، تاکە جیاکارییەک لەنێوان ئەوان و قۆیتاس شادا هێندەبوو، کە وەک بڵێیت مردنی کەیخوسرەو، کارێکی ئاسایی بێت و دەبوایە ڕوویبدایە و بەبارتەقای هاتنەوەی موزەفەر، پاش ١٥ ساڵ سەرنج و ماتی نابەخشێت. ئەگەر ئەو کاتە بەهەر سۆنگەیەک بێت، ئاگات لە ناخ وبیرکردنەوەی قۆیتاس شا بوایە، دەتزانی ئەو ڕۆژە تاڵەی بەیاد دەهاتەوە کە بایەزیدی کوڕە گەورەی کوژرا. ئەو ڕۆژە سەختەی یەکێک لە ڕەعیەت و گوێڕایەڵە بەئەمەکەکانی، ئەو موزەفەرەی تاکە ئاوەڵی پەسەندکراوی کوڕە گەورەکەی وخۆشی بوو، کوڕە گەورەکەی کوشت.

قۆیتاس شا، ئەوە یەکەمینجار بوو هەست بە سەختی ئازاری کوڕ کوژران بکات. چەندان شەو نەخەوت و چەندینجار، بە نیوەی شەوێ یا بەربەیان.. بە ئاگادەهاتەوە، زیاتر لەوادەی پێویست خەوی دەزڕا. ئەو بۆ ماوەیەکی درێژ وازی لە ڕاوکردن هێنا و نوێژی جەماعەت و بەزمی گوێندەکانی دیوەخانەکەی تەرک کردبوو. گەر سەرزارەکییانە لەدەرباردا ڕوونکردنەوەیەکیدا.. تاوانی ئەو هیچ پەیوەندی بە باوک و بنەماڵەکەیەوە نییە. بەڵام ئەوە ئاماژەیەکی وریاکەرەوە بوو، کە ئەو کارە، کارێک نییە هەروا تێپەڕێت، مەگەر مرۆڤ دەتوانێت دووجار بژێت؟.

بەتەنێ نەک شا، تەواوی دەربار دەیزانی ئەگەر هاوڕێیەتی بایەزید نەبوایە، هەموو ئەو کارئاسانییەی لە خودی قۆیتاس شاوە بە باوکی موزەفەر کەرەمکرا، دەبوو خانەوادەکەی موزەفەریش وەک سەدان

گوندنشینی ئەوسالانی قات وقڕیدا بۆ جارێکیش بووایە نانی خواردنی گوێدرێژ و سەگ و پشیلەی بچێژتبایە و وەک سەدانی دی، خەونیان بەخواردنی خەپلەیەکی قەندەهاری ببینیایە، ئەگەر منەتیش نەبێت، سەدان ئاش و زلّیاوی ڕۆنەزەنگێک، لە بوونی ئەو برادەرێتییەوە، لە ئاشپەزخانەکەی ماڵە باوانییەوە، دەیووت: برسێتی بوونی نییە.

ئەو سالانی گرانییە، چەندان کەس کچەکانیان لە هاوسەنگی قزناغێک گەنم هەرزانفرۆشکرد. ڕاستر، شا نەیدەویست سالانی قات وقڕی بیربکەوێتەوە، کە هێندەنەبوو بەخۆیاندا هاتبوونەوە. سەیریش نەبوو.. بەر لە یادی چلەی بایەزید، تەواوی خانەوادەکەی موزەفەرخان ئاسەواریان نەما، وەک بلّێیت بۆ ونبوونی هەموو خانەگومانێک، قۆیتاس شا خۆی سەرپەرشتی پرسەکەی دەکردن. تا ئەو مندالّەی بەدزییەوە هەوالّی کوژرانی بایەزید دەبیستێت، کە کەسێک پرکێشیکردووە ناوی موزەفەر خانە.

دەیان پرسیار لەپای کوژرانی بایەزید بوونی هەبوو، سەدان چیرۆکیش لە شێوە و چۆنێتی کوژرانەکە داڕێژرا. کە خودی قۆیتاس شا، چەندان چیرۆکی جیاواز جیاوازی بیست و هیچیان بایی ئەوەندە نەبوو، موزەفەر دەستی بچێتە بایەزید و لە ناوی بەرێت.

چیرۆکەکان کە بەیانکران، هیچ هێزێک ناتوانێت زەفەر بە سڕینەوەی بەرێت. موزەفەر لە پالّەوانی زۆر چیرۆکدا هێندە زیادەڕۆییان پێوە لکاندبوو کە چیرۆکەکە هیچ پەیوەندی بەچیرۆکی کوشتنی بایەزید و بکوژی موزەفەرەوە نەمابوو، هێندەی ئەوەی لەناو گشت چیرۆکەکاندا پالّەوانی خێرومەند بەر موزەفەر دەکەوت و لایەنی شەڕو خراپەکاریش بۆ بایەزید. هەر ئەو ڕۆژەی بایەزید کوژرا، ونبوونی موزەفەر دەستپێیکرد.

ونبوونی موزەفەر و دۆزینەوەی تەرمی بایەزید لە بێشەلانی نزیک بە گوندی (کاولاخ) مردنێکی ئاسایی نەبوو. دەرچوونی موزەفەر و بایەزید بەبێ هیچ پاسەوان و غولام و قەرەواشێک، شتێکی ناجۆر نەبوو، دەیانجار پێشتر بوونی هەبووە، گەلێکجار ئەو چوونە لێرەوار و سەیران و ڕاووشکارانە، حەوتووی دەخایەند و هیچ ئاماژەیەک نەبوو بۆ سلّەمینەوە و پرسیارکردن.

قۆیتاس شاش نە خەونێکی پێشتری بینیبوو، نە خەیالّێکی لەو جۆرانەی هەبوو. مەگەر زیادەڕۆیی چیرۆکەکەمان نەبێت، یەک دووجارێک، زەماوەندی (شیلانێ)ی تاقانە کچی، بۆ موزەفەر، لە پانتایی بیرکردنەوەدا خەیالّێکی ڕاگوزەری قۆیتاس شابوو.

کوشتنی بایەزید بەو ئاسانییە، لە نێوان کوڕی فەرمانڕەوا و کەسێکی زەنگین نەهەروا سانابوو، نەگرێی چیرۆکێکە، کە مەودایەک بە درێژبوونەوەی گێرانەوەکان بدات. یان هەموو کەس توانای کوشتنی هەیە و دەتوانێت ببێتە بکوژ؟ بەمانا هەموو کەسێکیش گریمانەی کوشتنی لێدەکرێت؟.

ئەگەر کوشتنەکە پێنج شەش سالێک لەوەوبەر ڕووی بدایە، بێهیچ شەنوکەوێک لە ئەستۆی قاتوقڕی و برسێتی ونەهاتندا، دەیانقەبلاند. یان بە پیلانی ناحەزانەی قاجارییەکان لە هەمبەر والی عوسمانییەکان دایان دەنا، کە زۆر بە ئاسانی تووڕەیی و غەزەبی قۆیتاس شا بەرانبەر یەکێکیان لەبەرانبەر بەرژەوەندی ئەویتریان بڕژێت و تا ماوەیەکی درێژ سەرقالّبوونێکی بێتامیان لەلابخولّقێنێت و پێیانەوە غافلگیربن، کە ئەو ڕووانینەش سۆنگەیەکی پەسەندی زۆرینەی کاربەدەستە بالاکانی قۆیتاس شابوون .

وەک پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئەو سالانەی بەر لەو ڕووداوە، لێوەشاوەترین ومەردترین پیشە، جەردەیی و چەتەگەرێتی بوو. تێر بوونی هیچ سکێک بری سکێک نەدەکەوت و ژیانیش کەوتبووە ناو لرفکردنی بابوّلە و ژەمەخواردنێکی هاکەزاییەوە. ئەگەر بیرتیژیی و سەلیقەیی قۆیتاس شا و ڕەندیی و جوامێریی پیاوەکانی نەبوایە و لەپای غەنیمەی شەڕی عەرووس نەبووایە، تەواوی خەلّکەکە بە هیلاک

[illegible]

ئەو ڕۆژەی موزەفەر ونبوو، هەر ئەو ڕۆژەش بێهیچ پێشینەیەکی پێشوەخت ناوی بکوژ بەسەر موزەفەر دابڕێنرا. قۆیتاس شا.. لەمەیاندا پەلەیکرد و تەواوی تەتەر و جارچییەکانی دابەشکرد بەسەر چەند گروپێکدا. بەشێکیان بەرەو حەڵەب ڕۆشتن، بەشێکیان بەرەو شیراز، بەشێکیان بەرەو بەغدا و تاقمێکیش بەرەو ئەستەنبوڵ.

زۆر بەکورتی هیچییان سۆراخێکیان دەستنەکەوت، بێنەرە پێش چاوت بە دوو

مانگ و بەرەو ژوور بەچاوەڕوانی هەواڵ و سۆراخێکەوە بیت، بەرئەنجامیش بێسەرئەنجام، ئەمە چیرۆکێکی ناجۆرە. سەختر، وەک سەرکارەکان دواتر دەهاتنەوە.. دەیانووت فڵانمان کە گەیشتینە بەغدا، نەهاتەوە لەگەڵمان، فلانیان لە شیراز، خۆی لێمان دزییەوە.

هەڵبەت، قۆیتاس شا هەتا دەساڵ زیاتریش، کەسێکی ڕەوتەنی بیووتبا، کەسێکمان بینیووە لە فلان شوێن بە موزەفەر دەچوو، بەپەلە ڕاسپێرێکی دەنارد و لە ڕاستی ئەو دەنگویە خۆی ئارخەیان دەکرد. هەرخۆشی بەدەست وخەتی خۆی لە یەکەمین ساڵی کوشتنی بایەزیدەوە، نامەی بۆ باب ئەلعالی و موشیرپاشای ئەرزەرووم وشای قاجار نووسی و لە سۆراخکردنی بکوژی کوڕەکەی، گەلێک تکاکاربوو.

ئەوەی لەو سەردەمەدا لەدەربارردا بژیایە و لە خەزێنەی قۆیتاس شا، سوودمەند ببوایە، ئەو خەیاڵەی قۆیتاس شای بەبیردا دەهات، هەر کەسە و کێی ویست بیکوژێت و دواتر هەڵبێت، ئەمە هەموو دەسەلاتێک دەخاتە مەترسییەوە. لەوەش گرنگتر قۆیتاس شا، نەتوانێت خوێنی کوڕی بسەنێت و بکوژی نەدۆزێتەوە، چۆن پارێزگاری ئەو ڕەشە خەڵکەی بۆ دەکرێت؟.

موزەفەر خان، ئاخۆ بەر لە کوشتنی بایەزید پلانێکی وایهەبوو، کە پێشتر خۆی بۆ گەشتێکی وا ئامادەبکات؟ یان کوشتنێک ڕوویدا، لە جۆری ئەو کوشتنانەی لەساتەوەختێکی کورتدا لەسەر شتێکی سادە بنیاد دەنرێت و هاوکێشەکەش بەبکوژی کەسێک و کوژرانی بەرانبەر خۆیان دەنووسنەوە؟ هەڵبەت، گریمانەی دووەمیان ڕاستر بوو.

ڕۆشتنی موزەفەر بەو پەڕی نهێنی و گەیشتنی بە کۆڵانەکانی ئاکسەرای ئەستەنبوڵ، چەندین پەڕەی چیرۆکەکەمان دەگرێت. بۆ کورتکردنەوەی .. دەستدەدەینە پەلی موزەفەرخان و لە قەڵەمڕەوی قۆیتاس شاوە هەڵیدەگرین و لە بەیرەم پاشادایدەنێین!.

ئەو کەسەش ترس و گومانی بەئاشکرا بەڕووخسارییەوە ببینرێت و ناشارەزا بە زمانی تورکی و بە تولی عومری خۆی جگە لەچەند سەفەرێکی کورت بۆ ماڵی خاڵوانی لە(تەورێز)، شوێنێکی ئەوتۆی نەبینیبوو، ڕاستر وەک تاقانەی دایکوباوک بوو، هەمیشە مەترسی لە فەوتبوونی بێهۆ، خاڵێکی زەقی دیوی دووەمی ژیانی بوو، کەدەشێت ئەمە یەکێک بێت لەو خاڵە لاوازانەی خوێنەر بەسانایی بروانەهێنێت. کە هەموو ژیان لەسەر گریمانەی ڕێکەوت بەڕێوە ناچێت وهەموو ڕێکەوتێکیش بەسەرئەنجامێکی دڵشادکەرانە ناگەڕێتەوە!.

ئەگەر ئێمە یەکێک لەو گریمانە خەیاڵاویانە بە موزەفەرخان ببەخشین، دەکرێت بڵێین، موزەفەرخان.. هەر لەئەزەلەوە ڕووخسارێکی شەنگ و قۆزی هەبوو، بونیادی جەستەی سەرنج ڕاکێش بوو، بلیمەتییەکی ناوازەیی هەبوو، تخوبی ئەو پاڵەوانانەی تیادا کۆببۆوە، کە ساکارانە ئاستەنگ و هەڵەمووتی نائاسایی بەجێبهێڵێت.

ئەگەر بەشێک لەنهێنی بکوژی موزەفەر و کوژرانی بایەزید بە خانمێکەوە ببەستینەوە، لەوێش دەستگرتنی موزەفەرخان کە هاوسەنگی ڕیتمی چیرۆکەکەمان نەشێوێنێت، بە ئاقارێکدا بەرێت کە درێژە بەمانەوەی

[illegible]

که ئەو خانمە گەر سۆنگەیەک بێت بۆ درێژ کردنەوەی چیرۆکەکەمان، هاوکات هەرخۆشی خاڵێکی لاواز بە چۆنێتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەمان نابەخشێت؟.

ئەوانەی لە چیرۆکدا جێگەیان دەبێتەوە، زۆرجار لە ژیاندا دەبێتە خەیاڵبازی و هەندێجاریش ئەوەی لە ژیاندا جێکەوتی هەیە، لە چیرۆکدا دەبێتە خەیاڵ پڵاوی. وتراوە.. مرۆڤ لەوکاتەوەی فام دەکاتەوە، تا ئەو وادەیەی هۆش لەدەستدەدات، چواردەوری پڕە لەچیرۆک، دیارە خۆشی بەشێکە لە چیرۆک. هەموو هەوڵەکانیش لە پێناوی بە پەرچووبوونی گێڕانەوەکاندایە. با چیرۆکەکەمان نەگاتە ئەو ئاستەی هەرلەئێستاوە بە دوای عوزری زیادەڕۆیی و سوێندی ڕاستبێژی وتنمان بنووسینەوە. موزەفەرخان ، ئێستا بە مانای سەرسامیی و ئەبلەقبوون، دەڕوانێتە دار و سەرای ئەستەنبوڵ. ئەگەر ترس و ڕاکردن لەمەرگ، مەودایەکی نەبەخشی بە موزەفەر تا بە چاوی سەرنجەوە هەنگاو هەڵنەگرێت، ئەوا لێرەدا سنوورێکی دانا، کە دوایین مەودای شاربەدەربوون بێت. هەڵبەت، کە پڵنگێک دەنیشێتە سەر کارمامزێک، کارمامزەکە ئەوەندەی بیر لە مان و نەکوژرانی دەکاتەوە، و هەموو بڕست و هێزێکی لە خێرا ڕۆشتندا چڕدەکاتەوە، ئەوەندە بەخەمی ئەوە نییە، چەند شارای مێروولەی کاولکرد و چەند گوڵی پلیشاندەوە و چ باڵندەیەک لە دیمەنی ڕاوەدونان و ڕاکردنی غەمگینە.

ئێستا، گەر ترسی ناسینەوە و دۆزینەوەش لێینەگەڕابێت و هەژاری و نامۆیی وەک سمێڵە خورماییەکەی بەڕووخسارییەوە گەش بنوێنێت، هێندە فێربووە لە ئاکسەراوە بەرەو لالەلی و بایەزید تێهەڵکێشێت، هەتا ئەمین یونوون لە هەنگاونان چ خەمێکی نەبێت، یان بە ئاراستەی پێچەوانەوە لە ئاکسەراوە تا بەیرەم پاشا و لەوێوە بە مەجید یەکیوییەوە هەتا عوسمان بەی خەمی بەونکردنی جێهەڵگرتنی هەنگاوەکانی نەیەت.

ئەو ڕۆژەی موزەفەرخان گەیشتە ئاکسەرای ١٠١ ڕۆژ بوو موزەفەر کوڕرابوو، ١٠١ ڕۆژ لەهەواڵی باوکودایک، بێهەواڵ و.. .

ئەوەندەی لەم ١٠١ ڕۆژەدا شتی بینی و چیرۆکگەلێکی سەیر و بێمانایی تووشهات، لەخەونی شەوانەیدا ڕێکەوتی نەکرد. هەڵبەت وەک پێشتر سەرنجێکماندا، نووسینەوەی هەموو ئەوانە چەندین لاپەڕەی چیرۆکەکەمان دەبات، تاکە بیرخستنەوەیەک پێویست بکات تا ئەو ڕۆژەی خانمی مردووی ناسی هێشتا (٤) لیرەی ڕەشادی پێمابوو، ئەوەش بۆ کەسێک بونیادێکی خاسمەیی هەبێت، چجای ئەو سەردەمی ئاخۆران و بخۆرانە، نەختینەیەکی زۆربوو.

ئەو کەسانەی خوازیاربن، مێژووی تورکیای کۆن بخوێننەوە، یان شتێکیان لە کتێبەکانی (تەئریخی جەودەت) و( تەئریخی خەیروڵڵە فەندی) و( تەئریخی سۆلاق زادە)ی خوێندبێتەوە، دەزانن ئەستەنبوڵی ئەوسا کە پایتەختی خەلافەتی ئیسلامی بووە، وەک هەموو شارە قەرەباڵغەکانی دونیا، ڕۆژانە هەزاران کەس ڕوویانکردۆتە ئەوشارە و هەزارانیش لێیهاتوونەتە دەرێ. ڕاستر بە پورە هەنگێک چووە وهەریەکەو بەجۆرێک و بە شێوازێک بە ژیانەوە ئالاوە. کەوابێت، بۆ بەدەستخستنی سەرەداوێکی گوزەران بە پاڵەوانی چیرۆکەکەمان، سەرنجێک دروست ناکات، تا غەفڵەت بە بیرکردنەوەکەمان ببەخشێت.

بەو پێیەی موزەفەرخان، لەدەڤەرێکی بەرتەسکەوە هاتبووە ئەم سنوورە بەرین و کراوەیە و بۆ خۆشی وەک خێزاندارێکی هەبوو و ساماندار ناسراوبوو، حۆجەی بەوە نەبوو هیچ جۆرە کارێک بکات لەو کارانەی کە بە بازنی ئاڵتونیی ناوزەد کراوە. کەمە شارەزاییەک کەهەیبوو، ئەو بازرگانییە سەرپێیانەبوو، کە لەشوێنێکی وەک ئەستەنبوڵ نەک پێیان نەدەوت: بازرگان و تاجر، بەڵکە بە عومدەفرۆشێکی گچکەڵەیان لەقەڵەم دەدا، کە کۆمەڵێک کڕیاری دیاریکراو، مامەڵەی لەگەڵ بکەن.

[illegible]
زۆر سادە، تەنانەت بۆینەکرا بۆ دواجار ماڵئاوایی لە باوکی بکات.

ئەگەر دووساڵ لەتەمەنی غەریبی موزەفەرخان بسڕینەوە و گوێ لە قسەکانی بگرین، بایی ئەوەندە بەتورکی دەدوێت، کە جنێویان پێدا، ناحاڵی نەبێت. کە پێویستی بە گێڕانەوە هەبوو، ئەوەندە بڵێت، کە لەمەبەستەکانی حاڵیبن.

ئێستاکێ.. لەلای ئەو خانمە گیرساوەتەوە کە ناونیشانی چیرۆکەکەشمانی هەڵگرتووە: خانمی مردوو.

بەر لە ناسین و خستنەڕووی ڕەهەندەکانی ئەو کارەکتەرەمان، دەکرێت بڵێین بەشێک لەڕەوتاری (ژۆزفین)ی لەمەڕ ناپلیۆنی هەڵگرتووە، جیاوازی بەرچاویش ئەوەیە کە موزەفەرخان نەک نەیتوانی شوێن پێی ناپلیۆن هەڵبگرێت، تەنانەت خاڵێکی هاوبەش نییە لەنێوانیان بۆ بەراوردکردنیان، هێندە نەبێت کە بڵێین: هەردووکیان مرۆڤ بوون. لەوانەش تێپەڕێت ئەو خانمەش لەم دواییانەدا ئەوەندە سەنگ و ئیعتیباراتێکی نەبوو کە بەتەنیا بەنهێنی کاربەدەستە باڵاکانی باب ئەلعالی لێنەشێئەبەند بن.

ڕەوتارێک بەو بەرچاوقایمییە بۆ ئەو سەردەمە، گەلێکجار دەچێتە خانەی باڵابرینێکی زیادڕەوییانە، یان بەدیوەکەیتردا، گەرسەرچاوەی بەخشینەوەی لوتکەی چێژ و ئارەزووەکان بێت، وەک هەموو سەردەمانێک هێشتا ئەو چینەیان پێکنەدەهێنا کە لەبەشخوراوی و سوکایەتیپێکردن هەڵوێستە بەباڵادەستەکان بکەن. کە بۆ خۆیان چاکترین کڕیار و گەورەترین میوانی ژوورە شەهوانییەکانیان پێکدەهێنا.

ئەوانەی لە مێژوونووسەکانەوە، سەبارەت بەو مرۆڤانە بە ئێمە گەیشتوون لە چەند ئاماژەیەکی سەرپێیی تێناپەڕێنێت، یان وەک پێویست نەیانخواستووە بە قەرەی بابەتێکدا بڕۆن، کە پرسیاری ناچیزە یەخەبگیریان ببێت.

ئەگەر مردوو خانم، شاجوانی ئەو ژوورە داخراوانە بووبێت، ئەوا لە پەسترین ڕۆژی تەمەنیدا موزەفەری ناسی.

موزەفەر گەر ڕیشی قەڵەمدان نەکردبوو، چاوی وەک پیاوانی ئەو ڕۆژگارە نەڕشتبوو، بۆنی نائومێدیی و ترسی لێدەهات و پەژارەیەکی قووڵ لەناو چاوەکانیدا شانی دادابوو. هێشتا بە حەماڵ باشییەک دادەنرا، کە بەخت و ڕۆژگار هەردووکیان ناچیزەن پێی.

دوو ئێوارە لەوەبەر، یەکێک لەو فەرماندارانەی تازەکی لە جەنگی (بەلقان) گەڕابۆوە، نەک نەکەوتە مەفتوونی و ڕووپامایی لەبەردەمی خانمی مردوودا، بەڵکو زۆر بێئینسافانە، نزمتر لەوەی لەگەڵ لەشفرۆشێکی پەککەوتەدا هەڵسوکەوت بکات، خراپتری پێکرد.

خانمی مردوو سەدان شەوی لەگەڵ پیاوانی باڵادەست و ئەعیان و ڕەشۆکیش لەسەر باڵینێک بە ڕۆژ گەیاندبوو، لێ.. هەرگیز ڕێکەوتی پیاوێکی وا ناجسن و سەرشێتی نەکردبوو.

وەک خۆی، ڕووخسارێکی هێندە شەنگی هەبوو، بە چەشنێک هەموو ئەوانەی دەیانبینی، ئاڵهایەکی هێندە سەیریان تیاجەمدەبوو، پێشوەختە، ڕازی بوون بەوەی هاوسەرگیریی لەگەڵبکەن. ئەگەر پەسنێکی فیشاڵبازییانەی لەقەبەڵ نەخەین، دەکرێت بڵێین.. ئەمڕۆی جوانتر بوو لە دوێنێ.. جوانییەکی ئەفسوناوی هەبوو.. نە بۆن و نەسەرنجدانی، بەو سۆزانیانە نەدەچوو کە لەسەرەتای تەمەنی لادانیانەوە نەهامەتیەکان لە ڕووخساریان کۆبکەنەوە و سۆنگەیەک بێت بەوەی پیاوانی شەهوانی بەتاقەت نەبن زیاتر لە جارێک لەگەڵیانا جەم ببن.

ئەوانەی باسی خانمی مردوویان بە حەسرەتەوە دەگێڕایەوە، دەیانووت: خاتونێک بوو.. ئەوەی لەگەڵیدا دەنووست، سەروەختێک ڕووداو و بەسەرهاتی جووتبوونەکانی ئەو شەوەی بگێڕایەتەوە، لێیان

ئەوانەش بەسۆراخییەوە بوون و دەستی جووتبوونیانی نەدەگەشتێ، کورتەی ژیانیان لەوەدا چڕ دەکردەوە: کە پێشوەخت هاوسەری قۆمانداریکی پلەبەرزی

باب ئەلعالی بووە، گوایە بەزۆرە ملێی بنەماڵەی خەلیفە بەتەڵاقدان دراوە و پاشتر بۆ ئاشکرانەبوونی ئەو تاوانە هەرخۆیان دەریانکردووە و تۆمەتی زیناکردنیان لە ئەستۆ ناوە .. گوایە ویستویانە داری حەدی لێبدەن و لەبەر دەستنەکەوتنی ٤ شاهیدەکە سزاکەیان بە تانە و دوورخستنەوە لە کۆشک و کەنیزە و غوڵام، چێکردووە.

ئەوەی ئێمە لەم چیرۆکەدا هەوڵی گێڕانەوەی دەدەین، مێژووی ژیانی خانمی مردوو نییە، وەک ئەوەی تانوپۆی کەوتنە زەلکاوی لەشفرۆشییەکەی بگێڕینەوە و ئەو تواناباڵادەستیەشی دەربخەین، تاچەندێ داواکارییە خەیاڵاوییەکانی بە ئەنجام گەیاندراون.

تەنیا دەمانەوێت ئەو چێشتەنگاوە پەستە بخەینە ڕوو کە موزەفەری ناسی. نە موزەفەر دەیزانی، کۆڵ هەڵگرتنێکی سادە سەرلەبەری تەمەنی دەگۆڕدرێت، نە ئەو خانمەش دەیزانی ئەو کەسەی هەڵگری خەم و ئەشکەنجە بەردەوامەکەی ناخی لە ئامێز دەگرێت، کابرایەکی کۆڵکێشی غەریببەیە.

وتمان: دوو شەو لەوەبەر تووشی ئەو فەرماندە سەربازییە بوو، کە بۆنی ئارەقێکی ناخۆش و بۆنی باروت و بۆنساردی خوێنی لێدەهات.

پیاوێک بوو لەو پیاوانەی ژیان و مردن وەک ددان ئاژەنینێک.. وەک خوراندنی ئاڵوشی ناو گوێچکە، یان بیرکردنەوەیەکی کورتی سەر پێشئاوێک دەچوێنن. یان بابڵێین چۆنێتی کارەکەیان ئەوەیان فێردەکات.. هیچ شتێک لە ژیان هیچوپوچتر نییە.. مرۆ بژی یان بمرێت.. کارێکی ئەوتۆ نییە خەمی لێبخورێت، بەو مانایەی ئەو کەسە مەحکومە بە مردن، بەتەنیا پێشکەوتن و دواخستنەکەی تەمەنی، فێڵ لە خەیاڵی کەسەکە دەکات.

جارێکیان خانمی مردوو بە موزەفەری وت:

ـــ بۆ ئێستا هەر هەموویان چاوی هەوەسم تێدەبڕن.. بۆ کە پیربووم قێزم لێدەکەنەوە؟ بۆ من هەمان ئەو کەسە نیم؟!.

ئەو کابرا قۆماندارە.. پێدەچێت لە نێو ئارخەیانی و بەدەستخستنی ئەو هەموو دیل و کەنیزانە، فێری ئەو خووە نالەبارە بووبێت، یان بابڵێین بۆ خۆی سەروسەودایەکی سەیری لەگەڵ خوێندنەوەدا هەبووە و چەندین زمانی زانیوە.. کەسێک توانایەکی عەجیبی لە زانینی زمانەکاندا هەبووە، زمانەکانی ئیتاڵی و فەڕەنسایی و گریکی و ئینگلیزی و عەرەبی بەڕەوانی زانیوە. لەسەروەختی فەرمانڕەوایی (سوڵتان عەبدولمەجید) بۆ ماوەیەک لەلای (مستەفا ڕەشید پاشا) وەک تەرجومانێکی پلەیەک کاریکردووە, هەر لەلای ئەویش مێملیە دێرینەکەی کە هۆگربوونە بەکتێب، زیاتر تەشەدەسەنێت, کە دەشێت ئەو ئاکارەشی لە کتێبی(قوتابخانەی داوێنپیسی)ی(مارکیز دی ساد)ەوە سەرچاوەی گرتبێت، وەک خانمی مردوو دواتر بۆ موزەفەرخانی دەگێڕایەوە و بۆ خۆشی نەیدەزانی پیاوانی لەوجۆرەهەن، داوای لێکردبوو بە ڕووت و قووتی وەک سەگ هەڵنیشێت و لەبەردەمیدا بقروسکێنێت.. یان هەوڵیدا بوو مۆمی تواوە بڕژێنێتە گەلۆزەیەوە.. جارێکیش وەک لە دواوە چووە لای.. هەوڵیدابوو میزکردنەکەی بە ڕووخساریدا بپرژێنێت.

دەشێت ئەوانەی بۆ ماوەیەکی درێژ تەمەنیان لەگەڵ یاسا سەربازییەکان بەسەر دەبەن و ئەرکیشیان بەجێهێنانی کار و فەرمان و یاسای سەربازییە، لەدەرەوەی ژیانی سەربازیشیان ڕەفتاریان هاوشێوەی ژیانی سەربازییەکە بێت و ئاکاریان هەمان خەسڵەتی فەرماندەبوونی ناو سەربازگەی بێت و تەواوی

شتەکانی وەک بەخشین و پیاوێکی چاک تەماشا بکرێ.

داواکارییەکانی ئەو شەوە، کاریگەری کەم نەبوو کە خانمی مردوو، هەتا تەمەنێکی درێژ لەبیری بچێتەوە، بەڵکە ساڵانێک لەوە بەدوا، هەرجارە و بەشێک لەو ئەتوارەی قۆمەندانی بۆ موزەفەر باسدەکرد.

ئەمە بەرز ڕاگرتنی موزەفەر نییە، لەساڵانی دواتردا هەرگیز لە دوای هیچ گێڕانەوەیەکی خانمی مردوو، موزەفەرخان پرسیارێکی دروستنەکردووە کە خانمی مردوو درێژە بەگێڕانەوەکانی بدات.

خانمی مردووش ئەو چێشتەنگاوەشی لەبیرنەدەچووەوە کە موزەفەر بەشەرمەوە، کەلوپەلەکانی خستە زەمیلەکەیەوە و بە پێی هەنگاوەکانی خۆی هەنگاوی دەنا.

ئەگەر لەیەکەم ساتەوەختەوە ئەو ڕووانینە ناشاز و ناجۆر و بەردەوامەی بە پێوانەی نیگاکردنی خانمی مردوو لە موزەفەریش ورد دەبوونەوە، دەبوو موزەفەر هەڵوێستەیەکی پێویستی بکردبا، یان لەئەزەلەوە بۆ ئەوە خوڵقا بوو، کەدەبێت گەلێک کار قبوڵ بکات، کە شایانی نەبوو؟.

ئەو ساتەی گەشتنە بەر کۆشکەکە، دروست.. یەکێک لەکۆشکەکانی گەڕەکی بەیرەم پاشا بوو.

خۆزیا، خانمی مردوو، چارشێوەکەی لانەدەبا و موزەفەریش سوور نەبوایە لەوەی مەجیدییەکان بداتەوە بە خانمی مردوو. بێگومان یان ئەم چیرۆکە نەدەنووسرایەوە. یاخود ئاراستەی چیرۆکەکە بەئاقارێکدا دەڕۆشت، وەک کۆیی چیرۆکی هەموو سەرهەڵگرتن و ئاوارەبوون و ڕاکردنێک، کە هەمیشە کۆتاییەکی تراژیدی سەرئەنجامی چیرۆکەکان کڵۆم دەدەن.

دەشێت، ئەو پێشنیوەڕۆیە، زەللە و لاوازی وتنەوەی سوپاسگوزارییەکەی موزەفەر لەئاستی خانمی مردوودا سەرەتای درێژبوونەوە و ناسینەکان بێت، ئەوا سەرنجدانی خانمی مردوو لە موزەفەر، لە نیگای ژەمبوردەیەک دەچوو کە بە تاسەوە چەند قومە ئاوێک بخواتەوە. یان بە پەسنێکی دیکە، ڕووانینەکەی ڕووانینی کەسێک بوو بەدرێژایی تەمەنی بەحەسرەتی بینینەوەی ئەو کەسە بێت کە لێیدابڕاوە.

ئەوە یەکەمین نیگابوو، خانمی مردوو لە پیاوێک بڕوانێت و خۆشی بووێت. وەک ئەوەی پەی بەوەبەرێت.. پیاوێکی شەرمن لە ژێر نیگا غەمناکەکانی، جوانترین عەشقی شاردبێتەوە.

موزەفەر بە منداڵێکی شەرمن دەچوو لە پڕ بکەوێتە بەر شاڵاوی کۆمەڵێک منداڵی چەتوون و چاوقایم. ئەگەر ئەو کاتە بتدیبا واتزەند دەکرد دەگری. پیاوێک هەر سیمای نێرینەی هەڵنەگرتبوو، وەک ڕووانینەکانی خانمی مردوو بەیانی دەکرد، لە هیچ پیاوێکی دنیا نەدەچوو.

ئەگەر خانمی مردوو ڕێکەوتنێکی لەگەڵکرد هەر بەدوو ڕۆژ جارێک لەم وادەیەدا، تەواوی ئەو شتانەی بۆ بێنێتەماڵەوە کە پێویستییەتی، ئەوا هەر ئەو ساتەوەختەش پارەی شتومەکەکانی دوو ڕۆژ لەوە بەدوای وەرگرت.

لەلایەکی دیکە، ئەگەر موزەفەرخان، سەر ڕاست نەبوایە و دروست لەو کاتەدا ئەو شمەکانەی نەبردبایەوە بۆ ماڵی خانمی مردوو، پێنەدەچوو، خانمی مردوو ئەوەندەی دی شەیدای بووایە و درێژەی ئەو پەیوەندییەش پاش ساڵانێکی درەنگ دوو کوڕ لە داوێنی چاوان هەڵهێنن.

وەنەبێت موزەفەرخانیش هێندە ئاساییانە لە خانمی مردووی ڕووانیبێت، یان ترس لەوەی کە هەموو ئاماژەکان دەیانووت.. ئەو خانمە یەکێکە لە خانمی کاربەدەستە گەورەکان، گەیشتنە بەر کۆشکەکە و هاتنە خوارەوەی بەپەلەی غوڵام و قەرەواش، دڵنیایی بە گومانەکەی بەخشی. ئەوە جگە لەوەی لەکاتی لێکردنەوەی چارشێوەکەی، حەقی بەهەموو ئەوانەدا کە بەناجۆرییەوە تەماشایان دەکرد، خۆبەخۆ، کە دووەمجار چووەوە بەر ماڵەکەی خانمی مردوو نەیتوانی ئەو بەدەنە ماسییەی هیچ پەنجەیەک لە عۆیەی گرتنی نەدەهات، خەیاڵێکی درێژی سەرجێگەی بەرلەخەوتنی پێنەبەخشێت.. چەندێ بەنەرمی دەستی

[illegible]
خەیاڵە داڕێژراوەکانی ونببێت و بسڕێتەوە.. جارەهایجار وێنای پیاوێکی کەتە وناقۆڵاو سمێڵ بابڕی بە شووەکەی دەبەخشی و بە پرتاو دەرگای لەسەر خۆی و خانمی مردوو دەکردەوە.. خانمی مردوو دەیقیژاند و تفی لەو پیاوە سمێڵ بابڕە دەکرد، بەرلەوەی بکەونە بیرازکردنی، ڕستی خەیاڵەکانی دەپچڕاند و ئەمجارەیان خانمی مردوو خۆی دەکەوتە لێکردنەوەی پۆشاکەکانی بەری و... .

ئەو ڕۆژەی خانمی مردوو بە موزەفەری وت:

ـــ هەندێک جلوبەرگ و دیاریم بۆداناویت، هیوام وایە کە بەدڵت بێت.

موزەفەرخان موتەحیرما، نەیتوانی سروشتیانە سوپاسگوزاری بێت، هیچی نەوت، هەرهیچ. تەنها کاردانەوەیەک کەسەرسوڕمانی بەخشی و خانمی مردوو وەخت بوو، باوەشی پێدابکات و شێتانە لەئامێزی بگرێت، چەند دڵۆپە فرمێسکێکی گەش وئاشکرای ناو چاوەکانی بوو کە بەسەر ڕوومەتە پانەکانی موزەفەرخاندا ڕژانە خوارێ. ڕاستر لەعۆیەی شاردنەوەی نەهات.

بۆ دڵی پڕبوو؟! شایانی وەرگرتنی گەدایی و سەدەقە نەبوو؟ یان پاش ٢ساڵ غەریبی و ئاوارەیی کەس میهری بەرانبەر نەنواندووە، یاخود دوایین نیگای ماتی سەعادەتی بەیاد کەوتەوە، کە جگە لەچەند جامولکە دۆ و چەند چڵە ڕێحانەیەک، شتێکیتری پێنەبەخشی؟.

سەروەختێک سەعادەت سەرلەبەری ئاراستەی ژیانی ئاوەژووکرد و نەهامەتییەکان لە چارەنووسیدا خۆیان نووسییەوە، بە دۆزەخێکی سپارد کە بەتەنیا لە پەسنە خەیالاوییەکانی مەلامەحمودی حیکایەتخوان بوونی هەبوو. مەگەر سەعادەت دوایین کیژی ئەم دونیایە بوو کە بایەزیدی لە پێناودا بکوژێت؟.

بایەزید چی وت؟! هێندەی هەموو شازادەکانی ئەم دنیایە ڕاستگۆ بوو! وەک هەموو شازادە و کاربەدەستێکی باڵای ئەم دونیایە گەر بەڕاستیش نەیسەلمێنێت ئەوا وەک خەیاڵێکی ساکار دەتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە داوابکات.. کیژێکی سادە و ئاسایی لە پێخەفیا ڕۆژبکاتەوە، هێندەی ئەوەی موزەفەر بەلاقرتێوە پێیووت:

ـــ ئەم هەموو خۆ سەرگەردانکردن و بێدەنگبوونەت لە پیناوی سەعادەتدا؟ گاڵبدەم هەر باوکی بۆم بێنێت و لەبەر چاوی هەردووکتانا ڕووتی بکەمەوە؟!.

ئالێرەدا گەر لایەنگری نەبێت لە بایەزید، کێ ناڵێت هەمان خەیاڵی ڕاگوزەری قۆیتاس شاش لەهەمبەر شیلانێی خوشکی، ئەوەی نەوتبێت؟.

وەک ئێمە لە ناخ و بیرکردنەوەی بایەزید بێئاگاین، لەسەرەتای چیرۆکەکەمانەوە ئاماژەمان بە تووڕەبوونی لەناکاوی موزەفەرخان نەکردووە!. ئەیچۆن بۆیکرا لەسەر دەربڕینی گوزارەیەکی گاڵتەجاڕیی کەسێک بکوژرێت؟.

خانمی مردوو بێئاگا نەبوو لەو فرمێسکانەی لە فرمێسکی منداڵێکی شەرمن دەچوو. ئەوە یەکەمینجاری بوو خۆبەخۆ دەستی پیاوێک بگرێت، ئەو دەستانەی بە دەستەکانی خۆی نەدەچوون و پڕبوون لە سۆز و خۆشەویستی و شەرم لە گۆیی خستبوو. موزەفەر خان چوون منداڵە شەرمنەکە لۆژ لۆژ کەوتە شوێنی.

خۆشاوێکی لە کاسەیەکی زەرددا خواردەوە کە لەوەبەر نەیچێژتبوو.

ئەوەندە بەسە بڵێین.. ئێستا بوو، ڕووخسارە شەنگەکەی موزەفەر وەک ئەوەی هەیە بەدەرکەوت.. وەکچۆن خانمی مردووش، یەکەمینجارییوو بەخواستی خۆی لەگەڵ پیاوێکدا جووت ببێت، کەشەرم کەلەلای خستبوو.

وەک منداڵێک ڕووتی کردەوە.. وەک منداڵێک سەری گوشی بە سنگییەوە.. وەک منداڵێک کەوتە ماچکردنی

[illegible] لە موزەفەرخانی نابوو، ئەوا بە خەونێکی دەزانی.. نەیدەتوانی لە گریمانەی خەونێک زیاتر تێپەڕێنێت.

پاشتر کە خانمی مردوو سەری خستە سەرشانی موزەفەر و هێواش هێواش دانە دانەی پەنجەی دەستە ڕاستی موزەفەری ماچ دەکرد، سەیری پێهات، هەرگیز کەسێک دەستو پەنجەکانی ماچ نەکردبوو.. ئەو ماچانەی چەندێ نەرم بوون، هەستی دەکرد.. تەواوی بەدەنی خاو دەکاتەوە.. وەک هێزێکی نادیار دەماری لەشی بەئەسپایی ڕابکێشێت و... ئەو دەیویست بیر لە دوای دەست ماچکردنێک بکاتەوە کە نەیکرد.. تەنانەت پێی نەوتن.. ڕووداوێکی لەو جۆرەم بەسەر هاتووە و دایکە هەموو خەم و دڵەڕاوکێکانت بەڕاست وەرگەڕان و... تەنانەت وەک ئەوەی ئێوارە بگەڕێتەوە.. پێینەوتن: نانەکەتان بخۆن و چاوەڕێم نەبن. بەتەنیا چووە گەنجینەکەی پشتەوە و ئەو شوێنەی باوکی لیرەکانی تیادا دەنا.. بە بێژماردن.. چەندانی لێکردە گیرفانی مورادخانییەکەیەوە.

خانمی مردوو بە ئاڵهاوە لێیدەڕوانی.. ڕاستر پێیخۆشبوو گوێبیستی ئەو زمانە تورکییەی بێت کە ناوە ناوە ساتمەی دەکرد. هیچی لێنەپرسی.. وەک بیەوێت نەیسڵمێنێتەوە.. وەک منداڵێکی بەنازپەروەردەکراو دەهاتە پێشچاوی.. کە نەرمترین تووڕەبوون بیگرییەنێت.

ئێمە تا ئێستا نەمانوتووە بۆچی پێیان دەوت: خانمی مردوو، کە لە بنچینەدا ناوی (لوتفیە خانم)ە. وەک تێبینییەکیش بەنزیکەی دەساڵێک لە موزەفەر خانم گەورەتر بوو. موزەفەر دوای یەکەمین ئاوێزانبوونی پێیووت:

ـــ بۆچی پێتدەڵێن خانمی مردوو؟.

ئەگەر خانمی مردوو بزەیەکی تاڵیکرد، هێشتا لە وەڵامدانەوەی بەدرەنگ نەکەوت:

ـــ ئەی.. مردوو بووم و زیندوو بوومەوە!.

خێراش وتی:

ـــ نازانم!.

بەرلەوەی موزەفەرخان هیچ بڵێت، خانمی مردوو لێیپرسییەوە:

ـــ بەڵام ناوێکی ناخۆش نییە؟!.

موزەفەرخان وتی:

ـــ بەڵام هیچ شتێکت بە مردوو ناچێت!.

خانمی مردوو وتی:

ـــ لە مردوو دەترسیت؟

ـــ نا.

ـــ چاوەڕێی ئەوەت لێدەکەم.. ئا.. بەڵام بۆ دەبێت بمرین؟!.

موزەفەر خان وەک هیچ وەڵامێکی تەسکینبەخشی شکنەدەبرد، لەدڵەوە دەیخواست لە بارەی مردن و کوژرانەوە هیچ نەبیستێت و هیچیشی لێنەپرسن.

لێرەوە دەکرێت بڵێین موزەفەرخان وەک شەیدای خانمی مردوو بوو، دەیزانی تەواوی بیرکردنەوە و ترس و خۆشاردنەوەی ناوە ناوەشی پەیوەست بووە بەوەوە. ئەوە نییە هێدی هێدی ڕووخساری سەعادەت کاڵ دەبێتەوە و وەختە نەیناسێتەوە!. ڕاستر ئەوەندەی بیری لێدەکردەوە، هەمیشە نیگا کوژراوەکانی بایەزید جێگەی بە ڕووخساری لەق دەکرد و تەواوی ڕووخساری سەعادەت لەناو ڕووخساری ناڵەی بایەزید ونەبوو.

ئێستا خەیاڵێکی سەیر پەیڕی لێخستبا.. ئاخۆ خەیاڵی هەمیر نەواب بکات کە شەو خەونی خانمی مردوو بۆ هەتا هەتایی بگۆڕێت و خۆی لەباتی هەموو پیاوەکان لەگەڵیا بنوێت؟!.

ئەوە نەبوو ئیدی وەک غوڵامێکی دڵسۆز لە پاینی ژێرخانەکەوە هۆبەیەکی فراوان وەربگرێت و بەحەسرەتەوە تەماشای چوونە دەرەوەی خانمی مردوو بکات و کە دەنگی ناڵی ئەسپ و زایەڵەی چەرخی پەیتونەکان هات، لە گەڕانەوەی ئاگادار بێت. ئەگەر بمانەوێت وێنای ئەو سەروەختەی موزەفەر بکەین، دەتوانین بە پڵنگی سێرکەکانی بچوێنین کە ڕەسەنایەتی و سروشتی خۆی لە یاد دەچێتەوە. یان بەو غوڵامە خەسێنراوانەی لەقەڵەم بدەین، کە مۆرکی بەمرۆڤبوونی لەبیردەچێتەوە. بۆ ڕاستبوونی ئاماژەکەشمان، جارەهایجار دووردەکەوتەوە. بە درۆیەکی کورتیش دەیتوانی درێژە بەگەڕانەوەی بداتەوە.

سەروەختێک (مستەفا ڕەشید پاشا) ئەو بڕیارەی دەرکرد، کە ئەوانەی بە بنەچە تورک نین و دەتوانن خاوەنداریتی بکەن و شوێنی نیشتە جێبوون بکرن، کەمو زۆرێک لە خەڵکانی جیاواز، بنەچەی خۆیان ئاشکرا کرد، بەتەنێ موزەفەر خان نەبێت، کە ئەمەش سروتێکی تازەی بە خانمی مردوو بەخشی، زۆر بەکورتی شەو باڵینی لەگەڵ ئەو ئەعیانانەدا چێدەکرد.

سنوور بەند لە هەموو شتێکدا هەیە. هەڵبژاردنی پیاوێک بۆ هەتاهەتایی، باوکی منداڵ و سێبەری پشوودان بێت، خەیاڵێکی لە ناکاوی لوتفیەخانم یان خانمی مردوو بوو. ئەمە پرکردنەوەی سەبکی چیرۆکێک نییە کە کەسایەتییەکان لە ئاقارێکی دیاریکراودا نیشتەجێ بکات، هێندەی ئەوەی کە کرپارەکانی جەستەی خانمی مردوو، دووبارە بوونەوەی تێکەوت، خەمێکی قورس دایگرت. ئەوە ئەو بوو، وەکچۆن گوڵەکانیش دەزانن تا ئەبەد جوان نامێنن، هێندەی لە تینوو بوون و کرم و هەڵوەرین ترسیان هەیە، ئەوەندەش بەخەمی فەرامۆشبوونەوەن. چ ئازارێک هێندەی فەرامۆشکردن و بە پەراوێز خستن سەختە؟.

ئەوە ئەو نەبوو ئیدی نێوانی بوک و زاواکان تێکبدات و پیاوە پیرەکان بەتەنیا سامانەکانیان بکەنە شاهیدی مەفتونیی و شەیدابوون. پیاوانی باڵادەست لێیبپاڕێنەوە و جەستەی ئەو لە جەستەی حەریمەکانیان بە پیرۆزتر و شیرنتر لەقەڵەم بدەن. ڕەنگ بوو ئیدی خۆشی ئەو حەوسەڵەیەی نەبایە تەواوی جەستەی بە شیلەی هەنگوین بهەنوێ تا جەستەی چرچیی تێنەکەوێت و هەر لە چێشتەنگاوەوە هەتا دوای نیوەڕۆ، بە قاشی سێو خۆی داپۆشێت تا نەرمیی و سروشتی جەستەی نەشەمزێت.

١٠ ساڵ ناسینی موزەفەر، ١٠ ساڵ لە دورکەوتنەوەیەکی منداڵانە و هاتنەوەیەکی بێهۆی منداڵانە، هێشتا لە منداڵە شەرمنەکە لاینەدابوو. ڕێدەکەوت ٦ مانگ لەهەواڵی بێخەبەر دەبوو.. سەراپای پاییز و دوایینی زستان هەروەک گەرمایی هەتاو لە گەڵ خۆی بەرێت، بێپرس.. بێ ئیزن خواستن.. وەک باڵندەیەک خۆشی نەزانێت چ وەرزێک وەرزی کۆچکردنییەتی، سەریهەڵدەگرت و دەڕۆشت.. کە دەهاتەوە چەند تاڵێکی سپی دەکەوتە ڕیشییەوە.

خانمی مردوو لێینەدەپرسی: بۆ؟. وەڵامی پرسی (بۆ)کان لە خەوتنێکی پڕ حەژمەت وندەبوون، نە ئەم دەریدەبڕی و نەئەویش خەمی بەوەڵامدانەوە هەبوو.

ئەوە یەکەمینجار بوو.. خانمی مردوو ئەو داواکارییە لە پیاوێک بکات. دەیانجار و دەیانجار ئەو ڕاسپاردەیەیان لێداواکردبوو، ئەمما هەرگیز بەبیریدا نەدەهات، ڕاستەوخۆ، خۆی ئەو داوایە بکات.

ئەوەی ئاگاداری چیرۆکەکەمان بێت دەزانێت موزەفەریش نەیتوانی یەکسەر وەڵامی بداتەوە.. هەر بەتەواوی منداڵێکی شەرمن نەبوو، هێندەی ئەوەی حەپەسانیش دەمی لە گۆ خست.

بەر لەوەی موزەفەرخان هەنگاوی غەریبەی بنێتە ناو قوستەنتینیە، کەم شەوی هەبوو، بایەزید سەردانی نەکات و ژوورەکەی پڕ نەکات لە گلەیی و لە گازندە و لەسەرکۆنە و لە لاواندنەوە و لە ڕێنومایی و لە لێبووردن.

[illegible]
خەنجەرەکانی پیشانی موزەفەر دەدا، یاخود بە کفنەکەیەوە بەرامبەری دادەنیشت و یەکبین تفی لێدەکرد، ئیدی لە گەڵ دۆزینەوەی بەر دالآنێکی خانوویەک لە(ئەمین بەی) موزەفەر کاتی هاتنی بایەزیدی دەزانی و بەگەیشتنیشی تەواوی ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی بۆ دەگێڕایەوە. تەنانەت سەروەختێک لە ژێرخانەکەی خانمی مردوو ستارەی گرت، چ کاتێک بیخواستبا بایەزید دەهاتە کنی. شەوێکیان گەر ڕووناکی فتیلەکەی دەستی خانمی مردوو نەبووایە، ڕەنگبوو بیبینیایە، کە بەیانییەکەشی لێپرسییەوە:

ـــ ئەمشەو لەگەڵ کێدا قسەت دەکرد؟.

موزەفەر هێندەی وت: هیچ کەسێک.

خانمی مردووش لەسەری نەڕۆی.

بەرلەوەی دووەمین منداڵی ببێت، لوتفییەی هاوسەری تەگبیری گەڕانەوەی بۆکرد. بەر لەوەی بگاتە ژێر تابووتەکەی کەیخوسرەو، خانمی مردوو لەسەر داوای موزەفەرخان، خانووەکەی بەیرەم پاشایان فرۆشت و لە قاسم پاشا خانوویەکی دیکەیان کڕی و تەواوی قەرەواش و ئاشپەز و نۆکەرەکانیشی گۆڕی، ڕاستر بە تەنیا ئاشپەزچییەک ولالەیەک و کارەکەرێک و باغەوانێکی تازەیان دامەزراند.

گەڕانەوەی ناکاوی موزەفەر و هێندەی تەمای لێخۆشبوونی هەڵگرتبوو، ئەوەندەش بەعەزرەتی هێنانی باوکو دایکی بوو بۆ ئەستەنبوڵ.

ئەگەر یەکێک لە پیاوەکانی قۆیتاس شا، بیناسیبایەوە، ئەو چەند ساتەوەختە کورتەش لەوێدا نەدەمایەوە، ئیدی.. موزەفەر تەنیا موزەفەرێک نەبوو یادەوەرییەکانی فڕێبدا و بخوازێت، ئەو شەوە بمابایاتەوە، ڕەنگبوو بیانکوشتباو سەرلەبەری نهێنی گەڕانەوەی خۆی بۆ قۆیتاس شا، باسبکردبا، بێهیچ گرێیەک لێیخوشبایەو کۆتایی بەو موزەفەرانە بهێنابایە ، کە بە دیمەن لە جەستەیەکدا خۆی حەشاردابوو، ئەمما دەیان موزەفەر بوو، گەشتێکی مەئیوسانەی دەکرد.. . موزەفەرێک گەر بەجەستە دەیتوانی لەنێو باغەکەدا قلیان بکێشێت، هێشتا دەیزانی موزەفەرێک ئەوەتا کۆڵکێشە و بەخەمی ئەو خانمەوە نییە تەواوی دوکاندارەکان بە عەزرەتەوە لێیبڕوانن و.. موزەفەرێک، ئاوڕ بۆ کەسێک دەداتەوە بەزمانێکی سەیری کوردانە قسەدەکاو کەسەکانی چواردەوری لێیتێناگەن.. موزەفەرێک بە بژارکردنی باخەکەوە سەرقاڵە و موزەفەرێکیش بە دوی ئەو پیاوانەدا عەوداڵە کە هێشتا دەستبەرداری نوستنیان لە گەڵ لوتفیەدا نەماوە.. موزەفەرێک پرسیاری موزەفەری لێدەکەن و پێیان دەڵێت خۆمم و بڕوای پێناهێنن.

موزەفەر کە لەسەروەختی ناسینی خانمی مردووەوە بە ناوی (بەیداڵ)ەوە ناسێنرابوو، چیدی لە ڕۆشتن و خۆونکردنە منداڵانەییەکەی بەتاقەت نەما، بەڵکو دەیتوانی جارجارەش بەگژ لوتفیەخانمی هاوسەریدا بچێتەوە و گاڵتە بەو نوێژانەی بکات، کە لەوادەی خۆیدا دەیکردن، تەنانەت کەیفی بەوە دەهات، وردەکاری نهێنییەکانی ئەو پیاوانە بداتەوە بە ڕویدا کە خۆی ڕقی لێیبوون، بە کورتی موزەفەرخان، پاش گەڕانەوەی زیاتر لە خواردنەوەی مەیدا ڕۆچوو، کە گەلێکجار لە چێشتەنگاوەوە هەتا درەنگانێکی شەو، دەستبەردار نەدەبوو.. وەک لوتفیەخانم پێیدەوت:

ـــ بۆنی سرکەی ترشاوت گرتووە.

ئێستا قنچکی سمێڵەکانی وەک تورکێکی ڕەسەن بەرەو پایینی لووتی هەڵگەڕاوە، تەنها جیاوازییەک.. سپی سپی.. لەوەتەی خانمی مردووش چاوەڕێی مردن بوو، خەنەی تێنەدەگرت..

ئەوەتا.. دەڕوانێتە یەکە بەیەکەی ئەوانەی هاتوون سەرەخۆشی لێبکەن، کەچی بەکەسیان ناڵێت:

ـــ خودا جەزات بداتەوە.




قەفەزێک پڕ لە مریشکو کەڵەشێری لاری‌و مەسڵەحەو پۆپەماری‌و چیل چیلو زیرەیی‌و چیتینو کلاودارو کولو پاکولو جووجەڵەی بابردەڵە لە بەستێنی شۆستەیەکدا، لە قەراخ جۆگەلەیەکی شەختە لێدراوی بەستوو دانرابوو. لە نێو جۆگەلەکەدا، تلپەی چاو خوێنی دەڵەمەبەستوو و دەنکە هەناری گوشراوو پێستی پرتەقاڵو گەڵای وشکو گەندو گوو شتی دیکە دەبینرا.

لە لێواری جۆگەکەدا، لە تەنشت قەفەزەکەوە چاڵێک بوو تەژی لە خوێنی دەڵەمەبەستوو و لێوانلێو لە: پەڕوپۆی مریشک، شەلەمی گەنیوو، قنگە جگەرە، سەروپێی براوی مریشکو شیاکەو تەوسەقول.

بنی قەفەزەکە تەڕبوو، بەریقنەی مریشک فەرشکرابوو. خۆڵو کاوو پێستی هەرزن ئاوێتەی ڕیقنەکان ببوون، پەڕوپۆی مریشکو کەڵەشێرەکانو پێیان تەڕبوو، تەڕ لە ڕیقنە. جێگەکەیان تەنگو بچووک بوو، هەموویان لێک ترنجاو پەستاوبوون، وەکو دەنکەکانی گەنمەشامی پێکەوە نووسابوون، جێگە نەبوو هەڵکورمێن، جێ نەبوو ڕاوەستن، شوێن نەبوو سەرخەوێک بشکێنن، بەردەوام دەنووکیان لەسەر یەکتر ئەداو کاکۆڵی یەکتریان هەڵدەکەند.

جێگە نەبوو، هەموویان چاوترسێن ببوون.. شوێنی هەموویان تەنگو تەسک بوو، هەموویان لەسەرمادا ئەلەرزین، گشتیان برسییان بوو لەگەڵ یەکتردا نامۆبوون، هەموو شوێنێک بۆگەنی لێدەهات، هەموویان چاوەڕێ بوونو هیچیان وەزعو حاڵیان لەوانیتر باشتر نەبوو، خڕ هەموویان لەیەک ئەچوون.

ئەوانەی بەدەنووک لەسەریان درابوو سەریان دادەنەواندو لەژێر پەڕوباڵو نێو لاقی ئەوانیتردا خۆیان حەشارئەدا، پێیان خۆشبایە یان نا، دەندووکیان لە جیقنەی بنی قەفەزەکە ئەکەوتو دواتر بەناچاری پێستی هەرزنیان هەڵدەگرت، ئەوانەش کە لەبەر تەنگی جێگە، ڕێگەیان نەبوو دەنوک لە ڕیقنەی بنی قەفەزەکە وەردەن، بەناچاری دەنووکیان لە میلی قەفەزەکەیان ئەداو بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەرەوەیان ئەکرد، لێ قازانجی بۆیان نەبوو، ڕێگەی دەربازبوون نەبوو، شوێنێک بۆ حەواندنەوەو ژیان نەبوو، نە دەنووکی پێشە

[illegible]
نەبوو، بەڵام سەرقاڵی ئەکردن، دونیای دەرەوە لەگەڵ ئەواندا دڵڕەق و نامۆبوو، نە چاوە خەمبارو نەڕوانینە ئازاراویەکانیان و نە جوانیی و شەنگیی پەڕوپۆیان هیچکامیان نەیدەتوانی یارمەتیدەریان بێت.

تێک دەچرژان و دەنووکیان لە ڕیقنەی خۆیان وەرئەداو لە سواڵەتێکی شکاوی تەنشیت قەفەزەکە ئاویان ئەخواردەوەو سەریان بەنیشانەی سوپاس هەڵدەهێناو چاویان ئەبڕییە میچی درۆیین و پیس و گەپچاڕی قەفەزەکەو قورگە نەرمو ناسکەکانیان ئەجووڵاند، لەو کاتەدا خەونووچکە ئەیبردنەوە هەموویان چاوەڕێ و چاوەڕوان بوون، سەر لێشێواو و چارەنووسێکی نادیار، دەربازبوونیان بۆ نەبوو، جێگەی ژیان و یاخود هەڵاتنیش نەبوو، دەرچوون لەو زەلکاوە بێ مانابوو، دەتگوت خڕ هەموویان بەکۆ مەحکووم کرابوون تا لەسەرماو نامۆیی و تەنیایی و سەرلێشێواوی چاوەڕوانیدا بژین، لە پڕ دەرگای قەفەزکرایەوەو جووڵە جووڵ و هەراو مەنگامەیەک کەوتە نێوانیان، دەستێکی ڕەشی سووتاوو ڕەگ دەرپەڕیو، چڵکن و زبر خۆی خزاندە ئەو نێوەو بەناو دیلەکاندا کەوتە گەڕیان، دەستەکە بەدڵڕەقی و تووڕەیی و بێ ئاوڕدانەوە کەوتە دروێنەکردنیان، قرمو قاڵێکی خستەوە، هاوسجنەکان بۆنی ناسیاوی مردنیان هەست پێدەکرد، موچوڕکیان پێدا دەهات، بەپەلەقاژێ و فرکەفرک لە ژێر پەڕوباڵی یەکتردا خۆیان ئەشاردەوە، لێ دەستەکە بەسەر سەریاندا ئەسوڕایەوەو وەکو مگناتیزێکی بەهێز ئەوانی بەچەشنی وردە ئاسن ئەخستە لەرزین.

دەستەکە هەموو شوێنێکی پشکنی، لەدەرەوە جووتێ چاو وەکو ڕادار ڕێنمایی ئەکرد، لە ئاکامدا ژێرباڵی جووجەڵەیەکی بابردەڵەی گرت و لەوانی دابڕی، بەڵام هێشتا دەستەکەو جووجەڵەکە کە ئەی جیکاندو ئەیقریشکاندو بۆ ڕزگاربوونی هەوڵی ئەداو باڵەفرەی بوو، بەسەر سەری مریشکو کەڵەشێرەکانیتردا ئەسوڕانەوەو لە قەفەزەکە نەچووبوونە دەرەوە کە ئەوانیتر، سەرلەنوێ، لەو شوێنە بۆگەنەدا دانەوێڵەیان هەڵدەگرت و لەسەرو گوێلاکی یەکتریان ئەدا، سەرماو برسێتی و سەرلێشێواوی و نامۆیی و چاوەڕوانی بەردەوام بوون، هەموو نامۆو بێ ئاگالەیەک، بێ بەزەییانەو بەچاوی غەنیمەوە لێکیان ئەڕوانی و یان خود بەچنگ لەشی خۆیان ئەخوراند.

لەبەردەم قەفەزەکەدا، کێردێکی تیژو کۆن لە گەرووی جووجەڵەکە خشاو خوێن بازرەقەی بەست. مریشک و کەڵەشێرەکان لەناو قەفەزەکەوە ئەیانبینی، گارەگاریان ئەکردو دەنووکیان لە میلی قەفەزەکە ئەگرت، لێ دیواری قەفەزەکە سەخت و ئەستەم بوو، دەرەوەی لێ دیاربوو، بەڵام ڕێگەی بەکەس نەدەدا..

ئەوان بەسەرسوڕمان و ترس و چاوەڕوانی و بێدەسەڵاتییەوە، ئەیانڕوانییە خوێنی فوارە بەستووی ئەوهاو بەندییەیان کە هەنووکە ڕزگاری ببوو. ڕێگەی چارەنەبوو، تۆزی مردن لە قەفەزەکە پژێنرابوو ئەوانیش کڕو بێدەنگ..

هاوکات، کەڵەشێرێکی ڕووسووری گەش، پەڕوپۆ ڕەنگین، بەدەنووک لە سەر ڕیقنەکە هێڵێکی کێشا، سەری هەڵهێناو مریشکێکی سووری تۆخی دایەبەر دەنووک. مریشکەکە بەناچاری فسی خواردو کەڵەشێرەکە بەگورجی بەسەریا تسی، مریشکەکە زمان و دەنووکی لە ڕیقنەکە ڕۆچوو هەستایەوە، جووڵەیەکی کردو پەڕوباڵی گیف کردەوەو پاشان دەستی کرد بەخواردن، تاوێک هەڵکورما، ئیستێکی کردو سەرلەنوێ دەستی کردەوە بەخواردن، قیژەو گارەگاری مریشکێک بەرزبۆوە، نەختێک بەدەوری خۆیدا هەڵسووڕا. لەپڕ، بەخێرایی لەناو قەفەزەکەیدا هەڵنیشت و بەترسەوە، هێلکەیەکی بێ توێکڵی دەڵەمەی خوێناوی فرێدایە سەر ڕیقنەکە. هاوکات، دەستە ڕەشە ڕەگ دەرپەڕیوە نەحس و نەگریس و زبرەکە دڕی بەهەوای قەفەزەکە داو هێلکەکەی لە نێو ئەو گەن و گووەدا ڕفاند، هەر ئەوکاتەش لە دەرەوەی قەفەزەکەدا، زارێک وەکوو گۆڕکرایەوەو هێلکەکەی قووتدا، هاو قەفەزەکان، لە چاوەڕوانیدا، چاویان بڕیبووە پێش خۆیان.

- چیل چیل: ئەو باڵندەو مریشکانەی هەر پەڕێکیان بەڕەنگێکە.
- غەنیم: دوژمن - نەیار.
- بەستێن: کەنار- قەراخ - لێوار.

# ویــــــــــژدان

ئیتالۆ کالڤینۆ



لەفارسییەوە: جەبار سابیر

جەنگێک هەڵگیرساو پیاوێک بە ناوی لویچی، وەک خۆبەخشێک پەیوەندی پێوەکردن کە بەشدارییکات. هەموو هانیاندا. لویچی ڕۆی بۆ شوێنێک کە تفەنگیان لێدابەشدەکرد. تفەنگێکی وەرگرت و وتی: (ئێستا دەڕۆم و ئەلبێرتۆ دەکوژم). لێیان پرسی ئەلبێرتۆ کێیە؟ لە وەڵامدا وتی: (دوژمنە، دوژمنی من).

بۆیان ڕوونکردەوە کە بڕیارە دوژمنێکی تایبەت بکوژێت، نەک هەر کەسێک خۆی ئارەزووی کوشتنی بکات.

لویچی وەڵامی دایەوە: باشە ئەمە ڕوونە، واتێدەگەن کەرم؟ ئەم ئەلبێرتۆیە دروست هەمان ئەوەیە کە ئێوە دەیڵێن! یەکێک لەو دوژمنانە. کاتێک بیستم کە نیازی شەڕمان لەگەڵ ئەوان هەیە، وتم باشە! منیش ئەڕۆم، بەمجۆرە دەتوانم حەق و حساب لەگەڵ ئەلبێرتۆ ببڕێنمەوە. واتێدەگەی من بۆچی خۆبەخشانە هاتووم؟ من ئەم ئەلبێرتۆ ناکەسە باش دەناسم. مرۆڤێکی شەللاتییە. ناپاکیی لێکردووم. کارێکی کردووە کە من لە ختوخۆڕا، بەرامبەر ژنێکی بەرەڵادا بم. چیرۆکەکەیش دەگەڕێتەوە بۆ زەمانێکی زۆر دوور. گەر باوەڕیش ناکەن دەتوانم ڕووداوەکەتان بۆ بگێڕمەوە، وتیان: (زۆر باشە پێویست ناکات).

لویچی وتی: (چاکە، بڵێن ئەلبێرتۆ لەکوێیە تابچمە ئەوێ و پەلاماری بەم).

وتیان: (ئێمە لە بارەی شوێنی ئەلبێرتۆوە زانیاریمان نییە)، وتی: (گرفتێک نییە! کەسێک دەدۆزمەوە شوێنەکەی بزانێت. درەنگ یازوو دەستم بەو ناجسنە هەر دەگات.)

وتیان بەمجۆرە نابێت، خۆبەخشانی جەنگ دەبێ بۆ هەر شوێنێک کە بۆی ڕەوانەبکرێن بڕۆن و

بجەنگن و ئەو ژمارەیەی هێزی دوژمنی کە لەوێدە بیانکوژن. وتیان کە ئەوان شتێک لەبارەی ئەم ئەلبێرتۆیە نازانن.

لویچی وتی: (ببینن! وەک ئەوە وایە بەڕاستی چیرۆکەکەتان بۆ باسکەم، چونکە ئەم مرۆڤە شەللاتییەکە بۆخۆی، بە بۆچوونی من ئێوە کارێکی زۆر ڕاست دەکەن کە جەنگی دژ ڕاگەیەنن.)

بەڵام ئەوان حەزیان لە بیستنی چیرۆکەکەی ئەو نەبوو.

کاتێک لویچی بینیی ئەوان بەجدیی گوێی لێناگرن، وتی: (بەداخەوە، ئەشێ بۆ ئێوە جیاوازی نەبێت کە من ئەم دوژمنە بکوژم یا دوژمنێکی تر! بەڵام من بەش بەحاڵی خۆم زۆر موعەزەب ئەبم گەر کەسێک بکوژم پەیوەندی بە ئەلبێرتۆوە نەبێت).

ئەوانەی لەوێ بوون حەوسەڵەیان لە سەردا نەما، یەکیان لە پشت مێزەکەوە هەستاو چەند قسەیەکی دوورو درێژ و جانانەی لە بارەی جەنگ و پێداویستییەکانی کرد، بیریان خستەوە کە لە جەنگدا ناکرێ هەر کەسەو بە کەیفی خۆی بڕوات دوژمنێکی دیاریکراو کە خۆی هەڵبیژاردووە بیکوژێ.

لویچی باش گوێی شلکردبوو، دواتر شانەکانی هەڵتەکاندو وتی: (گەر بەمجۆرەیە کە ئێوە دەیڵێن کەواتە بازنەیەک بە دەوری مندا بکێشن.)

وتیان: (نابێت، خۆتبەخشیوەو ڕەوانە دەکرێیت.) سەرگوردەکە سەربازەکانی ڕیزکرد.

(بۆ پێشەوە- یەک دوو- یەک دوو)و لویچیان ڕەوانەی بەرەی جەنگ کرد.

لویچی خۆشحاڵ نەبوو، هەر کەسێک دەیگەیشتێ دەیکوشت، ئومێدەواربوو کە دواجار یەکێکیان ئەلبێرتۆبێت، یا یەکێک لە نزیکەکان، بۆ هەر نەفەرێک کە دەیکوشت مەدالیایەکیان ئەدایێ، بەڵام ئەو دیسان لە خۆی ڕازی نەبوو. بە خۆی دەوت: (گەر ئەلبێرتۆ نەکوژم، ئەم هەموو مرۆڤەم لە هیچ و خۆڕا کوشتووە) و لەم بارەیەشەوە هەستێکی ناخۆشی هەبوو.

هاوکات، یەک لە دوای یەک مەدالیایان ئەدایێ. مەدالیای زیو، ئاڵتون، هەموو جۆرەکانی.

لویچی بیریکردەوە: (چاکە، ئەمرۆ چەند دانەیەک دەکوژم، سبەیش چەندیتر... تادێت ژمارەیان کەمتر و کەمتر دەبێتەوەو لە کۆتاییدا سەرە دەگاتە سەر ئەو شەللاتییە.)

بەڵام بەرلەوەی بتوانێ ئەلبێرتۆ بدۆزێتەوە، هێزەکانی دوژمن خۆیان بەدەستەوەدا، لویچی زۆر ماندوو بوو، ئەم هەموو مرۆڤەی کوشتبوو، لە پێناوی هیچدا. ئەویش بەر لەوەی دەستی بە ئەلبێرتۆ بگات، ئاشتی کرا. تەواوی مەدالیاکانی خستە کیسەیەکەوەو بەرەو ناوچەیەک ڕۆی کە تا ئەو کاتە لەژێر دەستی هێزەکانی بەرامبەردابوو، بە شارو ناوچەکاندا دەگەڕاو مەدالیاکانی لە نێوان هاوسەرو منداڵانی کەسانێک کە لە جەنگدا کوژرابوون دابەشدەکرد، ڕۆژێک وەک ڕۆژانیتر، کە لەم شار بۆ ئەوشار دەڕۆی و مەدالیاکانی دەبەخشییەوە، تووشی ئەلبێرتۆ بوو و وتی: (چاکە! زۆر درێژەی کێشا بەڵام سەرەنجام بەپێی خۆت هاتی). لە هەمان جێدا کوشتی. کتوپڕ ڕژان بەسەریدا، دەستگیریان کرد و بە تۆمەتی کوشتن خێرا بردیانە بەردەم دادگاو، حوکمیانداو لەسێدارەیاندا. لە ڕەوتی دادگاییکردندا چەندجار وتی: کە بۆ ئارامیی ویژدان ئەم کارەی کردووە، بەڵام کەس گوێی لە قسەکانی نەگرت.

*** سەرچاوە: شاه گوش می کند، ایتالو کالوینو، برگردان: فرزاد همتی، محمد رزا فرزاد، انتشارات مروارید**




# نیكولینا ئۆپیرا..

# شیعرەكانی شێركۆ بێكەس دەكاتە رۆمانی

دوای ئەوەی بەهاری ساڵی ٢٠٠٨ لە فێستیڤاڵێكی شیعریدا لە ئەستەنبوڵی توركیا، ژنە شاعیری رۆمانی (نیكولینا ئۆپیرا) و (شێركۆ بێكەس) یەكتر دەناسن و پێكەوە باس لە ئەزموونی شیعریی یەكتر دەكەن، دواتریش لە چەند دانیشتنێكی دوورودرێژدا گفتووگۆیەكی شیعریی بەرفراوان لەسەر شیعر و دنیابینی شیعری دەكەن، (نیكولینا ئۆپیرا) دوای ئەو دیدارە بڕیاردەدات شان بەشانی وەرگێڕانی شیعری شاعیرە بەناوبانگەكانی تری رۆژهەڵات، دیوانە شیعرێكی (شێركۆ بێكەس) یش بخاتە بەرنامەی كاركردنی خۆیەوە و وەریبگێڕێت بۆ سەر زمانی رۆمانی، سەرەتای وەرگێڕانی ئەو دیوانە شیعرییەی (شێركۆ بێكەس)یش لە گۆڤاری (كافەینویە لیترا) بڵاودەكاتەوە، كە وەك خۆی ئاماژەی پێدەدات ئەو گۆڤارە گۆڤارێكی ئەدەبی مانگانەیە و لە رۆمانیا خوێنەرێكی گەورەو بەرفراوانی لە هەموو شارەكاندا هەیە.

هەر خەمە شاعیرە خۆی دەڵێت «ئەزموونی شیعری شێرکۆ بێکەس [illegible] لە چاو ئەزموونی شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەم قۆناغەی ئەدەبیاتی دونیا، ئەوەندە هەیە بە دەر لەوەی شیعری ئەم شاعیرە بۆ زمانەکانی (ئینگلیزی و عەرەبی و فارسی و تورکی و ئەڵمانی) وەرگێڕاوە پێویستیش دەکات خوێنەری رۆمانیش ئاگایان لەو دەنگە شیعرییە مەزنە بێت کە لە چیاکانی کوردستانەوە بە ئاوازێکی گەورەو جیاواز دەخوێنێت، هەر بۆیە بیرم لە وەرگێڕانی ئەو دیوانە شیعرییەی شێرکۆ بێکەس کردەوە»

لە نامەیەکی تایبەتیشدا بۆ شێرکۆ بێکەس (نیکولینا ئۆپیرا) ئاوا چیرۆکی وەرگێڕانی ئەو دیوانە شیعرییەی بۆ باس دەکات.

بەڕێز کاک شێرکۆ بێکەس

سڵاو

من وەک شاعیر و وەرگێڕێک دوای ئەوەی داوایان لێکردم یەکێک لە کتێبە شیعرییەکانی شاعیر (مەحمود دەرویش) وەربگێڕم بۆ سەر زمانی رۆمانی و دوای ئەوەی بەو کارە هەڵسام و کارەکەمان سەرکەوتوو بوو، پاش ئەوەی من چاوپێکەوتنێکم لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە رۆمانیا بەڕێز (عادل موراد) سازکردو پێکەوە قسەمانکرد، لەو دانیشتنەدا ئەوەم بۆ باسکرد کە من شاعیری بەناوبانگ شێرکۆ بێکەس دەناسم و پێکەوە لە ساڵی ٢٠٠٨ لە ئەستنبول بەشداری چالاکییەکی شیعریمان کردووە، بیرۆکەی ئەوەشم هەیە دیوانێکی ئەو شاعیرە بەڕێزە بکەم بە رۆمانی، (عادل موراد) باڵیۆزی عێراق لە رۆمانیا زۆر هانیدام بۆ ئەم کارەو زۆر دەستخۆشی لێکردم و زۆریشی پێخۆش بوو، ئەوەشی پێوتم دوای تەواوبوونی کارەکەت و چاپکردنی دیوانە شیعرییەکە بە زمانی رۆمانی بەڕێز (شێرکۆ بێکەس) یش بانگێشتی (بخارێست)ی پایتەخت دەکەین و دەیکەینە یادێکی رۆشنبیرییش.

دواتر من بۆم دەرکەوت کە بەڕێز (عادل موراد)ی باڵیۆزی عێراقیش لە رۆمانیا کوردە و خەڵکی کوردستانی عێراقە.

من لێرەدا داوا لە بەڕێزتان دەکەم ولێتان دەپرسم ئایا بەڕێزتان رەزامەندن لەسەر وەرگێرانی ئەو دیوانە شیعرییەتان؟

بەو هیوایەی ئینشاللە ئەم ساڵ ساڵێکی پڕ لە خۆشی و کار و سەرکەوتنی بەڕێزتان و ساڵێکی باش بێت بۆ ئیش و کارەکانمان، بۆ ئەم پرۆژەیەش چاوەڕوانی وەڵامی بەڕێزتانم.

کاتێکی خۆش و شاد

هاوڕێتان

نیکولینا ئۆپیرا .

**تێبینی:**

من تا ئێستا و تا نووسینی ئەم نامەیە نزیکەی ٦٠ لاپەڕەم لە دیوانەکەتان وەرگێڕاوە بۆ سەر زمانی رۆمانی و بەردەوامیشم لە کارکردن تێیدا.



# پەرتبوونەوە



ئیدریس عەلی

بەو منالّیەی خۆیەوە
قۆپچەکانی کراسەکەم
کەلەپچەی دلّم
قوفلّی ڕۆحم دەکاتەوە،
پێلاّوەکانم تاکەو تاک لە پێدەکات‌و
ورد.. ورد
دەفڕێت بۆ دوور،
دەتوانێت بە ژێرکراسێکی تەنکەوە
بچێتە حەمام‌و
تا مردنی من نەیەتە دەر،
دەتوانێت سەدەیەک
لە ئاوێنەکەوە تەماشای گوڵ بکات
لە تاکە ڕێبواری ماندووی

سەرچەشمەکە بووامەوە
پێی لە ژێرکردەوەی بووکی شۆڕشەکانی دەکاتەوە.
کە گەورە بوو
لەم شیعرەدا سوور و بکات
جگەرە بکێشێ و
بیشێت بخوێنێ
چراو عەشقی لەسەر ماڵۆیەکی
داپۆشراو بە بەفر
دابنیشێ و
پێی بکاتەوەو سەرم مەرم
لەسەر میقاتی گۆرانییەکی هێمن
بیرۆکەکانی ڕەنگ بکات
شەوێک کە نیوەتاڵی دیچم دەساوە
دەکەڵاکی خەیمی بۆ سیم ساوە
دەکەڵاکی سەرنجە خەیاڵییەکانی
دەکەڵاکی وەک کەشفامی بزانم ساوە
دەکەڵاکی گۆڕانەوەی خەومە شیرینەکانی مانگ
قەناعەتی چاو ڕەشەکانی بخوێنێتەوە
بەماوەی گاڵتەر کەبێوە
کەلیمەکانم ڕەشکەرە
بە بیاموەی خەو دزی
پەڕەی کتێبەکانم بکاتە پەلەم
دەرسەکانم بکاتە چاوی سووتاو
جگەرەکەم بچڕێنێت
بەماوەیی لەیی پەپوولەدا
بەرگی پاشنوکەکەم بێرەکان لە پەرەدا زیخ
شەو بیرۆکانە لەیی سەرەیلەکەم
بە دەنگی بەرز ئەیڕەکەم لێی گرەوا
وەک مەیری ژنەکەم لێتەبێنێتەوە
بەخەم قریوەیەکەوە بڵێت:
وای خۆزیا... من چەند خۆشم بۆ پاییزانیەی دا
بوو مەڵایەکی خۆیەوە
بوو سەفێرێک چارەکەیەوە
دەتوانیت بەماندوی بۆ سالاێ مەکانۆیەکی خۆیەوە
بەکان بە لاوەکی گیانی بە گیانی زەمزاقەکانی
پاڵنشکەوە بە زیاد پڕ لە عەشقی ڕەوکیوە

بە خەستکێرە چەکدارەکانییەوە
کە سەرو خودەیان لەسەردایە
بڕوات بەسەرمداو پانمکاتەوە
بەسەر گوڵی قاڵیەکەداو
بمکاتە پەنی ئەو ناوەو
پەت پەتی دنیام پێبکاو
سنورێک بۆ
خەون‌و
سەفەرو
بێدەنگیم دابنێ‌و نەهێڵێت لەل بکەم،
دواتر بۆ ئەوەی ئاشتمکاتەوە
داوەتمکات بۆ ژێر هەتاو
لەو خواردنە ساردو سادەیەم بداتێ
کە لە خۆیی‌و
مریشکەکان‌و
عەسکەرەکان‌و
زەڕافەکانی ماونەتەوە،
دەتوانێت تا لەم شیعرە دێمەوە هۆش خۆم
تیشێرتەکەم ببەخشێتە گەدایەک
قەمسەڵەکەم بکاتە بەری کاریلەیەک
قەڵەمەکەم لەنێوان خۆی‌و
مێرووڵەیەکدا بشارێتەوە
بۆنە جۆراو جۆرەکانم
لە سنگی ڕێحانەدا بەتاڵکاتەوە
تاقمی تراشەکەم بدات بەپشیلەیەک
ملپێچەکەم بکاتە ملی درەختێک
وێنەی ورچێک بکێشێت‌و بڵێت:
ئەها.. سەیرکە ئەمە تۆیت..!
بەو مناڵیەی خۆیەوە
دەتوانێت
بە قژ سێبەرەکەم حەوت کۆڵان ڕاکێشێ
چەمۆڵە بنێ لە ڕووی تەنیاییم
هوووووووووووووها.. بکێشێت لە پیریم.
کە گەورە بوو دەتوانێت
بە ماکسیەکی پەمەییەوە
بە میکیاجێکی کاڵ کاڵەوە

[illegible]
لەم شیعرەدا بێتە دەرو
بە ڕقێکەوە کە دواتر تێدەگەم سوعبەتە
پێم بڵێت:
ئۆی باوکە لەم شیعرەدا
چ بارانێکی خۆش دایکرد
چ شنەیەکی فێنک دای لەڕووم
چ ئارامییەکی ئەبەدی هەڵیکرد
چ باوەشێکی نیان خۆی بۆ کردمەوە
باوکە.. باوکە.. باوکە:
ئەو پەنجانە هیی کێبوون
لەم شیعرەدا لە پرچم گیربوون؟
ئەو پیاوە کێبوو
کە شەوێک منی برد بۆ ناو حیکایەتەکانی خۆیو
بە ناو سارای نائومێدییەکانی خۆیدا بردمی؟
باوکە.. باوکە.. باوکە
بە نیگایەک.. کە دایە گەورە دەیگرتە گوڵەکان
بەکورتە مەسجێک.. کە ئەوین دەینێرێت بۆ دڵێکی شکاو
بە قسەیەکی دۆستانە.. کە ئێواران میوەی پێدەکرێت
بە ئاماژەیەکی خۆمانە.. کە تێدەگەم چەند غەمباریت،
تورمدەرە ناو خەونێکی قوڵتر
ڕۆمکەرەوە ناو خەیاڵێکی بەرینتر
لە شیعرێکدا وەک خۆت حەزین
لە ئینجانەیەکی شیندا
باراناویتر بمرووێنەوە.

**تێبینی:**

ئەم دەقە پێشتر لە سایتی دەنگەکان بڵاوکراوەتەوە، لێرەدا بە هەندێک دەستکارییەوە دووبارە بڵاودەکرێتەوە

# کچێکی لەبیرکراو

شەرمین وەلی



ئاپۆرەیە کۆڵان
ناڵەی کچانی شارە!
مناڵەکەی هاوسێمان
زریکەی لێهەڵدەستێ،
پیرەژنێ خێر دەبەخشێتەوە!
ژیرم مەکەنەوە
دەمەوێ تا مردن بگریم!
ئەها چەند بێباک لەت دەکرێم!؟
کچانی گەڕەک
وەک پۆلە کۆترێکی باڵکراو
دووان و سیان،
لە حەوزە ئاودا،
بەدەم کزانەوەوە
ڕەنگیان لێدەچۆڕێ!
شار جمەی دێ
گەڕەک پەشۆکاوە،
ئاخیرزەمانە لە کۆڵان،
ئاخیرزەمانە لای کچان..
ببینن!
ژیان لە کچێکی بریندارەوە
ببینن
کچێک پارچەیەکی جەستەی ونە و
شێتانە بۆی دەگەڕێ

ڕۆژێک
لە تارمایی کۆڵانێک
لە حەوشەی پڕ کچی ماڵێک
پارچەیەکی خۆمم ونکرد
نا ئارامانە
بۆی گریام..
دەمەوێتەوە
مناڵیم دەوێتەوە
خۆمم بە لکێنراوییەوە
بدەنەوە!
جەستەم بە خۆمەوە
بدەنەوە..
جەستەیەک تەنراو
بە ئومێد و بوون
پڕ لە کچ بوون
پڕ لە بۆنی
خـودا.



# خەونێکی شاعیرانە

سەلام محەمەد

له ڕۆژگاری لاویمەوه
حەزم له ژنه شاعیرێک کردووه
نه بینیومه ، نه دەیناسم
پێمخۆشه ئەو ژنه شاعیره
ببێت به هاوسەرم
ئەوسا
دەبم به بەختەوەرترین پیاوی جیهان
ە ە ە ە

## من و ژنە شاعیرێک

فەرهەنگەکانی زمان دەخەینە لاوە
هەر بە نیگای چاو
لە تەک یەکدا دەپەیڤین و
ڕازەکانی یەکدی ئاشکرا دەکەین
تەنها سووکە تەماشایەکم بکات
تێدەگەم چی دەوێ
منیش بە زەردەخەنەیەک
مەبەستی دڵی خۆمی پێ دەڵێم
ە ە ە ە

کە شیعرێکم بۆ بخوێنێتەوە
وا هەستدەکەم
عەتری وشە لە دەمی دەبارێ
کە شیعرێکی بۆ بخوێنمەوە
تۆپەڵە ئێسفەنجی تەڕ و قورسی
ئازارەکانم دەگوشم
تا دوا دڵۆپە فرمێسکی خەمیان لێ دەچۆڕێتەوە و
سوک و سۆڵ دەبنەوە ... ، وەکو باڵی پەپوولە

تەنها ... هاوسەرێکی شاعیر
ئاخ خ خ .... بۆ هاوسەرێکی شاعیر
ە ە ە ە

من و ژنە شاعیرێک
ماڵەکەمان دەکەینە تەلاری
زمانی شیعریی و وێنەی شیعریی و تابلۆی شیعریی و مۆسیقا
ناو بە ناویش کە ئاوازێک مەستمان دەکات
قۆڵ بە قۆڵی یەکتردا دەکەین
ڕێگەی سەفەری هات و نەهات دەگرینە بەر
بەرەو دورگە دوورەکانی ناکات و ناشوێن
ئەگەر ترسی مردنیش دایگرتین
یان بوو بە ڕۆژی قیامەت
باوەش بە یەکدا دەکەین و
بە هەردووکمان یەک ماچە شیعر دەنووسین
چەندخۆشە ... ژنێکی شاعیر ماچ بکەیت

[illegible]

ژیان بەسەر بەریت

ە ە ە ە

ئەگەر ژنە شاعیرێک بوو بە هاوسەرم
لە جیاتی مەی
هەر خۆشاوی شیعرەکانی دەخۆمەوە
لە جیاتی جگەرە
هەر دووکەڵی هەناسەی
شیعرەکانی هەڵدەمژم

ە ە ە ە

من و ژنە شاعیرێک
ڕۆژانە وەک جووتێ باڵندەی سپی هەڵدەفڕین
دەچین بۆ دارستانە سەوزەکانی ئەمازۆن
لەو مێوانە دەخۆین ، هەرگیز
دەستی مرۆڤیان پێنەگەیشتووە
کە گەڕاینەوە بۆ ماڵەکەی خۆمان
لە کۆشک و تەلاری شیعر
قاوەی گەرم دەخۆینەوە و
شیعری گەرم و نەرم دەنووسین



# وەک باوکم پەرش و بڵاو

داستان بەرزان

ئولفەتم گرتووە لەگەڵ عیللەت، نییە چارە و شیفا
بەرد دەبارێنێ بە سەرما، چەرخی بێڕەحم و وەفا
لە گۆرانییەکی (ڕەفیق چالاک)ەوە

١
چیبکەم؟
تاکو دڵی خودا ڕازی بکەم،
لە کۆکردنەوەی پارچەکانی باوکمدا
یارمەتیم بدات.

٢
باوکم سیگار دەکێشێت،
دڵ تەنگ دەبم
دەزانم، خەیاڵی لە سەیوانە.

٣
باوکم لە مەنفاوە پێم دەڵێت:
کوڕم درەنگە بۆ عیشق.

٤
قومرییەک کەوتە گمە گم،
کاتێک بۆ باوکم دەگریام!

٥

باوکم دونیایەک مەراقی تێدا جێگە بووەتەوە
کەچی خۆی لەم دونیا گەورەیەدا شوێنێکی نییە!

٦

باوکم ژیانی کردە ئەنگوستیلەیەک و
کردیە دەستی.
ئیدی نازانم لە مەنفا
ونیکرد
یان
توڕیدا؟

٧

بەفر دەبارێت،
باوکم دەنۆڕێتە ئاسمان و دەڵێت:
لەم غوربەتە کوشندەیە،
لە کامە پەناگە بۆ نیشتمان بگریم؟

٨

باوکم ناتوانێت بەبێ خەون بژی
بەڵام هەمیشە خەونی ئاڵۆز و
بچڕ.. بچڕ
کە هەرگیز نایەنە دی.

٩

باوکم دەتوانێت چارەنووسی زۆر کەس بزانێت.
خۆی نەبێت!

١٠

من هەمیشە خۆم دەخۆمەوە
ئەی تۆ؟

١١

دڵم لەخۆم ڕەنجاوە،
هەرچی دەکەم،
پارچەکانیم بۆ کۆ نابێتەوە.

١٢
ئەی ژیان
دەستێک بخەرە سەر دڵم،
بزانە چەند ترپەی دەوێت بۆ مردن؟

١٣
لە دەنگی شکانی دڵم،
ڕاچڵەکیم
وەختبوو شێتبم.

١٤
بە منالێکم وت:
چەندە منت خۆشدەوێت؟
وتی: هێندەی پێڵاوە تازەکانم.

١٥
بە بێهودەیی قومرییەکان غەمگین دەبم،
بانگیان دەکەم، لەسەر دڵم بنیشنەوە
بۆ بێکەسی درەختەکان دەگریم
بانگیان دەکەم، شنە شن بێتە باوەشم
لێ ئەو کاتەی خۆم دەکوژم
کێ خەمی قومرییەکانی بخوات؟
کێ بۆ درەختەکان بگری؟
ئەمەیە ئومێدم.

١٦
ئەو دەمەی ژیان بە توندی
خۆیم پێدا دەکێشێت،
دەشێ لە باوکم خراپتر
پەرش و بڵاو ببمەوە.

١٧
لە قوڵایی خەونێکدابووم بە ژیانەوە
تەرمێک بە لامدا ڕابوورد.



# وەی بابۆ وەی!

رابەر فاریق

لەوانەیە بڵێم:

جارێک گوتم:

غەریبی کەسێک دەکەم
نازانم کێیە
بەس دەزانم غەریبیم!،
غەمدانم تەقی و
غەمدانێکم داگیرساند؛
غەریببوون لە ژیان ناخۆشترە!

((١))

بەڵام:

«نازدار نازدار یار، دەردت لە من یار،
خۆ من شێتی تۆم، کوانێ مەیلی پار؟»
کە نایبیستی،
بە دەنگی بەرزتر دەڵێم:
«نازدار نازدار یار، دەردت لە من یار،
خۆ من شێتی تۆم کوانێ مەیلی پار؟».

((٢))

بەڵام، شیعری من گووە!

هەڵەم کرد، دەزانی؟:

من: شێتم
ئەو: شێتتر
تۆ: لە هەردووکیان کەوڵێتر.

# ساتەیلی پاییزی

ڕوونبیر موحەممەد

١

نمە بارانی سەرماوەز
گەڵا دڵۆپاویەکان لە ترسی
هەڵوەرین هەڵدەلەرزن

٢

تووله‌ڕێی تژی لە گەڵا
لە پڕەوە ئاسکەکە چاوی
بە مەرگی خۆی دەکەوێت

٣

ساردە بارانی پاییز
توانی لە شووشەکەوە بێتە ژوور
مێشوولە بچووکەکە

٤

بە قاسپەی دڵڕفێنی
نێرەکەوەکان بەرەو خۆی کێش کەی
ماکەوەکەی نێچیرڤان

٥

شێدارەهەوای دوای باران
بە سەر ڕووی لافاوەکەوە
چڵەکە سەربەست دەکشێت

٦

لە ترسی ڕێژنە باران
بە ژێر سواندەکەوە خۆیان گرمۆڵە
کردووە جووتە چۆلەکەکە

# سێ شیعر

رێبین ئەحمەد خدر

## یەکەمین دووەم

ئۆتۆمبێلێک
لە نزیک ماڵەکەمان
وەک درەخت شین بووە
وێنەی منداڵێکی تازە بوو ،
شوفێرەکەی هێشتا
بە تەواوی دروست نەبووە
ئەمە خەون نییە
ئۆتۆمبێلەکە بەر دەگرێ و
شوفێرەکەش پێدەگات
دەچێتە شەڕی دێو و درنجان
کچی خاقانی چینی دەفڕێنێ
ئەمە سەرەتای کتێبەکەیە
بۆ کۆتایش پێویستمان
بە ڕێگایەک
پاشایەک
فرمێسکێک هەیە .

ناونیشانی ئەم شیعرە
دەکەوێتە خوارەوە
ناونیشانی ئەم شیعرە
دەکەوێتە سەر زەمین
چیرۆکەکەی ئێمە لە ئاسمانە
دوای ئەوەی شەیتان
لە لایەن خواوە
لە فریشتەکانی تر جیاکرایەوە
شەیتان سەرگەردان و
فرمێسك لە چاو
رویکردە تەنهایی
رۆژێك تابلۆیەکی دروست کرد و
فڕێی دایە خوارەوە
تابلۆکە لە ئاسمان هەڵوەشایەوە
گۆرانیەکی وت دەنگی نەدەچووە خوارەوە
لە دارە ئاڵتوونیەکانی بەهەشت مۆسیقای دروست کرد
هیچ ،
شەیتان شێت و شەیدا
وشەیەکی نووسی و
فڕێی دایە خوارەوە .

***نائومێدی***

## داپیرەی ٣

مێزەکە سەرەو ژێر کراوە
وێنەیەک بەبزمار لەسەر وێنەیەکی تر
تلڤزیۆنێکی ڕەش و سپی : ئەفلام کارتۆن
کتێبێکی سوتاو لە ژێر مێزەکە : ڕۆبنسۆن کرۆسۆ
دەنگی ڕادیۆ : ئەشق لە پایزاندا یا لە هاویناندا
پیرەژنێک بە سەرتاپای سپییەوە : بنمیچی ژوورەکە
دڵۆپە خوێنی لاملی داپیرە لە ڕەنگی شتێک هەر
دەچێ
کاغەزێک بە جێماوە
نا هیچ شتێک بە جێ نەماوە
جگە لەمێزێک و ..کتێبێک و,,
یەک دلۆپە خوێن
یەک دڵۆپ
کە بە دڵنیاییەوە
زۆر لێی وردبیتەوە
ڕەنگی لە ڕەنگی شتێک هەر دەچێ .



# شوێن کوشتن

سدیق عەلی

دەستێک بە چارەنوسی هەورە بیمارەکانەوە بگرەو
جارێک دڵ بدە بە باران
مێژووم پڕکە لە عەترە بۆکڕوزەکانی باخچەو
گڕ بەردە کۆڵانەکانی تەنیاییم
چونکە ئیدی بەرگەی دڵشکان ناگرم
* * * * * *
لەسەر سوچی کۆڵانی زولف فرۆشەکانەوە
ئەگریجە بریندارەکانت داگیرسێنە
لەسوێیانی ماڵە بەردینەکەی پشت بێتاقەتیمەوە
ئاگر بەردە پەرێزەکانی یادگاریم
بباری
بەسەر پێدەشتەکانی فیراق
بڕژێ بەسەر بیابانەکانی لێک جوێبونەوە
بتکێ بەسەر تەوێڵی کوشتەکانی ئومێدو
گڕ بەردە باڵای پێکەنین
* * * * * *
ڕێگەیەک ناکەوێتە ڕێ
پەنجەرەیەک پەردە هەڵنابڕێ با ببینێ
ئاوێک، دەستە شینەکانی بە هەتاو گەرم ناکات

[illegible]

لەو لاکۆڵانە منداڵێک چلورەکانی نافرۆشرێن‌و

باوکی تەپەدۆرەکەی بۆ پڕ دەکات لە جنێوی ڕەنگاو ڕەنگ

* * * * * *

پێی بڵێن

بەو درەختە بەعیشوەو دەست بە گەڵایە بڵێن

دەست هەڵگرێ لە ڕاوانی با

با

بە دیار ئەو پنجە گیا باڵا کورتانەی دەستەوئەژنۆ مەرگی جۆگەلەکان دەژمێرن

گۆرانی هەڵپەڕکێ نەڵێت

کەمێکی دی تەمەن هەموومان دەر دەکات

* * * * * *

(ڕەفیقانی تەریقەت)

بەیانیان بێرەدا دەڕۆنە دارستان‌و

ئێواران تەنیایی دەهێننەوە

سبەینان پیریم دەخەوێنن‌و

عەسران منداڵیم خەبەر دەکەنەوە

گەڵاکانی ئەوان نەرمترن

لە بسکی شۆڕەبییەکی بێ عیشوە

لقەکانی ئەوان ئاڵۆزترن

لە لێوی دار هەنارێکی بێوەفا

* * * * * *

ڕێگەیەک جەسارەت ناکا ڕێگە بگرێ

شەقامێک نابینی نوکە شەق لە نابوتی دووری بدات

ڕەفیقانی تەریقەت

بەیانیان لەگەڵ مندا شوورەیی دەبەنە سەر بان

ئێواران تەریەتی دێننە خوارێ

ڕەفیقان مەچەکیان پڕە لە وێردی وردو عەشقی وردو

دوعای هەپرون

ئەوان بەیانیان بێرەدا عەشق دەبەنە نوێژو

ئێواران فیراق لە بەرماڵەکانیان دەپێچن‌و دێنە خوارێ

پێیەکانم دەهێننەوە

تا بتوانم بە پێخاوسی پێڵاوی شەڕواڵ برسیەکان

وەک سمێڵیان بۆیاخ بکەم

[illegible]

وەرە بۆ سەمون

کەچی گونیەکەم پڕ بێت لە تەپاڵەی بۆگەن بۆ سێڵە برسیەکەی دایکمو

ئەو کچەی ئەوبەرمان نەزانی

من هەڵوەدای مانگایەکی بەخشندەمو

ڕیخ کۆ دەکەمەوە

*     *     *     *     *     *

ڕەفیقان پێیەکانم دەدەنەوە

تا جوتێک کالەی سپی بە دیاری بۆ مندالێم ببەم

*     *     *     *     *     *

دەستێک بە زەمەنەوە بگرە تا کەمێک لە حیکمەتی تێپەڕین تێدەگەین

ئاخر تێگەیشتن لەو تیژڕەویەدا بە ئێمە ناکرێت

ئێمە بۆ تێگەیشتن لە باخچە دەبێ تا سنەوبەرەکان دادەنیشن بەپێوە بین

بۆ تێگەیشتن لە ئاو دەبێ تا تاڤگەکان دەگەڕێنەوە بڕژێین

بۆ زانینی شتێک لەبارەی عەشقەوە

دەبێ لە دوڕیانەکانی فیراقدا دەوار هەڵدەین

*     *     *     *     *     *

ڕێگەیەک تا پڕنەبێ لە بێئومێدی دەست ناکا بە ڕۆیشتن

دەرگایەک باوێشک نادا تا زڕ مرۆڤەکان لە پشتیەوە بەیانی دەکوژنو

عەسر فڕێ دەدەنە دەرەوەی زەمەن

*     *     *     *     *     *

ڕەفیقانی تەریقەت

هەموو شەوێ بە جلی تاریکەوە سەربردەکانم دەبەن

لەسەر مێزی شەرابەکانیانەوە

تا بەردەمی ماڵە بەریئەکانیان ڕایاندەکێشن

هەندێکیان سەرو ملو گەردنیان جێدەمێنێ

سەربردەکان

هەر ڕۆژەی جۆرێک جلیان لەبەر دەکرێ

هەر دەمەی بە شێوازێک ڕیشیان دەتاشرێتو

قژیان با دەیشەکێنێ

هەندێک جار جوانترن تەنانەت لە ئەو

هەندێک جار دزێون

دزێوترن لە مەرگو ڕۆیشتنو چاوەڕوانی

ڕەفیقان شوێن دەکوژن

ناهێڵن پێدەشتێک [illegible]
بوار نادەن گردێک بە تەنیشت دەریاوە سەرخەوێک بشکێنێ
ڕەفیقان شوێن لەت‌و پەت دەکەن
ناهێڵن درەختێک لەژێر سێبەری ڕووباردا دانیشێ
فرسەت نادەن کورسییەک پاڵ کەوێ
لێناگەڕێن خاڵخاڵۆکەیەک بگاتەوە ماڵی خاڵی
ئەوان شوێن ئەنجن ئەنجن دەکەن
گومان دەخەنە نێوانی زەردەو لێو
نایەڵن تۆ لەنێوان کوڕە کابۆشینەکەی ئەوبەرو
دوکەڵی زۆپای مزگەوتدا شتێک دەربارەی داگیرسان تێبگەی
بوار نادەن کلوە بەفرەکانی سەر مەچەکت
لەنێوانی ماچ‌و توانەوەدا دێڕێک سەبارەت بە مەرگ بخوێننەوە
ئەوان بە جلی خەوەوە بەیانیان تاریکی پاڵ دەنێن
ئێواران هەتاو ڕادەکێشن
بەیانیان هەموو درەختەکان بە چنگی پڕگەڵاوە دەردەکەن‌و دارستان نین
ئێواران هەموو جریوەکان ئاشت دەکەنەوەو پاساری نین
گفت بە هەڵوەرین دەدەن‌و
گەڵا نین
دەڕۆن‌و ئەو نین
ئەوان دەستی بیابان لە لمەوە هەڵدەکێشن
قاچی رووبار لە دەریاوە دەشکێنن
ماڵ بە ماڵ تاریکی دەڕژێنن
شار بە شار هەتاو کۆ دەکەنەوەو
گەڕەک گەڕەک شوێن شار بەدەر دەکەن

* * * * * *

چەند وشەیەک کە شیعر نین‌و نازانم چین: ( شوێن لە ململانێ‌و شەڕێکی خوێناویدایە لەگەڵ کات، ئەو نایەوێت بڕوات، کەچی کات لەپێناو مردنی شوێندا هەموو ساتەکانی بە جەنگاوەرانی تێپەڕین دەبەخشێ، سڵ مەکەوە لەتێپەڕین‌و گڕ بەردە پەرێزەکانی یادەوەریم، ببارێ بەسەر ئەو شەڕە نەگریسەی کات شوێنی پێ لەناو دەباو شوێن قوربانی لەپێناو مانەوەیدا دەدات.)
(ئەی ڕەفیقانی تەریقەت دەردی عیشقم چارە کەن
یان بە جارێ بمکوژن جەرگم بە خەنجەر پارە کەن)

# گەمە زمانییەکان لە ڕۆمانی ناوی گوڵ

باهۆز مستەفا

**ئیمبرتۆ ئیکۆ**

لە پێنجی یانۆوەری ١٩٣٢ لە ئەلیساندریا- پیمۆنت لە دایکبووە، ئێکۆ وەکو نووسەر، ڕۆژنامەنووس، میدیا ناس، پسپۆڕی هێمالۆگی، فەیلەسوف ناسراوە و بەناوبانگە.

ئێکۆ بە ڕۆمانی (ناوی گوڵ) بووە دیارترین نووسەری جیهان، لە ساڵی ١٩٧١ وە مامۆستای زانکۆی (بۆلۆگۆنا) بوو، لە زۆربەی زانکۆ بەناوبانگەکانی جیهان وەک پرۆفیسۆری میوان وانەی وتووەتەوە.

تا ئێستا ٣٣ دکتۆرای فەخری پێبەخشراوە یەک لەوانە لە زانکۆی ئازادی بەرلین.

ئێکۆ لە هەرێمی ئەلیساندریا گەورە بووە، لەسەردەمی ڕژێمی فاشی ئیتاڵی و لە کاتی شەڕی نێوان پارتیزانەکان و فاشییەکان لە چیاکانی پیمۆنت دەژیا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٣ - ١٩٤٥.

لە ساڵی ١٩٤٨، ئێکۆ پێچەوانەی ئارەزووەکانی باوکی، کە حەزیدەکرد ببێ بە پارێزەر، بەڵام ئێکۆ چووە بەشی فەلسەفە و مێژووی ئەدەبیات لە (زانکۆی تۆرین).

لە ساڵی ١٩٥٤ لە لای (لویگوی پاریسۆن) پسپۆڕی لە ئیستەتیک وەرگرت، ئینجا لە تەلەفزیۆنی (ئاڕ ئەی ئای) لە میلانۆ دەستی بەکارکرد بۆ بەرهەم هێنانی بەرنامەیەکی کولتووری.

لە ساڵی ١٩٥٦، یەکەم کتابی دەرچوو کە نامەی دکتۆراکەی بوو بە تایتلی (کێشەکانی ئیستەتیک لە لای تۆماسی پیرۆز)، پاشان چووە چاپخانەی بۆم پییانی لە میلانۆ تا ساڵی ١٩٧٥.

سەرەڕای دەرچوونی هەموو کتێبەکانی، ئێکۆ لە گروپی ٦٣ ئەکتیڤە کە جووڵانەوەیەکی ئەدەبییە بە ناوی (پێشڕەوانی نوێ).

لە ساڵ ١٩٦٣، ناوبانگی لە ئەکادیمیای ئیستەتیک لە میلانۆ و فلۆڕانس بۆلۆگۆنا دەستیپێکرد، لە ساڵی ١٩٦٨ کتێبی (سەرەتایەک لە سیماتیک)ی دەرچوو تا ئێستاش بە گەورەترین کتێبی هونەریی دادەنرێت، لە ساڵی ١٩٧١ بووە پرۆفیسۆری ستاتیکا لە زانکۆی بۆلۆگۆنا، لە ساڵی ٢٠٠٧ وازی لە زانکۆ هێنا.

لە ساڵی ١٩٨٠وە، ئێکۆ بە ڕۆماننووسێکی گەورەی جیهانی ناسراوە، دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (ناوی گوڵ). لە ساڵەکانی ١٩٨٨ – ١٩٩٤ – ٢٠٠٠ - ٢٠٠٤ کتێبەکانی بۆ زۆربەی زمانەکانی جیهان وەرگێڕدراوە، ڕۆمانی (ناوی گوڵ) بووە جێگەی سەرنجی مێژوونووسان و ڕەخنەگران، هەروەها بانگەوازێک بوو بۆ

لێکۆڵینەوەی خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاست.

ئێکۆ بە گوتەی خۆی، کەوتۆتە ژێر کاریگەری (بۆرخیس و جۆیس) کە بە دوو نووسەری مۆدێرن ناویان دەبات.

ئێکۆ لە ساڵی ١٩٦٢وە لەگەڵ (ڕێناتە ڕامگە) ژیانی هاوسەرێتی پێکەوەناوە، ڕێناتە لە دایکبووی فرانکفورتە و پسپۆڕە لە مۆزەخانە و پەروەردەی هونەریی، بە یەکەوە خاوەنی کوڕێک و کچێکن، بە گوێرەی ئاماری گۆڤاری (ئیحتیمالی) ئینگلیزی، ئێکۆ دوای (نوام چۆمسکی) دووەم ڕۆشنبیری جیهانە.

## ناوی گوڵ

ئەم ڕۆمانە باسی کێشەی مێژوویی نێوان (پاپا) و (قەشە) دەکات، و دەگەڕێتەوە بۆ سەدەکانی ناوەڕاست و دەیبەستێتەوە بە کێشەی ساڵی ١٣٢٧.

ڕۆمانێکی زۆر چڕو فرەلایەنە، بە شێوەیەکی فەلسەفیانە وێنەی قۆناغەکانمان نیشاندەدات و وێنەیەکی زیندوو دەداتە بەر مادەکان و بە چەندەها یاریکردن دەمانگەڕێنێتەوە سەردەمی ئێستا، بە تایبەتی ئیتاڵیایی سالانی حەفتا، هەموو ئەو بنەمایانەی تێدایە، کە بۆ پۆست مۆدێرنە ڕۆمان تا ئێستا دەستنیشانکراون.

ئەم ڕۆمانە خوێندنەوەی سەدەکانی ناوەڕاستە و تێکەڵی زانستی زمان و پۆست مۆدێرنەو کولتوور بووە. ئەم ڕۆمانە دەکەوێتە خانەی ڕۆمانی مێژوویی و پۆلیسی، بەوەی باسی کێشەی مێژوویی دەکات، هەروەها لەم گێڕانەوەیە لێکۆڵینەوە لە کوشتنی چەند قەشەیەک دەکات، کاتێک قەیسەر (ولیام لە باسکەرڤیلە) وەکو نوێنەری خۆی ڕەوانەی ئەو دێرە دەکات، کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە تا لێکۆڵینەوە لە هۆکاری کوشتنەکە بکات. ولیام قەشەیەکی بە توانا و بە ئەزموون و هەروەها ڕاوێژکاری قەیسەرە.

لەلای ولیام دونیا تەنها باوەڕ و قەناعەتی ئاینییە، خۆشییە ڕووکەشییەکان قەدەغە و تاوانن، بەڵام دوایی کە دەچێتە نێو کێشەکان و دەستنووسە کۆنە شاردراوەکان دەخوێنێتەوە، هەروەها کاتێ ئادسۆن لە مێلک قەشە گەنجەکەی هاوڕێی دەبینێ سەرووی ترس و بێزاری دەشکێنێت و سێکس لەگەل ئافرەتێکی بێباوەڕ و سواڵکەر دەکات لە نێو دێر، تووشی بیرکردنەوە دەبێت، هەست بە بوونی جیهانێکیتر دەکات لە دەرەوەی جیهانی خۆی.

بەتایبەتیش دوای ئەم گفتوگۆیەی کە لەگەڵ ئادسۆن دەیکات و وەڵامی پرسیارەکانی ئادسۆن دەداتەوە، کە ئادسۆن دەپرسێت: ئایا لە ژیانی قەت خۆشەویستی کردووە؟

ولیام دەڵێت : بەڵێ، خوام خۆشویستووە.

ئادسۆن : ئەی لە ژیانت هیچ ژنێکت خوش نەویستووە؟

گفتوگۆکە بەم شێوەیە بەردەوام دەبێت تا ناخی قەشە ولیام بە تەواوەتی دەخاتەڕوو لە نێوان حەز و ئارەزوو قەناعەتی ئاینیی.

ولیام لە کاتی لێکۆڵینەوە لە کوشتنی قەشەیەک ڕووبەڕووی زنجیرەیەک تاوانی کوشتنی تر دەبێتەوە، کە پێنج قەشە لە ماوەی چەند ڕۆژێک دەکوژرێن، ڕوونکردنەوەو ئاشکراکردنی ئەم زنجیرە تاوانە هێڵی سەرەکی ئەم ڕۆمانەیە، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵێک بابەتی لابەلا دێنە ناوەوە، کە زۆر ئاڵۆزن و وێنەی جیاوازی ژیان و کولتووری سەدەکانی ناوەڕاست بە هەموو ئاستەکانی دیاریدەکات، هەروەها چەندین بیری فەلسەفیی و ئەدەبیی و پەند، تێکەڵ بە چیرۆک و فەلسەفەی ئاینیی مەسیحی دەکات، ولیام سەرەداوی ئەم زنجیرە تاوانە لە کتێبخانە دەدۆزێتەوە، کە قەشە (یۆرگ لە بورگۆس)ی کوێر لەوێ کاردەکات و بە وتەی خۆی (ئێشکگری کەنز) ە، ئەویش دەستنووسێکی ونبووی کتێبی دووەمی (ئاریستۆتالیس)ە کە بەشێوەیەکی کۆمێدی دوای تراژیدیا نووسراوە، ولیام لە لێکۆڵینەوەی جەستەی قەشە کوژراوەکان تێبینی یەک شت دەکات ئەویش مۆربوونی پەنجە گەورەی دەست و زمانییان. جگە لە ولیام لە باسکەرڤیلە ڕۆمانەکە کەسایەتی مێژوویی زۆری تێدایە وەک ( بێرنار گویی، میشائێل لە کاستنە، لودڤیش بایەر، تۆماس لە ئاکوین) هەروەها ئادسۆن لە مێلک قەشەی گەنج کە ڕووی دووەم یا پاڵەوانی دووەمی ڕۆمانەکەیە دەبێتە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان و بەشێکە لە دروستکردنی ڕووداوی نێو ڕووداوەکان، یۆرگ لە بورگۆس کە

[illegible]
لەلای ئەوەوە دەدرکێندرێت و هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ڕووداو و دیالۆگەکانە.

ئەم ڕۆمانە تەنیا مێژوومان بۆ ناگێڕێتەوە، بەڵکو کێشەی نووسینەوەی مێژووی کردۆتە بابەت و بە تێکستێکی ئاوێتە بوو بە زۆربەی ژانرە ئەدەبییەکان و بردنەوەی بۆ نێو پۆلەتیک و زانست و کێشەکانی سیمانتیک، ئەمەش خۆی بەستانەوە و گرێدانەوەیە بە کێشە و گفتوگۆکانی سەدەی بیستەم، هەروەها کوالیتیتی تێکستەکە جیاواز و بەرجەستەکردنێکی ئاسایی نییە و هەموو شتێک لەم ڕۆمانە بابەتە.

وەک ئادسۆن دەڵێ (تا ئێستا وامدەزانی کتێبەکان تەنیا باسی شتەکانی پیاوان و خوایەکان دەکەن، کە لەدەرەوەی کتێبەکەن، ئێستا لە ناکاو بۆم دەرکەوت کتێبەکان قسە لەسەر کتێبەکانی تریش دەکەن، بەڵێ ئەمە وەکو ئەوەیە کە قسە لەگەڵ یەکتری بکەن، بەم زانیارییە نوێیە کتێبخانەکە لەبەر چاو زیاتر ترسناک دەبێ. لەوانەیە ئێرە جێگەی دیالۆگە بێدەنگەکان بێت لە نێوان دەستنووسە کۆنەکان، ئەوانەی زیندوون، ژوورێکی پڕ لە هێز، کە مێشکی مرۆڤ پەی پێنەبردووە، ماڵێکی زێڕینی پڕ لە نهێنی، کە لە ژمارێکی بێ کۆتای مێشکەوە هاتوون و زیندوون و دەژین دوای مردنی دروست کەرەکەی.

ولیام دوای ئەوەی یۆرگ لە بورگۆس ڕێگەی چوونە ژوورەوەی پێدەگرێت بۆ ناو کتێبخانە، دەگاتە ئەو باوەڕەی کە هۆکاری کوشتنەکە لە نێو ئەم کتێبخانەیە، بۆیە لەگەڵ ئادسۆن بە هەر شێوەیەک بێت دەچنە ژوورەوە و بە بینینی ئەم هەموو کتێب و دەستنووسە کۆنانە واقیان وڕدەمێنێ و نازانن دەست لە کامەیان بدەن و کامە بخوێننەوە لەو هەموو نهێنییە زۆر و شاردراوانە، کە یۆرگ بە بڕیاری دێر نەیدەهێشت کەس بیان خوێنێتەوە، بەڵام کە ولیام و ئادسۆنی لە ژوورەوە بینی زۆر بە هێمنی هەڵسوکەوتی کرد و ئەو دەستنووسەی بۆ دەرهێنا کە بەشی دووەمی کۆمیدیای (ئاریستۆتایس) ە و پێنج قەشە لەسەری کوژرابوون خستییە بەردەستی ولیام لە باسکەرڤیلە تا بیخوێنێتەوە، ئەمە تەڵەبوو بۆ ولیام، لەگەڵ ئەمەش بە قسەکردن لەسەر ئەم کتێبە خەریکی غافڵکردنی ولیام بوو کە

[illegible]
هیچ باوەڕێک ناتوانێت بوونی هەبێت، کەس چیتر لە شەیتان ناترسێت، چیتر پێویستی بە خودا نییە. ئەو کاتەش دەتوانین بە خوداش پێبکەنین.

یۆرگ لە بورگۆس ئەم کتێبەی پێ زۆر خەتەرناک بوو، بۆیە نەیدەهێشت کەس بیخوێنێتەوە، ئەوەش بیخوێنێتەوە دەبوایە بکوژرێت، هەوڵیدەدا پێش ئەوەی بکەوێتە دەستێکی خراپ و نامۆ لە ناوی ببات. لەم کاتە ڕووبەڕووبوونەوەی نێوان تاوانبار و لێکۆڵەر دەستیپێکرد، بەڵام ولیام بە هۆشمەندی خۆی وەکو قەشەکانیتر نەکەوتە داوی یۆرگ لە بورگۆس، بە دەستکێش پەڕەکانی هەڵدایەوە، چونکە پەڕی دەستنووسەکە ژهراوی کرابوو لە کاتی هەڵدانەوەی پەڕەکان و تەڕکردنی پەنجەی دەست بە زمان ڕاستەوخۆ دەبووە هۆی مردنی خوێنەرەکە. کاتێ یۆرگ هەستیکرد ولیام بە نهێنیەکەی زانیوە ڕایکردو لەم بەینەش چراکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و ئاگر لە خۆی و کتێبخانەکەی بەربوو، بەڵام ولیام توانی خۆی و ئادسۆن و چەند کتێبێک ڕزگار بکات.

لە کۆتایی ولیام لە باسکەرڤیلە توانی نهێنی کوشتنەکە ئاشکرا بکات، بەڵام نەیتوانی ڕێگە لەم کێشەیە بگرێت کە بەرەو لوتکەی مەرگەسات دەڕۆیشت. ولیام هەستیکرد کەوتۆتە ژێرباری ئەوەی بەدوای یاساوە وێڵە، کەچی درەنگ بیری کەوتەوە کە لە جیهان یاسا نییە، هەر لەوێوە ڕاپۆرتەکەی خۆی کۆتایی پێدەهێنێت و دوا ڕستە دەڵێت: لە گوڵ یەک شت هەیە ئەویش ناوە، بۆ ئێمەش تەنها ناوێکی ڕووتە.

## سەرچاوە:

Der Name der Rose، Umberto Eco
Ãbers.V. Burkhart Kroeber، Hanser
ff ١٩٨٦ -١٩٨٢ Mànchen
Umberto Eco Biblografie
Aus der freien EnzyklopÊdie

# سالینجەر..
# کۆتایی بە نیو سەدە گۆشەگیری




دانا

سەرەڕای ئەوەی لە مانگی ئایاری ساڵی رابووردوودا حەوزی شکاو لە جێدا کەوت، بەڵام کاریگەریی ئەو شکانە نەبووە هۆی مردنەکەی، ئەو مردنە بێدەنگەی لە ٢٠١٠/١/٢٨دا کۆتایی بە چەندین ساڵ تەمەنی تەنهایی و گۆشەگیریی چیرۆکنووس و رۆماننوسی ئەمریکی (جیرۆم دەیڤید سالینجەر)ی تەمەن ٩١ ساڵ هێناو جارێکی تر ئەوی کردەوە بە سەردێڕی هەواڵی زۆربەی کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهان.

جیرۆم دەیڤید سالینجەر لە سەری ساڵی ١٩١٩دا لە دایکێکی سکۆتلەندی- ئیرلەندی و باوکێکی جولەکەی پۆڵەندی لە شاری نیۆیۆرکی ئەمریکا لەدایکبووە. سەرەتای نووسینی بە کورتە چیرۆک دەستی پێکردووە، کە ئەوکات خوێندکاری قۆناغی دواناوەندی بووە، بەڵام سەرەتای بڵاوکردنەوەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٤٠و یەکەمین کورتە چیرۆکی لەو ساڵەدا لە گۆڤاری (ستۆری)دا بڵاوکردەوە. هەر لە دەیەی چلەکاندا چەند کورتە چیرۆکی تری لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردەوەو ئەوانە بوونە سەرەتایەک بۆ ناوداربوونی، بەتایبەت ئەو کورتە چیرۆکانەی لە گۆڤاری (نیۆیۆرکەر)و (هاربەر ماگەزین)دا بڵاوی کردنەوەو دواتریش




له سالی ١٩٤٨دا بەهۆی ئەو کورتە رۆمانەی لە گۆڤاری (نیۆیۆرکەر)دا بلاویکردەوەو کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر هەستی خوێنەران زیاتر ناوی دەرکرد، بەڵام ناوبانگی گەورەو فراوانی ئەو دەگەڕێتەوە بۆ سالی ١٩٥١و ساتی چاپکردن و بلاوبوونەوەی رۆمانی (The Catchr in the Rye). بە بلاوبوونەوەی ئەو رۆمانەی ناوی سالینجەر چووە پاڵ ناوی نووسەرە هەرە مەزنەکانی جیهان و رۆمانەکەش بە یەکێک لە رۆمانە هەرە گرنگ و تایبەتەکانی سەدەی بیستەم دادەنرێ و کاریگەرییەکی زۆری دانا لە ئەدەبیاتی جیهانیدا. ئەم رۆمانە یەکێکە لە پرفرۆشترین کتێبەکانی جیهان و زیاتر لە ٦٥ ملیۆن دانەی لێ فرۆشراوەو تا ئێستاش سالانە ٢٥٠ هەزار دانەی لێ دەفرۆشرێت.

دوای چاپکردنی ئەو رۆمانەی، سالینجەر لە سالی ١٩٥٣دا کۆمەڵە چیرۆکێکی تری بەچاپ گەیاند، کە نۆ کورتە چیرۆکی لەخۆ گرتبوو، پاشانیش دوو کتێبی تری چاپکرد، ئەو بەرهەمانەشی بوونە پرفرۆشترین کتێبی جیهانی و ناوبانگەکەی تر سالینجەریان کردە جێی قسەو تێڕوانینی نووسەرو راگەیاندنەکانی جیهان و هێندەی تر خوێنەرو هەوادارییان لە دەوری کۆکردەوە.

بە پێچەوانەی زۆربەی هەرە زۆری نووسەرانی دونیاوە کە بەردەوام هەوڵ دەدەن زیاتر ببنە جێی بایەخ و قسەی راگەیاندنەکان، سالینجەر هیچ خۆشحاڵ نەبوو بەو هەموو گرنگی پێدانەو بێزاربوو لەو ناوبانگەی کە بەدەستی هێنابوو، هەر ئەو بێزارییەش بوو وای لێکرد سالی ١٩٥٣ بڕیار بدات نیۆیۆرک بەجێ بهێڵێ و روو بکاتە ناوچەی (کۆرنیش) لە نیۆهامبشیر و لەوێ خانوویەک بکرێ، سالینجەر لە کۆرنیش ژیانی گۆشەگیریی هەڵبژاردو دوور لە چاوی کامێراو رۆژنامەنووسان تا کاتی مردنی لەوێ مایەوە.

سالینجەر تا سالی ١٩٦٥ بەردەوام بوو لە بلاوکردنەوەی نووسینەکانی، بەڵام لە دوای ئەو سالەوە هیچ بابەتێکی تری بلاونەکردەوە، ئەگەرچی باس لەوە دەکرێ لەو چەند ساڵ بێدەنگییەیدا ١٥ کتێبی نووسیوە.

دوای گواستنەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی لە نیۆیۆرکەوە بۆ کۆرنیش و خۆگۆشەگیرکردنی، ماوەیەکی زۆر رۆژنامەنووس و هەوادارانی هەوڵیان دا شوێنەکەی بدۆزنەوەو بیبینن، بەڵام هەوڵەکانیان بێ سوود دەرچوو و هەموان بێ ئومێدبوو لە بینینی. ئەو گۆشەگیرییەی سالینجەر بووبووە هۆی سەرسامیی دراوسێکانیشی لە کۆرنیش و هەندێکیان بە وردی چاودێرییان دەکرد تا بزانن کێ دێت بۆ لای و دەچێ بۆ لای کێ، بەڵام هەرگیز نەیانتوانی شتێک لەو بارەیەوە بزانن.

تا سالی ١٩٨٠ سالینجەر لە بێدەنگیدا مایەوەو لەو سالەدا رۆژنامەی (بۆستن سەندای گلۆب) یەکەمین دیداری لەگەڵ ئەنجام دا، کە لەهەمان کاتدا دوا دیداریشی بوو.

سالینجەر لە کارەکانیداو بەتایبەتیش لە رۆمانە ناودارەکەیدا (The Catchr in the Rye) ئیشی

لەسەر کەسانی بێزارو پێخراوو نامۆی ماڵی گەنجانی کردووەو خەم و تورەیی و شکستی دەروونیی گەنجانی خستووەتە روو. لەو رۆمانەدا لە رێی کەسێتییە سەرەکییەکەیەوە کە هەرزەکارێکی تەمەن ١٦ ساڵانە، جیهانی ساختەو درۆ رەتدەکاتەوەو بەو هۆیەشەوە رووبەڕووی کۆمەڵێک پرسیاری سەختی وجوودی دەبێتەوە. هەندێک لە رەخنەگران کارەکانی سالینجەر بە حاڵەتێکی هەڵچوون و سۆزداریی ئەو نووسەرە دەزانن و پێیان وایە هۆکاری سەرەکیی نووسینی ئەو کارانە بێزارییەکی کاتییە، بەڵام هەندێکی تر ئەو بۆچوونە رەتدەکەنەوەو وای دەبینن بۆچوونە قوڵ و پرسیارە وجوودییەکانی ئەو نووسەرە کاریگەریی بەرچاوی بووەو دەبێ لەسەر چەندین نەوەی دواتر. جگە لەوەش بەئاگایی و شارەزایی سالینجەر لە بەکارهێنانی وشەو دەسەڵات شکانی بەسەر سیحری زماندا هێندەی تر زیندوویی بەخشیوە بە کارەکانی. لە شوێنێکی ئەو دیدارەدا کە ساڵی ١٩٨٠ لەگەڵیدا سازدراوە، سالینجەر دەڵێ (من ئاشقی نووسینم، دڵنیاتان دەکەمەوە کە من زۆر بە بەرنامە دەنووسم، بەڵام تەنها بۆ خۆم دەنووسم...).

بەر لەوەی سالینجەر بێزاربێت لە ناوبانگ و دەرکەوتن، شتێکی تر کە ساڵانێکی زۆر پێشتر بێزاربوو لێی، خوێندن و دانیشتن بووە لەسەر کورسیی زانکۆو ئەکادیمیا. ساڵی ١٩٣٦ چووتە زانکۆی نیۆیۆرک و تەنها یەک ساڵ خوێندوویەتی، دواتر وازی لە خوێندن هێناوەو سەرقاڵی کارکردن بووە، پاشان بە خێزانەوەو بە مەبەستی کارکردن چەند وڵاتێکی ئەوروپا گەڕاوە. ساڵی ١٩٣٨ بۆ جارێکی تر رووی کردووەتەوە زانکۆو خوێندن، بەڵام ئەمجارەش تەنها یەک وەرزی خوێندن ماوەتەوەو وازی هێناوە. ساڵی ١٩٣٩ دیسان چووەتەوە سەر کورسیی خوێندن و لە زانکۆی کۆلۆمبیا وەرگیراوە، ئەمجارەش لە هەفتەکانی کۆتایی وەرزی دووەمی خوێندندا وازی هێناوەو جارێکی تر نەگەڕاوەتەوە بۆ خوێندنی فەرمی.

پاش ئەوەی لە سەرەتای جەنگی دووەمی جیهانیدا سالینجەر دەبێ بە سەربازو بەشداریی ئەو جەنگە گەورەیە دەکات. بەهۆی ئەو دیمەنە ترسناک و خوێناوییانەی لەو جەنگەدا دەیانبینێ، سالینجەر بۆ ماوەیەک تووشی نەخۆشیی دەروونی دەبێ و بۆ ماوەیەک لەژێر چاودێریی پزیشکیدا دەمێنێتەوە، ئەم حاڵەتە دواتر کاریگەریی دەبێ لەسەر زۆربەی کارە ئەدەبییەکانی.

سالینجەر لە ژیانیدا پەیوەندییەکی زۆری لەگەڵ ژناندا هەبووەو چەندین جار ژیانی هاوسەریی پێک هێناوە، بەڵام نابێ ئەوەمان لە یاد بچێ کە سالینجەر لە یەکەمین پەیوەندیی خۆشەویستییدا بەخت یاوەری نەبووەو ئەو خانمەی لە سەرەتای لاوێتییدا یەکتریان خۆشویستووە، واتا (ئۆنا ئونێل)، لەو کاتەدا کە سالینجەر بەهۆی خزمەتی سەربازییەوە لە بەرەکانی جەنگدا بووە، ئەو شووی کردووە بە ئەستێرەی ناوداری سینەمایی (چارلی چاپلین)و ژیانی هاوسەریی لەگەڵ ئەودا پێک هێناوە، ئەگەرچی جیاوازییەکی زۆریش لەنێوان تەمەنیاندا هەبووە. ئەمە وایکرد سالینجەر تا کاتی



[illegible] هەندێک پێیان وایە کاریگەریی ئەوە وایکردووە کە سالینجەر ڕێگە نەدات هیچ دەرهێنەرێکی سینەمایی کار لە تێکستەکانیدا بکەن.

لەو سەردەمەدا کە سالینجەر بەهۆی کاریگەریی جەنگی دووەمی جیهانییەوە باری دەروونیی تێکچووبوو و لە نەخۆشخانەی دەروونی کەوتبوو، لەوێ خاتوو (سیلڤیا والتەر)ی ناسی و دواتر ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا، بەڵام دوای نۆ مانگ سیلڤیا لەبەر هۆکارێکی نادیار سالینجەری بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا. ساڵی ١٩٥٥ سالینجەر ژیانی هاوسەریی لەگەڵ (کلێر دۆگلاس)دا پێک هێناو لە ماوەی پێکەوە ژیانیاندا دوو منداڵیان بوو. بەهۆی زیادبوونی بەردەوامی گۆشەگیرییەکەی سالینجەرەوە تەمەنی هاوسەرگیرییەکەیان تەنها ١٢ ساڵی خایاندو دواتر جیابوونەوە.

یەکێکی تر لەو خانمانەی ماوەیەک لەگەڵ سالینجەردا ژیاوە (جۆیس مایناردە)ە. بەهۆی ئەو نووسینانەی مایناردی ناردنی بۆ گۆڤاری (نیویۆرک تایمز) پەیوەندیی نامەگۆڕینەوە لەنێوان سالینجەرو مایناردا دروستبوو و لەو ماوەیەدا ٢٥ نامەیان ئاڵوگۆڕ کرد، دواتر و لە ساڵی ١٩٧٢دا سالینجەری تەمەن ٥٣ ساڵ، مایناردی تەمەن ١٨ ساڵی هێنا، کە ئەوکات لە زانکۆی (ییل) دەیخوێند. دوای ئەو هاوسەرگیرییە مایناردی نەگەڕایەوە بۆ خوێندن و ماوەی ١٠ مانگ لەگەڵ سالینجەرو لە ماڵەکەی ئەودا لە کۆرنیش پێکەوە ژیان، بەڵام دوای ئەو ١٠ مانگە، چیتر نەیانتوانی پێکەوە بژین و جیابوونەوە، چونکە مایناردی دەیویست منداڵیان ببێ و سالینجەریش ڕازی نەدەبوو بەو داواکارییە. مایناردی بەئاگاترین ژنی سالینجەر بوو و خاوەنی چەندین نووسن و ڕۆمانە، بەڵام زۆرێک ناوبانگی ئەو دەگەڕێننەوە بۆ ئەو ١٠ مانگەی لەگەڵ سالینجەردا بەسەری بردووە. ساڵی ١٩٩٩ ئەو ٢٥ نامەیەی کە ساڵی ١٩٧٢ لەنێوان ئەو دوو عاشقەدا ئاڵوگۆڕ کرابوون، لە زیادکردنێکی ئاشکرادا لەلایەن مایناردەوە فرۆشران بە زیاتر لە ١٥٠ هەزار دۆلار [illegible] کرد.

لە سەرەتای هەشتاکاندا پەیوەندیی خۆشەویستی لە نێوان سالینجەرو ئەکتەرو پێشکەشکاری بەرنامەی تەلەفزیۆنی (ئێلین جۆیس)دا دروستبوو، دواتر سالینجەر پێشنیاری هاوسەری و پێکەوە ژیانی بۆ ئێلین کردو ئەگەرچی ئێلین چل ساڵ لەو منداڵتر بوو، بەڵام پێشنیارەکەی قبووڵ کرد و ژیانی هاوسەرییان پێک هێنا. ماوەی پێکەوەبوونی ئەو دوانە ١٠ ساڵی خایاندو دواتر جیابوونەوە. دوای ئەوەش ئیتر سالینجەر ژنی تری نەهێناو بە تەنها مایەوە. زۆربەی پەیوەندی و هاوسەرگیرییەکانی سالینجەر سەرەتا لەڕێی نامەگۆڕینەوەوە بووەو دواتر بەرەو قۆناغی پێکەوە ژیان ڕۆیشتووە..

ئەگەرچی ئێستا سالینجەر مردووەو لە ژیاندا نەماوە، بەڵام لە دوای خۆی کۆمەڵێک پرسیاری جێ هێشتووەو زۆرن ئەوانەی کە بەدوای وەڵامەکانیاندا دەگەڕێن. یەکێک لەو پرسیارانە ئەوەیە، تۆ بڵێی قسەی ئەو خانمە ڕۆژنامەنووسەی دراوسێیان ڕاست بێ، کە جارێکیان فێڵی لە سالینجەر کردو بە ناوی کەسێکی هەژارو بێ جێگەوە ڕووی کردە ماڵەکەی و پاش ئەوەی سالینجەر ماوەیەک لە ماڵەکەی خۆیدا جێی کردەوە، دواتر ئەو خانمە ڕایگەیاند کە سالینجەر ١٥ کتێبی دەستنووسی هەیەو لە سندوقێکی ئاسنیندا هەڵی گرتوون؟ ئەگەر ئەو قسەیە ڕاستە، بڵێ ئەو کتێبانە کەی چاپ دەکرێن و ئایا دوای چاپکردنیان، دەنگدانەوەی مەزنیان دەبێ وەک کارەکانی پێشووی؟ ئەی تۆ بڵێی ئێستا ڕێگرییەک نەمابێ لە بەردەم ئەو سینەماکارانەی ساڵانێکە خەو بەوەوە دەبینن کار لەسەر ژیانی سالینجەرو تێکستەکانی بکەن، بڵێی لەمەودوا ژیانی ئەو نووسەرە لەسەر شاشەی سینەماکان ببینرێ؟ ئایا کەسێک هەیە ئاگاداری لایەنە شاراوەکانی ژیانی سالینجەر بێت و بەشێکی تر لە سەمەرەکانی گۆشەگیریی ئەو نووسەرە جیاوازە ئاشکرا بکات؟ گۆشەگیرییەک کە نزیکەی نیو سەدەی خایاندو




# له كولتوورەوە بۆ ئەدەبیات

کامەران سوبحان

زۆرجار مرۆڤ ئەو حاڵەتە سایکۆلۆژیەی بەسەردا دێت کە نازانێت چۆن کاتەکانی لە ماڵەکەی یان لە شوێنی کارەکەی بەسەر بەرێت، ئەم حاڵەتەش پەیوست نییە بەو کەسانەی کە ڕۆشنبیرو ئەهلی کتێبن، بەڵکو حاڵەتێکە هەموو کەسێک ڕووبەڕووی دەبێتەوە، من بۆ خۆم زۆر جار ئەم حاڵەتەم بەسەر دێت، بەتایبەتیش زۆرجار ئەو حاڵەتانە لای من لەو کاتەدا سەرهەڵدەدەن کە دوای بینینی فیلمێک یان خوێندنەوەی کتێبێک، ئیدی هەستدەکەم بەدەر لەو شتانە دەبێت خۆم بەشتی ترەوە خەریک کەم، لەم حاڵەتەشدا هەر دەگەڕێمەوە بۆ لای کتێب وکتێبخانەکەم، چاوێک بەکتێبەکاندا دەگێڕم، مەزاجم لەو چرکەساتەدا چ کتێبێکی گرت خۆمی پێوە خەریک دەکەم، هەر کتێبێک ئەو ساتە ڕامکێشێت لەگەڵیدا دەڕۆم تا تەواوی دەکەم.

دوا نموونەی کتێبێک کە بەم شێوەیە لە کتێبخانەکەمدا کەوتە بەرچاوم کتێبی (ئاوڕدانەوەیەک بۆ ئەدەبیاتی – کۆمەڵە وتار)ی عەبدولخالق یەعقوبی بوو کە ساڵی ٢٠٠٨ لە دەزگای ئاراس لە هەولێر چاپ بووەو کتێبەکە پێکهاتووە لە کۆمەڵە وتارو چاوپێکەوتنێکی ناوبراو لە دووتوێی (٢٣٠) لاپەڕەدا چاپکراوە.

پێش ئەوەی بۆچوون‌و تێڕوانینی خۆم لەسەر ئەم کتێبە بخەمەڕوو، دەمەوێت سەرنجێک لەسەر ئەو فۆرمە کتێبانە بخەمەڕوو کە وتاری هەمەچەشن‌و هەمە ستایلی نووسەرن‌و دوای بڵاوکردنەوەیان لەگۆڤارو ڕۆژنامەکاندا نووسەر جارێکیتر لە کتێبێکدا ئەو وتارانە چاپدەکاتەوە.

دیارە ئەم ئەزموونە لە دونیای ئەدەبیی‌و ڕۆشنبیریدا کارێکی باوەو سەدان نووسەری ناودار وتارەکانیان دوای بڵاوکردنەوە لە گۆڤارو ڕۆژنامەکاندا جارێکیتر لە کتێبدا بڵاویدەکەنەوە، بەڵام پێویستە ئەو وتارانەی کە دواتر دەکرێن بە کتێب لانی کەم هێڵ‌و خاڵێک هەبێت هەموویان بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەوەی سەرنجمدا ئەم کتێبەی بەردەستمان ئەو خاڵ و هێڵەی تێدا نییەو هەریەک لەبابەتەکانی باس لە گرفت‌و کێشەو حاڵەتێکی جیاواز دەکەن لە وانە (کولتوورو کۆمەڵگەی کوردی، وەرگێڕان... دیبلۆماسیتی کوردی، یاداشت‌و ڕاپۆرتاری ڕۆژانە، مەحوی لە نێوان دوو هیچدا، سەلەفیەت‌و سرینەوەی ئەویتر..هتد) لەگەڵ ئەم خاڵەدا کە وتارەکانی جیاوازن‌و هەریەکە باس‌و خواست‌و گۆشەنیگایەکی تایبەتین، بەڵام دوای خوێندنەوەی ئەم کتێبە خوێنەر هەست بەوە دەکات نووسەری کتێبەکە خاوەن گۆشەنیگاو دیدێکی ڕەخنەگرانەی تایبەتە بۆ هەریەک لەو چەمکانە، بەبڕوای من ئەم حاڵەتە خاڵێکی جەوهەری‌و گرنگە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەر بۆ ئەوەی بەدوای کتێب‌و نووسینەکانی تری ئەم نووسەرەدا بگەڕێت و بیخوێنێتەوە.

خاڵێکیتر لەم کتێبەدا کە جێگەی هەڵوێستە لەسەرکردنە خوێندنەوەیەکی تایبەتی نووسەر بۆ ئەو حاڵەت‌و چەمکانە بە میتۆدێکی دوور لە هەموو گرژی‌و حاڵەتێکی سایکۆلۆژی، بەبڕوای من ئەم ڕەگەزە یەکێکە لە بنەما تایبەتییەکانی سەرکەوتنی پرۆسێسی ڕەخنە، کاتێک خوێنەر ڕەخنەیەک دەخوێنێتەوە لەسەر بابەت‌و حاڵەتێکی تایبەتی هەست بەوە بکات ڕەخنەگر لایەنگیرو بەرژەوەندخواز نییە لە پرۆسەکەدا، ڕەخنەو سەرنجەکانی (عەبدولخالق یەعقوبی) لەسەر هەموو ئەو بابەت‌و کەسانەی کە لەم کتێبەدا ناویان هاتووە ڕەخنەو تێڕوانینێکی تەواو بێ لایەنانەیە، بەنموونە ئەو لە وتارێکی ئەم کتێبەدا بەناوی (زمان‌و کولتوورو ڕەنگدانەوەیان لەسەر چەمکی پیاوسالاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا) ڕەخنەی زۆر لەو ترادیسیۆن‌و بۆچوونانە دەگرێت کە لە مێژووی کۆمەڵگەی کوردیدا فەرهەنگی پیاوسالاریان سەپاندووە، کولتووری کۆمەڵگەی کوردی تا ئێستاش کولتوورێکی عەشیرەتی‌و گوندنشینانەیە لەبەرامبەر زمانێکی نوێ دۆشداماوە، ئەم حاڵەتەی زمانی کوردی نیشانەی بێدەسەڵاتی‌و بێ دەرەتانی وزەی داهێنانی چەمکە نوێکانی کولتووریشی شکاندووە، هەر بۆیە کۆمەڵگەی ئێمە بەدەست کۆمەڵێک قەیرانی کولتووری زاڵ دۆشداماوە، ئەگەر گوتارێکی زمانی نوێ لە ئارادا بوایە ڕەنگە ئەم قەیرانەش کەمو زۆر چارەسەر بکرانایە، کولتوورو زمان لە پەیوەندییەکی دانووستان ئامێزی بەردەوام‌و بگۆڕدان، گەشەسەندنی هەر لایەنێکیان پەیوەندە بەواتای گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگەیەی کە پێویستی هەمیشەیی بەم دوو دیاردە گرنگەی ژیانی مرۆڤ هەیە، هەر بۆیە (مێری ئۆنز) ژنە ڕۆماننووسی بەریتانی سەدەی نۆزدە، کە بۆ ئەوەی دەرفەتی چاپ بوونی ڕۆمانەکانی لە کیس نەچێت، سوودی لە ناوێکی نێرینەی (جۆرج ئیلیۆت) وەرگرت، گەر ئەم ڕۆماننووسە بە ڕێکەوت لەم سەدەیەدا بوایە و هەر لە وڵاتەکەی خۆشیا بژیایە ئەوا بەشانازیشەوە ناوی خۆی لەسەر ڕۆمانەکانی دەنووسی، نەک ناوی نێرینەیەک، چونکە دوای سەدەیەک گۆڕانکاری کولتوورو زمان ئەو کۆمەڵگەیە پێی وانییە سەرکەوتنی نووسەر لە گرەوی ئەوەدا بێت کە حەشا لە شوناسی ژنانەی

خۆی [illegible] ئەدەبیات لا٢٥٧-٢٥٨)
له وتارێکی تری ئەم کتێبەدا بەناوی (هەفتەیەکی هەولێرو ڕاپۆرتارێکی ڕۆژانە) لەم وتارەدا کە یاداشتی حەوت ڕۆژی نووسەرە لە هەولێر، لە (٥-١١/بەفرانباری ٢٠٠٤) گەرچی نووسەر لەو هەفتەیەدا کە بانگێشتی دەزگای ئاراس بووە بۆ هەولێر بۆ فێستیڤاڵی دەزگای ئاراس، بەلام لە نووسینی ئەو یاداشتە حەوت ڕۆژییەدا قسەی لەسەر زۆر لایەنو بارودۆخی سیاسیو کۆمەلایەتیو ڕۆشنبیری ئەو قوناغەی هەولێرو کوردستان کردووە، لەم وتارەدا خوێنەر هەستدەکات (یەعقوبی) زۆر بەئیلتیزامەوە وشەو ڕستەو تێڕوانینەکانی خۆی لەسەر حاڵەتەکان دەخاتە ڕوو، بەبۆچوونی من زۆر گرنگە نووسەر خاوەن ئەو یادەوەرییە بەهێزە بێت بۆ بینینو خوێندنەوەو نووسین، بۆ ئەوەی وێنەکان وەک خۆی لە ئاوێنەیەکی پاکژدا ببینێت.

ئەو لەو حەوت ڕۆژەدا لە بەشداریکردن لە کۆڕو سیمینارو دەزگا ڕۆشنبیرییەکانی هەولێر زۆر شت دەڵێت زۆر ڕستە ڕیزدەکات، کە دواجار هەموویان پێکەوە دیدگایەکی ڕەخنەگرانەی خۆیەتی بۆ ئەو حاڵەتانە.

له شەممە لە٥ی بەفرانباردا دەڵێت (گەیشتینە هەولێر، ئێوارە وەخت بوو، شەقامەکانی هەولێر نیوەی شەقامەکانی خۆمان ڕووناک نەبوون، هەولێر هێشتا تاریکیو بێ دەرەتانیو زوڵمو چەوسانەوەی زووی بەسەرەوە بوو، بەڵام کۆڵانەکانی هەولێر یەک لە هەزاری ڕووناکی شیراتۆنیان پێ نەبڕابوو!) (لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات لا٤٦ )

له ڕۆژی یەک شەممە ٦ی بەفرانباردا زۆر شتی ئەو ڕۆژە باس دەکات گرنگترینیان، بەشداریکردن بووە لە مەراسیمی خەڵاتکردنی نووسەران لەلایەن دەزگای ئاراسەوە کە بریتیبوو لە (مارف خەزنەدار، حەمەسەعید حەسەن، ئەحلام مەنسور) نووسەر دەنووسێت ئەم خەڵاتکردنە دەنگدانەوەی زۆری لێکەوتەوەو هەندێ کەس پێیان وابوو ئەو کەسانە شیاوی ئەو خەڵاتە نەبوونو هەندێ دەیانووت ئەو خەڵاتانە بۆندار بوونو بەپێی بەرژەوەندی تایبەت دابەشکراونو دواتر نووسەر هەر لەو ڕۆژەدا کورتەی دوو کۆڕی حەمەسەعید حەسەنو مەهاباد قەرەداغی دەگێڕێتەوە کە خۆی بەشداربووە تیایداو دیدگاو ڕەخنەو بۆچوونەکانی لەسەر ئەو کۆڕانە دەخاتەڕوو.

کۆڕەکەی کاک حەمەسەعید حەسەن لەسەر شیعربوو، کۆڕەکەی باسی شیعری نوێو شیعری کۆن بوو کە (حەمەسەعید حەسەن) وشەی (کۆن)ی لەبری کلاسیک بەکارهێناوە، کۆڕەکە باسی وەرگێڕانی شیعرو دیدی کۆرگێڕ بۆ وەرگێڕانی شیعری ڕەسەن وایە کە دواجار ئەو شیعرە وەرگێڕاوە شیعرێکی ڕەسەنی لێبەرهەم دێت! یەعقوبی دەڵێت من دژی ئەم بۆچوونە ڕەهایە بووم، چونکە پێم وایە شیعری داهێنەرانە بەشێوەیەکی ئەوەندە تۆکمە نووسراوە ئەستەمە لە ڕێگەی وەرگێڕانەوە، پەیامە شیعرییەکەی بگاتە خوێنەر و لە زمانی زگماکی خۆی جیابکرێتەوەو پێت وابێت سەقەتت نەکردووە، بۆ نموونە ئەم شیعرەی نالی گەر بوێرین وەریبگێڕین بۆ فارسیو ئینگلیزی، دڵنیام پێکهاتەی گشتی شیعرەکە لە بنەماوە تێکدەچێت.

هەرچەندە گوناهی دەمەکەت بارە لەسەر لێو
حەددی چییە نالی کە بڵێ ماچە کەفارەت

لەگەڵ چەندین ڕەخنەی تر لە کۆڕەکەی کاک حەمەسەعید حەسەن لەسەر تێڕامیی بۆ شیعرو وەرگێڕانی شیعری بەزمانێکی ڕەخنەگرانەی ئەدەبیاتەوە دوور لە هەڵەشەیی‌و توندڕەوی.

لە ڕۆژی دواتردا نووسەر لە کۆڕێکی (مەهاباد قەرەداغی) بەشداربووە بەناوی (ژن‌و زمانی کوردی) نووسەر لەسەر ئەم کۆڕە بەدوو لاپەڕە تێڕوانینی خۆی لەسەر تێزەکانی دەخاتەڕوو بە کۆڕێکی سەرنج ڕاکێش‌و بەپێزی ناو دەبات‌و دواتر ڕەخنەی خۆی لەسەر کۆڕەکەو قۆناغ بەندی نەکردن‌و بۆ مێژووی چەوساندنەوەی ژنی کورد لە کۆمەڵگەدا دەخاتەڕوو. (لەکولتوورەوە بۆ ئەدەبیات لا٥٢-٥٤) .

لە ڕۆژانی تردا سەردانی چەندین دەزگای وەک موکریان‌و زانکۆی سەلاحەدین‌و دەزگای ئاراسی کردووە، لەهەریەک لەو شوێنانە دیدو تێڕوانین‌و بۆچوونەکانی خۆی خستووەتەڕوو.

لە بابەتێکی تری ئەم کتێبەدا کە دیدارێکە لەگەڵ عەبدولخالق یەعقوبی لەسەر مارف ئاغایی شاعیر بەناوی (مارف-ی شاعیر لە ڕوانگەی شیعری مارفەوە) ئەم دیدارە لەم کتێبەدا یەکێکە لەو بابەتانەی کە سەرنجی منی وەک خوێنەرێک ڕاکێشا. خوێنەر لە دوای خوێندنەوەی ئەم دیدارەوە دەتوانێت ئاستی ڕۆشنبیری‌و ئاگایی یەعقوبی بزانێت لەسەر ئاستی شیعرو دەقدا، من بۆ خۆم زانیارییەکی کەمم هەبوو لەسەر ئەو شاعیرە، بەڵام دوای ئەم دیدارە دەزانم ڕیتمی شیعری مارف ئاغایی چۆنە، دەزانم بەچ ستایلێک شیعری نووسیووە، کاریگەری چ شاعیرێکی بەسەرەوەبووە، چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان شیعرە درێژو کورتەکانی شاعیرداو...هتد، قسەکردنی یەعقوبی لەسەر ئاغایی قسەکردنێکی هەمەلایەنانە، ئەمە لە کاتێکدا لەدوا دێڕی دیدارەکەدا نووسراوە ئەم دیدارە ڕێکوردەر کراوەو دواتر خراوەتە سەر کاغەز بەبێ پاکنووس‌و پیاچوونەوە.

عەبدولخالق یەعقوبی خاڵی زۆر وردو سەرنجی زۆر تایبەت لەم دیدارەدا لەسەر مارف ئاغایی‌و ئەزموونی شیعری باسدەکات، ئەمە جگە لەوەی قۆناغبەندی شیعری ئەو شاعیرەو جیاوازی نێوان پۆستەرە شیعرییەکانی‌و شیعرە درێژەکانی دەکات، چەمکو هێماکانی بە تێڕوانینێکی لۆژیکیانە شیدەکاتەوە، لە خاڵێکی تریشدا بەنموونەی شیعری کاریگەرییەکی شێرکۆ بێکەس‌و (دەربەندی پەپوولە) لەسەر شیعری (سەفەری مەرگ‌و ژین) باس لێوەدەکات‌و دەڵێت: لە گێڕانەوەی شیعری (سەفەری مەرگ‌و ژین)دا تارماییەکی قورسی شیعری شێرکۆ بێکەسم بەسەرەوە بینی، بە تایبەتی (دەربەندی پەپوولە) ئەو شیعرە ڕەوایەتییەی کە مارف ئاغایی بۆ ئەو شیعرەی هەڵبژاردووە زۆر لە دەربەندی پەپوولە بەرجەستە بووە..هتد (لە کولتوورەوە بۆ ئەدەبیات لا١٠٢-١٠٣).

لە وتارێکی تری ئەم کتێبەدا بەناوی (ڕۆمانی باڵندەکانی دەم باو دەرەتانەکانی گێڕانەوەیەکی پۆست مۆدێرنیستی) خوێندنەوەیەکی تایبەت‌و هەمەلایەنانە بۆ ئەو ڕۆمانەی عەتای نەهایی دەکات کە لە کوردستانی باشوورو ڕۆژهەڵات جێگەی گفتوگۆو دیالۆگێکی زۆری نووسەران‌و ڕەخنەگران بوو، لەگەڵ هەندێ سەرنجی تایبەتی خۆم لەسەر بۆچوونەکانی نووسەر لەسەر ئەو ڕۆمانە، بەڵام پێم وایێت ئەو نووسینە یەکێکە لە نووسینە تایبەتەکان لەسەر هونەری ڕۆماننووسین‌و تەکنیکو گێڕانەوە، چ لە ڕۆمانەکەی عەتای نەهایی، چ لە ڕۆمانی کوردی‌و باسکردنی فەلسەفەی پۆست مۆدێرنێتی لە ئەدەبیاتی ڕۆماننووسینی کوردیدا. لەچەند وتارێکیشدا لەسەر (نالی‌و مەحوی‌و سوارەی ئیلخان زادە) تێڕوانین‌و بۆچوونی زۆر تایبەت لەسەر شیعری ئەم شاعیرانە دەخاتەڕوو، خوێندنەوەو مانای نوێ بۆ چەمکو زاراوە شیعرەییەکانیان دەکات، کە هەوڵیداوە لە هەموو ئەو وتارانەدا بەشێوازێک قسە بکات کە پێشتر بەو شێوازە لەسەر ئەو شاعیرانە قسە نەکرابێت.

# گۆستاف فلۆبێڕ...

# ڕێگەیەکی تایبەت بۆ ژیان



و: هەورامان وریا قانع

«گۆستاف فلۆبێر» لە جیهانی ئەدەبدا ناوێکی بەناوبانگە، نەک تەنها لە فەڕەنسا، بەڵکو لە تەواوی جیهاندا. لێرەوە کتێبێکی زۆر لەسەر ژیانیو بەرهەمەکانی دەرچووە. وەلێ زنجیرەی ئەو کتێبانە تا ئێستا هەر بەردەوامە، ڕەنگە دواهەمینیان ئەو کتێبە بێت کە توێژەری فەڕەنسی پسپۆڕ لە «گۆستاف فلۆبێر» دەریکردووە، مەبەست لەو توێژەرە «پییر مارک دو بیازی»ی توێژەرەو کتێبەکەشی ئەم ناونیشانەی لەخۆگرتووە (گۆستاف فلۆبێر.. ڕێگەیەکی تایبەت بۆ ژیان).

ئاخۆ ژیانی نووسەر چییە؟ ئەمە ئەو [illegible]
پرسیارە سادەیەیە کە لە یەکەمین دێڕەکانی ئەم کتێبەوە دەخرێتەڕوو، وەڵامەکەشی بەم شێوەیەیە: (منداڵیو خۆشەویستیو سەفەرکردنو هاوڕێیەتیو گەیشتن بە پارەو پێگەی کۆمەڵایەتیو سەرکەوتنو دوورەپەرێزی)، ئەمە هەندێ لە پێکهاتە سەرەکییەکانی ژیانی هەر مرۆڤێکە. بەڵام ئایا سەرجەم ئەم مەسەلانە، پەیوەندییەکی قووڵی لەگەڵ هەڵسوکەوتو نووسینو شێوزای نووسینی نووسەرەکەدا هەیە؟ پاشان ئەو تایبەتمەندیانە چین کە وادەکات سەربوردەی ژیانێک، ببێتە سەربوردەی ژیانی نووسەرێک؟ ئەم جۆرە پرسیارانە، وەک لە کتێبەکەدا هاتووە، کۆمەڵێ ڕەگەزن کە ناکرێ لە نووسینەوەی سەربوردەی ژیانی هەر کەسێکدا، پشتگوێ بخرێن، وەلێ ئەو ڕەگەزانە لە ژیانی کەسێتییەکی وەک «گۆستاف فلۆبێر»دا، زیاتر گرنگو یەکلایکەرەوەترن.چونکە ئەو وەک ناونیشانی کتێبەکە دەڵێت: (گۆستاف فلۆبێر.. ڕێگەیەکی تایبەت بۆ ژیان)ی هەبووە.

دانەری کتێبەکە، بابەتەکانی کتێبەکە دەکات بە دە بەشەوە، چوار بەشی یەکەمی کتێبەکە، تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر منداڵی «گۆستاف فلۆبێر»، پاشان بەشێک بەم ناونیشانە دێت (سروشتێکی ئاگراوی)، دواتر بەشێکی دیکە لەژێر ئەم ناونیشانەدا دێت (مردنو خۆشەویستیو شوێنەکانی دیکە)، ئیدی ئەو بەشانەی دیکە کە دەمێننەوە، تەرخانکراوە بۆ قسەکردن لەسەر ڕێڕەوی ئەدەبیو داهێنەرانەی «گۆستاف فلۆبێر». یەکێک لەو بەشانە ئەم ناونیشانەی هەیە: (چونە ژوورەوە بۆ جیهانی ئەدەب)، دانەری کتێبەکە لە ناونیشانێکی دیکەدا دەپرسێت (دەبێ مەدام بۆفاری..کێ بێت؟). لێرەدا ئەوەی شایەنی بیرهێنانەوەیە، ئەوەیە «گۆستاف فلۆبێر» خۆی بەم شێوەیەی خوارەوە وەڵامی ئەو [illegible] ئەوەی لێیدەگێڕنەوە.

هێڵە پانەکانی سەربوردەی ژیانی «گۆستاف فلۆبێر»، دەریدەخات کوڕی خێزانێکی بۆرجوزای بووە، پێش ئەوەی بێتە ناو جیهانی نووسینەوە، ڕۆژگەلێکی پڕ بێزاری بەسەربردووە. لە تەمەنێکی زوودا بەدەست مردنی باوکیو پاشان مردنی خوشکێکی، گرفتاربووە، ئەو خوشکەی دوای ئەوەی منداڵێکی دەبێت، دەمرێت. «گۆستاف فلۆبێر» سەفەری زۆر کردووە، بەتایبەتی بۆ ئیتالیاو ڕۆژهەڵات، لەوێ بەرهەمێکی بەناوبانگی بەناونیشانی (هەستەکان لە سەفەردا) نووسیوە. لە ماڵێکی گوندیانەی تایبەت بە بنەماڵەکەی، بۆ ماوەی پێنج ساڵ بەدوورە پەرێزی ماوەتەوە. لەو ماوەیەدا بەناوبانگترین کارەکانی خۆی نووسیوە، واتە (مەدام بۆفاری)، پاشان (پەروەردەیەکی سۆزداری-التربیه العاطفیه)و (سالامبۆ) دەنووسێ. بەڵام ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە تا خۆی لە ژیاندا بوو، کارەکانی هیچ بایەخو سەرکەوتنێکی گەورەو بەرچاوی ئەوتۆیان بەخۆیانەوە نەبینی. وەلێ کارەکتەری ڕۆمانەکانی، لە پێش هەموویانەوە (ئیما بۆفاری)، بەرجەستەی ئەو نەریتو ئەخلاقە بۆرجوازیانەیان دەکرد کە لەسەردەمی «گۆستاف فلۆبێر»دا باوبوون، بەتایبەتی ئازادی گەڕان بەشوێن تێرکردنی ئارەزووەکان. بەم شێوەیە «گۆستاف فلۆبێر» ڕووبەڕووی تۆمەتی ڕێزنەگرتنی ئەخلاق بووەوە، بە دیاریکراوی لە ڕۆمانی (مەدام بۆفاری)دا.

«گۆستاف فلۆبێر» لە ساڵی ١٨٨٠دا، بەهۆی توشبونی بە (نەزیفی دەماغ)ەوە کۆچی دوایی دەکات. یەکێک لەو نەریتانەی «گۆستاف فلۆبێر» خوی پێوەگرتبوو، وەک ئەوەی دانەری کتێبەکە جەختی لەسەر دەکاتەوە، بریتییە لەوەی تاکو کاتژمێرەکانی

بەرلەوەی خەریکی نووسین بووبێ بەشێوەیەک ئەو کەسانەی ڕاهاتبوون لە هاتوچۆیاندا ڕێگەی ڕووباری (سین) بەکاربێنن، پەنجەرە ڕووناکەکەی «گۆستاف فلۆبێر»یان وەک خاڵێکی نیشانە دادەنا. «گۆستاف فلۆبێر» بەئەندازەیەک حەزی لە کاری نووسین بوو، بە خۆی دەگوت: (پیاوی قەڵەم)، ئەمەش لەو بڕوابونەیەوە هاتبوو کە هەر کارێکی ئەدەبی، هیچ بەهایەکی گەورەی نابێت، ئەگەر چارەنووسی (نەمری) نەبێت.

دانەری کتێبەکە قسەیەکی «گۆستاف فلۆبێر» دەگێڕێتەوە کە تێیدا وتویەتی: (مادام زمان دەمێنێتەوە، بۆیە من بۆ خوێنەری ئەمڕۆ نانووسم، بەڵکو بۆ هەموو ئەو خوێنەرانەی دەنووسم کە دواتردێن). لە ڕاستیدا ئەم قسەیەی «گۆستاف فلۆبێر» لەو نامەیەوە وەرگیراوە کە لە ساڵی ١٨٧٢ بۆ خانمی نووسەر «جۆرج ساند» نووسیبووی.

دانەری کتێبەکە لە بەشێکی دیکەی کتێبەکەیدا، باس لەوە دەکات «گۆستاف فلۆبێر» حەزی لە سواری ئەسپ بووە. بەڵام کاتێ لە نۆرماندی فەڕەنسا یان لە لوبنان یاخود لە میسر، لەسەر پشتی ئەسپەکەی هاتووەتە خوارەوە، زۆرجار ئەوەی بۆ ئەوە کردووە تاکو ئەو چەند دێڕە لەسەر کاغەز بنووسێت کە بۆی (هاتبوو)، چونکە نەیویستووە لەکیسی بچێت. بەم مانایە «گۆستاف فلۆبێر» دوو ئارەزووی سەرەکی هەبووە، ئەوانیش ئەسپسواریو ئەدەب. ئەو دووانە، دوو چالاکی بەردەوامبوون کە لەگەڵیدابوون. ڕەنگە گونجاوبێت ئارەزووی سێیەمیش بۆ ئەو دوو ئارەزووە زیادبکەین، ئەویش خۆشەویستییە. لەم بارەیەوە دانەری کتێبەکە لەسەر زاری «گۆستاف فلۆبێر» ئەمە دەگێڕێتەوە، جارێکیان «گۆستاف فلۆبێر» نامەیەک بۆ یەکێک لە دڵدارەکانی کە ناوی «لویز کۆلیە» بووە دەنێرێتو تێیدا دەنووسێت: (بەهەشتی ئەم جیهانە، لەسەر پشتی ئەسپ یان لە گەڕان و هەڵدانەوەی لاپەڕەی کتێبەکاندایە یاخود لە تەنیشت ئافرەتێکەوەیە).

**نووسین ئامانجە**

دانەری کتێبەکە پێیوایە هەموو ئەو ئەزموونانەی «گۆستاف فلۆبێر» پێیداتێپەڕیوە، لە دڵداریو سەفەرکردنو گەڕانو لەزەتو هاوڕێیەتیو یاخیبوونو تەنهایی، هەر هەمویان لەلای «گۆستاف فلۆبێر» یەک ئامانجیان هەبووە، ئەویش نووسینە. لێرەوە یەکێک لەوانەی سەردەمی زێڕینیان بەخشییە ئەدەبی فەڕەنسی، بەوپێیەی یەکێکە لە (داهێنەرانی) ڕۆمانی نوێ، بەو شێوەیە ژیانی بەسەربردووە.

**دانەر لە چەند دێڕێکدا**

دانەری ئەم کتێبە «پییر مارک دو بیازی»، لە مەڵبەندی نیشتیمانی فەڕەنسا بۆ توێژینەوەی زانستی، کاری توێژینەوە ئەنجامدەدات. هەروەها لە بواری بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیری کە تایبەتە بە ڕادیۆی فەڕەنسای ڕۆشنبیری، کاردەکات. ئەم نووسەرە یەکێکە لەو شارەزا فەڕەنسییانەی تایبەتمەندە بە ئەدەبی «گۆستاف فلۆبێر»، زیاد لە بیست کتێبی هەیە، بەشی هەرە زۆری لەسەر «گۆستاف فلۆبێر»ە، لەوانە کتێبی (ڕۆژانی کارکردنو سەفەر بۆ میسر).

ناوی کتێب: گۆستاف فلۆبێر..ڕێگەیەکی تایبەت بۆ ژیان

**نووسینی:** پییر مارک دو بیازی
لە بڵاوکراوەکانی گراسییە - پاریس ٢٠٠٩
ژمارەی لاپەڕە: ٤٩٦ لاپەڕەی مام ناوەند

**سەرچاوە:** مسارات البیان، ٢٠١٠/٢/٦

# کورتە ناساندنێکی ڕۆمانی «تاعوون»

## ( پێگەی ڕاستەقینەی نووسین، دەبێت لەخوێندنەوەدا بۆی بگەڕێیت)

بەلزاک

ئیدریس

ژیان پڕە لەچیرۆکو بەسەهاتی سەیر سەیر، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێک کارەساتو نەهامەتیو ڕووداوی تراژیدی بوونەتە هەوێنی شاکاری مەزنو داهێنانی ئەدەبییان لەسەر کراوە، کاراکتەرو قوربانییەکانی ناو ئەو کارەساتو نەهامەتییانە، بریتین لەڕەگەزی مرۆڤ، واتە خودی مرۆڤ بۆخۆی چەقی ڕووداوەکانەو بزوێنەرو خولقێنەری مێژووەکەیە، لەو نێوەندەدا ئەدەبو هونەریش بەهەموو ڕەهەندو لقە جوانەکانییەوە، بەشدارییەکی کاراو جدیو کاریگەریان هەبووە لەگێڕانەوەو بەزیندوویی هێشتنەوەی ئەو چیرۆکو ڕووداو و بەسەرهاتانەدا، ئاخر ئەگەر مارکیز نەبایە لەکوێ ئەو نەنکە دڵڕەقەی ( ئەراندێرا) مان دەناسی؟ گەر گۆگوڵ حیکایەتی جەنگی قەوقازیەکانو پۆڵەندیەکانی نەگێڕایەتەوە چۆن قارەمانێکی وەک ( تاراس بۆڵبا) مان دەناسی؟ یاخود گەر نیکۆس کازانزاکیس زۆربای نەنووسیبایە، ڕەنگە تاکو ئێستاش هەستمان بەوە نەدەکرد کە شتێک لەڕۆحماندا پەنهانە، ئەگەر بە هێمنی تەماشای ڕۆمانەکانی تاوانو سزاو برایانی کارامازۆف بکەین، یەکبەخۆ خودی دیستۆفیسکیو ئەو ژیانە پڕ لە کارەساتو تراژیدییە دەبینینەوە کە هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵیدا ژیاوە، بۆنمونە بەندکردنەکەی لە سیبریاو قومارەکانیو مردنی منداڵو دایکو براکەیو دڵڕەقی باوکیو هەرماوەو بەناچاری ژیان لە وڵاتێکو دەیان گرفتو حاڵەتی دەروونی تایبەت بەخۆی، بوونە هەوێنی شاکارەکانیو تەنانەت زۆرێک لەپاڵەوانەکانی ناو ڕۆمانەکانیشی بریتین لەو کەسە نزیکانەی لەگەڵیدا ژیاون.

ئەڵبەت لەڕێگەی سەدان ڕۆمانی جیهانی دیکەوە ئاشنای گەلێک ڕووداوو بەسەرهاتو پاڵەوانو کەسایەتی جۆراو جۆرو کولتوورو شارستانییەتو دابو نەریتو هەڵسوکەوتی ڕۆژانەی خەڵکی دنیا بووینو هۆشیاریمان لەسەر مێژووەکەیان پەیداکردووە، کە ڕەنگە ئەو هێزی گێڕانەوەیە جگە لەڕۆمان بە سەدان توێژینەوەو بابەتی دیکە ئەنجامنەدرێت.

(تاعوون)، لەجۆری ئەو تێکستانەیە کە چەقی چیرۆکەکەی لەسەر ڕووداوێکە کە لەساتەوەختێکی

[illegible]
باس لە بڵاوبوونەوەی پەتای تاعوون‌و قوربانییەکانی ئەو بەڵایە دەکات، بەڵام دەکرێت لەپەنجەرەیەکی ئەو شارەوە، یاخود لەئازاری دڵی کارەکتەرێکیەوە لەتەواوی جیهان بڕوانین‌و دواتر خۆمان ببینە بەشێک لەڕۆحی کارەکتەرەکان‌و بەشداری لەگێڕانەوەی ڕووداوەکاندا بکەین.

مەودای بینین‌و تێگەیشتن‌و ڕەهەندەکانی ئەم ڕۆمانە بە ئەندازەیەک قووڵ‌و فراوان‌و ئاڵۆزن، کە خوێنەر ناچار دەکات تەواوی هەستەکانی خۆی چڕ بکاتەوە، بۆ ئەوەی لە (تاعوون) تێبگەین، پێویستە تێگەیشتنمان بۆ چەمک‌و ڕەهەندەکان لەئاستێکی فراوانتری مەعریفی‌و ڕۆشنبیریدا بێت‌و هاوکات دیدگاو ڕووانگەشمان لەتەنها خاڵێکی دیاریکراودا قەتیس نەکەین‌و ڕووکەشانە شوێن ڕووداو و بەسەرهاتەکان نەکەوین، چونکە تاعوون لەجۆری ئەو تێکستانەیە کە فرە ڕەهەندو فرە مەودایە لەخوێندنەوەو ڕۆچوون بەناو ڕووداوو کۆی ماجەراکانیدا.

لەم ڕۆمانەدا واتە ( تاعوون) کامۆ، لە پشت جەنگی ڕۆژانەی مرۆڤ‌و ململانێکانەوە ڕووانگەیەکی ئینسانیی قووڵی نیشانداوین، خوێنەرو نووسەرانی کورد دەمێکە ئاشنای فکرو ئەدەب‌و دنیابینی کامۆ بوون، هاوکات لەڕێگەی وەرگێڕانی هەندێک لەشاکارەکانییەوە ئەو ئاشنایەتییە زیاتر مەوداکانی فراوان بوون‌و کاریگەریشیان لەسەر فۆڕمی بیرکردنەوەو بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەریشمان داناوە.

ئەوەی لەپشتی ئەم ڕۆمانە مەزنەوە وەستاوە، کەسێکە تاسەرمۆخ بەنێو قووڵایی ژیان‌و بوون‌و فکرو ناخی ژیان‌و مرۆڤایەتیدا ڕۆچووە، (ئەلبێر کامۆ) کە لەپانتایی ڕۆشنبیری و ئەدەبی دنیادا، تاکو ئێستاش ئامادەیی فیعلی‌و کاریگەرییە جدیەکانی هەست پێدەکرێت، بەجۆرێک لەجۆرەکان سایەی بەسەر بەرهەمی ئەدەبی‌و هونەریی‌و فکریی ڕۆشبیران‌و ڕوانینی خوێنەوارانی ئێمەشەوە کردووەو ڕۆڵی هەبووە لە ئاڕاستەکردنی فکریی‌و ئەدەبیماندا، بێگومان ئەو نووسەرە مەزنەی عەبەسیەت‌و یاخیگەرایە لەپای فرە ڕەهەندی تێکست‌و فکرو دنیابینییە قووڵەکانییەوەیەتی کە ئامادەیی خۆی دووپات کردۆتەوە و لەتەواوی دنیادا ژمارەیەکی زۆر لەخوێنەرانی بە بەرهەمەکانییەوە سەرقاڵکردووەو تاکو ئێستاش ڕاڤەی تێکستەکانی دەکرێت‌و وەردەگێڕدرێنە سەر زمانە جیهانییەکان، چونکە ئەو پەردە لەسەر ئەو حەقیقەتە زاتیانەی ناو خودی ئینسان‌و کاریگەری شارو سرووشت لەسەر مرۆڤ هەڵدەماڵێت‌و زیاتر خوێنەرەکانی خۆی لەسەر ئەوە ڕادێنێت کە لەبیرۆکەو ڕووداوەکانی ڕۆژانەدا پانتایی‌و ماناو دەلالەتی جیاواز بدۆزنەوە.

وەک ئاشکرایە (ئەلبێر کامۆ) ساڵی ١٩١٣ لەهەرێمی قەستەنتینەی جەزایر لەژنێکی ئیسپانی‌و پیاوێکی فەرەنسی لەدایک دەبێت، کامۆ لەپاش کوژرانی باوکی لەگەڵ خێزانەکەیدا ژیانێکی پڕ لەکێشەو هەژاریی‌و کولەمەرگیی دەژی، ئەو زیاتر لەهەر ئەندامێکی دیکەی خێزانەکەی درکی بەکاریگەری هەژاریی‌و نەهامەتییەکانی ڕۆژگارو سیستەمی چەوساندنەوە کردو واقیعی ژیانی ئەوسەردەمە وەک ئاوێنەیەکی ڕوون ناکۆکی چینایەتی پێنیشاندا، تەنانەت لەکایەی ڕۆژنامەگەریشدا کە کامۆ ماوەیەک کاری تێدا کرد یەکەم بەرهەمی کە بڵاوی کردەوە بریتیبوو لە باسێکی قووڵ لەسەر ژیانی کرێکاران، بۆیە لەزۆربەی شاکارەکانیدا هەمیشە ڕەهەندی ئینسانیی‌و چینایەتی لەڕوانگەیەکی فکرییەوە هەست پێدەکرێت، وەک چۆن ناعەدالەتی‌و ژیانی هەژاریی‌و نائارامیی دەروونی زاڵە بەسەر فەزای ڕۆمانەکانیدا، بەو شێوەیەش هەمیشە کارەکتەرێکی ڕزگارکەرو ئومێد بەخش لەنێو ڕووداوو چیرۆکەکان‌و لەنێو جەرگەی کێشمەکێشەکاندا دروستدەکات بەتایبەت لە ( نامۆو میوان‌و تاعوون)دا.

ڕۆمانی تاعوون، کە لەماوەی ڕابردوودا لەلایەن (ڕەسوڵ سوڵتان)ییەوە وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی‌و بەڕێوەبەرێتی چاپ‌و بڵاوکردنەوەی سلێمانی چاپ‌و بڵاوی کردەوە، یەکێکە لەو شاکارە جیهانیانەی

[illegible]
پێشوزایی بێوێنەی لێکراوە، لێرەدا ناکرێت ڕۆڵی برای وەرگێڕ ڕەسوڵ سوڵتانی فەرامۆش بکەین کە وێڕای سەختیو ئاڵۆزی چیرۆک و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەو شێوزای گێڕانەوەو ئاڵۆزی زمانەکەی، بەڵام تا ئاستێکی باش توانیویەتی کەشی هونەرییو کۆی ڕووداوو بەسەرهاتەکانی ناو دەقەکە، بەتامو چێژەوە بگەیەنێتە خوێنەری کوردیو گرێ فەنتازیەکانی بکاتەوە.

ڕۆمانەکە باس لەبەڵایەک دەکات کە بەسەر شارێکدا دێت بەناوی (ئۆران)، ئەویش بریتییە لەبڵاوبوونەوەی نەخۆشی تاعوون کە چەندین قوربانی لێدەکەوێتەوە، گێڕەرەوە لەسەرەتادا وا پێناسەی ئەو شارە دەکات کە شارێکی بێ دارو بێ کۆترو باخە، هەر لەو سەرەتایەدا خوێنەر وێنەی شارێکی دێتە پێش چاو کە تەنها لەڕێگەی ئاسمانەوە هەست بەگۆڕینی کەشو هەواو وەرزەکانی دەکرێت، بەکورتی لەوشارەدا شتێک نییە مرۆڤ دڵی پێی بکرێتەوەو خەڵکەکەشی تەنها سەرقاڵی قومارکردنو مەی خواردنەوەو ڕابواردنو بازرگانیو گروپچێتیو کاری ئاسایی ڕۆژانەی خۆیاننو خۆیان بەخەونی بچووک بچووکەوە سەرقاڵکردووەو بەگوتەی کامۆ خۆی شارێکە فکرو خەیاڵی تێدا نییە.

بەکورتی شار لەم ڕۆمانەدا وەک شوێن کۆی ڕووداو و بەسەرهاتەکان لەخۆ دەگرێت، بێگومان وەک چۆن کۆمەڵێک کارەکتەرو ڕەگەزی بەشەری بوونەتە هەوێنی دروستبوونی شار، بەوشێوەیەش خودی شار سرووشتو و فەزا گشتییەکەی شار، ڕۆڵو کاریگەری دەبێت لەسەر بونیادی بیرکردنەوەو تایبەتمەندی ژیانو هەڵسووکەوتی تاکەکانی، کامۆ بۆ ناسینی شار واتە ئەو شارەی ڕووداوەکانیمان لەڕەوتێکی ئەدەبیدا بۆ دەگێڕێتەوە ڕێگەیەکی کورتمان نیشان دەداتو لەو ڕێگەیەوە ئاشنامان دەکات بە نهێنییەکانو سایکۆلۆجیەتی مرۆڤەکانی ناو ئەو شارە« ڕێگەی سادە بۆ ناسینی شارێک ئەوەیە کە پیاو بزانێت خەڵکەکەی چۆن دەژینو چۆن خۆشەویستی دەکەنو چۆن دەمرن، لەم شارە خنجیلانەدا هەر دەڵێی بەهۆی کەشو هەواوەیە کە ئەو سیانە تێکرا بەگەرمیو شێواوییەوە بەڕێوە دەچن، واتە مرۆڤ هەم بێزار دەبێتو هەم خۆی لەگەڵیا ڕادێنێت».

کامۆ لەڕۆمانی ( تاعوون) دا، کەمتر لەڕۆمانو چیرۆکەکانی دیکەی خۆی لە وەسفو ناساندنی چڕو پڕی سایکۆلۆجیەتی کارەکتەرەکانی پاراستووەو ئەو ڕەهەندەی لە ڕەوتی ڕووداوو ستیلی گێڕانەوەو دیالۆگو بەریەککەوتنی بەسەرهاتەکاندا بەرجەستە کردووە، ئەم حاڵەتەش تا ئەندازەیەکی زۆر وەزیفەی لەسەر خوێنەر قورستر کردۆتەوە کە دەبێت خوێنەر بە وریاییەوە بەناو ڕووداو و چیرۆکەکاندا گوزەر بکات، ئاشکرایە لەتەواوی حاڵەتو ڕووداوەکانو لەپشت هەر دێرو چەمکو دەستەواژەیەکدا خودی کامۆیەکی حەقیقی واتە ئەو خودەی لەگەڵ مەینەتیو ئازارو گرفتەکانی ژیانو سەختی ڕۆژگاردا ڕووبەڕوو بووە وەستاوەو بەڕوونی فکری خۆیمان بۆ تەفسیر دەکات.

سەرەتای ڕۆمانەکە خوێنەر بەهێمنی ڕۆدەچێتە ناو ڕووداوێکی گەورەوە، گرێی چاوەڕوانییەکانی سەرەتا وردە وردە لەگەڵ هەڵکشانو بەرکەوتنەکاندا دەکرێنەوە، دکتۆر ڕیۆ لەسەر قادرمەی باڵەخانەکەیدا تووشی مشکێکی تۆپیو دەبێت، سەرەتا گرنگی بەو مشکە تۆپیوە ناداتو پێی وایە شتێکی ئاساییە، دواتر فەڕاشەکەی بانگ دەکاتو ڕووداوەکەی بۆ دەگێڕێتەوە، فەراشەکە ئەمە وەک گاڵتەجارییەک چاولێدەکاتو بە دکتۆر دەڵێت کە ئەو مشکەیان لەدەرەوە هێناوەتە سەر قادرمەکانو جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەو شوقەیە هەرگیز مشکی نەبووە، ئەمە دەسپێکی ڕووداوە گەورەکەیە کە هیچ کەس لەخەڵکی ئەوشارە باوەڕ بەڕوودانی ناکەنو بەشتێکی نامۆی دەزانن، بەڵام ڕیۆی وریا کە لەبوعدێکی قووڵترەوە بۆ شتەکان دەڕوانێتو هەمیشە چاوەڕوانی ڕووداوێکی کتوپڕە لەشار، مەسەلەکە بەگاڵتەجاری نازانێتو بەگرنگ

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

[illegible]

داخستنی دەروازەکانی شار و هەڵمەتەکانی چوونە دەرەوەو هاتووچوو، یەکێکە لە ڕێگە چارەکانی دەسەڵاتداران، بەڵام ئەم ڕێگە چارەیەش کێشەی بەڵای زیانی بەرەوای خۆیدا دەبینێت، شارێک خەریکە بەرەو لەناوچوون دەچێ، کێشەی قوڕی دەروازە بەسەر ئەوەی لەم نێوانەدا کەسێک بێ بزانێت هەواڵەکانی دەرەوەی وێنێ بەهەر مرۆڤ شێوەیەک بێت، ئەم بێ ئەوەدا گەنجێکی ڕۆژنامەنووس کە چووە بۆ ئاماژەکردنی چاپی ڕێکی ڕۆژنامەکەی، سەیرانی ئەو شارەی کردووە دەکەوێتە بەسەر چیرۆکەکەی لەناو ئەو شارەدا کە ئەو چی ناچێتە گێڕ دەکرا، و دەمێنێتەوە ئەو ڕۆژنامەنووسە سەرەتای ئەوەی خەڵکی ئەو شێوەیی بەڵاکەی لەسەریە هەر لێکی زۆری پەیوەست و ناڕەحەتی دەدات بۆ ئەوەی لەو شارە دەرچێت و بگاتەوە بە دەزگیرانەکەی، بەڵام دواجار لەجێدا زۆر کاریگەری پێوە بارێکی ئینسانیانەی دەکەوێ چۆن هاوڕێکانییەوەو پزیشکەکان لەگەڵ ئەو چەندایەدا دەمێنێتەوە لەخەمی گەڕانەوەی ژیانێکی تەندروست بۆ خەڵکی ئەو شارە.

یەکەمین ڕۆمانی ئەلبێر کامۆ ژیانی خەڵکی شارێکە کە خەریکی ئەو تێیدا ئاماژە دەبێت لەکاتی پاوەستانی چەندانکەشدا خەڵکی ئەو شارە ئێستاش ژیانی ئاسایی خۆیان دەبەن و هیچ هەستێک ناکەن ئەمەو ژیانێکی ئاسایی کە هەرگیز ئیشکەکانی ئەو کار تۆپەکانی تووشی نەخۆشییان دەکات، دوای ماوەیەکی تر ئەوەی کە خەریکی خەیاڵی ئەوە خۆی هەر ئەو لەسەر بەرگەی بەیاندەکرێت، بەڵام ئاخری وەک زەمەنێک بۆ ئاگاداری دەبێتەوە و ڕەچاو دەکاتەوە ئەوەی ئەم ڕۆمانەدا ساڵانی قسە لەسەر کردنە خۆی پەیڕەوی ژیانی ئەنواوی ئەم ڕۆمانەدا ئاماژەی چەند زیاتر هەست بەوە دەکرێت کە لەماشیری بڕیاری ڕووداوەکان لە هەستی بزنە خاڵێکی جیاکردنەوە لەگەڵ زۆربەی ڕۆمانە جیهانییەکانی دیکەدا.

لەم ڕۆمانەدا کامۆ بە ئەو قۆناغی خەیاڵی ژیان و پەیامی فکری کامۆ بیرکردنەوە وەک بەکەوێتە ناوێکی گەورەتەوە لەگەڵ ئاواتی چیرۆکی بەسەرهاتی دەرەنجامی ئەلبێر چارەنووسی کارەکتەرەکانی بخاتە پێش چاو و بۆ خوێنەری پیرۆزیەکەیەوە لەناو ئەوەدا چی گۆڕانکاری لەژێر ئەم نووسینە ئەو کەسەی ئەو شاکارە گەورەیە تەنها ئەوەیە کە خوێنەری کورد هەلی بدات بۆ ئەوەی بەقوڵی خۆی بەم ڕۆمانە بکەوێت و لەگەڵ کارەکتەری پاڵەوان بەسەرهاتەکانیدا بژی، تا بەوەیەوە بە ئەنوای فراوانی ماوەیی فکری پەیامە ئینسانییەکانی کامۆ بکەوێ.



کامۆ